*مایکرۆسیستەم* (Microsystem)، ئەم سیستەمەیان نزیکترین و کاریگەرترین سیستەمە لەسەر منداڵەکە، ئەوەی کە برۆنفنبرێنەر ئاماژە بەوە دەکات کە کاریگەری سیستەمەکە رووبەروو و راستەوخۆیە، هیچ ناوەندگیریەک نیە لەنێوان تاکەکە و لایەنی دووەم کە پێکدێت لە خێزان، گرووپی هاوتەمەن، قوتابخانە یان هەر دامەزراوە و گرووپێک کە راستەوخۆ کارلێکی لەگەڵ منداڵەکەدا هەیە Bronfenbrenner, (1977: 514). *مێزۆسیستەم (Mesosystem)*، ئەم سیستەمە بریتییە لە کارلێکی *مایکرۆسیستەم* لەگەڵ خۆی، بەواتایەکی تر کارلێکەکە راستەوخۆ لەگەڵ منداڵەکە نیە، بەڵکو مایکرۆسیستەمەکانی نێوخۆی کارلێک دەکات و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەفتاری منداڵەکە. بۆنموونە کارلێکی نێوان باوانی منداڵەکە و قوتابخانە دواتر کاریگەریان لەسەر رەفتاری منداڵەکە( Graf, D. et al. 2019 ). *ئێکزۆسیستەم (Exosystem)*، لەراستیدا ئەم سیستەمە زۆر نزیکە لەگەڵ سیستەمەکەی پێشوو، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە لێرەدا تاک بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشداری کارلێکەکە ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر رەفتاری منداڵ زۆربەباشی جێدەهێڵێت، هەرچەندە کارلێکەکە ناراستەوخۆیە. بۆنموونە شوێنی کاری باوان بریتییە لە ئێکزۆسیستەم بۆ منداڵ، ژینگە و بارودۆخی کارکردنی دایک و باوک بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری منداڵەکە، ئەگەر هاتوو هەرکەسێکیان لەدایک و باوک توشی سترێس یان جۆرێک لە نارەحەتی ببنەوە لەوانەیە ئەمە کاریگەری بکاتە سەر شێوازی کات بەسەر بردنی باوان لەگەڵ منداڵەکە لە ماڵەوە، بە پێچەوانەش راستە. *ماکرۆسیستەم (Macrosystem)*، ئەم سیستەمە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی تری پێش خۆی گەورەتر و فراوانترە، کە بریتیین لە کولتوور، بەهاکان و ئایدیۆلۆژیەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم *ماکرۆسیستەمانە* ئاراستەی هزری تاکەکان دەکەن لە تێگەیشتنیان بۆ ئەو رەفتار و دیاردەیەی رووبەرووی دەبنەوە لە ژیانی رۆژانەیان.

## ئەدەبیاتی پێشوو (Literature Review )

کاتێك پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو نەوەی ئەلفا بە یەکێك لە کێشە جیهانیەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەمەش بریتیە لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی پلاتفۆرمی نوێی سۆشیال میدیا، هەروها بەرزبونەوەی رێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەك لە نێو منداڵان و هەرزەکاندا. لە راستیدا، بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر دەردەکەوێت کەوا، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە گرفتە بڵاوەکانی نێو قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان (Atkins et al., 2020; Mishna et al., 2010) . هەریەك لە توێژینەوەکانی (Chetri, D. R., & Chhetri,  Pilkey, J. K. 2011 & G. R. 2022)، سەبارەت بە رێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی پۆلی (حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم) دەرکەوتووە کە منداڵان بە رێژەی لە نێوان (14%-37%) ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیان کردووە و لە لەلایەن هاورێکانیانەوە لە شێوازێکی جیاواز رووبەروی گێچەڵی ئەلیکترۆنی بوونەتەوە. کە ئەمەش هۆکاربووە بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێك نیشانەی وەکو توڕەبوون، خەمۆکی، توندوتیژی و دواکەوتن لە خوێندن. لە توێژینەوەی (Rice et al., 2015) بە ناونیشانی بکەران و قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی قوتابخانە ناوەندیەکان. لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتوو کە بە رێژەی (% 6.6) قوتابیان، قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین و، لە هەمان کاتدا لە (% 5) قوتابیەکان ئاماژەیان بەوە داوە لەلایەن کەسانی دیکەوە هەراسانکراون، و لە (% 4.3) هەم بکەر و هەمیش قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین، هەر بە گوێرەی ئەنجامەکانی هەمان توێژینەوە، زۆرینەی رەفتارەکانی هەراسانکردن لە رێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانی وەکو فەیسبووك و نامە ناردنەوە روودەدەن، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی قوربانیان و بکەرانی

هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتیە لە زۆری بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەکو لەم توێژینەوەیە منداڵەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ڕۆژانە زیاتر لە سێ کاتژمێر ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە.

سەبارەت بە جیاوازی ڕێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی جۆری ڕەگەز، ئەنجامی توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ڕێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) جیاوازە، واتە ڕێژەی بکەری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو ڕەگەزی نێر بەرزترە و، لەبەرامبەردا ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی ڕەگەزی مێ زیاترە، لەلایەکی دیکەوە هەر بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە سەر ڕەگەزی مێ قورسترە وەك لە ڕەگەزی نێر (Connell et al., 2014; Heiman and Olenik-Shemesh, 2015; Popović-Ćitić et al., 2011).

لە لایەکی دیکەوە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر ئەوە دەردەخەن، کە باوترین شێوەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو منداڵانی سەر بە نەوەی ئەلفا، بریتییە لە گێچەڵکردن (Harassment)کە خۆی لە سوکایەتی پێکردن، بێڕێزی پێکردن لە ڕێگەی پۆستکردن، هەڕەشە لێکردن لە ڕێگەی نامە، بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و ناردنی وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو دەبینێتەوە، هەروەها شێوەیەکی دیکەی هەراسانکردن بریتییە لە چەواشەکاری (Denigration) کە لە ڕێگەی پۆستکردن و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان هەوڵی تێکشکاندنی ناوبانگ و شکاندنی کەسێکی دیاریکراو دەدرێت، لە توێژینەوەکانی پێشووتر دەردەکەوێت کە فۆرمێکی دیکەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو هەرزەکاران بریتییە لە بڵاوکردنەوەی نامەی نهێنی و پۆستکردنی بابەتە کەسیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەنێو ئەو شێوانەدا بڵاوکردنەوەی نامە، وێنە و بوختان زۆرترین کاریگەری نەرێنی لەسەر قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دروست دەکات (Mischel and Kitsantas, 2023; Oanh, 2021)

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە (Research Methodology)

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتی (Quantitative Research)یە، لەڕێگەی میتۆدی وەسفی (Descriptive Method) داتاکان شیکراونەتەوە، سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؛ لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم قوتابیانی قوتابخانە نێودەوڵەتی- ناحکومیەکانی شاری هەولێر لەخۆدەگرێت. بە گوێرەی ئەو داتایانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی هەولێر دەست توێژەران کەوتووە بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)، (41) قوتابخانەی نێودەوڵەتی- ناحکومی لە شاری هەولێر هەن، کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانانە دەگاتە نزیکەی(2700) قوتابی. سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران هەڵساون بە بەکارهێنانی نمونەی هێشوویی (Cluster Sampling) بۆ قوتابخانەکان کە لەڕووی شوێنی جوگرافی جیاواز بوون، دوای هەڵبژاردنی هەشت قوتابخانە بەشێوەی هێشوویی، هەموو قوتابیانی پۆلی (7,8,9) لەنێو قوتابخانەکان بەبێ جیاوازی کە ژمارەیان (341) قوتابیە لەهەریەک لە قوتابخانەکانی( The International School of Choueifat – Erbil, Cambridge International School – Kurdistan, Cambridge International School - Capital City, Cambridge International School – CISQ, Zanst International School – Erbil, Rise International School Erbil, Brayaty ISHIK international School, Eastwood International School Erbil)وەرگیراون. داتاکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین لە ڕێگەی سۆفت وێرێکی تایبەت لە ڕووپێوی بەناوی ( Kobo Toolbox) کۆکراونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارنامەکە هەم بە دەست (Hard Copy) لە قوتابخانەکان بڵاوکراوەتەوە و هەروەها لە گروپی وەتس ئەپی قوتابخانە و ئەکاونت و پلاتفۆڕمی تایبەتی قوتابخانەکە بۆ قوتابیان بڵاوکراوەتەوە. دوای کۆکردنەوە و ڕێکخستنی داتا بەدەست هاتووەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS شیکراونەتەوە و ئەنجامگیریان بۆ کراوە.

## پێوەری قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی (Cyberbullying Victimization Scale)

لەم توێژینەوەدا، توێژەران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەی توێژینەوەکە فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، توێژەران بە مەبەستی داڕشتنی پرسیارنامەیەکی درووست بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوە دیمۆگرافی و تایبەتیەکانی نەوەی ئەلفای قوتابخانە نێودەوڵەتی-ناحکومیەکانی شاری هەولێر، سوودیان لە سەرچاوە تیۆریەکان و توێژینەوەی پێشووتر وەرگرتووە، پێوەرێکی تایبەتیان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوەکە درووست کرد، بەشی یەکەم پرسیارنامەکە تایبەت کراوە بە گۆڕاوە لاوەکیەکانی نمونەی توێژینەوەکە وەکو ڕەگەز، پۆل، نەتەوە، بوون یان نەبوونی مۆبایلی تایبەت بەخۆی، ئەو کەسەی لەگەڵی دەژیت، کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕۆژێکدا، جۆری ئەو ئامێرەی زیاتر بەکاردەهێنیت، جۆری ئەو سوشیاڵ میدیایەی زیاتر بەکاریدەهێنێت، ئەو یاریە ئەلیکترۆنیانەی ئەنجامی دەدات، ئاستی خوێندەواری دایك، ئاستی خوێندەواری باوك، ئەو زمانانەی قسەی پێ دەکات، جۆری ئەو ئینتەرنێتەی بەکاریدەهێنێت. بەشی دووەمی پێوانەکە تایبەتکراوە بە دۆزینەوەی ڕێژە و شێوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو نەوەی ئەلفا، ئەم بەشە لە پێنج تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی جیاکاری ئەلیکترۆنییە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری دووەم بە ناونیشانی کەسایەتی ساختەیە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری سێیەم بە ناونیشانی گێچەڵی ئەلیکترۆنییە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری چوارەم بە ناونیشانی چەواشەکاری ئەلیکترۆنیە و لە (3) برگە پێکدێت، هەروەها کۆتا تەوەریش بە ناونیشانی بڵاوکردنەوەی نهێنی بە بێ ڕەزامەندییە و لە (3) پرسیار پێکدێت پێش دابەشکردنی فۆرمی ئۆنلاینەکە توێژەران هەڵساون بە ئەنجامدانی ڕاستێتی (Validity) بۆ پێوەرەکە. پێوەرەکە دراوە بە ٦ پسپۆڕی تایبەت بە زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەنجامدا ٤ لە بڕگەکان لابراون و تەنها ١٨ بڕگە لە شێوازە جیاوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی ماونەتەوە، سەبارەت بە پلەی ڕاستێتی پێوەرەکە بریتی بووە لە (96.95)، ئەمەش ئاماژەیەکی باشی ڕازیبوونی پسپۆڕان دەگەیەنێت. هەروەها بۆ مەبەستی جێگیری (Reliability) پێوەرەکە، تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) ئەنجام دراوە، لە ئەنجامدا ڕێژەی کرۆنباخ بریتی بووە لە (0.91) ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە و ڕەوایەتی پێوەرەکە دەگەیەنێت و لەسەر بنەمای دانانی بەها بۆ هەریەک لەوەڵامەکان بەم شێوازە (هەرگیز=١، کەم جار=٢، هەندێکجار=٣، زۆربەی جار=٤، هەمیشە=٥). گەورەترین نمرەی بەدەستهاتوو بریتییە لە (٧٣) و بچووکترینیان بریتییە لە (١٨)، گەورەترین نمرە ئاماژەیە بۆ بەهێزی ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، واتە هەرچەندە نمرەی بەدەستهاتوو نزیکتر بێت لە (٧٣) ئەوا ئاستی بوونی قوربانی هەراسانکردنەکە زیاتر دەبێتەوە و بەپێچەوانەش ڕاستە.

## خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: خستنەڕووی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١)**

**تایبەتمەندی دیمۆگرافی نمونەی توێژینەوە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | دووبارەبووەکان | 194 |
| | | ڕێژە | 56.9% |
| | مێ | دووبارەبووەکان | 147 |
| | | ڕێژە | 43.1% |
| خاوەنداریەتی مۆبایل | بەڵێ | دووبارەبووەکان | 266 |
| | | ڕێژە | 78.0% |
| | نەخێر | دووبارەبووەکان | 75 |
| | | ڕێژە | 22.0% |
| ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | کەمتر لە کاتژمێرێك | دووبارەبووەکان | 37 |
| | | ڕێژە | 10.9% |
| | 1-2 کاتژمێر | دووبارەبووەکان | 66 |
| | | ڕێژە | 19.4% |
| | 3-4 کاتژمێر | دووبارەبووەکان | 128 |
| | | ڕێژە | 37.5% |
| | 5 و کاتژمێر زیاتر | دووبارەبووەکان | 110 |
| | | ڕێژە | 32.3% |
| بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت | ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆم | دووبارەبووەکان | 34 |
| | | ڕێژە | 10.0% |
| | ئینتەرنێتی ماڵەوە | دووبارەبووەکان | 302 |
| | | ڕێژە | 88.6% |
| | ئینتەرنێت بەکارناهێنم | دووبارەبووەکان | 3 |
| | | ڕێژە | 0.9% |
| | ئینتەرنێتی هاوڕێکانم | دووبارەبووەکان | 2 |
| | | ڕێژە | 0.6% |
| بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا | فەیسبووک | دووبارەبووەکان | 6 |
| | | ڕێژە | 1.8% |
| | ئینستگرام | دووبارەبووەکان | 60 |
| | | ڕێژە | 17.6% |
| | تیک تۆک | دووبارەبووەکان | 128 |
| | | ڕێژە | 37.5% |
| | سناپچات | دووبارەبووەکان | 70 |
| | | ڕێژە | 20.8% |
| بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت جۆری یاری ئەلیکترۆنی | دیسکۆرد | دووبارەبووەکان | 71 |
| | | ڕێژە | 20.8% |
| | ئەوانی تر | دووبارەبووەکان | 6 |
| | | ڕێژە | 1.8% |
| | PUBG | دووبارەبووەکان | 58 |
| | | ڕێژە | 17.0% |
| | Minecraft | دووبارەبووەکان | 87 |
| | | ڕێژە | 25.5% |
| بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا جۆری ئامێری ئەلیکترۆنی | Call of Duty | دووبارەبووەکان | 91 |
| | | ڕێژە | 26.7% |
| | Roblox | دووبارەبووەکان | 142 |
| | | ڕێژە | 41.6% |
| | Fortnite | دووبارەبووەکان | 93 |
| | | ڕێژە | 27.3% |
| | مۆبایل | دووبارەبووەکان | 241 |
| | | ڕێژە | 70.7% |
| | ئایپاد (تابلێت) | دووبارەبووەکان | 120 |
| | | ڕێژە | 35.2% |
| | لاپتۆپ | دووبارەبووەکان | 68 |
| | | ڕێژە | 19.9 |
| جۆری یاری ئەلیکترۆنی زمان | PC | دووبارەبووەکان | 32 |
| | | ڕێژە | 9.4% |
| | کوردی | دووبارەبووەکان | 297 |
| | | ڕێژە | 87.1% |
| | ئینگلیزی | دووبارەبووەکان | 335 |
| | | ڕێژە | 98.2% |
| | عەرەبی | دووبارەبووەکان | 146 |
| | | ڕێژە | 42.8% |
| | تورکی | دووبارەبووەکان | 41 |
| | | ڕێژە | 12.0% |

لەخشتەی (١) ئەوە بەدەردەکەوێت کە، ڕەگەزی نێر نوێنەرایەتی گروپی گەورەی ئەم توێژینەوەیە دەکەن بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە ڕێژەکەیان لەنێوان (56.9%) و (43.1%) دایە. سەبارەت بە خاوەنداریێتی ئامێری مۆبایل، زۆرینەی نەوەی ئەلفا کە (78.0%) خاوەنی مۆبایلی خۆیانن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەستڕاگەیشتین بە تەکنەلۆژیای مۆبایل لەنێوان ئەم نەوەیە، لەبەرامبەردا (22.0%) خاوەنی مۆبایلی خۆیان نین، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئامێری تر بەکارناهێنن بۆ پەیوەندیکردن، لەڕاستیدا بەشێکیان مۆبایلی کەسانی نزیکی خۆیان وەک دایک و باوک یان ئامێری تری وەک (ئایپاد و لاپتۆپ و PC) بەکاردەهێنن. بەهەمان شێوە بەشداریەکی بەرچاویان هەیە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، کەزیاتر لە (37.5%) ڕۆژانە لانیکەم 3-4 کاتژمێر زیاتر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروها (32.3%) زیاتر لە 5 کاتژمێر لەرۆژێکدا بەشێوەی ئۆنلاین بەسەر دەبەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستێکی بەرزی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەنێوان ئەم نەوەیەدا، جۆری ئەو ئینتەرنێتەی بەکاری دەهێنن لە (88.6%) ئینتەرنێتی ماڵەوەیە بەپلەی یەکەم، واتە زۆربەیان لەسەرچاوەیەکی جێگیر و بەردەوامەوە دەستیان بە ئینتەرنێت دەگات، تەنها لە (10.0%) ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆی بەکاردەهێنێت، هەروەها تەنها 3 لە بەشداربووان کە دەکاتە (0.9%) ئاماژەیان بەوە داوە کە هیچ ئینتەرنێت بەکارناهێنن. لەنێو ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان مۆبایل زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە لەلایەن ئەم نەوەیەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە(70.7%)، دوای مۆبایل تابلێت و ئایپاد کەرێژەکەیان (35.2%)ە و ئامێرەکانی تری وەک لاپتۆپ و PC کەمتر باون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەسندکردنی ئامێری مۆبایل وتابلێتەکان بەرامبەر بە کۆمپیوتەری تەقلیدی، دەکرێت بڵێین زۆرترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا کە لەنێو ئەو نەوەیە بەکاردەهێنرێت بریتییە لە پلاتفۆرمی تیک تۆک (TikTok) بەرێژەی (37.5%)، لەدوای ئەویش سناپچات کە بەرێژەی (20.8%) و ئینستگرام بەرێژەی (17.6%) دێت. فەیسبوک و دیسکۆرد کەمتر بەناوبانگن لەنێو نەوەی ئەلفا. هەر لەسەر بنەمای ئەو خشتەیەی سەرەوە نەوەی ئەلفا کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ یاری ئەلیکترۆنی بەتایبەتی یاری ڕۆبلۆکس (Roblox) کە ڕێژەیەکی هەرە بەرزی هەیە لەنێو ئەو نەوەیە دەگاتە (41.6%)، دوای ئەویش یاری Fortnite دێت بە ڕێژەی

(27.3%) و یاری (Call of Duty) بەرێژەی (26.7%) هەریەک لە PUBG و Minecraft کەمتر گرنگن و کەمتر بەکاردەهێنرێن لەنێو نەوەی ئەلفا. ئەم نەوەیە شارەزاییەکی باشیان لە زمانی ئینگلیزی هەیە، بەشداربوانی ئەم توێژینەوەیە بەرێژەی (98.2%) زمانی ئینگلیزی دەزانن (هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە تایبەتمەندی نمونەی ئەم توێژینەوەیە هەیە کە هەموو ئەندامان قوتابی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانن و خوێندنیش لەم قوتابخانانە بەزمانی ئینگلیزیە)، زمانی کوردی بەرێژەی (87.1%) و زمانی عەرەبی (42.8%) و تورکی (12.0%) دەزانن. بەگشتی ئەم نەوەیە بەشدارییەکی بەرفراوان لەگەڵ تەکنەلۆژیای مۆبایل و ئینتەرنێت، بەکارهێنانێکی بەرزی سۆشیال میدیا پیشان دەدەن؛ لایەنگیریەکی بەهێزی ئامێرە دیجیتاڵیەکان و یارییە ئۆنلاینەکانن و ئەم هۆکارانە لەگەڵ توانای زمانیان تێکەڵاو دەکەن.

**دووەم: خستەروو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی**

**خشتەی (٢)**

**ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا**

| جۆری گۆڕاو | ق (N) | بچووکترین | گەورەترین | ناوەند (Mean) | لادانی پێوەری (Std. Deviation) |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | 341 | 18.00 | 73.00 | 27.985 | 10.621 |

تێکڕای نمرە بۆ ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتییە 27.985 لەنێوان منداڵانی نەوەی ئەلفا بەتایبەتی لەنێو قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانی شاری هەولێر، کە لەنێوان گەورەترین نمرەی بەدەستهاتوو (٧٣) و بچووکترینیان (١٨) و ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی. دەتوانین بڵێین تێکڕاکە لە ئاستێکی نزمدایە، ئەم ئەنجامەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی(Rice et al., 2015) کە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی (6.6%) قوتابیانی سەر بە نەوەی ئەلفا قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین، بەڵام پێچەوانەی ئەنجامەکانی هەریەك لە توێژینەوەکانی ( Pilkey, J. K. 2011 & Chetri, D. R., & Chhetri, G. R. 2022) یە، کە ڕێژەی 14-(37%) قوتابیانی پۆلی (حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم) ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیان کردووە. لەم ئەنجامانەی دەردەکەوێت کە، بەرزی یاخود نزمی ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەری دیکەی وەکو ڕێژەی خاوەنداریەتی مۆبایل و ئاستەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی تایبەتەوە هەیە.

**خشتەی (٣)**

**بەراوردکردنی ڕێژەی قوربانیانی ئەلیکترۆنی بە گۆڕاوی ڕەگەز**

| | تاقیکردنەوە | ئاماژە ئاماری (Sig.) |
|---|---|---|
| بەراوردی نێوان ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە گۆڕاوی ڕەگەز | Independent-Samples Mann-Whitney U Test | 0.281 |




دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (Independent Samples Mann-Whitney U Test) دەرکەوت کە جیاوازیەکی ئاماری ئاماژەدار لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە بەڵگەی ئەوەی بەهای P گەورەترە لە 0.05. (P>0.05). هۆکاری سەرەکی ئەمەش بریتییە لەوەی کە هەردوو ڕەگەز بە هەمان ئاست مۆبایل و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی هەر یەك لە توێژینەوەکانی (Connell et al., 2014; Heiman and Olenik-Shemesh, 2015; Popović-Ćitić et al., 2011)یە، کە ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی ڕەگەز جیاوازە و، قوتابیانی ڕەگەزی مێ بەراورد بە قوتابیانی ڕەگەزی نێر زیاتر ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن.

**خشتەی (٤)**

**پەیوەندی هەریەک لەم تایبەتمەندیە دیمۆگرافیانە بە گۆڕاوی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری تاقیکردنەوە | قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | ڕێژەی پەیوەندی | 1.000 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | . |
| | | ق (N) | 341 |
| Spearman's rho | خاوەنداریەتی مۆبایل | ڕێژەی پەیوەندی | 0.14 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.02 |
| | ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | ڕێژەی پەیوەندی | 0.17 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.002 |
| | بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت | ڕێژەی پەیوەندی | -0.13 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.01 |
| | زمان | ڕێژەی پەیوەندی | 0.002 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | . |

لەم خشتەیە سەبارەت بە گۆڕاوی خاوەنداریەتی مۆبایل ئاماژەیەکی ئاماری بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی، بەڵام لاواز لە نێوان قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا هەیە. ڕێژەی پەیوەندی 0.14 پەیوەندیەکی کەمی ئەرێنی پێشنیار دەکات؛ واتە لەگەڵ زیادبوونی خاوەنداریەتی مۆبایل بەهای گۆڕاوی قوربانی ئەلیکترۆنیش زیاد دەکات بۆ هەمان گۆڕاو بەهای p = 0.02 کەواتە بەهای p کەمترە لە 0.05، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندیەکە لە ڕووی ئامارییەوە بوونی هەیە. ڕێژەی پەیوەندی 0.17 لەگەڵ بەهای p 0.002 ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لەنێوان ئەو کاتەی کە نەوەی ئەلفا لە ئینتەرنێت بەسەر دەبات لە ڕۆژێکدا و گۆڕاوی قوربانی ئەلیکترۆنی؛ هەرچەندە پەیوەندیەکە لاوازە، بەڵام لە ڕووی ئامارییەوە

بەڵگەدارە. سەبارەت بە جۆری ئەو ئینتەرنێتەی کە ئەم نەوەیە بەکاری دەهێنن هەروەک لە خشتەی یەکەم ڕوونکراوەتەوە زۆربەی هەرە زۆری ئینتەرنێتی ماڵەوەیە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا پەیوەندیەکی نێگەتیڤی لاواز لەنێوان جۆری ئەو ئینتەرنێتە و ئاستی قوربانی ئەلیکترۆنی بوونی هەیە کە بریتییە لە (0.13-) هەروەها بە بەهای 0.01 کە گرنگی پەیوەندیەکە ڕووندەکاتەوە. دوا گۆڕاو کە گۆڕاوی زمانە, بەهەمان شێوە پەیوەندیەکی لاواز هەیە، کە لە ڕووی ئاماریەوە بە بەڵگەدار هەژمار ناکرێت لەنێوان ئەو زمانانەی نەوەی ئەلفا قسەی پێ دەکەن لەگەڵ بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی، لەراستیدا هۆکاری ئەم لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نزیکەی (98%) قوتابیانی نەوەی ئەلفا بەهەمان زمان کە زمانی ئینگلیزیە قسە دەکەن، بۆیە جیاوازیەکی بەرچاو و ئامارەدار نەدۆزراوەتەوە.

**خشتەی (٥)**

**بەراوردکردنی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ گۆڕاوی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| بەراوردی نێوان گۆڕاوی بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | تاقیکردنەوە | ئامارەی ئاماری (Sig.) |
|---|---|---|
| | Independent-Samples Kruskal-Wallis Test | 0.010 |




ئەوەی لەخشتەی (٥) دەردەکەوێت بریتییە لە جیاوازی لە بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ ئەو ڕێژە هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیەی لەنێو نەوەی ئەلفا بوونی هەیە، جێی ئامارەیە، زۆرترین ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیک تۆک، وەک ئەوەی دەردەکەوێت لەم گرافیکەی سەرەوە ڕێژەی بەکارهێنانی تیک تۆک بە بەبەراورد لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی تر زیاترە، هەروەها بەڵگەیەکی ئاماری ئامارەدار هەیە کە لەرێگەی تاقیکردنەوەی Independent-Samples Kruskal-Wallis Test دەرکەوتووە، ئەویش بریتییە لەوەی بەهای P خشتەیی بچووکترە لە 0.05 (P<0.05) ئەمەش ئامارەیە بۆ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا کە تیک تۆک زۆرترینیانە و کاریگەری کردۆتە سەر ڕێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لای نەوەی ئەلفا.

**خشتەی (٦)**

**بەرزترین جۆری قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| جۆری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | ق (N) | بچووکترین | گەورەترین | ناوەند (Mean) | لادانی پێوەری (Std. Deviation) |
|---|---|---|---|---|---|
| جیاکاری ئەلیکترۆنی | 341 | 4.00 | 18.00 | 6.8822 | 2.70039 |
| کەسایەتی ساختە | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.2727 | 2.11551 |
| گێچەڵی ئەلیکترۆنی | 341 | 5.00 | 25.00 | 8.1642 | 3.97966 |
| چەواشەکاری ئەلیکترۆنی | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.1760 | 2.07325 |
| بڵاوکردنەوەی نهێنی | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.4897 | 2.50130 |

دوای ئەوەی ناوەندی ژمێری بۆ هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەرهێنرا، بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی هەراسانکردن بریتییە لە گێچەڵی ئەلیکترۆنی (Cyber Harassment) ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ناوەندی ژمێریاری لەکاتی بەراوردکردندا پێکدێت لە (8.1642) ئەمە بەرزترین تێکرای نمرەیە لە نێوان جۆرەکانی قوربانیکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش ئامارەیە بۆ ئەوەی کە گێچەڵی ئەلیکترۆنی زۆرترین جار لەلایەن بەشداربووانەوە ڕاپۆرت دەکرێت. ئەم جۆرە لە هەراسانکردنە پێکدێت لە ترساندن و هەڕەشەکردن لەرێگەی ئۆنلاین یاخود سوکایەتی پێکردن و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی تایبەتی کەسەکە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هەراسانکردنە جیاوازە لەنێوان بەشداربووانەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لادانی پێوەری ئەم جۆرە بەرزترە بە بەراورد بە جۆرەکانی تر، کە بەمانای ئەوە دێت ڕەنگە هەندێک کەس ڕووبەڕووی هەراسانکردنی توند ببنەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە ڕادەیەکی کەمتر تووشی هەراسانکردن دەبن. ئەم ئەنجامە یەکسانە بە ئەنجامی توێژینەوەکانی (Mischel and Kitsantas, 2023; Oanh, 2021)، کە تیایدا گێچەڵپێکردن وەکو باوترین شێوەی ڕەفتاری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەرکەوتووە کە منداڵان ئەزموونی دەکەن. بەپێی ڕیزبەندی دوای ئەو جۆرە هەراسانکردنە، جیاکاری ئەلیکترۆنی (Cyber Exclusion) جۆرێکی تری هەراسانکردنە کە ناوەندەکەی بریتییە لە (6.8822) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی توێژینەوەکە ئاستێکی مامناوەندی جیاکاری ئەلیکترۆنیان ئەزموون کردووە، ئەم جۆرەیان پێکدێت لە دوورخستنەوەی تاکەکە بە ئەنقەست یان وەدەرنانی لە شوێنی گشتی و گروپ چاتی پۆلەکانیان، کە کاریگەری لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتی کەسەکە دەبێت. هەرچەندە لادانی پێوەری بۆ ئەم جۆرە لەئاستێکی نزم دایە، واتە زۆربەی منداڵان بەرادەیەکی هاوشێوە تووشی جیاکاری ئەلیکترۆنی بوونەتەوە. هەریەک لە جۆرەکانی تری هەراسانکردن بەڕێژەی نزم کاریگەریان هەیە، کەسایەتی ساختە (Impersonation)، چەواشەکاری ئەلیکترۆنی (Cyber Denigration) و بڵاوکردنەوەی نهێنی (Cyber Outing) بەئاستێکی زۆر نزم بوونیان هەیە بە بەراورد بە جۆرەکانی تری.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە (Conclusion)

دوای شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان و لەسەر بنەمای ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەو دەرئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتیین لە:

1. قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو منداڵانی نەوەی ئەلفا لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان بە ئاستێکی کەم بوونی هەیە؛ لە کاتێکدا ئاستی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیەکە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕاپۆرتکراون لە ڕادەبەدەر بەرز نییە.
2. هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نییە سەبارەت بە بەرکەوتنیان بە بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی. ئەم دەرەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە تێکڕای نمرەکانی بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی بۆ هەردوو ڕەگەز زۆر لەیەک دەچن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای ئەوەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە نەوەی ئەلفا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بەڵام بەرکەوتنیان بە هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی کاریگەری ڕەگەزی لەسەر نییە.
3. جیاوازیەکی ئاماژە ئاماری بەڵگەدار بوونی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا لەگەڵ بوون بە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، جیاوازیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پلاتفۆڕمی تیک تۆک لەنێو سۆشیال میدیادا.
4. پەیوەندیەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی خاوەنداریەتی مۆبایل، ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت جۆری ئەو ئینتەرنێتەی لەلایەن نەوەی ئەلفا بەکاردێت لەگەڵ ئاستی قوربانی ئەلیکترۆنی.
5. بەرزترین ڕێژەی جۆری قوربانی ئەلیکترۆنی کە نەوەی ئەلفا ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتییە لە "گێچەڵی ئەلیکترۆنی" و "جیاکاری ئەلیکترۆنی".

## پێشنیارەکانی توێژینەوە

1. بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری دەستڕاگەیشتن لەناو قوتابخانەکاندا بۆ پشتگیریکردنی ئەو قوتابیانەی کە قوربانیی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنین. دڵنیابوون لەوەی کە ئەم خزمەتگوزاریانە نهێنین و بە ئاسانی بۆ هەردوو قوتابیان و دایک و باوک بەردەستن.
2. سیستەمی چاودێری و ڕاپۆرتکردنی بەردەوام: دامەزراندنی سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی ڕەفتاری ئۆنلاین و ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی. پێویستە قوتابخانەکان پرۆتۆکۆڵی ڕوون بۆ چارەسەرکردنی ڕاپۆرتەکانی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی دروست بکەن و دڵنیابن لەوەی کە ئەم پرۆتۆکۆڵانە دەگەیەنرێنە قوتابیان و دایک و باوکان.
3. پشتگیری وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا: پشتگیری لە توێژینەوەی بەردەوام بکرێت، هەروەها پشتگیری بۆ مەبەستی ئاسانکاری لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و کەیسەکانی تایبەت بە هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی بکرێت.

## سەرچاوەکان

Atkins, G., Dempster, S., Dota, K., Walker, E., Martin, D., Martin, M., 2020. Prevalence of Bullying and Cyberbullying Among Urban Middle School Students. EJES 07. https://doi.org/10.19044/ejes.v7no2a6

Bronfenbrenner, U., 1977. Toward an experimental ecology of human development. American Psychologist, 32(7), p.513.

Buelga, S., Postigo, J., Martínez-Ferrer, B., Cava, M.-J., Ortega-Barón, J., 2020. Cyberbullying among Adolescents: Psychometric Properties of the CYB-AGS Cyber-Aggressor Scale. IJERPH 17, 3090. https://doi.org/10.3390/ijerph17093090

Chetri, D. R., & Chhetri, G. R. 2022. Cyberbullying Status of Students of Phuentsholing Middle Secondary School, Bhutan. International Journal of Social Sciences & Educational Studies, 9(4), 183.

Connell, N.M., Schell-Busey, N.M., Pearce, A.N., Negro, P., 2014. Badgrlz? Exploring Sex Differences in Cyberbullying Behaviors. Youth Violence and Juvenile Justice 12, 209–228. https://doi.org/10.1177/1541204013503889

DemandSage 2023 Generation Alpha: Stats, Facts, and Trends for 2024. Available at: https://www.demandsage.com/generation-alpha-stats/ (Accessed: 21 August 2024).

Dos Reis, T.A., 2018. Study on the alpha generation and the reflections of its behavior in the organizational environment. Journal of Research in humanities and Social Science, 6(1), pp.9-19.

Fermani, A., Crespi, I., Hellst, L., Hendry, B., 2021. Extending the Current Theorization on Cyberbullying: Importance of Including Socio-Psychological Perspectives. Italian Journal of Sociology of Education 13, 85–110. https://doi.org/10.14658/pupj-ijse-2021-3-5

Heiman, T., Olenik-Shemesh, D., 2015. Cyberbullying Experience and Gender Differences Among Adolescents in Different Educational Settings. J Learn Disabil 48, 146–155. https://doi.org/10.1177/0022219413492855

Hinduja, S., Patchin, J.W., 2008. Cyberbullying: An Exploratory Analysis of Factors Related to Offending and Victimization. Deviant Behavior 29, 129–156. https://doi.org/10.1080/01639620701457816

Kowalski, R.M., Giumetti, G.W., Schroeder, A.N., Lattanner, M.R., 2014. Bullying in the digital age: A critical review and meta-analysis of cyberbullying research among youth. Psychological Bulletin 140, 1073–1137. https://doi.org/10.1037/a0035618

Kowalski, R.M., Limber, S.P., 2007. Electronic Bullying Among Middle School Students. Journal of Adolescent Health 41, S22–S30. https://doi.org/10.1016/j.jadohealth.2007.08.017

McCrindle, M. and Wolfinger, E., 2009. The ABC of XYZ: Understanding the global generations. The ABC of XYZ.

of children's online-offline social lives. Cyberpsychology 8. https://doi.org/10.5817/CP2014-4-6

Tsitsika, A., Janikian, M., Wójcik, S., Makaruk, K., Tzavela, E., Tzavara, C., Greydanus, D., Merrick, J., Richardson, C., 2015. Cyberbullying victimization prevalence and associations with internalizing and externalizing problems among adolescents in six European countries. Computers in Human Behavior 51, 1–7. https://doi.org/10.1016/j.chb.2015.04.048

Yemima, C.K., 2023. The Forms of Cyberbullying Behavior among Teenage Students: A Systematic Literature Review. JBKT 7, 151. https://doi.org/10.30598/jbkt.v7i2.1745

Mischel, J., Kitsantas, A., 2023. What Constitutes Cyberbullying: Perspectives from Middle School Students. JEDP 13, 53. https://doi.org/10.5539/jedp.v13n1p53

Mishna, F., Cook, C., Gadalla, T., Daciuk, J., Solomon, S., 2010. Cyberbullying behaviors among middle and high school students. American Journal of Orthopsychiatry 80, 362–374. https://doi.org/10.1111/j.1939-0025.2010.01040.x

Molero, M.M., Martos, Á., Barragán, A.B., Pérez-Fuentes, M.C., Gázquez, J.J., 2022. Anxiety and Depression from Cybervictimization in Adolescents: A Metaanalysis and Meta-regression Study. The European Journal of Psychology Applied to Legal Context 14, 42–50. https://doi.org/10.5093/ejpalc2022a5

Molero, M.M., Pérez-Fuentes, M.C., Martos, Á., Pino, R.M., Gázquez, J.J., 2023. Network Analysis of Emotional Symptoms and their Relationship with Different Types of Cybervictimization. The European Journal of Psychology Applied to Legal Context 15, 23–32. https://doi.org/10.5093/ejpalc2023a3

Oanh, T.P., 2021. The Prevalence of Cyberbullying among Adolescents: A Case Study of Middle Schools in Vietnam. CT 4, p1. https://doi.org/10.22158/ct.v4n3p1

Piccoli, V., Carnaghi, A., Grassi, M., Stragà, M., Bianchi, M., 2020. Cyberbullying through the lens of social influence: Predicting cyberbullying perpetration from perceived peer norms, cyberspace regulations, and ingroup processes. Computers in Human Behavior 102, 260–273. https://doi.org/10.1016/j.chb.2019.09.001

Pilkey, J. K. 2011. The nature and impact of cyberbullying on the middle school student. Walden University

Popović-Ćitić, B., Djurić, S., Cvetković, V., 2011. The prevalence of cyberbullying among adolescents: A case study of middle schools in Serbia. School Psychology International 32, 412–424. https://doi.org/10.1177/0143034311401700

Popović-Ćitić, B., Djurić, S., Cvetković, V., 2011. The prevalence of cyberbullying among adolescents: A case study of middle schools in Serbia. School Psychology International 32, 412–424. https://doi.org/10.1177/0143034311401700

Rice, E., Petering, R., Rhoades, H., Winetrobe, H., Goldbach, J., Plant, A., Montoya, J., Kordic, T., 2015. Cyberbullying Perpetration and Victimization Among Middle-School Students. Am J Public Health 105, e66–e72. https://doi.org/10.2105/AJPH.2014.302393

Saif, A.N.M., Purbasha, A.E., 2023. Cyberbullying among youth in developing countries: A qualitative systematic review with bibliometric analysis. Children and Youth Services Review 146, 106831. https://doi.org/10.1016/j.childyouth.2023.106831

Seiler, S.J., Navarro, J.N., 2014. Bullying on the pixel playground: Investigating risk factors of cyberbullying at the intersection

# هاوسەرگیرییە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتی بوەیهی (٣٣٤- ٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)

**هۆشمەند اکرم مولود، هاوڕێ جبار حمدامین**

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** بوەیهییەکان دوای ئەوەی توانیان دەستبەسەر خیلافەتی عەبباسیدا بگرن، دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراند، پەیوەندی ئەم دەوڵەتە بەرامبەر هێزەکانی دەوروبەر لەسەر بناغەی شەڕ و ئاشتی وەستابوو، بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەی هاوسەرگیریی سیاسیان پەیڕەوکردووە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان، لەگەڵ هێز و میرنشینە هاوسنورەکانیاندا بپارێزن و بەهێزی بکەن.

ئامانجی توێژینەوە، دەرخستنی شێوازی هاوسەرگیرییە سیاسییەکانە، کەلە زۆر کاتدا ئەم هاوسەرگیرییە، ئامانجەکەی پێکاوەو ئاشتی بەرقەراربووە، لە هەندێکاتیشدا پەیوەندییەکان بەرەو هەڵدێر چوون و ئەم هاوسەرگیرییە نەیتوانیوە ئاشتی بەرقەرار بکات. ڕێبازی توێژینەوە، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی شیکاری بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. بەمەبەستی ئەوەی بتوانین وردتر لە مەبەست و هۆکارو دەرئەنجامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە سیاسیانە بگەین کە بوەیهییەکان ئەنجامیانداوە. دوای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە بریتین لە: هاوسەرگیریی سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێ، لەنێوخۆی بنەماڵەی فەرمانڕەوا یاخود لەگەڵ هێزە هاوسنورییەکان. ئامەنجەکەی توندوو تۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەمەوە ئامانجێکی دیاریکراوی خۆیان بەدەستبهێنن. سەنگ و هێزی دەوڵەتی بوەیهی لەناوچەکەدا وای لەخیلافەتی عەبباسی و هێزەکانی هاوسنووری دەوڵەتی بوەیهی کردووە. کە هاوسەرگیریی سیاسییان لەگەڵ ئەنجامبدەن، بەئامانجی دەستکەوتنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا. بەڵگەیەکیشە بۆ هاوتایی و بەرامبەربوونی هێز، لەنێوان دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی کە هاوسەگیرییەکەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. هەر لەبەرئەمەش بووە زۆربەی هاوسەگیرییە سیاسییەکان لە شێوەی ژن بەژن بووەو بڕەمارەیەکی زۆریش بۆ کچەکان دانراوە. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: هۆکارو پاڵنەرەکانی ئەم هاوسەرگیریانە لە دەوڵەتی بوەیهیدا چیبوون؟ هەروەها کاریگەریی و لیکەوتەکانی ئەم هاوسەرگیریانە چی و بەئەندازەی چەندبوون.

**کلیلە ووشە -** هاوسەرگیریی سیاسی، ژنان، بوەیهییەکان، خەلیفەکانی عەبباسی، میرەکان.

## پێشەکی:

- ئەم توێژینەوەیە باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی دەکات، وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- شیکاری، کە شیکاری بۆ هاوسەرگیرییە سیاسییەکان دەکات و هۆکار و لێکەوتەو کاریگەرییەکانیان شیدەکاتەوە، لێرەدا ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە خراونەتە بەرباس، کە میرانی بوەیهی ئەنجامیانداوە، چ لە ناوخۆی خۆیاندا بێت، چ لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسی و سەرکردەی هێز و میرنشینەکانی هاوسنوریاندا بێت.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانەیە، کە لەنێوان بوەیهییەکان و هێزەکانی هاوسنوریان هاتۆتەکایەوەو هاوسەرگیریی سیاسی بەدواداهاتووە، گرنگی ئەم هاوسەرگیرییانەش لەوەدابووە، کە بووە بەهۆی وەستانی شەڕ و بنیاتنانی پەیوەندی دۆستانە، ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بوویێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** باسکردن لە هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی بوەیهی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دیاردەیەکی سەرەکی ئەو سەردەمە بوو، جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکارێکی سیاسیش بوو، کە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان دەرئەنجامی ڕووداوێکی سیاسی بوون، بۆ ڕێگرتن لە شەڕ و کێشە ئەنجامدراون، دەشێت ببنە گۆشەیەک بۆ توێژینەوە، هۆکار و لێکەوتەکانیان شیبکرێتەوە .

**سنورو ڕێبازی توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی لەنێوان ساڵانی (٣٣٤- ٤٤٧ک/ ٩٤٥- ١٠٥٥ز)، لەگەڵ ئەو هێز و میرنشینانەی کە هاوسەردەم و هاوسنوربوون، دەکات. لەم توێژینەوەیەدا بۆگەیاندنی مەبەست و شیتەڵکردنی بابەتەکە، پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی- شیکاری بەستووە.

**ئاستەنگی توێژینەوە:** کە توێژینەوەیەکی لەم چەشنە ئاستەنگی جیاجیای دێتەپێش، دیارترینیان ئەوەیە کە مێژوونوسان بایەخێکی ئەوتۆیان بە لایەنی هاوسەرگیری نەداوە، پەرش و بڵاوی ئەو زانیاریانەن کە لەسەرچاوەکاندا سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکان تۆمارکراون، کێشەیەکی تر کە هاتە پێشمان ئەوەبوو ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانەی کە تۆمارکراون، زۆربێکیان ناوی ژنەکانیان نەهاتووە، بەڵکو تەنها بە کچی فلان میر ناوی هاووە، ئەمەش وایکردووە ناوی چەندین ژنی بواری توێژینەوەکە بزربێت.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp32-42

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 22 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 11 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : hoshmand.akram@koyauniversity.org, hawre.jabbar@koyauniversity.org

حقوق الطبع والنشر ©2026 هۆشمەند اکرم مولود، هاوڕێ جبار حمدامین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە دەروازە و چوار تەوەرەیی سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە دەروازەدا، لە دوو خاڵ هاوسەرگیری سیاسی و دەوڵەتی بوەیهیمان ناساندووە، تەوەرەیی یەکەمیش تەرخانکراوە بۆ هاوسەرگیریی سیاسی نێوان دەوڵەتی بووەیهی و خەلیفەکانی عەبباسی. لە تەوەرەیی دووەمدا، هاوسەگیریی سیاسی لەناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی لەگەڵ دەیلەمیەکانمان باسکردووە. تەوەرەیی سێیەم، باسمان لەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە کردووە کە لەنێوان بنەماڵەی بوەیهی و میرنشینە کوردییەکاندا ئەنجامدراوە. تەوەرەیی چوارەمیشمان تەرخانکردووە بۆ هاوسەرگیریی سیاسی نێوان بوەیهی و میرنشینی سامانی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە) لە خوارووی عێراق و دەوڵەتی سەلجوقی.

**توێژینەوەکانی پێشوو:** چەندین توێژینەوە لە لایەن توێژەرانەوە لەسەر هاوسەرگیریی سیاسی نووسراوە. لەوانە پەرتوکی (الزواج السياسي في عهد الدولة العباسية) پەرتوکی (المصاهرات السياسية في العصرين الغزنوي والسلجوقي)، هەروەها توێژینەوەی (المصاهرات السياسية بين خلفاء العباسيين وسلاطين السلاجقة ٤٤٧- ٥٩٠هـ/ ١٠٥٥- ١١٩٣م)، توێژینەوەی (کارکرد ازدوا جهای سیاسی در تنظیم روابط حکوم تهای متقارن از قرن 7- 4ق با تکیه بر تواریخ عمومی) توێژینەوەی (المصاهرات السياسية في الموصل ما بين القرنين 4-7 هـ-10-13م) بەڵام تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی ورد بۆ ئەم بابەتە تەرخان نەکراوە.ب ۆیە لێرەدا هەموو ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە خراوەتە ڕوو کە بوەیهییەکان لەگەڵ هێزە هاوسنوسییەکان و ڕکابەرەکانییان ئەنجامیانداوە.

**شیکرنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر (المصادر و المراجع) بەستووە. کە هەندێکیان زانیاری دەگمەن و بەنرخیان بە توێژینەوەکە بەخشیوە. پەرتوکی (تجارب الامم)ی (مسكوية مر: ٤٣١ك/ ١٠٣٠ز) یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەیە کەسوودێکی زۆرمان بۆ خستنەڕووی مێژووی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی کە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا ئەنجامداوە بینیوە، ناوبراو خۆی هاوچەرخ و بینەری بەشێک لە هاوسەرگیرییەکان بووە. پەرتوکی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير مر: ٦٣٠ک/ ١٢٣٢ز) لە گێڕانەوەکانی بە کورتی ئاماژەی بە هاوسەرگیرییە سیاسییەکان داوە.

## ٢- دەروازە: هاوسەرگیریی سیاسی و ناساندنی دەوڵەتی بوەیهی

### ٢-١- هاوسەرگیریی سیاسی

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ هاوسەرگیریی سیاسی لەلایەن توێژەران کراوە، لەوانە: بریتییە: لەو هاوسەرگیرییەی لەنێوان پاشاو سەرۆکەکان ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندی نێوانیان وەک پاڵپشتییەک بۆ ناوەندی سیاسییان (نامق، ٢٠١٦، ٢٥) واتا ئامانجێکی سیاسی تێدا بەدیدەکرێت، یان بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ ئامانجێکی سیاسی، بەو پێیەی کچەکە لە پرۆسەی هاوسەرگیریەکەدا هیچ بۆچوون و ویستێکی نەبووە، باوکی بۆ پشتیوانی لە پەیوەندیەکانی دەستی بۆ ئەمجۆرە چارەسەرییە بردووە (محي الدين و أخرون، ٢٠١٩، ٣١٣). لەگەڵ ئەمانەشدا، هەندێک لەم ژنانە ڕۆڵی کاراو کاریگەریان لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوە سیاسییەکاندا گێڕاوە، تەنانەت هەندێکیان بەهۆی توانا تایبەتییەکانی خۆیان، بوونەتە دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیاری گرنگی سیاسی.

هاوسەرگیری سیاسی لەپێناو بەرژەوەندی و مەبەستێکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت (حميد، ٢٠٢١، ٣٢٢) لە مێژوودا لەناو شارستانییەتە دێرینەکاندا بوونی هەبووە، لەناو شارستانییەتی ئیسلامیش بەردەوام بووە و بەرەوی پێدراوە (البري، العزام، ٢٠١٥، ٣- ٥؛ سمسم، ٢٠١٤، ١٦١- ١٦٢). بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت دەستبەسەر ناوچەیەکدا بگیرێت، یان بۆگەیشتن بە کەسانی دەسەڵاتدار، یاخود بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی و تایبەت، یان بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی سەرتاسەریی بەرفراوان، لە دوای شەڕکردن (عبد الحافظ، ٢٠٢٠، ١٢- ١٤؛ حميد، ٢٠٢١، ٣٢٢). لەڕاستیدا ئەم هاوسەرگیرییە لە هەموو کاتێکدا بە تەواوی ئامانجی خۆی نەپێکاوە، بەڵکو زۆرێکیان سەرکەوتونەبوون و بە چارەنووسێکی خراپ یان لێکجیابوونەوە (الطلاق) کۆتایی پێهاتووە (نامق، ٢٠١٦، ٢٥- ٢٦).

ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە پەیوەندی نێوان دوو کەس وەك ژن و مێرد نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان دوو خێزان و دوو بنەماڵەیە، بەڵام نەریتی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لە نێوان دوو بنەماڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ بازنەیەکی فراوانتر لە نێوان دوو دەوڵەت یان دوو دەسەڵاتدار. بۆیە لەڕووی زاراوەوە، هاوسەرگیریی سیاسی، بریتییە لەو هاوسەرگیرییەی لەناو کۆشکی فەرمانڕەواکاندا ئەنجامدەدرێت، ئامانجی بنەڕەتیش هاوسەگیریانە ئەوەیە، سۆزی ئەم میرو سوڵتان و دەسەڵاتدارە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەهۆیەوە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت (ضاحي، مصطاف، ٢٠٠٧، ١٢٣-١٢٥). بۆیە دەبینین ئەم هاوسەرگیرییانە، لەنێوان میر و پادشاو خاوەن دەسەڵاتەکاندا هەتا ڕادەیەک بەڵگەیە بۆ بەرامبەری و هاوتایی، ئەمە جگە لە ئاشتی سیاسیی نێوانیان، هەروەها دابینکردنی لایەنگیریی و پشتگیریی کردن بۆیەکتر (زەینەل، ٢٠١٢، ٣٣١).

### ٢-٢- دەوڵەتی بوەیهی

کاتێک باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەکرێت لە دەوڵەتی بوەیهیدا، بەگرنگی دەزانین ئەم دەوڵەتە بەشێوەیەکی کورت بناسێنین، بوەیهییەکان دانیشتوانی ناوچەی دەیلەم بوون، ناوکەیان بۆ (بويه بن فناخسرو) دەگەڕێنەوە کە خاوەنی سێ کوڕ بوو، بەناوەکانی (علی، حسن و أحمد ) (ابن الأثير، 1987، 7/87-88؛ ابن العبري، 1994، 279). سەبارەت بە بنەچەیان ڕای جیاواز هەیە، لەلایەك گەڕێنراونەتەوە سەر هۆزێکی عەرەبی بە ناوی (بني ضبه) کە گوایە کەسێك لە وڵاتی عەرەبەوە بە ناوی (باسل بن ضبه) کۆچی کردووە بۆ وڵاتی دەیلەم و لەوێ هاوسەرگیریی کردووە، پاشان نەوەی لێبۆتەوە و بوەیهییەکان نەوەی ئەون (ابن حزم الاندلسی، د.ت. ٢٠٣). لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە سەرچاوەکان بوەیهییەکانیان بە فارس داناوە، بنەچەیانیان گەڕاندۆتەوە سەر بنەماڵەی پاشایانی ساسانی (ابن الأثير، 1987، 87/7؛ ابن العبري، 1994، 279؛ ابن الطقطقي، د.ت، 277؛ النويري، 2004، 93/26). بۆچوونی دووەم لە ڕاستییەوە نزیکترە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان ئەم بۆچوونەیان پشتڕاست کردۆتەوە، وە ئەو ناوچەیەی ئەوان تێیدا لەدایکبوون و ژیاون، لەنەتەوەی فارس نزیکتر بووە بەراورد بە نەتەوەی عەرەب، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ژێر ڕاو و سەرنجە جیاوازەکاندا، ناتوانرێت ڕەگەزی بوەیهییەکان بە تەواوی دیاریبکرێت، تەنها ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەوان نەتەوەیەکی دەیلەمی بوونو لە وڵاتی فارس نیشتەجێببوون.

سەبارەت بە بیر و باوەڕی ئاینییان، دەیلەمییەکان و لەناویشیاندا بوەیهییەکان لە سەر ئاینی زەردەشتی بوون، بەڵام دوای هاتنی بانگخوازی شیعەی زەیدی بۆ وڵاتەکەیان، لەسەردەستی (حسن بن علی) ناسراو بە (ئەتروش)، لەسەر ڕێبازی شیعەی زەیدی موسڵمان بوون (مسكويه، 2003، 30/1؛ الذهبي، ١٩٩٢، ٢٣/ ١٥؛ محمد، 2019، 43). هەرسێ برا دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیان دەوڵەتێك دابمەزرێنن، لە ساڵی (334ك/945ز) دەستبەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا بگرن (مسكويه،

2003، 275/5). خەلیفەکانی عەبباسی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لە دەستدا، تەنها وەك هێمایەکی ئایینی، مانەوە، دەسەڵاتی ڕەها و کاریگەر کەوتە ژێردەستی بوەیهییەکان، توانیان زیاتر لەسەدەیەک حوکمڕانی بکەن (ابن العبري، 1994، 291؛ الطائي و العنبكي، 2020، 15).

## ٣- تەووەرەی یەکەم: هاوسەرگیریی سیاسی بنەماڵەی بوەیهی و خەلیفەکانی عەبباسی

### ٣-١- یەکەم: هاوسەرگیریی سیاسی لەگەڵ خەلیفە (الطائع الله 363-381ك/974-991ز) دا

لەسەرەتای دەستبەسەرداگرتنی خیلافەتی عەبباسی لایەن بوەیهییەکانەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر، لەنێوان میرە بوەیهییەکان و خەلیفەکان دەستپێیکرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بوەیهییەکان لە بنەڕەتدا ڕێزیان لە خەلیفەی عەبباسی نەدەگرت و خوازیاری ئەوەبوون کە خۆیان بین بە خەلیفە، بەڵام ئەوەی ڕێگربوو لە بەردەمیاندا جیاوازی ڕەگەز، ئایینزا و ڕەچەڵەك و بنەماڵە بوو، چونکە ئەو کەسەی دەبوو بە خەلیفەی عەبباسی دەبوایە سەر بە هۆزی قورەیشی و بەتایبەت بنەماڵەی عەبباسی و ئایینزای سوننی بێت، ئەگەرچی وەك ئاشکرایە بوەیهییەکان نەك سەر بە بنەماڵەی عەبباسی نەبوون، بەڵکو هەر لە ڕەگەزدا لە نەتەووەی عەرەب نەبوون و لە ئایینزاشدا سوننی نەبوون.

بۆیە تاکە ڕێگە لەبەردەمیاندا پەنا بردن بوو بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسی، هەتا لەم ڕێگەیەوە بتوانن بە تەواوی دەستبەسەر خیلافەتدا بگرن و بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی بەن، یاخود ڕۆژێك لە ڕۆژان یەك لە نەوەکانیان بکەن بە خەلیفە، بە شێوەیەك لە شێوەکان خیلافە بۆ بنەماڵەی خۆیان بگوازنەوە (ابن الأثير، 1987، 390/7؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ ه.ش، ٣٦).

بوەیهییەکان دووجار ژنیان بە خەلیفە (الطائع الله) داوەو یەکەم هاوسەرگیریی سیاسی کە ئەنجامدراوە، دوای ئەوەی لەساڵی (363ك/974ز)دا، خەلیفە دەسەڵاتی گرتەدەست، دوای یەك ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی و لە ساڵی(364ك/975ز) دا، ناوبراو هاوسەرگیریی لەگەڵ (شاه زنان) کچی میر (عزالدوله بختيار- 356-367ك/967-977ز) دا کرد، کە یەکێك بوو لە میرە بوەیهییەکان. بە ڕێژەی مارەیی (100000) سەد هەزار دینار، مارە بڕینەکە لەلایەن (قاضي أبو بكر بن قريعة) ئەنجامدرا (ابن الجوزي، 1992، 236/14؛ الذهبي، 1999، 331/1؛ ابن العماد، 1979، 47/3). دوای دوو ساڵ لە مارە بڕین، ئینجا ڕێوڕەسمی گواستنەوە ئەنجامدرا و (شاه زنان) درا بە خەلیفە (الطائع) (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤/ ٢٤٧).

ئەم هاوسەرگیرییانە لە هەردوولاوە جێی بایەخ و گرنگی پێدان بوو، هەردوولا هۆکاری خۆیان هەبووە بۆ ئەنجامدانی، لە لایەنی میر (بختيار) دەتوانین بڵێین جگە لە خواستی تێکەڵبوون لەگەڵ بنەماڵەی عەبباسی و مسۆگەرکردنی پاڵپشتیکردن لەلایەن سوننەکان و خستنەوەی نەوەیەك بۆی کە شەرعیەتی بە خەلیفەبوونی هەبێت، و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر میرە ڕکابەرەکانی لە بنەماڵەی بوەیهی، ئەم کارەیان بەباش زانیووە. لە لایەن خەلیفە (الطائع) یش بە هەمان شێوەی میرانی بوەیهی خوازیاری ئەم هاوسەرگیرییە بووە، هەتا لەم ڕێگەیەوە خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بە دوور بگرێت (نژاد، پات، ١٤٠٠ه. ش، ٣٥-٣٦) چونکە هەردوو خەلیفەی پێشوو (المستكفي بالله 333-334ك/944-945ز، المطيع الله 334-363ك/946-974ز) بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێردەستی بوەیهییەکان و تەنها بەناو دەسەڵاتداربوون، ئەگینا لە هەموو دەسەڵاتێك داماڵدرا بوون و شکۆیان لەدەستدابوو، تەنانەت خەلیفە (المستكفي) لەلایەن بوەیهییەکانەوە بە توندترین شێوە لە تەختی خیلافەت لادرا و لە دەسەڵات دوورخرایەوە، ئەویش دوای ئەوە هات، لە ساڵی (334ك/945ز)دا دوای گەیشتنی (معزالدولة 334-356ك/945-967ز)ی بوەیهی بە بەغداد، (علم القهرمانة) کە یەکێکبوو لە کەنیزەکە تایبەتەکانی خەلیفە، مەڕاسیمێکی ڕێکخست، تیایدا سەرجەم دادوەر و میر و کاربەدەستانی بەغدادی بانگهێشتکردبوو، لەناویاندا (معزالدولة) و دار و دەستەکەشی ئامادەبوون، بەڵام ئاماژە بەوەدەکرێت کە ناوبراو وا گومانی بردووە ئەو کەنیزەکەی پیلانێکی لە ژێرسەردایە، هەربۆیە تۆمەتی ئەوەی خستەپاڵ، کە گوایە دەیەوێت بە پیلانێك ئەو لە دەسەڵات لابدات و بەیعەت و دەسەڵات بۆ خەلیفە بگێڕێتەوە (مسکویە، 2003، 276/5؛ ابن العمراني، 1363ش، 142؛ ابن الأثير، 1987، 206/7). لە ئەنجامدا (معزالدولة) کاردانەوەی نواند و فەرمانیکرد کە خەلیفە دەستگیربکەن، دووکەس لەکەسە نزیکەکانی ناوبراو بەرەوڕووی خەلیفە چوون، هەرچەندە ئەو پێیوابوو دەستی ماچدەکەن، بۆیە دەستی بردە پێش بۆیان بەڵام بە پێچەوانەوە بەتوندی پەلاماری خەلیفەیاندا و مێزەرەکەیان لە ملی ئاڵاند و بە ڕاکێشان بردیان بۆلای (معزالدولة) (مسکوية، 2003، 276/5؛ ابن العمراني، 1363ش، 142؛ ابن الطقطقي، د.ت، 287). ناوبراو تەنها بە دەستگیرکردنی خەلیفە نەوەستا، بەڵکو هەردوو چاوی کوێرکرد و لە خەلیفایەتی خست، بەندیکرد و ئازاد نەکرا، لەساڵی (338ك/949ز)دا لە بەندیخانە کۆچی دوایی کرد. دوای دەستگیرکردنی خەلیفە، بوەیهییەکان کەوتنە تاڵانکردنی کۆشکی خیلافەت و هەرچی ماڵ و سامانی خەلیفە بوو تاڵانیانکرد. ئینجا (معزالدولة) کەسێکی دیکەی بە ناوی (أبو قاسم الفضل بن مقتدر) کە ناسناوی (المطيع الله) بوو کردی بە خەلیفە (مسکویە، 2003، 276/5؛ ابن الأثير، 1987، 207/7؛ ابن الطقطقي، د.ت، 287؛ الذهبي، 1999، 306/1).

(معزالدولة) بە چەند هۆکارێکی سیاسی و ئایینی خەلیفەی دەستگیرکردووە، بۆ لایەنە ئایینییەکە، ئاماژە بەوە کراوە کە لەوکاتەدا خەلیفە سوکایەتی بە زانایەکی شیعی کردووە کە پلە و پایەی بەرزی لە بەغداد هەبوو، (معزالدولة) بەوە توڕەبووە، کە خەلیفە ڕێزی ئایینزا و هاوئایینزاکانی نەگرتووە (الذهبي، 1999، 306/1). هۆکارێکی تر لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەبوو، لەو کاتەدا (معزالدولة) لە جەنگدابووە لەگەڵ (حەمدانییەکان)، جا گوتراوە خەلیفە (المستكفي) لەگەڵ (ناصرالدولة)ی حەمدانی لە پەیوەندیدا بوو، زانیاری نهێنی لەبارەی جووڵە سەربازییەکانی سوپای بوەیهی پێداوە، کاتێکیش (معزالدولة) بەم پەیوەندییە نهێنییەی زانیوەو خەلیفەی دەستگیرکردووە (المسعودي، 2005، 295/4؛ الصاعدي، 1990، 72).

لە دوای خەلیفە (المستكفي)یش کە (المطيع الله) بوو بە خەلیفە بە تەواوەتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە دەستدابوو، وەك هێمایەك مایەوە، لەسەردەمی ئەودا وەزیری خەلیفە بوونی نەما، کارمەندێک هەبوو کە کاروبارە تایبەتییەکانی بۆ بەڕێوەدەبرد، (مسکویە، 2003، 277/5؛ ابن العبري، 1994، 291؛ ابن الطقطقي، د.ت، 288). کەواتە ئەگەر ئەمە بارودۆخی خەلیفەکانی پێش خۆی بووبێت، جێی خۆیەتی خەلیفە (الطائع) هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ بوەیهییەکان دابێت و پەنای بۆ هاوسەرگیریی سیاسی بردبێت، هەتا لەو ڕێگەیەوە دۆستایەتییان بەدەستبهێنێتو خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بپارێزێت.

جگە لەمجارە، ناوبراو جارێکی دیکەش هاوسەرگیریی سیاسی لەگەڵ میرە بوەیهییەکان ئەنجامدەداتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە (عضد الدولة 338-372ك/946-980ز) ی بوەیهی لە ساڵی (366ك/977ز) دا، بوو بە گەورەترین میری بوەیهی و تەواوی دەسەڵاتەکان کەوتنە ژێردەستی، توانی (عزالدولة بختيار)ی ئامۆزای تێکبشکێنێت و

خیلافەت و دەوڵەتی بوەیهی بخاتە ژێردەستی خۆی (مسكویه، 2003، 5/426-433). لەساڵی (369ك/980ز)دا خەلیفە (الطائع) هاوسەرگیری لەگەڵ كچی (عضد الدولة)دا كرد، ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەكە بەئامادەبوونی خەلیفە (الطائع)و دادوەران و شایەتحاڵەكان بەڕێوەچوو، ئەوەی بووە بریكاری (عضدالدولة) لەو هاوسەرگیرییەدا (ابو علي الحسن بن احمد الفارسي) بوو، ئەو كەسەی كە بووە بریكاری خەلیفە و مارەبڕینەكەی ئەنجامدا (أبو علي الحسن بن علي القاضي التنوخي) بوو (ابن الجوزي، 1992، 14/271-272؛ ابن تغري بردي، 1935، 4/135) .

سەبارەت بەبڕی ئەو پارەیەی وەك مارەیی هاوسەرگیرییەكە دانرا، بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لەمبارەیەوە بەشێك لە مێژوونووسان بە سەد هەزار دیناریان داناوە (ابن الأثیر، 1987، 7/390؛ ابن كثیر، ١٩٩٨، ١١/ ٣٣٥؛ صدیق، ٢٠٢٤، ٥٦). (ابن تغري بردي مر: 874ك/1470ز) بە دووسەد هەزار دیناری داناوە (1935، 4/135). ئەگەرچی (ابن الجوزي مر:597ك/1200ز) بە تەواوی دیاری ناكات كە ئایا لەو دوو بڕە پارەیەی وەك مارەیی هاوسەرگیرییەكە دانراوە، كامیان ڕاستە (١٩٩٢، ١٤/ ٢٧٢). دوای یەك ساڵ لە مارە بڕینەكە لەساڵی (٣٧٠ك/ ٩٨١ز) ڕێوڕەسمی گواستنەوەكە ئانجامدرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٣٧٩).

لە باسكردنی هۆكارەكانی ئەم هاوسەرگیرییە، لە هەردوو لا ئامانج و مەبەستدار بووە. سەبارەت بە هۆكاری خەلیفە (الطائع) بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە دەتوانین بڵێین، بەهۆی ئەو سەركەوتنانەوە بوو كە (عضدالدولة) لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی بەسەر (عزالدولة)ی ئامۆزای دا بەدەستیهێنابوو (مسكویه، 2003، 5/426-433). كە ببووە بەهێزترین میری بوەیهی، خەلیفە (الطائع)یش بۆ خۆبەهێزكردن و خۆنزیككردنەوە و خۆپارێزی لە شەڕی ناوبراو ئەم كارەی ئەنجامدا.

ئەگەرچی هۆكاری ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە و پێدانی كچەكەی بە خەلیفە لەلایەن (عضدالدولة)وە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە خوازیاری زەوتكردنی پۆستی خەلیفە، بۆ یەكێك لە نەوەكانی خۆی بوو لە دواڕۆژدا، بۆ زیاتر كۆنترۆڵكردنی خیلافەی عەبباسی، لە ژێردەستی خۆیدا و بەڕێوەبردنی بە ئارەزووی خۆی. هەروەكوو مێژوونوسێك ئاماژە بەوە دەكات و دەڵێت: مەبەستی (عضد الدولة) لەم هاوسەرگیرییەدا، ئەوە بوو كچەكەی كوڕێكی بۆ بهێنێتە دونیا تا ببێتە جێنشینی خەلیفە و خیلافەت بۆ بنەماڵەكەی بگوازێتەوە (ابن الأثیر، 1987، 7/390).

ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەركردنە ئەوەیە، سەرەڕای بە ئاگایی هەڵسوكەوتكردنی خەلیفە (الطائع) لەگەڵ بوەیهییەكان و خۆنزیككردنەوەی لێیان و هاوسەرگیریكردن و تێكەڵاوبوونی كۆمەڵایەتی لەگەڵیان، نەیتوانیوە خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بپارێزێت، دواجار ئەویش بە هەمان شێوەی خەلیفە (المستكفي) لەلایەن خودی بوەیهییەكانەوە لەتەختی خیلافەت هێنرایەخوارەوە. لەساڵی (381ك/991ز)دا (بهاء الدولة 379- 403ك/ 989-1012ز)ی بوەیهی خەلیفە (الطائع)ی لە دەسەڵات لابرد و خەلیفە (القادربااللة 381-422ك/ 991-1031ز)ی لە شوێنی دانا. بە وتەی مێژوونوسان (بهاء الدولة) بە دوو هۆكاری جیاواز ئەم هەنگاوەی ناوە، هەندێكیان دەڵێن هۆكارەكەی ئەوە بووە، كە ناوبراو لەوكاتەدا باری دارایی لاواز بووە، یەكێك لەكەسە نزیكەكانیشی بەناوی (أبو الحسن بن معلم) دەستگیركردنی خەلیفە و دەستگرتن بە سەر ماڵ و داراییەكەیدا بۆ ڕازاندەوە، (بهاء الدولة)ش كارەكەی ئەنجامدا (البغدادي، 2004، 11/79؛ الروذراوري، 2003، 6/ 123-124؛ ابن الأثیر، 1987، 7/449). هەندێكی تر هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، لەمكاتەدا خەلیفە (الطائع) (أبو الحسن بن معلم) كەسایەتی نزیك لە (بهاء الدولة)ی دەستگیركردووە، لە بەرامبەردا ناوبراو هەڵوێستی پێچەوانەی نواند و خەلیفەی دەستگیركرد (الذهبی، 1999، 1/341؛ السیوطي، 2003، 324؛ ابن العماد، 1979، 3/97-98). وێڕای بە ڕاستدانانی بۆچوونی هەریەك لەم مێژوونووسانە، لە بنەڕەتدا بوەیهییەكان خۆشیان لە خەلیفەكان نەهاتووە، بۆیە هیچ هەنگاوێك تەنانەت هاوسەرگیری سیاسیش نەیتوانیوە ئاشتی لە نێوانیاندا بەرقەراربكات و خەلیفەكان لە دەستدرێژی بوەیهییەكان بپارێزێت .

### ٣-٢- دووەم: هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ خەلیفە (القادر باللة 381-422ك/ 991-1031ز)دا

هاوسەرگیری سیاسی نێوان بنەماڵەی بوەیهی و عەبباسی تەنها لە سەردەمی خەلیفە (الطائع)دا نەبوو، بەڵكو سەردەمی خەلیفە (القادر)یشی گرتەوە، خەلیفە هاوسەرگیری لەگەڵ كچی (بهاء الدولة)دا ئەنجامدا. ئەم هاوسەرگیرییە دوای ئەوە هات كە خەلیفەی پێشوو بەدەستی (بهاء الدولة) كۆتایی بەدەسەڵاتی هات و خەلیفە (القادر) لەشوێنی دانرا (الروذراوري، 2003، 6/123؛ الاصفهاني، 2003، 283؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ ه. ش، ٣٦). هێز و دەسەڵاتی ئەو میرە بە شێوەیەكی بەرچاو زیادیكرد، لەوەدەچێت خۆی بەسەر خیلافەتدا زاڵكردبێت، بێگوێدان بە خەلیفە دەسەڵاتی بەڕێوەبردبێت (ابن الطقطقي، د.ت، 291؛ حسن، 1996، 3/60). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە خەلیفە بۆ خۆنزیككردنەوە لە ناوبراو و دووركەوتنەوە لە ناكۆكی و خۆپاراستن لەهەمان چارەنوسی خەلیفەی پێشوو، ئەم هاوسەرگیرییەی بەباش زانیوە، سەبارەت بە (بهاء الدوله)ش، لەوە دەچێت هەمان ئەو هۆكارانەی هەبووبێت، كە میرەكانی پێش خۆی لە ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەكاندا هەیانبوو.

گرێبەستی هاوسەرگیرییەكە لەساڵی (383ك/993ز)دا لەنێوان خەلیفە (القادر) و (سكینة)ی كچی (بهاء الدولة)دا لەسەر مارەیی سەد هەزار دینار ئەنجامدرا (الروذراوري، 2003، 5/153؛ ابن الجوزي، 1992، 14/366؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ ه. ش، ٣٦) ئەگەرچی وەك باسكراوە ئەم هاوسەرگیرییە نەگەیشتە پرۆسەی گواستنەوە، چونكە خاتو (سكینة) بەر لەم پرۆسەیە كۆچی دوایی كرد (الروذراوري، 2003، 5/153) .

## ٤- تەوەرەی دووەم: هاوسەرگیری سیاسی ناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی و دەیلەمیەكان

### ٤-١- یەكەم: هاوسەرگیری سیاسی ناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی

هاوسەرگیرییە سیاسسەكانی دەوڵەتی بوەیهی تەنها لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی نەبووە، بگرە لە ناو خێزانی خۆشیاندا لە بەر بەرژەوەندی پەنایان بۆ بردووە، ئەمەش بۆ ئەو ناكۆكییە ناوخۆییانە دەگەڕایەوە كەلە ناو میرانی ئەم دەوڵەتەدا هەبوو بۆیە پەنا بۆ هاوسەرگیری سیاسی براوە، هەتا لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئاشتی بەرقەرار بكەن.

دەوڵەتی بوەیهی یەك لەو دەوڵەتانە بوو كە زۆرترین ناكۆكی ناوخۆیی لەنێوان میرەكانیدا هەبوو، چونكە خاوەنی سیستمی ناوەندی، یەك فەرمانڕەوا و یەك دەسەڵات نەبووە، خاوەنی پایتەختێكی یەكگرتوو بۆ هەموو دەوڵەت نەبوو، بەڵكو ناوچەكانی دەوڵەتەكە دابەشكراوبوو بەسەر میرەكانیدا، بە شێوەیەك كام ناوچە بەهێزترین میری لێبوایە، ئەم ناوچەیە قورسایی هێزی بوەیهی تێدا كۆدەبووەوە، وەكو ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبینرا، هەرچەندە بەغداد بەلایانەوە گرنگترین بنكە بووە، بۆیە ململانێیان بوو لەسەر ئەوەی كامیان بەغدادی لەژێر دەسەڵاتدابێت ئەو سەنگ و قورسایی زیاتر بوو (لین بوول، 1968، 135-137؛ هەروتی، 2008، 138). كاتێك دەوڵەت بەم شێوەیە دابەشكراوبێت بەسەر میرگەلێكدا، بێگومان ناكۆكی ناوخۆیی بەتوندی لەنێوانیاندا

سەرهەڵدەدات، بەتایبەت کاتێك بەهێزترین میر دەمرێت، زۆربەی میرەکانی تر دەکەونە کێبڕکێ و ململانێ هەتا بتوانن جێگای بگرنەوەو دەستبەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بگرن. بۆیە دەبینین کاتێك (معزالدولة) مرد، کێشە و ناکۆکی توند کەوتە نێوان هەردوو ئامۆزا (عزالدولة بختیار و عضد الدولة) لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردنی ناوچەکانی ژێردەستی کۆچکردوو (ابن الأثیر، 1987، 350/7-351). کەوایە لێرەوە هەتا ڕووخانی ئەم دەوڵەتە، ناکۆکی توند لەنێوان میرەکان دەستپێدەکات.

کاتێك میر (بهاء الدولة) لەساڵی (403ك/1012ز)دا مردووە، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەسەر کوڕەکانیدا دابەشبووە، کە (جلال الدولة 416-435ك/1025-1034ز) کوڕی، ناوچەی بەسرەی بەرکەوت (ابن الأثیر، 1987، 8/77). هەروەها کاتێك لەساڵی (415ك/1024ز)دا (سلطان الدولة 403-415ك/1012-1024ز)ی برای (جلال الدولة) مرد، ناوچەی فارس کەوتە ژێردەسەڵاتی کوڕەکەی بەناوی (أبی کالیجار) (ابن الأثیر، 1987، 144/8-145). لەلایەکی تر کاتێک (مشرف الدولة 412-416ك/1021-1025ز) لەساڵی (416ك/1025ز)دا مرد. لەدوای ئەو وتار بۆ (جلال الدولة) برای خوێندرایەوە، بانگهێشتی بەغداد کرا، پاشان وتار بەناوی (أبی کالیجار)ی برازای خوێندرایەوە، پاشان جارێکی دیکە لە ساڵی (418ك/1027ز)دا بەناوی (جلال الدولة) خوێندرایەوە، کە ئەم بڕیاری وتاردان و گۆڕینانەش لەنێوان ئەو دوو میرەدا، بەبڕیاری خەلیفە (القادر باالله) بوو، لەسەر بنەمای خواستی تورکەکان، کە ئەوکاتە کاروباری خیلافەتیان کەوتبووە ژێردەست. بۆیە دەتوانین ئەمە بە هۆکارێك و بەسەرەتای ناکۆکی نێوانیان دابنێین (ابن الأثیر، 1987، 151/8، 161؛ علي، 1991، 118). هەربۆیە (أبی کالیجار) لە ساڵی (419ك/1029ز)دا بەسوودوەرگرتن لەناکۆکی نێوان (جلال الدولة) و تورکەکان، پەلاماری بەسرەیدا و لەژێردەستی (الملك العزیز بن جلال الدولة)ی دەرهێنا. لەلایەکی دیکە دوای مردنی خاوەنەکەی (أبی الفوارس) بەبێشەڕ دەستی بەسەر (کرمان)یشدا گرت، دوای ئەوە لەساڵی (420ك/1030ز)دا (واسط)یشی خستەژێردەستی خۆیەوە، تەنانەت خواستی گرتنی (بەغداد)یشی دەکرد، کە ناوچەی ژێردەسەڵاتی (جلال الدولة)ی مامی بوو (ابن الأثیر، 1987، 166/8-167، 172).

هەرچەندە (جلال الدولة) لەمکاتەدا لاواز بوو، بەراورد بە (ابی کالیجار)، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی ئەوەی کە دەستەوەستان بوەستێت لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی برازاکەی، لەساڵی (420ك/1030ز)دا پەلاماری شاری (ئەهواز)ی ژێردەستی (أبی کالیجار)ی دا و تاڵانییەکی زۆری تێداکرد و پارەیەکی زۆری دەستکەوت، هەروەها لەساڵی (421ك/1030ز) بەسرەی لەژێردەستی (ابی کالیجار)دا دەرهێنایەوە (ابن الأثیر، 1987، 8/ 172-173، 194) .

هۆکاری ئەم ناکۆکییە توندەی نێوان ئەم دوو میرە، زیاتر بۆ تورکەکان دەگەڕایەوە، کەلەو سەردەمەدا هێزی دەسترۆیشتوی خیلافەت بوون، کێیان بویستایە دەیانکردە میر و بڕیاری وتاردانیان بە ناوی دەدا، کێشیان نەویستایە دەریان دەکرد و دووریان دەخستەوە. بۆ وێنە لەساڵی (423ك/1032ز)دا وتاریان بە ناوی (أبی کالیجار) ڕاگرت، چونکە نەیتوانی بەخێرایی بگاتە بەغداد کەداوایان لێکردبوو. هەروەها لەساڵی (424ك/1033ز)دا فەرمانیان بە (جلال الدولة) کرد بچێتە (واسط) و بەغداد بەجێبهێڵێت (ابن الأثیر، 1987، 8/ 203، 208). تەنانەت لەساڵی (427ك/1036ز)دا کار گەیشتە ئەوەی کە سەربازە تورکەکان لە بەغداد دژی (جلال الدولة) ڕاپەڕین و بڕیاریاندا دەریبکەن، هەرچەندە ناوبراو داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتی لێکردن، هەتا ئەو پارەیان بۆ پەیداکات، کە داوایان لێکردووە، بەڵام لێیان قبوڵنەکرد، بەڵکو بە بەرد هێرشیانکردە سەری و برینداریان کرد، هەتا هەڵات لە بەغداد، دواتر چوونە سەر ماڵەکەی و تاڵانیان کرد. ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو هەتا خەلیفە (القائم بأمرالله) دەستووەردانی لەنێوان تورکەکان و (جلال الدولة)دا کرد و ناوبراوی گەڕاندەوە بەغداد (ابن الأثیر، 1987، 219/8؛ أبی الفداء، د.ت، 159/2).

وادەردەکەوێت کە (جلال الدولة) و (أبی کالیجار) درکیان بەوە کردبێت، کە شەڕ و ناکۆکی نێوانیان، سەرەڕۆیی و ئاژاوەی تورکەکان زیاددەکات، بۆیە هەوڵیاندا ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەرار بکەن، ئەم ئاشتیەش بە هاوسەرگیرییەك پشتڕاستکرایەوە، ئەویش ئەوەبوو کە لە ساڵی (428ك/1037ز)دا ئاشتەواییەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و (أبو منصور بن أبی کالیجار) لەگەڵ کچی (جلال الدولة)دا هاوسەرگیری کرد (ابن الأثیر، 1987، 224/8). ئیتر دوای ئەم هاوسەرگیرییە و بەمردنی (جلال الدولة) لەساڵی (435ك/1044ز)دا کۆتایی بە ململانێیی درێژخایەنی نێوان ئەو دوو میرە هات (ابن الأثیر، 1987، 262/8).

### ٤-٢- دووەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی و سالارییەکان لە ئازەربایجان

سالارییەکان، بە ڕەچەڵەک دەیلەمین، یەکەم میری ناسراو (محمد بن مسافر ٣٣٧-٣٤٦ک/ ٩٤٨- ٩٥٧ز)ە، کە فەرمانڕەوای قەڵای (طرم) بوو، لەسەرەتادا لەگەڵ (رکن الدولة ٣٢- ٣٦٦ک/ ٩٣٢- ٩٧٦ز)دا کەوتە ململانێیەکی توند، (محمد) لەساڵی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) هێرشی کردە سەر شاری (بەردەعە) بەڵام توشی شکستهات، لەلایەن (رکن الدولة)، دەستگیرکراو دوورخرایەوە بۆ قەڵای سمیرم (مسکویە، ٢٠٠٨؛ ٢٩٨، پۆلادیان، ٢٠٠٨، ١١٠- ١١١) لەساڵی (٣٤٣ک/ ٩٥٣ز)دا توانی خۆی ڕزگاربکات و دەستبەسەر قەڵاکەدابگرێت (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٨- ٢٩٩؛ ابن الأثیر، ٢٩٨٧، ٧/ ٢٤٥- ٢٤٦). دوای فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی (محمدی بن مسافر) لەهەرێمی ئازەربایجان و تێکشکاندنی (دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی) توانی جارێکی تر دەستبەسەر هەرێمەکەدابگرێتەوە (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٩؛ پۆلادیان، ٢٠٠٨، ١١١- ١١٢) ئەمە وایکرد (رکن الدولة) بەناچاری لەساڵی (٣٤٣ک/ ٩٥٤ز)دا ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لەگەڵدا مۆربکات، لەوەدەچێت ئەم ڕێککەوتننامەیە بەندێکی تایبەت بەهاوسەرگیریی تێدابووبێت، چوونکە (سالار مرزبان بن محمد) کچێکی خۆی دا بە (رکن الدولة) (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣١٣؛ سعید، ٢٠٢٠، ٧٢٥). هۆکاری ئەم هاوسەرگیرییە بۆ ململانێیی نێوان بنەماڵەی بوەیهی دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێک (میر دەیسەم) تێکشکا، بەرەو بەغداد ڕۆیشت، داوای یارمەتی لە (معز الدولة)ی بوەیهی کرد، بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی لەهەرێمی ئازەربایجان (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٢٤٥) لەبەرامبەر ئەمەدا (رکن الدوله) لەگەڵ (مرزبان)دا ڕێککەوت بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوپەیمانی براکەی، لەمەدا سەرکەوتوو بوو، چونکە دوای گەڕانەوەی (دەیسەم) لەلایەن سالارییەکانەوە دەستگیرکرا، تاڕادەیەک هێمنی و ئاسایش لەنێوان سالارییەکان و (رکن الدولة) بەدیهات (مسکویە، ٢٠٠٣، ٣٢٠/٥).

لەدوای مردنی (محمد بن مسافر) بنەماڵەی سالاری گیرۆدەی ئاریشەی ناوەخۆ بوونەوە، هەتا (سلار ابراهیم بن المرزبان ٣٤٩- ٣٧٣ک/ ٩٦٠- ٩٨٣ز) توانی دەسەڵات بگرێتەدەست. (رکن الدوله) کێشە ناوخۆییەکانی سالارییەکانی لەدوای مردنی (المرزبان) بەدەرفەتزانی، بۆ ئەوەی پشتی بەرەیەک لە دژی بەرەکەی تر بگرێت، بەم هۆیەوە (رکن الدولة) پەیمانی ئاشتی لەگەڵ (سلار ابراهیم)دا واژۆکرد، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی (سلار ابراهیم)دا ئەنجامدا (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣٢٦؛ سعید، ٢٠٢٠، ٧٢٦). ئەمە وایکرد پەیوەندی نێوان هەردوولا بەرەو ئاشتی بچێت، بەم هۆیەوە (سلار ابراهیم) لە ساڵی (٣٥٠ک/ ٩٦١ز)دا سەردانی شاری بەغدادی کرد،

لەلایەن (معزالدولة) و خەلیفەی عەبباسی (المطیع اللە٣٣٤- ٣٦٣ک/ ٩٤٥- ٩٧٣ز) بەگەرمییەوە پێشوازی لێکراو ڕێزی لێگیرا (الهمذاني، د.ت، ١١/ ٣٩٢)، ئامانجی بوەیهییەکان لەم کارەیان بۆ ئەوەبوو کۆنترۆڵی جووڵە سیاسی و سەربازییەکانی سالارییەکان بکەن، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت، ناتوانن بەهێزی سەربازی بەسەریاندا سەربکەون، لەلایەکی تر ئامانجیان بەکارهێنانی (سلار ابراهیم) بوو، دژی (وهسوزان)ی مامی.

لەساڵی (٣٥٥ک/ ٩٦٥ز)دا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی سەربازی لەنێوانیاندا ڕوویدا، بەم هۆیەوە (سلار ابراهیم) لە بەرامبەر مامەکەیدا شکستیهێناو چوو بۆلای (رکن الدولة)ی زاوایوو داوای یارمەتی لێکرد، بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتەکەی لە هەرێمەکەدا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٢٩٣؛ مینۆرسکی، ٢٠٢١، ٢١٠) ئەویش سوپایەکی بۆ ئامادەکرد و توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر (وهسوزان)ی مامیدا. هۆکاری یارمەتیدانەکەی بۆ دەستکەوتە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە (رکن الدولة) چاوی بڕیبووە خێرو بێری ئەو داهاتوو بەرهەمەی کەلە هەرێمەکەدا هەبوو، ئەوە هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ یارمەتیدان. دەکرێت بڵێین ململانێی سالارییەکان و بوەیهییەکان وەستا، هەتا ڕووخانی میرنشینەکە لەلایەن غەزنەوییەکان، لە ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز)دا، دوای ئەوەی میرنشینەکە بووە موڵکی (سلار ابراهیم)، هیچ پێکدادانێکی سەربازی لە نێوانیاندا ڕوونەدا (سعيد، ٢٠٢٠، ٧٢٦-٧٢٧). دەشێت هاوسەرگیریی سیاسی لەمەدا ڕۆڵی هەبووبێت.

## ٤-٣- سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی و میرنشینی کاکەوەیهی

کاکەوەیهییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ دەیلەمەکان، میرەکانیشیان بە (آل کاکەوەیهی) ناسرابوون، کەبە زمانی دەیلەمی بە واتای (خاڵ) دێت (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٢؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩). چونکە دامەزرێنەری میرنشینەکە کوڕە خاڵی میر (مجد الدولة)ی بوەیهی بوو (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥). ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی (روستم دشمنزار- مرزبان)، وەک کارمەندێکی پلە باڵا لەلای بوەیهییەکان کاریدەکرد، بەڵام پلەو پایەی سیاسی نەبوو، تەنها پەیوەندی هاوسەرگیریی بەیەکەوەی دەبەستنەوە، کە (دشمنزیار) برای (شیرین ناسراو بە سیدة خاتون) کچی (أصبهبد روستم مازندەرانی) هاوسەری (فخرالدولة بن رکن الدولة) بوو، کە یەکێکە لەو هاوسەرگیرییە سیاسییە گرنگانەی بەر لە دروستبوونی میرنشینی کاکەوەیهی ئەنجامدراوە. ئەمەش وایکردووە (دشمنزیار) پێگەیەکی دیارو متمانەپێکراوی هەبێت لای بنەماڵەی بوەیهی (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥؛ ابن أسفنديار، ٢٠٠٣، ٣١٢؛ مصطفى، ٢٠٢١، ٢٣) سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی)، دامەزراندنی میرنشینەکەش بۆ هەوڵەکانی (محمد بن روستم دشمنزیار) ناسراو بە (علاءالدولة عضد الدين أبي جعفر) دەگەڕێتەوە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩؛ زامباور، ١٩٨٠، ٣٢٨؛ رمضان، ٢٠٠٥، ١٧٧) لەسەرچاوە فارسیەکاندا بە (پسر کاکو) واتا (کوڕی کاکەوەیهی) هاتووە (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥). کاتێک لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٠٦ز) (سيدة خاتوون) وەک فەرمانڕەوای ناوچەی ئەسفەهان دایمەزراند (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩) ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندی میرنشینەکە دادەنرێت.

پەیوەندی نێوان هەردوولا لەسەر بنەمای ڕێز و پشتگیریکردنی یەکتر دامەزرابوو، بەتایبەت لەسەرەتای دامەزرانی میرنشینەکەدا. لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٦٦ز)دا (سيدة خاتون) لەگەڵ (مجد الدولة)ی کوڕی، لە شاری ڕەی بەشەڕ هات، دوای ئەوەی هەوڵی زەوتکردنی دەسەڵاتەکانی دایکی و (شمس الدولة) برای دابوو، بۆ ئەم مەبەستە (سيدة خاتون) پەنای بۆ میر (بدر بن حسنويه ٣٦٩- ٤٠٥ک/ ٩٧٩- ١٠١٤ز) برد، بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لە گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی. هەرلەبەرئەمەش بوو (علاءالدولة) دەستی لە فەرمانڕەوایەتی شاری ئەسفەهان هەڵگرت و پەنای بۆ (بهاء الدولە)ی میری فارس برد (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٢٥). میر (بدر) لەشکرێکی ئامادەکرد و هێرشیکردە سەر شاری ڕەی، لە ئەنجامدا توانی (مجد الدولة) بەدیلبگرێت و دەسەڵاتی بۆ (سيدة) و (شمس الدولة) گەڕاندەوە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٤٦؛ ڕۆژبەیانی، ١٩٩٦، ٦٩). دوای ئەم ڕووداوە، (علاءالدولة) چووە شاری ئەسفەهان و بە پشتگیری (سيدة خاتون) ساڵی (٣٩٨ک/ ١٠٠٧ز) دەسەڵاتی شارەکەی گرتەوەدەست. بەڵام دوای ساڵێك (سيدة) بۆ بەرژەوەندی خۆی (مجد الدولة)ی لە زیندان ئازادکرد و لەشوێنی (شمس الدولة)ی دادەنێت (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٥٦٥؛ هەروتی، ٢٠٠٨، ١٥٢) لەمکاتەوە هەتا ساڵی (٤١٤ک/ ١٠٢٣ز) (علاء الدولة) لەژێرفەرمانی (مجد الدولة) و (سيدة)ی دایکی، فەرمانڕەوای شاری ڕەی بوو، بەتەواوی پشتگیریی لە بوەیهییەکان دەکرد، بەدرێژایی ئەم ساڵانە دڵسۆزی خۆی بۆ بوەیهییەکان سەلماند چونکە بەهۆی ئەوانەوە گەیشتبووە دەسەڵات، میرنشینەکە لە هەناوی بوەیهییەکانەوە سەریهەڵدابوو. لەسەر دراویش ناوی (مجد الدولة)ی دەنووسی (رمضان، ٢٠٠٥، ١٨١- ١٨٢).

لەساڵی (٤٠٧ک/ ١٠١٦ز) لەسەرداواکاری (مجد الدولة) و (سيدة) شاری ئەسفەهانی ڕادەستی (ابن فولاد) سەرکردەی سەربازی دەیلەمی کرد (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٢) لەپێناو هەڵنەگیرسانی شەڕ لەنێوان بوەیهییەکان و ئەو سەرکردە سەربازییە دەیلەمییە، بەمەش (علاءالدولة) ڕۆڵی هەبوو لە دامرکاندنەوەی شەڕێکی گەورەدا.

بوەیهییەکان سوودیان لەو پەیوەندی خزمایەتی وەرگرتووە بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان، بۆ نموونە کاتێک تورکەکان لەساڵی (٤١١ک/ ١٠٢٠ز)دا لە شاری هەمەدان دژی دەسەڵاتی (شمس الدولة بن فخر الدولة) هەڵگەڕانەوە، ناوبراو داوای یارمەتی لە (علاءالدولة) کرد، ئەویش بە دوو هەزار سەرباز یارمەتیداو هەڵگەڕانەوەکەی سەرکوتکرد (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٢؛ مصطفى، ٢٠٢١، ٣٣- ٣٤)

(علاء الدولة) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ میر (مشرف الدولة ٤١١- ٤١٦ ک/ ١٠٢٠- ١٠٢٥ز)ی فەرمانڕەوای بەغداد هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک (علاء الدولة) چاوی بڕیبووە ناوچەکانی (أبي الشوک بن محمد بن عناز) دەیویست داگیری بکات، (أبي الشوک) داوی لە (مشرف الدولة) کرد لەگەڵ (علاء الدولة) نێوەندگیریان بکات، هەتا هێرش نەکاتە سەریان، ئەویش داوای لە (علاءالدولة) کرد کە هێرشەکە ئەنجامنەدات، لەسەر داواکاری (مشرف الدولة) هێرشەکە بۆ سەر ناوچەکانی (بەني عناز) ئەنجامنەدرا. ئەمەش گوێڕایەڵی و باشی پەیوەندی هەردوولا دەگەیەنێت (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٣٠). دوای ئەم ڕووداوە میر (مشرف الدولة)ی بوەیهی، کچی (علاء الدولة)ی خواست، لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندی هەردوولا، مارەیی ئەم هاوسەرگیرییە بە پەنجا هەزار دینار دیاریکرا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٤٧).

بەڵام ئەم پەیوەندییە باشە، درێژەی نەکێشا بەتایبەتی دوای ئەوەی (علاء الدولة) لەلایەن خەلیفەی عەبباسی لەساڵی (٤٠٩ک/ ١٠١٨ز)دا دانی پێدانرا ، ئەمەش بۆ هەوڵە فراوانخوازییەکانی ناوبراو دەگەڕێتەوە، چوونکە لە بیانوویەک دەگەڕا بۆ ئەوەی هێرشبکاتە سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی بوەیهییەکان (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٩) ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییە نەبووە هۆی ئەوەی کەمیر (علاء الدولة) لە فراوانخوازییەکانی بوەستێنێت، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندییەکانی بوەیهییەکان ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی فراوانکردووە، دوای مردنی (شمس الدولة) لەگەڵ (سماء الدولة)ی

کوڕیدا جەنگاوە، بەسەریدا سەرکەوت و شاری هەمەدانی لەژێردەستی دەرهێناوە، سەروەت و سامانێکی زۆری بەدەستهێناو سوپایەکی بەهێزی دامەزراند، دەسەڵاتەکەی هەرێمی چیاکان و شارەکانی ئەسفەهان و هەمەدان و دینەوەرو شاپورخواستی لە خۆدەگرت (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٩؛ مصطفى، ٢٠٢١، ٣٥) لەم ڕووداوانەدا گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی کاکەوەیهییەکان بەتەوای بەرچاودەکەویت. سەرەڕای ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییانەی لەنێوانیاندا ئەنجامدراوە، هەڵوێستی هەردوولا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وەستابوو .

## ٥- تەوەرەی سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان

### ٥-١- یەکەم: لەگەڵ میرنشینی حەسنەوەیهیدا

ئەم میرنشینە لە لایەن بنەماڵەی حەسنەوەیهی سەرۆکی هۆزی بەرزیکانی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لەناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی لە لایەن (حسنويه بن حسين ٣٤٨- ٣٦٩ک/ ٩٥٩- ٩٧٩ز)دامەزرا، کە لەپاش مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، کە ناوچەیەکی بەرفراوانی لەشارەکانی (نەهاوەند ، هەمەدان، دەینەوەر، شاپورخواست، کرماشان ... هتد) لەخۆدەگرت (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٣٧١-٣٧٢) دوای مردنی حەسنەوەی لەساڵی (٣٦٩ک/ ٩٧٩ز) بەهۆی سیستەمی پشتاوپشت و بە هاوکاری بوەیهییەکان، (بەدر ٣٦٩- ٤٠٥ک/ ٩٧٩- ١٠١٤ز)ی کوڕی لە نێوبراکانی هەڵدەبژێردرێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٢-١٣) بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتی دەکات. هەتا لە زستانی ساڵی (٤٠٥ک/ ١٠١٤ز) لەئەنجامی کێشەی ناوخۆیی لەسەرووی تەمەنی هەشتا ساڵی دەکوژرێت (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ھ.ش، ٣٠٩؛ ابن كثير، ١٩٩٨، ١٥/ ٥٥٧-٥٥٨).

پەیوەندی نێوان هەردوو لایەنی بوەیهی و حەسنەوەیهی، شەڕ و ئاشتی تێدا بەدیدەکرێت، بەهۆی ناکۆکی بەردەوام لەنێوان میرە بوەیهییەکان، هەڵوێستی میر بەدر جۆرێک لە ناجێگیری و ئەوبەر ئەوبەری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کوردەکان بەسەرۆکایەتی میر بەدر لەپاڵ (عضد الدولة)دا دەجەنگان دژی (فخر الدولة)ی برای کاتێک یاخیببوو، بەڵام دوای ئەوەی (مؤيد الدولة) برای خاوەنی (جرجان) مرد، (فخر الدولة) داوای هاوکاری لە میر بەدر کرد، بۆگرتنی شاری ناوبراو (العتبي، ٢٠٠٤، ٢٣٦- ٢٣٧) لەلایەکی تر دەیویست بە هاوکاری میر بەدر دەستبەسەر شاری بەغداد دابگرێت، کە (بهاء الدولة) فەرمانڕەوای بوو، بەڵام بەهۆی پاشەکشکردنی هاوپەیمانەکانی (فخر الدولة) شکستدەهێنێت لەگرتنی شارەکە (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ھ- ش، ٣٠٧- ٣٠٨؛ الروزراوري، ٢٠٠٣، ٨/ ١٠٠) بەهۆی یارمەتیی پەیوەندییە باشەکانی بەدری کوڕی حەسنەوەیهی، (فخر الدولة) داوای کچی میری ناوبراو دەکات بۆ (مجد الدولة)ی کوڕی (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ھ- ش، ٣٠٨؛ ككو، السروجي، ٢٠١٩، ٤١٢).

سەرچاوەکان هەواڵی جیاجیا و تاڕادەیەک دژبەیەک لەخۆ دەگرن، لەسەر تەمەنی (مجد الدولة) لەکاتی مارەکردنی کچی میر بەدردا. هەندێکیان کاتی مردنی (فخر الدولة) لەساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز)دا تەمەنی ئەم کوڕە بە چوار ساڵ دادەنێن (الروزراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٦٨؛ ان الاثير، ١٩٨٧، ٤٨٩/٧). کەواتە دەبێت ساڵی (٣٨٣ک/ ٩٣٣ز) لە دایکبووبێت، بەڵام (ابن الأثير) هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات ساڵی (٣٧٩ک/ ٩٨٩ز) لەدایکبووە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆیەتی (١٩٨٧، ٧/ ٤٤٢). پێچەوانەی نووسراوی پەرتوکی (مجمل التواريخ القصص)ە کەباس لەوە دەکات لەساڵی (٣٨٠ک/ ٩٩٠ز)دا کچی میر بەدر مارەکرا، بۆیە دەکرێت لەکاتی مردنی باوکیدا تەمەنی (٨) هەشت ساڵ بووبێت (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ھ.ش، ٣٠٨). لەسەر ئەم بنەمایە، لەکاتی ئەم مارەبڕینە، تەمەنی کوڕەکە تەنها یەک ساڵ بووە، لێرەدا منداڵان بوونەتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی باوکیان، ئەم مارەبڕینە لە ڕێگای کەسایەتی (أبو عيسى شاذي الكردي) ئەنجامدرا (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ھ.ش، ٣٠٨). میر بەدر لەوپەڕی هێزو تواناداببوو، ئامانجی ئەم هاوسەرگیرییە بۆ ئەوەبوو، کە پاڵپشتییەکی بەهێز دەستەبەر بکات بۆ کوڕەکەی لە داهاتوودا، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر پێچەوانەی ئەمەیان سەلماند.

دوای مردنی (فخر الدولة) لەساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز)دا حوکمڕانی درا بە زاواکەی بەدر، واتا (مجد الدولة)، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵ بوو دایکی (سيده) خاتون کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٧٩). تەنانەت میر بەدر لەسەر دراویش ناوی دەنووسێت (الجابر، ٢٠٠٥، ٣/ ٣٠٣، رقم. ٤٣٦٩). سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتی نێوان هەردوولا، بەڵام میر بەدر لەسەر داواکاری (سيدة خاتون) لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٦٧ز)دا سوپایەک ئامادەدەکات بەسەرۆکایەتی (أبو عيسى شاذي الكردي) دژی (مجد الدولة)ی زاوای، کاتێک هەوڵی زەوتکردنی دەسەڵاتەکانی دایکی و (شمس الدولة)ی برای دەدات لە شاری ڕەی، ئەم سوپایە دەتوانێت (مجد الدولة) دەستگیربکات و دەسەڵاتەکە بۆ (سيدة و شمس الدولة) بگەڕێنێتەوە (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٥٦٣- ٥٦٤؛ مرعي، ٢٠٠٥، ١٩٠) لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەم هاوسەرگیرییە هیچ بەهای نەبووە بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش بوونی هەبووە، لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییانە میر دژی زاواکەی سوپای جووڵاندووە لەدەسەڵات دووری خستووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی جێنشینی باوکی بوو.

### ٥-٢- دووەم: لەگەڵ میرنشینی عەنازی

ئەم میرنشینە لەشاری حەلوان لەلایەن (أبو الفتح محمد بن عناز) لە دەوروبەری ساڵی (٣٨١ک/ ٩٩١ز)دا دامەزرا، بۆ ماوەی بیست ساڵ درێژەی بە فەرمانڕەوایەتیدا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٦٥). لەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکەدا پەیوەندییەکی سیاسی و سەربازی باشی لەگەڵ دەوڵەتی بوەیهی هەبوو، بۆنمونە، ساڵی (٣٨٩ک/ ٩٩٩ز) لەپاڵ سوپای بوەیهی دژی عوقەیلییەکان دەوەستنەوە (الصابيء، ٢٠٠٣، ٨/ ٥- ٦). بەمە پۆستی ویلایەتی (الدسكرة)ی پێدەدرێت (هەروتی، ٢٠٠٨، ١٥٣) لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٠٧ز)دا لەلایەن بوەیهییەکانەوە (أبو الفتح) دەکرێتە پارێزگاری ڕێگای خۆراسان، هەرلەم ساڵە لە ڕووداوی پاراستنی بەغداد بەشداریدەکات دەکات (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٢٠) ئەم پەیوەندییە باشە بەردەوام بوو، دوای مردنی (أبو الفتح) کوڕەکەی (حسام الدولة أبو الشوک) لەساڵی (٤٠١ک/ ١٠١١ز)دا جێگای گرتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، توانی نزیکەی (٣٦) ساڵ فەرمانڕەوایەتی بکات (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٢٧٢، نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٣٢٥؛ یاسین ٢٠١٢، ١٠٥) ئەم میرە بەشداری لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی بوەیهی کرد و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی، لە چوارچێوەی پرۆژەی هاوسەرگیریی سیاسیدا، کچێکی دا بە (الملك العزيز بن جلال الدولة) (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٢٦٣؛ سعيد، ٢٠٢١، ٢٢٠)، بۆئەوەی لەڕێگای زاواکەی، کاتێک دەسەڵاتی لە بەغداد گرتەدەست، ئەویش بە ئامانجەکانی بگات، دوای مردنی (جلال الدولة)ی باوکی لە ساڵی (٤٣٥ک/ ١٠٤٣ز)دا، لە بەغداد پەیوەندی بە (الملك العزيز)ەوە کرا، بۆ ئەوەی جێگای باوکی بگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ (أبي كاليجار)ی

ئاملۆزایدا کەوتە ململانێ، دوای ئەوەی (أبي كاليجار) توانی لایەنگری سەربازەکان لە بەغداد بەدەستبهێنێت، کاتێک (الملک العزیز) زانی بارودۆخ لە بەرژەوەندی (أبي كاليجار) یەکلایی بۆتەوە، ناچار کشایەوە بۆ واست، بەم شێوەیە (أبي كاليجار بن سلطان الدولة ٤٣٦- ٤٤٠ک/ ١٠٤٤- ١٠٤٨ز) بووە میری بوەیهی لە بەغداد (ابن کثیر، ١٩٩٨، ١٢/ ٥١ ). دوای ئەوەی (حسام الدولة) ئەوەی بۆ ڕوونبۆوە، لەڕێگای ئەم هاوسەرگیرییەوە ناتوانێت بە ئامانجە سیاسییەکانی بگات، بەزۆر (جیابوونەوە- طلاق)ی کچەکەی لە (الملک العزیز) وەرگرت (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٢٦٣؛ سعید، ٢٠٢١، ٢٢٠)، لێرەدا ڕوونتر ئامانجی سیاسی ئەم هاوسەرگیرییە دەردەکەوێت، کاتێک (حسام الدولة) ویستی لەم پرۆسەیە بوەیهییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام بەهیوا و ئاواتەکانی نەگەیشت، چونکە لەسەرەتادا (الملک العزیز) کاریگەری باشی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەبوو، بەڵام بەهۆی مردنی باوکی دەسەڵاتی سیاسی لەدەستدا. ئەمەش هانی (حسام الدولة)ی دا، بۆئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵدا بپچڕێنێت.

## ٦- تەوەرەی چوارەم: هاوسەرگیری بوەیهی لەگەڵ هەریەکە لە میرنشینی سامانی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە)و سەلجوقییەکان

### ٦-١- یەکەم: لەگەڵ میرنشینی سامانی

ئەم میرنشینەش دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی فارسی کۆن، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری (بلخ) بوون، باپیرە گەورەی بنەماڵەکە بە ناوی (سامان خداة بن جثمان) دەدرێنە پاڵ فەرمانڕەوایانی ساسانی (الكرديزي، ٢٠٠٦، ٢٠٨) لە سەردەمی خەلیفە (المأمون ١٩٨ -٢١٨ ک/ ٨١٣ - ٨٣٣ ز)دا هەندێک ئەرکی بەڕێوەبردنیان پێسپێردرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ٢٥٣). دوای ئەوەی (نصر بن أحمد ٢٦١- ٢٧٩ک ٨٧٤- ٨٩٢ز) توانی دەستبەسەر شاری بوخارادا بگرێت، لەساڵی (٢٦١ ک/ ٨٧٤ ز)دا خەلیفە (المعتمد علی اللة ٢٥٦ - ٢٧٩ ک/ ٨٧٠ - ٨٩٢ ز) کردنی بە والی بوخارا و ئەودیو ڕووبار (ماوراء النهر)، ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکە دادەنرێت (النرشخي، ١٩٩٣، ١١٦؛ القوصی، ١٩٩٣، ٤١). نزیک بە سەدەو نیوێک فەرمانڕەوایەتیان کردووە. چەقی ململانێی هەردوو هێزی هاوسنووری سامانی و بوەیهی، ناوچەی ڕەی و هەرێمی چیاکان و ناوچەی جورجان و تەبەریستان بوو، کە دەسەڵاتداریێتی ئەوناوچانە چەند جارێک لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕی پێکراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای هێزی سەربازی و ڕێکەوتننامەکانی کە لەنێوانیان ئەنجامدراوە .

سامانییەکان پەیوەندییەکی جێگیریان لە گەڵ بوەیهییەکاندا نەبوو، بەڵکو هەرمیرێک سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی پەیڕەودەکرد، ئەمەش وایکردبوو پەیوەندییەکانیان بەردەوام لە گۆڕانکاریدابێت، لەلایەکی تریش میرنشینەکە گیرۆدەی ئاریشەی ناوخۆ بووبوو، ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر لاوازکردنی توانا سەربازییەکان، بەتایبەت هەڵگەڕانەوەی سەرکردە سەربازییەکان (الكرديزي، ٢٠٠٦، ٢٢٥). بۆیە زۆرجار هاوسەرگیرییان بەکارهێناوە، بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانییان، دوای ئەوەی لە هێرشکردنە سەرناوچەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەناچاری ڕێکەوتننامەیان مۆرکردووە، بەندێک لە ڕێککەوتنامەکان، هاوسەرگیری بووە، بۆ ئەوەی لەیەکتر نزیکببنەوە و کۆتایی بە کێشەکانیان بێت (نژاد، پاد، ١٤٠ ه. ش، ٢٨-٢٩) لەم پێناوەدا میر (منصور) لە ساڵی (٣٦١ک/ ٩٧١ز)دا ڕێککەوتنێکی لە گەڵ (رکن الدولة)ی بوەیهی ئەنجامدا، بە پێی ڕێککەوتنەکە میری سامانی ڕازیبوو، دەستبەڵبگرێت لە ناوچەی ڕەی و هەرێمی چیاکان، لەبەرامبەر پێدانی بەشێک لە داهاتی ساڵانەی ئەم ناوچانە (فامری، ١٩٨٧، ١١٨). ئەم ڕێکەوتنە بووە بنەما بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکی سیاسی لەنێوان هەردوولا (أمين، ١٩٨٠، ١٠) لە هەمان ساڵدا (نوح بن منصور) هاوسەرگیری لەگەڵ کچی (عضد الدولة)دا کرد، کە چەندین دیاری گرانبەهای پێشکەشکرا، ئەم هاوسەرگیری و ڕێککەوتننامەیە بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی هەرێمی فارس و عێراق و (محمد بن ابراهيم سيمجور) سەرکردەی سوپای سامانی لە خۆراسان بەئەنجامگەیەندرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٣٣٤؛ أمين، ١٩٨٠، ١٠) هەرچەندە مێوونووس (ابن کثیر، مر: ٧٧٤ک/ ١٣٧٢ز ) ئاماژە بەوە دەکات لەگەڵ کچی (رکن الدولة)دا هاوسەرگیرییکرد (١٩٩٨، ١١/ ٢٧٢). وەک دەردەکەوێت بەندێک لە ڕێکەوتنناماکە پەیوەستبووە بەئەنجامدانی هاوسەرگیری لەنێوان هەردوو بنەماڵە.

لە دوای مردنی میر (منصور) لەساڵی (٣٦٦ک/ ٩٧٦ز)دا (نوح)ی کوڕی (٣٦٦- ٣٨٧ک/ ٩٦٧- ٩٩٧ز) کە زاوای (عضد الدولة) بوو هاتە سەردەسەڵات، کاتێک دەسەڵاتی گرتەدەست تەمەنی کەم بوو (ابن خلدوون، ٢٠٠٣، ٤/ ٤٢٢- ٤٢٣) ئەمەش بووە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەوەی سەرکردەسەربازییەکان لە سامانییەکان یاخیبن، میری ناوبراویش توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشە ناوخۆییانەی نەبوو، بۆیە داوای هاوکاری لە تورکەکان کرد، ئەمەش ڕێگەخۆشکاربوو بۆ دەستوەردانی دەرەکی و کۆتاییهێنان بە میرنشینەکە (الكرديزي، ٢٠٠٦، ٢٣٣- ٢٣٤، ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٥/٧).

### ٦-٢- دووەم: هاوسەرگیری سیاسی نێوان بوەیهی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە)

بەطیحە، زەلکاوەکانی باشوری عێراق دەگرێتەوە، هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لەنێوان ڕووباری فورات و کوفە دایە، لەباکور هاوسنوربوو لەگەڵ (واسط)، لە باشوریش لەگەڵ شاری بەسرە، زۆرجار (بەطیحە)ی (واسط) یان بەسرەی پێگوتراوە (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ٤٥٠)، دامەزراندنی ئەم دەسەڵاتە بۆ هەوڵەکانی (عمران بن شاهین ٣٣٠- ٣٦٩ک/ ٩٤١- ٩٧٩ز) دەگەڕێتەوە، کە ئاڵۆزیی بارودۆخی باشوری خیلافەی عەبباسی و پێگەی جوگرافی ناوچەکەی بەدەرفەت زانی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا (سلام، ٢٠١٤، ٨٠٢- ٨٠٣). بەطیحە پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەبوو، چونکە کەوتبووە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانی بەسرە زۆرجار پەلاماری کاروانەکانییان دەدا. سەرەتای ململانێکانیان لەگەڵ دەوڵەتی بوەیهی بۆ سەردەمی (معز الدولة ٣٣٤- ٣٥٦ک/ ٩٤٥- ٩٦٦ز) دەگەڕێتەوە، کە چەندینجار هێرشیکردە سەر (بەطیحە) و ڕووبەڕووبوونەوەی توندی سەربازی لەنێوانیاندا ڕوویدا (مسکویە، ٢٠٠٣، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٧)، بەڵام لە هێرشەکاندا سەرکەوتوو نەبوون بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی (عمران بن شاهين) بەهۆی سەختی قەڵاو پێگە سەربازییەکان، لەساڵی (٣٤٠ک/ ٩٥١ز)دا ڕێککەوتننامەیەک لەنێوانیاندا واژۆکرا، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، (معز الدولة) بەفەرمی دانی بەدەسەڵاتەکانی (عمران) دانا، وەک والی بەسەر ناوچەکە، لەبەرامبەر ئەمە، دەسەڵاتدارانی (بەطیحە) هێرشەکانیان بۆسەرکاروانە بازرگانییەکان ڕابگرن، مەترسی نەخەنەسەر ڕێگاکان (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣٠٥؛ سلام، ٢٠١٤، ٨٠٨- ٨٠٩؛ علی، ١٩٨٨، ٧٧). بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کۆتاییهێنان بە گرژی و ئاڵۆزی نێوانیان، چەندین جاری تر بوەیهییەکان هێرشیانکردە سەر ناوچەکانی (بەطیحە)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون (سعید، ٢٠١٣، ٩٤- ٩٨).

دوای مردنی ناوبراو (عمران)، (حسن)ی کوڕی (٣٦٩- ٣٧٢ک/ ٩٧٨- ٩٨٢ز) جێگای گرتەوە، بە هەمان شێوەی باوکی توانی بەسەر هێرشکاری بوەیهییەکاندا سەربکەوێت، هەرچەندە زۆر لەدەسەڵات نەمایەوە و لەساڵی (٣٧٢ک/ ٩٨٢ز)دا بەهۆی کێشەی ناوخۆیی بنەماڵەیی لەلایەن براکەی (ابو الفرج محمد بن عمران ٣٧٢-

٣٧٣ك/ ٩٨٢- ٩٨٣ز)وه كوژرا، (ابو الفتح) بووه دەسەڵاتداری (بەطیحه) (ابن الاثير، ١٩٨٧، ٧/ ٣٨٥، ٤٠٧؛ سعيد، ٢٠٢١، ١٠٢)، لەوەدەچێت بەهاوكاری بوەیهییەكان ئەوكارەی ئەنجامدابێت بەبەڵگەی ئەوەی لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی، بەتەواوی گوێڕایەڵی خۆی بۆ بوەیهییەكان ڕاگەیاند (سلام، ٢٠١٤، ٨٢١)، بەهۆی كێشە ناوخۆییەكانی بنەماڵەی شاهینی دەسەڵاتەكەیان بەرەو لاوازی چوو، بوەیهییەكان لەساڵی (٣٧٣ك/ ٩٨٣ز)دا پەلاماریاندان و كۆتاییان بەدەسەڵاتی بنەماڵەی (عمران) هێنا (سعيد، ٢٠١٣، ١٠٢-١٠٣؛ سلام، ٢٠١٤، ٨٢٣).

دەسەڵات گوازرایەوە بۆ خوشكەزای (عمران) بەناوی (أبي الحسن علی بن نصر) ناسراو بە (مهذب الدولة)، بوەیهییەكان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی یەكجاری لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا لەساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز)دا، پەنایان بۆ هاوسەرگیریی سیاسی برد لەگەڵیان، (بهاء الدولة) كچی خۆی دا بە (مهذب الدولة) و لە هەمانكاتیش (منصور بن بهاء الدولة) هاوسەرگیریی لەگەڵ كچی (مهذب الدولة)دا ئەنجامدا، ئەم هاوسەگیرییە بە مارەیی سەد هەزار دینار، بۆ هەرلایەكیان ئەنجامدرا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٤٦٧-٤٦٨؛ علی، ١٩٨٨، ٧٩) ئەم هاوسەرگیرییە جۆرێک بوو، لە (ژن بە ژن) كە هاوسەرگیرییەكی باوبووە، دوو ماڵبات ڕێكدەكەوتن هاوسەرگیریی ئەنجامبدەن و هەریەكەیان كچی خۆیان بەیەكتری بدەن، بەم شێوەیە ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەكان گەڕایەوە، هەردوولا مەبەسەتی خۆیان هەبوو لە ئەنجامدانی، بوەیهییەكان بۆئەوەی كۆتایی بە ئاریشەی نێوانیان بهێنن و ئاسایش بۆ ڕێگا بازرگانییەكان بگەڕێننەوە كە بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتدارانی ناوچەكە بەردەوامی هەبوووە، لەلایەن (مذهب الدولة)وە چونكە بەهاوكاری بوەیهییەكان هاتبووە سەر دەسەڵات، دەیویست پابەندی بەدڵسۆزی وەفاداری بۆ بوەیهییەكان ببێت.

### ٦-٣- سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بنەماڵەی بوەیهی لەگەڵ بنەماڵەی سەلجوقی

دەوڵەتی بوەیهی هاوسنوربوو لەگەڵ دەوڵەتی سەلجوقی كە هێزێكی سونتی زەبەلاحی تازە پێگەیشتووبوو، بە پێچەوانەی بوەیهی كە دەوڵەتێكی شیعی بوو، ئەمەش جیاوازی گەورەی نێوانیانبوو، هۆكارێكی ناكۆكییان بوو. سەلجوقییەكان وەكو هۆز و نەتەوە دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی (قنق) كە لقێكبوون لە هۆزی گەورەی غوز، بنەچەشیان بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێتەوە (الحسينی، 1933، 1-3؛ النويري، 2004، 154/26؛ عسيري، 1985، 79؛ عطا، د.ت، 38). دوای سەركەوتنیان بەسەر دەوڵەتی غەزنەوی لەجەنگی گەورەی (دندانقان)دا لەساڵی (431ك/1039ز)دا (البيهقي، د.ت، 663-671؛ الاصفهاني، 1900، ٨؛ الزهراني، 1980، 32) بوونە مەترسییەكی ڕاستی لەسەر تەواوی هێزەكانی ڕۆژهەڵاتی عەباسی و لەناویشیاندا بوەیهییەكان، بەتایبەت كە (طغرل بک 429-455ك/1037-1063ز) هێرشیكردە سەر شاری ڕەی، كە ئەوكاتە لەژێر دەستی بوەیهییەكاندا بوو، ئەمەش بوەیهییەكانی شپرزەكرد (ابن الأثير، 1987، 257/8). لەلایەكی تر بوەیهییەكان لەگەڵ خەلیفەكانی عەباسیدا، لە ناكۆكی بەردەوامدابوون، وەك باسكرا هاوسەرگیرییە سیاسییەكانیش نەدەبووە مایەی ئاشتی نێوانیان، بەتایبەت لە كۆتایی سەردەمەكەیاندا، بەهاوسۆزییان لەگەڵ بانگخوازە ئیسماعیلییەكاندا، زیاتر خەلیفەی عەباسییان بێزار كردبوو، كە لەلایەن خەلیفە (ظاهربالله 411-427ك/1021-1035ز) فاتمییەوە ڕەوانەی ناوەندی دەوڵەتی عەباسی دەكران (المقريزي، 1996، 181/2). (المؤيد في الدين هبة الله الشيرازي) بەناوبانگترین بانگخوازی فاتمی بوو، كە توانیبووی میر (أبو كاليجار435-440ك/1043-1048ز)ی بوەیهی بەلای خۆیدا ڕابكێشێت، بە ڕادەیەك ناوبراو ئەم بانگخوازەی بەپاڵپشت و مامۆستای خۆی ناودەبرد (الشيرازي، 1994، 7) .

(المؤيد) بە ڕەزامەندی (أبوكاليجار) لە ناوچەكانی دەوڵەتی عەباسی درێژەی بە بانگەوازی خۆیدا، ئەو شارە و شار و ناوچە دەگەڕا و خەڵكی بانگهێشت دەكرد بۆ سەر ئایینزای ئیسماعیلی، لە هەندێك لە ناوچەكان دەستەواژەی (حی علی خير العمل)ی خستە بانگدانەوە و فەرمانیكرد وتاری هەینی بەناوی خەلیفەی فاتمی بخوێنرێتەوە (الشيرزاي، 1949، 43، 54-55). ئەم كارانەی میری بوەیهی نارەزایی توندی خەلیفە (القائم بامرالله 422-467ك/1031-1075ز)ی لێكەوتەوە، بەتایبەت كە پشتی بە سەلجوقییەكان بەهێز بوو، چونكە بەهۆی هاوئایینزاییەوە پەیوەندییەكی باش لەنێوانیاندا دروستبووبوو، لە نامەیەكدا كە بۆ خەلیفەیان نارد، هەموو ئامادەییەكی خۆیان خستبووەڕوو كە دەبنە خزمەتكاری خەلیفەی عەباسی، دڵسۆزیان بۆی دەبێت، فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی دەبن (الاصفهاني، 1900، 7-8؛ الراوندي، 2005، 166). لەبەرامبەردا خەلیفە (القائم) هەڕەشەی توندی لە (أبوكاليجار) كرد، ئەگەر ئەو بانگخوازەی ڕادەست نەكات ئەوا داوای یارمەتی لە سەلجوقییەكان دەكات (الشيرازي، 1949، 56). ئەم بارودۆخە وای لە (أبوكاليجار) كرد دەستی ئاشتی بۆ سەلجوقییەكان درێژبكات، لەئەنجامدا سوڵتان (طغرل بک) بەئەرێنی وەڵامی دایەوە و ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەراربوو، ناوبراو ناردی بۆ لای (ابراهيم ينال)ی برای، فەرمانیپێكرد لەو ناوچانەی دەستبەسەردا گرتووە بكشێتەوە. لەوەدەچێت بەندێک لەڕێكەوتننامەكە ئەنجامدانی هاوسەرگیری سیاسی بووبێت، هەربۆیە ڕێككەوتنەكە دوو هاوسەرگیریی سیاسی لێكەوتەوە لە شێوەی (ژن بەژن)، لەساڵی (٤٣٩ك/ ١٠٤٢ز)دا (طغرل بک) هاوسەرگیریی لەگەڵ كچی میر (ابوكاليجار)دا كرد، (أبومنصور بن أبوكاليجار)یش هاوسەرگیریی لەگەڵ كچی (جغری بک داود)ی برازای سوڵتان (طغرل بک)دا كرد (ابن الأثير، 1987، 276/8). سەرچاوەكان ئامەژەیان بە ناوی كچەكان و بڕی مارەیی و ڕێوڕەسمەكانی ژن گواستنەوە ناكەن، تەنها ئاماژیان بەوە كردووە كە گرێبەستی هاوسەرگیریەكە لە مانگی (ربيع الأخر/ ئاب)ی ئەم ساڵە ئەنجامدراوە.

بەم شێوەیە (أبوكاليجار) مەترسی سەلجوقییەكانی لە خۆی دوورخستەوە، هەتا ڕادەیەك دەستی هاوكاری نێوان عەباسی و سەلجوقی لە دژی خۆی لەناوبرد، ئەمەش وایكرد دەوڵەتی بوەیهی لە سەردەمی (ابوكاليجار)دا لەناونەچێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، لە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەكەم:** هاوسەرگیریی سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاریكراو ئەنجامدەدرێ، لەنێوخۆی بنەماڵەی فەرمانڕەوا یاخود لەگەڵ هێزە هاوسنورییەكان. ئامەنجەكەی توندوو تۆڵكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولایە، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەمەوە ئامانجێكی دیاریكراوی خۆیان بەدەستبهێنن.

**دووەم:** سەنگ و هێزی دەوڵەتی بوەیهی لەناوچەكەدا وای لەخیلافەتی عەباسی و هێزەكانی هاوسنووری دەوڵەتی بوەیهی كردووە. كە هاوسەرگیریی سیاسییان لەگەڵ ئەنجامبدەن، بەئامانجی دەستكەوتنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا. بەڵگەیەكیشە بۆ هاوتایی و بەرامبەربوونی هێز، لەنێوان دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی كە هاوسەگیرییەكەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. هەر لەبەرئەمەش بووە زۆربەی هاوسەگیرییە سیاسییەكان لە شێوەی ژن بەژن بووەو بڕەمارەیەكی زۆریش بۆ كچەكان دانراوە.

**سێیەم:** بوەیهییەكان بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری خیلافەت و زەوتكردنی پۆستی خەلیفە، هاوسەرگیرییان لەگەڵ خەلیفەكان كردووە، لەبەرامبەردا خەلیفەكانیش بۆ خۆپاراستن لە شەڕو ئاژاوەگێڕی بوەیهییەكان ئەم كارەیان بەباش زانیووە. هەرچەندە

خەلیفەکانی عەباسی تەنها ژنییان لەبوەیهییەکان خواستووە، خۆیان ژنییان بە بوەیهییەکان نەداوە. ئەمەش لەبەرئەوە بوو، لەناو بنەماڵە و خیلافەتی عەبباسیدا ژنییان نەداوە بە دەرەوەی بنەماڵەی خۆیان.

**چوارەم:** هەندێکجار هاوسەرگیریی سیاسی وەک مەرج لەنێو ڕێکەوتننامەکان جێگای دەکرایەوە، وەک خاڵێکی سەرەکی جەختی لێدەکرایەوە، هەتا هەردوو لا پابەندوو دڵنیابن لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە.

**پێنجەم:** هەندێک لەو ژنانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیرییدا بەکارهێنراون، پێگەیەکی گرنگیان لە بواری کارگێڕی و سیاسیدا بەدەستهێناوە، بە نموونە (سیدة خاتون) هاوسەری (فخر الدولة بن رکن الدولة) کە ڕۆڵی کاراو یەکلاکەرەوەی لە ئاراستەکردنی بەشێک لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکاندا بینیوە.

**شەشەم:** بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی هاوسەرگیرییە سیاسییەکانی بنەماڵەی بوەیهی، چ لەناوخۆی بنەمەڵە و چ لەگەڵ هێزوو میرنشینەکانی تردا لە پێناو ڕاگرتنی شەڕو پرۆسەی ئاشتیدابووە، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد، میرەکانی بوەیهی ئارەزووی ئەوەیان نەکردووە کە هاوسەرگیریی لە گەڵ کەسانێک بکەن کە میرو فەرمانڕەوا نەبن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بنەڕەتییەکان:


ابن الأثير، عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني، (1987)، الكامل في التاريخ، راجعه وصححه، محمد يوسف الدقاق، بيروت، دار الكتب العلمية.

الأصفهاني، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد، (1900)، دولة ال السلجوق، مصر، شركة طبع الكتب العربية .

الأصفهاني، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد، (2003)، البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، دراسة و تحقيق، محمد علي الطعاني، أربد، مؤسسة حمادة.

البغدادي، أبي بكر أحمد بن علي، (2004)، تاريخ بغداد أو مدينة السلام، تحقيق، مصطفى عبدالقادر عطا، ط2، بيروت، دار الكتب العلمية.

البيهقي، أبو الفضل محمد بن حسين، (د.ت)، تاريخ البيهقي، ترجمة الى العربية، يحيى الخشاب و صادق نشات، مصر، دار الطباعة الحديثة.

ابن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف، (د.ت)، النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة، مصر، دار الكتب.

ابن الجوزي، أبي الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد، (1992)، المنتظم فى تاريخ الملوك والامم، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، راجعة وصححه، نعيم زرزور، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن حزم الاندلسى، محمد علي بن أحمد بن سعيد، (د.ت)، جمهرة أنساب العرب، تحقيق؛ عبدالسلام محمد هارون، الطبعة الخامسة، دار المعارف.

الحسيني، صدرالدين أبو الحسن علي بن ناصر، 1933، أخبار الدولة السلجوقية، تصحيحة، محمد اقبال، لاهور.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد، (٢٠٠٣)، تاريخ ابن خلدون المسمى (العبر و ديوان المبتدأ والخبر)، بيروت، دار الكتب العلمية.

الذهبي، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن احمد بن عثمان، (1999)، دول الاسلام، حققه وعلق عليه، حسن إسماعيل مروة، قدم له، محمود الارناؤوط، بيروت، دار صادر.

الراوندي، محمد بن علي بن سليمان، (2005)، راحة الصدور وأيه السرور فى تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة، ابراهيم أمين الشواربي و عبدالنعيم محمد حسنين و فؤاد عبدالمعطي الصياد، القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة.

الروذراوري، أبي شجاع محمد بن الحسين بن محمد، (2003)، تجارب الأمم، بيروت، دار الكتب العلمية.

السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر ، (2003)، تاريخ الخلفاء، بيروت، دار ابن حزم.

الشيرازي، المؤيد فى الدين هبة الله، (1949)، سيرة المؤيد فى الدين داعى الدعاة، تقديم وتحقيق، محمد كامل حسين، القاهرة، دار الكاتب المصري.

الشيرازي، المؤيد فى الدين هبة الله، (1994)، المجالس المؤيدية، حقق وعلق، محمد عبدالغفار، القاهرة، دار الكاتب المصري.

الصابيء، ابو الحسين هلال بن المحسن بن ابراهيم، (٢٠٠٣)، تاريخ الهلال الصابيء الحق بذيل تجارب الامم للروذراوري، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن الطقطقى، محمد بن علي بن طباطبا، (د.ت)، الفخري فى الاداب السلطانية والدول الاسلامية، بيروت، دار صادر.

ابن العبري، أبو الفرج غريغوريس بن هارون الملطي، (1994)، تاريخ مختصر الدول، تصحيح، أنطون صالحاني اليسوعي، ط2، بيروت، دار الرائد اللبناني.

العتبي، أبو نصر محمد بن عبدالجبار، (٢٠٠٤)، اليميني = تاريخ العتبي، تحقيق، إحسان ذنون عبد اللطيف الثامري، دار الطليعة، بيروت

ابن العماد، أبي الفلاح عبدالحي، (1979)، شذرات الذهب فى اخبار من ذهب، ط2، بيروت، دار المسيرة.

ابن العمراني، محمد بن علي بن محمد، (1363ش)، الأنباء في تاريخ الخلفاء، مشهد، دانشگاه فردوسي.

أبو الفداء، عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر، (د.ت)، المختصر في أخبار البشر، مصر، المطبعة الحسينية.

ابن كثير، عمادالدين أبو الفداء اسماعيل بن كثير القريشي الدمشقي، (١٩٩٨)، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، مصر، دار هجر.

الكرديزي، عبدالحي ابن الضحاك بن محمود، (٢٠٠٦)، زين الآخبار، ترجمة، عفاف السيد زيدان، القاهرة، مجلس الآعلى للثقافة.

المسعودي، أبي الحسن علي بن الحسين بن علي، 2005، مروج الذهب ومعادن الجوهر، أعتني به وراجعه، كمال حسن مرعي، بيروت، المكتبة العصرية.

مسكوية، أبي علي احمد بن محمد بن يعقوب، (2003)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق، سيد كسروي حسن، بيروت، دار الكتب العلمية.

المقريزي، تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر، (1996)، اتعاظ الحنفا بأخبار الائمة الفاطميين الخلفا، تحقيق، محمد حلمي محمد، قاهرة، مطابع الاهرام التجارية.

مؤلف مجهول، القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي . (١٣١٨هـ.ش)، مجمل التواريخ والقصص، مركز تحقيقات رايانه، اصبهان، ناشر چاپى بى جا.

النرشخي، أبي بكر محمد بن جعفر، (١٩٩٣)، تاريخ بخارى، تحقيق: أمين عبدالمجيد بدوي و نصرالله مبشر الطرازي، الطبعة الثالثة، القاهرة، دار المعارف.

النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب، (2004)، نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق، نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، بيروت، دار الكتب العلمية .

الهمذاني، محمد عبدالملك، (د. ت)، ذيول تاريخ الطبري (تكملة تاريخ الطبري)، تحقيق: محمد أبوالفضل ابراهيم، مصر، دار المعارف.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي، (١٩٧٧)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.


### دووەم: ژێدەرە نوێیەکان

### بەزمانی کوردی


پۆلادیان ، ئارشاک، (٢٠٠٨)، کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، و، جەلیل کاکەوەیس، چاپی دووەم، هەولێر، کتێبخانەی ئاوێر.

ڕۆژبەیانی، محمد جمیل، ١٩٩٦، مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، بغداد، دار الحرية للطباعة.

زەینەڵ، ئاراس فەریق (٢٠١٢)، دیپلۆماسییەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

صدیق، زانا ئەکرەم، (٢٠٢٤) هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی سەلجووقیدا، پرۆژەی ئاگا.

مینۆرسکی، ڤ.ف (٢٠٢١)، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، وەرگێڕانی: عەلی نادر، سلێمانی، دەزگای ڕۆشەنبیری جەمال عیرفان.

نامق، سامان، (٢٠٠٦)، هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، هەولێر، چاپ وپەخشی نارین.

نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب، (٢٠٠٨)، شارەزوور و لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی و شارستانی)یە، وەرگێرانی: ڕەنج ئەبو بەکر محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

هەروتی، مەهدی عوسمان، (2008)، ڕۆڵی سەربازی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردیەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، دهوك، چاپخانەی خانی.

یاسین، هەمزە کاکە، (٢٠١٢)، حلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەنازی (١٣٢- ٥١١ک/ ٧٥٠- ١١١٧ز) لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووی سیاسی و شارستانییەت، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

## به زمانی عەرەبی

ابن اسفنديار،بهاالدين محمد بن حسن، (٢٠٠٢)، تاريخ طبرستان، ترجمة وتقديم، آحمد محمد نادي، القاهرة، المجلس الآعلى للثقافة.

الجابر، ابراهيم جابر، (٢٠٠٥)، النقود العربية الأسلامية، طبعة الثالثة، جزء الثالث، الدوحة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و التراث ادارة المتاحف والأثار.

حسن، حسن ابراهيم، (1996)، تاريخ الاسلام (السياسي والديني والثقافي والاجتماعي)، ط14، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

زامباور، ادوارد، (١٩٨٠)، الأنساب والاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة: زكي محمد حسن بك و حسن أحمد محمود، بيروت، دار الرائد العربي.

الزهراني، محمد مسفر، (1980)، نظام الوزارة في الدولة العباسية 334-590هـ (العهدان البويهي والسلجوقي)، د.م، مؤسسة الرسالة.

شلبي، أحمد، (٢٠٠٩)، موسوعة تاريخ الاسلامي العصر العباسي، الطبع الثاني العشر، دار اسامة للنشر ولتوزيع، عمان.

الطائي، سعاد هادي حسن و العنبكي، شيماء فاضل عبدالحميد، (2020)، دراسات في تاريخ المشرق الاسلامي، بغداد، دار المكتبة العدنان.

عبد الحافظ، محمود عبدالله مهدي، (٢٠٢٠)، الزواج السياسي في اوروبا العصور الوصطى (٤٩٢- ٧٧٠م)، دمشق، نور حوران للدراسات والنشر والتراث دمشق.

عطا، زبيدة، (د.ت)، الترك في العصور الوسطى، د.م، دارالفكر العربي.

على، وفاء محمد، (١٩٨٨)، الزواج السياسي في عهد الدولة العباسية، الدار الفكر العربي، القاهرة.

علي، وفاء محمد، (1991)، الخلافة العباسية في عهد تسلط البويهيين، الاسكندرية، محطة الرمل المكتب الجامعي الحديث.

فامبري، أرمانوس، (١٩٨٧)، تاريخ بخارى منذآقدم العصور حتى الحاضر، ترجمة، أحمد محمود الساداتي،القاهرة، مكتبة النهضة الشرقية.

قوصى، عطية، (١٩٩٣)، تاريخ الدول المستقلة في المشرق عن الخلافة العباسية، القاهرة، مكتبة دار نهضة العربية.

لين بول، أستانلي، (1968)، طبقات سلاطين الاسلام، ترجمة، للفارسية، عباس اقبال، ترجمة عن الفارسية، مكي طاهر العكبى، حققه و قابله، علي البصري، بغداد، مطبعة البصري.

مرعي، فرست، (٢٠٠٥)، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دهوك، دار سپيريز.

## سێیەم: نامە زانکۆییەکان

## أ- بەزمانی کوردی:

مصطفى، محیب قادر، (٢٠٢١)، میرنشینی کاکەوەیهی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی الزواج السياسي وأنواعة بين الامارات الكردية وخرجها في القرنين الرابع والخامس الهجريين و شارستانییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

## ب- بەزمانی عەرەبی

الصاعدي، خالد بن محمد بن عليان،(1990)، جهود العلماء في الحفاظ على كيان أهل السنة في العصر البويهي 334-447هـ، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، قسم الدراسات العليا.

عسيري، مريزن سعيد مريزن، (1985)، الحياة العلمية في العراق في العصر السلجوقي، أطروحة دكتوراه، جامعة أم القرى، قسم الدراسات العليا الحضارية.

## چوارەم: گۆڤارە زانیستییەکان

## أ- بەزمانی عەرەبی

أمين، حسين، (١٩٨٠)، الدولة السامانية، مجلة المؤرخ العربي، العدد الخامس عشر، مجلة تصدرها الآمانة العامة لاتحاد المؤرخين العرب، بغداد.

البري، هايل مضفي، العزام، صبحي محمد، (٢٠١٥)، الزواج عند العرب قبل الإسلام " دراسة تاريخية في القواعد والمراسم والطقوس، المجلة الارونية للتاريخ ولاثار، المجلد ٩، العدد١، الجامعة الآردنية.

حميد،مها سعيد، ٢٠٢١، المصاهرات السياسية في الموصل ما بين القرنين 4-7 هـ-10-13م، المجلة الدراسات التاريخية والحضارة، جامعه تكريت، مركز صلاح الدين الأيوبي.

رمضان، عاطف منصور، (٢٠٠٥)، اضافات جديدة للنقود بني كاكوية، مجلة كلية الآداب، سوهاج- الآسكندرية.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠١٣)، موقف امارة البطائح الشاهينية من البوهيين، مجلة التربية للعلوم الآنسانية. المجلد ١، العدد ٣، العراق.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠٢٠)، آل مسافر السالاريوون وعلاقتهم الحربية – السلمية مع الآمير ركن الدولة البويهى (٣٣٧- ٣٨٠هـ/ ٩٤٨- ٩٩٠م) مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، المجلد ١، العدد ٣.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠٢١)، العنازيون وعلاقتهم مع البويهيين (٣٣٩- ٤٤٧هـ/ ٩٥٠- ١٠٥٥م)، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، جامعة تكريت، العراق.

سلام، صلاح خليل ابراهيم، (٢٠١٤)، امارة عمران بن شاهين بالبطائح (٣٣٠- ٣٧٦هـ/ ٩٤١- ٩٨٦م)، مجلة كلية الآداب، العدد السابع والثلاثون، جامعة بنها.

سمسم،عبد المعطي بن محمد عبد المعطي، (٢٠١٤)، الزواج عند العرب في العصر الجاهلي بين الروايات التاريخية والمصادر الأدبية: دراسة مقارنة، journal of medieval and Islamic history volume 8- issue 1.

ضاحي، فاضل جابر، مصطاف، ثامر نعمان، (٢٠٠٧)، الزواج السياسي في عصر المماليك البحرية( ٦٤٨- ٧٨٤ هـ)، مجلة كلية التربية، المجلد ١، العدد ٢، جامعة واسط.

ككو، كريم محمد، السروجي، أردلان اسماعيل عمر، (٢٠١٩)، بدر بن حسنَويه الكردي وأعماله الخيرية (٣٦٩- ٤٠٥هـ/ ٩٧٩- ١٠١٤م) "دراسة تأصيلية تأريخية"، مجلة اداب الرافدين، العدد ٧٩، كلية اداب، جامعة الموصل.

محي الدين، عطا عبدالرحمان، اسماعيل، صلاح كانبي، مصطفى، شوان عثمان، (٢٠١٩)، الزواج السياسي وأنواعه بين الإمارات الكردية وخارجها في القرنين الرابع والخامس الهجريين، مجلة كلية التربية،العدد الرابع والثلاثون، جامعة واسط.

## ب- بەزمانی فارسی:

نژاد و پات، پريسا قربان، فريبا (١٤٠٠هـ. ش)، كاركرد ازدوا جهاى سياسى در تنظيم روابط حكوم تهاى متقارن از قرن 7- 4ق با تكيه بر تواريخ عمومى،تاريخ ايران: دوره 14 ، شماره 1، بهار و تابستان 1400 ، صفحات 25 – 44.

# شروط التعارض بين نصوص الشريعة وأسبابه

محمد كامل محمد رشيد، بختيار نجم الدين شمس الدين

بەشی شەریعە،کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی هەرێمی کوردستان، عێراق

**المستخلص**– تناول هذا البحث قضية {مختلف الحديث ومشكله}لما لها من أهمية في فهم السنة النبوية، بوصفها من أبرز الإشكالات التي واجهت العلماء في التعامل مع النصوص النبوية عند ظهور تعارض ظاهري بينها، وقد سعينا إلى بيان المنهج الصحيح في معالجتها من خلال موازنة بين القواعد الحديثية والمقاصد الشرعية في إطار تكاملي يعرض نماذج تطبيقية لطرق الجمع أو النسخ أو الترجيح، ويبرز أن هذا الباب ليس للتشكيك بل ميدان للاجتهاد المنضبط يعكس سعة الشريعة ويُظهر أثر المقاصد في توجيه الفهم الحديثي ويخلص إلى أن الجمع بين القواعد الحديثية والمقاصدية ضرورة علمية تسهم في رفع الإشكال وتوضيح الأمور وتقوية البناء الفقهي وتجعل الشريعة مرنة ومنسجمة مع مختلف الأزمنة والأمكنة، وتعالج الاختلافات بشكل علمي.

**الكلمات الدالة:** مختلف الحديث، مشكل الحديث، مقاصد الشريعة، دفع الإشكالات، التعارض الظاهري.

## 1. المقدمة:

الحمد لله الذي أرسل رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله، وجعل السنة النبوية الشريفة المصدر الثاني للتشريع الإسلامي بعد كتابه، شارحة له ومبينة لأحكامه، ومفسرة لمعانيه، والصلاة والسلام على من بعثه الله هاديًا ومبشرًا ونذيرًا، وعلى آله وأصحابه أجمعين.

أما بعد، فلا ريب أن السنة النبوية الشريفة تعد ثروة تشريعية عظيمة لا غنى عنها لفهم الشريعة الإسلامية وتطبيقها، ومع ذلك فقد واجه العلماء عبر العصور قضية مهمة في التعامل مع النصوص الحديثية، وهي قضية مختلف الحديث، أي الأحاديث التي يظهر بينها تعارض ظاهري قد يشكل تحديًا للفهم الصحيح، وقد بذل المحدثون جهودًا جبارة لتوضيح هذا التعارض، عبر مناهج علمية مثل الجمع، والترجيح، والنسخ، مما يدل على عظمة تراثهم العلمي وعمق اجتهاداتهم.

وفي الوقت ذاته، تبرز مقاصد الشريعة كمحور أساسي في ضبط فهم النصوص الشرعية، حيث تعرفنا بغايات صاحب الشريعة والحِكم من الأحكام، ولا شك أن معرفة غايات الأحكام وأسرارها خير معين لدرء التعارض الظاهري بين بعض النصوص، كما أن مراعاة مقاصدها تؤدي إلى تحقيق مصالح العباد ودفع المفاسد عنها، مما يجعلها أداة مهمة في توجيه التعامل مع مختلف الحديث. ثم إن توظيف المقاصد في هذا المجال لا يهدف إلى إزالة التعارض الظاهري بين النصوص وحسب، بل يسهم أيضًا في إظهار التكامل بين أحكام الشريعة وتوجيهها نحو تحقيق الغايات الكبرى التي أرادها الشارع الحكيم.

وانطلاقًا من هذا المنظور، جاءت هذه الدراسة لتبحث في العلاقة بين علم الحديث ومقاصد الشريعة، وتركز على توظيف القواعد المقاصدية في فهم مختلف الحديث ومعالجة إشكالاته، كما تهدف إلى إبراز الدور التكميلي بين العلمين، من خلال دراسة تطبيقية على نماذج من الأحاديث المختلف فيها.

**أهمية الدراسة:**

- تعزيز الفهم الشامل للسنة النبوية.
- إثراء مكتبة الدراسات المقاصدية والحديثية.
- توضيح العلاقة التكاملية بين علم الحديث ومقاصد الشريعة.

**مشكلة البحث وتساؤلاته:**

تتمثل إشكالية البحث في تسليط الضوء على كيفية التعامل مع مختلف الحديث ومشكله بين علمي الحديث ومقاصد الشريعة. إذ واجه الفقهاء والمحدثون صعوبة في تفسير الأحاديث التي قد تظهر بينها تعارض ظاهري، بحيث يصعب التوفيق بينها دون دراسة معمقة تربط بين منهج علم الحديث ومقاصد الشرعية. وتتمثل الإشكالية في البحث عن آلية علمية تنسجم فيها القواعد الحديثية مع المقاصد الكلية للشريعة لرفع هذا التعارض الظاهري بين النصوص وتوجيه الفهم الصحيح لها.

**يحاول هذا البحث أن يجيب من مجموعة من الأسئلة التي تعبر عن عن إشكالية البحث، وذلك كالآتي:**

- ما هي أبرز أسباب تعارض الأحاديث الظاهري؟
- كيف يمكن لعلم الحديث أن يقدم حلولًا لتوفيق الأحاديث المتعارضة؟
- ما دور المقاصد الشرعية في تفسير الأحاديث المشكلة وحل تعارضها؟

**خطة البحث:**

يتكون هذا البحث من مقدمة، وثلاثة مطالب:

المطلب الأول: تعريف التعارض.

المطلب الثاني: شروطه.

المطلب الثالث: أسبابه.

والخاتمة: بيان أهم النتائج التي توصل إليها الباحث.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (6)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp43-48

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 12 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : bakhtyar.shamsaddin@univsul.edu.iq, kakamuhamad97@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 محمد كامل محمد رشيد، بختيار نجم الدين شمس الدين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## المطلب الأول
## تعريف التعارض

**التعارض لغة:** تفاعُل من (عُرض) بضم العين، وهو بناء تكثر فروعه، ومن معانيه: العرض الذي هو ضد الطول. والمقابلة بين شيئين، كما في معارضة الكتاب بالكتاب. وكذا الظهور؛ من قولهم: عرض الشيء للبيع إذا أظهره. ومنها أيضا: المنع، كما في قوله تعالى: ﱡ ﲀ ﲁ ﲂ ﲃ ﲄ ﲅ ﲆ ﲇ ﱠ [البقرة: 224]، أي: مانعا بالحلف به بينكم وبين مرضاته (الأزهري، 2001م، (ج1/ص 288) ، ابن منظور، 1414هـ، (ج 9/ص 26)، الفيروز آبادي، 1426هـ، (ص579)).

**وأما في اصطلاح المحدثين** (لطفي بن محمد الزغير، 1428، ص20): فلم يتم التطرق لتعريف المصطلح التعارض بعينه، ولعل ذلك راجع لاستغنائهم عن ذلك بتعريف مختلف الحديث، ظناً منهم أن الاسمين مترادفان، وهو ماشعرت به أثناء وقوفي على تعريفاتهم، فقد قال الإمام الحاكم لتبويبه لهذا النوع: (هذا النوع من هذه العلوم معرفة سنن لرسول الله ﷺ يعارضها مثلها) (الحاكم ، 1356هـ، (ص122)) .

وقال الخطيب البغدادي كذلك: (باب القول في تعارض الأخبار، وما يصح التعارض فيه وما لا يصح) (الخطيب، 1357هـ، (ص432)) ، ثم ساق استشهادات ذكرها غيره في باب المختلف، ومنها كلمة لإمام ابن خزيمة في نفي وجود التعارض، أما عن تعريف المختلف عندهم فقد ذكره الإمام النووي قائلاً: (هو أن يأتي حديثان متضادان في المعنى ظاهرا فيوفق بينهما أو يرجح أحدهما) (النووي، 1405هـ، (94))، وعلى هذا التعريف اقتصر أغلب من جاء بعده.

ونلاحظ من الإشارات السابقة والتَّعريف الذي نقلته عن النووي أنَّ أهل الحديث يقصرون المختلف والتَّعارض على الواقع بين الحديثين، فيخرج بذلك: التعارض ما بين الأحاديث والآيات، أو ما بين الأحاديث والعلوم أو العقليات أو الوقائع والحوادث وما شابه ذلك، وهذه الأمور المستثناة من صميم التعارض، فيكون التعريف غير جامع لكنَّهم عند التطبيق تعرضوا للتعارض بمعناه الواسع.

أما تعريف التَّعارض عند غير المحدثين من الأصوليين وغيرهم ممن اعتنى بجمع المصطلحات وتوضيح التعريفات، فقد ورد بمعناه العام دون تحديده بالتعارض بين حديثين، وقد عرفوه بصيغ عدة، منها ما قاله التهانوي من أنَّ التَّعارض (تقابل الحُجَّتين المتساويتين على وجه لا يمكن الجمع بينهما) (التهانوي، 1996م، (ج4/ص990-991))، وقال: (وعُرِّف بأنَّه كون الدليلين بحيث يقتضي أحدهما ثبوت أمر، والآخر انتفاؤه في محل واحد، وفي زمان واحد بشرط تساويهما في القوة).

وتعريفات الأصوليين يمكن إرجاعها لأربعة صيغ:

- أولها: «إنَّ التَّعارض هو التَّناقض والتَّنافي» وأُطلق أحياناً عليه «التمانع» ((الغزالي، 1416هـ، (ج2/ص226)).

- ثانيها: «التَّعارض بين الأمرين أو الشَّيئين: هو تقابلها على وجه يمنع كلٍّ منها مقتضى صاحبه» (السبكي، 1404هـ، (ج2/ص273)).

- ثالثها: «تقابل الحجتين المتساويتين على وجه يوجب كلُّ واحد منها ضدَّ ما توجبه الأخرى، كالحل والحرمة، والنَّفي والإثبات» (أصول السرخسي،1395هـ، (ج2/ص12)).

- رابعها: «أن يرد خبران يتضمنان حكمين يتعذر العمل بهما، وليس أحدهما أولى من الآخر في باب وجوب العمل»( ابن المرتضى، 1362هـ، (544)).

ويلاحظ من تعريفات الأصوليين أنَّهم عرفوا التعارض بمعناه الواسع العام وهو التعارض بين كل ما يصلح أن يكون دليلاً أو حجة، وهم بهذا الصنيع قد أدخلوا أشياء لم يدخلها المحدثون من حيث شمول تعريفهم لتعارض الحديث مع كلّ ما يصلح أن يكون حجَّةً من كتاب، وسنة، وإجماع، وقياس، ولعل ذلك راجع إلى أنهم تحدثوا عن التعارض بين الأدلة بشكل عام من حيث بيانهم للدليل بغض النظر عن نوعه، والمحدثون خاضوا في المسألة من جانب تخصصهم وصنيعهم فقصروا كلامهم عن الاختلاف بين الأحاديث دون غيرها. واشترطوا في هذه أن تكون متضمنة لأحكام شرعية، وهو ما ينطبق عليه صنيع الإمام الشافعي في «اختلاف الحديث».

بقي أن نشير إلى أنَّ هناك من عرَّف التَّعارض بالتناقض، أو التَّنافي، فإنَّه أتى بعبارة مجملة، ويُعكّر على هذا ما عُرف به التَّناقض بأنَّه: «تقابل الدليلين المتساويين على وجه لا يمكن الجمع بينهما بوجه» (التهانوي، 1396هـ، (ج 6/ص1413)).

لكن المتدبر لنصوص الأصلين لا يرى تناقضاً بين شيء منها بهذا المعنى الذي لن يمكن الجمع بينهما، بل ذاك التناقض داخل فيما نفى الرب سبحانه وجوده في الكتاب، لأنه من عند الله، وما كان من عنده لا يتصور وجود التناقض فيه، وبما أن السنة مبيّنة للكتاب ومؤيّدة بالوحي فهي أيضاً لا تحوي التناقض، بخلاف التعارض الظاهري الذي قد يشعر به بين نصوص بعينها .

والخلاصة: أنَّ كلا من المحدثين والأصوليين عرفوا التعارض وفق مجالهم، وكما أسلفنا فإن التعارض الظاهري غير منفي بين الأدلة، لكن التضاد غير ممكن الوجود بين الأدلة الشرعية بل هو محال.

## المطلب الثاني
## شروط وجود التعارض

لم يتعرض لشروط التعارض إلا الحنفية، ومتأخروا الأصوليين كالزركشي والشوكاني.

بينما لم يتعرض المالكية والشافعية والحنابلة بخصوصها معنونة، وإن كانت موجودة منثورة في ثنايا الكلام على التعارض والترجيح.

وقد قرر العلماء أن الحديثين لايعتبران متعارضين إلا في حال تحقق أربعة شروط (ابن أمير الحاج، 1318هـ، (ج3/ص2)، ابن الملك، 1315هـ، (2ج/ص668-669))،الشوكاني، 1419هـ، (2ج/ص372)):

**الشرط الأول: اتحاد المحل:** أن من شروط التعارض أن يكون الحديثان المتعارضان واردين في محل واحد في نفس السياق، لأنه إذا اختلف المحل، فإنه يمكن أن يتوافق الحديثان معًا دون أن يكون هناك تعارض بينهما، إذ إن التعارض لايتحقق عند اختلاف المحل.

قال بدرالدين العيني رحمه الله: (إن الإتحاد في أصول الدين والتعدد في فروعه عند اختلاف المحل لايثبت التعارض) (العيني، 1421هـ، (117/1)).

وذلك كالنكاح؛ فإنه يقتضي حلَّ الزوجة، وحرمةَ أُمها، وعلى هذا؛ فلا تعارَض لاختلاف المَحلَين.

**الشرط الثاني: اتحاد الوقت:** يشترط في التعارض أن يرد النصان المتعارضان في نفس الزمن، فلا يكون أحدهما في زمن والآخر في زمن مختلف، لأن اختلاف الزمن قد يجعلها من باب الناسخ والمنسوخ إذا تعلقا بالأحكام، مما ينفي وقوع التعارض بينهما.

المثال: حديث سلمة بن الأكوع رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أُتِيَ بِجَنَازَةٍ لِيُصَلِّيَ عَلَيْهَا، فَقَالَ: (هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ). قَالُوا: لَا، فَصَلَّى عَلَيْهِ، ثُمَّ أُتِيَ بِجَنَازَةٍ أُخْرَى، فَقَالَ:

(هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ). قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ: (صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ) (متفق عليه: البخاري(2295)، ومسلم (1619)) ، مع حديث أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعا: (أَنَا أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ، فَمَنْ تُوُفِّيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فَتَرَكَ دَيْنًا فَعَلَيَّ قَضَاؤُهُ، وَمَنْ تَرَكَ مَالًا فَلِوَرَثَتِهِ) (متفق عليه: البخاري(2298)، ومسلم (1619)).

فإن حديث أبي هريرة رضي الله عنه متأخر عن سابقه زمنا، ودليل ذلك: قول أبي هريرة في هذا الحديث: ( فَلَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عليه الْفُتُوحَ، قال...) فذكر الحديث.

قال الحافظ العراقي: (وهو امتناعه ﷺ من الصلاة على من مات، وعليه دَين منسوخ بلا شكّ، فصار يصلي عليه، ويُوَفِّي دينه، كما ثبت في الأحاديث الصحيحة) (العراقي، 1438هـ، (229/6)).

**الشرط الثالث: تضاد الحكمين:** وذلك بأن كان أحدهما يحل شيئا والآخر يحرمه.

وإنما اشترط العلماء هذا الشرط لأن الدليلين إن اتفقا في الحكم فلا تعارض، بل يكون كل منهما مؤيدا للآخر ومؤكدا له.

قال ابن عبدالبر: (التعارض في الآثار، إنما يصح إذا لم يمكن استعمال أحدهما إلا بنفي الآخر) (ابن عبدالبر، 1439هـ، (ج11/ص86)).

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية: (فإن الترجيح إنما يكون عند التنافي وأما إذا أخبر في أحد الحديثين بشيء وأخبر في الآخر بزيادة أخرى لا تنافيها كانت تلك الزيادة بمنزلة خبر مستقل فهذا هو الصواب) (عبدالرحمن بن قاسم، 1425هـ ، (ج6/ص407)).

المثال للشرط الثالث: حديث أبي هريرة: (لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ...)( (متفق عليه: البخاري(6782)، ومسلم (202))، مع حديث أبي ذر (مَا مِنْ عَبْدٍ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، ثُمَّ مَاتَ عَلَى ذَلِكَ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ). قُلْتُ: وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ ؟ قَالَ: (وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ) (متفق عليه: البخاري(5827)، ومسلم (273)).

الحديث الأول: صريح في نفي الإيمان عن الزاني وعن السارق، ومن انتفى عنه الإيمانُ، فإنه لايدخل الجنة.

والحديث الثاني: صريح الدلالة في أن الزاني أو السارق الذي توفي على التوحيد يدخل الجنة مع الداخلين، وهذا تعارض.

غير أن العلماء مثل ابن قتيبة والنووي وابن العربي وابن تيمية رحمهم الله وغيرهم سلكوا مسلكا في دفع هذا التعارض حيث قالوا: إن المراد بنفي الإيمان عن الزاني والسارق نفي الكمال، وليس النفي المطلق.

أي: إنه غير مستكمل الإيمان بارتكابه هذه الكبائر وأمثالها، فيقال إنه فاسق، وعاص، وناقص الإيمان ولايحكم بكفره إلا حين يستحل مايصنع، ولا يرى فيه حرمة.

**الشرط الرابع: اتحاد النسبة:** وإنما اشترط ذلك؛ لأنه من الجائز أن يجتمع متعارضان في محل واحد، وفي وقت واحد، لكن بالنسبة إلى شخصين.

ومن الدليل على ذلك: أن الحل في الزوجة إنما هو بالنسبة إلى الزوج، وأما حرمة الزوجة فهي بالنسبة إلى غير الزوج؛ أي جميع من عدا الزوج لاتحل لهم الزوجة.

وتجدر الإشارة هاهنا إلى أن هذه الشرائط الأربعة إذا هي اجتمعت كلها وقع التعارض الحقيقي بين المتعارضين وهذا محال، ولذا لما انتهى الزركشي من سرد الشروط قال: (واعلم أن الباحث في أصول الشرع الثابتة في نفس الأمر لا يجد ما يحقق هذه الشروط، فإذا لا تناقض فيه) (الزركشي، 1414هـ، (ج6/ص111)).

## المطلب الثالث
## أسبابه

بعد استعراض الشروط المتعلقة بالتعارض، يمكن تلخيص الأسباب التي تؤدي إلى ذلك بين الأحاديث في النقاط التالية وقد نص عليها إمام الأصوليين وفارس هذا الشأن محمد بن إدريس الشافعي رحمه الله وتبعه غيره من أهل العلم:

**السبب الأول: قد يقول النبي ﷺ القول العام يريد به العام، والعام يريد به الخاص:**

يقول الشافعي رحمه الله: (ورسول الله ﷺ عربي اللسان والدار فقد يقول القول عاما يريد به العام وعاما يريد به الخاص... ويسن بلفظ مخرجه عام جملة بتحريم شئ أو بتحليله ويسن في غيره خلاف الجملة فيستدل على أنه يرد بما حرم ما أحل ولا بما أحل ما حرم)( الشافعي، 1357هـ، (ص213-214)).

ويقول أيضا: (ويسن سنة في نص معناه فيحفظها حافظ ويسن في معنى يخالفه في معنى ويجامعه في معنى سُنَّةً غيرَها لاختلاف الحالين فيحفظ غيرُه تلك السنة فإذا أدى كل ما حفظ رآه بعض السامعين اختلافا وليس منه شئ مختلف) (المصدر نفسه).

ويقول ابن القيم: (وما يُؤتى أحد إلا من غلط الفهم أو غلط في الرواية، متى صحت الرواية وفهمت كما ينبغي تبيَّن أن الأمر كله من مشكاة واحدة صادقة متضمنة لنفس الحق، وبالله التوفيق) (ابن القيم، 1441هـ، (ج1/ص67).

ومن الأمثلة على ذلك: ما رواه ابو هريرة رضي الله عنه: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنِ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْعَصْرِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ وَعَنِ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ) (متفق عليه: البخاري (581)، ومسلم (831))، وحديث ابن عمر رضي الله عنه: (لَا يَتَحَرَّى أَحَدُكُمْ فَيُصَلِّي عِنْدَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَلَا عِنْدَ غُرُوبِهَا) (متفق عليه: البخاري (582)، ومسلم (828)).

مع حديث أنس بن مالك رضي الله عنه: (مَنْ نَسِيَ صَلَاةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا، لَا كَفَّارَةَ لَهَا إِلَّا ذَلِكَ) ( متفق عليه: البخاري (597)، ومسلم (684)).

وبناءا على هذه الأحاديث، يبدو أن هناك تعارضا ظاهريا بين حديث أبي هريرة وابن عمر رضي الله عنهما اللذين يدلان على النهي عن الصلاة بعد صلاة الفجر والعصر، وبين حديث أنس رضي الله عنه الذي يشير إلى جواز قضاء الصلاة في أي وقت، حتى في أوقات النهي.

وذكر أهل العلم في الجواب عن هذا التعارض: أن النهي عن الصلاة بعد العصر وبعد الصبح يحتمل أحد معنيين:

الأول: أنه شامل لكل صلاة، فرضا كانت أو نفلا، فائتة أو حاضرة، وذلك أن مسمى (الصلاة) شامل لكل ذلك؛ فالنفل والفرض كلاهما متفقان في هذا المسمى.

الثاني: أنه خاص ببعض الصلاوات دون بعض، وذلك لأن الفرض والنفل وإن اتفقا في بعض المعاني، فإنهما يفترقان في بعضها الآخر.

وبناء على ذلك، فقد سلك العلماء مسلك الجمع في دفع هذا التعارض الظاهري، حيث قرروا أن المراد بالنهي الوارد عن الصلاة بعد العصر والفجر يختص بصلاة لا سبب لها، كصلاة النافلة المطلقة، أما ما كان لها سبب، كقضاء الفائتة، فيجوز أداؤها في أي وقت.

**السبب الثاني: أن يؤدي المخبر عنه الخبر متقصى، والخبر مختصراً:**

يحدث هذا النوع من الاختلاف عندما يروي أحد الرواة الحديث بكامل تفاصيله، في حين يكتفي راوٍ آخر بإيراده بشكل مختصر، مما يؤدي إلى ظهور التعارض الظاهري بين الروايتين.

يقول الشافعي رحمه الله: (ويسأل -أي ﷺ- عن الشيء فيجيب على قدر المسألة ويؤدي عنه المُخبِرُ عنه الخبَرَ مُتقَصًّى والخبر مختصرا والخبر فيأتي ببعض معناه دون بعض) (الشافعي، 1357هـ، (213)).

مثاله: تعارض حديث النهي عن الصيام في السفر وكراهية ذلك مع أحاديث إباحته:

أما أحاديث النهي فقوله ﷺ من حديث كعب بن عاصم: (لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ أَنْ تَصُومُوا فِي السَّفَرِ) (متفق عليه: البخاري(1946)، ومسلم (1115)).

وحديث جابر رضي الله عنه مرفوعاً: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ خَرَجَ إِلَى مَكَّةَ عَامَ الْفَتْحِ فَصَامَ حَتَّى بَلَغَ كُرَاعَ الْغَمِيمِ وَصَامَ النَّاسُ مَعَهُ فَقِيلَ لَهُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ شَقَّ عَلَيْهِمُ الصِّيَامُ وَإِنَّ النَّاسَ يَنْظُرُونَ فِيمَا فَعَلْتَ فَدَعَا بِقَدَحٍ مِنْ مَاءٍ بَعْدَ الْعَصْرِ فَشَرِبَ وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ فَأَفْطَرَ بَعْضُهُمْ وَصَامَ بَعْضُهُمْ فَبَلَغَهُ أَنَّ نَاسًا صَامُوا فَقَالَ أُولَئِكَ الْعُصَاةُ) (مسلم: (1114)).

وقد عارض الحديثين السابقين وما في معناهما من الأحاديث حديثا أنس وعائشة رضي الله عنهما.

فعن أنس رضي الله عنه: (سَافَرْنَا مع رسولِ الله ﷺ فمِنَّا الصائمُ ومنا المُفْطِرُ فلم يَعِبِ الصائمُ عَلَى المُفْطر وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ) (متفق عليه: البخاري(1947)، ومسلم (1118)).

وعن عائشة رضي الله عنها: (إِنَّ حَمْزَةَ -حَمْزَةَ بْنَ عَمْرٍو الأَسْلَمِيَّ- قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَا رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَصُومُ فِي السَّفَرِ وَكَانَ كَثِيرَ الصِّيَامِ فَقَالَ لَهُ رَسُول اللَّهِ ﷺ إِنْ شِئْتَ فَصُمْ وَإِنْ شِئْتَ فَأَفْطِرْ) (متفق عليه: البخاري(1943)، ومسلم (1121)).

فهذه الأحاديث تتعارض في ظاهرها مع الأحاديث السابقة، ووجه الجمع بينهما أن يقال: إن الفطر في السفر رخصة وهي لمن يمرض أو يجهد، وإنما وقع التعارض لما لم يسق كعب بن عاصم جميع الحديث وإنما ساق جزءاً منه، وقد ساقه جابر رضي الله عنه مفسراً فقال: (كنا مع رسول الله ﷺ زمان غزوة تبوك، ورسول الله ﷺ يسير بعد أن أضحى، إذا هو بجماعة في ظل شجرة، فقال: من هذه الجماعة؟ قالوا: رجل صائم أجهده الصوم، أو كلمة نحو هذه، فقال رسول الله ﷺ : (ليس من البر أن تصوموا في السفر) (مسلم (1115)).

فاحتمل: ليس من البر أن يبلغ هذا رجل بنفسه في فريضة صوم ولا نافلة وقد أرخص الله له وهو صحيح أن يفطر، ويحتمل ليس من البر المفروض الذي من خالفه أثم.

فكعب بن عاصم ساق جزءاً من الحديث، وجابر ساق الحديث بتمامه، فتبين سبب الحديث وبقي القادر على الصيام الذي لا يجهد بذلك على الرخصة إن شاء صام وإن شاء أفطر.

**السبب الثالث: عدم إدراك الراوي لاختلاف الحال:**

مثاله: ما وقع من تعارض في أحاديث استقبال القبلة بالبول والغائط فقد روي فيها حديثان ظاهرهما التعارض، وهما حديثا أبي أيوب وابن عمر رضي الله عنهما.

فعن أبي أيوب الأنصاري رضي الله عنه قال: "قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَتَى أَحَدُكُمُ الْغَائِطَ فَلَا يَسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ وَلَا يُوَلِّهَا ظَهْرَهُ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا " قال أبو أيوب: فَقَدِمْنَا الشَّامَ فَوَجَدْنَا مَرَاحِيضَ قَدْ بُنِيَتْ قِبَلَ الْقِبْلَةِ فَنَنْحَرِفُ عَنْهَا وَنَسْتَغْفِرُ اللَّهَ تعالى. (متفق عليه: البخاري(144)، ومسلم (264)).

وعن ابن عمر رضي الله عنه: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَلَى لَبِنَتَيْنِ مُسْتَقْبِلًا بَيْتَ الْمَقْدِسِ لِحَاجَتِهِ. (متفق عليه: البخاري(145)، ومسلم (266)).

فأبو أيوب رضي الله عنه-سمع من رسول الله ﷺ النهي وجهل الحال التي ورد النهي فيها، وابن عمر رضي الله عنه رأى فعل النبي ﷺ المخالف لقوله، فعلم أن هذه الحال- وهي حال قضاء الحاجة في البناء- غير داخلة في النهي الذي رواه أبو أيوب رضي الله عنه ولم يعلم أبو أيوب ما علم ابن عمر رضي الله عنه فكان ينحرف عن استقبال القبلة في المراحيض، ويستغفر الله ظاناً أن استقبال القبلة مما نهي عنه في كل مكان.

**السبب الرابع: بعض الرواة يدرك جواباً لسؤال، ولا يدرك السؤال فيرويه فتخالف روايتُه روايةَ من أدرك السؤال ورواهما جميعاً:**

مثاله: تعارض حديث أسامة بن زيد رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: (إِنَّمَا الرِّبَا فِي النَّسِيئَةِ). (مسلم: 1596)، مع حديث عبادة بن الصامت رضي الله عنه: (إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَنْهَى عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالذَّهَبِ، وَالْفِضَّةِ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرِّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرِ بِالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرِ بِالتَّمْرِ، وَالْمِلْحِ بِالْمِلْحِ، إِلَّا سَوَاءً بِسَوَاءٍ، عَيْنًا بِعَيْنٍ، فَمَنْ زَادَ أَوِ ازْدَادَ، فَقَدْ أَرْبَى). (مسلم: 1587).

فحديث أسامة يفيد أن الربا بالتأخير من غير تقابض هو الربا، وإن كان بغير زيادة، وأما حديث عبادة وما في معناه فيفيد خلاف ذلك، وقد بين الشافعي رحمه الله سبب هذا التعارض فقال: قد يحتمل أن يكون أسامة رضي الله عنه سمع رسول الله ﷺ يُسئل عن الربا في صنفين مختلفين؛ ذهب بفضة، وتمر بحنطة، فقال: (إنما الربا في النسيئة) فحفظه، فأدى قول النبي ﷺ ولم يؤدّ مسألة السائل، فكان ما أدى منه عند سمعه أن لا ربا إلا في النسيئة. (الشافعي، 1406هـ،(ص204)).

**السبب الخامس: الإختلاف بسبب علم طائفة بالحديث الناسخ وعدم علم طائفة أخرى به:**

من الحكم الآلهية أن يأمر رسول الله ﷺ بشيء في أول الأمر، ثم ينهى عنه لاحقًا لمصلحة راجحة أو لحكمة تطلب ذلك، أو ينهى عن شيء أولا ثم يأمر به بعد ذلك لسبب اقتضى تغير الحكم، فيكون الحكم الأول منسوخًا، والثاني ناسخًا، فيعمل بالمتأخر منهما.

غير أن بعض أصحاب رسول الله ﷺ قد لا يبلغهم الناسخ، فيبقون على العمل بالحكم الأول الذي تلقوه عن رسول الله ﷺ، وهذا قد يحدث تعارضا ظاهريًا بين الأحاديث وبين فعل الصحابي والنص الشرعي، فيقال: لمَ عمل الصحابي بكذا، وهو مخالف لما ورد في النص؟ فهل يفهم من ذلك أنه فهم النص على وجه آخر؟ أم كان لديه دليل آخر يقتضي العمل بخلافه؟ أم أن الحقيقة أنه لم يبلغه الناسخ فبقي على ما علم له أولًا وهو معذور بذلك؟

وينبغي قبل كل شيء أن يعلم أن أصحاب رسول الله ﷺ ورضي عن الأصحاب جميعًا كانوا أشد الناس تمسكا بسنة نبيهم، وأحرصهم على اتباع هديه، وقد اقتفى أثرهم من جاء بعدهم من التابعين، فاقتدوا بهم خطوة بخطوة وسلكوا سبيلهم في التعظيم للنصوص والإنقياد لها.

وعليه، فإن مايظهر من مخالفة بعضهم لحكم الناسخ إنما هي بسبب عدم بلوغه لهم، لا عن تفريط ولا عن تأويل مخالف، وإنما يحمل على هذا الوجه، دون الطعن في فهمهم أو التزامهم، وهم في ذلك معذورون مأجورون بإذن الله.

يقول الشافعي رحمه الله: (ويسن السنة ثم ينسخها بسنته ولم يدع أن يبين كلما نسخ من سنته بسنته ولكن ربما ذهب على الذي سمع من رسول الله ﷺ بعض علم الناسخ أو علم المنسوخ فحفظ أحدهما دون الذي سمع من رسول الله ﷺ الآخر وليس يذهب ذلك على عامتهم حتى لا يكون فيهم موجودا إذا طلب).( الشافعي، 1357هـ، (ص214-215)).

مثاله: تطبيق الكفين في الركوع.

كان التطبيق مشروعا في أول الأمر وقد عمل به رسول الله ﷺ ثم ترك بعد ذلك، وفيما يأتي بيانه:

1. عَنِ الْأَعْمَشِ ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ ، عَنِ الْأَسْوَدِ، وَعَلْقَمَةَ قَالَا: (أَتَيْنَا عَبْدَ اللهِ بْنَ مَسْعُودٍ فِي دَارِهِ فَقَالَ: أَصَلَّى هَؤُلَاءِ خَلْفَكُمْ؟ فَقُلْنَا: لَا. قَالَ: فَقُومُوا فَصَلُّوا، فَلَمْ يَأْمُرْنَا بِأَذَانٍ وَلَا إِقَامَةٍ قَالَ: وَذَهَبْنَا لِنَقُومَ خَلْفَهُ فَأَخَذَ بِأَيْدِينَا فَجَعَلَ أَحَدَنَا عَنْ يَمِينِهِ وَالْآخَرَ عَنْ شِمَالِهِ، قَالَ: فَلَمَّا رَكَعَ وَضَعْنَا أَيْدِيَنَا عَلَى رُكَبِنَا قَالَ: فَضَرَبَ أَيْدِيَنَا وَطَبَّقَ بَيْنَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ أَدْخَلَهُمَا بَيْنَ فَخِذَيْهِ». قَالَ: فَلَمَّا صَلَّى قَالَ: إِنَّهُ سَتَكُونُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ يُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ عَنْ مِيقَاتِهَا وَيَخْنُقُونَهَا إِلَى شَرَقِ الْمَوْتَى. فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُمْ قَدْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَصَلُّوا الصَّلَاةَ لِمِيقَاتِهَا، وَاجْعَلُوا صَلَاتَكُمْ مَعَهُمْ سُبْحَةً. وَإِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَصَلُّوا جَمِيعًا، وَإِذَا كُنْتُمْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَلْيَؤُمَّكُمْ أَحَدُكُمْ، وَإِذَا رَكَعَ أَحَدُكُمْ فَلْيُفْرِشْ ذِرَاعَيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ، وَلْيَجْنَأْ وَلْيُطَبِّقْ بَيْنَ كَفَّيْهِ فَلَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى اخْتِلَافِ أَصَابِعِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَأَرَاهُمْ). (مسلم: 534).

2. عَنْ عَطَاءِ بْنِ السَّائِبِ ، عَنْ سَالِمٍ الْبَرَّادِ، قَالَ: «أَتَيْنَا عُقْبَةَ بْنَ عَمْرٍو الْأَنْصَارِيَّ أَبَا مَسْعُودٍ فَقُلْنَا لَهُ: حَدِّثْنَا عَنْ صَلَاةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ ، فَقَامَ بَيْنَ أَيْدِينَا فِي الْمَسْجِدِ فَكَبَّرَ، فَلَمَّا رَكَعَ وَضَعَ يَدَيْهِ عَلَى رُكْبَتَيْهِ، وَجَعَلَ أَصَابِعَهُ أَسْفَلَ مِنْ ذَلِكَ، وَجَافَى بَيْنَ مِرْفَقَيْهِ حَتَّى اسْتَقَرَّ كُلُّ شَيْءٍ مِنْهُ، ثُمَّ قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقَامَ حَتَّى اسْتَقَرَّ كُلُّ شَيْءٍ مِنْهُ، ثُمَّ كَبَّرَ وَسَجَدَ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى الْأَرْضِ، ثُمَّ جَافَى بَيْنَ مِرْفَقَيْهِ حَتَّى اسْتَقَرَّ كُلُّ شَيْءٍ مِنْهُ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَجَلَسَ حَتَّى اسْتَقَرَّ كُلُّ شَيْءٍ مِنْهُ، فَفَعَلَ مِثْلَ ذَلِكَ أَيْضًا، ثُمَّ صَلَّى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ مِثْلَ هَذِهِ الرَّكْعَةِ فَصَلَّى صَلَاتَهُ، ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا رَأَيْنَا رَسُولَ اللهِ ﷺ يُصَلِّي». (أخرجه أبو داود: (863)، والحاكم: (ج1، ص324)).

وجه التعارض: الحديث الأول يدل على مشروعية التطبيق، أما الثاني يدل على عدم مشروعيته بل يدل على أن السنة هي وضع اليدين على الركبتين في الركوع.

وذهب عامة أهل العلم إلى أن حديث الثاني ناسخ للأول، وأن ابن مسعود وصاحبيه لم يبلغهم الناسخ، وممن قوى ذلك ما أخرجه البخاري في صحيحه: عَنْ أَبِي يَعْفُورٍ، قَالَ: سَمِعْتُ مُصْعَبَ بْنَ سَعْدٍ يَقُولُ: صَلَّيْتُ إِلَى جَنْبِ أَبِي فَطَبَّقْتُ بَيْنَ كَفَّيَّ، ثُمَّ وَضَعْتُهُمَا بَيْنَ فَخِذَيَّ فَنَهَانِي أَبِي، وَقَالَ: كُنَّا نَفْعَلُهُ فَنُهِينَا عَنْهُ، وَأُمِرْنَا أَنْ نَضَعَ أَيْدِيَنَا عَلَى الرُّكَبِ. (البخاري: (790)).

يقول الحافظ ابن الحجر في الفتح: (قوله: (كنا نفعله فنهينا عنه وأمرنا) اسْتُدِلَّ به على نسخ التطبيق المذكور بناء على أن المراد بالآمر والناهي في ذلك هو النبي ﷺ، وهذه الصيغة مختلف فيها، والراجح أن حكمها الرفع....ثم قال: قال الترمذي: التطبيق منسوخ عند أهل العلم لا خلاف بين العلماء في ذلك إلا ما روي عن ابن مسعود وبعض أصحابه أنهم كانوا يطبقون.....وروى ابن خزيمة من وجه آخر عن علقمة، عن عبد الله قال :علمنا رسول الله ﷺ فلما أراد أن يركع طبق يديه بين ركبتيه فركع، فبلغ ذلك سعدا فقال :صدق أخي، كنا نفعل هذا ثم أمرنا بهذا يعني الإمساك بالركب. (ابن حجر، 1432هـ، (ج2، ص: 710-712).

وبذلك يتبين أن كل من ابن مسعود وصاحبيه كانوا معذورين بعدم بلوغهم الناسخ، ولو بلغهم الحكم الناسخ لرجعوا إليه وعملوا به دون شك، إذ هم من أشد الناس تمسكا بسنة رسول الله ﷺ واتباعًا له، والله أعلم.

## الخاتمة والتوصيات

: الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات، له الحمد في الأولى والآخرة، وصلواته على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهديه إلى يوم الدين. بعد هذه الدراسة الموجزة عن شروط التعارض وأسبابه نعرض أهم ما توصلت إليه الدراسة:

1. اهتم العلماء بمختلف الحديث ومشكله اهتماما كبيرا، لما لها من التأثير المباشر على الفهم الصحيح للسنة واستنباط الأحكام منها.
2. أتبع العلماء منهجا علميا لدفع التعارض الظاهري، وذلك من خلال الجمع بين الأدلة أو النسخ أو الترجيح.
3. لا يعد الحديث مختلفا مع بعضه إلا إذا وجد فيه تلك الشروط التي بيَّناها، لذا ينبغي لأهل العلم والباحثين في السنة والمتطلعين للفتوى أن يتمتعوا بقدرة علمية للدراسة والتحقيق كي لا يحكموا على الأحاديث بأنها متعارضة وهي ليست في الحقيقة كذلك.
4. قام العلماء رحمهم الله بتوضيح وبيان جوانب الغموض والخفاء في الأحاديث المتعارضة، حرصا على حماية الإسلام والسنة من أفهام خاطئة ودخيلة.
5. إن لمقاصد الشريعة دورا رئيسياً في ترجيح الأحاديث بعضها على بعض وجمعها وتوجيه معانيها، إذ إن للشريعة غايات لا يجوز تخطيها وإهمالها، ومع ذلك لا يجوز إهمال النصوص الصحيحة بحجة المقاصد، بل ينبغي توظيفها لفهم النص وتفعيله وتنزيله على الواقع.
6. إن كثيرا من الشبهات المثارة حول السنة ترجع إلى الجهل بعلوم الحديث بمختلف فروعها، وبقواعد علم الأصول ومبادئ علم المقاصد، وعدم الرجوع لمنهج العلماء في التعامل مع المختلف والمشكل.

وفي ضوء ما توصل إليه هذا البحث، نوصي الباحثين والمهتمين بالعلوم الإسلامية بتوجيه مزيد من الجهد في هذا الباب، دراسة وقراءة وفهما وتعمقا، ليظل الدفاع عن الدين قائما على العلم الغزير والفهم العميق، حفاظا على سواد الشريعة الغراء، وحتى يتدين الناس جميعا على بصيرة، مستنيرين بنور العلم، متمسكين بمنهج السلف في الفهم والاستدلال.

## المصادر والمراجع


بعد القرآن الكريم:.

الأزهري، محمد بن أحمد، 2001م، تهذيب اللغة، تحقيق محمد عوض، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

الألباني، محمد بن ناصر الدين، صحيح الجامع الصغير وزياداته، المكتب الإسلامي.

ابن أمير الحاج، محمد بن محمد، 1316هـ، التقرير والتحبير، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن القيم، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب، 1441هـ، شفاء العليل في مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل، تحقيق: زاهر بن سالم بَلفقيه، دار عطاءات العلم (الرياض) - دار ابن حزم (بيروت).

ابن المرتضى، أحمد بن يحيى، منهاج الوصول إلى معاني معيار العقول، علق عليه وخرج شواهده وآياته ونظم أبوابه وفهارسه الدكتور محمد سعد، مؤسسة الإخلاص، بنها.

ابن الملك، عبداللطيف بن عبدالعزيز، 1315هـ، شرح المنار وحواشيه، تحقيق يحيى الرهاوي، دار سعادت.

ابن تيمية، تقي الدين أحمد بن عبد الحليم، 1425هـ، مجموع الفتاوى، جمع وترتيب: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم وساعده ابنه، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف - المدينة المنورة – السعودية.

ابن حجر، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، 1432هـ، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، اعتنى به أبو قتيبة الفاريابي، دار الطيبة، الرياض.

ابن عبدالبر، أبو عمر بن عبدالبر، 1439هـ، التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد في حديث رسول الله ﷺ، حققه وعلق عليه: بشار عواد معروف، وآخرون، مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي – لندن.

ابن منظور، محمد بن مكرم، 1414هـ، لسان العرب، دار صادر، بيروت.

أبو داود، سليمان بن الأشعث الأزدي السجستاني، 1430هـ، المحقق: شعيب الأرنؤوط- محمد كامل قره بللي، الناشر: دار الرسالة العالمية.

أحمد بن حنبل، 1416هـ، مسند الإمام أحمد بن حنبل ، المحقق: أحمد محمد شاكر، دار الحديث – القاهرة.

البخاري، محمد بن إسماعيل، 1414هـ، صحيح البخاري، المحقق: د. مصطفى ديب البغا، (دار ابن كثير، دار اليمامة) – دمشق.

التهانوي، محمد بن علي، 1996مـ، موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقيق: د. علي دحروج، مكتبة لبنان ناشرون – بيروت.

الحاكم، أبو عبد الله محمد بن عبد الله، 1439هـ، المستدرك على الصحيحين، حقّقه وخرّجه وعلّق عليه: عادل مرشد وآخرون، دار الرسالة العالمية، بيروت – لبنان.

الحاكم، أبو عبدالله، 1356هـ، معرفة علوم الحديث، جمعية دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند.

الخطيب، أبوبكر بن علي البغدادي، 1357هـ، الكفاية في علم الرواية، جمعية دائرة المعارف العثمانية - حيدر آباد، الدكن.

الزغير، لطفي بن محمد، 1428هـ، التعارض في الحديث، دار العبيكان، رياض.

السبكي، تقي الدين (ت756هـ) وابنه تاج الدين عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي (ت771هـ)، 1404هـ، الإبهاج في شرح المنهاج، دار الكتب العلمية – بيروت.

السرخسي، محمد بن أحمد، 1395هـ، أصول السرخسي، لجنة إحياء المعارف النعمانية بحيدر آباد بالهند.

السوسوة، عبدالمجيد بن محمد، 1418هـ، منهج التوفيق والترجيح، دار النفائس، الأردن.

الشافعي، محمد بن إدريس، 1357هـ، الرسالة، تحقيق وشرح: أحمد محمد شاكر، مصطفى البابي الحلبي وأولاد – مصر.

الشافعي، محمد بن إدريس، 1406، اختلاف الحديث، المحقق: محمد أحمد عبد العزيز، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

الشوكاني، محمد بن علي، 1419هـ، إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول، تحقيق الشيخ أحمد عزو عناية، دار الكتاب العربي.

العراقي، زين الدين عبد الرحيم بن الحسين، 1438هـ، طرح التثريب في شرح التقريب، الناشر: الطبعة المصرية القديمة - وصورتها دور عدة منها (دار إحياء التراث العربي، ومؤسسة التاريخ العربي، ودار الفكر العربي).

العيني، بدرالدين أبو محمد، عمدة القاري شرح صحيح البخاري، عنيت بنشره وتصحيحه والتعليق عليه: شركة من العلماء بمساعدة إدارة الطباعة المنيرية، لصاحبها ومديرها محمد منير عبده أغا الدمشقي.

الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد، 1413هـ، المستصفى، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية.

الفيروزآبادي، مجدالدين، 1426هـ، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، 1374هـ، صحيح مسلم، محمد فؤاد عبد الباقي، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، القاهرة.

النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب، 1421هـ، السنن الكبرى، حققه وخرج أحاديثه: حسن عبد المنعم شلبي، مؤسسة الرسالة – بيروت.

النووي، أبو زكريا محي الدين يحيى بن شرف، 1405هـ، التقريب والتيسير، تقديم وتحقيق وتعليق: محمد عثمان الخشت، دار الكتاب العربي، بيروت.

# ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا
## (توێژینەوەیەك لەباری دیمۆگرافی و ئاوەدانی)

**پ.ی.د.کامران محمد حاجی**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** سەرچاوە بیانییەکان، بەتایبەت تۆماری یاداشت و نووسینی بیانییەکان، وەکو کەسایەتییە سیاسی و دیپلۆماتکارەکان، ئەفسەرە سەربازییەکان، پیاوانی ئایینی و مزگێنیدەرەکان، ئافرەت و پیاوە سەرکەش و جەربەزەکان، هێشتاکە وەکو کەرەستەیەکی بنەڕەتی لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد گرنگی خۆیان هەیە. لەم ڕووەوە پێمان باش بوو (ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەك لەباری دیمۆگرافی و ئاوەدانی) وەکو ناونیشانی بابەتی توێژینەوە هەڵبژێرین و کاری لەسەر بکەین .

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لەلایەن بیانییەکانەوە تۆمارکراون،بەشێك لەو مێژووە شاراوەی ڕەواندز، کە سەرچاوە عوسمانییەکان پەیان پێنەبردووە، لە بارەی هەردوو لایەنی دیمۆگرافی و ئاوەدانی شارۆچکەکە، خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؛ هەرچەندە بەشێکی زانیارییەکان بەتایبەت لە رووی ژمارەکانەوە، بەشێوەی خەملاندن بووە. سروشتی توێژینەوەکە وایکردووە، بەشێوەیەکی گشتی، پشت بە میتۆدی پێکهاتەیی لە خستنەڕووی زانیارییەکان ببەسترێت، لەکاتی پێویستیشدا میتۆدی بەراوردکاری بۆ روونکردنەوەی هەندێ لایەنی بابەتەکە، پشتی پێبەستراوە.

**کلیلە ووشەکان:** ڕەواندز، گەڕیدە، کلیمان، قەڵا، کاروانسەرا.

## پێشەکی:

ڕەواندز وەکو مەڵبەندی میرنشینی سۆران و دواتریش وەکو ناوەندی قەزایەك و سەرەڕێگایەکی بازرگانی سەرنجی ژمارەیەك لە بیانییەکانی ڕاکێشاوە. ژمارەیەك لەو گەڕیدانەی بە ئامانجی جیاواز و مەبەستی دیاریکراوەوە هاتبوونە کوردستان و ناوچەکە، سەردانی ڕەواندزیان کرووە و چەند ڕۆژێکیش تیایدا ماونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان بە شارۆچکەکەدا تێپەڕیون، ئەوانە بە پێی ئامانج و مەبەستی گەشتەکانیان سەرنج و تێبینی خۆیان تۆمارکردووە و دواتر بڵاوکراونەتەوە. تەنانەت بەشێکی ئەو یاداشتانە بوونەتە کەرەستەی خاوی نووسینی کتێب و بیبلۆگرافیا و ئینسکلۆپیدیاکان. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ناونیشانی(ڕەواندز لە یاداشت و نووسینی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەك لەباری دیموگرافی و ئاوەدانی) وەکو بابەتی توێژینەوە هەڵبژارد.

### گرنگیی بابەتەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

گرنگیی بابەتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەشێکی شاراوەی مێژووی شارۆچکەی ڕەواندز، لەو ماوە دیاریکراوە پیشان دەدات، لە ژێر ڕۆشنایی یاداشت و نووسینی بیانییەکان(گەڕیدە، دیپلۆماتکار، پیاوانی سەرکەش و هی دیکە) ئامادەکراوە، ئەوانەی بەشێکیان راستەوخۆ سەردانی شارۆچکەکەیان کردووە و زانیارییان لەبارەوە تۆمارکردووە.

### میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی پێکهاتەیی(التركيبي) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و خستنەڕوویان بەستراوە، هاوکات هەوڵدراوە بە پێی پێویست سوود لە میتۆدی بەراوردکاری بۆ زانیارییەکان ببینرێت .

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکە کار لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کراوە:

1. کێن ئەوانەی سەردانی شارۆچکەی ڕەواندزیانکردووە و سەرنجەکانیان لەبارەوە یاداشت کردووە؟
2. ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە و ماڵەکانی ڕەواندز لەماوەی دیاریکراودا چەند بووە؟
3. گرنگترین ڕووڵەتەکانی ئاوەدانی شارۆچکەکە کامانە بوون؟

### پێکهاتەی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکهاتووە. لە دەروازەدا بەناونیشانی(ڕەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز و شوێنی جوگرافی) کورتە باسێکمان لەبارەی ڕەگ وریشەی ناوی ڕەواندز و ئەو را و بۆچوونانە نووسیوە کە لەبارەیەوە هەن، هەروەها تیشکمان خستووەتە سەر شوێنی جوگرافی شارۆچکەکە و دید و سەرنجی ژمارەیەك نووسەر و گەڕیدەمان لەم بارەوە خستووەتە روو. لە تەوەری یەکەمدا بەناونیشانی(باری دیمۆگرافی ڕەواندز)، تیشکمان خستووەتە سەر ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز و ئەو پێکهاتانەی لە شارۆچکەکەدا هەبوون، ئەمەشیان زیاتر لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەن کە گەڕیدەکان و هەندێك لە سەرچاوە بیانییەکانی دیکە بە دەستەوە دراون. لە تەوەری دووەمیشدا بەناونیشانی(باری ئاوەدانی ڕەواندز)، لەم تەوەرە تیشك خراوەتە سەر

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp49-56
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 أيار 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 13 كانون الثاني 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : kamaran.haji@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2026 كامران محمد حاجي. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دیارترین ئەو رووکارانەی ئاوەدانی شاری ڕەواندز کە لەلایەن گەڕیدە و نووسەرە بیانییەکانەوە ئاماژەیان پێدراوە، لەم رووە و شێوازی هەڵکەوتنی شارەکە لەسەر زمانەیەك لە بەرزایی، ئەو پردە سەرەکییەی کە تاکە رێگایەکی هاتن و دەرچوون لە شارۆچکەکە بووە، لەگەڵ قەڵا و قولەکان، رێگاوبان و شەقامەکان و بینایەی خان(کاروانسەرا) و ...هتد، باسیان لێوە کراوە. لە کۆتاییشدا چەند خاڵێکمان وەکو ئەنجامی نوسینەوەی توێژینەوەکە خسووەتە روو.

## گرفتەکانی توێژیتەوەکە :

یەکێك لە گرفتەکان بریتی بوو لەجیاوازی دید و ئامانجی سەردانیکردنی گەڕیدەکان بۆ شارۆچکەی رەواندز، کە هەندێکجار بووەتە هۆی ئەوەی زانیاری جیاواز لە یەکتری بە دەستەوە بدەن، یان هەر یەکێکیان بە پێی کاریگەری هۆکاری هاتنەکەی زانیاریان لەبارەی لایەنێکی ژیانی شارۆچکەکە تۆمارکردووە و لایەنەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە. گرفتێکی دیکەی بەردەم توێژینەوەکە بریتی بوو لە جۆراوجۆری ئەو زمانانەی کە کە سەرچاوەکانی پێنووسراوە و وەرگێڕانی هەندێکیان بەتایبەت ئەو لاپەڕانەی وشە یان پیتەکانیان بە تەڵخی نووسرابوون، یان بزر ببون، ئاسان نەبێت .

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

لەتوێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی رەسەن بەستراوە، گرنگترینیان تۆماری یاداشتی گەڕیدەکانن، نموونەی گەشتنامەکانی: (کلیمان)ی فەرەنسی، جەستن پێرکینز، تێلمان، ئایدا فێیفەر و ویلیام ئاینسۆرس...هی دیکە. بایەخی ئەم گەشتانامانە لەوەدان کە خاوەنەکانیان راستەوخۆ سەردانی شارۆچکەی رەواندزیان کردووە و هەیانە چەند رۆژێك لەوێ ماوەتەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا سوود لەچەند سەرچاوەیەکی هاریکاریش بینراوە، لەکاتی پێویستدا بەکارهاتوون.

## دەروازە: ڕەگ و ڕیشەی ناوی ڕەواندز و شوێنی جوگرافی:

لەبارەی رەگ و ریشەی ناوی رەواندز، کە ئێستا ناوەندی قەزایەکە بە هەمان ناو، را و بۆچوونی جیاواز هەیە، دەگوترێ ناوی رەواندز لە دوو بڕگە پێکهاتووە، (رەوان) کە ناوی هۆزێکی کوردییە، (دز)یش لە زمانی کۆنی کوردیدا بە مانای (قەڵا) هاتووە، یاخود بەهۆی ئەوەی عەشیرەتە کۆچەرەکان کە (رەوەن)یشیان پێ دەگوترێ لەکاتی خۆیدا بە ڕێگای ئەم قەڵایەدا رۆیشتبوون، بە تایبەتی رەوەندەکانی رەواندز و شەقڵاوە (بابان، 1989، ص131). شایانی باسە کاتێك ژەنەراڵی سەربازیی و گەڕیدەی بەریتانی هێنری راولینسن[i] Henry C. Rawlinson، لە ساڵی(1838)دا گەشتێکی بە کوردستان و ناوچەکەدا ئەنجام دا، ئەویش هەمدیسان ناوی بە (قەڵای رەوان) یا خود رەواندز بردووە، پێشی وایە ناوەکەی لە سەردەمێکی زوو لە دەوروبەری(1207ز) بەم شێوەیە لە تۆمارە مێژوویەکانی سریاندا هاتووە (Rawlinson, 1838, p.25). بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە ناوەکەی لە دوو بڕگەی(رەوان یان رەهوان) بەمانای سووکیی یان خێرایی و (دز-دژ) بەمانای قەڵا پێکهاتووە، کە مەبەست لێی سوارەی پۆستەیە، ئەوەی لە رەواندزدا دەوەستا، بەهۆی ئەوەی ئەم شارۆچکەیە دەکەوتە ناوەڕاستی رێگای گشتی بۆ مەبەستی پشودان یان گەیاندنی پۆستە بۆ شوێنەکانی دیکە (بابان، 1989، ص131).

لە گەشتنامەکەی (ئەسفەهانی[ii]) دا وەرگێڕە ئەڵمانییەکە ئاماژەی بە ناوی ڕەواندز کردووە و پێی وایە کە بەمانای(قەڵای دێرین)دێت، نووسیویەتی:

" ئەو رویندز(Rujindiz) ە کە بە واتای (قەڵای دێرین) دێت، لە دەقەکانی ئێمەدا لەگەڵ ئەو قەڵایەدا یەکدەگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵاتی فارسە و لە سەر رێی شنۆیە بەرەو موسڵ و لە باکوری رۆژهەڵاتی ئەربیل هەڵکەوتووە و لای ئێمە بە ناوی Rewandiz,Rowanduz, Rawandiz, Rawanduz, Rewendiz هاتووە"(ئەسفەهانی، 2009، ل37).

لە دووتوێی گەشتنامەکەی (کلۆدیۆس جیمس ریچ)ی دیپلۆماتکاری بەریتانیدا، ناوی ڕەواندز بە هەر دوو شێوازی ڕێواندز و ڕێوان-دز (Rewandiz , Rewan-diz) تۆمارکراوە(Rich, 1836, p.299-300). لە گەشتنامەکەی (تێلمان)ی دیپلۆماتکاری ئەڵمانیدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ناوی ڕەواندز لەسەر نەخشەکاندا بە شێوەی رۆواندز (Rowandiz)دەنووسرێت، کەچی لە شوێنەکە خۆی(رەواندز) بە شێوەیەکی روون بە شێوازی ڕەواندوز (Rewanduz)دەری دەبڕن (Thielmann, 1875,p.101). پێم وایە ئەو سەرنجەی(تێلمان)ی گەڕیدە لەبارەی شێوازی دەربڕینی ناوی ڕەواندز تۆماری کردووە، لەجێی خۆیەتی، چونکە ئەمەیان هەر ئەو شێوازەی دەربڕینەیە کە خەڵکی ناوچەکە خۆی رۆژانە بەکاری دەهێنن.

شایانی باسە مێژوونووسی کورد حوسێن حوزنی موکریانی پێیوایە ناوی ڕەواندز لە(ڕوین دژ)هوە هاتووە، کە مانای (قەڵای پۆڵاین) دەگەیەنێت( المکریانی، د.ت، ل27-28)، یاخود لە بنەڕەتدا ناوەکە(گردڕەوەند) بووە، چونکە خێڵە کۆچەرییەکان لە هاویناندا بۆ خۆیان و مەڕومالاتەکانیان روویان تێکردووە، دوای ئەوەی لەلایەن دز و جەردەکانەوە هێرشیان کراوەتە سەر، بۆیە ناوەکەی لە(گردڕەوەند)هوە بووەتە (ڕەوەنددز) و دواتریش(ڕەواندز)(وەرگیراوە لە:هۆمەر، 2006، ل11-12). لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێین هەروەکو جەمال بابان نووسیویە: خەڵکی بە چەند شێوەیەك ناوی رەواندز دەهێنن، وەکو: رەواندز، رواندوز، راوندوز، رواندوز. هەر وەکو گوتراوە کە ئاشوورییەکان بە رەواندزیان گوتووە(مەساصیر)(بابان، 1989، ص132) .

سەبارەت بە شوێن یاخود هەڵکەوتەی جوگرافی شارۆچکەی رەواندز، هێنری راولینسۆن لە تۆماری یادداشتەکانی خۆیدا بەم شێوەیە ئاماژەی بە هەڵکەوتەی جوگرافی رەواندز کردووە:

"شارەکە کەوتووەتە لای کەناری باشووری زێی گەورە، کە لێرە بە روباری رەواندز ناودەبرێت...رەواندز کەوتووەتە سەر نیوەی رێگایەکی شاخاوی، لەنێوان دەشتەکانی ئاشوور و میدیا، بە دووری 15 بۆ 16 کاتژمێر لە هەر یەکێکیان... (Rawlinson, 1838, p.25)". وا پێدەچێت لێرەدا راولینسۆن کەوتبێتە هەڵەوە، چونکە ئەوەی بە (ڕوباری ڕەواندز) ناودەبرێت، خودی زێی گەورە نییە، بەڵکو روبارێکە پێش ئەوەی بگاتە رەواندز لە چەند لقێك پێکهاتووە و لە هەر شوێنێکیشدا ناوی تایبەت بە شوێنەکە هەڵدەگرن(غەفور، 2012، ل87-88)، دواجار لە نێوان چیاکانی (شێروانە) و (زێبار)دا دەڕژێتە زێی گەورەوە(الخصباك، 1973، ص100). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا سەبارەت بە شارۆچکەی رەواندز، بەم شێوەیە ناسێندراوە:

"شارۆچکەی ڕەواندز بە دووری چەند میلێك لە رۆژئاوای لوتکەی ڕەواندز هەڵکەوتووە، لەسەر زمانەیەکی زەوی کە لە یەکگرتنی دوو زێ دروست بووە" (Cyprus and Asiatic Turkey..., 1878, p.152).

لە کتێبی (سیاحەتنامەی حدوود)یشدا واهاتووە کە سەنجەقی ڕەواندز و هەریر لەلایەکەوە هاوسنووری سەنجەقی کۆیسنجەق و لە لایەکی دیکەیەوە موسڵ، لە لایەکی دیکەیەوە ئاکرێ و ئامێدی، لەلای چوارەمیشەوە بەشێك لە لاجان و بەشێك لە شنۆی ژێر دەسەڵاتی ئێران، زنجیرە چیای کێلەشین ناوچەکانی شنۆ لە ڕەواندز و هەریر جیادەکاتەوە(خورشید پاشا، 2019، ل295). ئەمانە و لە فەرهەنگێکی جوگرافیدا و لە باسی رەواندزدا هاتووە کە شارۆچکەیەکی قایمە لە کوردستانی تورکیا، بە دووری(75)میل لە باکووری رۆژهەڵاتی موسڵ و لە سەر کەناری زێی گەورەیە

(Johnston, 1852, p.1111).

سەرچاوەیەکی دیکە بەم شێوەیە باسی ڕەواندزی کردووە:

" شارە بەناوبانگەکە-پایتەختی مەجازی(افتراضي) کوردستان-لەگەڵ ئەوەی کە پایتەختی کارگێڕیشە، دەکەوێتە دۆڵێکی پێچاوپێچەوە، لەسەر شاخێك کە لە هەموو لایەکەوە بە تەواوی داخراوە..." (Mccoan, 1879, p.68).

ئەمانە و لە (قامووسئەعلام)ی شەمسەدین سامی، کە لەساڵی (1896)دا بەرگی پێنجەمی بڵاوکراوەتەوە، لە باسی شارۆچکەی ڕەواندزدا هاتووە کە شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لەسەر ئاوێکە دەڕژێتە ناو زێی گەورەوە، لە(135) کیلۆ مەتری باکووری خۆرهەڵاتی موسڵە، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵدا(تاقانە(وەرگێڕ)، 2010، ل209). دیارە مەبەست لەو ئاوەی کە دەڕژێتە زێی گەورە(ڕوباری ڕەواندز)ە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

## یەکەم
## باری دیمۆگرافی ڕەواندز

پرسی ژمارەی دانیشتوانی ڕەواندز، وەکو شارۆچکەیەك کە مەڵبەندی میرنشین و دوای ئەوەش وەکو ناوەندی قەزا وابوو، لەلایەن بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کەم تا زۆر ئاماژەی پێ کراوە، هەندێکجار تەنها ئاماژە بە هۆزەکانی ناوچەکە و ژمارەیان کراوە، ئەوانەی بە (هۆزی ڕەواندز) ناویان هاتووە. لەم ڕووەوە ڕۆبێرت کێر پۆرتەر[iii] R. K. Porterی گەڕیدەی بەریتانی لەساڵی(1818)دا، لەبارەیەوە نووسیویەتی:

..." گەلێکن تاکو ئێستاکە، بە ناویش بێت، ملکەچی عوسمانی یان فارسی نەبوون. ژمارەیان دەگاتە سەد هەزار خێزان..." (Porter, 1822, p.470).

فرایزەر[iv] ی گەڕیدەی بەریتانی بە پشتبەستن بە یاداشتەکانی دکتۆر(ڕۆس)ی پزیشکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، کە ئەوکاتە بۆ چارەسەرکردنی مستەفا بەگی باوکی میر محەمەدی میری سۆران هاتبووە ڕەواندز، ئاماژە بە هەبوونی(2) هەزار خانوو دەکات. ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە بەهۆی ئەو ئەرکە قورسانەی دەوڵەت لەسەر خەڵکەکەی داناوە، ناوچە کوردییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئاوەدانتر بوون(ئاشنا(وەرگێڕ)، 1998، ل22-25) .

گەڕیدەی بەریتانی هێنری راولینسۆن لە ساڵی(1838)دا ژمارەی ماڵەکانی ڕەواندزی بە دەوروبەری (2) هەزار ماڵ خەمڵاندووە (Rawlinson, 1841, p.25). لە سەرچاوەیەکی دیکەی بیانیدا کە بە زمانی ئەڵمانی ئامادەکراوە، وا پێدەچێت بە پشت بەستن بە زانیاری تۆمارکراوی گەڕیدە یاخود یادداشتی دیپلۆماتکارانەوە باسی ڕەواندز بکات، بەپێی ئەو زانیاریانە بێت لە ساڵی(1838)دا ژمارەی ماڵەکانی شارۆچکەکە(2) هەزار ماڵ بووە، کەچی هیچ ئاماژەیەکی بە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نەکردووە (Spiegel, 1868, p.40).

هەروەها فەرهەنگێکی جوگرافیایی لە ساڵی(1852)دا ژمارەی ماڵەکانی رەواندزی بە (1000) بۆ (1300)ماڵ مەزەندە کردووە (Johnston, 1852, p.1111). مزگێنیدەری ئەمریکی دکتۆر گرانت[v] لە میانەی گەشتەکەیدا سەردانی ڕەواندزی کردووە و ژمارەی ماڵەکانی بە نزیکەی(1000)ماڵ مەزەندە کردوو، لەنێویشیاندا(50) جولەکە هەبوونە، ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە جولەکەکان بەزمانی نەستووری(زمانی ئارامی سریانی) قسەی لەگەڵ کردوون (Laurie , 1853, p.174). شایانی باسە پێشتر قەشە پێرکینزیش ئاماژەی بەوە کردبوو جولەکەکانی ڕەواندز بە زمانی سریانی قسەیان کردووە(Perkins, 1850. P.91). دوای چەند ساڵێك کلیمانی گەڕیدەی فڕەنسی کە لەساڵی (1856)دا سەردانی رەواندزی کردبوو، ناوبراو ژمارەی دانیشتوانەکەی بە(4000)کەس و ژمارەی ماڵەکانیشی بە(500)ماڵ خەملاندبوو (Clément, 1866, p.245). بەپێی خەملاندنەکەی کلیمان بێت، بە نزیکەیی هەر ماڵێك لە رەواندز لە نزیکەی هەشت کەس پێکهاتووە، دووریش نییە بەشێك لە ماڵەکان لە خێزانێك زیاتر پێکهاتبن، ئەمەش وەکو وەکو یەکێك لەسیماکانی خێزانی کورد لەو سەردەمەدا.

پرسی ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتەکانی یەکێکن لەو بابەتانەی لە نووسینی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەمدا تیشکیانخراوەتە سەر. زۆرترین زانیارییەکانیش لەلایەن گەڕیدەکانەوە، ئەوانەی بە هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆر گەیشتبوونە ناوچەکە، تۆمار کراون، چونکە وەکو دەگوترێت: ئاراستەی تاکەکەسی و مەیلی کەسیی گەڕیدەکان هەرچییەک بێت، تا ڕادەیەکی زۆر هەندێ تایبەتمەندی شارستانیەتی ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاون نیشان دەدات، هەروەها باس لە زۆر توخمەکانی کولتووری ئەو وڵاتانە دەکات کە سەردانیان کردوون، بارودۆخی ئەو گەلانەشیان خستووەتە روو کە لەگەڵیاندا تێکەڵ بوون(حسين محمد فهيم، 1989، ص15).

هەندێك جار ئەو گەڕیدانەی سەردانی شارۆچکەی ڕەواندزیان کردووە و چەند ڕۆژێکیش تیایدا ماونەتەوە، بەڵام نەپرژاونەتە سەر ئەوەی هیچ زانیارییەك لەبارەی ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتەکانی شارۆچکەکە تۆمار بکەن. بۆ نموونە گەڕیدە و نووسەرێکی نەمساوی بەناوی ئایدا لۆرا فێیفەر Ida Lura Pfeiffer[vi] لە (ئابی 1846)دا لەمیانەی گەشتەکەیدا سەردانی ڕەواندزی کردبوو، بە شێوەی (Ravanduz)ناوەکەی تۆمارکردووە، نزیکەی چوار ڕۆژ لەشارەکە مابۆوە، چەند لاپەڕەیەکی لە یادداشتنامەکەی بۆ باسی هەندێ لایەنی جۆراوجۆری شارەکە تەرخان کردووە، تەنانەت لە هەندێکیان بە وردی سەرنجی خۆی تۆمارکردووە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ژیان و تایبەتمەندییەکانی ئافرەتەکانی رەواندزەوە هەیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نەکردووە-Pfeiffer, 1852, p.275-279). وا دیارە ئەم گەڕیدەیەی دوایی زیاتر سەرنجی لەسەر تۆمارکردنی زانیاری لەبارەی هەندێ لایەنی داب و نەریت و شێوازی گوزەرانی خەڵکەکە بووە، بۆیە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی زانیاری لەبارەی ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز تۆمار بکات .

قەشە ستێرنشوس Sternschuss مزگێنیدەرێکی بەریتانی بوو، لە چلەکانی سەدەی نۆزدە سەردانی ڕەواندز و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانی کردووە، جەخت لەسەر هەبوونی جوولەکە و خراپی دۆخی ژیانیان لە ڕەواندز دەکاتەوە، بەڵام هیچ زانیارییەك لەبارەی ژمارەیان چ وەکو تاك یان خێزان، بەدەستەوە نادات The Jewish Herald...,1850, p.93). گەڕیدەی ئەمرکیی ئیسرائیل ژۆزێف بنیامین I. J. Benjaminکە لەنێوان ساڵانی(1846_1855) گەشتێکی دورودرێژی بە ئاسیا و ئەفریقادا ئەنجامدابوو، لە ساڵی(1848) سەردانی ڕەواندزی کردووە، ئەمیش لەبارەی خراپی دۆخی جوولەکەکان دواوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەیان لە شارۆچکەکە بکات (Benjamin,1859, p.91). وا دیارە ناوبراوان زیاتر چاویان لەسەر وێناکردنی دۆخی جوولەکەکان بووە، ئامانجیشیان بریتی بووە لەوەی بیانبەنە سەر ڕێبازی پرۆتستانتی، بۆیە نەپرژاونەتە سەر ئەوەی زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەواندز و ژمارەی دانیشتووانەکەی بەدەستەوە بدەن .

قەشەی ئەمریکی جەستن پێرکینز Justin Perkins[vii]، لە ساڵی(1849)دا لە میانەی گەشتێکیدا لە شاری (ورمێ)وە بۆ شاری (موسڵ)، سەردانی ناوچەی ڕەواندزی کردووە، لە(8ی ئایار)دا گەیشتبووە شارۆچکەکە و ژمارەی خێزانەکانی شارۆچکەکەی بە(500)خێزان داناوە، بە شێوەیەك تەنها(80)یان جوولەکە بوونە و ئەوانەی دیکە

سەرجەمیان کورد بوونە. سەبارەت بە مەسیحییەکانیش، هەروەك ئاماژەی بۆ کردووە، لە گوندێکی بچووك بە دووری نزیکەی (4)میل لە ڕەواندز دەژین. هەروەها ناوبراو جگە لەمە ئاماژەی بەوەش کردووە کە (400) سەربازی تورك لە شارۆچکەکەدا هەن(Perkins, 1850, p.91). وا پێدەچێت مەبەستی ناوبراو لەو سەربازانە، ئەوانە بێت کە لە دوای ڕووخانی میرنشینی سۆران، وەکو پارێزەر(حامیة)ی شارۆچکەکە لە پێناو پارێزگاری کردن لە ئاسایشی ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی خێڵە کوردییەکان، لەوێ جێگیر کرابن.

لە کتێبی( قوبرس و تورکیای ئاسیایی)دا وا هاتووە کە ژمارەی ماڵەکانی ڕەواندز (1000) ماڵە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە (10)هەزار کەس دەخەمڵێنێت Cyprus and Asiatic Turkey..., 1878, p.152) ). بەپێی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوەیە بێت، دەبێ هەر خێزانێك لە نزیکەی(10) کەس پێکهاتبێت؛ ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، بەتایبەت ئەگەر بزانین کە زۆر جار لەلایەن توێژەرانەوە، تێوەندە ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێکی کورد بە نزیکەی(5)کەس مەزەندە کراوە؛ ئەمە هەرچەندە ئەگەر هەردوو ڕەگەزی (کات) و (شوێن) لەبەرچاو بگیرێت، ئەم ژمارەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت .

لە کتێبی (پارێزگاری نوێیان: تورکیا لە ئاسیا/ جوگرافیاکەی، نەتەوەکانی، سەرچاوەکانی و حکومەتەکەی)[viii] ژمارەی خێزانەکانی ڕەواندز بە(1500) خێزان مەزەندە کراوە، کە (80)یان خێزانی جولەکە بوونە، ئەوانی دیکە سەرجەمیان کورد بوون(Mccoan, 1879, p.69) ئەمە و لە (کانوونی دووەمی 1882)دا، گەڕیدەیەکی بەریتانی سەدانی ناوچەکەی کردووە، لەبارەی ڕەواندزەوە نووسیویەتی کە ژمارەی ماڵەکانی لە(800)ماڵ پێکهاتووە (Gerard, 1883, p.19). سەرچاوەیەکی فەڕەنسی بەناونیشانی(جوگرافیای جیهانی نوێ: خاك و خەڵك)[ix]، لە ساڵی(1884)دا ژمارەی ماڵەکانی ڕەواندز بە زیاتر لە(1000) ماڵ داناوە، بەجۆرێك هەر یەکێك لە خانووەکان دوو یان سێ خێزان، بگرە زیاتریشی تێدا نیشتەجێن (Reclus, 1884, p.430-431). ئەم زانیارییە لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا، وا پێدەچێ زانیارییەکانیان لە یەك سەرچاوەوە وەرگرتبێت، دووپاتکراوەتەوە(Reclits, 1885, p.225).بەپێی زانیارییەکانی ئەم سێ سەرچاوەی دوایی بێت، دەبێ لەماوەی تەنها ساڵێکدا نزیکەی دوو سەد ماڵ لە ڕەواندز زیادی کردبێت، ئەمەش جێی تێڕامانە، چونکە لەو ماوەیەدا و لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ڕووداوێکی وا ناکەن کە کاریگەری هەبووبێت لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دامەزراوەیەکی بواری تەندروستی لە لەندەن نووسراوێکی ئاراستەی باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە ئەستانە کردووە، تیایدا ئاماژەی بە دۆخی تەندروستی و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لە ڕەواندز کردووە. لێرەدا ژمارەی دانیشتووانی ڕەواندز بە (4000)کەس هاتووە(Dickson, 1894, p.143). ئەمە لە کاتێکدا کتێبی(کتێبی دەستیی بۆ گەشتیاران لە ئاسیای بچووك، ترانسکەفکاسیا، فارس)[x] کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم چاپکراوە ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکەی بە(6250) کەس داناوە و ئاماژەشی بە پێکهاتەی دانیشتووانی شارەکە کردووە، کە کورد و جولەکە و ژمارەیەکی کەمی (مەسیحی)یش لە شارۆچکەکەدا هەبوونە(Wilson, 1895, p.321).

هەر لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرباری ئەو جیاوازی و کەموکورییانەی لە بەدەستەوەدانی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕەواندز لەلایەن بیانییەکانەوە خراوەتە ڕوو، کەچی دەبینین ئەم پرسە تەنانەت لەنووسینەکانی کاربەدەستانی فەرمی عوسمانیشەوە، زانیاری ئەوتۆی لەبارەوە تۆمار نەکراوە، ئەوتا لە کتێبی(سیاحەتنامەی حدوود)دا، کە خاوەنەکەی نزیکەی چوار ساڵ لە کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاریدا کاری کردووە؛ ناوبراو تەنها پرژاوەتە سەر ئەوەی هەندێ زانیاری لەبارەی ناوچەکانی سەر بە سەنجەقی ڕەواندز بەگشتی بخاتە ڕوو، کە (22) ناوچە و (325) گوند بوونە، ژمارەی نێرینەکانیانی بە (40) هەزار کەس مەزەندە کردووە(خورشید پاشا، 2019، ل292-293). لە ڕاستیدا هەژمارکردنی نێرینەکان بە تەنها لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، هۆکاری خۆی هەبووە، دیارترینیان پرسی وەرگرتنی زانیاری بووە لەبارەی ئەوانەی پیاون و دەتوانن لە کاتی پێویستدا سەربازی بکەن. شایانی باسە، لەساڵی(1896)دا، لە باسی شارۆچکەی ڕەواندز کە ئەو کاتە ناوەندی قەزایەك بووە بە هەمان ناو، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە(10)هەزار کەس تۆمارکراوە(تاقانە(وەرگێڕ)، 2010، 209). ئەم زانیارییەی لەم سەرچاوەی دواییدا هاتووە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەوا هێشتا شارۆچکەی ڕەواندز لەو شارۆچکانە بووە کە تا ڕادەیەکی باش ئاوەدان بووە؛ ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ئاماژەی هەمان سەرچاوە، شارێکی وەکو هەولێر، ئەویشیان لەو کاتەدا ناوەندی قەزا بووە، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە (6)هەزار کەس مەزەندەکراوە(تاقانە(وەرگێڕ)، 2010، ل100).

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، بەپێی ئەوەی لە یاداشت و نووسینی بیانییەکاندا هاتووە، سەرنج و دەرخستەی جیاواز لەبارەی دانیشتووانی ڕەواندز خراوەتە ڕوو. هۆکاری ئەمەش نەبوونی ئامارێکی دروست بووە تاکو بیانییەکان پشتیان پێببەستن و لە بەرهەمەکانیاندا تۆماری بکەن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوەش جیاوازی هۆکاری سەردانیکردن یان جیوازی ئامانجی گەڕیدە بیانییەکان بۆ ناوچەکە، بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت ژمارەیەکی دروست و ڕاژیکەر بەدەستەوە بدرێت، بەتایبەت کە ئەوان تەنها خەمڵاندنیان کردووە.

## دووەم
## باری ئاوەدانی(بیناسازی) ڕەواندز

باری ئاوەدانی شارەکان بە هەموو ڕووەکانییەوە، بیناسازی خانوو، کۆشك و تەلار، مزگەوت، کڵێسا و دێر و کەنیشتەکان، تا دەگاتە قاوەخانە(چایخانە)، پرد و قەڵا و قولەکان...هتد، شوێنێکی بەرچاوی لەنێو تۆماری گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییەکان گرتووەتەوە، چونکە ئەدەبی گەشتکردن یان گەڕان، وەکو دەگوترێ بریتییە لە ئەدەبێکی کۆکەرەوە لەنێوان زانست و ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان، هەروەها داب و نەریت، مێژوو و جوگرافیا، کە مێژوونووس بۆ ڕێکخستنی هەندێ زانیاری مێژوویی، یان جوگرافیی و ...هتد دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری(لعریبی و طویطو، 2020، ص9) .

شارۆچکەی ڕەواندز سەرەتا وەکو مەڵبەندی میرنشین، دواتریش وەکو مەڵبەندی موتەسەڕیفێتی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە بەڕێوەدەبرا، بووەتە جێگای سەرنجی هەندێ لە گەڕیدە و دیپلۆماتکاری بیانی، ئەوانەی بە ئامانجی جیا جیا بە ناوچەکەدا گەڕاون و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەیەوە تۆمار کردووە .

سەبارەت بە باری ئاوەدانی ڕەواندز، یەکێك لەو لایەنانەی سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە، شێوازی دروستکردنی خانووەکانە، لە نێو ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستمان کەوتوون، لەوانەیە ئەو زانیاریانەی (ئەسفەهانی) لە بارەی شارۆچکەی ڕەواندزەوە تۆماری کردوون، بەڕایی ئەو زانیاریانە بێت کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەبارەی شێوازی بنیاتنانی خانووەکانیان تۆمارکرابێت. ناوبراو لەدەوروبەری ساڵانی(1813-1814)، واتا لە سەرەتاکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد(1813-1836) سەردانی ڕەواندزی کردووە، لەم بارەوە گوتوویە:

"...لە لووتکەی کێوەکەدا[میر محەمەد]چەندین بینای دروست کردووە کە هەر یەکە و لەسەرووی ئەوی دیکەیانەوە دروستکراوە، بەشێوەیەك کە کەس ناوێرێ لە ترسی خانووەکەی سەرەوە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوەی لای خوارەوە لە ترسی بەرد، جا چ جای لە ترسی تڤەنگ"(ئەسفەهانی، 2009، ل39).

ئایدا لۆرا فیێفەر ساڵی(1846) سەردانی ڕەواندزی کردووە، باسی ئەوەی بۆ کردووین شوێن و دیمەنی شارۆچکەکە زۆر دڵڕفێنە؛ نەک لەبەر جوانییەکەی، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە لە شارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی ناوازەتر نییە، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکەیەوە، کە دەکەوێتە سەر گۆچکەیەکی بەرز و بە شاخێک دەورە دراوە. خانووەکان وەك سەکۆ یەك لەسەر یەکتر دروستکراون و بمیچەکانیان بەو شێوەیە بە خۆڵ داپۆشراون، کە هێندە بە توندی پەستراونەتەوە، لە شەقامە تەسکەکان دەچن، خانووەکانی سەرووی سوودی لێ دەبینن، شەقام و بمیچەکانیش زۆرجار جیاکردنەوەیان ئەستەمە. لەسەر زۆرێک لە سەکۆیەکان دیواری لە لق و پۆپی درەختەکان دروستکراون، کە لە پشتیانەوە خەڵک دەخەوتن(Pfeiffer,1852, p.275). ئەم شێوازەی بنیاتنانی خانووەکان، بە شێوەی یەك لەسەر یەکتری، کە پەیوەندی بە شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەکەوە هەیە لە لاپاڵی بەرزاییەکەدا، سەرنجی هەریەك لە قەشەی ئەمریکی(جەستن پێرکینز)و مزگێنیدەری بریتانی دکتۆر(گرانت)یشی ڕاکێشاوە و قسەیان لەبارەوە کردووە .(Perkins, 1850, p.91; Laurie , 1853, p.174) ئەمە هەرچەندە پێرکینز، بە دوو دڵییەوە ناوی ناوە"شار"، لەم ڕووەوە لە بەشێکی تۆمارەکانی لەبارەی ڕەواندز دەڵێت:

"... سەردانی شارەکەمان کرد، کە بەو ناوە ناونراوە، هەرچەندە بەزەحمەت شایەنی ئەوەیە بەو ناوە شکۆمەندی لەسەر بێت" (Perkins, 1850, p93)

ئەمە و ناوبراو پرژاوەتە سەر ئەوەی باسی ئەو کەرەستانەشمان بۆ بکات کە خانووەکانیان پێ دروستکراوە، لەم بارەوە گوتوویەتی: بەشێك لە خانووەکان لە بەرد دروستکراون، بەشێکی دیکەشیان لە خشتی وشکراوەی بەر خۆر، تێکەڵ لەگەڵ بڕێکی زۆر لە (کا)ی کوتراو، هاوشێوەی ئەوانەی میسری کۆن، دروستکراون؛ چونکە، هەروەکو ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، جۆری گڵ و خاکی ناوچەکە ئەوەندە پتەو نییە تاکو بەبێ تێکەڵکردنی (کا) لەگەڵیدا بۆ بیناسازی دەست بدات. هەندێك لە خانووەکان نهۆمی خوارەوەیان لە بەرد دروستکراوە، هی سەرەوەشیان لەو جۆرە خشتانە دروستکراون(Perkins, 1850, p.93).

شایانی باسە (کلیمان)ی گەڕیدەی فەرەنسی کە لەساڵی(1856)دا سەردانی ڕەواندزی کردووە، جیاواز لەمانەی پێشوو، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی، گوتوویەتی کە خانووەکانی ڕەواندز هەموویان لە قوڕ دروستکراون، پێکهاتوون لە نهۆمێکی زەمینی(خوارەوە)، لەگەڵ نهۆمێکی سەرەوە کە خەڵکی لە هاویناندا لەسەری دەخەون (Clément, 1866, p.245). سەرچاوەیەکی دیکە ئەم شێوازەی بنیاتنانی خانووەکانی، بۆ بچووکی ڕووبەری شارۆچکەکە و ئەو ناوچەیە دەگەڕێنێتەوە کە شارۆچکەکەی لەسەر بنیاتنراوە، لەم بارەوە نووسیویەتی: خانووەکان بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرەی هەرەمەکی یەک لەسەر یەک کەڵەکە بوون، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ دابەزین، مرۆڤ بە شەقامە تەسک و پلیکانە هاوشێوەکاندا، دەبێت بەسەر بمیچی تەختی بینایەکی دیکەدا تێپەڕێت، لێرەشدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت کە ڕەنگە لە جیاتی دەرگا بە کۆلانەیەك، یان لە ڕێگەی تۆنێلێکی تاریکی ژێرزەمینەکەدا تێپەڕێت (Maunsell, vol:xii, no:5, 1896, p.236). ڕەنگە هەر ئەم ئاستەنگانەش بێت، دوا جار ئایدا فیێفەری گەیاندبێتە ئەوەی لەبارەی ڕەواندزەوە بڵێ:

"ڕاڤاندوز[بەشێوەی Ravanduz ناوەکەی تۆمار کردووە]یەکێک بوو لە شارۆچکە هەرە بەدبەختەکان هەرگیز نەمبینیوە".(Pfeiffer, 1852, P275).

هەر لەم بارەوە لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە شارۆچکەکە کەوتووەتە سەر شوێنی یەکتربڕینی دوو گەروو(مضیق) کە زێیەکانی ڕەواندز و ئالکیڤان(خەلیفان)یان پێدا تێپەڕ دەبێت، خانووەکانی شارۆچکەی ڕەواندز لەسەر قەدپاڵێکی زۆر لێژ بنیاتنراون و کۆڵانەکانیش تەسکن (Wilson, 1895, p.321).

پرسی قایمی شارۆچکەی ڕەواندز و ئەو قەڵا و قوللانەی لە شارۆچکەکە و دەوروبەریدا هەبوونە، یان پاشماوەیان ماوەتەوە، لە تۆماری بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا شوێنی خۆی کردۆتەوە، لەم ڕووەوە دەکرێ ئاماژە بە هەندێك لەو زانیارییانە بدەین کە تۆمارکراون. ئەسفەهانی لە تۆماری یادداشتنامەکەیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو کاتەی سەردانی ڕەواندزی کردووە، گەورەی ڕەواندز خەریکی دروستکردنی تۆپ و قەڵای پتەو بووە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە بۆ ئەوەی کەسانێك بێنە ناو شارۆچکەکە پێویستە بەسەر ئەو پردەدا بپەڕنەوە کە لە نێوان دوو شاخی لە بەرامبەر یەکتر هەڵکەوتوون، هەڵبەستراوە(ئەسفەهانی، 2009، ل37). لە گەشتنامەکەی (ڕیچ)یشدا هاتووە کە ڕەواندز قەڵایەکە سەر بە هۆزێکی سەربەخۆی کوردە، کەوتووەتە سەر شاخێکی زۆر بەرزی سەر بە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، زێیەك لایەکیانی کەل کردووە، لایەکەی تریشی لە هەندێ گەلیی زیاتر، ڕێگایەکی وا نزیکی تێدا نییە، بۆ بەرگری کردنیش زۆر چاك قایمکراوە(ڕیچ، 1992، ل305) .

هێنری ڕاولینسۆنی گەڕیدەی بەریتانی، لە باسی قایمی شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەی ڕەواندز، باسی ئەوەی کردووە لەلای باکوورییەوە پردێکی لە دار دروستکراو بە پتەوی لەسەر زێیەکە هەیە، کاتێك لادەبرێت، شارۆچکەکە لە دژی هەر هێرشێکی لەلای باکوورەوە بێت، پارێزراو دەبێت (Rawlinson, 1841, p.25). ئایدا فیێفەر لەم ڕووەوە باسی ئەوەی کردووە شارۆچکەی ڕەواندز لەلای باشوورییەوە بە دیوارێکی قایم دەورە دراوە .(Pfeiffer, 1852, P.275)دکتۆر گرانت، وەکو پێشتر ناومان هێنا، سەردانی شارۆچکەی ڕەواندزی کردووە و لەم بارەوە نووسیویەتی:

" بە دابەزینێکی وردە وردە گەیشتمە شارۆچکەکە، لە شوێنێکی قایمدا هەڵکەوتووە، لەگەڵ ڕووبارەکە کە بە دەوری باکوور و ڕۆژئاوادا دەڕژێت، لە نێوان کەنارە بەرز و بەردینەکەدا. دۆڵێك و پردێك لاکانی ماوەتەوە دەپارێزن، هەردووکیشیان بە دیوار و تاوەرێکی ئەوەندە بەهێز بەرگری لێدەکرێت کە بەرەنگاری هەر هێرشێکی کوردەکانی دراوسێ ببنەوە" (Laurie, 1853, p.174).

هەر لە فەرهەنگە جوگرافییەکەدا باسی قایمی ڕەواندز کراوە، بەوەی کە لە هەموو لاکانیدا، جگە لە لای زێیەکە، بە شورای دەورەدراو بە قولە(بورج)ی بازنەیی کە لە تەنیشتیدا قەڵایەکیش هەیە، دەورە دراوە (Johnston, 1852, p.1111) وا پێدەچێت ئەو شورایەی کە ئەمانەی دوایی باسیان لێوە کردووە، دوای چەند ساڵێك وەکو خۆی نەمابێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە تۆماری یەکێك لە گەڕیدەکان، دوای سەردانەکەی گرانت بۆ ڕەواندز، ئاماژە بەوە دەکات کە شوراکە لە بارێکی خراپدایە (Thielman, 1875, p.102).

شایانی باسە کاتێك لە ساڵی(1856)دا کلیمانی گەڕیدەی فەرەنسی سەردانی ڕەواندزی کردووە، لەبارەی شوێنەواری پردە جولاوە کۆنەکە قسەی کردووە، ئەوەی پێشتر ڕاولینسۆن ئاماژەی پێ کردبوو. کلیمان باسی پردێکی دیکەمان بۆ دەکات، کە شارەکە بە بەرزاییەکانی لای باشووری شارۆچکەکە دەبەستێتەوە، پێدەچێ لە مێژ نەبووبێ دروستکرابێت، هەڵگرتنی ئەمەشیان لەکاتی هێرش بۆ سەر شارۆچکەکە ئاسان بووە؛ بەڵام هەمان ئەم شوێنە، بەلای کلیمانەوە، لاوازترینی ئەو لایانەی شارۆچکەکە بووە

که له بەرامبەر تۆپی ئامادەکراو له بەرزاییەکانی بەرامبەریدا، ناتوانرێت بەرگری لێ بکرێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کاتی خۆی تورکەکان لەم لایەوە دەستیان بەسەر شارۆچکەکەدا گرتووە، شوێنەواری لێدانی گولە تۆپەکانیشیان بەرووی دیوارەکانەوە ماوەتەوە (Clément, 1866, p.245).

سەرچاوەیەکی دیکە لەبارەی ڕەواندز نووسیویەتی: بە شێوەیەکی سروشتی زۆر بەهێزە لە شوێنی خۆیەوە، شوێنەکە زیاتر بە قەڵایەک یان قایمکارییەك له دیوەکەی تری ڕووبارەکە بەرگری لێدەکرێت، هەروەها لە ڕێگەی چەندین تاوەری بچووکتر لەسەر بەرزاییەکانی لاکانی دیکەی تەنیشتی- بێگومان هەموویان بێ بەهان لە بەرامبەر تۆپدا، بەڵام لەلایەن هیچ هێزێکی یاخیبووی شاخەوانەوە ناتوانرێت بەسەریدا زاڵبیت (Mccoan, 1879, p.68). ئەمانەی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەوا ڕەواندز شارۆچکەیەکی تا ڕادەیەك قایم بووە، شوورا و قەڵا و تاوەرەکانی، لەپاڵ سروشتی هەڵکەوتنی لەسەر بەرزاییەك و دۆڵەکانی تەنیشتیدا(خەرەند)، ڕۆژانێك ڕۆڵیان لەپارێزگاریکردن لە شارۆچکەکە هەبووە، بەتایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی میرنشینی سۆراندا.

ڕێگاوبان و شەقامەکانی شارۆچکەی ڕەواندز، لەلایەن بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی ئەو گەڕیدانەی سەردانیان کردووە، ئاوڕی لێ دراوەتەوە. لەم بارەوە جەستن پێرکینز ئاماژەی بەوە کردووە کە کاتێك ویستوویانە بچنە بارەگای فەرمانڕەوای ڕەواندز، بە ڕێگایەکدا ڕۆیشتوون کە لە قاڵدرمەی بەردین پێکهاتبوو، هەروەها نووسیویەتی: "...شەقامەکانی تەسك، پێچاوپێچ و بێ ئەندازە پۆخڵن" ,Perkins) (1850, p.93، تیلمانی گەڕیدەی ئەڵمانی و سەرچاوەیەکی دیکەی سەدەی نۆزدە، هەردووکیان ئاماژەیان بە لێژی و تەسکی شەقامەکانی شارۆچکەی ڕەواندز کردووە (Thielman, 1875, p.101; Wilson, 1895, p.321).

کلیمانی گەڕیدەی فرەنسی ئەویش سەرنجی خۆی لەبارەی شەقامەکانی ڕەواندز تۆمارکردووە، لەم بارەوە نووسیویەتی: "شەقامەکان زۆر خلیسکێنن و بێ ئەندازە خواروخێچ و پۆخڵن" (Clément, 1866, p.245). هەروەها ماونسڵی گەڕیدەی بەریتانی لە نەوتەکانی سەدەی نۆزدە بە کوردستان و ناوچەکەدا گەڕاوە و سەردانی ڕەواندزی کردووە، باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شەقامەکان تەسکن و لە شێوەی قاڵدرمەدان (Maunsell, 1896, p.21).

خان یان (کاروانسەرا)کان یەکێکی دیکەن لەو ڕووکارانەی ئاوەدانی، لەلایەن گەڕیدەکانەوە کەمێك زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە. شایانی باسیشە بەشێوەیەکی گشتی خانەکان دوو جۆربوون، جۆری یەکەمیان ئەوانە بوون لە دەرەوەی شار و شارۆچکەکان بنیاتدەنران، جۆری دووەمیشیان لە ناو شار و شارۆچکەکان بنیاتدەنران[xi]. گەڕیدەی بەریتانی ویلیام فرانسیس ئاینسۆرس William Francis Ainsworth[xii] لەساڵی(1842) سەردانی ڕەواندزی کردووە، لە گەشتنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێك گەیشتووەتە ناو شارۆچکەکە لەپێناو پشوودان بۆ شەوەکەی لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی ڕوویان لە کاروانسەرای شارەکە کردووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە خانەکە قەرەباڵغ و پۆخڵ بووە، بەڵام چالاکییەکی گەورەی بازرگانی لێ بووە(Ainsworth, 1842, p.320, 324). لە ڕاستیدا شێوازی وەسفکردنی ئەو کاروانسەرایەی ڕەواندز بە پیسی و پۆخڵی و هەبوونی تەپ و تۆز و مێش و مەگەز، لەلایەن مزگێنیدەرێکیشەوە، کە لەساڵی(1850)سەردانی ڕەواندزی کردبوو، سێ شەو لە سەر سەکۆکەی خانەکەدا خەوتبوو، باسی لێوە کراوە The Missionary (Herald..., vol: xlvi,No.12, 1850, p.411 ). وا دیارە ئەم جۆرە سەرەنجەی هەریەك لە ئاینزۆرس و مزگێنیدەرەکە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانە پێشتر سەردانی شارە گەورەکانیان کردووە و لەوێ خانی گەورە و باشتریان بینیوە، کە لەگەڵ ئەوەی ڕەواندز بەراورد ناکرێن؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی خان لە ڕەواندز مانای هەبوونی جۆرێك لە جموجۆڵی بازرگانی و هاتن و چوونی گەشتیاران و بازرگانان لە نێوان شارۆچکەکە و ناوچەکانی دیکە دەگەیەنێت.

کاتێك گەڕیدەیەکی ئەڵمانی لە ساڵی(1872) سەردانی ڕەواندز دەکات، باسی ئەوەی بۆ کردووین کە لە ژوورێکی ئاسایی نهۆمی سەرەوەی کاروانسەراکەدا ماونەتەوە، دواتر بۆ ئەنجامدانی مامەڵە و ڕێوشوێنە کارگێرییەکان چوونەتە لای قایمقام، پاش تەواوکردنی مامەڵەکان، گەڕاونەتەوە ناو کاروان سەراکە. تیلمان بەجۆرێك باسی کاروانسەراکەی کردووە کە دیوارەکانی نایاب نەبوو (Thielman, 1875, p.104). وا پێدەچێت ئەم شێوازەی وەسفی تیلمان بۆ کاروانسەراکەی ڕەواندز، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە پێشتر لەو شارە گەورانەی سەردانیانی کردووە، کاروانسەرای گەورە و باشی بینی بێت، بۆیە ناتوانرێت بەیەکتری بەراوردبکرێن.

لە گەشتنامەی گەڕیدەیەکی بەریتانیدا، کە لە ساڵی(1878)دا بۆ کوردستان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدراوە، ئاماژەی بەوە کردووە پاش ئەوەی گەیشتووەتە شارۆچکەی ڕەواندز، ڕووی کردووەتە (خان)ێك، تاکو نامەیەك(بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی دیاربخات)، بە گەورەی بازرگانانی ئەرمەن بدات کە لە خانەکەدا ئامادە بووە (Mccoan, 1879, p.68). ئەمەی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە لە شارۆچکەی ڕەواندز کاروانسەرا هەبووە، هەروەها بازرگانان و ڕێبوارانیش لەکاتی پێویستدا ڕوویان تێکردووە و لەوێ حەوانەتەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، لەوانە:

1. لەبارەی پرسی باری دیمۆگرافی ڕەواندز، بەهۆی جیاوازی ئامانجی گەڕیدەکان لە سەردانیکردنی ڕەواندز، تێبینی هەبوونی جیاوازی دەکرێ لە خستنەڕووی ژمارەیەکی دروستی دانیشتووانی ڕەواندز و ماڵەکانی شارۆچکەکە. ئەو زانیارییانەی لەمبارەوە تۆمارکراون، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزە، ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە لە(10)هەزار تێپەڕی نەکردووە.
2. پێکهاتەی دانیشتووانی ڕەواندز کەمترین زانیاری لەبارەوە تۆمارکراوە، ئەمەش زیاتر ئەو گەڕیدانە پەیان پێبردووە کە بە مەبەستی کاری مزگێنیدەری سەردانی ڕەواندز و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیان کردووە، نموونەی قەشە ستێرنشوس و ژۆزێف بنیامین و جەستن پێرکینز.
3. شوێنی هەڵکەوتنی ڕەواندز و شێوازی بنیاتنانی خانووەکانی، وەکو دیارترین ڕووالەت لە ڕووالەتەکانی ئاوەدانی شارۆچکەکە، سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە و سەرسامی خۆشیان لەبارەوە نیشانداوە .
4. پاشماوەی شورا و قەڵا و قولەکانی ڕەواندز، لایەنێکی دیکەی ئەو ڕووالەتانەیە کە لە یاداشتی گەڕیدەکاندا زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەن کە پێشتر شارۆچکەکە، بەتایبەت لەو کاتەی مەڵبەندی میرنشین بووە، ئاوەدانی بەخۆوە بینیوە.
5. یەکێك لەو تایبەتمەندییە نەرێنیانەی کەوا گەڕیدەکان قسەیان لەبارەوە کردووە، بریتییە لە تەسکی و خوار و خلیچی شەقامەکانی شارەکە. ئەمەش بەشێکی لەسۆنگەی شێوازی بنیاتنانی خانووەکان و شوێنی هەڵکەوتنی شارۆچکەکەوە هاتووە، هەروەکو هەندێك لە گەڕیدەکان ئەماژەیان پێداوە.

## ليستى سەرچاوەكان:

### بڵاوكراوەى فەرمى:

#### بەزمانى ئینگلیزی:

Dikson E. D., (1894), The Outbreak of Cholera in Mesopotamia and Syria in 1889, 1890 and 1891, In: Transections of the Epidemiological Society of London, vol.xiii, , London.

### كتێب:

#### به زمانی كوردی:

-ئومێد ئاشنا(وەرگێڕ) (1998)، گەشتەكەی فرەیزەر بۆ كوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی 1834، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشك.

-ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر(2006)، رەواندز/ لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی –سیاسی 1918-1939، چاپی یەكەم ، سلێمانی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی ی كوردستان.

-عەبدولرەزاق ئەسفەهانی(2009)، گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و ڕەواندز، وەرگێڕانی: زاهیر محەمەد رەشید، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

-عەبدوڵڵا غەفور(2012) جوگرافیای باشووری كوردستان، چاپی دوەم، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.

-كلاوديوس جەیمس ریچ (2012)، گەششتنامەی ریچ بۆ كوردستان 1820 ، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، دهۆك، چاپخانەی خانی.

#### به زمانی عەرەبی:

-حسين حزنى المكرياني(د.ت)، موجز تأريخ امراء سوران، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، بغداد، مطبعة سلمان.

-حسين محمد فهيم(1989)، ادب الرحلات، الكويت، سلسسلة كتب ثقافية( عالم المعرفة).

-جون. س. كيست(2005)، الحياة بين الكرد- تاريخ الايزيديين ، ترجمة: عماد جميل مزوري ، ط1 ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل ، مطبعة وزارة التربية.

-خورشيد باشا(2009)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران ، ترجمة: مصطفى زهران ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

-جمال بابان(1989)، اصول اسماء المدن العراقية ، الطبعة الثانية، بغداد، مطبعة الأجيال.

-جمال نەبەز(2003)، الامير الكردي مير محمد الرواندزي الملقب ب(ميرى كۆره)، الترجمة: فخري سلاحشور، اربيل، مطبعة وزارة التربية.

-خورشيد باشا(2009)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران ، ترجمة: مصطفى زهران ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

-سلمى لعريبي و خديجة طويطو(2020)، ادب الرحلة بين الفضاء الجغرافي و التأريخ و الثقافة/كتاب وصف افريقيا للحسن الوزان أنموذجا، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، قسم الادب العربي، الجزائر.

-شاكر خصباك(1973)، العراق الشمالي/دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، بغداد، مطبعة شفيق.

#### بەزمانی ئینگلیزی:

-Alex Keith Johnston(1852), Dictionary of Geography, Descriptive, Physical, Statistical, and Historical, Forming a Complete General Gazetteer of the World, London, Murray and Gibb Printers.

-Baron Max Von Thielman(1875), Journey in the Caucasus, Persia, and Turkey in Asia, Vol:II, John Murray, London.

-Charles Wilson(Editor)(1895),Handbook for travellers in Asia Minor Transcaucasia, Persia, London, John Murray.

- Claudius James Rich(1836) Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, With Journal of a Voyage Down the Tigris to Bagdad and account of a visit to Shirauz and Persepolis, Vol: I, London, James Duncan, Paternoster Raw.

-Cyprus and Asiatic Turkey, 1878, London, Bradbury, Agnew Co. Printers. -Eltsee Reclits(1885), The Earth and its Inhabitants/ Asia, Vol: IV, New Yourk, D. Appliton Company.

-George Rawlinson(1898), A memoir of Major-General Sir Henry Creswicke Rawlinson, London, Longman Green and Co.

-M. G. Gerard,(1883) Notice of a Journey Through Kurdistan in the winter of 1881-82, Calcutta, The Superintendent of Government printing .

-Henry Martin Perkins(1887), Life of Rev. Justin Perkins, Chicago.

-IDA Pfeiffer(1852), A Woman's Journey Round the World, from Vienne to Brazil, Chili, Tahiti, China, Hindustan, Persia, And Asia Minor, Third Edition, London, Engram, Cooke, Co..

-J. Carlile Mccoan(1879), Our New Protectorate, Turkey in Asia, Its Geography, Races, Recourses, and Government, Vol: I, London, R. Cloy Sons and Hill .

-J. J. Benjamin, (1863), Eight Years in Asia And Africa from 1846-1855,Hanover,

-Robert ker Porter(1822) , Travels in Georgia , Persia, Armenia , Ancient Babylon , during the years 1817 , 1818 , 1819 , 1820 ,vol.II , Longman, Hurst press ,London.

-Thomas Lourie(1853), DR. Grant and the Mountain Nestorians, Edinburgh, Johnston and Hunter .

-William Francis Ainsworth,( 1842). Travels and Researches in Asia Minor Mesopotamia, Chaldea ,and Armenia, vol. II, Harrison and son com. Printers, London.

-W. H. Adam(1883), Davenport, Celebrated Women Travellers of the Nineteenth Century, London, W. Swan, Sonnecnsheins and Co..

#### به زمانی فەرەنسی:

-Elisee Reclus(1884), Nouvelle Géographie Universelle La Terre et Les Hommes, IX(L'Asie Antérieure),Paris, Librairie Hachette

-Vital Guinet, Vital (1890), La Turquie D, Asie; Géographie Administrative Statistique Descriptive et Raisonnée de Chaque Province de L' Asie Mineure, Tome Deuxième Ernest Leroux, Paris.

#### به زمانی ئەڵمانی:

-Friedrich Spiegel(1868), Eran Das Land Zwischen Dem Indus and Tigris, Beitrage Zur Kenntnissk Des Landes Und Seiner

Geschichte, Berlin, FERD . Dummler 's Verlagsbuchhandlung.

**ئینسکلۆپیدیا:**

-ئەحمەد تاقانە(وەرگێر)(2010)، قامووسئەعلامی شەمسەدین سامی/ کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

**وتار و توێژینەوە:**

**بە زمانی عەرەبی:**

-أصداء عبدالحميد التحافي(2012)، الخصائص الشكلية لمخططات الخانات في العمارة الاسلامية/دراسة تحليلية، مجلة جامعة دمشق للعلوم الانسانية، 28(1)،دمشق.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

-F.R. Maunsell(1896), Eastern Turkey in Asia and Armenia, In: Scottish Geographical Magazine, Vol.XII, No:5,May 1896, Edinburgh, T. and A.Constable.

-H. C. Rawlinson (1841), Notes on a Journey from Tabriz, through Persian Kurdistan, to the Ruins of Takhti-Soleiman, and from thence by Zenjān and Tárom, to Gilān, in October and November, 1838; with a Memoir on the Site of the Atropatenian Ecbatana, London, John Murray.

-Justin Perkins(1851), Journal of a Tour from Oroomiah to Mosul , through the Kurdish Mountains , and a Visit to the Ruins of Nineveh, Journal of the American Oriental Society, Second Volume, New York, B. L. Hamlin.

-The Jewish Herald, And Record of Christian Effort for the Spiritual Good of God's Ancient People(1850),Vol: V, London, Aylott and Jones .

-The Missionary Herald, Containing the Proceedings of the American Board of Commissioners for Foreign Missions(1850), Vol: XLVI ,No.12, December 1850, Boston, Marvin Press .

**بە زمای فەرەنسی:**

-A. Clément, (1866), ''Excursion dans le Kurdistan Ottoman méridional; de Kerkouk a' Rawanduz en 1856'', In: Mémoire de la Société de Géographie de Genève, Genève.

## پەراوێزەکان

[1] ناوی تەواوی هێنری کرۆسویك راولنسۆن(1810-1895)ه، لە شارۆچکەی(چادلینگتن) لە(ئۆکسفۆرد) لەدایك بووە. دوای پێگەیشتنی، ماوەیەك وەکو ئەفسەر لە سوپای(بۆمبای) لە هیندستان کاری کردووە. دواتر وەکو کەسێکی پسپۆر لە بواری شوێنەوارناسی و گرنگیدان بە خوێندنەوەی زمانە کۆنەکان بەدیار کەوتووە. گەشتێکی دوور و درێژی بە ناوچەکانی کوردستان و میزۆپۆتامیا ئەنجام دا. ماوەیەك وەکو بریکاری سیاسی لە نشینگەی بریتانی لە بەغدا کاری کردووە. دواتریش لەنێوان سالانی (1851-1855)وەکو بریکاری سیاسی و کونسولی گشتی بریتانی لە شارەکە کاری کردووە. لەسالی(1895) کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و کار و چالاکییەکانی ئەم کەسایەتییە، بڕوانە: (Rawlinson, 1898).

[1] ناوی عەبدولڕەززاق ئەسفەهانییە، زانیاری لەبارەی مێژوو و ژیدی لەدایکبوونی نییە. ئەوە زانراوە لە دەوروبەری سالانی(1813-1814ز)دا ویستوویەتی لە تەوریزەوە روو بکاتە ئەوروپا، سەردانی هەندێ ناوچەی رۆژهەلاتی کوردستانی کردووە و بە ناوچەی رەواندزیشدا تێپەڕیوە، هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو ناوچانە و خەلکەکەی تۆمار کردووە(ئەسفەهانی، 2009، 3-7).

[1] نیگارکێش و گەڕیدە بوو، لە(ئەیلولی 1818) لە بەغداوە بەڕێ دەکەوێ، لە میانەی گەشتێکیدا سەردانی چەند ناوچەیەکی وەکو: سلێمانی، کفری، داقوق، کەرکوك و بازیان و هی دیکەی کردووە. بڕوانە:(Porter, 1822, Vol: II, 427-470).

[1] لە سالی(1783) لە شاری(ئەڤرنیس)لە سکۆتلاند لەدایك بووە. رۆژگارێکی زۆری لە تەمەنی خۆی بە گەشت و گەڕان بەسەر بردووە. یەکەم گەشتیشی بۆ هیندستان بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ لەندەن،جارێکی تر بەیاوەری دوو میری ئێرانی کە دوورخرابوونەوە، خۆی گەیاندەبوو ئەستانە. لە سالی(1823) ژنی هێناوە. لە سالی(1834)دا لە ئەستانەوە بە کارێکی دیپلۆماسی دەولەتی بریتانیا دەستی بەگەشتێك کردووە بۆ تەوریز و دواتر بە چەند ناوچەیەکی رۆژهەلات و باشووری کوردستاندا گەڕاوە و سەردانی شاری سلێمانیشی کردبوو لەو کاتەی کە سلێمان پاشا(1834-1834) میری میرنشینی بابان بوو. ناوبراو دواتر لە ریگای کفرییەوە دەچێتە بەغدا، دوای ماوەیەك بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. فرەیزەر لە سالی(1856)کۆچی دوایی کردووە( ئاشنا، 1998، ل3-7).

[1] ئەساهێل ویلیام گرانت A. W. Grant لە(17ی ئابی 1807) لە شارۆچکەی مارشال لە ویلایەتی نیویۆرك لە دایکبووە. لە زانکۆی ئۆتیکا لە ویلایەتی ماساشۆسیتس پزیشکیی خوێندووە، دواتر وەکو مسۆنێرێك لەگەل کۆمەلەی American Board of Commissioners for Foreign Mission)) بە مەبەستی کاری مسیۆنێری لەناو نەستوورییەکاندا، سەردانی کوردستانی کردووە. لە(24ی نیسانی 1844) لە موسل کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Laurie, (1853, ,13-21, 305).

[1] ناوبراو لە(14ی تشرینی یەکەمی1897) لە ڤیەننا لەدایکبووە. لە میانەی دوو گەشتی ماوە درێژدا، یەکەمیان لە نێوان سالانی(1846-1848)، دووەمیشیان لە نێوان سالانی(1851-1855)، بە ناوچەیەکی زۆر لە هەر شەش کیشوەر(ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای باکوور، ئەمریکای باشوور و ئوستورالیا)دا گەڕاوە و لە میانەیاندا سەردانی کوردستانی کردووە و چەند رۆژێکیش لە رەواندز ماوەتەوە. سەرگوزەشتەی گەڕانەکانی لە چەند کتێبێکدا بلاوکراوەتەوە. لە(27ی تشرینی یەکەمی 1858) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (Adam, 1883, 215-269).

[1] ناوبراو لە(5ی ئاداری 1805) لە خێزانێکی پەیڕەوکاری ئاینی مەسیحی لە دایکبووە. دوای ئەوەی لە سالی(1933) رازی دەبێت بە سەرپەرشتیکردنی نێردەیەکی مسیۆنێری بۆ ناو نەستوورییەکانی کوردستان، لە بەهاری(1944) دەستی بە گەشتەکەی کردووە و لە میانەیدا بە چەندین شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا گەڕاوە. لە(31ی کانوونی یەکەمی1869) کۆچی دوایی کردووە (Perkins, 1887, 9_13,76).

[1] ناونیشانە ئینگلیزییەکەی بریتییە لە :

Our New Protectorate: Turkey in Asia its Geography, Races, Resources, and Government.

[1] ناونیشانە فەرەنسییەکەی بریتییە لە :

Nouvelle Géographie Universelle La Terre Etles Hommes.

[1] ناونیشانە ئینگلیزییەکەی بریتییە لە :

Handbook for travellers in Asia Minor Transcaucasia, Persia.

[1] لە(28ی ئاداری1787) لە نزیك(دیجۆن)ی سەر بە شاری(بوگەندی) لە فەرەنسا لە دایك بووە. ماوەیەك دوای ئەوە بنەمالەکەیان روو لە بریتانیا دەکەنەوە و لە(بریستۆل) نیشتەجێ دەبن. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ریچ خولیای ئاشنابوون بە زمان و توێژینەوە لەبارەی زانستەکانی رۆژهەلات دەبێ و لەم رووەوە بلیمەتیی لێ بەدی کراوە. لە سالی(1803) پەیوەندی بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی بریتانی دەکات و دوای سالێك بەرەو هیندستان دەکەوێتە رێ. لە نێوان سالانی(1808-1821) وەکو بەڕێوەبەری نشینگەی بریتانی لە بەغدا کار دەکات. لەسالی(1920) بە بیانووی پارێزگاری کردن لە تەندروستی خۆیی و حەسانەوە، روو لە ناوچەکانی کوردستان دەکات و ماوەیەکیش لە سلێمانی دەمێنێتەوە. ناوبراو لە(5ی تشرینی یەکەمی 1821) بەهۆی تووشبوونی بە پەتای(رشانەوە) کۆچی دوایی دەکات(ریچ ، 2012 ، ل25-31).

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ریشەی ناوی (خان) و (کاروانسەراکان)، جۆرەکانیان، شێوازی بنیاتنانیان و هۆکاری بنیاتنانیان بڕوانە: (التحافي، 2012، 209-215 ؛ العريبي و شكور، 2020، 56-58).

[1] پزیشك و هەردناسێکی بریتانی بوو، سەرۆکایەتی ئەو نێردەیەی کرد کە بە نێردەی(دۆزینەوەی کوردستان) ناسراوە، لە سالی(1837)دا لە لایەن (کۆمەلەی جوگرافیایی شاهانەی بریتانی)یەوە راسپێردرا بوو بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی دۆزینەوەیی بە ناوچەکانی ئاسیای بچووك و کوردستاندا. ناوبراو شایەتحالی ئەو رووداوانەیە کە لە میانەی لەشکرکێشییەکانی دەولەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا هاتبوو(کیست، 2005 ، ص180-181).

# ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری (شیکردنەوەیەکی تیۆری)

**ساراکمال معروف، توانا فەرەیدون حسێن**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** لە دەیان ساڵی ڕابردوودا جیهانگیری ئابوری بووەتە یەکێک لە هێزە کاریگەرەکان، کە جیهانی مۆدێرنی داڕشتووە. بەجۆرێک ئاماژەیە بۆ زیادبوونی یەکگرتنی ئابورییە نیشتمانییەکان لە ڕێگەی لابردنی بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕۆیشتنی سەرمایە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی جیهانی. ئەم گۆڕانکارییە ڕێگەی بە کاڵا، خزمەتگوزاری، کار و سەرمایە داوە کە ئازادانەتر لە جاران لە سنوورەکاندا بجوڵێن، لە ئەنجامدا زنجیرە بەرهەمهێنانی نێودەوڵەتی و سیستەمی دارایی یەکگرتوو سەرهەڵدەدات. ئاڵۆزی و پەرەسەندنی خێرای ئەم دیاردەیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتری کۆمەڵناسی و تیۆری هەیە لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانی. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە لە جیهانگیری ئابوری دەکۆڵێتەوە، بە سوودوەرگرتن لە تیۆری پێکهاتەیی ئەنتۆنی گیدنز و چەمکە گرنگەکەی پاڵەپەستۆی کات-فەزا. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئامرازە سەرەکییەکان و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری. لە ئەنجامیشدا دەگاتە ئەوەی جیهانگیری ئابووری لە کاتێکدا کە بەشدارە لە گەشەسەندنی ئابوری و پەیوەندیکردن، بەتایبەتی لە بازاڕە تازەپێگەیشتوەکاندا، بەڵام نایەکسانی جیهانیش چڕتر دەکاتەوە، پیشەسازییە ناوخۆییەکان کز دەکات و بەشداری لە کێشەدروستکردنی ژینگەیی و سیاسیی جددی دەکات.

**کلیلە ووشەکان:** جیهانگیری، جیهانگیری ئابوری، ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری، جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

## پێشەکی:

جیهانگیری یەکێک لە پرۆسە گرنگ و پڕ مشتومڕییەکانی جیهانی هاوچەرخ. بە شێوەیەک چڕبوونەوەی کارلێکە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و کەلتورییەکانە لە سنوورەکانەوە و لە ئەنجامدا پەیوەندیي نێوان کۆمەڵگاکان زیاد دەکات. لەم نێوەندەدا پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای گواستنەوە و پەیوەندی و زانیاری ئەم کارلێکانەی خێراتر کردووە و گرنگی مەودای جوگرافی کەمکردووەتەوە و جوڵەی کاڵا، بیرۆکە، سەرمایە و تەنانەت مرۆڤەکانیشی خێرا کردووە. لە نێوان ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی جیهانگیریشدا، جیهانگیری ئابوری پێگەیەکی گرنگی هەیە و ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی یەکخستنی ئابورییە نیشتمانییەکان لە یەک بازاڕی جیهانیدا لە ڕێگەی ئازادکردنی بازرگانی، فراوانبوونی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، جوڵەی سەرمایە و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابورییە جیهانییەکان. ئەم پرۆسەیە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی گۆڕیوە و ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕێکخستنی ئابوریدا داڕشتووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسی بۆ جیهانگیری ئابوری دەکات بە تایبەت ئامراز و جۆرە سەرەکییەکانی. بەجۆرێک لە جیهانگیری ئابوری نەک تەنها وەک پرۆسەیەکی ئابوری، بەڵکو وەک گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕ و حوکمڕانی لەسەر ئاستی جیهانی ڕێکدەخاتەوە، دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە ئامرازە سەرەکییەکان دیاری دەکات کە جیهانگیری ئابوری لە ڕێگەیەوە کاردەکات، لەوانە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، بلۆکە ئابوورییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری، تۆڕەکانی میدیای جیهانی، و دامەزراوە دارایی و بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانک و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی. ئەم ئامرازانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئاسانکاریکردنی ڕەوتی نێودەوڵەتی کاڵا، سەرمایە، کار و زانیاری. دواتریش جۆرە سەرەکییەکانی جیهانگیری ئابوری و لێکەوتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵدەسەنگێنێت. لە کاتێکدا ئەم پرۆسانە بەشدارییان لە گەشەی ئابوری و فراوانبوونی بازاڕ و زیادبوونی پەیوەندی جیهانی بەیەکەوە کردووە، بەتایبەتی لە ئابورییە تازە گەشەسەندووەکاندا، بەڵام نایەکسانی ئابوری کۆمەڵایەتیشیان دروستکردووە و توانا بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لاوازکردووە، سەروەری دەوڵەتیان سنووردار کردووە و کێشەی ژینگەیی و سیاسی بەرچاویان دروستکردووە.

## یەکەم
## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە The problem of study

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە کێشەی توێژینەوە، ئیتر توێژینەوەی زانستە سروشتییەکان بێت یان زانستە مرۆییەکان. واتە هەڵبژاردن و داڕشتنی کێشە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەکە، بەهۆی ئەوەی خاڵی دەستپێکە بەرەو خاڵەکانی دیکەی توێژینەوە، بەجۆرێک هەندێک لەوانەی بایەخ بە توێژینەوە دەدەن پێیان وایە دیاریکردنی کێشە بریتییە لە نیوەی توێژینەوەکە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp57-63
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 14 كانون الثاني 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: sara.maarouf@nit.edu.krd, twana.husein@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 ساراکمال معروف، توانا فەرەیدون حسێن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(زیاری،٢٠١٨: ١٢٥). لێرەشدا کێشەکە لە ناونیشانی توێژینەوەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە. پرۆسەی جیهانگیری ئابوری بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵی بەسەر دوونیای مۆدێرندا کێشاوە، هەربۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری چین؟ لەپاڵ ئەوەدا جۆرەکانی کامانەن؟ لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵدەدرێت ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری ڕوون بکرێتەوە بەو پێیەی بابەتێکی گرنگە لەنێو کایەی کۆمەڵناسی ئابوریدا و جێی بایەخێکی گەورەی کۆمەڵگای مۆدێرنە.

### گرنگی توێژینەوەکە The importance of study

سەبارەت بەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەکەی تیۆرییە بە ناونیشانی (ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری)، کۆمەڵێک گرنگی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە بریتییە لە ١. گرنگیدان بە دەرخستنی ئەو ئامرازانەی لەڕێگایەوە جیهانگیری ئابوری بڵاو دەبێتەوە و جێگای خۆی جێگیر دەکات، ٢. گرنگیدان بە دیاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی ناو جیهانگیری ئابوری بە شێوەیەکی تیۆری.

### ئامانجەکانی توێژینەوەکە The aims of study

ئامانجی توێژینەوە ڕەگەزێکی گرنگە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دەکرێت ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم جۆرە بخەینەڕوو:

1) دەرخستن و شیکردنەوەی ئامرازەکانی جیهانگیری ئابورییە بە شێوەیەکی تیۆری.
2) دیاریکردنی جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

### میتۆدی توێژینەوەکە Research methodology

میتۆد بریتییە لە هەنگاوێکی زانستی ڕێکخراو و یەکبەدوایەک کە توێژەر هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دوای دەکەوێت بە مەبەستی جێگیرکردنی ئەو ئامانج و گریمانانەی کە لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا وێنای بۆ کردوون (حمداوي،٢٠٢٠: ٢٩). ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە، بە شێوازی وەسفی شیکاری، بە ئامانجی شیکردنەوەی ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

## دووەم
## ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری:

سەرەتا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتگیری سەیری جیهانگیری بکەین، جیهانگیری وەک چەمک بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی کەنەدی 'مارشاڵ ماکلوهان'ەوە (١٩١١-١٩٨٠)، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (Understanding media: the extensions of man)کە لە ساڵی (١٩٦٤) بڵاوکردەوە هاتە ناو بواری ئەدەبەوە، بە جۆرێک کە زاراوەی گوندی جیهانی (Global village) بۆ ئەم پرۆسەیە بەکارهێنا. چەمکی جیهانگیری لە قوتابخانە بازرگانییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا وەک هارڤارد و ستانفۆرد و کۆلۆمبیا هەروەها دواتریش لە هەشتاکانی پێشووەوە لە بڵاوکراوە و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە ئابورییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکارهێندراوە. جیهانگیری مانایەکی وەک یەکگرتنی کۆمەڵگاکان و تێگەیشتن لە جیهان وەک یەک شوێن پێدەدرێت، بە لەدەستدانی گرنگی سنوورە جوگرافییەکان .(Hasanoğlu,2001:72) هەروەها بە تێکەڵکردنی بازاڕە جیهانییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و وەگەڕخستنی ڕاستەوخۆی سەرمایە و شوێنگۆڕکێ و گواستنەوەی سەرمایە، هێزی کار و کەلتور لە چوارچێوەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاددا دەبیندرێت (بێک و شرینێبرگ،٢٠٢٠: ١٥).

پێناسە و مانای جیهانگیری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، لای هەندێک تەنها پڕوپاگەندەیەکە کە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بەکاریدەهێنن، بۆ هەندێکی تریش پرۆسەیەکە کە شێوەی جیهان دەگۆڕێت و گرنگی سنوور لەناودەبات. جیهانگیری بڵاوبوونەوەی بەها ماددی و ڕۆحییەکانی وڵاتانە لە سەرانسەری جیهان لە دەرەوەی سنووری نەتەوەییەکان و نەمانی جیاوازی، ڕەنگە ئەو بەهایانەشی کە باس دەکرێن سروشتی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کەلتورییان هەبێت (Albeni&Eroğlu,2002:17).

واتە دەکرێت بڵێین جیهانگیری پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە کە پەیوەندی و کارلێکی نێوان دانیشتوانی جیهان زیاد دەکات بەهۆی پێشکەوتنەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیاوە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکەکان دەکات لە سنوورەکانەوە.

هەریەک لە نوسەران 'John Baylis, Stave Smith, Patricia Owens' لە پێشەکی کتێبی (The globalization of the world politics) باس لە سێ تیۆری بنەڕەتی دەکەن سەبارەت بە جیهانگیری ئەوانیش، مارکسیزم، لیبراڵیزم و ڕیالیزم. بەبڕوای مارکسیستەکان، جیهانگیری دیاردەیەکە کە جیهانی ڕۆژئاوا پێشەنگایەتی کردووە، لە هەمان کاتدا وەکو بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری دەبینن و پێیان وایە قۆناغی کۆتایی گەشەی سیستمی سەرمایەدارییە. بەبڕوای لیبراڵەکان، لەگەڵ جیهانگیریدا دەوڵەتەکان لە ناوەندی جیهاندا نەماون، بەهۆی ئەوەی ئیدی فاکتەری سەرەکی دیاریکەری سیاسەتەکانی جیهان دیاردەی جیهانگیرییە، کاتێکیش ئەمان دەڵێن ئیتر دەوڵەت لە ناوەندی جیهاندا نییە جەخت لەسەر هەژموونی ڕەهای بازاڕی نێودەوڵەتی لەگەڵ جیهانگیری سەرمایەداری دەکەنەوە و ئاماژە بە دەسەڵاتی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکەن. هەرچی ڕیالیستەکانە، بڕوایان وایە جیهانگیری دابەشبوونی ناوچەیی جیهان ناگۆڕێت و ناتوانێت هیچ شتێک لە سەروەری دەوڵەتەکان بسەنێتەوە، دەوڵەتان هەمیشە وەک هۆکاری بڕیاردەر لە سیاسەتی جیهانیدا دەمێننەوە (Baylis&Smith,2008:4). واتە وەک دەبینین، هەریەک لەم ڕوانگانەی کە خستمانەڕوو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە پرۆسەیەکی دیاری وەک جیهانگیری، بە نموونە ڕوانگەی لیبراڵیزم زیاتر ئەرێنی دەبیندرێت، پێیان وایە لەجیاتی ئەوەی کە دەوڵەتەکان دیاریکەری سیاسەتی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بن، ئیدی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم ئەرکەیان گرتۆتە دەست و ناوبانگیان بەدەستهێناوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ڕیالیزم پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی سەروەری دەوڵەت دەکاتەوە و پێیان وایە کە جیهانگیری ناتوانێت سەروەری دەوڵەت و یەکپارچەییەکەی تێکبدات. هەرچی مارکسیزمیشە ڕەخنەگرانەیە بەرانبەری و لایوایە، کە ئامرازێکی درێژکردنەوەی بازاڕەکانی سەرمایەدارییە بۆ گشت وڵاتانی جیهان، بەجۆرێک دەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتی دەستەبژێری سەرمایەدار و ململانێی چینایەتی و نایەکسانی ئابوری.

لە پرۆسەی جیهانگیریدا وڵاتانی جیهان دابەش دەبن بە سەر چەند پۆلێکدا ئەوانیش: وڵاتانی دەوڵەمەندی وەک ئەمەریکا، کەنەدا، ژاپۆن، ئوستورالیا و نیوزلەندا، هەروەها وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەم وڵاتانە دیاریکەری پرۆسەی جیهانگیرین و ئاڕاستەی ژیانی ئابوری و سیاسی جیهان دەکەن. وڵاتانی تازە پیشەسازی وەک تورکیا، بەڕازیل، ئەرجەنتین، مەکسیک، تایوان، کۆریای باشوور، هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە، ئەمانە لە قۆناغی پیشەسازیدان و هەوڵی پێشکەوتن دەدەن لە کەرتی داراییدا. وڵاتانی کشتوکاڵی پێشکەوتووی سنووردار وەک تایلاند، مالیزیا، چین و ئەندەنوزیا، ئەمانە لە سەرەتای گەشکردندان بەڵام زۆر پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن.

ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی گواستنەوەدان، وەک وڵاتانی پێشووی بلۆکی ڕۆژهەڵات، پۆڵەندا، هەنگاریا، ڕۆمانیا و ڕوسیا، هەوڵ دەدەن لە سۆشیالیزمەوە بگوازرێنەوە بۆ پرۆسەی بازاڕی ئازاد. وڵاتانی ئۆپێک وەک سعودیە، کوەیت و قەتەر، کە زۆرێکیان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ڤەنزوێلا و نەیجیریا هەناردەکارانی نەوتن و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دیاریکردنی سیاسەتی جیهان هەیە، بەڵام ناوبەناو دووچاری چەوساندنەوە و توندوتیژی دەبنەوە. هەندێک لە وڵاتانی هەژاری کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمەریکای لاتین، ئەرکی ئەمڕۆیان هاوتەریبە لەگەڵ پێگەی ئەوان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا. هەژارترین وڵاتەکانی ناو کیشوەری ئەفریقاش، کە بە شێوازی سەرەتایی بەرهەم دەهێنن و پەیوەندییەکی سنوورداریان لەگەڵ ئابوری جیهانی هەیە (Bozkurt,1999:262-263).

لێرەشەوە ئەگەر وردتر ببینەوە لە ڕەهەندە ئابورییەکەی جیهانگیری کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بە بڕوای هەندێک لە بیرمەندان و توێژەران لە نموونەی نوسەری ئەمەریکی 'تۆماس فریدمان(1953) 'Thomas L. Friedman، تیۆریزانی بەریتانی 'دەیڤید هێلد (1951-2019) 'David Held و کۆمەڵناس و مێژووناسی ئەمەریکی (1930-2019) 'Immanuel Wallerstein'، جیهانگیری بە پلەی یەکەم دیاردەیەکی ئابورییە و لەبنەڕەتدا وەك دیاردەیەکی ئابوری سەریهەڵداوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە جیهان بکاتە یەک بازاڕ، کە تێیدا سیستمی سەرمایەداری زاڵ بێت کە لەسەر ڕکابەری بونیادنراوە، مەبەست لە ڕکابەریش بەدەستهێنانی قازانجە، کە تیایدا بازاڕی ئازاد و ئازادی ئابوری باڵادەستە (عبدالحمید،٢٠٠٦: ٢٠٣). واتە دەبینین پرۆسەکە بە مانای دروستبوونی سیستمێکی ئابوری، بازرگانی و دارایی جیهانی کراوە دێت، تێیدا سەرجەم بەربەستەکان لەبەردەم جموجۆڵی شتومەک، کاڵا، خزمەتگوزاری و فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەگیرێت، سەرمایە و بەرهەم و بازرگانیش بەبێ هیچ کۆت و بەندێک جوڵەی خۆیان دەکەن و بازاڕێکی جیهانی بێ سنوور دروست دەبێت (بارام،٢٠١٧: ٤٠). چەمکەکە زۆرجار بەکاردێت بۆ دەربڕینی زیادبوونی یەکگرتنی ئابوری لە ڕووی کاڵا و خزمەتگوزاری و بازاڕی سەرمایە و لێکچوون لە خووی بەکاربردن لە نێوان هەموو وڵاتانی جیهاندا .(Albeni&Eroğlu,2002:19) دیارە پرۆسەی جیهانگیری ئابوریش هەر بەوە تەواو نابێت کە سەرتاسەری دونیا بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەرهەمهێنان و بەکاربردنی کاڵاش تیایدا مۆرکی نەتەوەیی لەدەست بدەن و ببنە جیهانی (میسری،٢٠١٣: ٧٦).

لە کاتێکدا پێناسە و دیدگاکان بۆ جیهانگیری لە نێوان تیۆریستەکان و تیۆرەکاندا جیاوازن، بەڵام ئەوەی دیارە جیهانگیری ئابوری بووەتە هێزی باڵادەست کە پێکەوەگرێدانی بازاڕ و کەلتور و کۆمەڵگاکان دروستدەکات. سەرەڕای ئەوەی کە ئایا جیهانگیری دەسەڵات زیاد دەکات یان ملکەچی و ئایا سەروەری دەوڵەت ناهێڵێت یان بەهێز دەکات، بەڵام ئەوەی هاوبەشە ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک یان هەرێمێک بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە دەست لێنەدراو نامێنێتەوە. واتە جیهانگیری ئابوری نابێت وەک پرۆسەیەکی بێلایەن یان حەتمی سەیر بکرێت، بەڵکو وەک گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوریی، هەم دەرفەت و پاڵنەر، هەم ناهاوسەنگی بەرهەم دەهێنێت. هەر ئەم سروشتەی وا دەکات، کە لێکۆڵینەوە لە ئامراز و جۆرەکانی ببێتە بابەتێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە پێکهاتەییانەی کە دروستی دەکات لە جیهانی هاوچەرخدا.

**سەبارەت بە تیۆری سەرەکی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە سوود لە تیۆری پێکهاتەیی ئەنتۆنی گیدنز و لەناویدا چەمکی پاڵەپەستۆی کات-فەزا ( time-space distanciation) دەبینێت. ئەم چەمکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان چیتر لە شوێنێکی تایبەت یان ناوخۆییەکاندا قەتیس نین، بەڵکو زیاتر لە مەودایەکی بەرفراوانی کات و فەزادا درێژ دەبنەوە(Giddens,2000:1). لە چوارچێوەی جیهانگیری ئابوریدا، ئەم تیۆرە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن چالاکییە ئابورییە جیهانییەکان، ئیدی لە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانەوە هەتاکو بازرگانی، سنوورە جوگرافییە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنن و پەیوەندی و کردارە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا دادەڕێژنەوە. ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی تیۆری گیدنز، ڕوونکردنەوەیە کە جیهانگیری ئابوری تەنها پەیوەندی بە ڕۆیشتنی سەرمایە و بازرگانییەوە نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە چۆنیەتی ژیان، کارکردن، بەکاربردن و پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان بەیەکترەوە لە سنوورەکانەوە ڕێکدەخات.

## ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری

جیهانگیری ئابوری بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازەوە بەڕێوەدەچێت کە ئاسانکاری دەکەن بۆ یەکگرتنی ئابورییە نیشتمانییەکان بەیەکەوە. ئەم ئامرازانە ڕێگە بە جوڵەی کاڵا، خزمەتگوزاری، سەرمایە، زانیاری و کار دەدەن لە سنوورەکانەوە، ئەمەش دیمەنێکی ئابوری جیهانی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو دەردەخات . ئەو ئامرازانەشی کە جیهانگیری ئابوری وەک پرۆسەیەک پێی دەرکەوتووە و جوڵاوە بریتیین لە (عبدالعزیز و زکریا،٢٠١١: ٧٠-٧١).

**یەکەم/ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان:** لە دیارترین ئامرازەکانە کە سەرمایەداری بەکاریدەهێنێت لە ڕاکێشانی ئابوری جیهان بەرەو جیهانگیری. بوونەتە هۆی زاڵبوونی نەخشە جیهانییەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕکردن، ڕۆڵیان هەبووە لە بەنێودەوڵەتیکردنی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا داڕشتنی کەلتوری بەکاربردن بۆ یەکگرتووبوون لەسەر ئاستی جیهانی. چالاکی ئەم کۆمپانیایانە فراوانتربووە و گەشەی کردووە، کار دەکەن بۆ گۆڕینی هەموو جیهان بۆ یەک بازاڕی جیهانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، ئەمەش لە ڕێگای کارەکانیانەوە بۆ گونجاندنی سیستمی ئابوری، بە پێی ڕاپۆرتێکی ساڵی (١٩٩٥)ی ڕێکخراوی بازرگانی و گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، (١٠٠٠) کۆمپانیای فرەنەتەوەیی هەبوون لە ساڵی (١٩٧٧)، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٥) بوون بە (٣٧٠٠٠) کۆمپانیا.

**دووەم/ بلۆکە ئابورییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان:** ئەم بلۆکانە سیاسەتی ئابوری سەرمایەداری بەسەر وڵاتانی تازەگەشەسەندوو دەسەپێنن، کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە و دەبنە هۆی جیهانگیری ئابوری لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو. نموونەی ئەم بلۆکانە بریتین لە یەکێتی ئەوروپا، ڕێکخراوی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوور (نافتا)، هەروەها دەوڵەتانی وەک ئەمەریکا، کەنەدا، مەکسیک و ئاسیا. ئەم بلۆکانە ڕەنگدانەوەی پلەیەکی بەرزی چڕی وابەستەیی یەکتر و دابەشکردنی کاری ناوچەیین لە بوارەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی و جۆرەکانی تری ئاڵوگۆڕکردندا.

**سێهەم/ ئامرازی مۆدێرن بۆ پەیوەندی و ئینتەرنێت:** جیهانگیری پەیوەستە بە خاوەندارییەتی زانستی و تەکنەلۆژیا و خێرایی ئاڵوگۆڕ. ئینتەرنێت ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی جیهانگیری، زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەبنەوە بە زمانی ئینگلیزییە کە لەگەڵ جەوهەر و ناوەرۆکی جیهانگیری یەک دەگرێتەوە.

**چوارەم/ میدیاکان:** پێشکەوتنی تەکنیکی لە بواری پەخشی میدیادا شۆڕشێکی گەورەی لە ژیانی خەڵکدا هێنایە کایەوە، بە تایبەتی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوانەن کە زاڵن و کاریگەرن، بودجەی میدیای جیهان لەم ساڵانەی دواییدا لە چاوەڕوانییەکان تێپەڕیوە، میدیاش جەختی لەسەر بابەتی بەکاربەر و زیادبوونی خواستی کاڵای بەکاربەرە بە جۆرێک کە چەرخی پیشەسازی ڕۆژئاوایی لە جوڵەدا بمێنێتەوە .

**پێنجەم/ دامەزراوە ئابوریە نێودەوڵەتییەکان:** دامەزراوە ئابورییەکان کە لەلایەن سندوق و بانک و ڕێکخراوی بازرگانییەوە نوێنەرانی دەکرێن لە گرنگترین میکانیزمەکانی جیهانگیری ئابورین، ئەم دامەزراوانە بە ئامانجی بەرزی سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابوری جیهانی دامەزراون، بەڵام زۆرجار بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی زلهێزەکانی جیهان باڵادەست بووە بەتایبەتی ئەمەریکا. ئەمەریکا هەوڵدەدات ئەم دامەزراوانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بەکاربهێنێت کە گرەنتی باڵادەستبوونی دەکات و جیهان دەکاتە ئەمەریکی، سەرەتا خەونی ئەمەریکیبوون دوور دەردەکەوێت و بە دەستهێنانی قورسە و وەهمە، بەڵام پلاندانان و ستراتیژی سەرکردەکانی ئەمەریکا کە لە ماوەی دەیان ساڵدا دەستپێکردووە و بە تایبەتیش لە سەردەمی جیهانگیریدا وای کردووە کە ناوی بنێن ئەمەریکیبوون، کە لەژێر ڕۆشنایی سیستمی نیولیبڕاڵیزمدا لەسەر باڵادەستی تاک جەمسەر دامەزراوە (عبدالعزیز و زکریا،٢٠١١: ٧٠-٧٢). لێرەدا نموونەی کۆتا وتاری سەرۆکایەتی (ڕێگان تاتچەر) لە ساڵی (١٩٨٨)، دەتوانین بە نموونە وەربگرین کە دەڵێت "دەتوانیت لە ئەڵمانیا، تورکیا، یان ژاپۆن بژیت، بەڵام ناتوانیت ببیتە ئەڵمانی، تورک، یان ژاپۆنی. بەڵام هەر کەسێک، لە هەر گۆشەیەکی جیهانەوە دەتوانێت بێت لە ئەمریکا بژی و ببێتە ئەمەریکی". کە بە ڕوونی بانگەشەکردنی بۆ ئەمەریکیبوون دەردەکەوێت .

**دامەزراوە ئابورییەکان بریتیین لە:**

**1. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی(International Monetary Fund)**

یەکێکە لەو دامەزراوانەی جیهانگیری ئابوری پێکدەهێنێت، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەمدا و لە هاوینی ساڵی (١٩٤٤) لە کۆنفرانسی بریتۆن، بە بەشداری (٤٤) وڵات دەستکرا بە پێکهێنانی. بەڵام لەدوای پەنجا ساڵ و لە ساڵی (١٩٩٥)، ژمارەی وڵاتانی ئەندامی بوون بە (١٧٩)، ژمارەی کارمەندانیشی گەیشتە (٢١٥٠) کەس. بەو شێوەیە، دامەزراوەکە نوێنەرایەتی یەکێک لە پایە سەرەکییە چالاکەکانی سیستمی ئابوری جیهانی نوێ دەکات و کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری دراوی جیهانی. سندوقەکە باڵانسی دراوەکانە، کە لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەندامەوە دابین دەکرێت و هەریەکەیان بەپێی ئەو پشکەی بۆی دیاریکراوە (ئەم پشکە بە ڕێژەی چارەکێک لە زێڕ و ئەوەی دیکە بە دراوی وڵاتی ئەندام دابین دەکرێت)، ئەگەر هەر حاڵەتێکی نائاسایی بە سەر وڵاتانی ئەندامدا هات دەتوانێت دراوە پێویستەکان لە سندوقەکەدا ڕابکێشێت. ئەو پشکەی کە وڵاتانیش دەیدەن لە کاتی بەشداریکردنیان لە بوون بە ئەندامی سندوقەکەدا، بە گرنگترین سەرچاوەی کۆکردنەوەی پارەی سندوقەکە دادەنرێت (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨).

گرنگترین ئامانجەکانی سندوقەکە بریتیین لە: پشتگیریکردن لە سەقامگیری ئاڵوگۆڕ و پاراستنی ڕێوشوێنی ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕ، لابردنی ئەو سنووردارکردنانەی لەسەر چالاکییە دەرەکییەکانن کە ڕێگرن لە گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی، بەشداریکردن لە دامەزراندنی سیستمێکی پارەدانی فرەلایەنە بۆ کارە بەردەوامەکان. پێشخستنی هاوکاریی دراوی نێودەوڵەتی. ئاسانکاری بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بازرگانی نێودەوڵەتی. هەروەها متمانە بە وڵاتانی ئەندام دەبەخشێت و سەرچاوەکانی سندوقەکە دەخاتە بەردەستیان بۆئەوەی کورتهێنانی باڵانسی پارەکانیان پڕبکەنەوە (طویر،٢٠١٣: ٢٥٣). واتە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە پێشکەشکردنی سەرچاوە داراییەکان یارمەتی وڵاتانی ئەندام دەدات لە چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە ئابوریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم هەوڵە بەردەوامانەشی بۆ پێشخستنی هاوکاری دراوی نێودەوڵەتی و گەشەی ئابوری سودی دەبێت بۆ پەرەپێدانی ژینگەیەکی ئابوری جیهانیی سەقامگیر و یەکگرتوو.

**2. بانکی نێودەوڵەتی(World Bank)**

ئەو دامەزراوە ئابوریە جیهانیەیە، کە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی سیستمی داراییی نێودەوڵەتی و گرنگیدان بە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابورییەکان کە گەشەسەندنی ئابوری وڵاتانی ئەندام مسۆگەر دەکات. لە ساڵی (١٩٤٤) لە بریتۆن دامەزرا، هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە بەهۆی جەنگی جیهانی دووهەمەوە لەناوچوون. وڵاتانی ئەندامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەمان ئەندامانی بانکی نێودەوڵەتیش(Kazgan,2009:129). ئامانجە ڕاستەقینەکانی، پاراستنی پێگەی دامەزراوە داراییە گەورەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانە لە ئابوری جیهانیدا، هەوڵدان بۆ کردنەوەی بازاڕەکان بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکانی دەرەوە، پابەندکردنی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بە پەیڕەوکردنی هەندێک سیاسەتی ئابوری بە پێی پێداویستییەکانی بازاڕی ئازاد و و جیهانگیری داراییی. جگە لەمانەش، پێدانی قەرز بە وڵاتانی ئەندام بەمەبەستی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکانی نێوان وڵاتانی ئەندام، لەگەڵیدا قەرزدان بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بۆ هاندانی وەبەرهێنان و بە دەستهێنانی گەشەی ئابوری بۆ کارکردن بۆ زیادکردنی خۆشگوزەرانی هەموو وڵات و گەلان بە تایبەت هەژاران، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە پتەوەی کە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە ڕێگای سەقامگیری ئابورییەوە دەتوانرێت بە دەست بهێندرێن. بەم شێوەیە بانکەکە بووەتە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی جیهانگیری و گەیشتن بە ئامانجە فراوانەکانی بە هەوڵدان بۆ دانانی بناغەکانی سەرمایەداری و سەپاندنی بە سەر هەموو وڵاتانی قەرز وەرگردا (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨).

لەم چوارچێوەیەدا، بانکی نێودەوڵەتی گەشەی کرد و چالاکییەکانی فراوان بوون تا ئەو ڕادەیەی وەک گرووپێک هێمای بۆ کرا بەناوی (گرووپی بانکی جیهانی) کە سێ دامەزراوەی سەرەکی لە خۆی دەگرێت بریتین لە (بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان) و (کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان) و (کۆمپانیای داراییی نێودەوڵەتی). گرووپەکە کار دەکات بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە پێشکەوتنی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی سەرچاوە داراییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابورییەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لە ڕێگای گەشەکردندان، هەروەها پشت بە ستراتیژی تایبەتکردن دەبەستێت بۆ گۆڕینی ئابوری تازەگەشەسەندووەکان بەرەو کراوەیی زیاتر و تێکەڵبوون بە ئابوری نێودەوڵەتی. بۆ ئەم مەبەستەش کاردەکات بۆ بەکارهێنانی هەموو هێزی داراییی خۆی بۆ هاندانی سەرمایەی تایبەتی نێودەوڵەتی بە شێوازی جۆراوجۆر، لەوانە کارکردن وەک ناوەندێک بۆ ڕۆیشتنی پارە بۆ دەرەوە و پێشکەشکردنی هاوکاریی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، پاڵ بە زیادکردن و کەمکردنەوەی باج بۆ وەبەرهێنانی بیانییەکان دەنێت. بە کورتی، بانکەکە هەوڵ دەدات پاڵپشتی بە جیهانیکردنی چالاکییە ئابورییەکان بکات، ئەمەش دەکاتە مەرجێک بۆ پێدانی قەرز و هاوکاری (طویر،٢٠١٣: ٢٥١). لێرەدا ئەگەر بەدواداچوونێک بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە سندوقی دراو و بانک لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە بە سەریاندا هاتووە. دەبینین هەریەک لە سندوقی دراو و بانکیش دوای داڕوخانی سیستمی بریتۆن و دوای ئەوەی ئەوروپا لە وێرانکاری شەڕ پاکبووەوە گۆڕانکارییان لە ئەرکدا بەسەرداهات، دەستیانکرد بە گرنگیدان بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو. ئەم دوو دامەزراوەیە کە پێشتر بە سەربەخۆ لە یەکتر بەرنامەکانیان بەڕێوەدەبرد، لە چارەکی کۆتایی حەفتاکانەوە ئەم سیاسەتانە گۆڕانکاری بەسەرداهات. ئێستا هەر وڵاتێک لە نارەحەتیدابێت پابەندە بە جێبەجێکردنی بەرنامەی سندوقی دراو و بانکەوە، بەم

شێوەیە دەستیانکرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، سیاسەتی جیهانگیرییان بۆ ئەو وڵاتە تازەگەشەسەندووانەی کە داوای قەرزدەکەن بە مەرج دانا .

بە وتەی ئابوریناسی ئەمەریکی ستیگلس، زۆرترین گۆڕانکاری لەم دامەزراوانە لە ساڵانی هەشتاکانەوە ڕوویدا کاتێک ڕۆناڵد ڕێگان و مارگرێت تاتچەر بانگەشەی ئایدۆلۆژیای بازاڕی ئازادیان کرد لە ئینگلتەرا و ئەمەریکا، واتە دوو ڕێکخراوەکە داندراون بۆ سەپاندنی بیرۆکەی جیهانگیری بەسەر وڵاتانی هەژاردا کە پێویستییان بە قەرز و بەخشین هەیە. دەبینین لە دوای هەشتاکانەوە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەبری ئەوەی کار بۆ ئاسانکاری سەقامگیری نرخی ئاڵوگۆڕ و یارمەتیدانی وڵاتان بۆ پاراستنیان لە هەڵاوسانی دارایی بکات، دەستیکرد بە لابردنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆیشتنی سەرمایە و گەڕان بە دوای قازانجدا. هاوتەریب بەمەش، بانکی نێودەوڵەتی لە بری ئەوەی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان بکات لە بەرژەوەندی ئابورییە ناوخۆییە هەژارەکان، بووەتە ئامرازێکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بانکەکە لە تەنها پێدانی قەرز بە پرۆژەی ڕێگاوبان و بەنداو تێپەڕی و دەستیکرد بە پێشکەشکردنی پشتیوانی گشتگیر لەژێر ناوی قەرزی دەستکاریکردنی پێکهاتەیی، ئەم قەرزانە بێگومان کەوتبوونە ژێر ڕەزامەندی سندوقەوە، سندوق هەندێک مەرجی بە سەر ئەو وڵاتانە سەپاند کە دەیانەوێت قەرز وەرگرن. لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلیندا، بوارێکی نوێی چالاکی بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی سەریهەڵدا کە گواستنەوەی بازاڕی ئازادبوو بۆ کۆماری سۆڤیەتیی و وڵاتانی بلۆکی کۆمۆنیستی ئەوروپا .(Stiglitz,2006:34) هەربۆیە، دەکرێت بڵێین بانکی نێودەوڵەتی دامەزراوەیەکی ناوەندیە، لە پێشخستنی جیهانگیریدا و بووەتە ئامرازێکی بڵاوکردنەوەی سەرمایەداری و تێکەڵکردنی ئابورییە تازەگەشەسەندووەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا. لەگەڵ ئەوەی لە دامەزراوەیەکی ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگەوە پەرەیسەند بۆ بەرەوپێشبردنی جیهانگیری و سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد، ئێستا گۆڕانکارییە فراوانەکانی لە سیستمی ئابوری جیهانیدا دەبیندرێت.

## 3. ڕێککەوتننامەی گات و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (World Trade Organization)

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم و وێرانبوونی ئابوری وڵاتانی جیهان و کەمی پێداویستی لە کاڵا و خزمەتگوزاری لەم وڵاتانە، وایکرد هەندێک ڕێسا بسەپێن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ. لێرەوە، پێویستی بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەریهەڵدا کە کار لەسەر هەماهەنگی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتان دەکەن. لە ساڵی (١٩٤٦) زیاتر لە (٥٠) وڵات دانوستانیان کرد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بازرگانی، لە پەراوێزی کۆنفرانسەکە، (٢٣) وڵات کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی باجی گومرگ، ڕێککەوتنی گشتی باج و بازرگانی لە (٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧) واژۆ کرا، گات ناونیشانێکی کاتی بوو کە جێبەجێکردنەکەی لە ساڵی (١٩٤٨) دەستپێیکرد، گات سیاسەتی بازرگانی گرتە ئەستۆ کە بازرگانی نێودەوڵەتی کاڵا لە نێوان ئەندامەکاندا ڕێکدەخات، ئەم ڕێککەوتنە بۆ خزمەتکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی پەرەی پێدرا، گات ڕێسای پێویستی بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی کاڵا لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا دانابوو بە شێوەیەک کە تا دەتوانرا دوور بێت لە بەربەست و ئاستەنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێککەوتنەکە. ڕێکەوتنەکە کۆمەڵێک بڕگە و بنەمای لە خۆگرتبوو وەک، هەموو وڵاتانی ئەندام دەبێت بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە ئەو یارمەتییانەی بە لایەنێک دراوە دەبێ بە لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش بدرێت.

هەروەها ڕێگە بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو درا کە ئەو سوودانە بە دەستبهێنن کە باقی ئەندامان بەدەستیان هێناوە، بە پابەندبوون بە جیاکاری نەکردن لە مامەڵەکردن لە نێوان کاڵای نیشتمانی و هاوردەکراودا (طویر،٢٠١٣: ٢٥٥).

هەرچەندە گات سەرکەوتووبوو لە کەمکردنەوەی باجی گومرگی، بەڵام پێویستی بە ڕێکخراوێک بوو کە دەسەڵاتی زیاتر هەبێ وەک ڕێکخراوی بازرگانی بۆ ئەوەی ژینگەی زیاتر بگرێتەوە لە پرۆسەی جیهانگیریدا .(Kazgan,2009:140) بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە کۆنە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی دووهەم کاتێک ڕۆسفێڵتی سەرۆکی ئەمەریکا و چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بازرگانی جیهانییان خستەڕوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا کارابن و دەستیان بگات بە کەرەستەی خاوی سەرەتایی، بەڵام دامەزراندنی دواخرا بە هۆی ناشایستەیی ئابوری ئەو کاتەی وڵاتان بۆ چوونە ناو بازاڕێکی تاکی جیهانییەوە (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨). بڕیاردرا لە مانگی چواری ساڵی (١٩٩٤) ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە مەراکیش دابمەزرێندرێت، کە لە (١٩٩٥/١/١) دەستیکرد بە جێبەجێکردن. ئەم ڕێکخراوە بووە چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەندامان (طویر،٢٠١٣: ٢٥٦).

ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی بازرگانی ئازادی جیهانییە و ئامانجی ئەوەیە ئابورییە ناوخۆییە داخراوەکان بگۆڕێت بۆ ئابورییەکی کراوە بەڕووی جیهانی دەرەکیدا. لەگەڵ ئەوانەشدا، ڕێکخستنی کارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەدیهێنانی گەشەپێدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی وڵاتانی ئەندام و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، هەروەها هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەندام و دۆزینەوەی میکانیزمی پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا، لەهەمان کاتدا کەرتی کشتوکاڵیش یەکێکە لە گرنگترین کەرتەکان کە ڕێکخراوەکە پەیوەندی پێوەی هەیە (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨). بەم شێوەیە، ڕێکخراوەکە لەگەڵ سندوق و بانکدا لە یەک پێگە وەستاون لە دارشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ئابوری نێودەوڵەتی کە کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی جیهان هەیە.

واتە دەکرێت بڵێین ئەم ئامرازانە، ئیدی هەر لە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، بلۆکە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان، تۆڕەکان، میدیا و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی جیهانگیری بە گشتی و جیهانگیری ئابوری دەکەن، ئامرازی چالاکیشن لە داڕشتنی سیستمی ئابوری جیهانیدا. لە کاتێکدا کە بەشدارن لە یەکگرتن و هاوشێوەبووندا، بەڵام نابێت لەیادمان بچێت، کە لە بەرانبەردا ناهاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان باکوور و باشووری جیهاندا قووڵتر دەکەنەوە. بە نموونە دامەزراوەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، هەرچەندە بە مەبەستی پەرەپێدانی سەقامگیری ئابوری و گەشەپێدان دامەزراون، بەڵام زیاتر وەک جێبەجێکاری سیاسەتە نیولیبراڵییەکان مامەڵەیان کردووە و دەکەن، کە سوود بە گەلانی دەوڵەمەندتر و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان دەگەیەنن، لە بەرانبەردا زۆرجار قەرزدانی مەرجدارییان سەپاندووە کە ئابورییە ناوخۆییەکان کز دەکەن و سەربەخۆیی دەوڵەت کەم دەکەنەوە و بە تایبەتکردن بەرەوپێش دەبەن بەبێ گوێدانە پێداویستییە ناوخۆییەکان یان دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان. جگە لەوەش ئامرازەکانی وەک پەیوەندی دیجیتاڵی و میدیا بەشدارییان کردووە لە یەکسانکردنی شێوازەکانی بەکاربردن، کە لە بەرژەوەندی باڵادەستی کەلتوری و ئابوری ڕۆژئاوان. هەربۆیە ئەم ئامرازانە ئەرکی دوانەیی بەجێدەگەیەنن.

### جۆرەكانی جیهانگیری ئابوری

جیهانگیری ئابوری دیاردەیەکی فرەلایەنەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکگرتنی ئابوری نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت. لەگەڵ زیاتر تێکەڵبوونی ئابورییەکان لە سەرانسەری جیهاندا جۆرە جیاوازەکانی جیهانگیری ئابوری سەریانهەڵداوە، کە هەر جۆرێکیان کاریگەری جیاوازی هەیە و هەریەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی دیمەنی ئابوری جیهانیدا. لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

1. **جیهانگیری بازرگانی :(Trade Globalization)** بریتییە لە لابردن یان کەمکردنەوەی سنووردانان لەسەر ڕۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە نێوان وڵاتاندا. گەشەکردنێکی کۆنتری هەیە بەراورد بە دوو جۆرەکەی تر، ئەم گەشەکردنەش بەهۆی هەوڵەکانی ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی بە هەڵوەشاندنەوەی باجی گومرگی و پشکەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی گات کە لە ساڵی (١٩٤٧) دامەزراوە دەستپێیکرد .(Seyidoğlu,2003:141) هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە بەبێ وەستان بەردەوام بوو بە تایبەت لە ساڵانی شەستەکانەوە، ئەم پێکهاتە ئەرێنییانەش تێچووی گواستنەوەیان کەمکردەوە، ئەم پێشهاتە لە توانای وڵاتان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ یەکتر کاریگەربووە و بەشدارییان لە جیهانگیری بازرگانیدا کردووە. ئەمانە کاریگەربوون لە بڵاوبوونەوەی بازرگانی لە سەرانسەری جیهان و گواستنەوەی بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. پێشهاتێکی تر کە جیهانگیری بازرگانی خێراترکرد ڕێککەوتنی خولی ئۆرۆگایە، بەم ڕێککەوتن و دانوستانە ڕێڕەوی بازرگانی جیهان دیاریکرا و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دامەزرا .(Aşırım,2021:8) جیهانگیری بازرگانی هەوڵی لابردن یان کەمکردنەوەی بەربەستەکانی بەردەم ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە نێوان وڵاتان دەدات، ئەمەش پەرەی زیاتر بە بازرگانی نێودەوڵەتی و یەکگرتنی ئابوری دەدات. لە ئەنجامدا، ئەم جۆرەی جیهانگیری بووەتە تایبەتمەندییەکی دیاریکەری ئابوری جیهانی هاوچەرخ کە بەشدارە لە گەشەسەندنی ئابوری و پێشکەوتن لە سەرانسەری جیهاندا. بەڵام دەرئەنجامی نایەکسانیشی لە سەرانسەری ناوچەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە. بەجۆرێک ئازادکردنی بازرگانی زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو ئابوریانەدایە کە ژێرخانی پیشەسازی پێشکەوتوویان هەیە، ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان لە خەباتدا بن بۆ کێبڕکێکردن لە بازاڕە جیهانییەکان کە کۆمپانیا بەهێزە نێودەوڵەتییەکان زاڵن بەسەریاندا.

٢. **جیهانگیری بەرهەمهێنان :(Production Globalization)** ئەو سیستەمە بەرهەمهێنانەیە کە بۆ گۆڕینی بەرهەمی سروشتی بۆ بازاڕی جیهانی دروست بووە. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە لە پرۆسەی جیهانگیریدا ڕەفتاری بەکاربەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهاندا هاوشێوە دەبن، هەندێک توێژەری تر پێیان وایە گواستنەوەیە لە بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵەوە بۆ بەرهەمهێنان بە پێی کڕیار. هەڵبەتە هەردووکی دروستە لە بری ئەوەی بەرهەمهێنان بە تەنها مەرجێکەوە ببەسترێتەوە، ئیدی هەردوو بەکاربەر و کۆمپانیاکانیش دیاریدەکەن .(Alçingi,2021:19)بە نموونە کاریگەری کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان کە دەتوانن زنجیرەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی جیهان کۆنترۆڵ بکەن لە جیاوازی جوگرافییەوە سەرهەڵدەدات، کە هەموو جیهان وەک ناوچەی بەرهەمهێنان دەکرێتە ئامانج و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان دەگوازرێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە تێچووی کەرەستەی خاو و تێچووی کاڵا و تێچووی کاریان کەمترە .(Aydemir&kaya,2007:275) واتە جیهانگیری بەرهەمهێنان گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەکات لە ئابوری جیهانی هاوچەرخدا، کە تایبەتمەندە بە بەرهەمهێنان بە ئامانجی خزمەتکردنی بازاڕی جیهانی. ئەم جۆرەی جیهانگیریش بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە لەوانە ڕەفتاری بەکاربەر، بەها کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کە کاریگەرییان لەسەر شوێن و سروشتی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان هەیە. جیهانگیری بەرهەمهێنان، کاریگەری قوڵی لەسەر ئابوری و کۆمەڵگا و ژینگە هەیە، کە شێوازەکانی گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی و دامەزراندن لە سەرانسەری جیهاندا دیاری دەکات . لە کاتێکدا ئەم گۆڕانکارییە ڕێگەی بە یەکگرتنی ئابوری زیاتر داوە، بەڵام شێوەی نوێی وابەستەیی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتووی دروستکردووە کە زۆرجار لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی بەهای کەمتردا قەتیس کراون.

3. **جیهانگیری دارایی :(Financial Globalization)** ئەم جۆرە بەرهەمی بنەڕەتی پرۆسەی ئازادکردنی داراییە، لە ڕێگای پێشخستنی قەبارەی مامەڵەکردنی پشک و سەنەدات لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، هەروەها گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە لەسەر ئاستی جیهاندا (بارام،٢٠١٧: ٤٥). بازاڕەکانی سەرمایە لە جیهاندا وابەستەی یەکترن و سەرمایە شەو و ڕۆژ لە بازاڕە داراییە یەکگرتووەکانی جیهاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لە هەموو جیهاندا بەهای ملیارەها دۆلار لە چەند چرکەیەکدا ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت، سیستەمی نوێی زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن ڕێگە بە جوڵەی سەرمایە دەدات لە نێوان ئابورییەکاندا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، واتە سەرمایە سنووری نێودەوڵەتییەکان دەبڕێت و بە ئازادی لە بازاڕە بانکی و داراییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر دەجوڵێت و بە دوای دەرفەتی قازانجدا دەگەڕێت .(Adıgüzel,2013:15)ئازادکردنی جوڵەی سەرمایە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ کۆمپانیاکان دەڕەخسێنێت بۆ پاشەکەوت و کەڵەکەکردنی سەرمایە و گەشەکردنی خێرا. جیهانگیری دارایی لە هەموو جۆرەکانی تری جیهانگیری کاراتر کاردەکات، کۆمەڵێک دەرفەت دەڕەخسێنێت لەوانە وەبەرهێنان لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەدەستهێنانی قازانج، دۆزینەوەی سەرچاوە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کورتهێنانی دراوی بیانیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانەکە و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. لەپاڵ دەرفەتەکاندا، هەندێک هەڕەشەشی هەیە وەک مەترسی بەرکەوتن بە هێرش، هەڵگرتنی ژیانی ئاسوودە، شێواندن لە دابەشکردنی داهات و ناکارابوونی دراوی نیشتمانی لە کاتی گۆڕینی بۆ دراوی بیانی .(Alçingi,2021:17) واتە جیهانگیری دارایی، تایبەتمەندە بە وابەستەیی بازاڕەکانی سەرمایە و جوڵەی ئازادی سەرمایە لە سنوورەکانەوە. سەرمایە بە خێراییەکی بێ وێنە لە نێوان وڵاتاندا دەڕوات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ وەبەرهێنان، قازانج و تەرخانکردنی سەرچاوە لەسەر ئاستی جیهان.

## ئەنجام

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخست، جیهانگیری ئابوری پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گۆڕاوە کە تایبەتمەندە بە فراوانبوونی خێرای سنوور بەزاندنی کاڵا، خزمەتگوزاری، سەرمایە و کار، واتە کات و فەزا فراوان بووە بەپێی تێڕوانینی گیدنیز . ئامرازە بزوێنەرە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە بریتین لە سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، دامەزراندنی ڕێککەوتنە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان و بلۆکی بازرگانی، لە هەمان کاتدا پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و گواستنەوە. لەم نێوەندەشدا دامەزراوەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) و بانکی جیهانی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە داڕشتنی سیاسەتە ئابورییە جیهانییەکان، پێشخستنی بازرگانی ئازاد و ئاسانکاریکردنی ڕەوتی دارایی لە سەرانسەری وڵاتانی

جیهاندا. هەڵبەتە لەگەڵ ئامرازەکانیدا بە جۆرە جیاوازەکانی جیهانگیری ئابوریش ئاشنا بووین. واتە وەک دەرکەوت جیهانگیری بووەتە هۆی گەشەسەندنی ئابوری و داهێنان، بەتایبەتی لە بازاڕە تازەپێگەیشتوەکاندا، لەپاڵ ئەودا نایەکسانی ئابوری قووڵتر کردووەتەوە، پیشەسازییە ناوخۆییەکانی لەناوبردووە و بووەتە هۆی تێکچوونی ژینگە. جگە لەوەش، کاریگەریی بازاڕە داراییە جیهانییەکان سەروەری نیشتمانی کەمکردووەتەوە، توانای حکومەتەکانی بۆ ڕێکخستنی ئابورییەکانی خۆیان سنووردار کردووە. سەرەڕای ئەم ئاڵانگارییانە، جیهانگیری ئابوری هێشتا بەردەوامە لە داڕشتنەوەی شێوازەکانی بەکاربردن، یەکخستنی کەلتورەکان و پەرەپێدانی ئابورییەکی جیهانی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو، لە هەمان کاتدا کاریگەرییە درێژخایەنەکانی لەسەر یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوری.

## لیستی سەرچاوەکان

1بارام، حەسەن (٢٠١٧): جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

بێک، ئۆلریش و ئەوانی تر (٢٠٢٠): گلۆباڵیزم، وەرگێڕانی ئارام مەحموود و ئەوانی تر، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

زێیاری، طاهر حسۆ (٢٠١٨): ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی شەهلا وەلی جبار، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

میسری، فوئاد مجید (٢٠١٣): جیهانگیری، چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

جنات، ابن مفورة (٢٠١٧): أليات العولمة الاقتصادية و أثارها على السيادة، جامعة الإخوة منتوري قسنطية، مجلة العلوم الانسانية، عدد 47، الجزائر، 395-405.

طوير، لخضر (٢٠١٣): العولمة الاقتصادية دوافعها و ابعادها،جامعة زيان عاشور الجلفة، المجلد 5، العدد 11، الجزائر، 242-261.

عبدالحميد، عبدالمطلب (٢٠٠٦): العوامة الاقتصادية "منظماتها-شركاتها-تداعيتها"، الدار الجامعية للطباعة و النشر و التوزيع.

عبدالعزيز، أحمد و اخرون (٢٠١١): العولمة الاقتصادية و تأثيرها على الدول العربية، مجلة ادارة الأعمال، عدد 86.

Adıgüzel, Muhittin (2013): Ekonomik küreselleşmenin Türkiye ekonomisine etkileri, Akademik bakış dergisi, sayı35.

Albeni, Mesut ve Eroğlu, Ömer (2002): Küreselleşme, ekonomik krizler ve türkiye, Bilim kitabevi, İsparta.

Alçingi, Selver (2021): ekonomik küreselleşme ve ekonomik krizler, iktisad anabilimdalı, yayınlanmamış yüksek lisan tezi, kahramanmaraş sütçü imam üniversitesi, kahramanmaraş.

Aşırım, Mehtap (2021): ekonomik kireselleşme ve istihdam ilişkisi, yayınlanmamış yüksek lisans tezi, kafkas üniversitesi, iktisad anabilim dalı, kars.

Aydemir, Cahit ve Kaya, Mehmet (2007): Küreselleşme kavramı ve ekonomik yönü, Elektronik sosyal bilimler dergisi, cilt6, sayı20, 260-282.

Baylis, John and others (2008): The globalization of world politics: an introduction to international relations, Oxford university press, Eightith edition, Oxford.

Bozkurt, Veysal (1999): Küreselleşme ve Türkiye, Ezgi kitabevi, Bursa.

Giddens, Anthony, 2000, The globalizing of modernity, from the global transformations' reader, ed. David Held, Anthony McCrew, Polity press.

Hasanoğlu, Mürteza (2001): Küreselleşmenin devlet yönetimine etkileri, Sayıştay dergisi, sayı43.

Kazgan, Gülten (2009): Küreselleşme ve ulus-devlet: yeni ekonomik düzen, Istanbul Bilgi üniversitesi yayınları, Istanbul.

Seyidoğlu, Halil (2003): Uluslararası mali krizler, IMF politikaları, az gelişmiş ülkeler, türkiye ve dönüşüm ekonomileri, Doğuş üniversitesi dergisi, cilt4, sayı2, 141-156.

Stiglitz, Joseph (2006): Küreselleşme: büyük hayal kırıklığı, çev: Arzu Taşçıoğlu, Deniz Vural, Plan B yayınevi, 3.baskı, İstanbul.

# پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە هەستی بەرپرسیارییەتی لای ئالودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازی گەورانی سلێمانی

**هەستیار علی سعید ، یوسف حمەصالح مصطفی**

بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستەکانی هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای سزادراوانی خوپێوەگرتن بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی وەسفی چەندییان بەکارهێناوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەگونجێت، بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکان توێژەران پێوەریان بنیادناوە بە سوود وەرگرتن لە پێوەرەکانی پێشوو بۆ هەریەك لە گۆڕاوەکان، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە چاکسازی گەورانی سلێمانی، کە نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (150) ئالوودە بووی ماددەی هۆشبەر، دوای دەرهێنانی ئەنجامەکان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نموونەی توێژینەوەکە هەستی بەرپرسیارەتیان هەیە، وە بۆ ئامانجی دووەم دەرکەوت کە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵاییەتیان نیە، هەروەها پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان هەردوو گۆڕاوەکە هەیە، دواتر لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە توێژەران چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان خستەڕوو.

**کلیلە ووشەکان:** هەستی بەرپرسیاریەتی، پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی، ئالوودەبوو.

## ناساندنی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە:

لە بەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بەدی دەکرێت، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانەوە بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم تاک و کۆمەڵگە، زۆرجار ئالوودەبووان بەدەست پشتگیرییەکی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن، ئەمەش کێشە دەروونی و سۆزدارییەکانیان گەورەتر دەکات، لێرەدا ئەگەر پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەم

بێت ڕەنگە ببێتە هۆی توندبوونەوەی هەستی گۆشەگیری و لەوانەیە هەست بە بێ قەدرزانی بکات، لەگەڵ ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆی و کۆمەڵگە و ئەگەری دووبارە گەڕانەوەی بۆ ئالوودەبونی بە مادە هۆشبەرەکان زیاد دەکات. ئەو تاکانەی کە هەستکردن بە ئاستی بەرپرسیارێتی لاوازە دەبێتە هۆی سەختی گونجاندن لەگەڵ فشارەکانی ژیان و زیادبوونی ئەگەری پابەندنەبوون بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانییان، لەگەڵ ئەوەش ئەم لاواز بوونی ئاستی هەستی بەرپرسیارییەتیە دەبێتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان و بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری و دواکەوتنی گەشەی کەسایەتی. بۆیە پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی و لایەنە ئەرێنییەکانی هاوڕێیەتی نوێنەرایەتی هاندەرێکی سەرەکی دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لە ئالوودەبووەکاندا، لە کاتێکدا نەبوونی ئەم پشتگیرییە ڕەنگە ڕەفتارە نەرێنییەکان توندتر بکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە باشترین شێوازی پێشکەشکردنی پاڵپشتی و گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی لای ئالوودەبووان، بە شێوەیەک کە کاریگەرییە نەرێنییەکان کەم بکاتەوە و سوود لە لایەنە ئەرێنییەکەی وەربگرێت توێژەر بە پێویستی زانی کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات لە ژێر ناونیشانی (پاڵپشتی دەروونیی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بە هەستی بەرپرسیاریەتی لای ئالوودەبووانی مادەی هۆشبەر لە چاکسازی گەورانی سلێمانی) بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەلێك ئەنجام و شیکردنەوەیان، بەپێی ئەو ئامانجانەی کە لەم توێژینەوەیەدا دیاریکراون، ئەمەش لە دەرئەنجامی درککردن و هەست پێکردنی ئەو گرفتە مەترسیدارە، کە لە ئەم ساڵانەی کۆتایدا زۆر بە شیوازێکی خێرا و پەرشوبڵاو لە کۆمەڵگەکەماندا تەشەنەی کردووە.

لەم توێژینەوەدا چەند پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدەن:

١-ئایا جۆر و چۆنیەتی پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی پێشکەشکراو لە چاکسازییەکاندا گونجاوە بۆ گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارییەتی ؟

٢- چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ئاستی پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی وەرگیراو و ئاستی هەستی بەرپرسیارێتی لای ئالودەبووان؟

### گرنگی توێژینەوەکە:

هەرچەندە پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە لە یارمەتیدانی تاك بۆ تێپەڕاندنی

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp64-76

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 1 حزيران 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 18 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: hastyar.saeed@su.edu.krd, yousif.mustafa@su.edu.krd

حقوق الطبع والنشر ©2026 هەستیار علی سعید ، یوسف حمەصالح مصطفی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

قەیرانەکانیان، بەڵام جیاوازە لە کاریگەریی ئەم پاڵپشتییە. بۆیە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێرێت لە باشترکردنی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی و دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە بەخۆبوون لەلای تاک، ئەم پاڵپشتیە بەشدارە لە دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام کە تاك بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا بە دەست بهێنێتەوە، هەتا تاك پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر بێت وا دەکات کە هەست بەوە بکات تۆڕێکی پشتیوانی بەهێزی هەیە کە ئەمەش متمانەبەخۆبوونی بەرز دەبێت، لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە جێگیرتر دەبێت فێری دەکات زیاتر ڕووبەڕووی ئازارەکان بێتەوە، پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی دەتوانێ مەترسییەکانی ناکۆکی کەم بکاتەوە، بەشداری بکات لە بەرزکردنەوەی تواناکانی تاك لە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەر و هاوپشتی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات، هەروەها تاک و خێزان و کۆمەڵگاکان لە رووی دەروونییەوە ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، توانای جووڵەیان بەرز بکاتەوە و لەوانەیە پاڵنەرێک بێت بۆ کۆمەڵگاکان بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە سەرچاوەکانیان لە چالاکییەکانی ئامادەکاری بۆ کارەسات و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیان(Neena,2010 L 147 )) پاڵپشتیی دەروونیی کۆمەڵایەتی، تەواوکەری تەندروستیی گشتیی تاکە و ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی لایەنی جەستەییشدا دەگێڕێت.

، لایەنی دەروونی تاک دەپارێزێت بە بەرزکردنەوەی هەستی ئاسوودەیی و دڵنیایی وەرگری پشتیوانی و تێرکردنی پێداویستییەکانی سەربەخۆیی پشتیوانی پەرە بە شێوازەکانی کارلێکی ئەرێنی لە نێوان هاوڕێیان و بەشداریکردنی کاریگەر لە نێوان تاکەکاندا دەدات و بەم شێوەیە دەتوانێت پێداویستییەکانی سەربەخۆیی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری تاکە کەس تێر دەکات پشتگیریکردن ناسنامەی تاکە کەس دەپارێزێت و بەهێزی دەکات بە پەرەپێدانی سەرچاوەی فیدباک، خۆبەگەورەزانینی تاک لەناو گرووپەکەدا بەرز دەکاتەوە، و هەستکردن بە لێهاتوویی کەسی پەرەپێدەدات. (آیت وآخرون, 2011، 98). بەپێی توێژینەوەی (عارف، ٢٠٢١) دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە لە نێوان پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و تورەبوون، بە مانای ئەوەی هەرچەندە ئاستی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بەرز بێتەوە ئەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی توورەبوون ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پاڵپشتی دەروونی کاریگەری هەیە لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگە. (عارف، ٢٠٢١ :لا ٤٠٥). عبدالمجید (2008) ئاماژە بەوە دەکات کە بەختەوەری و سەرکەوتن لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەگەر هەستی سەربەخۆیی تاک لەرزۆک بێت، ئەنجامەکەی دەبێتە هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و ئەو باوەڕە کە تاک پێویستییەکی بەپەلەی بۆ سەربەخۆیی هەیە، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە هەبێت، دەتوانێت بە بوێری کار بکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیدا. (عبد المجید, 2008 :234)، ئەلعنانی (2003) ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لەو نیشاندەرانەی کە مانای مرۆڤایەتی دیاری دەکات، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە . توێژینەوەی الشمری(٢٠٢١) ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریان خستووە کە پشتگیری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ئەرێنی کاریگەری هەیە بۆ باشترکردنی تەندروستی دەروونی. الشمری(٢٠٢١ :٢٠١). لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەدەین کە ئە نجامی خستنەڕووی ئەم توێژینەوانەی کە لێرەدا ئاماژەمان پێیان دان دەرخەری ئەوەن کە پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی پەیوەندی کاریگەری هەیە لەگەڵ گۆڕاوە خەسڵەتە ئەرێنییەکانی تری کەسایەتییەوە بە پێچەوانەشەوە پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی خەسڵەتە نەرێنییەکانی کەسایەتی لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی تا چەندە ڕۆڵی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی کەسایەتیەکی ساغ و دەروون دروست.

هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی، عوض (٢٠١٢ ) بەوشێوەیە ئاماژەی بە هەستی بەرپرسیارێتیدا کە بەرپرسیارێتی تاکە بەرامبەر بە خۆی و بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە بنەماڵە و هاوڕێکانی، بەرامبەر بە ئاینەکەی و وڵاتەکەی لە ڕێگەی تێگەیشتنی لە ڕۆڵی خۆی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی و خەمخۆری بۆ ئەوانی تر لە ڕێگەی پەیوەندیە ئەرێنییەکانییەوە، بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، و گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازە بەردەستەکان. عوض (٢٠١٢ لا: ٧٨ ). عوثمان (2004) ئاماژە بەوە دەکات کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خود دروستکردنێکی تایبەتە بەرامبەر بەو گرووپە، یان ئەو گرووپانەی کە تاک سەر بەو گرووپەن و تاک لێرەدا خۆ بەرپرسیارانەیە بەرامبەر بە گرووپەکە ئەگەر ویستمان قووڵتر بچینە ناو دەستەواژەی (خود)ەوە بەرپرسیار دەبینین کە بەو مانایەیە کە ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە خۆی یان لە ڕاستیدا بەرپرسیارە لە گرووپەکە لەبەردەم وێنەی گرووپەکەدا ڕەنگدانەوەی هەیە لە خۆیدا، بەرپرسیارێتییەکە لەبەردەم خوددا، و دەرپڕینی پلەی ئارەزووی و تێگەیشتن و بەشداریکردن لە گرووپەکەدا، کە وردە وردە لە ڕێگەی پەروەردە و ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەناو تاکدا گەشە دەکات. عوثمان (٢٠٠٤: ل ٤).

بە پێی تێڕوانینی (سهیل، ٢٠٠٦) : ئاماژە بەوە دەکات کە تاک دەبێت ئەنجامی بڕیارکردنەوەکانی هەڵبگرێت و پەنا بۆ کەسانی دیکە نەبات کە بیری بۆ بکەنەوە بە ئامانجی ئەوەی کە بیانووی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی شکستەکەی ئەگەر شکستی هێنا. (سهیل، ٢٠٠٦: ل١). لە ڕوانگەی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە، بەپێی توێژینەوەی Marlatt & Donovan (2005)، هەستی بەرپرسیارێتی فاکتەرێکی گرنگی دەروونییە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی گۆڕان و چاکبوونەوە هەیە(Marlatt & Donovan (2005:L37، بە پێی توێژینەوەی، الغامدي(٢٠٢٣)، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە کە بەرپرسیارێتی کەسی نیشاندەرێکی بەهێزە بۆ باشترکردنی کوالێتی ژیان، لەمەوە دەردەکەوێت کە بەرپرسیارییەتی پێویست هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی ستایلی ژیان بە شێوەیەکی دروست ڕێک بخەیت . الغامدي (٢٠٢٣ لا ١٣٤). لەتوێژینەوەی البلوي (٢٠٢٠ ) دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و گونجانی خێزانی هەیە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت تا هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی هەبێت لای تاک زیاتر کاریگەری دەبێت لەسەر خێزان و پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی ئەرێنی دەخرێتەڕوو لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا. البلوي (٢٠٢٠ لا: ١٦٧). لە لێکۆلینەوەی المالكي (٢٠١٨ )، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بەهێزکردنی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر باشترکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، المالكي (٢٠١٨ :لا٢٧ ). بەپێی توێژینەوەی Marlatt & Donovan (2005)، هەستی بەرپرسیارێتی فاکتەرێکی گرنگی دەروونییە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی گۆڕان و چاکبوونەوە هەیە. توێژینەوەکە دەتوانێت زانیاریی بایەخدار بۆ پسپۆڕانی دەروونزانی، کارمەندانی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دابین بکات. بەپێی سەرچاوەکانی وەک Rollnick (2012)، تێگەیشتن لە فاکتەرە دەروونیی کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ پرۆسەی چاکبوونەوە، چونکە هەستی بەرپرسیارێتی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان کە یارمەتی ئالودەبووان دەدات بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی و دوورکەوتنەوە لە ماددەهۆشبەرەکان، هەروەها تەمیمي (١٩٩٣) : پێی وایە کە هەست کردنی بە بەرپرسیارییەتی لە تاک خۆیەوە دەست پێدەکات و گەشە دەکات بەرامبەر بەخۆیی و گەشەیی خێزانەکەی . تەمیمي ( ١٩٩٣:لا ٦٨) .

لەدوای خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکان دەربارەی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی ئەوە روون دەبێتەوە کەوا هەریەکە لەم گۆڕاوانە لەگەڵ چەندین گۆڕاوی تر کاریگەریان هەیە لە سەر تاک بە جۆرێك هەتا هەستی بەرپرسیاریەت زیاد بێت تاک زیاتر دەتوانێت خزمەتی خۆی و خیزانەکەی بکات و هەست بەتەندروستی دەروونی دەکات، لەگەڵ ئەوەش هەتا پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی زیاد بێت تاك هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەکات و بەدوور دەبێت لە گرفتە دەروونییەکان بۆیە ئەم بابەتە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی هەیە:

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کێشەیەکی هەستیار و گرنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بریتییە لە ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان . بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2023دا ڕێژەی ئالوودەبووان بە مادە هۆشبەرەکان، کە بە ڕێژەی (15%) زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی پێشووة ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێویستە بایەخێکی زیاتر بەم بابەتە بدرێت و ڕێگا چارەی گونجاو بدۆزرێتەوە.

هەروەها توێژینەوەکە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان دوو چەمکی گرنگ - پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لێکبداتەوە، ئەم پەیوەندییە لە زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوودا پشتگوێ خراوە، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت بۆشاییەک لە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا پڕبکاتەوە.

یەکێکیتر لەم خاڵانە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئالوودەبووان لە چاکسازییەکاندا، بەتایبەتی دەتوانێت ڕێنمایی پێشکەش بکات بۆ باشترکردنی سیستەمی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و هاندانی هەستی بەرپرسیارێتی لای ئالوودەبووان، ئەمەش لە دواجاردا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان دوای ئازادبوونیان لە چاکسازی، جگە لەمانە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی نوێ لە بواری چارەسەرکردن و دووبارە گونجاندنەوەی ئالوودەبووان لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی دەتوانێت ڕێنمایی پێشکەش بکات بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای ئالوودەبووان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

-ئاستەکانی هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و زانینی بەڵگەداری جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەییانەی لەلای سزادراوان

-ئاستی پەیوەندی نێوان هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای سزادراوان.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری کاتی:2024-2025

سنوری مرۆیی: سزادراوانی ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازی گەورانی سلێمانی.

سنوری جوگرافی: سلێمانی ، چاکسازی گەورانی سلێمانی.

## پێناسەی چەمکەکان

### پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی

پێناسەی چەمکەکان و زاراوەی توێژینەوەکە کە بریتین لە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارییەتی و ئالوودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکان :

چەمکی زمانی: پشتگیری لە زماندا لە دامەزراندنی شتێکەوە هاتووە کە پشتگیری بۆ دەکرێت یان بەرزدەکرێتەوە. (نقولا،١٩٨٦:٢١٦), وە پشتگیری لە پشتگیریکردنەوە هاتووە، و هەر شتێک کە پشتگیری بۆ دەکرێت دەبێتە پشتگیر، ئەو شتەی کە پشتگیری بۆ دەکرێت دەبێتە پشتگیر، و کۆکراوەکانی پشتگیرییەکان، و پشتگیری لە کەسێکدا دەکات ئەگەر یارمەتی بدات و پاڵپشتی بکات.(ابن منظور، ١٩٩٩:١٢٧٥) .

**پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی:** پاڵپشتیی دەروونیی کۆمەڵایەتی، وەک چەمکێکی زانستی، پەیوەستە بە سەرهەڵدانی دەستەواژەی "تۆڕی کۆمەڵایەتی". بۆ یەکەم جار زانا جۆن بارنز (John Barnes) لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئەم چەمکەی بەکارهێنا. لەم ڕوانگەیەوە، پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی تەنها بوونی تۆڕەکە نییە، بەڵکو بریتییە لە تێگەیشتن و هەستی تاک بەرامبەر بەو پاڵپشتییەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرییەوە (وەک خێزان و هاوڕێیان) وەریدەگرێت (احمد، ٢٠٠٣، ل. ٥١). بە واتایەکی تر، پاڵپشتیی دەروونیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە چۆنیەتیی هەستکردنی تاک بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی (السری وعبد المقصود، ٢٠٠١، ل. ٢).

آ- پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی: بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت,کە مرۆڤ وا دەکات باوەڕی بەوە هەبێت کە کەسێک گرنگی پێدەدات و خۆشی دەوێت و قەدری دەزانێت و بە بەهای دەزانێت، یان سەر بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، یان پابەندە بە ئەنجامدانی هاوبەشی ئەرک و کارەکانی لەگەڵ ئەوانی تر، عەبدولسەلام( ٢٠٠٠. :لا ٩).

**ب-** پێناسەی (سرسی، لمقصود ٢٠٠١) ، ئەوەیان خستەڕوو کە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی یارمەتییەکی کردەیی و دارایی و دەروونییە کە تاکی کۆمەڵگە دەدرێت لە لایەن کەسانی چواردەوری وەک: ئەندامانی خێزان، هاوڕێ و دراوسێ و هاوڕێیانی کار و هاوپۆل، هەروەها توانای ڕادەی کەسەکە بۆ قبوڵکردن و درک کردن بەو یارمەتییە.

**ت-** پێناسەی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نزیکی نێوان تاکەکان و لایەنە بە کۆمەڵەکانی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، لە بارودۆخە تایبەتەکاندا دەتوانرێت پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بگونجێندرێت بۆ دابینکردنی پێداویستیە دەروونی و جەستەییەکانی کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە (Adele،Jaraiseh,2019p9).

**ث-** پێناسەی (الدوسري، ٢٠٢٠) پێناسەی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بەوە کردووە، کە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک یارمەتی ماددی و سۆزداری و زانیارییە کە بەردەوام پێشکەشی ئالوودەبووان دەکرێت لەلایەن هاوڕێ و لایەنە پەیوەندیدارەکان .

**ج-** پێناسەی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو پاڵپشتیەیە، کە پێشکەش دەکرێ لەلایەن تیمی تەندروستی بەبێ لایەنی تایبەتمەندی وەکو دەستە و ئەکادیمیا و لایەنی خۆبەخشی کۆمەڵگە، بە هاوکاری لەگەڵ تایبەتمەندییەکان لە دامەزراوەی چارەسەری دەروونی کە پڕە لە تیمی تەندروستی بۆ پاراستن و سەلامەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی، کە بەرنامە و یارمەتی مادی و

مەعنەوی و ویژدانی و زانیاری لەخۆ دەگرێت بە شێوەی چالاکی جۆراوجۆر(حمد الدين-٢٠٢٢، لا ١٢١٠)

**ح.** پپاڵپشتی دەروونی کۆمەلایەتی پێناسەی دەکەن وەک سیستەمێکی کۆمەلایەتی دەروونییە، کە تێیدا تاک هەست بە متمانە و خۆشەویستی و ڕێزگرتن دەکات لەلایەن دەوروبەرییەوە (Sartor & Shucher, 2023 p.78 ).

**س-** پێناسەی **(Cobb)** پشتگیری کۆمەڵایەتی بەو زانیارییە پێناسە کردووە, کە مرۆڤ وا دەکات باوەڕی بەوە هەبێت کە کەسێک گرنگی پێدەدات و خۆشی دەوێت و قەدری دەزانێت و بە بەهای دەزانێت، یان سەر بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، یان پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەرک و کارە هاوبەشەکان .

**ش-** پێناسەی **(Caplan)** پشتگیری کۆمەڵایەتی وەک سیستەمێک پێناسە دەکات، کە کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی دیکە لەخۆ دەگرێت کە درێژخایەن و متمانەپێکراون کاتێک تاک هەست بە پێویستی دەکات، بۆ ئەوەی پشتگیری سۆزداری بۆ دابین بکات (عبد السلام ، ٢٠٠٠، ٩ ).

**پاڵپشتی دەروونی بەم شێوەیە پێناسە کرا:**

**١- تۆمپسۆن(Thompson):**

پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵێک پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە کە یارمەتی تاک دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە دەروونییەکان و دۆخە سەختەکانی ژیان. (Thompson, 1995, p. 43)

**٢- کۆهێن و ویلیس (Cohen & Wills):**

پاڵپشتی دەروونی بریتییە لە دابینکردنی سەرچاوە دەروونییەکان لەلایەن کەسانی ترەوە کە یارمەتی تاک دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی ژیان. ( Cohen & Wills, 1985, p. 310 ).

**پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە کراوە:**

١-(طشطوش، ٢٠١٥)، پێناسەی کردووە بە دەستڕاگەیشتن بە پاڵپشتی تاک لە ژینگەی دەوروبەری، کە بە سەرچاوەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی خێزان و خزم و هاوڕێ و تاکەکانی دیکەی دەوروبەری تاکە کەسەکە نوێنەرایەتی دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوە سترێسییەکانی ژیان و گونجاندن بۆ ئەوان. (طشطوش، ٢٠١٥: ١٤٤) .

٢-(Almutairi, 2017): پێناسەی دەکات وەک کۆمەڵێک کارلێکی کۆمەڵایەتی کە یارمەتی ڕاستەقینە دەدات بە تاکەکان، یان هەستکردن بە وابەستەبوون بە تاکێک یان گروپێکەوە، کە وەک چاودێری یان نارەحەتی هەست پێدەکرێت ( Almutairi, 2017: 290).

**د- پێناسەی تیۆری بۆ پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی:**

پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بە ئەو یارمەتییە دەکات, کە پێشکەش بە تاکەکان یان گروپەکان دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجی بەرزکردنەوەی باشی سۆزداری و باشترکردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردنی خۆڕاگرییە، بەتایبەتی لەو کەسانەی کە تووشی قەیران دەبن، وەک چاکبوونەوەی ئالوودەبوون. ئەم پشتگیرییە چاودێری تەندروستی دەروونی و ستراتیژییە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەخات بۆ پێشخستنی چاکبوونەوە و تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

**ه-پێناسەی کرداری بۆ پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی :**

بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە تاك (نمونەی توێژینەوەکە) بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە بۆ پێوانەکردنی ئاستی پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی.

## هەستی بەرپرسیارێتی

**ئ- هاریسۆن و جۆن : (Harrison & Gaugh.1952)**

ئامادەییەکە کە تاک نیشانی دەدات, لە ڕێگەیەوە بڕیار دەدات دەرئەنجامەکانی ڕەفتارەکانی قبوڵ بکات و هەستەکان نیشان بدات کە پابەندبوون بەو شتانە دەگرێتەوە کە گروپەکە پەسەندی کردووە.(p.72 ، Harrison & Gaugh.1992).

**ب- تیۆری گشتالتی پێرلز :(Perls)**

ئەوە هەستی تاکە، کە هەموو پرۆسە فیکری و ڕەفتارییەکانی بەشێکن لە خۆی و دەبێت بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆی و زانیاری و چاوەڕوانییەکانی خۆی هەبێت، نەک بژی بە چاوچنۆکی و چاوەڕوانییەکان لە ئەوانی تر (الزيود، ١٩٩٨: لا٢٢٤).

**پ.** مەحمود،(٢٠٢٣) پێناسەی دەکات وەک توانای تاک بۆ هەڵگرتنی ئەرک و بەرپرسیارێتی کردەوەکانی خۆی و دەرەنجامەکانیان، لەگەڵ هەوڵدان بۆ چاککردنی هەڵەکانی. مەحمود (٢٠٢٣، لا.٤٥) .

ت- قاسم، (٢٠٠٨) پێناسەی دەکات بەوەی، کە بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر بە خۆی و بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە خێزانەکەی و هاوڕێکانی و بەرامبەر بە ئاینەکەی و وڵاتەکەی، لە ڕێگەی تێگەیشتنی لە ڕۆڵی خۆی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی و خەمی خۆی بۆ هەندێکی تر لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی و بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان. (قاسم ٢٠٠٨لا ٢٣٤)

**ث.** ئەحمەد ، (٢٠٢١) دەڵێت ئەو هەستەیە کە وا لە تاک دەکات بیر لە ئەنجامی کردەوەکانی بکاتەوە و هەوڵی چاکسازی و گۆڕانکاری ئەرێنی بدات. ئەحمەد (٢٠٢١، ل:٨٩) .

**ج.** هارتمان و جۆنسۆن: پێناسەی دەکەن وەک "توانای تاک بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی کردەوەکانی و گرتنەبەری هەنگاوی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. (Hartmann & Johnson, 2024, p.112).

**پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ هەستی بەرپرسیارێتی:**

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی: بریتییە لە هۆشیاری و پابەندبوونی تاک بە جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانی بەرامبەر بە خۆیان و ئەوانی دیکە و کۆمەڵگاکەیان، لێپرسینەوە لە کردارەکانی مرۆڤ و ڕەفتاری ئەخلاقی و بەشداری چالاکانە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتەوە لە چوارچێوەی چاکبوونەوەدا، نوێنەرایەتی توانای تاکەکان دەکات بۆ بەشداریکردنی ئەرێنی لە گەشەکردنی کەسی خۆیان و خۆشگوزەرانی ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان.

### پێناسەی کرداری بۆ هەستی بەرپرسیارێتی :

بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە تاك (نموونەی توێژینەوەکە) بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی برگەکانی ئەو پێوەرەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ پێوانەکردنی هەستی بەرپرسیارێتی .

**- ئالوودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکان:**

ئالوودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکان کە بە تێکچوونی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان ناسراوە، حاڵەتێکی درێژخایەن و دووبارەبوونەوەیە کە بە ڕەفتاری ناچاری گەڕان بە دوای ماددەهۆشبەرەکاندا دەناسرێتەوە سەرەڕای دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی، وابەستەیی جەستەیی و دەروونی بە ماددەکانەوە دەگرێتەوە، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی بەرچاو لە کارکردنی ڕۆژانەدا. زۆرجار چاکبوونەوە پێویستی بە پشتگیرییەکی گشتگیر هەیە، لەوانە چارەسەری پزیشکی، چارەسەری دەروونی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی. هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕوو:

آ-ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان (WHO) بەم شێوەیە پێناسەی ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەکات :کە بریتین لە حەز یان بەستراوەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردەوام کەسانێک سەبارەت بە هەندێك مادە دەیانبێت. (احمدی, ٢٠٠٥ :178)

ب- ئالودەبوون لە رووی دەروونییەوە : بریتییە لە دیاردەیەکی دەروونیی و کۆمەڵایەتی کە تاکی بەکارهێنەر، بەهۆی کۆمەڵێک پاڵنەری دەروونیی و جەستەیی و ژینگەییەوە، بە شێوەیەکی درێژخایەن توشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی، هەروەها بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان و کێشەی جۆراوجۆری دەروونی (محمد،٢٠٠٧:لا ١٨) .

ج-لەڕوانگەی یاساییەوە : ئالودەبوو ئەو کەسەیە، کە ئەو مادە بێهۆشکەرانە بەکاردەهێنێت و خوی پێوەگرتوون و بە ڕێگای نایاسایی دەستی دەکەون و بەکاریان دەهێنێت، بەمەبەستی سەرمەستی و وەرگرتنی چێژ لێیان، لەکاتێکدا ئەو جۆری مادە بێهۆشکەرانە ، لەرووی یاساییەوە ، لێ پیچینەوەی لەگەڵدادەکرێت و دواجار ئالودەبوو بەوە ناسراوە ، کە مرۆڤێکی کەم ئیرادەوە کەم توانایە ، لەوەی کەبتوانێت ، واز بهێنێت لەو کارەی ، یان لەو دۆخە خراپەی ، کەتێی کەوتووە ، بە هۆی بەکارهێناییەوە دوچاری زیان دەبێت (شارلووت سیمۆر،68:2005).

د-لە ڕوانگەی تەندروستیەوە : ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە باسی خووگرتوو دەکات ، ئەو کەسەیە ، کە بەهۆی بەکارهێنانی مادەهۆسبەرەکانەوە ، یان دەرمانێکی کیمیاییەوە ، بەشێوەیەکی بەردەوام توشی خوو پێوەگرتن و وابەستە بوون دەبێت (دانش ، 2006 :38)

هـ-میلەر و ئەندەرسۆن : پێناسەی دەکەن وەک دۆخێکی ئاڵۆزی دەروونی-فسیۆلۆجی کە تێیدا تاک پەیوەستەیی بەهێز بە ماددەیەکەوە پەیدا دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. Miller & Anderson, 2023, p.45.

و-پێناسەی پراکتیکی بۆ ئالودەبوون : بریتییە لە وابەستەبوونی دەروونی ، ئۆرگانی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرمانێکی دیاریکراو ، کە ناتوانرێت ، دەستبەرداری بێت ، بە هۆی راهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە ، بۆ ئەو دەرمانە یان ئەو مادە هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش ، بەبەکار هینانی ئەم دەرمان ومادده بێ هۆشکەرانەدا ، کاریگەری دەروونیی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات .

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### أ. چوارچێوەی تیۆری

### پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی :

1-2-2 پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان پرۆسەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەو ڕاستییەی کە هەریەکەیان بەردەوام کارلێک لەگەڵ ئەوی دیکە دەکەن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت. زاراوەی پێکهاتەیی تەندروستی دەروونی و پشتگیری دەروونیی کۆمەڵایەتی بەکاردێت بۆ وەسفکردنی هەر جۆرە پشتیوانییەکی ناوخۆیی یان دەرەکی کە ئامانجی پاراستن یان پێشخستنی خۆشگوزەرانی دەروونی کۆمەڵایەتییە. (MHPSS : 2014 ).

دەتوانرێت پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی پۆلێن بکرێت بۆ سێ ئاست : پشتگیری کۆمەڵایەتی هەستپێکراو ، ڕەفتاری پشتگیری کۆمەڵایەتی (پشتیوانی وەرگیراو)، و سەرچاوەکانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی. چەمکی پشتگیری کۆمەڵایەتی دەربڕینی پێزانینی کەسی تاکێکە بۆ شێوەیەکی گونجاوی پشتیوانی (Chalise,2010,58). ڕەفتاری پشتیوانی وەک یارمەتیدانی ڕاستەقینەی ماددی یان سۆزداری وەسف دەکرێت . سەرچاوەکانی پشتگیریی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکەس، لە بنەڕەتدا لە تۆڕەکانی پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن (Wu & Hart, 2002, ل. ٤٧).سەبارەت بە گرنگی پێدانی ئێستا بۆ پشتیوانی دەروونیی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ سێ توێژەر: (Cobb , Caplan ,Cassel) ، کە بە دیارترینی ئەو کەسانە دادەنرێت کە ئارەزووی پشتیوانی کۆمەڵایەتییان هەیە، جەختیان لەسەر گرنگی پشتیوانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە لە کەمکردنەوەی ئەو تێکچوونانەی کە لە ئەنجامی فشار و تێکچوونی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت ، وە ئەو فیدباکە کۆمەڵایەتییەکانی بە توخمێکی بنەڕەتی لە بیرۆکەی پشتگیریکردنیدا دەزانی، **کاپلان** لەگەڵ **کاسل** هاوڕا بوون و گریمانەکەیان قبوڵ کرد سەبارەت بەو (Buffering role) کە پشتیوانی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێت لە بەرامبەر فشاردا، بە کۆکردنەوەی سەرچاوە دەروونییەکانی تاکەکان . (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان) و زیادکردنی ئامادەیی خۆیان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری جۆرە جیاوازەکان , (pearson,1990,35) .

هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە بە ئامانجی ڕێکخستنی وەڵامە سۆزدارییەکان، ئەو هەوڵەیە کە تاک دەیکات بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانی، بەو پێیەی لە ڕێگەی ئەم هەوڵەوە کارلێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و پشتگیریکەرەکان، فشارەکان لەسەر تاک کەم دەکەنەوە (شەریف، ٢٠٠٢، ل. ٥٨).. پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی بە کۆی ئەو پەیوەندییانە دەوترێت کە وا لە تاک دەکات هەست بە گرنگییەکەی بکات لە نێوان ئەو تاکانەی کە هەست بە گرنگییەکەی دەکەن، دەتوانرێت بە کۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ئامرازییە هاوبەشانە هەژمار بکرێت کە تاک بەشداری دەکات تاک، بەهای خۆی لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە هەڵدەسەنگێنێت کە بۆی گرنگن، بەجۆرێک هەست بە بەهایەکی جێگیر و بەردەوام دەکات (محەمەد، ٢٠٠٥، ل. ١٢٨).**رضوان و هريدى، (2001)** پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بە بڕی ئەو پاڵپشتییە سۆزداری و مەعریفی و ڕەفتاری و ماددییەی تاک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا لە کەسانی دیکە وەریدەگرێت، هەروەها (الجندی ،2003، 12) ئاماژەی بەوە کردووە کە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەهێز و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پارێزراوەکان کە لە نێوان تاک و ئەوانی دیکەدا هەن کە تێڕی دەکەن پێداویستییەکانە بۆ خۆشەویستی

و قبوڵکردن و ئاسایشە، بۆیە متمانەی بەم پەیوەندییانە هەیە و تێدەگات کە دەتوانن لە هەمموو بارودۆخەکانی ژیاندا چاودێری و هاندان و ئامۆژگاری و هاوکاریی پێ بکەن.

**پشتگیری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە هەندێک شتەوە هەیە وەک:**

* دابینکردنی هەستکردن بە ئامانج بۆ تاکەکان لە کاتێکدا سوود لەو یاسایانە وەردەگرن کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەشن.

* بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە، وەک دابینکردنی خۆراک و ڕاگرتنی ماڵ بە سەلامەتی و گەرمی.

* ئاهەنگ گێڕان بە سەرکەوتن بەو مانایەیە کە پشتگیری کۆمەڵایەتی فیدباک دەدات بە تاکەکان و هانیان دەدات و پاداشتی هەوڵەکانیان بکات.

* پێداچوونەوە بە گۆڕانی بارودۆخەکاندا بکە بە هاوبەشکردنی چیرۆکی چالاک لەگەڵ هاوڕێیان و هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی هەریەکەیان بەرامبەر بەو چیرۆکانە.

* پێزانینی پشتگیری ژیان لەگەڵ نەخۆشیدا چالاکە و ڕەنگە هیچ چانسێکی باشتر نەبێت، بۆیە هەوڵەکان بۆ ژیان لەگەڵ نەخۆشی درێژخایەن دەبێت لەلایەن کەسانی دیکەوە ڕێزی لێ بگیرێت.(Price, 2010, 48).

هەندێک لە توێژەران دەریانخستووە کە ئەو پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەی کە تاک لە گرووپەکانی سەر بە خۆیەوە وەریدەگرێت، وەک خێزان و هاوڕێ و هاوکارەکانی کار، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بارودۆخە سترێسییەکان کە تاکەکەس لە خۆیدا بەرکەوتەی دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەدا. (جاب الله ، 1993، 58). پشتگیریی کۆمەڵایەتی نەک هەر تاک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو فشارە دەروونیانە دەپارێزێت کە بەهۆی ئەزموونە ئازاربەخشەکانەوە (وەک لەدەستدان) دروست دەبن، بەڵکو ڕۆڵێکی کاراش دەگێڕێت لە خێراکردنی پرۆسەی چاکبوونەوە لە نیشانە دەروونی و جەستەیی-دەروونییەکان..(علی، 2005،33).

تاک لە فشار دەپارێزێت، چونکە تاکێک کە چێژ لە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەهێز وەردەگرێت، سەرکەوتووتر مامەڵە لەگەڵ فشاردا دەکات لە چاو کەسێک کە بڕێکی پێویستی پشتیوانی نییە (حسن،38،2004). هەروەها دۆلبێر پێی وایە وەرگرتنی پاڵپشتی دەروونیی کۆمەڵایەتی یان پێشکەشکردنی بە کەسانی دیکە پەیوەندییەکی نزیک بە تەندروستییەکی باشی دەروونی و جەستەییەوە هەیە. (عوثمان، 2001 ,148) و(عبدالله ، 1995، 473) پێی وایە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێرکردنی پێویستی ئاسایشی دەروونی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئازارەکان کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانەوە دروست دەبێت. حداد (1995) نیشانیدا کە پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو گۆڕاوانەی کە کاریگەری دڵەڕاوکێ و فشار لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی تاکەکەس کەمدەکاتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە نەبوونی هاوڕێ کە دەتوانرێت لە کاتی پێویستیدا ڕوو لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بکرێت بۆ خەمۆکی و دڵەڕاوکێ.

بریهام ( **1990:Breham**): ئاماژە بەوە دەکات کە پشتیوانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە خۆبەگەورەزانین دەپارێزێت و هانی دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕووبەڕووی فشارەکان ببێتەوە (Breham, 1990,58). هەروەها پشتیوانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دووپاتکردنەوەی خودی تاک لە ڕێگەی هەستکردن بە پشتیوانی لە لایەن کەسانی دەوروبەرییەوە، و ڕێزگرتن و قەدرزانی لەلایەن ئەو گروپەی کە سەر بە خۆیەتی، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێرکردنی پێویستی ئاسایشی دەروونی. (اسماعیل،2004 ،54)

**شوماخر و بیرۆنێل (1984) Schumaker & Brwonell ئەرکەکانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی دابەش دەکەن بەسەر:**

ئەرکی پشتگیریی تەندروستی بریتییە لە بەهێزکردنی باری جەستەیی و دەروونیی تاک. ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دڵخۆشی و یارمەتیدان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، پاراستنی ناسنامە، و پەرەپێدانی خۆبەهادانانەوە دەبێت.

* ئەرکەکانی کەمکردنەوەی فشار بریتین لە هەڵسەنگاندنی مەعریفی، گونجانی مەعریفی و ڕووبەڕووبوونەوەی. (اسماعیل ، 2004ب ، 23).

**سارفینۆ Sarfino (1998) پێی وایە کە پشتگیریی دەروونیی کۆمەڵایەتی پێنج جۆر هەیە:**

* پاڵپشتی سۆزداری: واتە هەستکردن بە سۆز و خەمخۆری و خۆشەویستی و نیگەرانی تاک بە ئەزموونی ناڕەحەتی یان بە ئازاردا تێپەڕێت، یان خۆبەگەورەزانینی کەم ببێتەوە و لە ڕێگەی پاڵپشتی سۆزدارییەوە، خۆبەگەورەزانینی زیاد دەکات.

* پاڵپشتی خود : هەستکردن بە ناکارامەیی کەم دەبێتەوە.

* پشتگیری ئەدای کارکردن: هاوکاری ماددی و دارایی لەخۆدەگرێت.

* پاڵپشتی ڕێزلێنان : پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و زانیاریی گونجاو بۆ تاک، بە مەبەستی یارمەتیدانی تاک بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە و پێکەوە ژیان لەگەڵیدا.

* پشتگیری قەدرزانی: یان هەڵسەنگاندن، یارمەتی تاک دەدات هەستەکانی خۆی لە خۆهەڵسەنگاندن و یەکگرتن بنیات بنێت.

* پشتگیری کۆمەڵایەتی: واتە بەشداریکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لە چالاکییەکان بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی مرۆڤ، ئەمەش وا دەکات تاک هەست بکات کە ئەندامی گروپێکە کە هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی ئەون. (Sarfino, 1998, 97) .

**ب. تیۆرەکان سەبارەت بە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی**

**1. تیۆری سولیڤان (Sullivan)**

یەکێکە لە تیۆرییە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان کە تیشکی دەخاتە سەر پەیوەندیی لە نێوان کەسییەکان و کاریگەرییەکانی ئەو پەیوەندییانە لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی و تەندروستی دەروونی. سولیڤان باوەڕی وایە کە کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تر دروست دەبێت، و ئەو پەیوەندییانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە فێربوونی هەستی بەرپرسیاریەتی و هەستی خۆبەرزکردنەوە.

لە تیۆری سولیڤاندا پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان کەسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارییەتی. ئەو پاڵپشتییە دەروونییە کە لەلایەن کەسانی ترەوە دەدرێت (وەک خێزان، هاوڕێکان، یان کۆمەڵگا) یارمەتی کەس دەدات کە هەستی سەلامەتی و پەیوەستبوون بە کۆمەڵگایی هەبێت، کە ئەمەش پێویستە بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی. بەپێی سولیڤان، کاتێک کەسێک پاڵپشتی دەروونی وەردەگرێت، دەتوانێت بە شێوەیەکی سەلامەت هەستەکانی خۆی بڵاوکاتەوە و پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ کەسانی تر دروست بکات، کە ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارێتی.

تیۆری سولیڤان دەتوانێت ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەوە بدات کە چۆن پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی دەتوانێت یارمەتی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بدات بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارێتی. بە گوێرەی ئەم تیۆرییە، پەیوەندییە تەندروستییەکان و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی دەتوانن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، بۆ ئەوەی هەستی بەرپرسیاریەتییان بەرەوپێش

بدات و بەرەو چارەسەرکردن و گەڕانەوە بۆ ژیانی تەندروست بڕۆن.

تیۆری سولیڤان پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان کەسییەکان وەک بنەمایەکی گرنگ دەبینێت بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی کە دەتوانێت یارمەتی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بدات بۆ چارەسەرکردن و گەڕانەوە بۆ ژیانی تەندروست.(مصطفى ، ٢٠١٩:ل١٨١)

## 2. بیردۆزی ڕەفتاری (النظرية السلوكية)

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە و لە سەروو هەموویانەوە (واتسۆن) و (سکینەر)، سەرنجیان خستە سەر پرۆسەی فێربوون، بە تەوەرێکی سەرەکییان لە قەڵەم دا لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتار لە مرۆڤدا، و پێیان وایە ڕەفتاری تاک بریتییە لە ناوەندی پێکهاتنی دەروونی تاکەکە، واتە ڕەوشتەکان لە کۆمەڵێک شێوازی ڕەفتاردا پێناسە دەکرێن، کە گەشە دەکەن و دروست دەبن لە ئەنجامی کردەکانی فێربوون و هاندان و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک، کە لە ژینگەکەی دەوروبەری وەریدەگرێت.

## 3. تیۆری وابەستەیی سۆزداری ( نظرية التعلق الوجداني)

(بۆوڵبی) لە بیردۆزەکەیدا ڕوونیکردەوە، کە ئەو تاکانەی وابەستەیی سروشتی باشیان هەیە لەگەڵ ئەوانی تر زیاتر پشت بە خۆیان دەبەستن لە چاو ئەوانەی ئەم پەیوەندییانەیان نییە، لە نەبوونی ئەو پەیوەندییە کە لە ڕێگەیەوە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت، تاک ڕووبەڕووی چەندین مەترسی ژینگەیی دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی دابڕان و کشانەوە و دوورکەوتنەوە لە کەسانی دیکە. (حبيب،2022 ،ل 426).

### پێکەوەبەستنی تیۆرییەکان:

تیۆرییەکانی سولیڤان و بیردۆزی ڕەفتاری و بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی و تیۆری وابەستەیی سۆزداری هەموویان سەرنج دەخەنە سەر گرنگی پەیوەندیی نێوان کەسییەکان و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیاریەتی، بە تایبەتی لە کەیسەکانی ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکان ، تیۆری سولیڤان پەیوەندییە تەندروستەکان وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارەتی دەبینێت کە یارمەتی کەسەکان دەدات هەستەکانی خۆیان دەربڕن و پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ کەسانی تر دروست بکات. بیردۆزی ڕەفتاری سەرنج دەخاتە سەر ڕۆڵی هاندان و پاڵپشتی لە فێربوونی ڕەفتاری ئەرێنی کە دەتوانێت یارمەتی ئالودەبوان بدات ڕەفتاری نەرێنی بگۆڕن و بەرپرسیارەتی هەڵبگرن. بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ژینگە و نموونە کۆمەڵایەتییەکان بە هەڵگری سەرەکی لە دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤ دەبینێت کە دەتوانێت یارمەتی ئالودەبوان بدات ڕەفتاری تەندروستتر فێربن. تیۆری وابەستەیی سۆزداریش سەرنج دەخاتە سەر گرنگی پەیوەندییە سۆزدارییە تەندروستەکان لە پەرەپێدانی کەسایەتی و تەندروستی دەروونی کە دەتوانێت یارمەتی ئالودەبوان بدات هەستی سەلامەتی هەبێت و بەرپرسیارەتی وەربگرن. بە تێگەیشتن لەم تیۆرییانە دەتوانین ڕوونکردنەوەیەکی تەواو بۆ ئەوە پێشکەش بکەین کە چۆن پاڵپشتی کۆمەڵایەتی دەتوانێت یارمەتی ئالودەبوانی ماددەی هۆشبەر بدات بۆ گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارەتی و گەڕانەوە بۆ ژیانی تەندروست .

لە کۆتایدا ئەم تیۆرییانە هەموویان سەرنج دەخەنە سەر گرنگی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان کەسەکان لە پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارییەتی. بە تایبەتی لە کەیسەکانی ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکان پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە تەندروستەکان دەتوانن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە بەرپرسیارەتی وەربگرن و بەرەو چارەسەرکردن و گەڕانەوە بۆ ژیانی تەندروست بڕۆن. ئەم تیۆرییانە پێکەوە دەتوانن ڕوونکردنەوەیەکی تەواو بۆ ئەم پرۆسەیە پێشکەش بکەن و وە دەتوانن بنچینەیەکی بەهێز بۆ دروستکردنی چارەسەری کاریگەرتر و بەرنامەکانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەن.

پشتگیری دەروونی کۆمەلایەتی یارمەتی دەروونی و هەستیارانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان. ئەم پشتگیرییە بریتییە لە پشتگیریکردن لەلایەن خێزان، هاوڕێکان، گرووپەکانی پشتگیری کۆمەلایەتی و چارەسەرە پیشەییەکان. ئامانجەکەی ئەوەیە کە یارمەتی ئالوودەبووەکان بدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان پەرەپێدانی ڕەوشت و هەڵوێستی ئەرێنی و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی. پشتگیری کۆمەلایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی ئالوودەبوون چونکە پەیوەندییە بەهێزەکان وکۆمەڵگایەکی پشتگیریکەر دەتوانن مەودای دوورکەوتنەوە لە ماددە هۆشبەرەکان زیاتر بکەن و تەندروستی دەروونی باشتر بکەن.

## 4. هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی : (Asense of respon sibility)

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەستێکی ناوەکی و خودی و ئەوەی کە تاک بەرپرسیارێتی هەڵسوکەوتی خۆی هەڵدەگرێت و قەناعەتی بەو کارانە هەیە کە دەیکات و بە جۆش و خرۆشەوە بۆ ڕۆڵی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەبێ دوودڵی، بەرپرسیارێتی گوزارشت لە پێگەیشتنی دەروونی ئەو تاکە دەکات کە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت و ئامادەیە پشکی خۆی وەک تاکێک ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا. (الشايب، ٢٠٠٢: ٤٥).

**فرانكل (Frankl) :**هەستی بەرپرسیارێتی بەو شێوەیە ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ سەرەتا بەرپرسیارە بەرامبەر بە خۆی و هەروەها بەرامبەر بە ویژدانی خۆی و بەرامبەر بە خوداکەی، واتە چارەسەری بوونگەرایی هەوڵ دەدات مرۆڤ ئاگادار بکاتەوە لە بەرپرسیارێتی خۆی، ئازادیی مرۆڤ ئازادی نییە لە شتێک، بەڵکو خۆشەویستی ئازادییە لە پێناو شتێکدا، سەبارەت بە(Horney)، دەبینێت کە ئەو کەسەی ئاگاداری خۆیەتی، هەست بە هەست و ئیرادەی خۆی دەکات، و دان بە خۆیدا دەنێت، کە تواناکان بەرامبەر بە کردارەکانی خاوەنی کەسایەتییەکی ئاساییە. (الزيود ، ١٩٩٨ ، ١٢٦-٢٣٩ ).

## ئەو تیۆریانەی کە هەستی بەرپرسیارێتییان ڕوونکردووەتەوە:

### یەکەم/ سیگمۆند فرۆید :

بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆید سەبارەت بە هەستی بەرپرسیارێتی بەستراوەتەوە بە چەمکی (ئەو)ەوە لە سوپەرئیگۆ بەپێی تیۆری دەروونشیکاری فرۆید، سوپەرئیگۆ یەکێکە لە سێ پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ، شانبەشانی ئایدی و ئیگۆ و سوپەرئیگۆ لێرەدا بەشێك لە بۆچوونەکانی فرۆید دەخەینەڕوو:

سوپەرئیگۆ:superego

- ویژدانی ئەخلاقی: سوپەرئیگۆ نوێنەرایەتی ئەو ستاندارد و ئایدیاڵە ئەخلاقییە ناوەکییانە دەکات، کە لە دایک و باوک و کۆمەڵگا بەدەستیان هێناوە, وەک ویژدانێکی ئەخلاقی کاردەکات، تاکەکان ڕێنمایی دەکات بۆ پابەندبوون بە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

- هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی: سوپەرئیگۆ بەرپرسیارە لە چاندنی هەستی بەرپرسیارییەتی و تاوانباری و هەڵسەنگاندن بۆ کردار و بیرکردنەوەکان دەکات، پاداشتی ڕەفتاری باش بە هەستی شانازی و سزادانی ڕەفتاری خراپ بە هەستکردن بە تاوانباری و شەرمەزاری دەداتەوە.

- پێکهاتە : سوپەرئیگۆ لە سەرەتای منداڵیدا لە ڕێگەی پرۆسەی ناسینەوە لەگەڵ کەسایەتییەکانی دایک و باوک و ناوەکیکردنی بەها و یاساکانیان گەشە دەکات.

کارلێککردن لەگەڵ Id و Ego :

- Id : ئەو بەشە سەرەتایی و غەریزەیەی دەروونییە کە بەدوای تێرکردنی دەستبەجێی ئارەزوو و پاڵنەرەکاندا دەگەڕێت, لەسەر بنەمای چێژ کاردەکات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دەرئەنجام و ئەخلاق بکات.

- ئیگۆ : ئیگۆ بریتییە لەو بەشە عەقڵانی و واقیعییەی عەقڵ، کە نێوەندگیری دەکات لە نێوان ئارەزووەکانی id و سنووردارکردنی ئەخلاقی سوپەرئیگۆ لەسەر بنەمای واقیع کاردەکات، ڕێگەی پراکتیکی دەدۆزێتەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی id لە سنووری نۆرمەکانی کۆمەڵایەتیدا.

- ململانێ : زۆرجار سوپەرئیگۆ لەگەڵ ئایدی ناکۆک دەبێت، چونکە ڕەنگە ئارەزووەکانی id لەگەڵ ستاندارده ئەخلاقیەکانی سوپەرئیگۆدا ناکۆک بن، ئیگۆ وەک ناوبژیوانێک کاردەکات، هاوسەنگکردنی داواکارییەکانی هەردوو ئاید و سوپەرئیگۆ بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەروونی.

**دووەم : (تیۆری گشتاڵت ) (Gashtalt theory):**

بەرپرسیارێتی(Responsibility) بە یەکێک لە چەمکە هەرە دیارەکانی گشتاڵت دادەنرێت، و پێرلز(Perlis) بە واتای هۆشیاری ئەو پرۆسەیە کە توانای ئەوەت پێدەدات بزانیت بیر لە چی دەکەیتەوە، هەست بە چی دەکەیت، پێرلز جەختی لەسەر گرنگی گەشەکردنی تاکە کەس کردەوە بۆ فراوانکردنی بوارەکانی هۆشیاری سەبارەت هۆشیاری، کە لە بنەڕەتدا وەک سەرچاوەیەکی شاراوەی هێز وایە (هاوشێوەی ئاوی ژێرزەوی)، کاتێک هان دەدرێت، ڕاستەوخۆ لە ڕادەی هەستکردنی تاک بە بەرپرسیارێتی و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی، ڕەنگ دەداتەوە. کە تاکە کەس بەکاری دەهێنێت ئەگەر لەگەڵ ڕەفتار و هەستەکاندا یەکبگرێتەوە، ئەوا ئەمە بەو مانایەیە کە تاکە کەسەکە زمانی دروست بەکاردەهێنێت، هەروەها ڕادەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لەو زمانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە تاک بەکاریدەهێنێت. کاتێک زمانی تاک لەگەڵ ڕەفتار و هەستەکانیدا گونجاو و هاوتەبا بوو، ئەمە نیشانەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە؛ بەڵام ئەگەر ناتەبایی هەبوو، ئەوا مانای خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی.هەروەها **پێرلز**(Fredrick Perlis) لە ژێر کاریگەریی تیۆری وجودیدا بوو سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی تاک بەرامبەر بە بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتارەکانی لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی لەسەر لایەنی ڕۆحی نەبوو و لەگەڵیدا هاوڕا بوو و لەگەڵ خەمی هاوبەشدا هاوڕا بوو (لێرە و ئێستا) و خەمی گەشەکردن و ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بوو لەگەڵ توانای خۆی بەرامبەر بە ناوەند، کە بریتییە لە هۆشیاری، یەکگرتن ناسینەوەی تاکە کەسەکە لەگەڵ خۆی و ژینگەدا بە ئامانجی کۆکردنەوەی خود، هەروەها تێڕوانینی خۆی بۆ بەرپرسیارێتی تاک لەگەڵیدا هاوبەش کرد و بوونەوەرێکە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت و توانای زیاتری هەیە لەوەی کە نییە.(الطيب ، ١٩٨٩: ٢٢٠).

لەبەر ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا لیکۆلینەوە لە بابەتی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکانەوە دەکرێت بۆیە توێژەر بە پێویستیزانی ئەو گۆڕاوە زیاتر لەڕوانگەی تیورییەکانەوە روون بکاتەوە

**سێیەم / تیۆری چارەسەری واقیعی : (Theory Realistic treatment)**

ولیەم گلاسەر(William Glasser) : بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرییە دادەنرێت و ئەو بانگەشەیەی ئەوە دەیکات کە واقیع کەسەکە و ئەو باروودۆخەی کە دەورەی داوە بە پەیوەندیی کارلێککارانە پڕدەکاتەوە، گلاسەر (Glasser)جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی دەرکەوتنێکە و کاریگەری لەسەر ئەو تەندروستییە دەروونییە هەیە کە تاک چێژی لێ وەردەگرێت، هەروەها ئەوانەی بەدەست کێشەی دەروونییەوە دەناڵێنن، دەگەڕێنەوە بۆ نەتوانینی تێرکردنی پێداویستییەکانیان بە شێوەیەکی واقیعی، و بە شێوەیەکی ناڕاستەقینە، و نادروست ڕەفتار دەکەن ڕەفتاری نابەرپرسیارانە لە هەوڵەکانیاندا بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان تیۆری چارەسەری واقیعی مامەڵە لەگەڵ ڕەفتار دەکات بەپێی چەمکی ڕەفتاری کۆی گشتی، کە پێکهاتووە لە هەست و ڕەفتار و بیرکردنەوە, و ئەرکە ئۆرگانییە ناوخۆییەکان لە (جەستەدا) و ئەم پێکهاتانە بەیەکەوە گرێدراون و کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنییان لەسەر یەکتر هەیە(الرشيدى واخرون ، ٢٠٠٠: ٥٠٢).

هەستی بەرپرسیارییەتی پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەڵ تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لە کاتی ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەرەکان ئەم هەستە زۆرجار لاواز دەبێت یان دەگۆڕێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئالودەبووەکان نەتوانن بەرپرسیارییەتیەکانیان لە ژیاندا بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەندروستی دەروونییاندا .

هەستی بەرپرسیارییەتی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ چەندە خۆی بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر کردەوەکانی خۆی و کاریگەرییەکانی ئەو کردەوەکانی لەسەر خۆی و کەسانی دەوروبەری. بەڵام مادەی هۆشبەر کاریگەری لەسەر مێشک و دەروون دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای بڕیاردان و هەستی بەرپرسیارییەتی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئالودەبووەکان نەتوانن بە شێوەیەکی دروست بەرپرسیارییەتییەکانیان لە کار، خێزان، یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ بکەن، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان و دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵگا.

هەروەها، ئالودەبووەکان زۆرجار ناتوانن بەرپرسیارییەتییەکانیان بەرامبەر تەندروستی خۆیان جێبەجێ بکەن، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی تەندروستی و ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی گرنگە. پاڵپشتی دەروونی یارمەتی ئالودەبووەکان دەدات تا هەستی بەرپرسیارییەتییەکانیان بەهێز بکەن و بە شێوەیەکی دروست لە ژیاندا جێبەجێ بکەن. پاڵپشتی کۆمەڵایەتیش یارمەتییان دەدات تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان باشتر بکەن و لە کۆمەڵگا زیندوو بن.

لە کۆتاییدا، هەستی بەرپرسیارییەتی لای ئالودەبووەکانی مادەی هۆشبەرەکان زۆرجار لاواز دەبێت، بەڵام بە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەتوانرێت ئەم هەستە بەهێز بکرێت و یارمەتی ئالودەبووەکان بدات تا بتوانن بە شێوەیەکی دروست بەرپرسیارییەتییەکانیان لە ژیاندا جێبەجێ بکەن.

**4. ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ئەو شێوازە یان پلانەیە کە توێژەر پەیڕەوی دەکات بۆ دیاریکردنی شێواز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان، دیزاینەکە بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە دەگۆڕێت ئامانجەکە ڕەنگە گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا بێت وەسفیکیان بۆ بکات، یان دۆزینەوەی پەیوەندییەک بێت لە نێوان کۆمەڵێک هۆکاردا (النجار واخرون،

لا ٢٠١٠:٣٦) بەو پێیە توێژەر پشتی بە شێوازی توێژینەوەی وەسفکەر و پەیوەندیدار بەستووە.

### 5. کۆمەڵگەی توێژنەوە:

ژمارەی دانیشتووان واتە (کۆمەڵێک کەس، شت، نمرە، یان داتا کە توێژەر ئارەزووی لێکۆڵینەوەی دەکات (النعيمي، (2014:62))، و دانیشتوانی توێژینەوەی ئێستا ، بریتییە لە سزادراوانی ئالوودەبوو بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، بۆ ساڵی ٢٠٢٤بۆ ٢٠٢٥ کە ژمارەیان (٢٣٦) سزادراو بوو کە تەنها سزادراوانی ڕەگەزی نێر بوون، وەک لەخشتەی ژمارە (١) دا هاتووە .

**خشتەی ژمارە 1**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە سزادراوانی چاکسازی گەورانی سلێمانی**

| شوێن | ڕەگەز | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| چاکسازی گەورانی سلێمانی | نێر | ٢٣٦ بەکارهێنەر |

### 6. نموونەی توێژینەوەکە :

ئەمەش بەو مانایەیە کە مۆدێلێکی دیاریکراو کە لە کۆی دانیشتوانی ڕەسەن وەرگیراوە بەپێی ڕێسا تایبەتەکان بە مەبەستی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگاکە بە باشی و دروست لە ئەنجامی سەختی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە تەواوی گونجاوە بۆیە نمونەکە بە شێوەیەک هەڵبژێردرێت کە نوێنەری کۆمەڵگەی ڕەسەن بێت بۆ لێکۆڵینەوەکە ، هەڵگری تایبەتمەندییە هاوبەشەکان بن. (ابوبکر، ٢٠١٦:٩٧). بەم پێیە نمونەی ئێستا لەلایەن چینێکی هەڕەمەکییەوە هەڵبژێردرا شێوازێک بە دابەشکردنێکی یەکسان لەسەر بنەمای ئەوەی نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە سزادراوانی ئالودەبوانی ماددەی هۆشبەر لە بەرێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی، و ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە (150) سزادراو بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، و خشتەی (٢) ئەمە نیشان دەدات.

**خشتەی ژمارە ٢**

**نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| شوێن | ڕەگەز | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| چاکسازی گەورانی سلێمانی | نێر | 150 ئالودەبوو |

### 7. ئامرازەکانی توێژینەوە

#### أ. پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی:

لەم توێژینەوە زانستییەدا چەند ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان هەیە، هیچ ئامرازێك نییە بۆ هەموو توێژینەوەکان بێت. ئامرازی توێژینەوە لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت و بەندە بە ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپلەکە (بۆکانی، ٢٠١٦:لا١٤٨). توێژەر بۆ پێوانەکردنی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکەی سودی لە پێوەری )الدوسری ، ٢٠٢٠( بینیوە وە توێژەر لە ڕێگەی پرسیاری کراوە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە و دووبارە دارشتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەی ئامادەکردوە کە خۆی لە (٣٧) بڕگەی ئەرێنی و نەرێنی پێکهاتووە، وە بەرامبەر هەر برگەیەك سێ هەڵبژاردن هەیە کە بریتین لە (زۆر، مامناوەند، هەرگیزنا)

#### ب. درووستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی

بۆ مەبەستی دەرهێنانی درووستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی (10) شارەزا و پسپۆر لە بوارەکانی دەروونزانی، بۆ ئەوەی دید و بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لە بارەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئەم پێوەرە بخەنەڕوو، دوای هەڵسەنگاندن و تێبینییەکانیانی شارەزاییان، توێژەر بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنرا، کە بریتی بوو لە (90%)، ئەمەش ڕێژەکەی گونجاوە و جێگای متمانەیە.

#### ت.درووستی وەرگێران بۆ پێوەری پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی :

بە مەبەستی دەرهێنانی درووستی وەرگێران بۆ پێوەرەکە، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، لەهەنگاوی یەکەمدا پێوەرەکەی دا بەکەسێکی شارەزا و پسپۆر لە زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی پێوەرەکەی بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، لەهەنگاوی دووەمدا پاشان پێوەرەکەی دا بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە زمانی کوردی بۆ ئەوەی پێوەرەکەی لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، لەهەنگاوی سێیەمدا توێژەر هەردوو پێوەرەکەی دا بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ ئەوەی بەراوردی باکات لە ناوەرۆکی هەردوو پێوەرەکە ئەوەی یەکەم عەرەبی و ئەوەی دووەم عەرەبی کە لەکوردییەکەوە وەرگیردرابوو ، دوای بەراوردکردنی ناوەڕۆکی هەردوو پێوەرەکە دەرکەوت نزیك بونەوەیەکی دیار و باش لە واتای برگەکانی هەردوو پێوەرەکە هەبوو بۆیە توێژەر دلنیابوو لە گونجاوی وەرگیرانی پێوەرەکە بوو .

#### ث.جێگیری بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە :

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە توێژەر دڵنیابێت لە بوونی جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوەکەی، واتە جێگیری بەو مانایە دێت هەرکاتێك ئامرازەکە تاقیکرایەوە بەسەر سامپڵەکە لە جاری یەکەم وە بۆ جاری دووەمیش هەمان ئەنجام بدات بەدەستەوە، بۆیە توێژەر بۆ بەدەستهێنانی جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوە، دەست نیشان کردنی هەر کەم و کوڕییەك، وە پێش وەرگرتنی جێبەجێکردنی نموونەی کۆتایی، هەستا بە وەرگرتنی (٣٠) سزادراو بە شێوەیەکی ڕێکخراو، بە پشت بەستن بە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، یەکەم تاقیکردنەوەی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/١٢) بوو. پاشان دووەم تاقیکردنەوە لەسەر هەمان نموونەو هەمان بارودۆخی پێشتر تاقیکرایەوە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٥/٣/٢٦ ). وە ئەنجامی پەیوەندی نێوان تاقیکردنەوەکانی (پێشەکی و پاشەکی) بەم شێوەیە جێگیری بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە بۆ پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە (0,85). ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و پەسەندە.

**خشتەی ژمارە 3**

**ث.جێگیری بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە**

| قەبارەی نموونە | Pearson Correlation | Sig.(2-tailed) | ئاستی بەڵگەداری ( 0.05 ) |
|---|---|---|---|
| 30 | 0.85 | 0.00 | بەڵگەداری |
| (0.0 ) بەمانای بوونی پەیوەندی بۆ ئاستی بەڵگەداری (0.05) | | | |

#### ج. جێگیری بە ڕێگەی یەککرتوویی ناوەکی

توێژەر یاسایی ئەلفا کرۆنباخی بەکارهێنا بەمەبەستی زانینی جێگیری ناوەکی پێوانەکە، دوای جێبەجێکردنی دەرکەوت، کە ڕێژەی جێگیری پێوانەی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بەهۆی کرۆنباخ ئەلفا بریتی بوو لە (0.70) کە ئەمەش بەهایەکی بەرز لەجێگیری پێوانە دادەندرێت.

**خشتەی ژمارە 4**

**ج. جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی**

| بوارەکان | ژمارەی بڕگە | Cronbach's Alpha | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|
| پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی | 24 | 0.705 | بەڵگەدارە |

## ح. هەستی بەرپرسیاریەتی

توێژەر بۆ پێوانەکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای نمونەی توێژینەوەکەی سودی لە پێوەری )ئەلعەباس ،2013( بینیوە, توێژەر لە ڕێگەی پرسیاری کراوە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە و دووبارە دارشتنەوەی وەڵامی پرسیارەکە پێوەرەکەی ئامادەکردوە کە خۆی لە (34) بڕگەی نەرێنی و ئەرێنی پێکهاتووە، بەرامبەر هەر بڕگەیەك پێنج هەڵبژاردن هەیە کە بریتین لە (رازیم باتاستێکی زۆر ، رازیم ، بێلایەنم ، نارازیم ، نارازیم بە ئاستێکی زۆر).

## خ. درووستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری هەستی بەرپرسیارییەتی

بۆ مەبەستی دەرهێنانی درووستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری هەستی بەرپرسیارێتی، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی (10) شارەزا و پسپۆر لە بوارەکانی دەروونزانی، بۆ ئەوەی دید و بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لە بارەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئەم پێوەرە بخەنەڕوو، دوای هەڵسەنگاندن و تێبینییەکانیانی شارەزاییان، توێژەر بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنرا کە بریتی بوو لە (92%)، ئەمەش ڕێژەکەی گونجاوە و جێگای متمانەیە.

## د. درووستی وەرگێران بۆ پێوەری هەستی بەرپرسیارییەتی

بۆ مەبەستی دەرهێنانی درووستی وەرگێران بۆ پێوەرەکە، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، لە هەنگاوی یەکەمدا پێوەرەکەی دا بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی پێوەرەکەی بۆ وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی، لەهەنگاوی دووەمدا پاشان پێوەرەکەی دا بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە زمانی کوردی بۆ ئەوەی پێوەرەکەی لە زمانی کوردییەوە وەرگێرێتە سەر زمانی عەرەبی، لە هەنگاوی سێیەمدا کە کۆتا هەنگاوە، توێژەر هەردوو پێوەرەکەی دا بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ ئەوەی بەراوردی پێوەرەکەی ئەوەی کە ئەسڵیە بەزمانی عەرەبی بوو وە ئەوەی وەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی جیاواز لەو دوو کەسەی پێشتر هەنگاوی یەکەم و دووەم، ئەمەیش بۆ مەبەستی دەرکەوتنی ڕاستی و دروستی وەرگێرانی هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە، توێژەر ئەم هەنگاوانەی جێبەجێکردووە. لە کۆتایدا توێژەر بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنا کە بریتی بوو لە (95,00%).

## ذ. جێگیری بە ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوە:

**ر.** بە مەبەستی دڵنیای بۆ جێگیری بەرێگایی دووبارە تاقیکردنەوە بۆ پێوەری هەستی بەرپرسیاریەتی هەستا بە وەرگرتنی (٣٠) سزادراو بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە پشت بەستن بە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون دەرکەوت جێگیری بەرێگەی دووبارە تاقیکردنەوە بۆ هەستی بەرپرسیاریەتی بریتی بوو لە (0,88).

**خشتەی ژمارە 5**

**بەرێگەی دووبارە تاقیکردنەوە**

| قەبارەی نموونە | Pearson Correlation | Sig.(2-tailed) | ئاستی بەڵگەداری ( 0.05 ) |
|---|---|---|---|
| 30 | 0.88 | 0.00 | بەڵگەداری |
| (0.0 ) بەمانای بوونی پەیوەندی بۆ ئاستی بەڵگەداری (0.05) | | | |

## ز. جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی

توێژەر یاسایی ئەلفا کرۆنباخی بەکارهێنا بەمەبەستی زانینی جێگیری ناوەکی پێوانەکە، دوای جێبەجێکردنی دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پێوانەی هەستی بەرپرسیاریەتی بەهۆی کرۆنباخ ئەلفا بریتی بوو لە (0.71) کە ئەمەش بەهایەکی بەرز لەجێگیری پێوانە دادەندرێت.

**خشتەی ژمارە 6**

**جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتووی ناوەکی**

| بوارەکان | ژمارەی بڕگە | Cronbach's Alpha | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|
| هەستی بەرپرسیارەتی | 37 | 0.713 | بەڵگەدارە |

## 8. جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

بەمەبەستی جێبەجێکردنی کۆتایی (التطبیق النهائي) توێژەران لەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە پێوەر کە بەشێوەیەکی سادە و ساکار داڕێژاوە بەجۆرێك لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە بگونجێت، دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە و بەدەست هێنانی ڕێژەی گونجاو و دڵنیایی لە ئامرازە ئامارییەکان، توێژەر پێوەرەکەی بەسەر (150) بەندکراوی چاکسازی سلیمانی دابەشکرد، ئەوانیش بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بەشداری توێژینەوەکەیان کرد.

**کەرستە ئامارییەکان:** بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکان ئەم کەرستە ئامارییانە بەکارهاتوون بە بەرنامەی (SPSS) کە بریتین لە :-

-کرۆنباخ ئەلفا: بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتووی ناوەکی.

-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن: بۆ دۆزینەوەی جێگیری بەرێگای پێوانەکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهاتووە.

-تی تێستی یەك نموونەیی: بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان.

- بەکارهێنانی ڕێژەیی سەدی و ناوەندی گریمانی و ژمێری بۆ دیاریکردنی بەرز و نزمی ئاستەکان.

## 9. ئەنجام و شیکردنەوەکان

ئامانجی یەکەم/ ئاستەکانی هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و زانینی بەڵگەداری جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێریاری و ناوەندی گریمانەیی لای سزادراوانی چاکسازی :

دوای ئەوەی داتاکان داخلی بەرنامەی (SPSS)کران بە یاسای ( one simple T.test) و بەتاڵکرانەوە بە گوێرەی ئامانجی یەکەم بۆ ڕێژەیی هەستی بەرپرسیاریەتی بە قەبارەی نموونەی (150) کەس دەرکەوت کە ناوەندی ژمێریی دەکاتە (119.71) بەلادانی پێوەری (15.23)، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانی دەکاتە(102) بە نمرەی ئازادی (149) هەروەها بەهای (ت) ژمێردراو دەکاتە (14.24) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە دەکاتە (1.98) ئەمەش دەریدەخات کە بەڵگەدارە بە ئاستی (0.05) کەواتە هەستی بەرپرسیاریەتی لای بەندکراوان لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها بۆ پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە قەبارەی نموونەی (150) کەس دەرکەوت کە ناوەندی ژمێریی دەکاتە (73.95) بەلادانی پێوەری (6.44)، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانی دەکاتە (74)،بە نمرەی ئازادی (149) هەروەها بەهای (ت) ژمێردراو

بریتیە لە (0.08-) کە بچووکترە لە بەهای بەهای (ت) خشتەیی کە دەکاتە (1.98) ئەمەش دەریدەخات، کەوا بەڵگەدار نیە بە ئاستی (0.05) کەواتە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە، وەك لە خشتەی ژمارە (7) ئاماژە پێکراوە.

**خشتەی ژمارە 7**

**زانینی ئاستەکانی هەستی بەرپرسیارێتی و پاڵپشتی دەتوونی و کۆمەڵایەتی**

| گۆڕاوەکان | نموونە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | | |
| هەستی بەرپرسیارێتی | 150 | 119.71 | 102 | 15.23 | 14.24 | 1.98 | 149 | 0.05 |
| پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی | | 71.95 | 74 | 6.44 | -0.08 | | | |

شیکردنەوە: بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە سزادراوان هەستی بەرپرسیاریەتیان هەیە و لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش گرنگی هەیە چونکە بەپێی الغامدي(٢٠٢٣), لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەووە کە بەرپرسیاریێتی کەسی نیشاندەرێکی بەهێزە بۆ باشترکردنی کوالێتی ژیان، هەروەها سەبارەت بە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی دەرکەوت کە لەئاستێکی نزمدایە، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر تەندروستی بەندکراوان، چونکە پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی یەکێتی گشتی تەندروستی جەستەییە، لایەنی دەروونی تاک دەپارێزێت بە بەرزکردنەوەی هەستی ئاسوودەیی و دڵنیایی وەرگری پشتیوانی و تێرکردنی پێداویستییەکانی سەربەخۆیی پشتیوانی پەرە بە شێوازەکانی کارلێکی ئەرێنی لە نێوان هاورێیان و بەشداریکردنی کاریگەر لە نێوان تاکەکاندا دەدات و بەم شێوەیە دەتوانێت پێداویستییەکانی سەربەخۆیی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری تاکە کەس تێر دەکات پشتگیریکردن ناسنامەی تاکە کەس دەپارێزێت و بەهێزی دەکات بە پەرەپێدانی سەرچاوەی فیدباک، خۆبەگەورەزانینی تاک لەناو گرووپەکەدا بەرز دەکاتەوە، و هەستکردن بە لێهاتوویی کەسی پەرەپێدەدات(آيت وآخرون, 2011، 98).

**ئامانجی دووەم/** ئاستی پەیوەندی نێوان هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای بەندکراوانی چاکسازی.

دوای بەکارهێنانی یاسای (Pearson Correlation Coefficient)، بۆ زانینی پەیوەندی نێوان هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی دەرکەوت کە بەهای sig=0.006 کە بچووکترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەدارە، هەروەها پەیوەندی نێوانیان بریتیە لە ($0.222^{**}$) ئەمەش واتا پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەستی بەرپرسیارێتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی هەیە، وەك لە خشتەی ژمارە (8) ئاماژەپێکراوە.

**خشتەی ژمارە 8**

**دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان**

| Correlations | | | |
|---|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | | هەستی بەرپرسیارێتی | پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی |
| هەستی بەرپرسیارێتی | هاوکۆلکەی پەیوەندی | 1 | 0.222 |
| | بەهای sig | | 0.006 |
| | قەبارەی نموونە | 150 | 150 |
| پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی | هاوکۆلکەی پەیوەندی | 0.222 | 1 |
| | بەهای sig | 0.006 | |
| | قەبارەی نموونە | 150 | 150 |

شیکردنەوە: بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان هەستی بەرپرسیاریەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ بەندکراوانی چاکسازی بەپێی توێژینەوەی Marlatt & Donovan (2005)، هەستی بەرپرسیارێتی فاکتەرێکی گرنگی دەروونییە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی گۆڕان و چاکبوونەوە هەیە، هەروەها ئەلعنانی (2003) ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لەو نیشاندەرانەی کە مانای مرۆڤایەتی دیاری دەکات، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە . توێژینەوەی الشمری(٢٠٢١) ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریان خستووە کە پشتگیری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ئەرێنی کاریگەری هەیە بۆ باشترکردنی تەندروستی دەروونی.

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیە گەیشتن بەو دەرەنجامانە:-

1. هەستی بەرپرسیارییەتی لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.
2. پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزم دایە.
3. پەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی هەیە.

## پێشنیازەکان

بۆ کردنەوەی ئاسۆی نوێ و قووڵبوونەوەی زیاتر لەم بوارەدا، توێژەر ئەم پێشنیارانە بۆ توێژینەوەی داهاتوو دەخاتەڕوو:

1. توێژینەوەی درێژخایەن :(Longitudinal Study) ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە بەدواداچوون بۆ گۆڕانکاری لە هەستی بەرپرسیارییەتی و پاڵپشتیی هەمان نموونە بکات لە قۆناغە جیاوازەکانی سزادان (سەرەتا، ناوەڕاست، و نزیکبوونەوە لە ئازادبوون)، بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لە داینامیکییەتی ئەم گۆڕانکارییانە.
2. توێژینەوەی چۆنایەتی :(Qualitative Research) ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە سزادراوان بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی ژیاری lived (experienceو تێڕوانینی خودی ئەوان سەبارەت بە چەمکەکانی "پاڵپشتی"، "بەرپرسیارییەتی" و "هۆکارەکانی نائومێدی."
3. توێژینەوەی بەراوردکاری: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر ئالودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە دەرەوەی چاکسازی (بۆ نموونە، ئەوانەی لە سەنتەرەکانی چارەسەری ئالوودەبوونن یان لەناو کۆمەڵگادا دەژین)، بە مەبەستی بەراوردکردنی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتییان لەگەڵ ئالودەبووانی سزادراو.
4. لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی فاکتەرەکانی تر: تاوتوێکردنی ڕۆڵی فاکتەرەکانی تری وەک )ئاستی پابەندبوونی ئاینی، تایبەتمەندییە کەسییەکان وەک خۆڕاگری (resilience)، و کاریگەریی جۆری ماددە هۆشبەرەکە( لەسەر هەستی بەرپرسیارییەتی و پێداویستیی پاڵپشتی.

## ڕاسپاردەکان

لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی کرداری دەخاتەڕوو، بەو هیوایەی ببنە بنەمایەک بۆ باشترکردنی

دۆخی ئالودەبووان.

**یەکەم:** ڕاسپاردە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی سلێمانی:

١. دارشتنی بەرنامەی تایبەت بە پاڵپشتیی درێژخایەن: لەبەر ئەوەی دەرکەوت هەستی بەرپرسیارییەتی لەگەڵ درێژبوونەوەی ماوەی سزا دادەبەزێت، پێویستە بەرنامەی بەردەوام و گشتگیر دابڕێژرێت کە ئامانجی پاراستنی ورە و پاڵنەری سزادراوان بێت. پێشنیار دەکرێت سیستمی "هاندانی قۆناغ بە قۆناغ" پەیڕەو بکرێت، کە تێیدا سزادراو لە بەرامبەر پابەندبوون و نیشاندانی بەرپرسیارییەتی، ئیمتیازاتی دیاریکراوی پێ ببەخشرێت.

٢. چالاککردنی گروپی پاڵپشتیی هاوتا (Peer Support Groups): پێویستە بە شێوەیەکی فەرمی کارئاسانی بکرێت بۆ دروستکردنی گروپگەلێک لەناو خودی سزادراواندا، بە چاودێریی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، تا بتوانن ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و ببنە سەرچاوەی پاڵپشتی بۆ یەکتر.

**دووەم:** ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی:

١. بنیاتنانی سیستمی چارەسەری خێزانی: پێویستە هەماهەنگی لە نێوان چاکسازییەکان و ئەم دوو وەزارەتەدا هەبێت بۆ دارشتنی پڕۆگرامی "چارەسەریی خێزانی". ئەم بەرنامەیە دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و دانیشتنی ڕاوێژکاریی هاوبەشەوە، یارمەتیدەر بێت لە چاککردنەوەی پەیوەندیی نێوان سزادراو و خێزانەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵپشتی.

٢. گرنگیدانی تایبەت بە سزادراوانی خێزاندار: لەبەر ئەوەی ئەم گروپە لە دۆخێکی دەروونیی هەستیارتردان، پێویستە لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتیی سەر بە وەزارەتی کارەوە، چاودێریی تایبەتی خێزانەکانیان بکرێت و ڕاوێژی پێویستیان پێشکەش بکرێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانەدا.

**سێیەم:** ڕەسپاردە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان:

١. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ خێزانەکان: پێویستە کار بکرێت لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگا و خێزانەکان بەرامبەر بە ئالودەبوو، لە ڕوانگەی "تاوانبار"ەوە بۆ ڕوانگەی "نەخۆشێک کە پێویستی بە یارمەتییە". ئەم هەڵمەتانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە کەمکردنەوەی شەرمەزاری و هاندانی خێزانەکان بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی.

٢. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دەروونی و یاسایی: ڕێکخراوەکان دەتوانن بە شێوەی خۆبەخشانە خزمەتگوزاریی ڕاوێژی دەروونی و یاسایی پێشکەش بە سزادراوان و خێزانەکانیان بکەن، بۆ یارمەتیدانیان لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە سەختە

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:

محمد، فائیز ئیبراهیم (٢٠٠٧). خووپێوەگرتن بە ماددەهۆشبەرەکان، چاپخانەی خانی، هەولێر.
مصطفی، یوسف حمەصالح (٢٠١٩). کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

حداد، عفاف (١٩٩٥). سمة القلق وعلاقتها بمستوى الدعم الاجتماعي، مجلة الدراسات.
الزيود، نادر فهمي (١٩٩٨). نظريات الإرشاد والعلاج النفسي، دار الفكر، عمان.
السرسي، أسماء وعبد المقصود، أماني (٢٠٠١). مقياس المساندة الاجتماعية، مكتبة الأنجلو المصرية.
رضوان شعبان جاب الله، هريدي، محمد عادل (٢٠٠١). العلاقة بين المساندة الاجتماعية وكل من مظاهر الاكتئاب وتقدير الذات والرضا عن الحياة، مجلة علم النفس.
شريف، ليلى (٢٠٠٢). أساليب مواجهة الضغط النفسي وعلاقتها بنمطي الشخصية أوب، أطروحة دكتوراه، جامعة دمشق.
الأحمد، أمل (٢٠٠٣). حاجات الشباب وسبل رعايتهم، مجلة الرواد، اتحاد شبيبة الثورة، دمشق.
الجندي، هانم (٢٠٠٣). السلوك الإرشادي وقابلية التعاطف في علاقتها بالمساندة الاجتماعية، رسالة ماجستير، جامعة الإسكندرية.
العناني، حنان عبدالحميد (٢٠٠٣). الصحة النفسية، ط٢، الأردن.
الشايب، ممتاز (٢٠٠٣). المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها بتنظيم الوقت، رسالة ماجستير، جامعة دمشق.
اسماعيل، بشرى (٢٠٠٤). ضغوط الحياة والاضطرابات النفسية، مكتبة الأنجلو المصرية.
اسماعيل، بشرى (٢٠٠٤). المساندة الاجتماعية والتوافق المهني، مكتبة الأنجلو المصرية.
حسن، عامر (٢٠٠٤). التوافق النفسي وعلاقته بمعنى الحياة، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس.
عثمان، سيد أحمد (٢٠٠٤). المسؤولية الاجتماعية، دراسة نفسية اجتماعية، مكتبة الأنجلو المصرية.
محمد، عادل (٢٠٠٥). سيكولوجية الموهبة، دار الرشاد.
سهيل، معصومة (٢٠٠٦). الصحة النفسية، مفهومها واضطراباتها، مكتبة الفلاح، الكويت.
قاسم، جميل محمد (٢٠٠٨). فعالية برنامج إرشادي لتنمية المسؤولية الاجتماعية، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية.
عوض، حسني (٢٠١٢). أثر مواقع التواصل الاجتماعي في تنمية المسؤولية المجتمعية لدى فئة الشباب، جامعة القدس المفتوحة.
البلوي، سعود فهد (٢٠٢٠). الشعور بالمسؤولية وعلاقته بالتوافق الأسري لدى المتعافين من الإدمان، مجلة جامعة أم القرى.
الدوسري، خليفة بن ناصر العماري (٢٠٢٠). الدعم النفسي الاجتماعي وعلاقته بالضغوط النفسية لدى رجال الشرطة في قطر، جامعة برونيل، لندن.
حبيب، ليث حازم (٢٠٢٢). الدعم النفسي والاجتماعي في ظل تداعيات جائحة كورونا لدى طلبة قسم التربية الخاصة، جامعة الموصل.
حمدالدين، رضية محمد المحسن (٢٠٢٢). دور الابتكار الاجتماعي في تحقيق الدعم النفسي الاجتماعي لنزلاء مجمع الإرادة والصحة النفسية، جامعة الملك عبد العزيز.

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان

Cobb, S. (1976). Social support as a Moderator of Life Stress, Psychosomatic Medicine.
Pearson, R. (1990). Counseling and social support, perspectives and practice, California: Sage Publications, Inc
Carstensen, L. L. (1995). Evidence for a Life-Span Theory of Socioemotional Selectivity: Current Directions, Psychological Science, 4, 151-156.
Thompson, R. A. (1995). Preventing child maltreatment through social support: A critical analysis. Sage Publications.
Sarfino, E. (1998). Health psychology, BiopsyChological interactions. New York: John Wiley & Sons.
Wu, Z., & Hart, R. (2002). Social and Health Factors Associated with Support Amonge Elderly Immigrants in Canada, Research on Aging, 24, 391–412.
Marlatt, G. A., & Donovan, D. M. (2005). Relapse Prevention.
Chalise, H. N. (2010). Social Support and its Correlation Withe Loneliness and Subjective Well Being: A Cross-Cultural Study of Older Nepalese Adults, Asian Social Work and Policy Review, 4, 1–25.

Neena, S. S., & Kamal, S. J. (2010). Understanding family functioning and social support in unremitting schizophrenia: A study in India, Indian Journal of Psychiatry, Vol. 52.

Almutairi, D. (2017). Work-Family Conflict, Social Support and Job Satisfaction among Saudi Female Teachers in Riyadh, Saudi Arabia. Journal of Educational Sciences.

Miller, R., & Anderson, S. (2023). Modern Perspectives on Addiction. Journal of Clinical Psychology.

Hartmann, L., & Johnson, K. (2024). Understanding Personal Responsibility. Psychological Review.

Verywell mind (n.d.). The Id, Ego, and Superego. Retrieved from: https://www.verywellmind.com/the-id-ego-and-superego-2795951

# دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی لە شاری خورماڵ (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)

دڵشاد رفیق محمدعلی، بەیان علی حسین

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** شاری خورماڵ ناوەندی قەزای خورماڵە و دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە، رووبەری شارەکە (3.3کم2)، لەم ناوچەیەدا پێداویستی دانیشتوان بۆ خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بەتایبەتی بەردەوام لە زیادبووندایە، هەر بۆیە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە روونکردنەوەی جۆرو شێوازی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و توانستی دابەشبوونیانە لە رووی شوێنی و وەزیفیانەوە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان بە شێوە و رێژەی جیاواز بووە، هەروەها نەخشەی دابەشبوونی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە دیاریکراوە، ئەوەی جێگەی بایەخپێدانە بە پێی داتاکانی ساڵی (2024)، رووبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە (208176م2)، کە دەکاتە (6.29%)ی کۆی رووبەری سنووری شارەوانی شارەکە، گەورەترین پشك بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە بە رووبەری (136157م2)، کە دەکاتە (4.12%)، و پاشان خزمەتگوزاری فێرکاری بە رووبەری (33842م2)، کە دەکاتە رێژەی (1.02%) هاتووە، دواتر خزمەتگوزاری ئایینی بە رووبەری (33493م2)، کە دەکاتە رێژەی (1.01)، و پاشان خزمەتگوزاری تەندروستی کەمترین رووبەری بەرکەوتووە کە بریتییە لە (4684م2)، کە دەکاتە رێژەی (0.14%)ی کۆی رووبەری شارەکە. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی گرنگە لە تێگەیشتن لە رەوشی ئێستا و پلاندانان بۆ داهاتووی خزمەتگوزارییەکان لەشارەکە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا داوا لە لایەنی بەرپرس کراوە کە ماستەر پلانێکی نوێ بۆ ئایندەی شارەکە دابنرێت لەسەر بنەمای زانستی کە تێیدا رووبەری گونجاو بۆ هەر خزمەتگوزارییەك دیاری بکرێت.

**کلیلە ووشەکان:** دابەشبوون، خزمەتگوزاری، کۆمەڵگەیی، خورماڵ.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بنەمایەکی گرنگ و پێویستن کە دەبێت بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک دابین بکرێن، ئاستی پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگاکان لە ئێستادا بەندە بە بەردەستبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لە هەردوو رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، هەروەها پەیوەستە بە بوونی ئەم خزمەتگوزارییانە و توانایان بۆ گونجان لەگەڵ پێوەر و نیشاندەرەکانی پلاندانان. خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری جیاواز لەخۆدەگرن، لەم توێژینەوەیە تیشک دەخەینە سەر چەند جۆرێکی دیاریکراوی ئەم خزمەتگوزارییانە کە بریتین لە خزمەتگوزاری فێرکاری، تەندروستی، ئایینی و خۆشگوزەرانی، ئەم خزمەتگوزارییانە بە گشتی وەک خزمەتگوزاری رووپێوی ناسراون، چونکە رووبەر و پانتاییەکی دیاریکراو لە زەوی داگیر دەکەن، هەروەها بۆ سوودمەندبوون لەم خزمەتگوزارییانە پێویستە دانیشتوان بەرەو شوێنی ئەم خزمەتگوزارییانە بجووڵێن. بۆیە پێویستە لە ناوەندە زانستیەکاندا زیاتر توێژینەوە لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکانیش پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدر بکرێت تاکو بزانرێت ئایا خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و گونجاو دابەشکراون بۆ باشترکردنی ژیانی دانیشتوان.

**لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بەم خاڵانە دەخەینەڕوو:**

**1- کێشەی توێژینەوە:**

أ- ئایا خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لەناو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشبوون؟

ب- ئایا هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکان هەمان نارێکییان هەیە لە دابەشبوونیان، یان هەندێکیان رێکتر دابەشکراون؟

**2- گریمانەی توێژینەوە:**

أ- خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەناو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشنەبون.

ب- هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکان هەمان نارێکییان نیە لە دابەشبوونیان، هەندێکیان رێکتر دابەشکراون.

**3- ئامانجی توێژینەوە:**

هەوڵدان بۆ ناساندنی شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکە، لە رێگەی شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین شێوازی جیاواز لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان، بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp77-88

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 25 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: bayan.hussain@univsul.edu.iq, dilshadrafiqq@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 دڵشاد رفیق محمدعلی، بەیان علی حسین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

تیگەیشتن لە دینامیکی ئەم دیاردەیە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ باشترکردنی دۆخی خزمەتگوزارییەکان لە داهاتوودا لە ناوچەی توێژینەوە.

**4- گرنگی توێژینەوە:**

دەستنیشانکردنی خزمەتگوزارییەکان و شێوازی دابەشبوونیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان، و پاشان شیکردنەوە و چۆنیەتی دابەشبوونیان، هەروەها دەرخستنی ئەو ڕووبەرانەی کە خزمەتگوزارییەکان لە کۆی ڕووبەری سنووری ناوچەی توێژینەوە داگیریان کردووە.

**5- ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم تێژینەوەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی جۆرەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، هاوکات لەگەڵ میتۆدی وەسفی هەریەك لە میتۆدەکانی شیکردنەوە و بەراوردکاریمان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان و بەراوردکردنیان بەپێی پێویستی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە.

**هەڵکەوتەی شوێنی توێژینەوە:**

**1- شوێنی جوگرافی:** شاری خورماڵ کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە، وەك لە نەخشەی (1)دا دیارە، لە ڕووی سنوری ئیداری و کارگێڕییەوە ناوچەی توێژینەوە مەرکەزی قەزای خورماڵە، کە ئەم قەزایە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەڵەبجە، لە بەشەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران بە درێژایی (18.96کم)، و لە بەشی باکوری خۆرئاواشدا قەزای سیدسادق، و هەروەها لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتیدا ناحیەی بیارە و لە بەشی باشوی خۆرئاوایدا ناحیەی سیروان هەڵکەوتوون. هەر ئەم شوێنە جوگرافییەی شارەکە وەك خاڵی پێکەوە بەستنی ناوچەی شاخاوی لە خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات بە پێدەشتی شارەزوور، شوێنێکی (گرنگی) هەیە، ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی شارەکەدا لە چەندین ڕوو

**نەخشەی (1)**

**شوێنی شاری خورماڵ بە پێی قەزای خورماڵ و پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2024**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.**

**2- شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە:** لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیشەوەوە شاری خورماڵ کەوتۆتە سەر بازنەی پانی (´13 ´17 °35 – ´26 ´18 °35) باکور و هێڵی درێژی (´53 ´01 °46 – ´10 ´03 °46) ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی (1).

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی لە شاری خورماڵ**

دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتییە لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا، گرنگی ئەم چەمکە لەوەدایە کە بەردی بناغەی زانستی جوگرافیایە، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرێك لە جوگرافیناسان بە "دڵی جوگرافیا" ناوی دەبەن ( خیر،200، ص340). هاوکات چەمکی خزمەتگوزاری مەودایەکی فراوان و بەرینی هەیە، بەڵام ئەم چەمکە لە زانستی جوگرافیادا زۆر جیاوازە لە ڕوانگەکانی تر، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە لە توێژینەوە و مامەڵەکردندا لایەنی شوێنییە، کە لەسەر بنەمای میتۆدی جوگرافی و فەلسەفەی توێژینەوەکەی دەبێت کە زانستە جوگرافییەکان پێی دەناسرێنەوە ( الطیف واخرون، 2009، ص8). خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانیش گرنگییەکی بنەڕەتییان لە شارەکاندا هەیە، چونکە ئەمانە بناغەی گەشەسەندنی شارستانی و پێشکەوتنی هەر شارێک پێکدەهێنن (العبدلي، 2016، ص77). ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێویستە باسی لێوە بکرێت، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانە لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە شاری خورماڵ (5) گەڕەکی هەیە و خزمەتگوزارییەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز بەسەر ئەم گەڕەکانەدا دابەش بوون بەم پێیەش، هەر جۆرێک لەم خزمەتگوزارییانە بەم شێوەیەی خوارەوە تیشکی دەخرێتە سەر:-

**یەکەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری:**

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییە گرنگەکان، کە پشتی پێدەبەسترێت لە ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی و پیشەیی پێشکەوتوو بۆ پرۆسەی گەشەسەندن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەرێمی، هەروەها پێداویستییەکانی پەروەردە و گەشەکردنی هەست و ئینتیمای نەتەوەیی مسۆگەر دەکات، و کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی ڕۆشنبیرکردنی تاک و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ( مصيلحی، 2007، ص311). پرۆسەی خوێندنیش لە هەرێمی کوردستان پێش قۆناغی زانکۆیی سێ قۆناغی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (قۆناغی باخچەی منداڵان کە تیایدا منداڵان لە تەمەنی (4-5) ساڵی ئامادە دەکرێن بۆ خوێندن، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی کە لە پۆلی (یەکەم)ەوە تا پۆلی (نۆ)یەم دەبێت و قوتابیان تیایدا فێری بنەماکانی خوێندن و زانست دەبن، قۆناغی سێیەم ئامادەییە کە لە پۆلی (دەیەم)ەوە تا پۆلی (دوانزە)یەم درێژە دەکێشێت و خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ چوونە زانکۆ ) ( عزیز، 2016، ل580). لە ناوچەی توێژینەوە (10) خزمەتگوزاری فێرکاری هەن کە بەسەر هەر (5) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بڕوانە خشتەی (1)، ئەم خزمەتگوزارییانە لە (9) بینادا دامەزراون، واتە هەموویان خاوەنی بینای تایبەت بە خۆیانن تەنها (قوتابخانەی هەوڵی بنەڕەتی) نەبێت کە لە (قوتابخانەی ئاوێسەری بنەڕەتی) میوانە.

**خشتەی (1)**

**خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| جۆری خزمەتگوزاری فێرکاری | ژمارە | % |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 1 | 10 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (1-6) | 4 | 40 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (7-9) | 3 | 30 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی (1-9) | 1 | 10 |
| خوێندنگەی ئامادەیی | 1 | 10 |
| کۆی گشتی | 10 | 100 |

**سەرچاوە/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024- 2025.**

**نەخشەی (2)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (1) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان هەوڵ دەدەین بەپێی جیاوازی قۆناغەکانی خوێندن باس لە هەر یەکێکیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- **باخچەی منداڵان:** لە چوارچێوەی فێرکردن و پەروەردەدا، قۆناغی باخچەی منداڵان گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا، لەم قۆناغەدا منداڵ لە گۆشەنیگای جەستەیی، دەروونی و عەقڵییەوە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدایە (العامري، 2014، ص67). بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (2)، بۆمان دەردەکەوێت لە سنووری ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک باخچەی منداڵان هەیە کە ڕووبەرەکەی (4617م²)، ئەم باخچەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران هەڵکەوتووە و (162) منداڵ تێیدا وانە دەخوێنن یەك دەوامە، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (8) مامۆستای هەیە و (4) هۆبەی تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم باخچەیە لەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی گەڕەکەکە و بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە، ئەمە جگە لە نزیکی و بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی چەندین گوندی دەوروبەر، لەوانە گوندەکانی (ئەحمەدئاوا، ناوباخان، زەڵم، ڕۆستەم بەگ و دێکۆن) کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش وای کردووە کە باخچەکە ببێتە سەنتەرێکی گرنگی پەروەردەیی بۆ ناوچەکە و دەوروبەری.

**خشتەی (2)**

**دابەشبوونی ژمارەیی باخچەی منداڵان لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| باخچەی منداڵان | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | ژ. منداڵ | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| خورماڵ | فەرمانبەران | 4617 | 85 | 77 | 2 | 6 | 4 |
| | | | 162 | | 8 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

2- **قۆناغی بنەڕەتی:** یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، لەم قۆناغەدا قوتابیان لە تەمەنی (6) ساڵییەوە دەست بە خوێندن دەکەن و تا تەمەنی (15) ساڵی درێژە دەکێشێت، واتە ماوەی (9) ساڵی خوێندن، ئەم قۆناغە وەک بناغەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی منداڵان ( علی و حسین، 2022، ل175). لە ناوچەی توێژینەوە وەک زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا نەتوانراوە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە یەک قوتابخانەدا کۆبکرێنەوە، تەنها قوتابخانەی (د. مصطفی زەڵمی) نەبێت کە قوتابخانەیەکی ناحکومییە توانیویەتی هەموو قوتابیان لەیەك قوتابخانەدا کۆبکاتەوە، هۆکاری ئەم دۆخەش لە لایەکەوە بۆ زۆری ژمارەی قوتابیان و لە لایەکی تریشەوە بۆ بچووکی ڕووبەری قوتابخانەکان و کەمی ژمارەی پۆلەکان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە، قوتابیان بەسەر سێ ئاستی خوێندن لە چوارچێوەی قۆناغی بنەڕەتیدا دابەشکراون ئەوانیش بریتین لە:-

**أ- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-6):** بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (3)، بۆمان دەردەکەوێت کە (4) قوتابخانە بە کۆی ڕووبەری (10185م²) لە شارەکە بەدیدەکرێن، کە بەسەر (4) گەڕەکدا دابەشبوون، جێگای ئاماژەیە کە هەموو قوتابخانەکان دوو دەوامین تەنها قوتابخانەی (بێسارانی بنەڕەتی) لە گەڕەکی (قەڵا) یەك دەوامی تێدا دەکرێت بە هۆی کەمی ژمارەی قوتابیانیەوە. ئەوەی تایبەتە بە ڕەگەزی قوتابخانەش لە ناوچەی توێژینەوە هەر (4) قوتابخانەکە (1465) قوتابی و (169) مامۆستا و (59) هۆبە لەخۆدەگرن، لە نێویشیاندا قوتابخانەی (خورماڵی بنەڕەتی) کە دەکەوێتە گەڕەکی (ئەردەڵان) ڕیزبەندی یەکەم وەردەگرێت بە کۆی (443) قوتابی و (54) مامۆستا و (18) هۆبە، کە یەك لەدوای یەك ڕێژەی (30%و 32%و 31%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ناوبراو گەڕەکێکی کۆنە و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرە، لە بەرامبەردا قوتابخانەی (بێسارانی هاوڕێی بنەڕەتی) لە گەڕەکی (قەڵا) لە ڕیزبەند کۆتا دێت، کە (268) قوتابی و (29) مامۆستا و (11) هۆبە، یەك بەدوای یەك ڕێژەی (18%و 17%و 18%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ناوبراو ژمارەی دانیشتوانی کەمە و هاوکات شوێنی قوتابخانەکە لە سەر شەقامی گشتی و سەنتەری بازاڕدایە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە.

**خشتەی (3)**

**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-6) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | % | ژ. قوتابی نێر | ژ.قوتابی مێ | کۆ | % | ژ. مامۆستا/ نێر | ژ. مامۆستا/ مێ | کۆ | % | ژ.هۆبە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەحمەدی خانی | دالآنی | 2455 | 24 | 210 | 215 | 425 | 29 | 22 | 29 | 51 | 30 | 18 | 31 |
| خورماڵی بنەڕەتی | ئەردەلان | 1940 | 19 | 220 | 223 | 443 | 30 | 25 | 29 | 54 | 32 | 18 | 31 |

| ئاوێسەری بنەڕەتی | بێسارانی بنەڕەتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ئاشتی | قەڵا | 4 |
| 4294 | 1496 | 10185 |
| 42 | 15 | 100 |
| 165 | 143 | 738 |
| 164 | 125 | 727 |
| 329 | 268 | 1465 |
| 23 | 18 | 100 |
| 17 | 12 | 76 |
| 18 | 17 | 93 |
| 35 | 29 | 169 |
| 21 | 17 | 100 |
| 12 | 11 | 59 |
| 20 | 18 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- سەردانی مەیدانی توێژەر.**

**ب- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (7-9):** بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (4) بۆمان دەردەکەوێت کە (3) قوتابخانە بە کۆی ڕووبەری (8765م²) لە شارەکە بەدیدەکرێن، کە بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، ئەوانیش گەڕەکەکانی (دالانی و ئاشتی و فەرمانبەران)ن. ئەوەی تایبەتە بە ڕەگەزی قوتابخانەش ناوچەی توێژینەوە (1) قوتابخانەی کوڕان و (2) قوتابخانەی کچانە کە سەرجەمیان یەك دەوامن، ئەم قۆناغەی خوێندن (724) قوتابی و (71) مامۆستا و (30) هۆبە لەخۆدەگرێت، لە نێویشیاندا قوتابخانەی (قەڵای بنەڕەتی کوڕان) کە دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران) ڕیزبەندی یەکەم وەردەگرێت بە کۆی (351) قوتابی و (32) مامۆستا و (12) هۆبە، کە یەك لەدوای یەك ڕێژەی (48% و 45% و 40%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت، لە بەرامبەردا قوتابخانەی (گوڵعەنبەری بنەڕەتی کچان) لە گەڕەکی (دالانی) لە ڕیزبەند کۆتا دێت، کە (143) قوتابی و (21) مامۆستا و (9) هۆبە، یەك بەدوای یەك ڕێژەی (20% و 30% و 30%)ی کۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنێت.

**خشتەی (4)**

**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (7-9) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گوڵعەنبەری کچان | هەوڵی کچان |
|---|---|---|
| گەڕەك | دالانی | ئاشتی |
| ڕووبەری گشتی م2 | 1513 | 4294 |
| % | 17 | 49 |
| ژ. قوتابی نێر | | |
| ژ.قوتابی مێ | 143 | 230 |
| کۆ | 143 | 230 |
| % | 20 | 32 |
| ژ. مامۆستا/ نێر | 7 | 6 |
| ژ. مامۆستا/ مێ | 14 | 12 |
| کۆ | 21 | 18 |
| % | 30 | 25 |
| ژ.هۆبە | 9 | 9 |
| % | 30 | 30 |

| قەڵای کوڕان | کۆی گشتی |
|---|---|
| فەرمانبەران | 3 |
| 2958 | 6765 |
| 34 | 100 |
| 351 | 351 |
| | 373 |
| 351 | 724 |
| 48 | 100 |
| 28 | 41 |
| 4 | 30 |
| 32 | 71 |
| 45 | 100 |
| 12 | 30 |
| 40 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**ج- قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-9):** لە خشتەی (5) بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک قوتابخانەی تێدا بە ناوی قوتابخانەی (د.مصطفی زەڵمی ناحکومی) کە ڕووبەرەکەی (1447م²)، ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی (دالانی) هەڵکەوتووە و (332) قوتابی تێیدا وانە دەخوێنن، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (30) مامۆستای هەیە و (15) هۆبە تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە.

**خشتەی (5)**

**دابەشبوونی ژمارەیی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی (1-9) لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م2 | ژ. منداڵ | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| د. مصطفی زەڵمی ناحکومی | دالانی | 1447 | 174 | 158 | 6 | 24 | 15 |
| | | | 332 | | 30 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**3- قۆناغی ئامادەیی (10-12):** پۆلەکانی ئەم قۆناغە بریتی یە لە (3) ساڵی خوێندن کە بە پۆلەکانی (10-11-12) دەناسرێن و بە قۆناغی ئامادەکاری ناودەبرێت، پەروەردە لەم قۆناغەدا چەند شێوازێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە پەروەردەی گشتی کە دابەش دەبێت بۆ لقی (زانستی و وێژەیی و پیشەیی)، خوێندکار لەم ئاستەدا ئامادە دەکرێت لە ڕووی فێرکردنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕوو لە پەیمانگا و زانکۆکان بکات و درێژە بە خوێندن و فێربوون بدات (بن غضبان، 2013، ص176). بە سەیرکردنی داتاکانی خشتەی (6)، بۆمان دەردەکەوێت کە لە سنووری ناوچەی توێژینەوە تەنها یەک خوێندنگەی ئامادەیی هەیە بە ناوی (ئامادیی خورماڵی تێکەڵ) کە ڕووبەرەکەی (8828م²)، ئەم خوێندنگەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران هەڵکەوتووە و (801) خوێندکار تێیدا وانە دەخوێنن دوو دەوامە، لە ڕووی ستافی مامۆستایانەوە (91) مامۆستای هەیە و (29) پۆلی تێدایە. هەڵبژاردنی شوێنی ئەم خوێندنگەیە لە گەڕەکی فەرمانبەران دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی گەڕەکەکە و بوونی زەوی بەتاڵ لەو گەڕەکە، ئەمە جگە لە نزیکی و بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنی خوێندکارانی چەندین گوندی دەوروبەر کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی (6)**

**دابەشبوونی ژمارەیی قۆناغی ئامادەیی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| خوێندنگە | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | ژ. خوێندکار | | ژ.مامۆستا | | ژ. هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ئامادەیی خورماڵی تێکەڵ | فەرمانبەران | 8828 | 360 | 441 | 51 | 40 | 29 |
| | | | 801 | | 91 | | |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، بەشی پلاندانان، هۆبەی داتاو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، 2024-2025. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

بەگشتی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە زۆربەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناو سنوری گەڕەکی ( فەرمانبەران)دا کۆبوونەتەوە کە ژمارەیان (3) خزمەتگوزارییە لە کۆی گشتی دامەزراوە فێرکارییەکان لە شارەکەدا، هۆکاری ئەم زۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستبوونی زەوی بەتاڵ لە گەڕەکی ناوبراو کە بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی پرۆژەکانی بیناسازی فێرکاری، وە خراپ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا و لاوازیی لە سیستەمی پلاندانانی ستراتیژی و نەبوونی میکانیزمی دابەشکردنی دروستی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بەپێی چڕی دانیشتوان لە گەڕەکەکانی شارەکە، هاوکات نەبوونی هەماهەنگی نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەی دامەزراندن و جێبەجێکردنی پرۆژە فێرکارییەکاندا، لە بەرامبەردا گەڕەکی (ئەردەڵان)، کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە و خاوەنی چڕییەکی بەرزی دانیشتوانە، تەنها یەک دامەزراوەی فێرکاریی تێدایە، ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوە لە نایەکسانیی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە پێویستە لە پلانی گەشەپێدانی شار لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت.

### دووەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی:

خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بریتین لە کۆمەڵێك چالاکی کە ئەنجام دەدرێن بۆ پارێزگاریکردن لە تەندروستی مرۆڤ و سەلامەتیەکەی لە ڕێگەی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و چاودێریکردنیانەوە، بۆیە ئەم خزمەتگوزارییانە هەموو ئەو چالاکیانە لەخۆ دەگرن کە کاردەکەن بۆ چاودێریکردنی مرۆڤ و پاراستنی سەلامەتی (مصطفى، 2020، ل185). لە ناوچەی توێژینەوە (18) خزمەتگوزاری تەندروستی هەن کە بە نا هاوسەنگی بەسەر (3) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بڕوانە نەخشەی (3).

**خشتەی (7)**

**خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**

| جۆری خزمەتگوزاری تەندروستی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| مەڵبەندی تەندروستی | 1 | 5.5 |
| کۆمەڵگای پزیشکی | 2 | 11.1 |
| نۆرینگە | 10 | 55.6 |
| تاقیگە | 5 | 27.8 |
| کۆی گشتی | 18 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

**نەخشەی (3)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (7) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەجیا بە پێی جۆری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان باسیان لێوە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**1- مەڵبەندی تەندروستی:** دامەزراوەیەکی تەندروستین کە لە ژێر چاودێری پزیشکی و ستافی تەندروستیدا کار دەکەن، ئەم دامەزراوانە بە کەرەستە و پێداویستی پزیشکی جۆراوجۆر ڕێکخراون و ئامانجی سەرەکییان چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستی خەڵکە، زۆربەی کات ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە چارەسەرکردنی دۆخە تەندروستییە سووکەکان، ئەمەش بەهۆی سنووورداری قەبارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تێیاندا ( أحمد و ئەوانی تر،2024. ل491-492). ناوچەی توێژینەوە بە تەنها (مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە) بە کۆی ڕووبەری ($3224م^2$) لەخۆدەگرێت، ئەم مەڵبەندە (5) پزیشك و (51) کارمەندی پیشەی تەندروستی و (40) کارمەندی پیشەی نا تەندروست لەخۆدەگرێت بڕوانە خشتەی (8)، هاوکات لەناو ئەم مەڵبەندەدا بنکەی فریاکەوتنی خێرای تێدایە، کە (24) کاتژمێر دەوام دەکەن و لە (1) دکتۆر و (2) کارمەندی پیشەی تەندروستی پێکهاتوون.

**خشتەی (8)**

**دابەشبوونی مەڵبەندی تەندروستی و ژمارەی پزیشك و کارمەندی پیشەی تەندروستی و نا تەندروستی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مەڵبەندی تەندروستی | گەڕەك | ڕووبەری گشتی م² | ژ. پزیشك | ژ.کارمەندی پیشەی تەندروستی | ژ.کارمەندی پیشەی ناتەندروستی |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهید علی شعە | ئاشتی | 3224 | 5 | 15 | 332 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

**2- کۆمەڵگای پزیشکی:** دامەزراوەیەکی تەندروستی تایبەتە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێت و چەندین پزیشکی پسپۆڕ و جیاواز تێیدا کار دەکات، ئەم دامەزراوەیە خاوەنی بەشە جیاوازەکانی چارەسەر و پشکنینە و تاقیگە و دەرمانخانە و ئامێری پێشکەوتووی تێدایە، کۆمەڵگا پزیشکییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی چارەسەری

نەخۆشە سەرپێیەکان دەکەن و خزمەتگوزاری تەندروستی بەرامبەر بە بڕێک پارە پێشکەش دەکەن. بە تێڕوانین لە خشتەی (9) تێبینی ئەوە دەکەین کە لە شاری خورماڵدا دوو کۆمەڵگای پزیشکی هەن کە لە گەڕەکی (ئەردەڵان) جێگیر کراون، ئەم گەڕەکە نزیکەی(20%) لە ڕووبەری گشتی شارەکەی داگیرکردووە، یەکەمیان (تەلاری پزیشکی خورماڵ)ە کە (8) پزیشکی پسپۆڕی تێدایە و(62%) لە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانی ناوچەکە پێشکەش دەکات، دووەمیان (کۆمەڵگای پزیشکی بەخشندە)یە کە (5) پزیشکی پسپۆڕی تێدایە و (38%)ی خزمەتگوزارییەکان دابین دەکات، هەردوو کۆمەڵگا پزیشکییەکە لە ناوەندی شاردا هەڵکەوتوون و خاوەنی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتووی پزیشکین، هەروەها بەهۆی نرخی گونجاو و هەرزانی خزمەتگوزارییەکانیانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە چارەخوازان سەردانیان دەکەن و سوود لە خزمەتگوزارییەکانیان وەردەگرن.

**خشتەی (9)**

**دابەشبوونی کۆمەڵگا پزیشکیەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| کۆمەڵگای پزیشکی | گەڕەك | پسپۆڕی | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| تەلاری پزیشکی خورماڵ | ئەردەڵان | (گشتی) و (هەناوی) و (ددان) (کۆ ئەندامی هەرس) و (جومگە و ڕۆماتیزم و فەقەرات) (پێست) و (قورگ و گوێ لوت) و (ئێسك و شکاوی) | 62 |
| کۆمەڵگای پزیشکی بەخشندە | | (ئافرەتان) و (گشتی) و (ددان) و (هەناوی) و (سۆنار) | 38 |
| کۆی گشتی | 1 | 13 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

2- **نۆرینگە:** نۆرینگە پزیشکییەکان کۆڵەکەی سەرەکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەشێکی گرنگ و تەواوکەری سیستەمی تەندروستین، ئەم نۆرینگانە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتییەکان پێشکەش دەکەن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی چاودێری و چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا، هەروەها وەك پردێك وان لە نێوان نەخۆشخانە گەورەکان و هاوڵاتیاندا، چونکە دەتوانن خزمەتگوزاری پزیشکی خێرا و کوالێتی بەرز پێشکەش بکەن بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پرۆفیشناڵ ( رسول، 2021، ل286). بە تێڕوانین لە خشتەی (10) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (10) نۆرینگە لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێن، و بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، بە جۆرێك گەڕەکی (ئەردەڵان) بە پلەی یەکەم دێت کە (6) نۆرینگە و بەڕێژەی (60%)ی کۆی نۆرینگەکان پێکدەهێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە) نزیکە لەم گەڕەکەوە و لەلایەکی تریشەوە نزیکی گەڕەکەکە لە سەنتەری شارەوە، هەروەها گەڕەکی (دالانی و ئاشتی) بە پلەی دووەم دێن کە (4) نۆرینگەیان تێدایە بە ڕێژەی (40%)ی کۆی نۆرینگەکان. جێی ئاماژەیە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان دەکەونە نزیك ناوچەی بازرگانی و سەنتەری شارەکەوە جگە لە نۆرینگەکانی (کاروان و سیروان) یەك لە دوای یەك لە ناوەڕاستی گەڕەکی (ئەردەڵان و دالانی) هەڵکەوتوون.

**خشتەی (10)**

**دابەشبوونی نۆرینگەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)***

| نۆرینگە* | | گەڕەك | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| (کاروان) و (ڕەنگین) و (لانە) و (کوردستان) و (هاوکاری) و (هەورامان) | | ئەردەڵا | 60 |
| (ئاوا) و (سیروان) | | دالانی | 20 |
| (بەختیار) و (سیۆن) | | ئاشتی | 20 |
| کۆی گشتی | 10 | 3 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

*** سەرجەم نۆرینگەکان لەلایەن دەرچوانی بەشی دەرمانسازی پەیمانگا پزیشکییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە.**

4- **تاقیگە:** لەڕووی زانستییەوە تاقیگەی پزیشکی بریتییە لەو شوێنە تایبەتەی کە تێیدا کۆمەڵێك پشکنینی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت بۆ دیاریکردنی باری تەندروستی مرۆڤ و دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی، تاقیگەکان لە چەندین بەشی تایبەتمەند پێکهاتوون وەك بەشی شیکردنەوەی خوێن، پشکنینی میز، هۆرمۆنەکان، و بەکتریۆلۆجی، هەر بەشێکیش ستافێکی تایبەتی شارەزای هەیە کە پێیان دەوترێت تەکنیکاری تاقیگە یان پسپۆڕی شیکاری پزیشکی، گرنگی تاقیگە پزیشکییەکان لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت، لەوانە دەستنیشانکردنی نەخۆشی، چاودێریکردنی چارەسەر، خزمەتگوزاری پێشگیری، و بەشداریکردن لە توێژینەوە زانستییەکان بەم شێوەیە، تاقیگە پزیشکییەکان بەشێکی جیانەکراوەن لە سیستەمی چاودێری تەندروستی و ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی تەواو و دروست. بە سەیرکردن لە خشتەی (11)دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ژمارەی تاقیگەکان لە ناوچەی توێژینەوە (5) تاقیگەیە و بەسەر (3) گەڕەکدا دابەشبوون، بە جۆرێك گەڕەکی (ئەردەڵان و دالانی) هەریەکەیان (2) تاقیگە بە ڕێژەی (40%)ی کۆی تاقیگەکان پێکدەهێنن، دەکرێت بڵێین هۆکاری بوونی ئەم تاقیگانە لەو دوو گەڕەکە بۆ نزیکی گەڕەکەکان لە سەنتەری شار دەگەڕێتەوە، هەروەها گەڕەکی (ئاشتی) (1) تاقیگەی تێدایە و ڕێژەی (20%)ی کۆی تاقیگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت.

**خشتەی (11)**

**دابەشبوونی تاقیگەکانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| تاقیگە | | گەڕەك | % پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| (ولات) و (هەورامان) | | ئەردەڵان | 40 |
| دیکان | | ئاشتی | 20 |
| (ڕاستی) و (دروست) | | دالانی | 40 |
| کۆی گشتی | 5 | 3 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید، هۆبەی ئامار، بەشی داتاو زانیاری، مەڵبەندی تەندروستی شەهید علی شیعە، داتای 2024. 2-کاری مەیدانی توێژەر.**

## سێیەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی:

خزمەتگوزارییە ئاینییەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری گرنگن کە لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکانەوە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێن، ئەم خزمەتگوزارییانە بەپێی جیاوازی ئاین و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان دەگۆڕدرێن و دەگونجێنرێن، نموونەی سەرەکی ئەم خزمەتگوزارییانە بریتین لە مزگەوتەکان، تەکیەکان، گۆڕستانەکان و مەزار و خوێندنگە ئاینییەکان و کەنیسەکان، بە جۆرێك لە شارە ئیسلامییەکاندا، مزگەوت پێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە و وەک سەرەکیترین دامەزراوەی ئاینی دەناسرێت، ئەم گرنگییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە موسڵمانان ڕۆژانە پێنج جار پێویستیان پێی هەیە بۆ بەجێهێنانی نوێژەکانیان جگە لەمە، ئەم دامەزراوانە چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی گرنگیش ئەنجام دەدەن، وەک بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن، دابینکردنی شوێن بۆ پرسە، بەڕێوەبردنی بۆنە ئاینییەکان و پێشکەشکردنی کۆڕ و وانەی فێرکاری، هەموو ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی یەکسان پێشکەش بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەکرێن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەها ئاینییەکانی کۆمەڵگا ( عزیز، 2013، ل6). خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا (3) جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن، یەکەمیان مزگەوتی هەینییە کە ژمارەیان (5) مزگەوتە و وەك ناوەندی گەورەی عیبادەت و خوێندنی نوێژی هەینی خزمەت بە ناوچەکە دەکەن، دووەمیان مزگەوتە گشتییەکانن کە ژمارەیان (10) مزگەوتە و ڕۆژانە خزمەتگوزاری ئاینی پێشکەش دەکەن، سێیەمیشیان (1) گۆڕستانە کە بۆ بەخاکسپاردن و مەراسیمی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بڕوانە خشتەی (12)، ئەم دابەشبوونەی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا دەتوانێت وێنەیەکی ڕوون لەسەر چۆنیەتی دابینکردنی پێداویستییە ئاینییەکانی دانیشتوان پیشان بدات.

**خشتەی (12)**

**خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**

| جۆری خزمەتگوزاری ئاینی | | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی (الجامع) | | 5 | 31.25 |
| مزگەوت (المسجد) | | 10 | 62.5 |
| گۆڕستان | | 1 | 6.25 |
| کۆی گشتی | 3 | 16 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**نەخشەی (4)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری ئاینی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (12) لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

### 1- مزگەوتی هەینی (الجامع):

مزگەوتی هەینی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پێگەیەکی بەرز و تایبەتی هەیە، ئەم دامەزراوە ئاینییە گرنگە ڕۆڵێکی فرە ڕەهەند دەگێڕێت لە ژیانی موسڵمانانیدا، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنی ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکانی ڕۆژانەیە، هاوکات نوێژی هەینی و نوێژی جەژنەکانیش بە شێوەی بەکۆمەڵ تێیدا بەڕێوە دەچن، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و گرنگەکانی مزگەوتی هەینی، بوونی مینبەرە، کە وەک بەشێکی سەرەکی مزگەوت، تەنها شوێنێک نییە بۆ وتاری ئاینی، بەڵکو ڕۆڵێکی فراوانتر دەگێڕێت، لە ڕێگەی مینبەرەوە مزگەوتی هەینی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی چەندین بواری جیاواز، لەوانە کاروباری سیاسی، بابەتە ئاینییەکان، پرسە پەروەردەییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ( الجدبە، 2016، ص34). بە سەرنجدان لە خشتەی (13) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (5) مزگەوتی هەینی بە ڕووبەری (12400م$^{2}$) لە ناوچەی توێژینەوە هەن، کە بەسەر (4) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، لە نێویاندا گەڕەکی (ئەردەڵان) پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە بوونی (2) مزگەوتی هەینی کە ڕێژەی (40%)ی کۆی مزگەوتەکانی هەینی شارەکە پێکدەهێنێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی ئەردەڵان گەڕەکێکی کۆنە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، لە لایەکی ترەوە شوێنی مزگەوتی هەینیەکان بە جۆرێکە کە نزیکە لە گەڕەکەکانی (ئاشتی و دالانی) تاکو نوێژخوێنانی ئەو گەڕەکانەش بتوانن سوود لەم مزگەوتانە وەربگرن، هەرچی تایبەتە بە گەڕەکەکانی تر کە ژمارەیان (3) گەڕەکە و بۆ هەر یەکێکیان (1) مزگەوتی هەینیان تێدا بەدی دەکرێت بە قەبارە و ڕێژەی جیاواز لە ڕووی ڕوبەرەوە، لە بەرامبەردا گەڕەکی (ئاشتی) هیچ دامەزراوەیەکی لەم جۆرەی تێدا نی یە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم گەڕەکە نزیکە لە هەریەکە لە گەڕەکەکانی ( قەڵا و ئەردەڵان) کە مزگەوتی هەینیان تێدایە، ئەم دابەشبوونەی مزگەوتی هەینی لە شارەکەدا نیشاندەری هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئایینیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی دووری و نزیکی گەڕەکەکان لە یەکتر.

**خشتەی (13)**

**دابەشبوونی مزگەوتی هەینی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مزگەوتی هەینی | گەڕەك | % | رووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوتی گەورەی خورماڵ | قەلا | 20 | 2500 | 20 |
| (سعدی کوڕی ئەبی وقاص) و (امام بخاری) | ئەردەلان | 40 | 7000 | 56 |
| امام مسلم | دالانی | 20 | 1500 | 13 |
| محمد رسول الله | فەرمانبەران | 20 | 1400 | 11 |
| کۆی گشتی 5 | 4 | 100 | 12400 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**2- مزگەوت (المسجد):** مزگەوت شوێنێکی پیرۆزە و وەک دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگەی موسڵمانانندا، سەرەتایترین کاری مزگەوت بریتییە لە پەرستش و پاڕانەوە، هەروەها وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکاندا، لە رووی پێکهاتە و تایبەتمەندییەوە ئەم مزگەوتانە بۆ ئەنجامدانی پێنج نوێژی رۆژانە بەکاردێن، بەڵام نوێژی هەینی و جەژنەکانی تێدا ئەنجام نادرێت. هەموو مزگەوتەکان خاوەنی حەوشە و سەرچاوەی ئاون، تایبەتمەندییەکی تری ئەم جۆرە مزگەوتانە ئەوەیە کە گومبەز و منارەیان نییە ( العقیلی، 2003، ص14). بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (14)، لە ناوچەی توێژینەوەدا (10) مزگەوت بوونیان هەیە کە کۆی ڕووبەریان دەگاتە (9893م²)، ئەم مزگەوتانە بەسەر (4)گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون کە بریتین لە گەڕەکەکانی (ئەردەلان، دالانی، ئاشتی و قەلا)، لە نێو ئەم گەڕەکانەدا، گەڕەکی (ئاشتی) بە ڕێژەی (40%) لە رووی ژمارەی مزگەوتەکان و (30%) لە رووی رووبەرەوە پلەی یەکەمی لە نێو گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە گرتووە، هۆکاری سەرەکی بۆ بوونی زەوی بەتاڵی گونجاو دەگەڕێتەوە لە کاتی دروستکردنی مزگەوتەکان لەلایەك و ڕۆڵی خێرخوازان لە کڕینی زەوی نیشتەجێبوون و گۆڕینی بۆ مزگەوت لەلایەکی ترەوە، هەروەها گەڕەکی (ئەردەلان) لە دوایین پلەدا دێت لە رووی رووبەری مزگەوتەکانەوە، بە رووبەری تەنها (1989م²)، کە دەکاتە(20%)ی کۆی رووبەری مزگەوتەکان، ئەم دابەشبوونە جیاوازە پیشاندەری کاریگەری فاکتەرەکانی بەردەستبوونی زەوی و چالاکی خێرخوازانە لە دابەشبوونی جوگرافی مزگەوتەکان لەشارەکە.

**خشتەی (14)**

**دابەشبوونی مزگەوت لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| مزگەوت | گەڕەك | % | رووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| نەورەسی و ابن کثیر | ئەردەلان | 20 | 1989 | 20 |
| عوسمانی کوڕی عفان و عبدالرحمن کوڕی عەوف | دالانی | 20 | 1824 | 29 |
| شێخ عمری بیارە و نوور و ملا عبدالله و گوڵعەنبەر | ئاشتی | 40 | 3000 | 30 |
| گەیلانی و بەرقەلا | قەلا | 20 | 2080 | 21 |
| کۆی گشتی 5 | 4 | 100 | 9893 | 100 |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی هەڵەبجەی شەهید، بەشی داتاو زانیاری مزگەوتەکان، داتای 2024. 2- کاری مەیدانی توێژەر.**

**3- گۆڕستانەکان:** گۆڕستان بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگەکانە، لە زمانی کوردیدا وشەی "گۆڕستان" لە بنەڕەتدا لە وشەی "گۆڕ"ەوە سەرچاوەی گرتووە و هاوواتای وشەی قەبرستانە (عزیز، 2013، ل10). کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کوردستان بەکاردێت، وەک خزمەتگوزارییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتیش ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی شارنشینیدا هەیە، ئەم شوێنە پیرۆزە خزمەتگوزارییەکی گشتییە و بێ جیاوازی پێشکەش بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکرێت. هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ گۆڕستان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پلانی ورد هەیە، لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە لە کاتی دیاریکردنی شوێنی گۆڕستاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە گۆڕستانەکان لە کەناری شارەکاندا دروست بکرێن، بەمەش لە ناوچە نیشتەجێبووەکان تا ڕادەیەك دوور دەبن، هاوکات گرنگە کە ئەم شوێنانە نزیک بن لە ڕێگاکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، دەبێت شوێنی گۆڕستانەکان دوور بن لە ناوچە بەردینەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانرێت گۆڕەکان هەڵبکەنرێن و کاری ناشتن بەبێ کێشە ئەنجام بدرێت ( صفر، 2015، ص242).

بە سەیرکردنی خشتەی (15) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) گۆڕستانی تێدایە، دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران) بە ڕووبەری (11200م²).

**خشتەی (15)**

**دابەشبوونی گۆڕستانی شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| ناوی گۆڕستان | گەڕەك | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|
| **خورماڵ** | **فەرمانبەران** | **11200** |

**سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: کاری مەیدانی توێژەر.**

## چوارەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی:

ئاشکرایە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان جۆرا و جۆرن و بوون و نەبوونیان لە هەر شوێن و ناوچەیەکدا بە ستراوەتە بە ڕادەی گرنگیدان بەو ناوچەیە، دوای پێشکەوتنی کۆمەڵگەش لە ڕووی ئابوری و شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە ڕۆڵی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان وەك شێوازێك بۆ بەگەڕخستنی چالاکی مرۆڤ لە کارکردندا بەدەر کەوتن ( ڕەشید، 2023، ل48). خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیش بریتییە لەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی کۆمەڵگەی شار و هەرێمەکان دەکرێت، بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و ئارامی دەروونی و جەستەیی و عەقڵی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێ بۆ گشت ئاست و تەمەنێك لە کاتی دەست بەتاڵیدا ( عباس، 2021، ل624). سەبارەت بە دابەشبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچەی توێژینەوە وەك لە خشتەی (16)دا دەردەکەوێت، خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ژمارەیان (29) خزمەتگوزارییە بە کۆی ڕووبەری زیاتر لە (136157م²) کە بەسەر (4) گەڕەکی شارەکدا دابەشبوون، کە زۆربەیان کەوتونەتە سەر ڕێگا سەرەکیەکان و سەنتەری شارەکە بڕوانە نەخشەی (5).

**خشتەی (16)**

**دابەشبوونی ژمارە و ڕوبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزارییەکان | ژمارە | گەڕەك | % | ڕووبەر م$^2$ | % |
|---|---|---|---|---|---|
| پارك و باخچە گشتییەکان* | 9 | ئاشتی | 31 | 116504 | 86 |
| یاریگای وەرزشی گەورە | 1 | فەرمانبەران | 3 | 6300 | 5 |
| یاریگای وەرزشی بچووك | 2 | فەرمانبەران | 7 | 3328 | 2 |
| چێشتخانە | 3 | قەلا،دالانی | 11 | 164 | 0.1 |
| مەلەوانگە | 1 | قەلا | 3 | 750 | 0.5 |
| شاری یاری | 1 | ئاشتی | 3 | ناو پارکی گشتی خورماڵ | |
| قاوەخانە و گازینۆ | 4 | دالانی،قەلا، ئاشتی | 14 | 801 | 0.6 |
| هۆڵی وەرزشی لەشجوانی | 2 | قەلا،ئاشتی | 7 | 737 | 0.6 |
| هۆڵی یاری وەرزشی و ئەلیکترۆنی | 5 | دالانی | 18 | 341 | 0.2 |
| کتێبخانە | 1 | فەرمانبەران | 3 | 7227 | 5 |
| کۆی گشتی 3 | 29 | 4گەڕەك | 100 | 136157 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی. * ڕووبەری باخچە گشتییەکان بچوکترە و ڕێژەی سەوزاییان کەمترە لە پارك لە ناوچەی توێژینەوە.**

**نەخشەی (5)**

**دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری خورماڵ بۆ ساڵی 2024**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: خشتەی (16)، لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) ڤێرژنی 10.8.**

**1- پارك و باخچە گشتییەکان:** یەکێکن لە گرنگترین خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکاندا، ئەم شوێنانە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، تاکەکان دەتوانن لەم شوێنانە یەکتر ببینن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێز بکەن، بەتایبەتی دوای کاتژمێرەکانی کار یان لە ڕۆژانی پشوودا، ئەم شوێنانە دەبنە پەناگەیەك بۆ پشوودان و خۆشگوزەرانی، لە ڕووی ژینگەییەوە، و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی ژینگەی شار، ئەم ناوچانە سیمایەکی جوان و سەرنجڕاکێش دەبەخشن بە شار، دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران و سەردانیکەران، کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئابووری شار (سعید، محمد، 2022، ل39).

شاری خورماڵ (1) پارك و (8) باخچەی گشتی و تێدایە بە کۆی ڕووبەری (116504م$^2$)، کە ڕێژەی لە (86%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، (پارکی گشتی شەهیدی سەرکردە دکتۆر ڕەزا خورماڵی)کە دەکەوێتە گەڕەکی (ئاشتی)، لە ڕووی ڕووبەرەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە ڕووبەری (109265م$^2$)، کە ڕێژەی زیاتر لە (93%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکانی شارەکە پێکدەهێنێت، هۆکاری بوونی ئەم پارکە لەم شوێنە بۆ ئەو زەوییە فراوانە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن شارەوانی خورماڵەوە تەرخانکراوە بۆ خزمەتگوزارییەکان لەنێویشیاندا پارك، هەرچی باخچە گشتییەکانە (7) باخچەیان دەکەونە گەڕەکی (ئاشتی)، هەمان ئەو گەڕەکەی کە پارکی گشتی خورماڵی تێدایە، ڕووبەرەکەیان (5947م$^2$)، کە ڕێژەی زیاتر لە (5%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکانن، دەکەونە لێواری ڕێگای سەرەکی و دەروازەی شارەکە، کە سیمایەکی جوانیان پێبەخشیوە و بوونەتە شوێنێکی گشتی کە خەڵکی شارەکە بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان ڕوویان تێدەکەن، تەنها (1) پارك دەکەوێتە گەڕەکی (قەلا) بە ناوی ( پارکی شەهیدانی جینۆسایدکراوی 5/13/ 1987)، بە ڕووبەری (1292م$^2$)، بە ڕێژەی نزیکەی لە (2%)ی کۆی ڕووبەری پارکەکان، و دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هاوینە هەواری زەڵم لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە.

**2- یاریگای وەرزشی گەورە:** خزمەتگوزارییەکی گرنگن کە پێشکەش بە گەنجان دەکرێن بۆ پراکتیزەکردنی چالاکییە وەرزشییەکانیان، ئەم یاریگایانە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ چالاکی وەرزشی و دروستکردنی کەشێکی تەندروست بۆ پەروەردەی جەستەیی و هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکان (محمد، 2016، ص14). ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) یاریگای تێدایە کە (11) یاریزانییە بەناوی (یاریگای وەرزشی خورماڵ) کە بە کۆی ڕووبەری (6300م$^2$)، و بە ڕێژەی نزیکەی لە (5%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنێت و دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران).

**3- یاریگای وەرزشی بچووك:** یەکێکە لە گرنگترین خزمەتگوزارییە وەرزشییەکان کە ڕووپۆشەکەی لە ماددەیەکی دەستکردی تایبەت (تارتان) دروستکراوە، ئەم ماددەیە چەندین تایبەتمەندی گرنگی هەیە وەک نەرمی و پارێزراوی بۆ یاریزانان و خۆڕاگری لە بەرامبەر کاریگەری کەش و هەوا، هەروەها یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی مەترسی برینداربوون و گونجاوە بۆ زۆربەی جۆرەکانی وەرزش، لە ناوچەی توێژینەوە یاریگای وەرزشی بچووك ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی وەرزش، و دەرفەتی باش دەڕەخسێنێت بۆ گەنجان و وەرزشکاران و یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی بەهرە وەرزشییەکانیان، لە ڕووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە، یاریگای وەرزشی بچووك شوێنێکی گونجاوە بۆ کۆبوونەوەی گەنجان و ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی، دەرفەتی ڕاهێنان و پێشبڕکێی وەرزشی دەڕەخسێنێت و یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی تەندروستی کۆمەڵگە بەگشتی. لە شاری خورماڵ (2) یاریگای لەم جۆرە لە گەڕەکی (فەرمانبەران)، بە کۆی ڕووبەری (3328م$^2$) لە خۆدەگرێت کە (7) یاریزانین، و ئەوانیش ڕێژەی لە (2%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان پێکدەهێنن.

**4- چێشتخانە:** بەشێکی گرنگن لە خزمەتگوزارییەکان لە هەر شارێکدا، لە سەردەمی ئێستادا، بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان چێشتخانەکان، بوونەتە پیشەیەك کە پێویستی بە پلان و ستراتیژی تایبەت هەیە بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوون، لە ڕووی دیزاین و شوێنەوە چێشتخانەکان گرنگی زۆر دەدەن بە هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو و دیزاینی

ناوەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، دروستکردنی کەشێکی ئارام و خۆش بۆ کڕیاران و گرنگیدان بە پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی شوێنەکە لە ئەولەویەتەکانی سەرکەوتنی چێشتخانەکانن، کوالیتی خزمەتگوزاری فاکتەرێکی گرنگە لە سەرکەوتنی چێشتخانەکان، پێشکەشکردنی خواردنی باش و بەتام، خزمەتکردنی خێرا و پرۆفیشناڵ، مامەڵەی باش لەگەڵ کڕیاران و پابەندبوون بە ستانداردەکانی خۆراک و تەندروستی، هەموویان پێکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرکەوتنی چێشتخانەکان (الظالمي، 2018، ص21). لە ڕووی کاریگەری ئابوورییەوە، چێشتخانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی هەلی کار، بووژاندنەوەی بازاڕی خۆراک، پشتگیریکردنی کەرتی کشتیاری و بەشداریکردن لە گەشەی ئابووری ناوچەکە، دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی چێشتخانەکان لە سەردەمی ئێستادا پێویستی هەیە بە گۆڕانکارییەکانی بازاڕ، داهێنان لە خزمەتگوزاری، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و پاراستنی ستانداردی کوالیتی.

بەسەرنجدان لە داتاکانی خشتەی (17) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا (3) چێشتخانە بە ڕووبەری (164م²)لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، کە ڕێژەی لە (0.1%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بەجۆرێك (2) چێشتخانە لە گەڕەکی (قەڵا)، بە ناوەکانی (چێشتخانەی خورماڵ، چێشتخانەی ئاوێسەر)، تەنها (1) چێشتخانەش لە گەڕەکی (داڵانی)یە بەناوی (چێشتخانەی هانا)، هۆکاری دامەزراندن و بوونی ئەم چێشتخانانە لەم شوێنانەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێگەی جوگرافی و شوێنەکەیانەوە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم چێشتخانانە کەوتوونەتە سەنتەر و ناوەندی شارەکەوە، یاخود لە ناوچەی بازرگانی و لەسەر شەقامە سەرەکییەکاندا هەڵکەوتوون، ئەم شوێنە ستراتیژییانە دەبنە هۆی سەرکەوتنی کاری ئەم چێشتخانانە و باشتر گەیشتنی خزمەتگوزارییەکانیان بە خەڵک.

**5- مەلەوانگە:** یەکێکە لەو شوێنە وەرزشیانەی کە زۆرترین داواکاری لەسەرە لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە لە تەمەنە جیاوازەکان، بە مەبەستی جیاواز وەک بەسەر بردنی کاتی بەتاڵی یاخود بۆ مەبەستی تەندروستی وەکو بەشێک لە چارەسەری سروشتی بۆ هەندێ لە نەخۆشییەکان یاخود سەردانکردنی هاوڵاتیان بۆ مەلەوانگەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولەکانی فێربوونی مەلەوانی ( محمد، 2022، ل57). لە شاری خورماڵ تەنها (1) مەلەوانگە هەیە بە ڕووبەری (750م²)، ئەم مەلەوانگەیە ناوی (مەلەوانگەی هەورامان)ە، و دەکەوێتە گەڕەکی (قەڵا) کە ڕێژەی ڕووبەری لە (0.5%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان پێکدێنێت، هۆکاری کەمی مەلەوانگە لە شاری خورماڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین سەرچاوەی ئاوی لە ناوچەکە بوونیان هەیە وەك ( سەرچاوەی ئاوی گەنجان، ئاوی گەڕاو، ئاوی گۆم پسکیت و جۆگەی شێخ و تەوێڵەجۆ، هتد...)، بۆ ئەم مەبەستە خوازیاران و مەلەوانزانان سەردانیان دەکەن بۆ مەلەوانی بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا.

**6- شاری یاری:** شوێنێکە کە کۆمەڵێک یاری جۆراوجۆری تێدایە و خزمەتگوزاری ڕابواردن پێشکەش بە منداڵان و گەنجان دەکات، ئەم شوێنانە بە دوو شێوەی سەرەکی دەردەکەون یان شاری یاری کراوەن کە لە پارک و شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێن، یان شاری یاری داخراون کە لە ناو مۆڵەکان یان شوێنی تایبەتدا دروستکراون، هەردوو جۆری شاری یاری گرنگی خۆیان هەیە لە پێشکەشکردنی کات بەسەربردنێکی خۆش و سەلامەت بۆ منداڵان و گەنجان، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و جەستەیی منداڵان و دەرفەتی پێکەوە یاریکردن و فێربوونیان بۆ دەڕەخسێنن ( العاني، 2011، ص137). (شاری یاری خورماڵ) کە دەکەوێتە ناو پارکی گشتی خورماڵ، چەندین یاری جۆراوجۆری وەك (قیتار، ئۆتۆمبێلی کارەبای، جامپ، زنجیری فڕیوە، چوپی هەوا، تۆپی منداڵان، کەشتی نوح، .... هتد) تێدایە، و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەردانیکردنی دانیشتوان بەگشتی و منداڵان بە تایبەتی.

**7- قاوەخانە و گازینۆ:** بەشێکی گرنگن لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان کە خواردنەوەی وەک چا، قاوە، کاپۆچینۆ و خواردنەوەکانی تر جگە لە خواردنەوە کحولییەکان پێشکەش بە سەردانیکەران دەکەن، هەندێک لەم شوێنانە یارییە میللییەکانی وەک دۆمینە، شەترەنج، دامە و تاوڵەی تێدا ئەنجام دەدرێت، گازینۆکان بەشێکی گرنگی خۆشگوزەرانین بەتایبەتی بۆ گەنجان، کە دوای کارکردن بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان سەردانی دەکەن ( سعید، 2022، ل18). لە شاری خورماڵ قاوەخانە و گازینۆکان دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی و ناو بازاڕی گشتی شارەکە، ئەم شوێنانە بوونەتە هۆکارێک بۆ کۆبوونەوەی دانیشتوان و سەردانیکەران لە هەموو تەمەن و توێژەکان، ژمارەی قاوەخانە و گازینۆکان لە شارەکەدا (4) دانەیە، بە ناوەکانی ( کۆشکی شارەکەم، قاوەخانەی کازیوە، کافتریای هاما، کافتریای دانکیخ)، بە کۆی ڕووبەری (806م²)، کە ڕێژەی لە (0.6%)ی کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارەکە پێکدەهێنن.

**8- هۆڵی وەرزشی لەشجوانی:** چالاکی وەرزشی بە هەموو جۆرەکانیەوە یەکێکن لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، گرنگترین شوێن کە دانیشتوان بە تایبەت گەنجان ڕوویان تێدەکەن بە مەبەستی هەستکردن بە جوڵە و ئارامی دەرونیان ( محمد و محمود، 2016، ل282). هۆڵی لەشجوانییش شوێنێکە تایبەتمەند بە ڕاهێنانی لەش و پەرەپێدانی توانای جەستەیی، لەم شوێنەدا چەندین ئامێری تایبەت هەن بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان و باشترکردنی فۆرمی لەش. ناوچەی توێژینەوە (2) هۆڵی لەشجوانی تێدایە بە کۆی ڕووبەری (737م²) ئەوانیش ڕێژەی لە (0.6%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بە جۆرێك هۆڵی لەشجوانی (شەهرام) کەوتۆتە گەڕەکی (قەڵا)، و هۆڵی لەشجوانی (خورماڵ) کەوتۆتە گەڕەکی (ئاشتی)، کە هەردوو هۆڵەکەش تاڕادەیەك نزیکن لە سەنتەری شارەکە.

**9- هۆڵی یاری وەرزشی و یاری ئەلیکترۆنی:** ئەو شوێنە تایبەتانەن کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و یارییە ئەلیکترۆنییەکان دروستکراون، لەم هۆڵانەدا گەنجان و لاوان و کەسانی تەمەن جیاواز کۆدەبنەوە تاکو لە کەشێکی گونجاودا خولیا وەرزشی و یارییەکانیان جێبەجێ بکەن. بە سەیرکردنی خشتەی (22) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا (5) هۆڵی وەرزشی و ئەلیکترۆنی بە کۆی ڕووبەری (341م²) لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، کە ڕێژەی لە (0.2%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنن، بەجۆرێك کە سەرجەم هۆڵەکان دەکەونە گەڕەکی (داڵانی)، و بریتین لە هۆڵەکانی ( خورماڵ سەنتەر، سبحان سەنتەر، بلیاردی لاوان، بلیاردی فرانکفۆرت، بلیاردی باوەڕ)، و لە ناوچەی بازرگانی و لەناو سەنتەری شارەکەدان، جێگای ئاماژەیە ئەم خزمەتگوزارییانە خۆیان لە (یارییە ئەلیکترۆنییەکان و یاری بلیارد) دەبیننەوە، کە گەنجانی شارەکە بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان ڕوویان تێدەکەن.

**10- کتێبخانە:** مە بەست لێی ئەو ناوەندانەن کە چەندین جۆر کتێبی جۆراوجۆر لە خۆدەگرن، بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندە شارستانییەکان بوونیان هەیە، کە لە لایەن دانیشتوان بە تایبەت خوێندکاران و ڕۆشنبیران سەردانی دەکرێن، بە مەبەستی خوێندنەوە و پەرەپێدان بە لایەنی زانستی و زانیارییان، جێگای ئاماژەیە بەشێك لەم کتێبخانانە کتێبی مێژووی زۆر کۆن لەخۆ دەگرن کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و لەم شوێنە پارێزراون کە بەشێکیان بە شێوەی دەستنووسن، زۆرجار خەڵک سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن بۆ بینینیان و ئارامی بە دەروونیان دەدات

( گۆران، 2022، ل21). ناوچەی توێژینەوە تەنها (1) کتێبخانە بە ڕووبەری (7227م$^2$) لەخۆ دەگرێت، ئەویش ڕێژەی زیاتر لە (5%)ی کۆی ڕووبەری خۆشگوزەرانییەکان پێکدەهێنێت، و بەناوی (کتێبخانەی گشتی خورماڵ)، و دەکەوێتە گەڕەکی (فەرمانبەران)، بەڵام چەندین فەرمانگەی تری شارەکە بەهۆی نەبوونی بینای تایبەت بە خۆیان لەناو ئەم کتێبخانەیەدا دەوام دەکەن، لەوانە ( فەرمانگەی دادنووسی خورماڵ، فەرمانگەی دارایی خورماڵ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ خورماڵ، بەشی ڕۆشنبیری و منداڵانی خورماڵ)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە هۆڵەکانی کتێبخانەکە یانەی وەرزشی خورماڵ بۆ ڕاهێنانی یاریزانانی کاراتی یانەکەی بەکاری دەهێنێت، بەهۆی نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یانەکە.

**خشتەی (17)**

**ڕووبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری خورماڵ بە بەراورد بە کۆی ڕووبەری شارەکە بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزارییەکان | ڕووبەر م$^2$ | % | ڕووبەری گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| فێرکاری | 33842 | 20 | 1989 | 1.02 |
| تەندروستی | 4684 | 20 | 1824 | 0.14 |
| ئاینی | 33493 | 40 | 3000 | 1.01 |
| خۆشگوزەرانی | 136157 | 20 | 2080 | 4.12 |
| کۆی گشتی | 208176 | 100 | 9893 | 6.29 |
| کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە | 3300000م$^2$ | | | |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە کاری مەیدانی.**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەین بەو ڕاستییەی، کە شاری خورماڵ لەڕووی پێکهاتەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانەوە کۆی ڕووبەری (208176م$^2$) لەخۆ دەگرێت، کە دەکاتە ڕێژەی (6.29%)ی کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانییەکەی، بڕوانە خشتەی (17)، گەورەترین پشک لە خزمەتگوزارییەکان بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەگەڕێتەوە، کە ڕووبەری (136157م$^2$) داگیرکردووە، کە دەکاتە ڕێژەی (4.12%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە پلەی دووەمدا خزمەتگوزاری فێرکاری دێت کە ڕووبەری (33842م$^2$) داگیر کردووە و دەکاتە ڕێژەی (1.02%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە دوای ئەویشەوە خزمەتگوزاری ئاینی دێت بە ڕووبەری (33493م$^2$)کە دەکاتە ڕێژەی (1.01)ی کۆی ڕووبەری شارەکە، لە کۆتاییشدا خزمەتگوزاری تەندروستی کەمترین ڕووبەری بەرکەوتووە کە بریتییە لە (4684م$^2$)و دەکاتە ڕێژەی (0.14%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە.

## دەرئەنجام

1-خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز بەسەر گەڕەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دابەش بوون.

2-خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان ژمارەیان (10) خزمەتگوزارییە و بە شێوەیەکی بڵاو بەسەر هەموو گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون، بە جۆرێك هەردوو گەڕەکی (داڵانی، فەرمانبەران) زۆرترین خزمەتگوزاری و گەڕەکی ( ئەردەڵان، ئاشتی و قەڵا) کەمترین خزمەتگوزاریان بەرکەوتووە تا کۆتایی ساڵی (2024).

3-خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ساڵی (2024) لە ناوچەی توێژینەوە پێکدێن لە (1) مەڵبەندی تەندروستی و (2) کۆمەڵگای پزیشکی و (10) نۆرینگە و (5) تاقیگە.

4-خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا (3) جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن، یەکەمیان مزگەوتی هەینییە کە ژمارەیان (5)مزگەوتە، دووەمیان مزگەوتە گشتییەکانن کە ژمارەیان (10)مزگەوتە، و سێیەمیشیان (1)گۆڕستانە.

5-خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ژمارەیان ( 29) خزمەتگوزارییە و زۆربەیان کەوتوونەتە سەنتەری شار و سەر ڕێگا سەرەکییەکان.

6-شاری خورماڵ لەڕووی پێکهاتەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانەوە بۆ ساڵی (2024) کۆی ڕووبەری (208176م$^2$) لەخۆ دەگرێت، کە دەکاتە ڕێژەی (6.29%)ی کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانییەکەی.

## ڕاسپاردە

1-کاربکرێت لە دانانی ماستەر پلانێکی نوێ بۆ ئایندەی شارەکە لەسەر بنەمایەکی زانستی کە تیایدا ڕووبەری گونجاو بۆ هەر خزمەتگوزارییەك دیاریبکرێت.

2-دانانی پلانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی یەکسانی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی هەموو گەڕەکەکان.

3-دامەزراندنی بنکەیەکی تەندروستی لە گەڕەکی ( داڵانی) کە هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی تێدا نییە.

4-دروستکردنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەو گەڕەکانەی کە تا ئێستا بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە.

5-زیادکردنی بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری لە ناوچە کەم خزمەتەکانی ناوچەی توێژینەوەدا.

## لیستی سەرچاوەکان


### کوردییەکان/ کتێب:

مصطفى، فاطمە قادر، (2020)، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.

### کوردییەکان/ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

ڕەشید، هاوژین ئەحمەد،(2023)، توانستەکانی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێندا (لێکۆڵینەوەیەك لە بواری بەرەپێدانی مرۆییدا)، نامەی ماستەر( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

عزیز، أمیر قادر، (2013)، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.

گۆران، باسم قاسم سلێمان، (2022)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیاکان ((GIS)، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

محمد، ئەژین کەریم، (2022)، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

### کوردییەکان/ گۆڤار:

أحمد، بنار عبدالوهاب؛ أحمد، سەرکەوت حمەخورشید؛ جوهر، عباس هۆشمەند،(2024)، "دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی توانستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە شاری کەلار"، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 7، ژمارە1.

رسول، مظفر احمد؛ علی، ساسان حکمت، (2021)، "شیکردنەوەیەکی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی"، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی 6، ژمارە3.

سعید، کامران طاهر؛ محمد، شوان سعدی، (2024)، دابەشبوونی شوێنجێیی و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری دوکان بۆ ساڵی 2021 زانیینی،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی 11، ژمارە1.

عباس، هۆشمند جوهر؛ حسێن، سەنگەر احمد؛ مصطفی، فاطمە قادر،( 2021)،"شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شارۆچکەی دارەتوو بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەکان("GIS، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی8، ژمارە3.

عزیز، روستم سلام، (2016)، "هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە شاری کۆیە بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییەجوگرافییەکان"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە9.

علی، فاتح اکرم؛ حسین، بەیان علی، (2022)، "شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر(Effect zone) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (2021-2022)"، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی 7، ژمارە4.

محمد، محمد وتمان؛ محمود، شاسوار محمد، (2016)، "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە8.

### عەرەبییەکان/ کتێب:

بن غضبان، فؤاد، (2013)، جغرافیة الخدمات، الطبعة الاولى، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

خير، صفوح، (2000)، الجغرافية موضوعها ومناهجها وأهدافها، الطبعة الأولى، المطبعة العلمية، دار الفكر- دمشق، سوريا.

صفر، زين العابدين علي، ( 2015)، تخطيط المدن (أسس ومفاهم وتطبيقات)، الطبعة الأولى، دار الوضاح للنشر والتوزيع.

الطيف، بشير ابراهيم؛ علي، محسن عبد؛ الجميلي، رياض كاظم، ( 2009)، خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية، الطبعة الأولى، طرابلس- لبنان.

مصيلحي، فتحي محمد، (2007)، جغرافية الخدمات الاطار النظري وتجارب عربية، الطبعة الثانية، عمارات جامعة عين شمس الدمرداش، قاهرة.

### عەرەبییەکان/ نامەی ماستەر و تێزی دتۆرا:

الجدبه، عبدالكريم منصور، (2016)، الخدمات الدينية في محافظة غزة (دراسة في جغرافيا الخدات)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية بغزة.

الظالمي، هالة هادى صالح، (2018)، التحليل المكاني للخدمات الترفيهية في مدينة السماوة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى.

العامري، رافد موسى عبد حسون، (2014)، الملائمة المكانية للخدمات المجتمعية في مدينة الديوانية وتوقعاتها المستقبلية، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة.

العانى، براء كامل عبدالرزاق، (2011)، التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية في مدينة الرومادي، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية اداب، جامعة بغداد.

العبدلي، معن محي محمد شريف، (2016)، تحليل كفاءة الخدمات المجتمعية (التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة السليمانية، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار.

العقيلى، ميسون محيي هيلال سرحان، (2003)، أثر المسجد الجامع على المشهد الحضري للمدينة، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، معهد العالي للتخطيط الحضري والأقليمي.

### عەرەبییەکان/ گۆڤار:

محمد، وسن نوشي، (2016)، "الخدمات الترفيهية في مدينة الزبير دراسة في الجغرافية المدن"، مجلة كلية الاداب، جامعة بنها، العدد46.

# بەها کولتوورییەکان لە خوێندنگەکاندا

## ( بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی بە نموونە)

## توێژینەوەیەکی چەندێتییە بۆ خستنەڕووی بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی هەڵەبجەدا

ڕەنجدەر عمر عبداللە، سورێن أبوبکر عبداللە

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**– بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بوارێکی گرنگ و لەپێشینەیە، بەتایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، یەکێك لەو دامەزراوانەی کە بەرپرسە لە گواستنەوەی ئەم بەهایانە بۆ نەوەکانی داهاتوو خوێندنگەیە، بۆ ئاشناکردن و ڕێنمونیکردنی منداڵان بەو بەهاو کولتوورەی لە کۆمەڵگەدا هەیە بۆڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان .

بەڕوانین بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی تێبینی بە گۆڕانکاریی لە ڕووی پابەندبوون بە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەستپیدەکرێت، هەربۆیەش ئەم پرسە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە، بۆئەوەی ئەم بابەتە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، ئامرازی فۆڕمی پێوانە بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی شاری هەڵەبجە. نموونەی توێژینەوەکەش(٢٩٤) خوێندکارە، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، کە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون لە کۆی(١٢٤٢)خوێندکار.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانیین و خستنەڕووی بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی لەناو خوێندنگەکان، هەروەها زانینی ڕادەی پابەندبوونی خوێندکارانی بنەڕەتی بە بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی. لە توێژینەوەکە دەرکەتووە خوێندکاران پابەندن بە بەهای هاوکاری و ڕێزگرتن لەخوێندنگەکاندا،جیاوازی ڕەگەزی هەیە لە وەرگرتن و پابەندبوون بە هاکان لە خوێندگەکاندا.

**کلیلە ووشەکان:** بەها، بەهای کلتووری، هاوکاری، ڕاستگۆیی، خوێندگە.

## پێشەکی:

بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، بوارێکی گرنگی زانستی کۆمەڵناسییە، کەبەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدان، ئەمەش وایکردووە بەپێی کات و سەردەم بەهاکان گۆڕانکاریان بەسەردابێت بەجۆرێک کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش کردووە، بۆیە توێژەران بەردەوام توێژینەوە لەسەر بەهاکولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریان لەسەر پویوەندیەکۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکان دەکەن.

ئەم توێژینەوە، هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە بارەی چۆنیەتی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خوێندنگەکان بکات. بەهاکۆمەڵایەتییەکان هۆکاری گونجاندن و بنیادنانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانە کە هۆکارن بۆئارامی کۆمەڵگەو ڕێکخستنی، هەربۆیە چۆنیەتی کار لەسەرکردنیان لە خوێندنگاکاندا لەسەردەمی گۆڕانکاریدا گرنگی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیە کاردەکات لەسەر خستنەڕووی چۆنێتی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، هەروەک هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر ڕادەی پابەند بوونی خوێندکاران بە باها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە تا چ ئاستێک خوێندکار پابەندە پێیانەوە. بەهاکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن. سیستمی بەهاکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا وامان لێ دەکات بەهاکان بەرەو کاریگەری ئەرێنی زیاتر برەو پێبدەین. ڕێزگرتن، هاوکاری، خۆشەویستی و ئاشتی هەموویان بەها ئەرێنیەکانن، کە پێویستە لە نێوان گەنجاندا بەهێزبکرێن و پابەندبن پێیانەوە. هەروەها بەهاکانی بێ ڕێزیی و خۆپەرستی و شەڕانگێزیی بەهای نەرێنین، هەربۆیە دەبێت لە کولتووری خوێندکاران دوربخرێنەوە، چونکە ئەمانە لەداهاتوودا دەبن بە تاکی چالاک لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە خوێندنگە ڕۆڵێکی جەوهەریی لە چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی گەنجاندا هەیە. ئەم ڕۆڵەش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی خوێندنگە و مامۆستایان و مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی هاوڕێیان، ئەمەش ڕێگە بە تاک دەدات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتربکات و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێگەشتنی کەسایەتییەکەی و سەقامگیرکردنی ڕەفتارەکانی. ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازە پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە و لەم دەروازەدا دوای خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، ناساندن بۆ چەمکە کلیلییەکانی توێژینەوەکە کراوە، پاشان، باس لەبەهای کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی بەهاکان کراوە، دواتر سیمای بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی خراوەتەڕوو، پاشان باس لە ڕۆڵی خوێندنگە لە گواستنەوەی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کراوە، هەروەها ڕوانگەی تیۆری بونیادی ئەرکگەرای بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp89-98
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 4 حزيران 2025؛ قُبل في 20 تموز 2025؛ نُشرت في 4 شباط 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :ranjdar.kokoey2020@gmail.com, suren.abdullah@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 ڕەنجدەر عمر عبداللە، سورێن أبوبکر عبداللە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەهاکۆمەڵایەتییەکان خراوەتەڕوو. دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، لەم دەروازەیە ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەت

### 1. بابەتی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە گوزارشتکردنە لەو پرسیارانەی لەبیری توێژەردا دروستدەبێت، یاخود بریتییە لە هەستکردن بەبوونی تێکچوونێک، کەموکورتی یان لاوازی، یان ناڕوونی لایەنێکی دیاریکراو، کەتوێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەبارەوەبکات(ئەبراس، ٢٠١٣: ٣٥١-٣٥٢). دوای ئەوەی توێژەر بڕیار لەسەر توێژینەوەی بابەتێکی دیاریکراو دەدات، ئەوا بەشێوەیەکی زانستی دەستدەکات بەداڕشتنی کێشەی توێژینەوەکەی(خەمەش، ٢٠١٢: ٣٨١).

بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بۆ توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بوارێکی گرنگ و لەپێشینەیە، بەتایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەم بەهاکۆمەڵایەتیانە لەڕێگەی خوێندنگەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆنەوەکانی داهاتوو، بۆ ئاشناکردن و ڕێنوێنیکردنی منداڵان بەو بەهاو کولتوورەی لە کۆمەڵگەدا هەیە بۆڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان.بەڕوانین بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت، تێبینی بە گۆڕانکاریی لە ڕووی پابەندبوون بە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەستپێدەکرێت، هەربۆیەش ئەم پرسە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە، بۆئەوەی ئەم بابەتە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕادەی پابەندی بەهای ڕاستگۆی و هاوکاریی لە خوێندنگەکان لە نێوان کوڕ و کچان؟

### 2. گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە:

1. خستنەڕووی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خوێندنگەکان.
2. دەرخستنی کەموکورتییەکانی کارکردن لەسەربەهاکۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگەکاندا.
3. بەسود و بایەخە بۆ خوێندنگەکان بۆ ئەوەی سود لەلایەنە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە وەربگرێت.

### 3. ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1. زانینی و خستنەڕووی بەها ی ڕاستگۆیی و هاوکاریی لەناو خوێندنگەکان
2. زانینی ڕادەی پابەندبوونی خوێندکارانی بنەڕەتی بە بەهای ڕاستگۆیی و هاوکاریی لە نێوان کوڕان و کچان.

### 4. میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی(مسح الاجتماعی) بەکارهاتووە، بۆزانینی ڕادەی پابەندی خوێندکاران بە بەهاکولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخوێندنگەکاندا، لەبەر ئەوەی سروشتی توێژینەوەکە دەخوازێت ئەم جۆرە میتۆدە بەکاربهێنرێت، ئەم جۆرە میتۆدە بڵاوترین جۆری ئەو میتۆدانەیە لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی و دیاریکردنی دۆخی هەنوکەی دیاردەیەکی دیاریکراو.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم خوێندنگەکانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، لەناوەندی قەزای هەڵەبجە.

نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، لە خوێندکارانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، (٢٩٤) خوێندکار وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لەوژمارەیە(١٢٦)دانەیان لەڕەگەزی نێرن، کەدەکاتە ڕێژەی لە(٤٢,٩٪)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها (١٦٨)دانەیان لەڕەگەزی مێن، کە دەکاتە ڕێژەی(٥٧,١٪)ی نموونەی توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەدا فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوازی مقیاس(پێوانە)، بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

### 5. ناساندنی چەمکەکان:

**یەکەم: بەها**

چەمکی بەها سەردەمانێک چەمکێکی ئابووری بووە، بەها بەواتای بەهای شتێک دێت، بەهادانانیش خەملاندنێکە بۆ بەهای ئەوشتە کەشایەنێتی. هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە پرسی بەها لە فەلسەفەی کۆندا بابەتی گفتوگۆ بووە، هەر یەک لە ئەفلاتون و ئەرستۆ لە ژێر ناونیشانەکانی، ماف، جوانی، چاکە، باسیان کردووە و بەستویانەتەوە بە پرسەکانی دادپەروەری، ئەخلاق و چاکە(فەزیلەت)، چێژ سود بەختەوەری(بینیت، ٢٠٠٥: ٥٤٧). زاراوەی بەها، لە زمانی عەرەبی(قیم) و بە زمانی ئینگلیزی(Value)( زیدان، ١٩٧٩: ٢٢٨). لەڕاستیدا چەمکی بەها تەنها تایبەت نیە بە زانستی کۆمەڵناسییەوە، بەڵکو زانستی ئابووری و زانستەکانی دیکەش بەکاری دێنن، هەربۆیە پێناسەی جیاوازی بۆکراوە.

بەها: ئەو بیرو باوەڕانەن کە تاک پابەندە پێیانەوە دەربارەی ئامرازەکان و ئامانجەکان و شێوازەکانی ڕەفتاری پەسەندکراو، بەو پێیەی پەیوەندییەکانی تاکەکانیش ڕێکدەخەن و ئاراستەی هەڵوێستەکان، ڕەفتارەکان، هەڵبژاردنەکان، ویست و هیواکان دەکات و کەسایەتی تاکەکان دیاریی دەکات و مانا بەبوونیان دەدات( نخبه من علماء العرب في علم الاجتماع، ٢٠١٠: ٦٦٠).

یاخود بەها بریتین لەو حوکمانەی لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەدەست دەهێنرێت، تاکەکان بڵاویدەکەنەوەو پەیرەوی لێدەکەن، بوارەکانی بیرکردنەوەو ڕەفتارەکان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر فێربوونیش دەبێت، ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزیی و پیاوەتی و مەیل و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی. لەگەڵ ئەوەشدا بەها هەموو ئەو بەهایانەن کە تاک لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بەدەستی دەهێنێت کە تێیدا دەژی، بەهاکان بەپێی کۆمەڵگەکان و تەنانەت لە نێو گروپە بچوکەکانیشدا جیاوازن(بدوی، ١٩٧٨: ٤٣٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین بەها: بریتیە لەو ڕێسا یاخود پێوەرانەی کە دیاریدەکەن لە کۆمەڵگادا چی شتێک دروستە وە چ شتێکیش دروست نییە. بەواتایەکی دیکە، بەهاکان پێوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین بۆ دادوەریکردن، تاکەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی کۆمەڵگە هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەهاکان بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە، کام ڕەفتارە پەسەندە و کام ڕەفتار پەسەندنەکراوە، چ ڕەفتارێک ئەخلاقییە و چ ڕەفتارێک نائەخلاقییە و دەبێت لێی دووربکەونەوە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین، بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە چەسپاندنی مەیل و ئاراستەکان لەلای تاکەکان دەگێڕن.

**دووەم کولتوور:**

وشەی کولتوور لەوشەی لاتینی (Culture)ەوە و لەفەرمانی(Coler)ەوە وەرگیراوە، لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزیشدا بە چەند واتایەکی جیاواز بەکار هاتووە، بەجۆرێک پەلو پۆی بۆچەند کایە و بوارێکی جیاواز هاوێشتووە(محەمەد، ٢٠٢٠: ٥٧) چەمکی کولتوور لە زمانی عەرەبیدا (الثقافة) و لە ئینگلیزیدا (Culture)( الجواهری، ٢٠١٠: ١٦٨) مێژووی چەمکی کولتوور بەو شێوازەی ئێستا بەکاردەهێنرێت، ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمی کلاسیك دەگەڕێتەوە، لە بنەڕەتدا بە مانای کشتوکاڵ یان پەروەردەکردن دەهات. چەمکی کولتوور لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧٥٠ و لە زمانی ئەڵمانیدا بەکارهێنراوە، بەڵام نەک بەو مانایەی ئێستا هەیەتی، بەڵکو ماناکەی لە نێوان کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنانی باشتردا بوو. - کولتوور بەمانای (دروێنە) یاخود بەرهەمی کرداری چاندنیش بەکارهاتووە، بەم شێوەیە گەرواتاکان بەدوای یەکدابهێنین: کێڵان______چاندن______دروێنەکردن(بەرهەم)، لێرەوە ئەوەمان بۆدروست دەبێت کە کولتوور ئاڕاستەیەکی هەڵکشانی هەیە، واتە سیفەتی(پێگەیشتن، کامڵبوون، کەڵەکەبوونی هەیە.

-ئەمە تا ئەو کاتە درێژەی هەبوو،( ئاشوری، ٢٠١٣: ١٣)، کە تایلۆر(Taylor) لە ساڵی ١٨٧١ بۆ یەکەمجار ئەم چەمکەی بەشێوەیەکی زانستی پێناسەکرد لە کتێبەکەیدا بەناوی (کولتووری سەرەتای)، ئەم ناساندنە بەپێی بۆچونی لویس دۆللۆ دەنگێکی زۆری دایەوە، هەر خودی ناونیشانەکە لای خوێنەر شۆکی دروستکرد، کە دوو دژە خودی لەخۆ دەگرت (کولتوور) و(سەرەتایی)بوون(ئەملیلاد، ٢٠١٢: ٣٨)، کە تاوەکوو ئێستا لەسەر کولتوور بەیەکێک لە هەرە پێناسە گرنگەکان دادەنرێت. تایلۆر پێیوایە، کولتوور: بریتیە لە هەموو ئەو گشتە ئاڵۆزە لە زانین و بیرو باوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاسا و دابونەریت پێکدێت، کە تاک وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەکەیدا بەدەستی دەهێنێت(ملحقة سعيدة الجهوية، ٢٠٠٩: ٣٨).

کولتوور: "یەکەیەکی تەواوە لەڕەفتاری فێرکراو، لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە"( الصالح، ١٩٩٩: ١٣٧).

یان کولتوور پێکهاتەیەکی هەمەکیە، کە لە کۆی هزرەکان، بیروباوەرەکان، نۆرمەکان، ئاڕاستەکان، بەهاکان، شێوازەکانی بیرکردنەوە، کارکردن و شێوازەکانی ڕەفتار پێکدێت(شحاتة، ٢٠٠٣: ١٦٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین کولتوور: بە ڕێبازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت، بەمەش بەرهەمی ئەو شتانە دەنوێنێت کە تاکەکانی کۆمەڵگا فێربیوون لە ڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوە یەکی دیکە دەگوازرێنەوە، کە هەریەک لە شێوازەکانی ژیانکردن و بیر و باوەڕوو هونەر و یاساو داب و نەریتەکان و ئاکار و هێماکان دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو خاوەنی واقعێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیەتی، لەوەوە کولتوورێکی دیاری کراویش ، کە هەلقولاوی واقعە کۆمەڵایەتییەکەیە سەر هەڵدەدات ، هەرچەندە بەهۆی جیهانگیرییەوە، تارادەیەکی زۆر لێکنزیکبوونەوەی کولتووریی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تاڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەکان بایەخ بەپاراستنی کولتووری تایبەت بەخۆیان دەدەن، لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە، بەتایبەتیش لەڕێگەی خوێندنگەکانەوە.

**سێیەم بەهای کۆمەڵایەتی:**

بەهای کۆمەڵایەتی لەدەرئەنجامی کارلێکی نێوان تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوە و لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند کراوە، مرۆڤ لەیەکەم ساتی لەدایکبوونیەوە وەکو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێک ڕێسا ویاسا دەبێتەوە، کە بەهاکۆمەڵایەتییەکان بنەمای دروست بوونی ئەم یاساو ڕێسایانەن. مرۆڤ وەک تاکێک بەتەنها پێویستی بەخۆگونجاندن نییە، بەڵکو لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا پێویستی بەخۆگونجاندن هەیە. لەم ڕوانگەو ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن، لەهەمان کاتدا ڕێکخەری پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگەشن(BÜYÜKSAKALLI, 2019: 42).

بەهای کۆمەڵایەتی: ئەو سیفەتانەیە ئارەزووی لەسەرەو دیاریکراوەو شێوازی سیفەتی گشتی بۆ هەموو تاکەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها دەبێتە ئاڕاستەکەری ڕەوشت یان دەبێتە ئامانجێک بۆیان(بدوی، ١٩٧٨: ٣٩٨).

بەهای کۆمەڵایەتی: تایبەتمەندیی دیاریکراوی کولتوورە، کە شێوازی گشتییەتی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، دەبێتە ئاڕاستەکەری ڕەوشت یان ئامانج بۆیان(الصالح، ١٩٩٩: ٥٠٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین بەهای کۆمەڵایەتی: بریتیە لەکۆمەڵێک پێوەر و یاسای دیاریکراو کە لەناو کۆمەڵگەدا بەهایان پێدراوە و وەک پێوەرێک بەکاردەهێنرێن بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان لە نموونەی بەهاکانی(ڕاستگۆیی، هاوکاریی، پاکوخاوێنی ژینگەیی)کە لەکۆمەڵگای کوردیدا بەهایان هەیە، دەمانەوێت بزانین هەتاچەند گرنگی بەم بەهایانە دەدرێت لەپلان و پرۆگرامی خوێندنگە بنەڕەتییەکانی هەڵەبجەدا.

بەهاکان کاتێک دەبن بەدیاردە لەنێو کۆمەڵگەکاندا، ئیدی دەبن بەبەشێک لەکولتووریی کۆمەڵگە.

**چوارەم خوێندنگە:**

بەشێوەیەکی گشتی خوێندنگە بەزمانی لاتینی بە (skhole)یان(scola)هاتووە کە بەمانای کاتی بەتاڵ دێت(ÖZENİR, 2019: 10)، لەسەردەمی یۆنانی کۆندا خوێندنگە بەو شوێنە وتراوە، کە کوڕان و کچانی گەنج ڕۆشتوون زانست و زانیارییان لە فەیلەسوفان و زانایانی ئەو سەردەمە، وەرگرتووە. ئەو شوێنەی تێیدا کۆدەبوونەوە گرنگی بەلایەنی ڕۆحی دەدرا و گفتوگۆ لەسەر شێوازەکانی ژیان و لایەنە جیاوازەکانی کولتوور دەکرا(Uzunöz, 2016: 343).

دامەزراوەی خوێندنگە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو ماددە خامەی کە ئیشی لەسەر دەکات، خودی مرۆڤە(ARSLAN, 2020: 2).

لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، خوێندنگە هەم دامەزراوەیە هەم ئیدارەیەکی پەروەردەییە، ئەو شوێنەیە، کە وێنای داهاتووی کۆمەڵگا یاخود دەوڵەت دەکات، خوێندکاران بەدامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت ئاشنا دەکات(Polat, 2022: 21-22).

خوێندنگە: بریتیە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز کە تێیدا لەڕێگەی پلان و پرۆگرامی تایبەتەوە وەڵامی پێویستی و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە دەداتەوە(Aslan, 2014: 12).

(بلعيد جومعە) پێناسەی بەو بەشە لەنەسەقی کۆمەڵایەتی دەکات، کە وێنای هەموو کۆمەڵگا دەکات، کۆمەڵگا دروستی کردووە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە ڕێگەی بەرپرسیارێتی بۆ هەستان بە پەروەردە و پێگەیاندن و ئامادەکردنی زانیاریی و ئاڕاستەکان و بەهاکان بۆ ژیان، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک لە مامۆستا کە پابەندکراون بەپرۆگرامێکی پلان بۆ داڕێژراو(صالح، ٢٠١٩: ١٣).

خوێندگەی بنەڕتی: بەپێی بەندی دووەمی بڕیاری ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٠) لە ڕێکەوتی٢٠٠٩/١/٢١ سیستمی نوێی وەزارەتی

پەروەردە بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکان دیاری کرا و بەمشێوە پێناسەی خوێندنگەی بنەڕەتی کراوە کە " خوێندنگەی بنەڕەتی بەپێی ئەم سیستمە نوێیە کاردەکات، بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی کوردستان هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە (٩)ساڵی خوێندنی تەوژیی(پابەندبوون) بتوانن کەسایەتی خۆیان دروست بکەن و گەشە بەلایەنی هزری و جەستەیی و گیانی و ڕەفتاریی خۆیان بدەن و ببنە هاوڵاتییەکی لەشساغ و دەرون پاک و مێشک کراوە لەپێناو ئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنیان لەگەشەسەندنی کۆمەڵگەدا هەبێت"( لیژنەی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩: ٤).

کەواتە دەتوانین بڵێین خوێندنگە: دامەزراوەیەکی فەرمییە لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە، ئەرکی پەروەردەیی و فێربوونی لە ڕێگەی پلان و پرۆگرامی دیاری کراوەوە تێدا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە گواستنەوەی ئەو بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییە باوانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە بۆنەوەکانی داهاتوو بەشدار دەبێت.

هەر کۆمەڵگەیەک چەندین بەهایی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم بەهایانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن، جگە لە خێزان، خوێندنگە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە گواستنەوەی ئەم بەها کۆمەڵایەتیانە بە نەوەکانی داهاتوو، مەبەستمان لەخوێندنگە لەم توێژینەوەیەدا، خوێندنگە بنەڕەتییە حکومییەکانی شاری هەڵەبجەیە.

## 6. بەها کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەکانیان

### 1.6 بەها کۆمەڵایەتییەکان

لەدیاریکردنی مانای بەهادا نارونی بەرچاودەبین لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بەهاکاندا. ئەم نا ڕوونیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێناسەکردنی بەهاکان، لەلایەک لەڕوانگەی فەلسەفییەوە بەمانای چاکە، فەزیلەت و جوانی بەکارهێنراوە، زانستە ڕەفتارییەکان وەک ڕێکخستنی دەروونی لە سەیری بەهاکان دەڕوانن و زانستی ئابووریش دیدگایەکی ئابوورییانەی بە زاراوەی بەهاکان بەخشیوە(خروف، ١٩٩٨: ١٤٦).

بەها بایەخ و نرخ یان گرنگی و ڕێزە، کە مرۆڤ بە کەسێک یان شتێک یان کردارێکی دەدات، پەیوەندی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان و هێنانەدی ئامانجەکانەوە هەیە، بەها لەگەڵ ئەزموون و بۆچون جیاوازی هەیە، چونکە بەهاکان پەیمان و پابەندبوونی زیاتر بۆ تاکەکان دروستدەکات. بەهاکان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ژیان پەیوەندی پەیدادەکەن، تێڕوانین و ڕەفتاری جیاواز بەدیدێنن(پارسا، ٢٠٢١: ٢٥٢). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بەهاکانیەتی، کە بەپێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگە و کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت، بەهاکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر ئاکار، ئاراستە و پەیوەندییەکانی تاکە لەنێو کۆمەڵگەدا و لەهەموو کۆمەڵگەیەکیشدا گرنگی تایبەتی پێدەدرێت. ناوەندە پەروەردەییەکان، خێزان و کۆمەڵگە بەرپرسن لە ئاشناکردن و ڕاهێنان و فێرکردنی تاکەکان بەو بەها باوانە، بەو پێیەی بەهاکان چەمکێکی بنەڕەتین، بۆ پێوانەکردنی چالاکیەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی بەهاکان بەگشتی بەتایبەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەپێشخستنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن(حمە، ٢٠٢٢: ٤٧). بەهاکان زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتوون ڕێزیان لێدەگیرێت، ئەوان ئارەزویان لەبەردەوامبوون و میرات بوونی هەیە، هەرچەندە پلەی قبوڵکردن لە بەهاکان جیاوازە(رشوان، ٢٠١٢: ١٥٦).

هەروەها بەهاکان لە گرنگترین پێکهاتەکانی کولتوورن و پێوەر و دابونەریتەکان لێیەوە وەرگیراوە، یاخود ئەو باوەڕانەن ڕەفتارێک لەڕەفتارێکی تر جیادەکەنەوە، وەک جیاکردنەوەی ڕاستگۆیی لە ناڕاستی، بوێری لە ترسنۆکی، بەخشندەیی لە دەسگرتنەو(نخبە من علماء العرب فی علم الاجتماع، ٢٠١٠: ٦٦٠). بەهاکان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕێنمایی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن چ ئاسایی بێت یان لادان، لەم ڕوانگەوە سیستمی بەهاکان لە بونیادنانی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ئەو کارلێکانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. ڕەفتاری تاکەکان لەلایەن کولتوور و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێنمای دەکرێن، هەربۆیە تاکو کولتوور و بەهاکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرترین لە کۆنترۆڵکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە زیاتر جێگرتر دەبێت(الدین، ٢٠١٧-٢٠١٨: ١١٣). بەهاکان لە ڕێگەی بۆماوەیی بایۆلۆجی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ناگوازرێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت، کە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، خوێندنگە، ڕێکخراوەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی تێدا دەکەن. منداڵی گونجاوترین قۆناغە بۆ وەرگرتنی بەهاکان، چونکە بە قۆناغی پێکهێنان و بونیادنانی کەسایەتیی تاک دادەنرێت و بنەماکانی کەسایەتی تاک و ڕووخسارەکانی داهاتووی تێدا ڕەنگدەداتەوە(پەتی،٢٠٢٤: ١٧).

کولتووری هە رکۆمەڵگەیەکی مرۆیی کۆمەڵێک پێکهاتەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە سروشتی ئەم کولتووره و سیما گشتییەکەی دیاریدەکەن، ئەم توخمە کولتوورییانە سەقامگیریی کاتییان هەیە و بەپێی بارودۆخەکان کە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە دووچاری گۆڕان دەبن، بەڵام لەنێو ئەم توخمەکولتوورییانە هەندێک توخمی کولتووری هەیە کۆمەڵگە ناتوانێت دەستبەرداری بێت، وەک بیروباوەڕی ئاینی، زمانی نەتەوەیی، بەها ئەخلاقییە باڵاکان... . ئەو توخمە کولتوورییانەشی دووچاری گۆڕان دەبن وەک شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و شێوازی ڕەفتاریان (طه، ٢٠٠٧: ٣٨). بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرنگی خۆیان هەیە، چونکە تاکەکان پێویستییان بە سیستمێکی بەهایی هەیە، کە لەڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا بکات. ئەم سیستمە بەهاییە ئاراستەکەری ڕەفتار و هێزی چالاکی و ڕێکخەری پاڵنەرەکانیانە(پەتی، ٢٠٢٤: ١١).هەروەها ڕێگەمان پێدەدات بزانین چاوەڕوانی چی لەکەسانی دیکە بکەین و ئەوانیش دەتوانن چاوەڕوانی چیمان لێ بکەن(Hughes, 2005: 44). لەم ڕوانگەوە پارسۆنز پێی وایە، بەهاکان دیاردەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتین، کە لە شێوەی ڕەفتار و هێماکان پێکدێت، هەروەها وای دەبینێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کرداری کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە، چونکە ئەو بەهاو پێوەرانە لایەنی فیزیکی کار و کرداری تاک نیشاندەدەن، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتای لە دایکبونییەوە بونەوەرێکی ڕەفتارییە. هەروەها پارسۆنز جەخت لەوە دەکاتەوە بەهاکان دەبنە هۆی دیاریکردنی کرداری کۆمەڵایەتی، چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەشی خۆی لە سێ ڕۆڵدا دەبینێتەوە، پێکدێت لە ڕۆڵی بکەر، ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژی و ڕۆڵی ئاراستەکان، واتە پارسۆنز لە ڕێگەی هزر و بیری مرۆڤەکانەوە دەڕوانێتە ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش پێوەر و بەهاکان، هەر بۆیە پێیوایە پێوەرەکان، بنەما کۆمەڵایەتییە قبوڵکراوەکانن، کە مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەسەر کردارەکانی بەکاریان دەهێنێت(رؤوف، ٢٠٢٣: ٢٨). سورۆکین ڕونیدەکاتەوە بەهاکان لە بنچینەی هەموو سیستم و ڕەوتە کۆمەڵێیەتییەکاندان، بۆیە دەبێت کۆمەڵناسی وەک ئەرکی سەرەکی خۆی لێکۆڵینەوە لە بەهاکان بێت(بیومی، ١٩٨١: ٢٢٥).

### 2.6 سەرچاوەی بەهاکان:

**١- ئاین:**

یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، کە لە ڕێگەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانییەوە کاریۆ فێرکردنی بەها و بنەماکانی پەیوەست بە ئاینەکەوە دەکات. هەموو ئایینێک بنەما یان سیستمی بەهای تایبەت بەخۆی هەیە کە کاریان

لەسەردەکات. زۆرێک لە زانایان پەیوەندی نێوان ئایین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان لە پەیوەندیدا بە ڕەفتار و کردارەکانی تاکەکانەوە بە بەهای ئاینی شیکار کردووە، وەک: دورکهایم و ڤیبەر(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٠).

**٢- خێزان:**

بە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان تاکەکان دادەنرێت، کە دوو نەوەی یەک لە دوای یەک پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بە پەروەردەکردنی منداڵی هەر نەوەیەک لەسەر بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی نەوەی پێشوو. خێزان بۆ پێکهێنانی کەسایەتی تاک و پەروەردەکردنی لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و ڕۆحییەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دیکە بەهاکان دەگوازێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین جەخت لەسەر ڕۆڵی خێزان بکەینەوە وەک نێوەندگیرێکی گرنگی نێوان کولتوور و تاک، کە لە ڕێگەیەوە بەهاکان لە ڕۆحی منداڵاندا دەچێنرێن(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٠).

**٣- پەروەردە:**

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی چاندنی بەها کۆمەڵایەتیە ئەرێنییەکان لە ناخی تاکەکاندا دەگێڕێت، بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی خوێندەوار، ڕۆشنبیر، شارەزای پیشەیی، ڕێزگرتن لە یاسا، و تەرخانکراو بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی. خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی فەرمی، ئەرکی پەروەردە و گواستنەوەی کولتووری پێشکەوتوو و هەڵدەگرێت، هەروەها هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی و سۆزداریی و کۆمەڵایەتی منداڵ دابین دەکات. هەروەها گرنگی بە فێربوونی زیاتری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان دەدات(محمد، ٢٠٢٢: ٣٢٧). خوێندنگە نوێنەرایەتی هەوڵێکی فەرمی و هۆشیارانە دەکات لەلایەن کۆمەڵگاوە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پرۆگرام و چالاکییە هاوبەشەکانی خوێندنگەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها خوێندنگە لە ڕێگەی هەڵوێستی مامۆستایان و ئەو بەهایانەی کە دەیگوازنەوە بۆ منداڵ دەرفەتی هاوڕێیەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەنجان دروست دەکات.( محمد، ٢٠٢٢: ٣٢٩)، پەیوەندی نێوان پەروەردە و باها پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە، هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات، بەبێ پەروەردە چاندنی بەهاکان لای تاکەکان قورس دەبێت، بەبێ بەهاکانیش پەروەردە گرنگی و سودی لاواز دەبێت(محمد، ٢٠١٦: ٦٠) لەم ڕوانگەیەوە تالکۆت پارسۆنز لە پەروەردەکردنی تاکەکاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی زانکۆ دەکاتەوە، پێی وایە ڕۆڵی زانکۆ لە ڕۆڵی خێزان و خوێندنگە کەمترنییە، بەڵکو تەواوکەری بەدەست هێنانی بەهاکانە. لەڕوانگەی ئەمدا زانکۆ نوێنەرایەتی ئەوچینە خوێندەوارە دەکات کە بۆ بەردەوامبوونی شارستانیەت و کولتووری خێرای گەشەکردن و بەردەوامبوونی گەشەسەندنی کۆمەڵگە پشتی پێدەبەسترێت(ئیسماعیل، ٢٠٢٢: ٢٤-٢٥).

**٤- میدیا:**

بەگشتی ئەو میدیایانەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ گوێدانە تەمەن، منداڵ یان گەنج کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوون و دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن. لەگەڵ ئەوەشدا میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەکردنی و پێکهێنانی کەسایەتییان و دابینکردنی ئەزموون و زانیاری ئەندامانی کۆمەڵگە دەگێڕن. میدیاکان زۆرن و جۆراوجۆرن، لەوانە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان... . هەربۆیە کاریگەریی هەر یەکێک لەم ئامرازانە لەسەر ئاستی کوالیتی و ناوەڕۆکەکەی بەندە. میدیاکان بەگشتی ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە گەیاندنی پەیامێک، بیرۆکەیەک و زانیارییەک، جا چ بیسترا‌و بێت یان بینراو یاخود نووسراو بێت(بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١١). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا میدیاکان بەسەرچاوەیەکی گرنگی بەهاکان دادەنرێت، بەوپێیەی خەڵکی بەگشتی تەمەن و ڕەگەزی جیاواز کاریگەریی دەکاتە سەریان هاوکات ئامرازێکی گرنگ بۆ پەروەردەی بەردەوام و پێشکەوتنی کولتووری کۆمەڵگەکان دادەنرێت(عامر، ٢٠١٩: ١٠).

**٥- کولتوور:**

بەهاکان بە یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کولتوور دادەنرێت، بەو پێیەی کولتوور بە گوتەی تایلۆر، دەفریکە کە هەموو شتێکی ماددیی و مەعنەوی لەخۆدەگرێت. جگە لەوەش زانین بە مانا فراوانی و پانتاییەکەیەوە دەگرێتەوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەهاکانە. "حەلیم بەرەکات" پشتڕاستی دەکاتەوە کە بەهاکان یەکێکن لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کولتوور بە وتەی خۆی: "هەموو کۆمەڵگایەک بە کولتووری خۆی جیا دەکرێتەوە"( بوفرعة، ٢٠٢٤: ٣١٢)

**٦-گروپی هاوڕێیان:**

گرنگی گروپی هاوڕێیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە گشتی مرۆڤ و بە تایبەت منداڵ بەردەوام هەوڵی لاسایکردنەوە دەدات. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ بەهاو ڕەفتارەکان وەردەگرێت و لاساییان دەکاتەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ دینامیکی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوانیان و ئاڵوگۆڕی قسەکردن و گفتوگۆ دەگەڕێتەوە. هەربۆیە هاوڕێ بە یەکێک لەسەرچاوەکانی داڕشتن و گۆڕینی بەهای تاکەکان دادەنرێت، بەوپێیەی مرۆڤ بەسروشتی خۆیان بەهاو هەڵوێستی ئەو تاکانە دەگرێتەبەر کە یاوەرییان دەکەن، بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەکاریدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەرزەکار لەڕێگەی هاوڕێکانییەوە خودی خۆی بەدەست دەهێنێت و بەهاو بنەماکانیان وەردەگرێت(ئیسماعیل، ٢٠٢٢: ٢٥).

**3.6 سیمای بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی:**

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کوردی، خاوەنی سیستمێکی بەهای تایبەت بەخۆی هەیە هەر بەوەش لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. ئەم سیستمەش لەنێو خۆیدا کۆمەڵێک لە بەهای بەربڵاو ناسراوو دانپێدانراو کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە لە خۆگرتووە. گرنگترین ئەو بەهایانەش بریتین لە بەهای (هاوکاری، ڕێزگرتن، متمانە، ئەمانەت پارێزیی، بەزەیی، چاکە، دەسکراوەیی، شەرەف...). ئەو بەهایانەی کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزەوە و گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هەیە. ئەم بەهایانە بوونەتە هۆی زیاتر ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا(محمدامین، ٢٠١٧؛ ٣٧). لەڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناس(ڕیچ)ەوە کوردەکان زۆر کۆمەڵایەتین، کۆمەڵگەی کوردی ڕێز لەبەساڵاچوان دەگرن، هەربۆیە ڕیچ ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە سەردانی کوردستان دەکەن ڕێز لە بەساڵاچوان بگرن. هەروەها (ئیدمۆند) پێی وایە کوردەکان زۆر ڕیز لە بەرامبەرەکانیان دەگرن و لە کاتی پێشکەشکردنی پێداویستیەکانیان بەڕێزو بە ئەدەبەوە پێشکەشی دەکەن(سندی، ٢٠٠٢: ٣٤-٣٥)

یەکێکی دیکە لە لەو بەهایانەی کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە بریتییە لە گرنگیدان بە ڕێزگرتن لەنێو خێزاندا. (میجەرسۆن) یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە ئاماژە بەوە دەکات لە نێو خێزانی کوردیدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای(ڕێز و خۆشەویستی) دامەزراوە و بەو ڕۆحیەتە پێکەوەییەوە ڕوبەڕوی ئاستەنگەکان

دەبنەوە. بەپێچەوانەی نەتەوەکانی ترەوە کوردەکان زۆر ڕێز لە ژنان دەگرن(عوسمان، ٢٠٢٢: ٨٧). بەهای ڕێزگرتن و بە تایبەت بەهای ڕێزگرتنی گەورە و بچوک، کە ئەم ڕێزگرتنە لە ناو ژیانی کۆچەریی، گوند و شارەکانیشدا بڵاوە. بچوک ڕێز بۆ گەورەدا دادەنێت و لە بەرامبەر ئەوەشدا گەورەکان سۆزیان بۆیان دەبێت و بەردەوام ئامۆژگارییان دەکەن(کریم، ٢٠٢٤: ٣٠٨)، زۆرێك لەڕۆژهەڵاتناسەکانی وەك(بیندەر، سۆن، میلیکن، مینۆرسکی، کریستوف،...) لەباسی سیفاتە کۆمەڵایەتیی و کەسێتییەکانی تاکی کوردیان کردووە ئاماژەیان بەم سیفاتانەکردووە لەکۆمەڵگەی کوردی و تاکی کورد دا(ئازایەتی، تۆڵەسێن، خۆڕاگرن، پابەندی پەیوەندی خێڵەکین،

پارێزکارن لەڕوی دابونەریت، میواندۆستن، کراوەن، خۆشەویستیان بۆخاك و نیشتیمان زۆرە، زۆرڕێز لەخێزانەکانیان دەگرن، خاوەنی بەڵێنن...)( فەرەج، ٢٠٢٤: ٧٢).

رۆڵی خوێندنگە لە گواستنەوەی بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان

خوێندنگە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمییە و ئەرکی پەروەردەیی و گواستنەوەی کولتووری پێشکەوتوو ئەنجام دەدات. کۆمەڵگەش ئەم دەزگایە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دروست دەکات(بابان، ٢٠٢١: ١٨٢). خوێندنگە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا هەیە، چونکە خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمیی، کە ئەرکی پەروەردەیە، بۆ چەسپاندن و قوڵکردنەوەی ئەزمونەکانی کۆمەڵگە و کولتوورەکەی لە ڕۆحی منداڵاندا، بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگە دەیەوێت و بەدوایدا دەگەڕێت، کار دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای بەهاو دابونەریتی خۆی هاوتەریب لەگەڵ فەلسەفەی ژیانی خۆی. خوێندنگە بەم مانایە ئامرازی کۆمەڵگەیە بۆپەروەردەکردنی منداڵان و خوێندکاران و دابینکردنی بەها و ڕەوتی مەعریفە و زانستە جۆراوجۆرەکان بۆیان، کە لەگەڵ ئاستی تەمەنە جیاوازەکانیاندا بگونجێت، ئەمەش بەمەرجێک پرۆگرامی خوێندنگەکە لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بمێنێتەوە و لە گۆڕانکاریدا بێت، ئەمەش بۆئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە بگونجێت، چونکە ژیان لەنوێبونەوەی بەردەوامدایە. لێرەوە پێویستە خوێندنگە لە سنورێکی دیاریکراودا نەوەستێت لە پەروەردەکردن و فێرکردنی بەهاکان یان زانستێک، چونکە بەردەوام گەشەدەکەن و دەگۆڕێن(الکعبی، ٢٠١٨: ٣٣٢-٣٣٣). لە بنەڕەتدا خوێندنگە ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو دایمەزراندووە، وەک ئەرکی پاراستنی ژیانی کۆمەڵگە و دابینکردنکی ژیانی خۆشگوزەرانی بەردەوامی گەشەسەندوو(دیوی، ١٩٦٦: ٢٥)

بەهاکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن. سیستمی بەهاکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا وامان لێ دەکات بەهاکان بەرەو کاریگەری ئەرێنی زیاتر برەو پێبدەین. ڕێزگرتن، هاوکاری، خۆشەویستی و ئاشتی هەموویان بەها ئەرێنیەکانن، کە پێویستە لە نێوان گەنجاندا بەهێزبکرێن و پابەندبن پێیانەوە. هەروەها بەهاکانی بێ ڕێزیی و خۆپەرستی و شەڕانگێزیی بەهای نەرێنین، هەربۆیە دەبێت لە کولتووری خوێندکاران دوربخرێنەوە، چونکە ئەمانە لەداهاتوودا دەبن بە تاکی چالاکی لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە خوێندنگە ڕۆڵێکی جەوهەریی لە چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی گەنجاندا هەیە. ئەم ڕۆڵەش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی چالاکییەکانی خوێندنگە و مامۆستایان و مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی هاوڕێیان، ئەمەش ڕێگە بە تاک دەدات پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتربکات و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێگەشتنی کەسایەتییەکەی و سەقامگیرکردنی ڕەفتارەکانی(هیاق، ٢٠٢٢: ٩٠).

خوێندنگە بە پرۆگرامی پەروەردەیی و ڕێبازە پێداگۆجییەکانییەوە بۆ پاککردنەوە و ئەقڵانیکردنی بەهاکان کاردەکات، لە ڕێگەی پاراستن و بەهێزکردنی بەها ئەرێنییەکان و سڕینەوەی ئەو بەهایانەی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیماندا ناگونجێت، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەنگە گەورەکانی جیهانگیریی و هێرشی کولتووریی، کە لە ئەنجامدا دروست دەبێت. هەربۆیە خوێندنگەکان وەك قەڵایەک دادەنرێن لە بەرامبەر هەر هەوڵێکدا بۆ تێکدانیشوناسی نەتەوەییدا. لەم ڕوانگەوە سیستمی پەروەردە لە دامەزراندنی توخمە کولتوورییە هاوبەشەکان و گەشەسەندیان، کە ئاسۆ بۆهەمەجۆریی تاکەکەسی و دەستەجەمعی ڕیزگرتن لە جیاوازییەکان و دیدگاکان، کە ئامرازیکە بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بەرپرسیارییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە(هیاق، ٢٠٢٢: ٩١)

شیکاری تیۆری بونیادی ئەرکەگەرایی بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان

تیۆری بونیادیی ئەرکەگەرایی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆرییە بریتیین لە (هێربرت سپنسەر، تالکۆت پارسۆنز، میرتۆن، هانز کێرس و رایت میڵز)( حەسەن، ٢٠١٢: ٦٨). تیۆری بونیادی ئەرکەگەرایی باوەڕی وایە کە کۆمەڵگە یاخود گروپ یاخود دامەزراوە بونیادێکیان هەیە،کە ئەو بونیادەش لە چەند بەشێك پێکدێت، هەر بەشێک ئەرکێکی هەیە، ئەرکی هەر بەشێکیش تەواوکەری ئەرکی بەشەکانی دیکەیە، کە بۆ بەردەوامبوون و دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەیی پلانی بۆدانراوە یارمەتی سیستم دەدات (حەسەن، ٢٠١٢: ٧١)

وەك چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکان پێکدێت، هەر دامەزراوەیەکیش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. دامەزراوەی پەروەردەیش، وەك هەردامەزراوەیەکی دیکە دەتوانرێت شیکار بۆ توخمە سەرەتاییەکانی بکرێت، ئەم توخمانەش لە ڕۆڵی سەرکردایەتی و ناوەڕاست(مام ناوەند) و بنەڕەتی پێکدێت- ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەمانە ئەو ڕۆڵانەن کەلوتکەی هەرەمی دامەزراوەکە داگیر دەکەن وەك بەڕێوبەری خوێندنگە، هەرچی ڕۆڵ مام ناوەندەکانیشە، ئەو ڕۆڵانەن کە دەکەونە نێوان ڕۆڵی سەرکردایەتی و بنەڕەتی

وەک ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکار، هەروەها ڕۆڵە بنەڕەتییەکان ئەو ڕۆڵانەن دەکەونە خوارەوەی هەرەمی دامەزراوەکە.-هەریەک لەم ڕۆڵانە ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەلایەن دامەزراوەکەوە بۆی دیاریکراوە. هەر یەک لە ڕۆڵەکان ئەرکێك ئەنجامدەدەن و مافی ڕۆڵەکەش دیاریدەکەن، جا چ ماددیی یاخود مەعنەویی.

شیکاری بونیادی ئەرکگەرایەتی بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان، ئەو بیرۆکە لەخۆ دەگرێت کە هەر دامەزراوەیەك لە چەند بەشێك پێکدێت، هەربەشێك ئەرك و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەپێی یاسای نوسراو یاخود دانپێدانراوی دامەزراوەکە، دیاریکراوە.( الحسن، ٢٠٠٥: ٦٩) هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەی پەروەردە ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە گرنگییەکەی بە یاسای نوسراو یان نەنوسراوی خوێندنگە پشتڕاست دەکرێتەوە. بەڕێوبەر یاخود مامۆستا یاخود خوێندکار، ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، ئەرکەکانی مامۆستا جیاوازە لە ئەرکەکانی بەڕێوبەر و خوێندکار. سەرەڕای جیاوازیی و نایەکسانی لە نێوان ئەرکەکانی بەڕێوبەر، مامۆستا و خوێندکاردا، پلەیەك لە یەککگرتن لە نێوان ئەرکەکانی ئەم ڕۆڵانە هەیە، بەوپێیەی ئەرکەکانی خوێندکار تەاوکەری ئەرکەکانی مامۆستایانن و ئەرکەکانی بەڕێوبەر تەواوکاری ئەرکەکانی خوێندکارانن، بەڵام ئەم تەواوکارییە هیچ کات بەمانای ئەوە نایەت کە مامۆستا بتوانێت ئەرکەکانی خوێندکار لە ئەستۆ بگرێت و خوێندکار بتوانیت ئەرکەکانی مامۆستا یاخود بەڕێوبەر لەئەستۆ بگرێت، چونکە هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتی ئەرک و گرنگی خۆی هەیە، کە بەیاسای دامەزراوە پەروەردەییەکان دیاریکراوە(الحسن، ٢٠٠٥: ٧٦).

به پێی تێڕوانینی بونیادی ئەرکگەرایەتی، شێوازی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا هەیە، فۆرمە جیاوازەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان سیمای کۆمەڵایەتی جیاواز بە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەبەخشن، کە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتن یان شکستی. هەربۆیە گەرسروشتی پەیوەندییە هاوکاریی و کێبرکێییەکان لە دامەزراوەی پەروەردەیدا بپشکنین، بۆمان دەردەکەوێت، هاوکاریی دەبێتە هۆی گەشەکردنی دامەزراوەکە و کاریگەرییەکانی زیاد دەکات، توانای گەشتن بەئامانجەکانی زیاد دەکات، هاوکاریی نێوان مامۆستا و خوێندکاران لە خوێندنگەدا لە کاتی ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکاندا پەیوەندیی نێوانیان بەهێز دەکات. ئەمەش هانی مامۆستایان دەدات بۆئەوەی بەباشی وانە بڵێنەوە و خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زانستی و پەروەردەیی تەرخان بکەن. بە کێبرکێش بەسەر دووجۆردا دابەش دەبێت، کێبرکێی بونیادنەرانە و کێبرکێی تێکدەر، کێبرکێی بونیادنەرانە لە نێوان مامۆستا و خوێندکار زۆرجار دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاستی بەخشین، کە مامۆستا پێشکەشی خوێندکارانی دەکات، هەروەها زیادکردنی هەوڵ و کۆششی خوێندکاران بۆ ئەنجامەکانیان. بەڵام کێبرکێی وێرانکەردەبێتە هۆی ناکۆکیی و وێرانکاریی لە کاری دامەزراوەکە ڕێگریی لە پێشکەوتن و کاری دامەزراوەکە دەکات، هەروەها ڕێگریی لە گەیشتن بە ئامانجی دامەزراوەکەش دەکات (الحسن، ٢٠٠٥: ٧٣-٧٤).

## لایەنی مەیدانی:

لەم توێژینەوەیە بە وەرگرتنی تەنها ٢ جۆری بەها، کارکراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو خشتە و ئەنجامانەی پەیوەندارە بە بەهای ڕاستگۆی و هاوکاری خوێندکاران لە خوێندگەکانی هەڵەبجەدا. نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، لە خوێندکارانی پۆلی(نۆی بنەڕەتی)، ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، ئامرازی فۆڕمی پێوانە بەکار هاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی شاری هەڵەبجە. نموونەی توێژینەوەکەش(٢٩٤) خوێندکارە، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، کە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون لە کۆی(١٢٤٢)خوێندکار.

(٢٩٤) خوێندکار وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لەو ژمارەیە(١٢٦)دانەیان لەڕەگەزی نێرن، کەدەکاتە ڕێژەی لە(٪٤٢,٩)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها (١٦٨)دانەیان لەڕەگەزی مێن، کە دەکاتە ڕێژەی(٪٥٧,١)ی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١)**

**ڕێزگرتن لەو هاوڕێیانەی ئاینیان جیاوازە**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە خوێندنگە ڕێز لەو هاوڕێیانەم دەگرم ئاینییان جیاوازە | 2.26 | 1.24 | 1.55 | 0.88 | 5.64 | 0.001 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێزگرتن لەو هاوڕێیانەی ئاینیان جیاوازە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٢٦)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٥٥). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر ڕێز لەو هاوڕێیانەیان دەگرن، کە ئاینیان جیاوازە لە خوێندنگەکان.

**خشتەی (٢)**

**هاوکاری کردنی ئەو هاوڕێیانەی نەتەوەیان جیاوازە**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە خوێندنگەکەم هاوکاری ئەو هاوڕێیانەم دەکەم لەنەتەوەی دیکەن | 2.45 | 1.10 | 1.87 | 1.07 | 4.49 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە هاوکاریکردن لەو هاوڕێیانەی نەتەوەیان جیاوازە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٤٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٨٧). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر هاوکاری ئەو هاوڕێیانەیان دەکەن، کە نەتەوەیان جیاوازە لە خوێندنگەکان.

**خشتەی ژمارە(٣)**

**ڕێزلێنان لە بەرامبەر هاوکاریکردن**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ڕێزلێنانم بۆنەکراوە لە بەرامبەر هاوکاریکردنی هاوڕێیەکی خاوەن پێداویستی تایبەت | 3.11 | 1.24 | 3.00 | 1.34 | 0.68 | 0.48 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێزلێنان لەلایەن خوێندنگەوە بۆ ئەوکەسانەی هاوکاری هاوڕێکانیان دەکەن(ئەو هاوڕێیانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن)، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتیەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٣,١١)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(٣,٠٠)

**خشتەی ژمارە(٤)**
**وانەی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان و فێربوونی ڕێزگرتن**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لە بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە فێری ڕێزگرتنی بەرامبەر بووم | 2.75 | 1.37 | 2.00 | 1.17 | 5.01 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە لەوەرگرتنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەوانەی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتییەکان، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٧٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(٢,٠٠). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر بەهاکانیان وەرگرتووە لەو وانەیەوە بە بەراورد بەڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە(٥)**
**ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێکانمان**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێکانمان ڕێنماییمان دەکەن | 2.29 | 1.39 | 1.44 | 0.57 | 7.10 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، لە ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لەهاوڕێکان، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتییەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,٢٩)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٤٤). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر پابەندن بەوەرگرتنی ڕێنماییەکانی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا.

**خشتەی ژمارە(٦)**
**ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێنماییمان دەکەن | 2.15 | 1.40 | 1.43 | 0.67 | 5.88 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، ، لە ڕێنمای مامۆستایان بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتییەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,١٥)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٤٣). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر پابەندن بەوەرگرتنی ڕێنماییەکانی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا.

**خشتەی ژمارە(٧)**
**هاوکاری کردنی هاوڕێیان لەکاتی بوونی کێشەیەك**

| تەوەر | نێر | | مێ | | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ئامادەم هاوکاری هاوڕێکەم بکەم گەر کێشەیەکی هەبوو | 2.19 | 1.51 | 1.29 | 0.61 | 7.04 | 0.01 |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی نموونەکانی توێژینەوە، ، لە ئامادەبوونی خوێندکاران بۆ هاوکاری هاوڕێکانیان کاتێك کێشەیەکیان هەیە، لەنیوان خوێندکاران لە خوێندنگە بنەرەتییەکان هەیە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە، چونکە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر(٢,١٩)ەو، زیاترە لەناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی مێ(١,٢٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە ڕەگەزی نێر زیاتر ڕۆحییەتی هاوکارییان تێدایە بۆ هاوڕێکانیان لەکاتی بوونی کێشەیەك بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

## ئەنجام

لە توێژینەوەکە دەرکەتووە خوێندکاران پابەندن بەبەهای هاوکاری و ڕێزگرتن لەخوێندنگەکاندا، بەرامبەر هاوڕێکانیان بەبێ گوێدانە جیاوازی ئاینی و نەتەوەی،هەروەها خوێندکارانی کوڕ بە بەراورد بەڕەگەزی مێ زیاتر پابەندن بە جێبەجێکردنی بەهای ڕاستگۆی و هاوکاری، وە هەروەها خوێندکارانی کوڕ بەراورد بەڕەگەزی مێ زیاتر بەهاکانیان وەرگرتووە.

### ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

1. گرنگی زیاتر بدرێت نە بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە.
2. بەڕێوبەری خوێندگەکان پێوستە مامۆستای پسپۆڕ دانێن بۆ ووتنەوەی بابەتەکە.

### پێشنیار

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەهاکۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەك(متمانە، پاکوخاوێنی ژینگە، متمانە..)
2. ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر پەرتوکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان
3. لێکۆڵینەوە لە هۆکاری جیاوازی ڕەگەزی لە پابەندبوون بەهاکان لە خوێندگەکاندا.

## سەرچاوەکان

### تورکییەکان :

ARSLAN, Pınar, " Okul Kavramına İlişkin Metaforlar", Uluslararası Liderlik Çalışmaları, Cilt: 3 / Sayı: 1, (Nisan 2020), s2.

Aslan, Şehmus, )2014(, Anadolu Liselerinde Etkili Okul kavramının Yönetici ve Öğretmen Algılarına göre Değerlendirme, Gaziantep, Zirve Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Eğitim Ana Bilim Dalı, (Yayınlanmış yüksek lisans tezi), s12.

BÜYÜKSAKALLI, Turgut , 2019, Sosyal Bilgiler öğretmen Adaylarının Sosyal Değerlere Yönelik Görüşleri, Niğde Ömer Halisdemir Üniversitesi, Niğde, Türkçe ve Sosyal Bilimler Eğitimi Anabilim Dalı, Sosyal Bilgiler Eğitimi Bilim Dalı, s42

ÖZENİR, Gülenay ERDOST, 2019, Birleştirilmiş sınıf ve müstakil sınıf öğretmenlerinin okul kavramı ile ilgili metaforlarının karşılaştırılması, Tokat Gaziosmanpaşa Üniversitesi, Tokat, Temel Eğitim Ana Bilim Dalı, Sınıf Eğitim Bilim Dalı, s10.

Polat, Muhammed Ali, 2022, Okul kavramı bağlamında Türk çocuk edebiyatı metinlerinde millî eğitim genel amaçları ile uyuşmayan ifadeler, Düzce: Düzce Üniversitesi, Türkçe ve sosyal bilimler eğitim ana bilim dalı, Türkçe eğitim dalı, (Yayınlanmış yüksek lisans tezi), s21-22.

Uzunöz, Abdulkadir, 2016, Eğitim Bilimine Giriş, Nevşehir, s343.

### ئینگلیزییەکان

Hughes, Michale and Carolyn Kroehler(2005), sociology, edition 7th, p.44.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

ديوى، جون(١٩٦٦)، المبادئ الاخلاقية فى التربية، ت. عبدالفتاح السيد الهلال، مصر: دار المصرية.

رشوان، حسين عبدالحميد أحمد(٢٠١٢) الأسرة و المجتمع، الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.

زيدان، محمد مصطفى( ١٩٧٩)، معجم المصطلحات النفسية و التربوية، الطبعة الاولى، السعودية: دارالشروق للنشر والتوزيع والطباعة، ص. ٢٢٨.

سندى، بدرخان(٢٠٠٢)، المجتمع الكوردى فى المنضور الاستشراقى، الطبعة الاولى، اربيل: دار ئاراس.

شحاتة حسن و آخرون( ٢٠٠٣)، معجم المصطلحات التربوية و النفسية، الطبعة الاولى، لبنان: الدار المصرية.

الصالح، الدكتور مصلح(١٩٩٩) ، الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، الرياض: دار عالم الكتب للطباعة و النشر و التوزيع.

طه، حسن جميل(٢٠٠٧)، الفكر التربوى المعاصر و جزوره الفلسفية، الطبعة الاولى، عمان: دار المسيرة.

عامر، طارق عبدالرؤف"المؤسسات التربوية ودورها في التنشئة الاجتماعية"جامعة الأمة العربية(٢٠١٩).

بدوى، الدكتور احمد زكى، ١٩٧٨، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، بيروت: مكتبة لبنان.

بينيت، طونى و آخرون( ٢٠٠٥)، معجم المصطلحات الثقافة و المجتمع، ت. سيد الغانمى، البصرة: المنضمة العربية للترجمة.

الجواهرى، محمد( ٢٠١٠) معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة: مركز القومى للترجمة.

الحسن، احسان محمد(٢٠٠٥)، علم الاجتماع التربوي، الطبعة الأولى، عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

بيومى، محمد احمد(١٩٨١)، علم الاجتماع القيم، اسكندرية: دار المعرفة الجامعيه.

الكعبى، فاضل(٢٠١٨)، الطفل بين التربية و الثقافة، الطبعة الثانية، القاهرة: السعيد.

ملحقة سعيدة الجهوية( ٢٠٠٩) المعجم التربوى، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية وزارة التربية الوطنية: المركز الوطنى للوثائق التربوية.

نخبه من علماء العرب فى علم الاجتماع( ٢٠١٠)، الموسوعة العربية للعلم الاجتماع، تونس: الدار العربية للكتاب.

### سەرچاوە کوردییەکان

بابان، ئەحمەد حمەعلی و ئەوانیتر(٢٠٢١)، بەکۆمەڵایەتی کردن و گەشەی منداڵ، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

بابان، ئەحمەد علی و عادل محمد نوری(٢٠٢٣)، کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی: چوارچرا.

پارسا، محەمەد(٢٠٢١)،دەروونناسی پەروەردەی، و. عەباس جوامێری، بەبێ شوێنی چاپ: چاپخانەی تاران.

پەتی، عومەر ئیبراهیم عەزیز(٢٠٢٤)، بەها بڵاوەکان لە چیرۆکە میللییەکانی کوردی و عەرەبی، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

حمە، ئەحمەد علی(٢٠٢٢)، کارامەی کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی : بەبێ چاپخانە.

حەسەن، ئیحسان محمد(٢٠١٢)،،تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان، و.دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

خەمەش، خەیری مەجدەدین عومەر(٢٠١٢)، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و. عبدالله خورشید و ئەوانیتر، هەولێر: رۆژهەڵات.

عزالدین، احمد عزیز و سلیمان، شەوبۆ شمس الدین(٢٠٢٤)، رێبازەکانی توێژینەوە لەزانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی فێربوون بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

لیژنەی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٩)، سیستەمی خوێندنگە بنەڕەتییەکان و خوێندنگەئامادەییەکان، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

محمد، شیرین صالح(٢٠١٦)"بەها لەکتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتیدا" ئێستاتای پرۆگرامەکان و تێڕوانینیان بۆ داهاتوو، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان، هەولێر٢٣-٢٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

محەمەد، کامەران(٢٠٢٠)، ڕێکخراوەی کەلتوور، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

ئاشوری، داریوش، (٢٠١٣)، کەلتور چەمک و پێناسەکان، و.کۆسار فەتاحی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریان.

ئەبراش، ابراهیم(٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی، و. دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

ئەلمیلاد، زەکی و الحوسەینی ،عەبدولحەسەن (٢٠١٢) پرسی کەلتوور تیۆر و ڕەهەندەکان، و. عبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی یاد.

### توێژینەوە کوردییەکان

کریم، عبدالخالد صابر(٢٠٢٤)، کورد لەدیدی رۆژهەڵاتناسی ئیتالی، فەرنسی، روسی و ئەڵمانییەوە(١٨٢٠-١٩٢٠)، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە.

صالح، شیلان عبدالله( ٢٠١٩) رەوشی پەروەردەی ژینگەی لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، ماستەر نامەی بڵاونەکراوە.

عوسمان، بەهرۆز بەکر(٢٠٢٢)، ژنی کورد لەدیدی کوردناساندا ، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

**توێژینەوە عەرەبییەکان**

الدين، يحى تقى(٢٠١٧-٢٠١٨)، القيم الثقافية المكتسبة من خلال استخدام الشباب للشبكات التواصل الاجتماعى، الجزائر: جامعة صالح بوبنيدر، كلية علوم الاعلام و الاتصال و السمعى و البصرى، قسم الاتصال و علاقات العامة، اطروحه دكتوراه غير منشورة.

رحماواتي، ريما أجاخ(٢٠١٦)، الأسس الثقافية في تعليم اللغة العربية، اندونيسيا: جامعة مولانا مالك ابراهيم الاسلامية، رساله ماجستير غير منشورة.

**گۆڤارەکان**

بوفرعة، عبدالمجيد و يوسف شملال"تحولات قيم الثقافة الشعبية بين المحلية و العالمية"، مجلة البحث فى العلوم الانسانية و المعرفية، المجلد الاول، (٢٠٢٤).

خروف، حميد،" فعالية القيم في العملية التربوية رؤية سوسيولوجية" جامعة منتوري، قسنطينة، الجزائر،عدد(١٠)، (١٩٩٨).

محمد، يسرى فتحى،"المدرسة و دورها فى التعزيز التنشئة الاجتماعية للطلبة"مجلة العلوم الانسانية و الطبيعية،الاردن،(٢٠٢٢).

هياق، ابراهيم،"القيم السوسيوثقافية للمجتمع الجزائرى فى المناهج التربوى"،(السراج)، الجزائير:جامعه الشهيد حمه لخضر، مجلد(٦)،٢٠٢٢.

بوفرعة، عبدالمجيد و يوسف شملال"تحولات قيم الثقافة الشعبية بين المحلية و العالمية"، مجلة البحث فى العلوم الانسانية و المعرفية، المجلد الاول، (٢٠٢٤).

**پاشکۆی(١)**

**ئاستی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە ڕوندەکاتەوە**

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | ژ. برگە گونجاوەکان | ژ. برگە نەگونجاوەکان | ژ. برگە هەموارکراوەکان | پلەی ڕاستگۆیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. عالیه فرج مصطفی | ٥٥ | ٣ | ٣ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٢ | پ.د.کەژاڵ حسێن محمد | ٥٥ | ٣ | ١ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٣ | پ.د. توانا فریدون حسین | ٥٤ | ٤ | - | ٩٣,١٠٪ |
| ٤ | پ.ی.د.لقمان صالح کریم | ٥٥ | ٣ | ٣ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٥ | پ.ی. د. پەیمان عبدالقادر مجید | ٥٦ | ٢ | ٢ | ٩٦,٥٥٪ |
| ٦ | پ.ی.پەروین ابوبکرمحمد | ٥٥ | ٣ | ١ | ٩٤,٨٢٪ |
| ٧ | پ.ی.د. ناسیح کریم عبدالله | ٥٧ | ١ | ٣ | ٩٨٠٢٧٪ |
| ٨ | پ.ی.د. ئەحمەد علی بابان | ٥٦ | ٢ | - | ٩٦,٥٥٪ |
| ٩ | پ.ی.د. عادل محمد نوری | ٥٧ | ١ | ١ | ٩٨٠٢٧٪ |
| ١٠ | پ.ی.د.کارزان محمد عارف | ٥٤ | ٤ | ٢ | ٩٣,١٠٪ |
| ١١ | پ.ی.د. هەردی زیاد صالح | ٥٧ | ١ | - | ٩٨٠٢٧٪ |
| کۆ | | ٦١١ | ٢٧ | ١٦ | ٩٥,٧٦٪ |

کۆی برگەکان= ٥٨

ژمارەی پسپۆڕان=١١

کۆی گشتی برگەکان بەم شێوەیە دەستمان دەکەوێت

(ژمارەی برگەکانی پێوانەکە × ژمارەی پسپۆڕان)، کەواتە کۆی گشتی برگەکان =٦٣٨

کۆی برگە گونجاوەکان= ٦١١

کۆی برگە نەگونجاوەکان=٢٧

کۆی برگە هەموارکراوەکان=١٦

کەواتە ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە= (ژمارەی برگە گونجاوەکان ÷ کۆی گشتی برگەکان) ×١٠٠

کەواتە = (٦١١ ÷ ٦٣٨) ×١٠٠=٪٩٥,٧٦

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری توێژینەوەکەمان، کە پرسیارەکانی لەگەڵ پێوانەکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگەکان دەگونجێت.

# ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی نالیدا

**سامان جلال عزیز، فریاد حمەامین محمد**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لەشیعرەکانی نالیدا)یە. تێیدا هەوڵماندداوە ئەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە بدۆزینەوە، کە لە شیعرەکانی نالیدا ڕەنگیانداوەتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی تیۆری هەریەک لەو ڕەگەزانە بە گشتی ناسێنراون. توێژینەوەکە بووە بە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی: کە ئایا دەکرێت ڕێبازە ئەدەبییەکان بازنەیەکی داخراوبن و لەخاڵێدا کۆتاییان بێت یان لەکات و زەمەنێکی دیاریکراودا دەستپێبکەن و ڕەگەزەکانییان پەیوەندییان بە ڕێبازەکانی پێش خۆیان یان دوای خۆیانەوە نەبێت؟ یان بەپێچەوانەوە؟ یاخود دەکرێت شیعرێک کە سەر بەڕێبازێکی ئەدەبی بێت، ڕەگەزی ڕێبازێکی تری ئەدەبی تیادا هەڵبهێنجرێت؟ بۆ ئەمەش شیعرەکانی نالی و ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی کراون بەپێوەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو ڕاڤەکردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا.توێژینەوەکەمان بەپێی میتۆدی(وەسفی شیکاری) پێشکەشکردووە و پێکهاتووە لە دوو بەش و ئەنجام و پوختەی توێژنەوەکە، بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

**کلیلە ووشەکان:** ڕەگەز،ڕۆمانتیک، کلاسیک، شیعر.

## پێشەکی:

هەریەک لە ڕێبازەئەدەبییەکان لەقۆناغ و سەردەمەکانی خۆیاندا خاوەنی کۆمەڵێک ڕەگەزو پرەنسیپی تایبەت بەخۆیانن، کە دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرانە خوێندنەوە بۆ شیعری ئەو قۆناغە یاخود شاعیری سەر بەو ڕێبازە بکرێت، بەڵام هەندێکجار شاعیران یاخود نووسەران ئەم بەربەستە تێدەپەڕێنن و بەرهەمەکانیان تەنها لەچوارچێوەی ڕیبازێکدا ناسوڕێتەوە، ئەمەش هێزێکی زیاتر بە بەرهەمەکەی دەبەخشێت وادەکات هەڵگری فرە تەئویلی بێت و دەرفەتی لێڕوانینی لە ڕەهەندی جیاوازترەوە بۆ دەڕەخسێنێت.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا بە ناونیشانی(ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شعرەکانی نالیدا) باس لەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە دەکەین کە لەشیعرەکانی نالیدا هەن،ئەگەرچی نالی لەڕووی مێژووییەوە لە قۆناغێکدا بووە کە پێی دەوترێت سەردەمی کلاسیک و شیعرەکانی پەیڕەوی دەستوورەکانی ئەم ڕێبازەیە، بەڵام هێزی شیعرەکانی نالی سنووری ئەم ڕێبازەیان بەزاندووەو جیلوەی ڕەگەزی بەشێک لەڕێبازە ئەدەبییەکانی تریش لەشیعرەکانیدا دەدرەوشێنەوە، کە باسەکەی ئێمە دەستنیشانکردنی ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانە .

لەم باسەماندا، کە دابەشکراوە بۆ دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم بەشێوەیەکی تیۆری کورتەیەکمان لەسەر هەریەکێک لەو ڕەگەزە ئەدەبییانە باسکردووە کە لەبەشی دووەمدا بە وردترو پراکتیکییانە لێی دوواوین، بەشی دووەمیش بەشێوەیەکی پڕاکتیکی و بە کۆمەکی شیعرەکانی نالی ئەو شیعرانەمان دەستنیشانکردووە کە هەڵگری ڕەگەزێک یان زیاتر لە ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکین .

هەوڵماندداوە بەپێی میتۆدی (وەسفی شیکاری) توێژینەوەکەمان پێشکەشبکەین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو ڕاستییانەی کە شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و شیعرەکانی نالی بەتایبەتی ، تەنها لە گۆشە نیگایەکەوە ناکرێت لێیان بڕوانین و لەناو سنوورێکی داخراوو کلاسیکییانەدا بچووکی بکەینەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەپێمان دەڵێت:پەیوەندی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیوەندییەکی تەواوکارییەو دەتوانین بڵێین:هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان ئەڵقەیەکی پەیوەندی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بە واتایەکی تر مەرج نییە بازنەی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی و بەتایبەت کلاسیک بازنەیەکی داخراوبێت و دابڕاوبێت لە ڕێبازە ئەدەبییەکانیتر، چونکە دەکرێت لەقۆناغی کلاسیکدا بەرهەمێکی ئەدەبی یاخود شیعرێک نووسرابێت،بەڵام هەڵگری هەمان ئەو پەیامە یان ئەو ئایدیایە بێت کە ڕێبازێکیتر بانگەشەی بۆ دەکات.

میتۆدی پەیڕەوکراو لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی وەسفی شیکاری)یە.

## بەشی یەکەم
## ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا

شیعری ڕۆمانتیکی کوردی لەکۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت، کە هەریەکێک لەو ڕەگەزانە ڕۆڵ و گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ڕەنگانەوەی ئەم ڕەگەزە لە شیعرەکەداو پاڵپشت بەتوانا و لیهاتوویی شاعیر بەها و جوانی بەشیعرەکە دەبەخشێت، بۆیە ئەگەر هات و هەریەکێک لەم ڕەگەزانە لەئاستێکی بەرزدا بەکارهاتبوو ئەوا بنیاتی وێنەیەکی ئاست بەرزی ڕۆمانتیکی دروست دەکات، هەرچەندە هەریەکێک لەم ڕەگەزانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانیان لەڕووی چەندێتییەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، ڕەنگە لای شاعیرێک چەند ڕەگەزێک بەزۆری هەست پێبکەین، بەڵام لای شاعیرێکی تر بەوشێوەیە نەبیت.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp99-108

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 5 شباط 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :fryadhama978@gmail.com, saman.aziz@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 سامان جلال عزيز، فرياد حمەامين محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەگشتی ڕەگەزەکانی شیعری ڕۆمانتیکی کوردی زۆرن، هەریەک لەتوێژەران بەشێوەیەک پۆلێنیان کردوون، ئێمە هەوڵدەدەین بەلەبەرچاوگرتنی ئەوکارانەی لەم بوارەدا کراون ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی شیعری کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین

**یەکەم: خودیی (خودێتی):**

خود لای ڕۆمانتیکەکان پیرۆزو سەرچاوەی داهێنان بوو،نەک بابەتی بوون وەک چۆن لای کلاسیکەکان باو بوو، ئەزموونە خودییەکان دەبوونە سەرچاوەو ئیلهام بۆ گوزارشتکردن لە هەستە خودییەکان(ترس، شەرم، خۆشەویستی، مەرگ ...هتد،)" بەوپێیەی شیعر دەربڕینە لەهەست و هەڵچوون و ئەزموون و بیری خودی شاعیر، ئەمەش وادەکات هەموو ئەمانە لەهەناوی شیعرەکەدا ڕەنگبداتەوە، هەربۆیە لێکۆڵەران ئەرکی خودییان وەک ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی شیعر بینیوە، کە شاعیران دنیابینی تایبەتی و خودی خۆیان لەشیعردا ڕەنگرێژ کردووەو شیعریان وەک ئاوێنەیەکی باڵانما و پیشاندەری خۆیان تەماشاکردووە، چونکە شیعر دەربڕینە لەهەموو ئەوانەی کەبەبیرو هەستیاندا دێت و دەچێت و هەموو ئەمانەش کەکار لەدەروونی شاعیر دەکەن، لەهیواو خۆشی و ئازار و نائومیدی و ڕق و خۆشەویستی"( مەحمود، ٢٠٢٢: ٧٥). هەڤاڵ ئەبوبەکر دەربارەی ئەم ڕەگەزە هونەرییە لەشیعردا دەڵێت" ڕەتکردنەوەی تیۆری لاساییکردنەوە، بەو مانایەی بەرهەمی ئەدەبی دەبێت کارێکی داهێنەرانە بێت لەڕێگای خەیاڵێکی سەرکەشانە و سۆزێکی هەڵچووانەوە، کەپابەندی دەست و پەنجەی زەینی خودی تاکەکەس بن، نەک وابەستەی پێوەری گشتی ئامادەکراو وەک لەکلاسیکیدا هەیە، لای ڕۆمانتیکەکان تاکەکەس(الفرد) هەرکەسێک بێت، توانایەکی لەبن نەهاتووی توانستەکانە، گەر هەل و زەمینەی بۆ بسازێنرێت، پێشکەوتن بەرهەم دەهێنێت" (حوسێن، ٢٠١٠: ١٥١-١٥٢).بەم شێوەیە چۆن خولیاو ئاواتی کلاسیکەکان پەیوەندی بەخولیاو ئاواتی کۆمەڵەوە هەبووە، لە ڕێبازی ڕۆمانتیکدا بەپێچەوانەوە پەیوەندی بەخودەوە هەیە " تاکەیی، یان تاکەکەسی و خۆیەتی، یان خودویستی و خودپەرستی لەڕێبازی کلاسیزمدا خولیای کەسی دی و کۆی خەڵکەکەی لەخۆدەگرت، بەڵام لەڕێبازی ڕۆمانسیزمدا کار بەپێچەوانەوە سووڕ دەخوات، خەون و خولیای ئارەزووەکانی تاکەکەس، یان جیهانی تایبەتی تاکەکەس گشت جیهانو هەموو شتێک لەخزمەتی ئەو ویست و ئارەزووە سەربەخۆیەدایە، هەرچۆن ڕۆمانسیزم بەتەواوەتی پشت بەسۆز دەبەستێت، سۆزیش خۆی لەخۆیدا تاکەکەسی و خودیانەیە، بۆیە تاکێتی لەسەرووی هەموانەوەیە" (سالار، ١٩٨٥: ١٢٥)، هەر ئەم خودیبوونە و گرنگیدانەش بەخود وایکردووە، کە لەڕێگای ئەم ڕەگەزەوە شیعری ڕۆمانتیکی بناسینەوەو پێگەی ئەم ڕەگەزە لەناو شیعری ڕۆمانتیکیدا بەئاسانی هەست پێبکەین.

**دووەم: سروشت:**

سروشت و ڕۆمانتیک دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەمیشە سروشت وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بەبەرهەمی ئەدەبی دەبەخشیت،بەتایبەتی لەبەرهەمی ڕۆمانتیکدا"بێگومان زۆر شت هەیە لەسروشتدا دەبێتە مایەی ئیلهام بەخشین بەشاعیر، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەستێکی ناسک، تەنانەت عەشقی سروشت و جوانییەکەی یەکێکە لەبنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکییەت لەئەدەبدا، چونکە سروشت لەم ڕێبازەدا دایکی دووەمە بۆ مرۆڤ"(ئیسماعیل، ٢٠٠٨: ٥)، تەنانەت "ئەرستۆ کە وتوویەتی هونەری هۆنراوە لاساییکردنەوەی سروشتە مەبەستی دووبارەکردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو مەبەستی خولقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە کە دەنگدانەوەی بوونە لەقەوارەی هەست و نەست و سۆزو ئارەزوو و ئەندێشەی هەستیاراندا"( بەصیر، ١٩٩٣: ٨٠) هەروەک چۆن ئەرستۆ خۆی لەبارەی لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەڵێت"دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی وەکو جۆرەکانی لاساییکردنەوە(imitation)، یان نواندن(representation) باسی شیعری داستانی و تراجیدی ، شیعری کۆمیدی و شیعری دیترامبی و زۆربەی ئەو ئاوازە بکەین، کە بۆ نای و چەنگ دانراون، بەڵام ئەمانە لە سێ لاوە لەیەک جیا دەبنەوە، یان لەبەکارهێنانی وەسیلەی جیاواز بۆ لاسایی کردنەوە، یان لە لاسایی کردنەوەی بابەتی جیاواز، یان لە لاسایی کردنەوەی بابەتەکان بە ڕێگاو شێوازی تەواو جیاوازەوە"(ئەرستۆ،٢٠١١: ١٣). کەواتە بەئەندازەی وردبوونەوەو و قوڵبوونەوەو بەکارهێنانی تەکنیک لەو سێ ڕەگەزەی باسکران لاساییکردنەوەکە دەبێت بە داهێنەرانە

ئەم قوڵبوونەوەو توانەوەیەش لەناو سروشدا دەبێتە ئیلهامبەخشی نووسینی ڕۆمانتیکیانە" ڕۆمانتیکەکان پێیان وایە لوتکەی خۆشی و شاگەشکەبوونی مرۆڤ لەتوانەوەیدایە لەخۆشەویستی سروشتدا، چوونە ناو سروشت و فەنابوونە تیایدا، وەک چۆن سۆفییەکان لەداوپلەی خۆشویستنی خودادا پێی دەگەن"(حوسێن، ٢٠١٠: ١٥٤)، شێرکۆ بێکەس لەبارەی کاریگەری سروشتەوە دەڵێت"سروشت سەرچاوەی یەکەمی هەموو شتەکانە، بەبێ سرووشت شتێک نییە کە پێی بووتریت شیعر، هێزی سروشت دەفعێکی بەقووەت دەدات بە هێزی شیعر، من بۆخۆم بەبێ سروشت ناتوانم هیچ بنووسم، لەچلەوە بۆ گووڵ و بۆبەردو ئاوو بەردەوام لەدووبارەبوونەوەن، بەڵام هەرجارەی بەشێوەیەکی تازە، سروشت بەشێکی گەورەی تەجروبەکەم پێک دێنێت"(عیسی، ٢٠٠٩: ٢٨١). هەربۆیە "سروشت هەمیشە ئەو شوێنە بووە کە ڕۆمانسیەکان پەنایان بۆ بردووەو تیایدا ئاسودە بوون و دوور کەوتوونەتەوە لەکۆت و بەندی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی کەدنیای شارستانییەتی دروستکردووە"(محمد، ٢٠١١: ٧٦).

لەناو ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردیدا کاریگەری ئەو ژینگەو سروشتەی کە مەڵبەندی ژیانی شاعیران بووە لەڕووی جوگرافییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر بەرهەمەکانییانەوە دیارە، چونکە" شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر سروشت پەروەرییان لێ بەدی دەکرێ، بەهۆی ڕەنگینی و ڕازاوەیی دیمەنەکانی کوردستان و بەفەڕی دەشت و چیاکانییەوە"(قەرەداغی، ١٩٧٨: ٣)، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە ئەو وێنە هونەرییانە بن کە لە شیعرە سروشتییەکانی مەولەوی وگۆراندا ڕەنگیان داوەتەوە.

**سێیەم: ئازادی لەدەربڕیندا**

مەبەست لەئازادی، واتە ئازادبوون لەنووسین و دەربڕیندا، شکاندنی کۆت و بەندە دەستوورییەکانی کلاسیزم، بەرەڵلاکردنی باڵندەی خەیاڵ لەشووڵی قەفەزی دەستووربەندی ڕێسا کلاسیکییەکان "سەربەستی لەکۆت و پێوەند و کلێشەی ئامادەکراو، لەگشت داب و ڕەسم و نەریت و یاسایەکی کلاسیزمانەو کۆن، ئازادبوون لەگشت بەربەست و سنوورو عوزمێکی کۆمەڵایەتی، بەرەڵلابوون پڕپەگیانی ئارەزوو"( سالار، ١٩٨٥: ١١٧)،هەر ئەمەش وایکرد ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ڕەهەندە سەرەکیانەی دەبن بەبەشێک لە فراوانکردنی پانتایی دەربڕینی شاعیر و گۆشەی ڕوانینی فراوانتر دەکات،کە لەئەنجامدا تیۆری گوزارشتکردنی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم تیۆرە"ڕەهەندە دەروونییە پشتگوێ خراوەکانی وەک هەست و سۆزو پاڵنەرو هەڵچوون و خەیاڵی کرد بەچەقی قورسایی گرنگی پێدانی خۆی، لەو ڕێگەیەشەوە بەهای بۆ شاعیر گێڕایەوە وەک خودێک کە خاوەنی ئەم پێکهاتە دەروونیانەیە، مەفهومی بێدەسەڵاتی لەشاعیر داماڵدراو لەوبیرکردنەوە ئەبستراکتە عەقڵییە فەرزکراوە ڕزگارکرا"(مەلازادە، ٢٠٢٠: ٣١٤)،هەر بۆیە شاعیران و نوسەرانی سەر بەم ڕێبازە

ئەدەبییە پێیان وابوو کە"هونەرمەند کەلەبارەی کۆمەڵ و قانوونە ئەخلاقییەکان داوەری بکات و بیروڕای هەبێ،ئەمەش لەپێناو هێنانەئارای زەمینەیەکی پێشکەوتووتر، ئەدەب و هونەر نابێ بەقانوونی وەها ببەسترێتەوە، کەعەشق و هۆگری و پەیوەندی و خەیاڵ سنووردار بکەن، ئەدەبیات و هونەری ڕۆمانسی، بەپێچەوانەی ئەدەب و هونەری کلاسیزم،دەتوانن هەموو کێشەیەکی ژیان،جوان و ناشرین،بەرزو نزم، چ باش چ خراپ بکەنە بابەتی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی خۆیان، واتە باسکردنی ژیانی هەردوو چینی سەرەوەش و خوارەوەش..نەک تەنیا دەربڕینی ژیانی چینی سەرەوە وەک لای کلاسیزم باوبوو"(پیرباڵ،٢٠٠٦: ٦٧-٦٨)

"ئازادی و سەربەستی لەو پرنسیپانە بووە کەلەسەر ئاستی تاکەکەسی و گشتی بانگەوازی ئازادی بۆ ئەدەب و هونەر و بوارەکانی تر کردووە،وەک(ئازادی تاکەکەسی،ئازادی فکر، ئازادی سۆز، دەربڕینی ئەدەبی ئازاد، خوازیاریش بوون کەنووسەر و ئەدیب و کۆمەڵگە لەکۆت و بەند و سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئازادبن)"( محمد، ٢٠١٢: ٧٧). بەم جۆرە ئازادی لەدەربڕیندا بووە هەوێنی گەشەکردنی هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تری ڕۆمانتیک.

**چوارەم: هەڵچوونە کەسییەکان**

شاعیرانی ڕۆمانتیک ئەوەندەی بەدوای هەست و سۆزەکانیاندا وێڵ بوون ئەوەندە بەلای عەقڵدا نەچوون،وەک کلاسیکەکان، ئەم سوڕانەوەیەش بەدەوری هەستەکاندا، دەبێتە هۆی جۆشدانی دەروون و دواجار بەڕێگای هەڵچوونێکی دەروونیدا لەکورەی دەروونا دێتەدەرەوەو پەخش دەبێ، چونکە هەروەک وتمان"لای ڕۆمانسییەکان، لەپاڵ عەقڵدا، دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، لای مرۆڤ هەست و نەست پێش فکرو عەقڵ دەکەوێت، هەروەها ئارەزووش زیاتر لەهەقیقەت کاریگەرێتی هەیە، لەم ڕووەوە، بەرای ڕۆمانسییەکان پێویستە هەست و هەوەسەکانی ڕوح، پێشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە، ئەلفرێد دی موسێ دەیگوت: ئێمە دەبێ ورێنەکانیشمان بنووسین، واتە دڵ دەبێ بێ قەیدو بەند هەرچی شتێکی حەزدەکا بیڵێ"(پیرباڵ، ٢٠٠٦: ٧١) چونکە"دەروونی کەسی ڕۆمانتیکی، دەروونێکی هەڵچوو و گڕگرتوو و ناڕازییەو شکاوەتەوە بەسەر خۆیدا"(حوسێن،٢٠١٠: ١٤٣)،ئەمەش پەیوەندی بەو بەناویەکداچوونەی هەستەکان هەیە لەلای مرۆڤ بەگشتی و لەلای شاعیری ڕۆمانتیکی بەتایبەتی.

"ڕۆمانسییەکان بە هەست و سۆزو خەیاڵەوە پابەندن، بەلای ئەوانەوە لەکەناری ئەقڵ و سروشتدا جیهانێکی تر هەیە، کە ئەویش دڵ و هەست و سۆزە، گومان لەوەدا نییە کە لە گیانی مرۆڤدا هەست لەخەیاڵ زیاتر و ئارەزووش لەڕاستی زیاتر کاریگەرییان هەیە،دەبێت دڵ بەبێ کۆت و پێوەند قسەبکات"(ڕمضان، ٢٠١١: ١١)، ڕێکخستنەوەی ئەم هەڵچوونە دەروونیانەو ڕێکخستنەوەیان لەلایەن شاعیرەوە لەشیعرێکدا، بەسیستمێکی عەقڵیدا تێپەڕ دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی توانای شیعری شاعیرو دەسەڵاتی بەسەر شیعردا دەردەخات، چونکە"شاعیر دوای بارگاوی بوونی بەسۆزو هەڵچوونەکان و تێکەیشتن لەدیاردەکان لەلایەک هەروەها گواستنەوەی وێنەو دیمەن و وروژێنەرەکانی سروشت بۆناو خەیاڵ و وردکردنەوەو دارشتنەوەو بیناکردنەوەی وێنەکان بەفاکتەری پرۆسە عەقڵییەکان، هەڵدەستێت بەگوزارشتکردن لەم کارلێکە ناوەکییە"(مەلازادە،٢٠٢٠: ٣١٠).

**پێنجەم: وێنەی هونەری**

یەکێک لەپایە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی شیعر،وێنەی هونەرییە.بۆیە ڕەخنەگران بە ڕەگەزێکی گرنگی شیعریان داناوە و وەک بەشێکە لە ڕوحی ئیستاتیکیانە لەجەستەی شیعردا، وێنەی هونەری لە شیعردا پەنگ خواردنەوەی بەشێکە لەڕەگەزەکانی (هەست و نەست و سۆزو ئەندێشەو ...هتد)ە کەدواجار لەڕێگای وێنەیەکی هونەرییەوە پیشان دەدرێن، چونکە یەکێک لەئەرکەکانی وێنە بریتییەلە "دووبارە درووستکردنەوەی واقیع، ئەو واقیعەی کە شاعیر وەری دەگرێ، هەڵیدەوەشێنێتەوەو جارێکی تر بەشێوازێکی ئەدەبی دایدەڕێژێتەوە و لەناو وێنەیەکی هونەریدا سەرلەنوێ بنیاتی دەنێتەوە، چونکە وێنە ئەو هۆکارەیە کە ئەرکی بەرجەستەکردن و بەکەس کردنی دەگرێتە ئەستۆ"(گەردی، ٢٠٠٢: ٤٩)هەروەها"وێنەی هونەری ، جەوهەری شیعرەو گرنگترین ئامرازەکانی شاعیر بۆ گواستنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی و دەربڕینی واقیع، چەقی کۆبوونەوەی ئەزموون و بیرۆکەکانی شاعیرەو ئامرازێکە دەمانگەیەنێتە درککردنی ئەزموونی شاعیرو هاوبەشیکردن لەهەست و سۆزەکانی، پاش ئەوەی بابەتی دەرەکی و بیرۆکە تایبەتییەکانی شاعیری جوانترکردو نرخی دەربڕینێکی پێبەخشی، کە پێشتر نەبوو، لەو بابەتەی کە لەگەڵ ناخی شاعیردا ئاوێتەبووبوو لەشێوەی دربڕینێکی تایبەتدا داڕشتەوە، لەدەربڕین بەوێنەدا هەستەکان بەرجەستە دەکرێن و بیرۆکەکان بەکەس دەکرێن و دیدی تایبەتی جیهانی شاعیر دەربارەی پەیوەندییە شاراوەو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبێت"( ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٠).

ئەم گرنگییەی وێنە لە شیعردا ڕۆژ بەڕۆژ جێگای بایەخی زیاتربووە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، بەجۆرێک" لەشیعری نوێدا بایەخی وێنە گۆڕاو زیادی کرد، بەرادەیەک زۆرجار زاراوەی وێنە وەک هاوتای وشەی شیعر بەکاردەهات، کە دەگوترا فلان شاعیر وێنەیەکی پێشکەشکردووە، مەبەستیان لەوەبوو شیعرێکی پێشکەشکردووە"(عەزیز، ٢٠٢٢: ٢٩)، بێگومان جوانی و کاریگەری و ڕادەی چەسپاندنی ئەم وێنەیەش لەلای خوێنەر پەیوەندی بەتوانای خودی شاعیرەوە هەیە، چونکە" وێنەی شیعری هەرچەندە جوان بێ، شاعیری سەرکەوتوو دەستنیشان ناکات، تەنیا لەوکاتەدا نەبێت کە بەسۆزی ناسک و ئەندێشەی خولقێنەر ڕازابێتەوە تا بتوانێ هەست و سۆزی گوێگر یان خوێنەر ڕاپچڵەکێنێ"(فەتاح، 2014: ١٩٩)،چونکە "یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی وێنە ئەوەیە کە هەست پێکردنی شتەکانمان بۆ ئاسان دەکات و بەهۆی بەرجەستەکردن و بەکەسکردن و بەقەبارەکردنیانەوە وادەکات هەستیان پێبکەین"(گەردی، ٢٠٠٢:٥٠).هەربۆیە "دەکرێت شاعیر بۆ وێنەگرتنی دیاردەو دیمەنەکان زیاتر پشت بەهەستەکانی(بینین، بیستن، چەشتن، بەرکەوتن، بۆنکردن)ببەستێت، نەک بەتەنها هەستی بینین وەک ئەوەی بەشێک لە ڕەخنەگران بۆی چوون"(کەریم، ٢٠٠٩: ٢٢).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لەهەر گۆشەیەکەوە لە بەرهەمێکی شیعری بڕوانین، دەتوانین لەڕێگەی ئەو وێنەهونەرییانەوە کەبەکارهاتوون توناو لێهاتوویی و کاریگەری شاعیرەکە دەستنیشان بکەین.

**شەشەم: سۆز :**

کاتێک باس لەشیعری ڕۆمانتیکی دەکرێت، سۆز دەبێتە یەکێک لەڕەگەزە خودییە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە، دەرخستن و پەردەلادان لەسەر ناوەوەی ناخی مرۆڤ بەجوڵاندن وبزواندنی هەست و سۆز زیاتر جۆش دەخوات، چونکە"بەرزڕاگرتنی سۆزێکی قووڵ کەسەرچاوەکەی دڵ و دەروونی مرۆڤ بێت نەک یاساکانی ناو کۆمەڵگا، سۆز دەبێتە بنەمایەکی سەرەکیی لای ڕۆمانتیکییەکان و تا ئەوەی دەگەنە ئەو

بڕوایەی(سۆز بە پیرۆزترینی پیرۆزییەکان بزانن)، سۆزێکی سەرکەشانە، سەرسوڕهێنی و سەیروسەمەرەیی، بەهۆی ئەوەی مرۆڤی ڕۆمانسی، مرۆڤێکی ئاڵۆزە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆرجار پەیڕەویی لەپەیڕەوێکی عەقڵانی باو ناکات، بۆیە شیعر لەفەلسەفە بە پیرۆزتر دەزانێ و سۆز زاڵدەکات بەسەر لۆژیکدا"(حوسێن، ٢٠١٠: ١٤٥)، هەربۆیە دەتوانین بڵێین " سۆز بریتییە لەو بارە دەروونییەی کە شاعیر پیایدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی شیعر، سۆز یەکێکە لەڕەگەزەکانی وێنەی شیعری، وێنە بەبێ سۆز وشکەو هەست نابزوێنێت دیارە هەر سۆزە کە جوانی و کاریگەری و چالاکی بەردەوامی بەوێنە دەبەخشێت، هیچ دەقێکی ئەدەبی کەشیعر بێت بەبێ سۆز بوونی نییە، دیارە زمانی سۆزیش دەبێت ناسک و دڵڕفێنبێت دوور لەزاراوەی زانستی و وشەی قورس بێت بۆئەوەی خوێنەر لەبیری سۆزەکە دوور نەکەوێتەوەو خۆی بەلایەنەکانی ترەوە خەریک نەکات"(ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٠٥) هەر ئەمەش وادەکات خوێندنەوەی بەرهەمێکی ڕۆمانتیکی زیاتر لەهەر جۆرێکیتر هەست و سۆزی خوێنەر بجوڵێنێت، چونکە"هەست و سۆز بایەخێکی تایبەتی و فراوانی پێدەدرێت، بەبنەمایەکی سەرەکی بنیاتی شیعر دادەنرێت، لەم بارەیەوە کامل بەسیر دەڵێت: لەزانستی دەروونیدا بەوە پێناسە دەکرێت کە دیاردەیەکی وێژدانی و دەروونییە، لەهەست و نەستی خاوەنەکەیەوە، لەبەر چەند هۆیەکی ماددی بیرو هەڵچوونی شەپۆل دەداو بوون و قەوارەی دەگرێتەوە، لە ڕەنگ و دەنگ و بزووتنەوەی لەشیدا دەنووێنێ، ئەم دیاردەیە ئەگەر هاتوو لەوێژەدا ئەنجامدرا پێی دەوترێت سۆزی وێژەیی، سۆزی وێژەیش بەوە دەناسرێت کە هێزێکە لەدەروونی خوێنەرو وێژەدا، بەهۆی خوێندنەوەی تێکستی وێژەیی بەرپا دەبێت و دانەری تێکستەکە وێژەییەکە بنیات دەنێ"(مەولود، ٢٠٠٧: ٩٤) و"دەبێ بزانرێ، لای ڕۆمانسییەکان لەپاڵ عەقڵدا، دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، لای مرۆڤ هەست و نەست پێش عەقڵ دەکەوێت، هەروەها ئارەزووش زیاتر لەهەقیقەت کاریگەریتی هەیە، لەم ڕووەوە، بەڕای ڕۆمانسییەکان، پێویستە هەست و هەوەسەکانی ڕوح، پیشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە"(پیربال،٢٠٠٦:٧١)ئەمەش لەوەوەدێت کەسۆز"دەربڕی هەستەکانە لەڕۆمانسیزمداو وێنای فکر و بۆچوونەکان دەکێشێ بەئاراستەیەکدا کە دژی عەقڵە، هەروەها(سۆز تاکەکەسی تیدەپەڕێنێ و بەرەو کێشەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەنگاو دەنێت) ڕۆڵێکی باڵای هەیە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی (لەڕێگای وێنەوە هەست و سۆزو ئەندیشە دەگەیەنرێتە خوێنەرو کار لەدەروون دەکات، کەلای شاعیرە ڕۆمانسییەکان هەست و سۆز بایەخی تایبەتیان پێدەدرێت، چونکە دەربڕی دیدو بۆچوونەکانی شاعیرە)"(محمد ،٢٠١٢:٧٤)

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەست و سۆز بەوپێیەی بەشێکن و لەموعاناتی شاعیرو وەک بەشێک لەهەڵچوونە دەروونییەکان گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت و لەڕێگەی ئەو وێنە شیعرییەوە کەبەهۆی ئەم ڕەگەزەوە دروستی دەکات دەیگەیەنێت بەخوێنەر.

**حەوتەم: ئەندێشە**

ئەندێشە یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، ڕەگەزێکی کاریگەر و گرنگی ئەدەبە، بەتایبەت لای ڕۆمانتیکەکان پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەوپێیەی کە ڕۆمانتیکەکان ویستوویانە لە دنیای واقیع دووربکەونەوەو بەهۆی خەیاڵ و ئەندێشەکانیانەوە پانتایی هۆنراوەکانیانیان پێ ڕەنگڕێژبکەن و ئەندێشە بکەن بە وەسیلەیەک بۆ دەربڕینی ئەو دنیا خەیاڵییەی لەخەیاڵدانی خۆیاندا هەیە، عەلائەدین سەجادی لەبارەی ئەندێشەوە دەڵێت" ئەندێشە کە خەیاڵە، گومان و تەوژمێکی تیژتێپەڕی پەنهانییە لەدڵا، وەیا هێزێکی پەنهانییە، تاپۆی ئەو یادانە دەهێڵێتەوە کە مایەکانیان ون بوون، بێگومان ئەگەر ئەندێشە نەبێت، ئیشی بەیان و ئەدەب ئەوەستێ، لەبەر ئەمە بۆیە ئەندێشە بووە بەپایەیەکی هەرەگەورەی ئەدەب، تەنانەت ئەگەر ئەندێشە نەبێت وێنە ناتوانێت وێنەی گوزارە بکێشێت و پڕی بکاتەوە "( سەجادی، ٢٠٢١: ٩٣).کەواتە ڕەگەزێکی گرنگ و پێکهێنەر کە ببێتە پایەی دروستکردن و چنینی وێنەی هونەری لەشیعردا ئەندێشەیە"ئەندێشە ڕۆڵی گرنگی لە چنینی دەقی شیعریدا هەیە و هێزی دەروونی شاعیرە، ڕاستەوخۆ واقیع ناگوازێتەوە بەڵکو بەهۆی چنینی چەند وێنەیەکی شیعری دەتوانین تواناو داهێنانی شاعیری تیا دەستنیشان بکەین،'ڕۆمانسییەکان دەیان گووت ئەندێشە کاتێ کەچالاکی خۆی جێبەجێ دەکات ئەو شتانە دەکات کە عەقڵی ئاسایی ناتوانێ بیانکاتێ، بەلای ڕۆمانسییەکان ئەندێشە تاکە هێزە کە شاعیر درووستی دەکات لەبەرئەوەی ئەندێشە شتێکی پیرۆزە"( مەولود، ٢٠٠٧: ٩٥-٩٦).' بێگومان ئەندێشەش بۆخۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسۆزەوە دەبێت و تا سۆزەکە بەهێزتربێت، ئەوا پێویستی بە ئەندێشەیەکی بەهێزیش دەبێت و بێهێزی هەریەکەشیان کار لەویتریان دەکات"(عەلی، ٢٠٠٧: ١٦٩).

دیارە لەڕێبازی کلاسیکدا شاعیران زیاتر تەرکیزیان لەسەر عەقڵ بووە بۆ دروستکردنی وێنەی هونەریی و مەبەستی شیعرییان، بەڵام شاعیرانی ڕێبازی ڕۆمانتیک لەدروستکردنی وێنەی هونەریدا پەنایان بۆ فراوانکردنی ئەندێشە بردووە، چونکە پێیان وایە ئەوە"وێنەی شیعرییە کە لەسەر بنچینەی ئەندێشە بنیات دەنرێت. کۆلێردج دوو جۆر ئەندێشە جیادەکاتەوە(ئەندێشەی سەرەکی ئەو ئەندێشەیەیە کە هەمووان تیایدا هاوبەشن، ئەندێشەی لاوەکی تایبەتە بەشاعیرە هەڵکەوتووەکان، لەبەرئەوەی هێزی درووستکردنی شیعری تیادەرئەکەوێت، ئەو هێزەیە کەشاعیر دەکاتە خاوەن دەسەڵاتێک کەمرۆڤی ئاسایی ئەو دەسەڵاتەی نییەو لەپێناو سەرلەنوێ هەڵوەشاندنەوەو تواندنەوە و بڵاوکردنەوە دەکات، ئەرکیشی جوانکردن و کاریگەرترکردنی ڕاستییە وینەکێشراوەکانە)"(ئەحمەد ،٢٠١٠ : ١٠٩).

## بەشی دووەم

## پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی نالیدا

### - شیعری کلاسیکی کوردیی و ڕێبازەئەدەبییەکانی تر

کاتێک باسی شیعریی کلاسیکی کوردی دەکەین، خەیاڵمان بۆ ئەو فۆرمە شیعرییە دەچێت، کە لە شێوەی چەند قاڵبێکی شیعریی شیرین لەسەر پەیڕەوی عەروزی عەرەبی واتە: ئەو بەحرە شیعرییانەی (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی)ی بۆ شیعری عەرەبی دایناون ، بەراورد بەشیعری ئەورووپی کە بەپێی قۆناغە مێژوویەکان بەسەر ڕێبازە ئەدەبییەکاندا پۆلینکراون، "ئەکادیمییە ئەورووپییەکان بەسەرجەم ئەدەبیات و هونەری سەدەکانی ناوەڕاست تاسەرەتای سەدەی نۆزدەم دەڵێن"کلاسیک"، دەشزانن کە فلان نووسەری سەدەی هەژدەم لەچاو فیسار نووسەری سەدەی حەڤدەم گەلێک نوێگەری و دەستاوەردی تازەیشی پێ بووە، بەڵام سەبارەت بەوەی هەردووکیان لەناو یەک جۆر سیستەمی بیرو ڕێسای نووسیندا کاریان کردووە، هەر لەناو یەک چوارچێوەی گشتیدا دەیانخوێننەوە، عەرەب و تورک و فارس و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش لەم بوارەدا هەر وایان کردووە" { پیربال: ٢٠٠٥، ٢١}، بۆیە ناکرێت هەمان یاسای ئەم دابەشکارییە بەسەر شیعری کوردیشدا پەیڕەو بکرێت، چونکە شیعری کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و دەبێت بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە پۆلینکردنیاندا بۆ ڕێبازە ئەدەبییەکان نەک بەپێی قۆناغی مێژوویی، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی، چونکە زۆرجار لەناو شیعری ئەو

قۆناغەی کە بەکلاسیک دانراوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چەندین نمونەی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی و سیمبولیستی و ... دەبینین و هەر لەچوارچێوەی شیعریی کلاسیکیشدا پۆلێنکراون و خوێندنەوەیان بۆ کراوە، نمونەی شیعرەکانی مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی و حاجی قادری کۆیی، بەڵگەی ئەم بۆچوونەمانن.

ئەگەر سەرنج لەمێژووی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بدەین لە"ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، نە شاعیرانی سەردەمەکانیان خۆیان بە کلاسیکی ناوبردووە، نە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆشیان بە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپایی هەبووە، بە ڕاو بڕواو لێکدانەوەی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوانی کورد و خۆرهەڵاتییەکانیش ئەو ئەدەبیاتە بە کلاسیکی ناونەنراوە، بۆیە ناکرێت ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی بەپێی بنەماو پێوەرە ئەوروپییەکان هەڵبسەنگێنین" {حسێن، ٢٠١٠، ٢٩٣}، هەر وەک چۆن بەشێک لە ئەدیبان و ڕەخنەگرانمان (شیعری کۆنی کوردی) بۆ شیعری ئەم قۆناغە بەکاردێنن، بۆ نمونە فەرهاد پیرباڵ دەڵێت" ئێمە لێرە بەدواوە زاراوەی"شیعری کۆنی کوردی" بۆ هەموو ئەو شیعرە کوردییە بەکاردێنین کە پێش ساڵی ١٨٩٨ نوسراون، لەهەر حاڵەتێکیشدا ئەگەر زاراوەی کلاسیکمان لەجیاتی کۆن بەکارهێنا ئەوا مانای وایە زاراوەی کلاسیک بەواتا ئیستاتیکییە ئەوروپییەکەی بەکارنەهاتووە کە سیستەمێک و میتۆدیک و ڕێبازیک بگرێتەوە کە هی"کلاسیزمی ئەوروپایی" بووە، بەڵکو ئەو سیستەم و میتۆد و شێوازە کوردی-ئیسلامییە دەگرێتەوە کەلەکوردستانی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ١٨٩٨ باو بووە" { پیرباڵ : ٢٠٠٥، ٧٥}.

لەناو شیعری(کلاسیکی کوردی)دا، دەشێت ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکان و ڕەگەزی زۆربەی ڕێبازەکانی تریش ببینرێنەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ڕەنگە لەناو شیعری سەر بەقوتابخانە تازەکانیشدا ڕەگەزی کلاسیکی بدۆزینەوە،هەربۆیە ئەگەر یەکێک لە خاسییەتی ئەو قوتابخانانەش بەسەر شیعری ئەو قۆناغە یان ئەو قوتابخانەیەدا زاڵ بێت، ئەوا ناتوانین ڕێبازە ئەدەبییەکان لەیەک دابڕین، چونکە هەموویان وەکو ئەڵقەیەکی گرێدراو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،هەرچەندە ،ڕاستە "لەبەرئەوەی شیعری کۆن تا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر خاسیەتەکانی کلاسیزم لەخۆی دەگرێت، بۆیە بەلای کلاسیزمدا دەشکێتەوە، بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای بوونی هەندێک خاسییەتی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی شیعری ئەم قۆناغە بەلای ئەم ڕێبازانەدا دەشکێنەوە، بەڵام ئەوە مانای وانییە، کەشیعری کۆنی کوردی لەخاسیەتی ڕۆمانسیەت خاڵییە، بەڵکو زۆرجار لەشیعری کۆندا بابەت و ناوەرۆکێکی زۆر ڕۆمانسی دەبینین، یان چەند خەسڵەتێکی ڕۆمانسییەکان لەلای شاعیرانی کلاسیک بوونیان هەیە، یاخود لەشیعری نوێدا خاسیەت و ناوەرۆکێکی کلاسیکی دەبینین لەبەرگی ڕۆمانسییەتدا"{ مەلازادە: ٢٠٢٠، ٣٧٩}، چونکە "ئەدەبی کلاسیک ، ئەدەبێکە بەردەوام و پاش تێپەڕبوونی زەمەنیش، هەڵگری مانای قووڵی خۆیەتی، لەچەندجار خوێندنەوەیدا بەر مانا شاراوەکانی دەکەوین"(کەسنەزانی، ٢٠٢١، ٥١)

کەواتە دەتوانین بڵێین: شیعری کلاسیکی کوردی ناوەرۆکێکی داخراوو دابڕاو لە ڕێبازە ئەدەبییەکانیتری نییە، هەروەها دەکرێت دووبارە بەپێی بنەما و ڕەگەزەکانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی خوێندنەوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی بکرێت و ئەو ڕەگەزانەی تیادا بدۆزرێنەوە، ئەمە پێمان دەڵێت هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو دابڕاو نین لەیەکتری و دەکرێت لەناو ئەدەبی هەر سەردەمێکدا ئەو درکپێکردن و دنیابینییەی شاعیران بدۆزینەوە کەلەناو بەرهەمەکانیاندا و بێئاگا لەتایبەتمەندی قوتابخانە ئەدەبییەکانی دواتر ڕەنگیان داوەتەوە، واتە: دەشێت جیلوەی هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا بدۆزرێتەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە سەر توانای خوێنەر تاچەند دەتوانێت نهێنی ئەو دنیا شاراوەیەی شیعری کلاسیک کەشف بکات و تەلیسمی ئەو جادووە بشکێنێت، یان ئەو تەڵە دانراوەی شاعیران بتەقێنێت، وەک چۆن نالی دەڵێت:

**"نالی" بە داوە شیعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە**

هەرچەندە نالی لەم دێڕەدا مەبەستی فراوانی و قووڵی واتا و بەپێچ و پەنایی واتای دەقەشیعرییەکانییەتی ئەم دێڕەی بۆ بەڵگەی ئەو مەبەستە نووسیوە، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ مەبەستی فراوانی ڕایەڵی تایبەتمەندی جۆراوجۆری و پێکداچوونی ڕێبازەئەدەبییەکان بەکارمانهێناوە.

### - شیعرەکانی نالی و ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک

**یەکەم: خودیی:**

ئەگەر شیعر(وەک بەشێک لەڕەخنەگران پێیان وایە) گوزارشت کردن بێت لەهەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر، ئەوا دنیابینی و خەیاڵی شاعیر لەهەناوی شیعرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە"گوزارشتکردن لەخود پرۆسەی وێناکردنی پاڵنەر و سۆز و هەڵچوون و خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤە بۆ دەرەوەی خۆی، هەموو گوزارشتکردنێکیش وزە لە پەیام و مەبەستێکی ئەقڵی و دەروونی وەردەگرێت"(مەلازادە،٢٠٢٠: ٣٠٩)، ئەم ڕەگەزە بەهەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لە شیعرەکانی نالیدا پێگەیەکی باڵای هەیە، ئەویش لەلایەک ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە ژیانی تایبەتی نالی پێدا تێپەڕیوەو لەلایەکی تر هەموو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری بوونە کەرەستەیەک بۆ گوزارشتکردن لە خودیی خۆی، بۆ نموونە لەم شیعرەدا بەجۆرێک باسی تەنیایی خۆی دەکات لەچاوەڕوانی و خەیاڵکردن لەکەسێک ، کە تەنانەت هەناسەکانی خۆی گرتووە، تا بێئاگا نەبێت لە هاتنی تەنیاییەکەی بەجۆرێکە وەک ئەو بولبولەی لەگۆشەی قەفەزێکدا حەپسە، دەڵێت:

**شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم**
**مەشغوڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەســـــــــــێکم**

**لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم**
**بێ عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٨٣)**

لە شوێنێکی تردا کە باری دەروونیی پڕ خەم و حەسرەتی خۆی باس دەکات بەهۆی بێوەفایی یارەوە، کارویپیشەی بەردەوامی بووەتە شین و گریان و بە دەردی کاریی و یەکجاری خۆی دەزانێت و دەڵێت:

**با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە**
**قەط مەکەن تەقصیر لە گریان، شیوەنم یەکجارییـــــــە**

**حەپسی چاهی میحنەتم، کافر بەحاڵی من نەبێ**
**کارو پیشەم دائیمەن گریان و شین و زارییە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٨٣)**

ڕەنگدانەوەی خود لە شیعردا کە جگە لەوەی لەوانەیە ڕاستگۆیانەترین ڕەگەزێت بۆ ناسین و دۆزینەوەی بارودۆخ و کەسێتی شاعیر، دەلاقەیەکیشە بۆ دۆزینەوەی کارتێکەرە هەڵچوونەکانی شاعیر و بەرزی و نزمییەکانی قۆناغی ژیانی و هەستە خوودییەکانی، کە خۆیان لە هەستی خۆشەویستی و وەسف و ستایش و لاواندنەو پیاهەڵدان و داشۆرین و نیشتیمان و شانازیکردن و مردن و پیری و...هتد دەبینێتەوە، کە هەریەکێک لەم بابەتانەش لە چەندین شوێنی شیعرەکانی نالیدا بەرچاومان دەکەون، بۆ نمونە:

**خۆشەویستی:** بەشی زۆری گوزارشتکردن لەهەستەکانی لەم چوارچێوەیەدایە.

**لەدڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندورە**
**شەطی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسوتێم دەبمە کۆی نورە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٦)**

**دەچێ بۆلای ڕەقیب خۆشە، وەلێ ئەو داغە کوشتومی**
**لەکن ئەو چەندە مەجبورە، لەلای من چەندە مەغرورە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٨)**

**وەسف:** بۆ نمونە لە وەسفی کەرەکەیدا دەڵێت:

**عاقڵێ بوو ناوی کەربوو، قاطیعی ڕێگەی سەفەر**
**خۆش سلوکتر بوو لەسەد وێڵداشی هەرزەو گێژ و وێژ (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٢٨)**

یاخود لەوەسفی حوجرەکەیدا دەڵێ:

**فەسڵی هاوینی جەهەننەم، فەسڵی ئێستای زەمهەریر**
**زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و جەهەننەم وا بەتاو؟! (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٥٩)**

**لاواندنەوە:** یەکێک لە لاواندنەوە دیارەکانی ئەو شیعرەیە کە بە بۆنەی مردنی باوکی خۆشەویسەکەیەوە (کە گوایە باوکی حەبیبەیە) نووسیویەتی و لەدێڕێکدا دەڵێت:

**بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرێیم**
**گەوهەر بڕژێنین بە بولەندیی قەد و باڵات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٣٨)**

**لەباسی پیریدا دەڵێت:**

**موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط**
**شۆرە شەط یەعنی کە تێیدا خود بەخود قەل بوو بەبەط (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٤٢)**

بەشێکی گرنگی خودێتی شیعری نالی ئەو شانازیکردنەیەتی بە توانای شیعریی خۆیەوە کە لەچەند شوێنێک بەرچاومان دەکەوێت، کە تەنانەت بەبەراوورد بە شاعیرانی تری کلاسیکیش ئەم شانازییە لای نالی زیاترە، بۆ نموونە دەڵێت:

**ظاهیر و باطین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**
**ئاشنای سیڕڕی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس نەما (دیوانی نالی ، ١٩٧٦: ١٣١)**

**نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**
**بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکا ( دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٠)**

**دووەم:سروشت :**

سروشت لەشیعردا ئەگەر ڕەنگدانەوەی دیاردەو ڕەگەزەکانی بێت، ئەوا لای نالی پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، بەوپێیەش کە سروشت هەر لەسەرەتاوە کاریگەری لەسەر هەست و خەیاڵ و سۆزی مرۆڤ کردووە، ئەوا بێگومان لای کەسێکی وەکو نالی بەو خەیاڵە فراوانە و توانا شیعرییەوە چەندان جار زیاتر و زیاتر دەبێت"سروشت بەڕەگەز و دیاردەکانییەوە بابەتێکی گرنگە بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکانی نالی، گوڵ و بولبول لەوێنە شیعرییەکانی شوێنێکی دیاریان هەیە، نالی دە جۆر گوڵی لە وێنە شیعرییەکاندا مەزراندووە، لەبارەی ڕوانینی نالی بۆ گوڵ، د.مارف خەزنەدار دەڵێت: نالی گوڵ وەکو خەڵکیتر نابینێت، یا گوڵ وەکو شاعیرانی تر نابینێت، بینینی ئەو تایبەتییە، بۆیە شیعرەکانی ئەو بووە بە داهێنان و لوتکەی ئەدەبی هەرە بەرز، بولبولیش لای ئەو دەبێتە عاشق و بۆ گوڵ دەخوێنێت"(حەمە، ٢٠٠١: ٤٢)، ئێمە لیرەدا نامانەوێت باسی جۆنییەتی و چەندێتی و جۆرەکانی گوڵ بکەین لای نالی[1]، بەڵکو وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکیانەی سروشت مەبەستمانە لێی بدوێین.

ڕەنگە بوترێت کە سروشت ڕەگەزێکی هاوبەشە لەنێوان زۆربەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا، بەڵام ئێمە وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکیانە هەست بەو سروشتە دەکەین کە لەشیعرەکانی نالیدا ڕەنگیان داوەتەوە، نەک هەر وەکو کەرەستەیەک بۆ خزمەتی لایەنی ڕەوانبێژی و چوواندنی یار بە دیاردە و پێکهاتەکانی سروشت، وەک لای زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە لەم شیعرەی خوارەوەدا چەند بە قوڵی و هەستێکی ڕۆمانتیکانەوە وەک هونەرمەندێکی فۆتۆگرافەر وێنەی سەرەتای بەهارو پشکووتنی گوڵ و خونچەو با و شەونم و نەسیمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

**گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**
**پـــــــشکۆی گوڵاتەشین بەنەسیم بوو گەشایەوە**

**لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ**
**نـــــــــاوی کە پڕ خەڵوزە بەشەبنم گەشایەوە**

**گوڵ زاری وا، کەهەرچی دەمێکی بوو پێکەنی**
**غونچەی گەشا کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٤٨)**

یاخود لەشوێنێکی تردا دیمەنێکی پڕ لەوێنەی ناسکی سەرو و نارەوەن(دوو جۆر درەختن)مان پیشاندەدات، کە بەنەسیمی بەهار دێن و دەچن وەک ئەو کوڕو کچە لاوانەی لەشاییدا دەستی یەکیان گرتووە، ئەمە لە جوانی و کەیف و خۆشیدا، لە هەمان کاتدا لە ویقار و شکۆ و جوانی و بەرگ و تاجی گوڵینیشیانەوە لە پاشاکان دەچن، دەڵێت:

**دەس بەندییانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن**
**صاحێب کولاە و سایە و بەرگن وەکو مولوک (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٥٧)**

ئاهەنگەکە کۆتاپی پێنایەت و چەند وینەیەکی ترمان پیشان دەدات ،کە بە هەموویان پێمان دەڵێت زاووزێ و زۆربوونی سرووشت بەدارو گووڵ و بولبول و پێکهێنەرەکانییەوە لەبەهاردا دەبێت، لەلایەک بولبول بووە بەزاوا و خونچە بە بووک ، جیلوەی جوانی بەهاریش بەهەموو دیمەنە ئەفسوناوییەکانییەوە بووە بەئاهەنگەکەیان، لەلایەکی ترەوە کانی خەریکە بە ئاو دەزێت، کەمەبەست لە تەقین و ژیانەوەی کانییە لەبەهاردا کە ئاوی لێ دێتەدەرەوە. لەلایەکیتر وا درەخت بە با ئاوس دەبێت، کەمەبەست لێی گواستنەوەی ئەو گۆپکە و تۆوی درەختانەیە لەدارێکەوە بۆ دارێکیتر کە با دەیانگوازێتەوەو بەهۆیەوە چرۆدەکەن و گۆپکەی پێ دەکەن،کە ئەمە دیاردەیەکی سروشتییەو لەکوردەواریدا پێی دەوترێت(بای دارئاوس) کەمەگەر هەر نالی بتوانێت ئەم هەموو گۆرانکارییە ژینگەیی و سروشتییانە لەدێڕێکدا کۆ بکاتەوە و دەڵێت:

**کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**
**شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بوک (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٥٨)**

هەر لەم بارەیەوە لەشیعرێکی تردا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**گوڵ تاجی لەسەرنا و ، چەمەن مەخمەڵی پۆشی**
**هات موژدە کە خەلعەت گەیە بەر بە موباهات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٤٢)**

لەم شیعرەی خوارەوەدا گفتوگۆو دەردەدڵێک لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکات، کە لەسینەی نالیدا خۆی بە عەزابدراو دەزانێت و وەک بولبولێک لەقەفەزدا داوای ئازادی و ناو سروشت دەکات، ئێمە لێرەدا بۆیە مەبەستمانە باسیکەین، کە نالی لە دێڕی دووەمدا فەزڵ و گەورەیی سرووشت و چوونە ناو باغ و بولبول و گووڵ، دەدات

بەسەر دەرس و کتێب و مەدرەسەردا. مەسعود محەمەد لەلێکدانەوەی دێڕی یەکەمدا ڕایەکی جیاوازی هەیە لە مامۆستا عەبدالکەریمی مودەریس کە لەدیوانەکەیدا بۆ ئەم شیعرەی کردووە،کە ئێمە خۆشمان لەگەڵ ڕای مەسعود محەمەدین و بەدروستتری دەزانین، مامۆستای مودەریس دێڕی یەکەم وا لیکدەداتەوە کە گوایە نالی دەڵێت: من جوابی دڵم نادەمەوە کە داوام لێدەکات ڕێگای بدەم تۆزێک بۆخۆی ڕابوێرێ، یان بۆخۆی حەزی لەچییە بیکا، بێ دڵی ناکەم،هەرچەندە ئاماژەیەکی کورتیشی پێدەکات، بەڵام وەکو مامۆستا مەسعود محمد ناپێکێ، کە ئەو ئەم شیعرە زۆر بە وردتر دەبینێت و بە تەڵەیەکی دەزانێت بۆ خوینەرانی دوای خۆی(کە ئەمە لەنالی چاوەروانکراوە، چونکە لەچەند شوێنیتر باسی تەڵەی شیعرەکانی کردووە). مەسعود محمد دەڵێت: (نالی دەیەوێت بڵێت: ڕێگری لەدڵم ناکەم و ئەو ڕاست دەکات، من خۆشم وەکو دڵم چەمەن و گوڵم پێخۆشترە لەدەرس و کیتابی ناو سینەم، دێڕی دووەم دەبێت بە بەڵگەی ئەم بۆچوونە)(محەمەد، ١٩٧٦: ٣٦)، ئەمە جگە لەوەی مەسعود محەمەد گریمانەیەکی تریش بۆ لێکدانەوەی دێڕی یەکەم دادەنیت، کە ئێمە ناچینە ناو ئەو وردەکارییەوە. نالی لە شیعرەکەدا دەڵێت:

**دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، جەوابی نادەم**
**مەددەتێکە لەقەفەسدایە، عەزابی نـــــــــــادەم**

**مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و مول**
**بە دوصەد مەدرەسەو و دەرس و کیتابی نادەم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٠٥)**

## سێیەم:ئازادی لەدەربڕیندا :

کاتێک باسی ئازادی دەربڕین دەکەین لای ڕۆمانتیکەکان، ئەوا راستەوخۆ خەیاڵمان بۆ ئەو پرەنسیپانە دەچێت کە لەچوارچێوەی ئازادی تاکەکەسی و گشتیدا لەڕووی ئازادی فکری و ئازادی سۆز و دەرگاکردنەوە بەڕووی خەیاڵدا دەردەکەون، ڕاستە ئەمانە بەڕوونی لەشیعری نوێ(ڕۆمانتیک)دا دەردەکەون، بەڵام لە ئەزموونی شیعریی نالیدا، هەرچەندە پەیڕەوی کێش و سەرواو دەستوورەکانی کلاسیزمی کردووە، بەڵام ناکرێ توانای شیعریی لەم ڕوانگەوە نادیدە بگرین و لەتەرازووی بەراوردی داهێنانەکانی، لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و شاعیرانی تری ئەم قوتابخانەیە لاسەنگییەکە هەست پێنەکەین. هەر ئەوەی کە"نالی لەشیعرەکانی خۆیدا بۆیەکەمجار زمانێکی کوردی دەخاتە نێو هەمبانەی مەعریفەی مرۆڤی کوردەوە، کە ئەو زمانە کوردییە زۆر ورد و دروستە ، کە دەڵێم ورد و دروستە بە مانا ڕێزمانییەکەی، بە مانا وشەییەکەی، بەمانا قامووسییەکەی"( یەعقوبی، ٢٠٢١: ٢١٤)هەر ئەم هەنگاوە خۆی بەشێکە لەو ئازادییە تاکەکەسییەی نالی کە لەشیعرەکانیدا ئەزموونی کردووە، ڕەنگە شیعری(طەبعی شەککەرباری من) جوانترین بەڵگەی ئازادیی خودی و ئازادی دەربڕین و بەزاندنی سنووری شاعیرانی پێش خۆی بێ، کە بەر لەهەموو کەس ئەم ئاڵنگارییەی ڕووبەڕووی خۆی کردووەتەوەو دەڵێت:

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە(عمدا) وادەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٦)**

ئەم ئیمتیحانی خۆکردنە لەسەر(چۆنییەتی)یە، ئەم چۆنییەتیەش کاتێک دەردەکەوێت خۆی وتەنی کە(طالیبی مەعنا)بیت.

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٧)**

لێرەوە نالی ئازادی لەدەربڕیندا هەبووە، ئەم بانگەشەی ئازادی بەخۆدانەش تەنها وەسف و پیاهەڵدانی توانای شیعریی خۆی نەبووە و بەس، بەڵکو هەر بەڕاستی بەربەستەکانی تێپەڕاندووە، بڕوانە چۆن لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا شیعرێکی موتوربەکراوی بەو ئاستە هونەرییە بەرزە نوسیوە، کە دەڵێت:

**دَرُونِی لِدارِ ال (شّارَزُورِ ) وَبَرْدِهِ**
**کَفْرْ مِیسْكِ كَرَمِ اِلـــــــی آوِ سَـــــــــــــــزْدِهِ**

**تَرَی وَرْدَهُ قُوتاً وَ جُوتاً وَ سایِقاً**
**فَیا قُوتَتِي مِنْ جُوتِهِ ثُمّ فَرْدِهِ (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٣)**

ئەم شیعرەی سەرەوە کە لە نۆ دێڕ پێکهاتووە، بەو تەکنیکە بەرزەی کە نوسراوە، هەروەک مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێت"نالی لەم پارچە شیعرە نایابەیدا، کە چ لەبارەی دەوڵەمەندی سۆز و چ لەبارەی تەکنیکی هونەرییەوە، پێشەنگە و بەر لەو چەشنی لەکوردیدا نەبینراوە، کۆمەڵێ وشەی کوردی و عەرەبی و کوردی-عەرەبی بەکارهێناوەو تێکڕا بەشێوەی عەرەبی داڕشتوون و پێڕەوی دەستوری زمانی عەرەبی و سەروبۆر و ژێری دوا پیتی وشەی لەزمانی عەرەبیدا بەسەردا بڕیون"(دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠١). ئەمەش هەنگاوێکی داهێنەرانەیەو دەربازبوونە لەپابەندبوونی نووسین بەدەستووری وشەی زمانێکی دیاریکراوەوە، دیارە ئەم بوێرییەش هەر لەنالی چاوەڕواندەکرێت کە ئەو ئازادییە بەخۆی بدات لەدەربڕیندا.

## چوارەم:هەڵچوونە کەسییەکان

شاعیران بەشێوەیەکی گشتی کەسانێکی هەستیارن بەرامبەر ڕووداوو کاریگەرییە دەرەکییەکان، ئاگری گۆڕانکارییە کەسییەکان بەخۆش و ناخۆشەکانیانەوە دەروونی شاعیر دەخەنە جۆش و هەڵچوون، شاعیری ڕۆمانتیک دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکانییەوەو شیعر دەبێتە دەرچەیەک بۆ هاتنە دەرەوەی ئەو هەستە پەنگخواردووەی دەروون. نالی کاریگەری زۆرێک لەو بەرزو نزمییانەی ژیانی لەچوارچێوەی هەڵچوونێکی کەسیدا لەڕێگەی شیعرەکانییەوە دەردەخات، چ هەڵچوونە سۆزدارییەکانی یان کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییەکانی یان غوربەتی غەریبی و نامۆییەکانی.

زۆرجار لە بێ مەیلی دولبەرەکەی، ئەو دولبەرەی کە ئەوەندە شیرینە بەلایەوە، کەپێی وایە لەبەر پێکەنینی ئەو گوڵ دەپشکوێت و شەککەر دەبارێ، کەچی ئەوەندە سینەی پڕکردووە لەمەراق ، ئاگارداری ئەکاتەوە کە بترسێ، نەوەک ڕۆژێک ئەم سندوقەی سینەم کە پڕ لەئاگری خەم و بێوەفایی تۆیە بەربێتە تەخت و تاراجت، یان ئاهی سینەم ئەوەندە کاریگەربێت ئاگر لە تەختی تۆ بەربدات، یان بە مانایەکیتر سینەم بەجۆرێک پڕە لەئاگری سۆزی دووری تۆ، ڕەنگە کە مردم تەختەی تابووتەکەم بسووتێنێت و ئاگر لە تەخت و تابووتم بەربدەم. دەڵێت:

**لەسندوقی پڕی سینەم بترسە**
**کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابوت (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٤٩)**

یان لەشوێنێکی تردا لەوپەری هەڵچوونی چاوەڕوانیدا و لە بێئومێدی هاتنی یاردا، هاواری مەرگ دەکات بۆ نایەت گیانی بکێشێ، چونکە گوایە وەعدی هاتنی یار بەستراوەتەوە بە مەرگی نالییەوە، دەڵێت:

**گوتت"نالی" ئەتۆ بمرە ئەمن دێم**
**خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خودا کەی (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٧١٠)**

(نالی)یەک ئەوەندە تامەزرۆی دیداری یارە، بانگی مەرگ دەکات لەبەر خاتری بینینێکی یار، کەچی موددەعی هاتووە لۆمەی دەکات و داوادەکات سەبری هەبێت و خۆڕاگربێت، بۆیە نالی بەمە تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت(هەی گوێدرێژ) عاشق کەی توانای سەبرگرتنی هەیە و قەراری گرتووە؟!

**موددەعی زەجرم دەکات و پێم دەڵێ: صەبرت بێ**
**کەر بە لەعنەت بێ کە کەی عاشق قەراری گرتووە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٤٣)**

یەکێکیتر لەو هەڵچوونە دەروونیە حەزینە خودییانەی نالی، کە تیایدا ناخی وەکو ئاگر قوڵپ ئەدات، ئەو قەسیدە مەشهورەیە کە لە غوربەتەوە دوای ڕوخانی میرنشینی بابان ، بۆ زانینی هەواڵی شارەزوور و سلێمانی و حوجرەکەی دەینێرێت، کە پڕە لەهەڵچوونێکی پڕ لەسۆزی حەزینانە، ڕەنگە سەراپای قەسیدەکە بۆنی هەڵچوونێکی قووڵی هەندێکجار ئاشکراو هەندێکجار شاراوەی لێبێت، ناکرێت لەسەر هەموو قەسیدەکە بدوێین، تەنیا چەند دێڕێکی وەردەگرین، قولترینیان ڕەنگە ئەم دێڕەبێت کە وەک مامۆستای مودەڕیس دەڵێت: هەرچی ژان و تلانەوەو سوێی نالی هەیە لەم قەسیدەیەدا گوشراوەتە ئەم بەیتەوە کە دەڵێت:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٩٧)**

### پێنجەم:وێنەی هونەری:

وێنەی هونەری ڕەگەزێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو ئەو قۆناغانەی کە شیعر پێیدا تێپەڕیوە، چونکە هیچ شیعرێک خاڵی نییە لە وێنەی هونەری، بەو پێیەی کە شیعر دەربڕی هەست و سۆزی شاعیرە، هەر ئەم هەست و سۆزەش دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنەکەو زۆرجاریش کەشفکردنی هەست و سۆزو سەلیقەی شاعیر، چونکە"لەڕێگەی ئەو وێنە شیعرییە خەیاڵییەوە لەناو قەسیدە، هەست و سۆزی شاعیر یان نووسەر دەگاتە خوێنەر ، چونکە وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەکێشانی واتای ژیری و سۆزی و خەیاڵاوی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شتدا کە دەتوانرێت بەگەلێک شێواز وێنەی بکێشرێت"(عیسی، ٢٠٠٩: ٢٩). بیرتیژی و خەیاڵ فراوانی نالی تینوێتی خوێنەری شکاندووە لە درووستکردنی وێنەی هونەریدا، نەک هەر وێنەیەک کە دەسەڵاتی نالیمان بۆ دەرخات بەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەلاغەدا، بەڵکو هەندێک جار وێنەی ڕۆمانتیکیانەی لەچوارچێوەی عەروزدا داڕشتووە، یەکێک لەو شیعرانەی کە پڕە لەوێنەی هونەری بەهەمووڕەگەزەکانی وێنەی هونەرییەوە، هەر لە سۆز و خەیاڵ و واقیع و بیر و ...هتد، ئەو شیعرەیە کە بۆ چۆنییەتی حوجرەکەی نووسیوە، کە چەندین وێنەی هونەری بەرزمان بۆ دەخاتە ڕوو لەسەر ئەو چۆنییەتییە و لەسەرەتای شیعرەکەوە دەڵێت:

**وەک قەفەز ئەم حوجرە کۆن تێپە کەوا گرتوومییە ناو**
**تار و پۆی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومـــــە داو**

**دودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن**
**بان و دیواری بە مێشلی لانکەی ئەجزا شکـــــــاو**

**هەر لەسەربان دار بەداری ڕایەڵی بژمێرە وەک**
**لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێت بەناو (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٥٧)**

دەڵێت حوجرەکەم وەکو قەفەز کۆن کۆنە، لەناچاریدا ماومەتەوە، ئەگینا وەک تان و پۆی جاڵجاڵۆکە وایە، لەلایەک دووکەڵ بمیچی گرتووە و وەکو دەسرازەیەکی کۆنی کۆن کۆنی شاش ودڕاو بەسەر بێشکەیەکدا درابێت و لەلایەک دیوارەکانی وەکو بێشکەی شکاویان لێهاتووە، بانەکەی بەجۆرێک شاش بووە، دارەکانی لەسەرەوە دەژمێردرێن وەک ئەو بارگیرە لەڕەی لەسەرەمەرگدا پەراسووەکانی بەدەرکەوتوون.

یەکێک لە ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری بریتییە لە(بەکەسکردن)، نالی دەڵێت:

**ئەم بچێ ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران**
**ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک و قەترە هەزار (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٣)**

هەستان و دانیشتن سیفاتی مرۆڤە، نالی ئەم سیفاتەی بەخشیوە بە ئەندامی نێرینە و مێینەی ژن و پیاو کاتێک بۆلای یەک دەچن.

وردبوونەوەی نالی لەکەرەستەکانی دەوروبەری و بەکۆمەکی خەیاڵ، دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین وێنەی هونەری بەرز، بەکەرەستەگەلێک کە زۆر نامۆن، چونکە نالی لەڕێگەی ڕامان و قووڵبوونەوە لەگەڵ ژینگەدا کارلێک دەکات و کەرەستەو شتەکانی دەوروبەری وەک کارای یاریدەدەر سوودیان بەنالی گەیاندووە و لەئەنجامی ئەم کارلێکە شتێکی نوێ هاتووەتە بەرهەم، لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا بە چەند کەرەستەیەکی وەک( داری سیواک و بخورد و توتن و دارجگەرە)وە، وێنەیەکی هونەری بەرزی چارەنووسمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

**داری ئەراک و داری هیند هەردوو کە عودە ئیسمیان**
**هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبولەهەب دەکـــــــا**

**سەهم و نەصیبی ئەصلییە، بەحثی گیاە و گڵ نییە**
**توتنە خەرجی سوتنە مودنە ماچی لەب دەکا (دیونی نالی، ١٩٧٦: ٩٩)**

دەڵێت بۆئەوەی کە دڵنیابیت هەموو شتێک چارەنووسە و لەئەزەلەوە دانراوە، سەیری داری سیواک و داری بخور بکە، کە هەردووکیان دارێکی ئاسایین، کەچی ئەویان سوننەتێکی پێ جێبەجێ دەکرێت و ئەمیان دەسوتێنرێت، هەروەک چۆن کە لە پرۆسەی جگەرەکێشاندا تووتن کە مەبەستی سەرەکی جگەرەکێشە دەسوتێنرێت، کەچی دارجگەرە کە هۆکارێکی لاوەکییە بەشوێنێکی نازداری وەک لێوەوە دەنرێت.

مەسعودمحمد لەبارەی توانای نالی بەسەر وێنەی هونەریدا دەڵێت:"نالی بەناو ڕایەڵی ئەو هونەرە بەرزانە و هی تریشدا هاتوچۆی بە زاتە هەستیارە جۆشاوە سیحربازە دەستڕەنگینە بلیمەتەکەی خۆی کردووەو بەهۆی دەسەڵاتی هونەرمەندانەی یەکجار دەوڵەمەندییەوە لەناخی دڵ و قوڵایی گیانەوە کڵافەی ڕەنگاوڕەنگی ئاوێتە لەسۆزی ئاگرین و پوختەیی تێروتەژیی لەو ڕایەڵانە ئاڵاندووەو پارچە هەڵبەستی گەوهەردار و ئاورینگاری لێ هۆندوونەوە، هەرگیز داوی کڵافەکانیشی کورتیان نەهێناوە بەبەر قەڵافەتی پەیکەری خولیاوە" (محمد، ١٩٧٦: ١٢١)، دیارە بناغەی ئەم پارچە هەڵبەستە گەوهەردارانەش ئەو وێنە هونەرییە بەرزانەن کە لە بنیاتی هۆنراوەکانیدا بوونیان هەیە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەو وێنە هونەرییانە..

**پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٨)**

یەکێک لەهەرە وێنە جوانەکانی نالییە، کە خێلی چاوی خۆشەویستەکەی بە بەرزونزمی تەرازووی نازکردنی دادەنیت، نەک خێلی.

### شەشەم:سۆز :

سۆز بنەماو ڕەگەزێکی گرنگ و دیاری شیعرە بەگشتی و شیعری ڕۆمانتیکی بەتایبەتی، چونکە تەوژمی تەزوویەکی بەهێزە بەناو ناخی شاعیردا هاتووچۆ دەکات، هەرچەندە" ئەدەبی کلاسیکی زۆرتر لەسەر بیرو هۆش چەسپابوو، کە لەدنیای ئەدەبییدا وەسف کراوە بە ئەدەبێکی هۆش و بیر، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە بڕای

بڕای بەلای سۆزو ئەندێشەدا نەچووە، بگرە جاری وابووە لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا سۆزو ئەندێشەیەکی وایان دەربڕیووە، بەزیادەوە لەئەدەبی ڕۆمانتیکی، بەلام لەهەمان کاتدا ئەم سۆزو ئەندێشەیە دیسان لەژێر چاودێری هۆشدا بووە" { ڕەشید: ١٩٨٩، ٢٠}، ئەم سۆزە زۆر جار لای نالی هەستی پێدەکرێت و بەزۆر شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت، ڕەنگە قووڵترین سۆز لای نالی لە قەسیدەی چامە بەناوبانگەکەیدا بێت بۆ سلێمانی، کە پڕە لەسۆزێکی قووڵی غەریبانە، کە سەرتاپای قەسیدەکە سۆزێکی خودیی بەسەریدا زاڵە، بۆ نمونە لە بەشێکدا بە (با)ی قاسید دەڵێت: لەتاو غەریبی و تامەزرۆییم ماڵی خۆڕاگری و سەبرم سوتاوە و لەسوچێک کەوتووم و تەنها ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە زیکری (یا صەبور) بکەم، لەم ماڵوێرانییەمدا هەر ئاه هەڵکێشان و فرمێسک ڕشتنم بۆ ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر بەزەییت بەمنیشدا نایەت، لەبەر ئەم ئاهو فرمێسکانەم هەستە و درێغی مەکەو نامەکەم بگەیەنە...

**سوتا ڕەواقی خانەیی صەبرم دڵ و دەروون**
**نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا صەبـــــــــــور**

**هەم هەم ئەنانی ئاهـ و ، هەم هەم ڕیکابی ئەشک**
**ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٧)**

سۆزی نالی لەم قەسیدەیەدا ئەوەندە ورد و قووڵ دەبێتەوە لەسەر هەموو ئەو شوێنانە دەوەستێت کە بەشێکن لە شوێنی یادەوەرییەکانی نالی، ناتوانین نموونە بۆ هەموویان وەرگرین، بۆ وێنە لەباسی حەوزی حوجرەکەیدا دەڵێت:

**حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ**
**لێڵاوی دانەهاتووە وەک سەیلی(شیوەسور) (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٩٢)**

یەکێکی تر ئەو سۆزە قووڵەیە بۆ مردنی باوکی خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و سەراپای شیعرەکە ئاوێتەیە لە دڵدانەوە و سۆزی ناخی خۆی لەم ڕووداوەدا، لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریێم**
**گەوهەر بڕژێنین بە بولەندیی قەد و باڵات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٣٩)**

تەنانەت سۆزی ئاینیش بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ هەموو پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە لەو شیعرەدا کە بەم دێڕەی خوارەوە دەست پێدەکات سۆزێکی قووڵ بۆ مەککە و مەدینە و شوێنە پیرۆزەکانییان دەردەبڕێت و دەڵێت:

**وەی کە ڕوزەردی مەدینە و ڕوسیاهی مەککە خۆم**
**دەرکراو و دەربەدەر ، یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٩٩)**

ئەمە جگەی لەوەی لە زۆربەی شیعرەکانیدا سۆزێکی سۆزدارانەی دوور لەیار دەردەبڕێت کە لە زۆرێک لە شیعرە دڵدارییەکانیدا هەستی پێدەکەین..

**بێ دیدەوو دیداری ، هەمو خوێنە دەگریێم**
**یەعنی گوڵ و نێرگز کە نەبێ ، لالە دەنێژم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٧٧)**

**حەوتەم:ئەندێشە :**

ئەندێشەو خەیاڵ فراوانی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسی داهێنەر،هەر ئەم تایبەتمەندییەشە کە کەسی داهێنەر لەکەسی ئاسایی جیادەکاتەوە، شاعیر هەتا خەیاڵی ورد و تیژ و فراوانتربێت وێنەی شیعری بەرزتر دروست دەکات، شیعریش ئەگەر وێنەیەکی بەرز دروست نەکات هیچ واتا و چێژێکی نابێت، ئەم تایبەتمەندییە لەناو شیعرەکانی نالیدا پێگەیەکی گرنگی هەیەو ئەندێشەی نالی هەتا ئەو شوێنەی خەیاڵ بوار بدات ڕۆشتووە، "خەیاڵی نالی دوای تێڕامان لە دیمەن و دیاردەو کەرەستەکانی سروشت، دیمەن و وێنەیەکی فرەڕەهەندی بەرهەمهێناوە، کە لەسەر بنیادێکی ستاتیکی دیمەن و شتە سادە و ساکارەکانی دایڕشتووەتەوە، واتە دوای ئەوەی کە نالی کەرەستەیەک یان دیاردەیەک یان وێنەو دیمەنێکی سادە لەدەورووبەری خۆی ئەباتە ناو دنیا خەیاڵییەکەی خۆی، لەوێ گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێنێت، بەپاڵپشتی بەها ئەدەبی و لایەنەکانی جوانناسی و دوای کارکردنێکی وردی خەیاڵ لەسەری، کەرەستەکە بە پڕرەنگتر و بەهادارتر لەڕێگەی وێنەیەکی شیعری یان دەقێکی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع دوای ئەوەی خەیاڵی نالی داهێنانی لێ موتوربە ئەکات"(مەلازادە، ٢٠١٦: ١٤٩). واتا کامێرای چاوی نالی کە دیمەنێک دەبینێت و بە شریتی خەیاڵیدا ئەو دیمەنە گوزەردەکات، وینەیەکی وەها جوانمان پیشان دەداتەوە کە ئێمە درکی پێناکەین، بڕوانە ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوە، لەرزینی قەدی گوڵ (کە دیاردەیەکی سروشتی گوڵە بەهۆی باوە)،دەیبەستێتەوە بە بای بادانی زوڵفی یارەکەی کە بۆ کپکردنی لاف و گەزافی گوڵ لەڕقا زوڵفی باداوە.

**گوڵ هاتە دەرێ ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا**
**لەرزی قەدی بەرزی لەڕقا زوڵفی کە بادا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٨٣)**

ڕەنگە هەمووومان ئەو پڕۆسەیەی لەرزینی گوڵە ببینین، بەڵام خەیاڵی کەسمان درک بەو وێنەیە نەکات، یان لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**لافی دەمی تۆ غونچە لە دەمیا بو، بە (عەمدا)**
**با خوستی بڕی، خستی، کە مستێکی لەدەمدا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٩٤)**

دیارە یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانتیکی جڵەوشلکردنە بۆ خەیاڵ، تا سنووری ئەستەم، هەموو رەگەزەکانی شیعریش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،پتەوترین پەیوەندی ئەندێشە لەگەڵ سۆزدایە، واتە هەتا سۆزەکە بەهێزتر بێت ئەندێشەیەکی فراوانتر دەخولقێنێت لای شاعیر، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرەی خوارەوە تێدەگەین کە ئەوە سۆزی بەهێزی نالییە کە ئەندێشەی گەیاندووەتە ئەو ئاستەی لەوەسفی ئاوی سەرچناردا بڵێت:

**یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا**
**ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەک شەهابی نور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٩)**

یاخود دەڵێت:

**دەموت دو چاوی خۆمە ئەگەر(بەکرەجۆ)ی ئەشک**
**نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر و گەرم و سوێر و سور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٨٠)**

جگە لەوەی ئەم ئەندێشە فراوانییە مەبەستێکی ئیستاتیکی لە پشتەوەیە، لەهەمانکاتدا هەندێک جار داهێنان و ڕەمز و ڕاڤەکاریش دەگرێتەوە،کە دەوترێت داهێنان مەبەست "لەو ئەندێشەیەیە کە وێنەی نوێ بەرهەم دەهێنێ، دیارە ئەم چەشنە ئەندێشەیەش پشت بەتاقیکردنەوەی شاعیر دەبەستێت، لەئاکامی پەیوەندی بە دەورووبەرەوە ئەو وێنە نوێیانە بەرهەم دێن، دیاریشە تا تاقیکردنەوەکانی شاعیر فراوان و بەربڵاوبن، ئەوا ئەندێشەی شاعیر بەو ڕادەیە فراوان دەبن و وێنەی نوێ پێکدێنن"(مەولود، ٢٠٠٧: ٦١). زۆر جار هەست بەم وێنەو ئەندێشە داهێنەرانەیە دەکەین کە نالی هێناویەتی ، بۆ نمونە ناوهێنانی شاری شارەزوور، کە مەبەست لێی سلێمانییە، گوایە لەبەر چاوەزار ئەم ناوەی لێنراوە...

**شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم**
**بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٨٣)**

یا لەباسی ڕێگای مەککەدا،بە وردبوونەوە لە سوری خاکەکەیی و سپێتی داروبەردەکانی سەر ڕێگا بۆی دەرکەوتووە کە سورییەکە خوێنی ڕژاوی ئاشقانە و بەردەکان ئێسقانی ئاشقەکان و دارەکان تیرەکانن کە لەسەر ڕێگا کەوتوون، دیسان لە دێڕی دواتر دەڵێت: ئەو سوریی و سپێتییە ئێسقانی حوشتر و خوێنی ئینسانە لەو دەشتەدا کەوتووەو ڕژاوەو ئەو ڕەنگەی دروست کردووە.

**ئەگەرچی ڕێگە: خاکی خوێنە، دارو بەردی ئێسقانە**
**نیشانەی تیری ڕێگەی عەشقە ئەم ئێسقانە سپیانــــــــە**

**وتم: داخۆ چییە سور و سپی تێکەڵ؟! کە تێفکریم**
**سەراسەر کەلـلەیی ئوشتر، لەباڵەب خوێنی ئینسانە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٨٦)**

زۆر جار گرێیەک دروست دەکات و هەر خۆی لە نیوەدێڕی دووەمدا یان لەدێڕی دواتردا گرێکە دەکاتەوە، بۆ نمونە دەڵێت:

**موساوی وەک یەک و لولن لەهەردوو لاوە زوڵفەینی**
**نمونەی عەکسی حەرفی(میم) و (نون) و(واو)ە،زوڵفەینی (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٦٧٤)**

**لەبت میم و و قەدت ئەلف و زوڵفت چیم**
**دەزانی بەم سیانە طالیبی چیم ! (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣١٢)**

## ئەنجامەکان

1. ڕێبازە ئەدەبییەکان بازنەیەکی گرێدراوو بەیەکداچوو و پەیوەستن بەیەکەوە، بەجۆرێک کەم تا زۆر ڕەگەزی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بەشێوەیەک کە دەکرێت لەناو هەر ڕێبازێکدا ڕەگەزی ڕێبازێکیتر بدۆزینەوەو جیلوەی هەر ڕێبازێک لەناو ڕێبازەکانی تردا بدرەوشێتەوە.
2. ئەو قۆناغە مێژووییەی کە بەسەردەمی کلاسیک ناسراوەو چەندین نمونەی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی و بەشێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تریش بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی لەناو شیعرەکانی نالیدا، تەنانەت لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریشدا ئەم ڕەگەزانە ئامادەییان هەیە.
3. ئەگەرچی نالی شیعرەکانی لەڕووی تەکنیکییەوە دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیک و پەیڕەوی ئەو ڕێبازەن، بەڵام ناوەڕۆکییان پڕە لە ڕەگەزی ڕۆمانتیکی و دەیان نمونەی بەرزی ئەم مەبەستە، ئەمە جگە لە ڕەگەزی بەشێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تری وەک ڕیالیزم و سیمبولیزم و ...تاد.لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێن.
4. نالی هەرچەندە لەناو ڕێبازی کلاسیکدا توانا شیعرییەکانی خۆی خستووەتە گەڕ، بەڵام جگە لەداهێنانی لەناوەڕۆک و مەبەستەشیعرییەکانیدا، لەڕووی فۆڕم و تەکنیکیشەوە هەنگاوی گەورەی ناوەو بەجۆرێک خاوەن شێوازو ستایلێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە دەتوانرێت بەئاسانی بناسرێتەوەو تەنانەت ئەوانەش کە دوای خۆی کاریگەری نالییان بەسەرەوە بووە بناسرێنەوە.
5. لەشیعرەکانی نالیدا، هەریەک لە ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی (وێنەی هونەری و خودی) بەبەراورد بە ڕەگەزەکانیتر، زۆرەترین نموونەی بەرچاوە.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، مەریوان حمەکریم: ٢٠٢٢، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری (سالم)دا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد،کەژاڵ حەمەامین: ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

ئەرستۆتالیس:٢٠١١،هونەری شیعر،چاپی دووەم،عەزیز گەردی، سلێمانی،چاپ و پەخشی ڕێنما.

ئیسماعیل،سروود وەلی: ٢٠٠٨، سروشت لەشیعری کوردیدا، لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێردو گۆراندا، زانکۆی بەغداد، بەشی کوردی.

بەصیر، کامل حەسەن: ١٩٩٣، مێژووی ڕەخنەسازی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد.

پیرباڵ، فەرهاد: ٢٠٠٦، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، هەولێر،چاپخانەی منارە.

پیرباڵ، فەرهاد:٢٠٠٥، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر.

سالار، احمد: ١٩٨٥، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر.

سەجادی، عەلائەدین:٢٠٢١، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، بڵاوکراوەی کودستان، چاپی یەکەم.

حەمە، هیتلەر، ئەحمەد: ٢٠٠١، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

حوسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠١٠، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم.

ڕەشید، خورشید: ١٩٨٩، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

ڕەمضان،بێساران حمەکەریم: ٢٠١١، بنەما ڕۆمانسییەکان لەشیعری بێسارانی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

دیوانی نالی، ١٩٧٦، لێکۆڵینەوەو لیکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ، چاپی سێیەم.

عیسی، هاوژین سلێوە: ٢٠٠٩، بنیاتی وینەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

عەلی، دڵشاد: ٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عەزیز، سامان جەلال: ٢٠٢٢، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

فەتاح، ڕزگار عومەر: ٢٠١٤، ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محمد نووری دا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

قەرەداغی: عەلی شێخ عومەر:١٩٧٨، مەولەوی و سروشت، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد

کەسنەزانی،بوشرا، ٢٠٢١، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

کەریم، فەرهاد قادر:٢٠٠٩، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن: ٢٠٠٢، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محمد، ٢٠١٦، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەلازادە،د. ڕێبوار محمد: ٢٠٢٠، تیۆری ئەدەبی،دەقی شیعری کوردی لەتیۆری ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.

محمد،عبدالقادر حمەامین: ٢٠١٢، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی-کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

مەولود، ڕێزان ساڵح: ٢٠٠٧، ئەندێشەی شیعریی لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکیی کوردی لە کرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان

محەمەد، مەسعود: ١٩٧٦، چەپکێک لەگوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

یەعقووبی، عەبدولخالق: ٢٠٢١، نالی، ئاشنای سیڕری قەڵەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەڵوەن ، سلێمانی.

# بەکردارکردن لە زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانی)دا بە پێی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو

**محمد عمر عول، شالاو عبدالله صالح**

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئەم توێژینەوەیە لە پێواژۆی بەکردارکردن لە (زمانی کوردی/شێوەزاری سلێمانی)دا، بە پێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو( Distributed Morphology)، دەکۆڵێتەوە. (DM) ڕوانگەیەکی ڕستەسازییانە بە پێکهاتنی وشە دەبەخشێت. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕوانگەیەدا چۆنێتیی پێکهاتن و دروستەی هەرەمی کردارە بنەڕەتی و داڕێژراوەکان خراونەتەڕوو. بە گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هێنراوە.

**کلیلە ووشەکان:** مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو، بەپۆلەڕەگەزکردن، بەکردارکردن، کردار، دروستە.

## پێشەکی:

لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا بەپۆلەڕەگەزکردن (Categorization)لە ئەو گریمانەیەوە سەرچاوەیگرتووە، کە ڕەگ(Root)ەکان لە فەرهەنگی تەسکدا بێپۆلەڕەگەز(Categoryless)ن و وەک ئەتۆمێک بەشداری لە هەڵگواستنی ڕستەسازیدا دەکەن و لە ڕستەسازیدا پۆلەڕەگەز وەردەگرن. بەکردارکردن لە پاڵ بەناوکردن و بەئاوەڵناوکردن و بەئاوەڵکردارکردندا دەکەوێتە ژێر چەمکی بەپۆلەڕەگەزکردنەوە .

ئەم توێژینەوەیە بۆ (بەکردارکردن لە زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانی)دا بە پێی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو) تەرخانکراوە، بە پێی ئەم تیۆرە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی دروستەی کردارە بنەڕەتی و داڕێژراوەکانی (زمانی کوردی/شێوەزاری سلێمانی). توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بۆ ناساندنی لایەنی تیۆریی (DM)دیاریکراوە. بەشی دووەم بۆ لایەنی کارەکیی چۆنێتیی پێکهاتن و دروستەی هەرەمی کردارە بنەڕەتی و داڕێژراوەکان لە زمانی کوردیدا دیاریکراوە .

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە و لە ڕووی تیۆریشەوە پشت بە زاراوە و بۆچوونەکانی مینیماڵ پرۆگرام و تیۆری (DM) بەستراوە. ئەو نموونانەی لە توێژینەوەکەدا تیشکیانخراوەتەسەر، ئەو کردارە بنەڕەتی و داڕێژراوانەن، کە لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی (زمانی کوردیی/شێوەزاری سلێمانی)ەوە وەرگیراون.

## بەشی یەکەم
## تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو

### ١,١. چەمک و ناساندنی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو :

لە زمانەکاندا ڕەگەکان دەتوان لە شێوەی چەند پۆلەڕەگەزێکدا دەربکەون. ئەمە لە زمانی کوردیشدا وایە، بڕوانە نموونەکانی لە (١)دا هاتوون:

(١) (کورد√) :

أ. کورد : کورد نەتەوەیەکی دێرینە. (ناو)

ت. کوردی: ئەو جلی کوردی لەبەردایە. (ئاوەڵناو)

ب. کورداند : ئێمە ئەلفوبێی عەرەبیمان کورداند. (کردار)

پ. کوردانە : ئەو لە ئەوروپاش کوردانە دەژی. (ئاوەڵکردار)

لە *(DM)*دا گریمانەکردنی ڕەگی بێپۆلەڕەگەز لە ئەمەوە سەرچاوەیگرتووە و دەیەوێت ڕوونکردنەوەیەکی ڕستەسازییانە بۆ ئەم بارەی وشەکان پێشکەشبکات.

ئەم تیۆرە لە لایەن *(Morris Halle, Alec Maranz)*ەوە لە ساڵی (١٩٩٣)دا دامەزراوە و لە (مینیماڵ پرۆگرام)ی (چۆمسکی)ەوە سەرچاوەیگرتووە. کە بانگەشەی ئەوە دەکات، وشەکانیش بە هەمان شێوەی فرێزەکان لە ڕستەسازیدا دروستدەکرێن و تەلارسازیی *(Y-Model)*ی مینیماڵی وەک تەلارسازیی ڕێزمانەکەی وەرگرتووە. بڕوانە هێڵکاریی (١):




**هێڵکاریی (١): تەلارسازیی ڕێزمانی (DM). (Shawder, 2014, 1).**

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp109-118
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 4 حزيران 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 8 شباط 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :shalaw.salih@univsul.edu.iq, muhamad.awl@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 محمد عمر عول، شالاو عبدالله صالح. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

وەک لە تەلارسازییەکەدا دیارە، لە ئەم تیۆرەدا (مۆرفۆلۆژی) لە دوای ڕستەسازی دێت، کە *(Embick&Noyer)* بە ئەم شێوەیە پێناسەیانکردووە: (ئێمە مۆرفۆلۆژی وەک زاراوەیەکی بەرگ(*cover*) بۆ زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆن بەکاردەهێنین، کە لەسەر لقی (فۆرمی فۆنۆلۆژی) ڕوودەدەن، دوای ئەو خاڵەی، کە تێیدا هەڵگواستنی ڕستەسازی لە نێوان فۆرمی فۆنۆلۆژی و فۆرمی لۆژیکی شەقدەبێت). *(Embick&Noyer, 2001, 558)*. ئۆپەراسیۆنەکانیش ئەمانەن:

**١. ـ لێکدانی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Merger):**

ئەم ئۆپەراسیۆنە جووڵەی سەر دەگرێتەوە، کە لە دوای ڕستەسازی دروست، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی(*PF*)دا ڕوودەدات. کە بۆ یەکەم جار لە لایەن (مارانز)ەوە پێشنیازکراوە و بە ئەم شێوەیە پێناسەیکردووە:

ـ لە هەر ئاستێکی شیکاریی ڕستەسازیدا ... ڕەنگە پەیوەندییەک لە نێوان $X$ و $Y$ دا بەهۆی بەگیرەکگردنی سەری لێکسیکی $X$ بە سەری لێکسیکی $Y$ بەوە جێگەی بگیرێتەوە. *(Maranz, 1988, 261)*.

**٢ـ تێکەڵکردن (Fusion) :**

تێکەڵکردن ئۆپەراسیۆنێکە، کە تێیدا دوو گرێ لە ناو یەک گرێدا پێش جێگیرکردنی وشەکاری یەکدەگرن. (ئەمە بۆ ئەو بارانەیە، کە سیما(*Feature*)ە فەرمییەکان لە چەندان گرێی کۆتایی جیاوازەوە هەموویان لە لایەن یەک دانە(*Item*)ی وشەکارییەوە بەرجەستەدەکرێن). *(Siddiqi, 2006, 42)*.

**٣ـ دابەشکردن (Fission) :**

ئەم ئۆپەراسیۆنە پێچەوانەی تێکەڵکردنە. چونکە یەک جێکەوتەی دانە بۆ زیاتر لە جێکەوتەیەک دابەشدەکات. ئەمەش بۆ ئەو بارانەیە، کە ڕەنگە تاکە مۆرفیمێک لەگەڵ زیاتر لە دانەیەکی وشەکاریدا هاوتابێت.

**٤ـ هەژارکردن (Impoverishment) :**

هەژارکردن ئۆپەراسیۆنێکە، کە سیمایەکی مۆرفیمێک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەسڕێتەوە، لە دوای سڕینەوە، مۆرفیمەکە لە جێگیرکردنی هەر دانەیەکی وشەکاری، کە پێویستی بە ئەو سیمایە هەیە، هەڵدێت. *(Embick&Noyer, 2005, 17)*.

**٥ـ مۆرفیمی جیاکراوە (Dissociated Morpheme)/ زیادکردنی گرێکان و سیماکان:**

بریتین لە ئەو گرێ و سیمایانەی، کە بەپێی پێداویستییەکانی (باش پێکهاتن)ی زمانە دیاریکراوەکان لە *(PF)*دا زیاددەکرێن. ئەم پێداویستییانە کاریگەرییەکی ئاشکرایان هەیە و دەبێت قسەکەرانی زمان فێریبن، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی واتایی هەرگیز کۆکینین، بەڵکو تەنیا ڕازێنەرەوەی نواندنی ڕستەسازین. بۆ نموونە، فۆرمە جیاجیاکانی دۆخ، کە لە هەندێک زماندا لە سەر ناو و ئاوەڵناوەکان دەردەکەون.

**٦ـ جێگیرکردنی وشەکاری(Vocabulary Insersion) و بەهێڵیکردن (Linearization) :**

بە پێی ئەم تیۆرە، مۆرفیمەکان، کە بەشداری لە هەڵگواستنی ڕستەسازیدا دەکەن، نابەرجەستەن و فۆرمەکانیان لە پێواژۆیەکدا، کە پێیدەگوترێت: (جێگیرکردنی وشەکاری)، بە هۆی دانە وشەکارییەکانەوە دەنوێترێن. هەروەها ڕستەسازی دروستەکان بە شێوەی هەرەمی بنیادەکات و دواتر لە *(PF)*دا بەهێڵیدەکرێن. بۆ ئەمە دوو ئەگەر هەیە:

أ. بەهێڵیکردنی مۆرفیمە نابەرجەستەکان: بەهێڵیکردن لە پێش جێگیرکردنی وشەکارییەوە جێبەجێدەکرێت.

ب. بەهێڵیکردنی پارچە فۆنۆلۆژییەکان: بەهێڵیکردن لە دوای جێگیرکردنی وشەکارییەوە جێبەجێدەکرێت. *(Embick&Halle, 2004, 49)*.

**٧ـ یاساکانی ڕێکخستنەوە (Readjustment rules) :**

ئەو یاسایانەن، کە لە پێکهاتەی *(PF)*دا لەدوای جێگیرکردنی وشەکاری ڕوودەدەن و فۆرمی فۆنۆلۆژیی ئەو دانە وشەکارییانەی، کە پێشتر جێگیرکراون، دەگۆڕن.

**١. ٢. لیستی مۆرفیم و دانەکان لە (DM)دا :**

بە پێی ئەم تیۆرە وشە و فرێزیش بەرهەمی ڕستەسازین. هەر بۆیە هیچ فەرهەنگێکی بەرهەمهێنەر، کە وشەکان تێیدا دروستبکرابن و هەڵگیرابن، بوونی نییە. واتا (هیچ شتێک(کەرەستە/ *object*)ێکی ئاڵۆز لە یادگەدا هەڵناگیرێت: بەڵکو دەبێت هەر کەرەستەیەکی ئاڵۆز، هەر جارێک، کە بەکاردەهێنرێت، لە لایەن ڕێزمانەوە هەڵبگوێزرێت). *(Embick, 2015, 21)* هەر بۆیە *(DM)* فەرهەنگی نەریتی دەتەقێنێتەوە و بۆ سێ لیست دابەشیدەکات، کە بریتین لە:

**أ. لیستی مۆرفیمەکان:**

ئەم لیستە، یاخود "فەرهەنگی تەسک" جێگەی فەرهەنگ بە ڕاستەوخۆترین شێواز دەگرێتەوە، بە جۆرێک ئەو یەکانە دابیندەکات، کە ڕستەسازی کاریان لەسەر دەکات. ئەم لیستە ڕەگە ئەتۆمییەکانی زمان و چەپکە ئەتۆمییەکانی سیما ڕێزمانییەکان لەخۆدەگرێت. *(Maranz, 1998, 2)*. واتا ئەم لیستە بەرهەمهێنەرە و تێکردە بۆ ڕستەسازی دابیندەکات. مۆرفیمەکان بە ئەم جۆرەن:

**١. مۆرفیمە نابەرجەستەکان/مۆرفیمە ئەرکییەکان :** ئەمانە تەنیا لە سیما نافۆنەتیکییەکان پێکدێن، وەک [ڕابوردوو]، [کۆ]، [ بەپۆلەڕەگەزکەر]، یان ئەو سیمایانەی، کە گرێی دەرخەری پێکدەهێنن، وەک مۆرفیمی ناساندن.

**٢. ڕەگەکان :** ئەمانە پۆلی کراوە، یان مۆرفیمە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، کە لە مۆرفیمەکانی وەک: (شاخ$\sqrt{}$, بڕ$\sqrt{}$, ...) پێکدێن. شایەنی باسە نووسینی ڕەگەکان بە ئەم شێوەیە: (شاخ$\sqrt{}$)، بەواتای ڕەگێکی بێپۆلەڕەگەزی نابەرجەستە دێت. کاتێکیش لە ژێر ڕەگدا نەبێت، بە واتای دانەیەکی وشەکاری بەرجەستە دێت، کە ڕەگەکەی نواندووە.

شایەنی باسە مۆرفیمە ئەرکییەکان لە ئەو سیمایانە پێکهاتوون، کە جیهانی(*Universal*)ن و لە لایەن ڕێزمانی گشتییەوە بەردەستکراون، بەڵام ڕەگەکان پەیوەستکردنی دەنگ و واتای زمانێکی دیاریکراون.

**ب. لیستی دانە وشەکارییەکان/Vocabulary Items :**

ئەم لیستە دانەی وشەکاریی لێکسیکی(*LVI*) و دانەی وشەکاریی ئەرکی(*FVI*) و یاساکانە، کە ناوەڕۆکی فۆنۆلۆژییانە بۆ مۆرفیمە نابەرجەستەکان دابیندەکات. هەروەها (وشەکاری بە پێی سروشتەکەی بەرهەمهێنەرنییە، بەڵام دەتوانرێت فراوانبکرێت). *(Pfau, 2000, 84)*.

**ج ـ لیستی ئینسایکلۆپیدیا(Encyclopedia):**

ئەم لیستە هەم لێکدانەوەی زیادە(*extra*)ی ڕێزمانی و هەم ئیدیۆمی لەخۆدەگرێت. (ئینسایکلۆپیدیا واتا تایبەتەکانی ڕەگە دیاریکراوەکان، بە گوێرەی دەوروبەر(*Context*)ی

ڕستەسازیی ڕەگەکان لیستدەکات). *(Maranz, 1998, 3)*. ئەم لیستە بە هەمان شێوەی لیستی وشەکاری بەرهەمهێنەرنییە، بەڵام دەتوانرێت فراوانبکرێت.

### ٣,١. هاونواندن(Syncretism) و ئەلۆمۆرف لە (DM)دا:

#### ١,٣,١. هاونواندن(Syncretism) :

مۆرفیمە نابەرجەستەکان لە ئەم تیۆرەدا دەبنە تێکردەی ڕستەسازی و دواتر لە ڕێگەی جێگیرکردنی وشەکارییەوە دانەی وشەکارییان لە سەر لقی فۆرمی فۆنۆلۆژی بۆ جێگیردەکرێت. ئەمە ئامرازێک بۆ لەخۆگرتنی هاونواندن بە شێوازێکی پێڕەوبەند دابیندەکات و لە هاوەدەنگی بەرێکەوت جیایدەکاتەوە. کاتێک هاوەدەنگی بەرێکەت ڕوودەدات، کە دوو مۆرفیمی جیاواز، یان زیاتر، کە واتای جیاواز لەخۆدەگرن و لە ژینگەی ڕستەسازی_واتایی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، بەهۆی دوو دانەی وشەکاری هاوشێوە، یان زیاترەوە دەنوێنرێن. واتا دانەکان جیاوازن و تەنیا بە ڕێکەوت فۆرمەکانیان وەک یەکن. دەشێت ئەم مۆرفیمانە ئەرکین، یاخود ڕەگبن. بۆ نموونە: ڕەگی وشەی زار (بە واتای ئەندامێکی جەستە)، زار (بە واتای زاری یاریکردن). بەڵام (هاونواندن بەرجەستەکردنی دوو مۆرفیمی ئەرکی جیاوازە بە هۆی هەمان فۆرمی فۆنۆلۆژییەوە). *(AlQahtani&AlMufarrej, 2021, 513)*. بە ئەم پێیە هاونواندن تەنیا بۆ مۆرفیمە ئەرکییەکان ڕوودەدات، بەڵام بۆ ڕەگەکان ڕوونادات. هەروەها ئەم مۆرفیمە ئەرکییانە ناوەڕۆکی سیمایی هاوبەشیان لە ژینگە بەهاونواندنبووەکاندا هەیە، بۆیە بە هۆی هەمان دانەوە دەنوێنرێن. بۆ نموونە مۆرفیمی ڕێککەوتنی کرداریی بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ لە دەستەی (م_ ین) لە زمانی کوردیدا بە ئەم شێوەیەیە، کە لە (١)دا هاتووە:

(١) چەپکە سیما ڕستەسازییەکان بۆ ڕێککەوتنی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ لە دەستەی (م ــ ین):

[دووەم]، [بکەر]، [بەرکار]، [+ کۆ]

[سێیەم]، [بکەر]، [بەرکار]، [+ کۆ]

لە بەرانبەر ئەم دوو چەپکە سیمایەدا تەنها یەک دانەی وشەکاری هەیە، بە ئەم پێیە چەپکە سیماکان دەبنە یەک چەپک و یەک دانەی وشەکاری بەرانبەریان دەوەستێنەوە. بڕوانە نموونەی (٢):

(٢) [بکەر]، [بەرکار]، [+ کۆ] ↔ ـ ن

دانەی وشەکاری (ـ ن) تاکە دانەیە، کە دەتوانرێت لە جێگیرکردنی وشەکاریدا بەرانبەر ئەو چەپکە سیمایە بە پێی بنەمای ژێر کۆمەڵە جێگیربکرێت، چونکە سیمای کەس دەرنابڕێت. واتا سەبارەت بە چەپکە سیما ڕستەسازییەکە بۆ کەس کەمدیاریکراوە. بە ئەم پێیە لە بەرانبەر کەسی دووەم و سێیەمی کۆدا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر و بەرکاردا بەکاردەهێنرێت.

#### ٢,٣,١. ئەلۆمۆرف :

لە *(DM)*دا دوو جۆر ئەلۆمۆرف دەناسرێتەوە. ئەلۆمۆرفێک، کە بە هۆی یاسا ئاساییەکانی فۆنۆلۆژییەوە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان فۆنەکانەوە دروستدەبێت. واتا دانەیەکی وشەکاری، کە مۆرفیمێکی نابەرجەستە دەنوێنێت، دەشێت بە چەند شێوەیەک دەربکەوێت. ئەم شێوە جیاوازانە سیمای فۆنۆلۆژی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دانەی وشەکاریی /ـ ەکە/، کە مۆرفیمی [ناساندن] دەنوێنێت، دەشێت لە شێوەی /ـ ەکە/, /ـ ەک/، /ـ کە/، /ـ ک/، /ـ ە/ دەربکەوێت.

جۆرەکەی تر ئەلۆمۆرفی دەوروبەری/ (تەواوکردن/*Suppletion*)ە، کە یەک مۆرفیمی نابەرجەستە بە هۆی زیاتر لە یەک دانەی وشەکارییەوە دەنوێنرێت. ئەم دانە وشەکارییانە فۆرمی فۆنۆلۆژیی جیاواز و ناپەیوەندیداریان هەیە و لە کاتی جێگیرکردنی وشەکاریدا بۆ نواندنی هەمان مۆرفیم، بە پێی دەوروبەری جیاواز جێگیردەکرێن. لە ئەم تیۆرەدا بایەخی سەرەکی بە ئەم جۆرە ئەلۆمۆرفە دراوە و دوو جۆر وروژێنەری جیاوازی هەیە:

أ. ئەلۆمۆرفێک، کە ڕێزمانیانە مەرجدارکراوە: هۆکاری دەوروبەری، کە ئەلۆمۆرف دەوروژێنێت، بریتییە لە کۆمەڵێکی دیاریکراوی توخمە ڕێزمانییەکان (واتا، کۆمەڵێک لە ڕەگەکان، یان مۆرفیمەکان، یان سیماکان).

ب. ئەلۆمۆرفێک، کە فۆنۆلۆژییانە مەرجدارکراوە: هۆکاری دەوروبەری، کە ئەلۆمۆرف دەوروژێنێت، بریتییە لە نواندنێکی فۆنۆلۆژییانە. *(Embick, 2015, 174)*. بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی ڕێککەوتن بۆ کەسی دووەمی تاک لە کرداری داخوازیدا، بە دانەی وشەکاری /ـ Ø/، /ـ ە/، /ـ ۆ/ دەنوێنرێت. ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین، کاتێک ڕەگەکە بە ڤاوڵ کۆتاییهاتبێت جێناوە لکاوەکە بۆ کەسی دووەمی تاک بە /ـ Ø/ دەنوێنرێت، وەک (بخۆ، ببە، ...). لێرەدا مەرجێکی فۆنۆلۆژییانە هەیە. بەڵام کاتێک ڕەگەکە بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت، جێناوەکە بە /ـ ە/ دەنوێنرێت، وەک (بکڕە، بفرۆشە، ...). بەڵام ڕەگێکی وەک (چ) هەرچەندە لە دەنگێکی کۆنسۆنانت پێکهاتووە، کەچی /ـ ۆ/ وەردەگرێت و دەبێت بە (بچۆ). واتا لە (بچۆ)دا ئەلۆمۆرفەکە بە هۆی خودی ڕەگەکەوە مەرجدارکراوە، نەک لایەنی فۆنۆلۆژیی ڕەگەکە. کەواتە لێرەدا ناتوانین بڵێین ئەم ئەلۆمۆرفە فۆنۆلۆژییانە مەرجدارکراوە، بەڵکو ڕێزمانیانە مەرجدارکراوە. هەروەها هەر سێ دانەکە (/ـ Ø/، /ـ ە/، /ـ ۆ/) لەگەڵ دانەی /ـ ت/ لە دەستەی (م ـــ مان) و دانەی /ـ یت/ لە دەستەی (م ـــ ین) دیسان ئەلۆمۆرفی دەوروبەرین، چونکە هەموویان هەر مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک دەنوێنن، بەڵام هۆکاری بەکارهێنانی (/ـ Ø/، /ـ ە/، /ـ ۆ/) بە ڕێژەی داخوازیی کردارەوە مەرجدارکراون، کە ئەمە مەرجێکی ڕێزمانییە.

#### ٤,١. بەپۆلەرەگەزکردن (Categorization) :

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ڕەگەکان بێپۆلەرەگەزن. واتا بەشە ئاخاوتنەکانی وەک (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، کە نەریتییانە پێیاندەگوترێت (پۆلی کراوە)، وشەن، بەڵام لە ئەم تیۆرەدا وشەکان ئەتۆمەکانی ڕستەسازی نین، بەڵکو ڕەگەکان، کە تەنیا هەڵگری سیمای واتایین، لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و وەک ئەتۆمێک دەخرێنە ناو هەڵگواستنی ڕستەسازییەوە و لە ڕستەسازیدا پێگەی وشەیی وەردەگرن. سەبارەت بە چۆنێتی بەپۆلەرەگەزکردنی ڕەگەکان چەند گریمانەیەکی جیاواز لە (*DM*)دا هەن.

بۆ یەکەم جار (*Maranz: 1997, 2001*) گریمانەی ئەوەی کردووە، کە گیرەکە دارێژەرەکان دانەی ئەرکی بەرجەستەکردنی سەری بەپۆلەرەگەزکەرن. ئەم گریمانەیە لە لایەن زۆرینەی ئەو زمانەوانانەوە وەرگیراوە، کە لە (*DM*)دا کاردەکەن. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، ئەو گیرەکە دارێژەرانەی زیاتر لە پۆلەرەگەزێک دەنوێنن، دوو گیرەکی جیاوازن و تەنیا بەرێکەوت فۆرمەکانیان وەک یەکە. واتا (هاوەدەنگ)ن. بە ئەم پێیە ڕەگەکان لە لیستی دانە بەراییەکاندا بێلایەنن لە پۆلەرەگەز و لە ڕێگەی لێکدانیان لەگەڵ سەرەکانی پێناسەکردنی پۆلەرەگەز لە دروستە هەرەمییەکانی ڕستەسازیدا پۆلەرەگەز وەردەگرن، کە پێیاندەگوترێت: ("ن"ی بچووک/بەناوکەر، "ئا"ی بچووک/بەئاوەڵناوکەر، "ک"ی بچووک/بەکردارکەر). واتا وشەکان لە ڕێگەی سێ هەنگاوەوە بەرهەمدێن: (أ. لیستی دانە بەراییەکان تێکردە بۆ ڕستەسازی دابیندەکات. ب. پاشان خودی ڕستەسازی ڕوودەدات. پ. کاتێک ڕستەسازی

ئەنجامدەدرێت، لیستی دانەکان ڕاوێژی پێدەکرێت. هەر شیکارییەک لەم چوارچێوەیەدا بکرێت، بە ناچاری ئەم سێ هەنگاوە لەخۆدەگرێت. هەر بۆیە پێکهاتنی وشە لە فەرهەنگی بەرهەمهێنەردا ڕوونادات، بەڵکو سێ هەنگاوی جیاواز لەخۆدەگرێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە بە ئەم چوارچێوەیە دەگوترێت: مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو). *(Nevins, 2015, 5)* . ڕەگەکانیش لە لیستی دانە بەرایییەکاندا : (أ. بێپۆلەڕەگەزن. ب. لە گۆشەگیرکردندا توانای گۆکردنیان نییە. پ. زمانەوانییانە چەمکێکی ناپاکیجکراو دەردەبڕن). *(Nevins, 2015, 36)*. هەروەها دەبێت هەمووو ڕەگێک لەگەڵ سەرێکی پێناسەکردنی پۆلەڕەگەزدا لێکبدرێت:

**ـ گریمانەی بەپۆلەڕەگەزکردن:**

ڕەگەکان ناتوانن دەربکەون(ناتوانن گۆبکرێن، یان ڕاڤەبکرێن) بە بێ ئەوەی بەپۆلەڕەگەزبکرێن: ئەوان لە ڕێگەی لێکدانییان بە شێوەیەکی ڕستەسازییانە، لەگەڵ سەرە ئەرکییەکانی پێناسەکردنی پۆلەڕەگەزدا بەپۆلەڕەگەزدەکرێن. *(Embick&Maranz, 2008, 6)*. بەڵام گریمانەکردنی ڕەگی بێلایەن لە پۆلەڕەگەز بە ئەو مانایە نییە، کە (دەبێت هەموو ڕەگێک لە هەموو ژینگەیەکی ئەگەریدا، بۆ نموونە لە هەموو (پۆلەڕەگەزێکی لێکسیکی) جیاوازدا، بە خۆشحاڵییەوە دەربکەوێت). *(Embick&Maranz, 2008, 8)*. بە پێی گریمانەی بەپۆلەڕەگەزکردن هیچ وشەیەکی سادە نییە، بەڵکو هەموو وشەیەک، لانیکەم، لە ڕەگێک و سەرێکی پێناسەکردنی پۆلەڕەگەز پێکهاتووە. بڕوانە دروستەی وشەکانی: (هێز)، (بەهێز)، (بەهێزی) کە لە نموونەی (٣)دا هاتوون:

(٣) أ.

ب.

پ.




لە نموونەی (٣،أ)دا سەری پێناسەکردنی پۆلەڕەگەز سفرە، کە بەناوکەرێکی نواندووە، بەڵام لە (٣،ب)دا (بە-) سەرێکی بەئاوەڵناوکەری نواندووە، هەروەها لە (٣،پ)دا (-ی) سەرێکی بەناوکەری نواندووە. (سەبارەت بەخودی سەرە ئەرکییەکان، ئێمە گریمانەدەکەین، کە جۆرە جیاوازەکانی (ن، ئا، ک) هەن، کە بە هۆی ناوەڕۆکی سیماییانەوە لە یەکتر جیاکراونەتەوە). *(Embick&Maranz, 2008, 6)*. بۆ نموونە دانەی (Ø) لە (٣،پ)دا تەنیا سیمای بەناوکەری نواندووە، بەڵام (-ی) جگە لە سیمای بەناوکەر سیمای نابەرجەستەییشی نواندووە. وەک دەبینین لە (٣،ب)دا دانەی (بە-) پێشگرە، بەڵام دانەی (-ی) پاشگرە، هەربۆیە (جیاوازیی نێوان مۆرفیمە ئازاد و بەندەکان، هەروەها ئایا مۆرفیمە بەندەکان پێشگرن، یان پاشگر، دەبێت لە ئەو دانە وشەکارییانەدا، کە مۆرفیمەکان شەقدەکەن، کۆدبکرێت). *(Hankamer&Mikkelsen, 2015, 1)*. بەڵام *(Lowenstamm: 2010)* ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە ڕێژەیەکی زۆر لە گیرەکە دارێژەرەکان زیاتر لە پۆلەڕەگەزێک دەنوێنن. بۆیە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە گیرەکە دارێژەرەکان ڕەگی بەند*(Bound Root)*ن. واتا لە ئەوەدا لە ڕەگە ئازادەکان جیاوازن، کە سیمایەکی ڕاڤەکراویان هەیە و ناتوانن بە تەنیا تا ئاستی فرێز پرۆژەبکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەیان پشکنرێت، پێویستە لەگەڵ تەواوکەرێک لێکبدرێن. هەروەها سەرە بەپۆلەڕەگەزکەرەکان تەنیا سفر(Ø)ن. بە شوێنکەوتنی (لۆوێنستام) و گریمانە فراوانەکەی *(DM)*، *(Creemers. et al.: 2018)* گریمانەی ئەوەیان کردووە، کە ئەو گیرەکە دارێژەرانەی تەنیا یەک پۆلەڕەگەز دەنوێنن، سەری بەپۆلەڕەگەزکەرن، ئەوانەشی زیاتر لە پۆلەڕەگەزێک دەنوێنن، ڕەگی بەندن.

## بەشی دووەم

## بەکردارکردن(Verbalization) لە زمانی کوردیدا:

پاش خستنەڕووی تیۆرەکە بە پێویستی دەزانین لە ئەم بەشەدا لە ڕووی کارەکییەوە چۆنێتی پرۆسەی بەکردارکردن لە زمانی کوردیدا بە نموونەوە وەربگرین.

**١.٢. ڕەگە ئازادەکان لە زمانی کوردیدا:**

ئەو ڕەگانەن، کە بەتەنیا دەتوانن تا ئاستی فرێز پرۆژەبکەن. لە زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانی)دا ڕەگی کردارەکان بەشێکی زۆریان ئەلۆمۆرفی دەوروبەری (تەواوکارانە/*Suppletive*) لە دەوروبەری ئەسپێکت(Д)ی تەواوکراویدا پیشاندەدەن. واتا ئەوەی نەریتیانە پێیدەگوترێت قەدی کردار، لە ڕاستیدا کردارێکە، کە لە ڕەگ و ئەسپێکتی تەواوکراوی پێکهاتووە، واتا (ڕەگ + (-د/ -ا/ -ت/ -وو/ -ی)). سەبارەت بە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووش، (مۆرفیمی تاف لە کوردیی ناوەندیدا نییە، بە واتایەکی تر تاف دەرکەوتنێکی مۆرفۆلۆژییانەی نییە). *(Mahmood, 2022, 60)*. سەبارەت بە ئەسپێکتی تەواونەکراوی، کە ئاماژە بە تەواونەبوونی کردەیەک دەکات. هەرچەندە (کەرەمی: ١٣٩٦) پێیوایە (دە-) مۆرفیمێکی تێکەڵە و لە هەمان کاتدا وەک ڕێژەی ڕاگەیاندن و جەمسەری ئەرێ و ئەسپێکتی تەواونەکراوی لە تافی ڕانەبوردوودا ئەرکدەبینێت. بەڵام ئێمە پێمانوایە (دە-) ڕێژەی ڕاگەیاندن و جەمسەری ئەرێ(Σ) بەرجەستەدەکات و ئەسپێکتی تەواونەکراوی بەرجەستەناکات. بەڵکو ئەسپێکتی تەواونەکراوی بە دانەی وشەکاری (-ێ، Ø ) دەنوێنرێت، کە ئەلۆمۆرفی دەوروبەرین و هەریەکەیان لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەگدا دێن، هەروەک چۆن ئەسپێکتی تەواوکراوی لە شێوەی پێنج ئەلۆمۆرفی جیاوازدا بەرجەستەدەبن. بڕوانە نموونەی (٤):

(٤) -ێ : (شک√، پس√ ، ...)

Ø : (کە√، مر √ ، ...)

نموونەی (٤) ئەوە دەخاتەڕوو، کە کۆمەڵێک ڕەگ کاتێک بەکرداردەکرێن، ئەگەر بەکردارکەرەکە سفربێت، بۆ ئەسپێکتی تەواونەکراوی دانەی (-ێ) وەردەگرن، وەک (دە-شک -ێ -ن، دە- پس -ێ -ن، ...). هەروەها کۆمەڵێکی تر لە ڕەگەکان دانەی سفر(Ø) وردەگرن، وەک (دە-کە - Ø -ن، دە- مر - Ø -ن، ...).

شایەنی باسە، لێرەدا دەتوانرێت، بگوترێت، کە (ێ) بەشێکە لە ڕەگەکان و ئەسپێکتی تەواونەکراوی نییە، بەڵام بۆ نموونە لە کردارێکی وەک (دەگەوجێن)دا، ئاشکرایە، کە (گەوج) وەک ئاوەڵناوێکی سەربەخۆ لە زمانەکەماندا هەیە و ڕەگەکەی (گەوجێ) نییە. دەشکرێت بگوترێت: (دەگەوجن) بەبێ (ێ) واتا دەدات بەدەستەوە و (ێ) دەربڕینێکی زیادەیە، بەڵام کاتێک دەڵێین: (کوردام/دەکوردێم) ناتوانرێت (ێ) دەرنەبردرێت. ئاشکراشە، (کورد) وەک ناوێکی سەربەخۆ لە زمانەکەماندا هەیە و ڕەگەکەی (کوردێ) نییە. یاخود کە دەڵێین: (تورکان، دەتورکێن) بە هەمان شێوە ڕەگەکە (تورکێ) نییە. بڕوانە ئەم ڕستانەی لە نموونەی (٥)دا دراون:

(٥) تورک√ :
أ. کوردەکانی باکور بەرەبەرە دەتورکێن. (کردار)



ب. تورک نەتەوەیەکی ڕەگەزپەرستە. (ناو)



پ. هاکان فیدان کوردە، بەڵام بۆ دژایەتیی کورد لە ئەتاتورک تورکترە. (ئاوەڵناو)



کەواتە، هەر وەک (*DM*) بانگەشەدەکات، دەتوانرێت، بگوترێت (تورک√) ڕەگێکی بێپۆلەڕەگەزە و دەتوانرێت لە ڕستەسازیدا پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ی پێببەخشرێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، وەک لە نموونەی (٦،پ)دا دەیبینین، سەرێکی بەپۆلەڕەگەزکەر لە نێوان ڕەگەکە و ئەسپێکتی تەواونەکراویدا هەیە، کەواتە چۆن دەتوانین بڵێین ڕەگەکە کارلێکی ئەلۆمۆرفی لەگەڵ (ی)دا پیشاندەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کاتێک دانەیەک (Ø)بێت، ڕۆشنە و دەتواندرێت بۆ مەبەستی ئەلۆمۆرفی دەوروبەری(تەواوکارانە) پەرچبکرێت.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمانپێدا، ڕەگەکان ئەلۆمۆرفی دەوروبەریان هەیە، بۆیە ئێمە بە شوێنکەوتنی *(Harley: 2014)*، پێڕستکردنی ژمارەیی بۆ ڕەگەکان پەیڕەودەکەین. واتا ڕەگەکان لە (لیستی ئەتۆمەکانی ڕستەسازی)دا ژمارەیان پێدەدرێت و لە لیستی دانە وشەکارییەکاندا فۆرمە جیاوازەکانییان بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان تۆماردەکرێن. بڕوانە نموونەی (٦) :

(٦) ١٢٢√ ← کر : ئەسپێکتی تەواوکراوی: وەک لە (کر-د-مان)دا نوێنراوە.
← ک : سەری بکەرنادیارکردن: وەک لە (ک-ر-ا)دا نوێنراوە.
← کە : (لە شوێنەکانی تر): وەک لە (دە-کە-Ø-م)دا نوێنراوە.

واتا ڕەگی (کە√)، وەک (١٢٢√) لە (لیستی ئەتۆمەکان)دا تۆماردەکرێت، لە لیستی دانە وشەکارییەکاندا ئەلۆمۆرفە جیاوازەکانی بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان تۆماردەکرێت و لە کاتی جێگیرکردنی وشەکاریدا بە پێی ئەو دەوروبەرە جیاوازانە جێگیردەکرێت. شایەنی باسە خودی ژمارەکە، کە چەندە، هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە، کە ڕەگەکان بناسرێنەوە. واتا دەکرێت، هەر ژمارەیەک بە شێوەیەکی نەگۆڕ بە هەر ڕەگێک بدرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناوازانە بیناسێنێت. بە ئەم پێیە ئەوەی دەخرێتە ناو هەڵگواستنی ڕستەسازییەوە تەنیا ژمارەیەکە و لە کاتی جێگیرکردنی وشەکاریدا لە سەر لقی *(PF)*ی تەلارسازیی ڕێزمانەکەی ئەم تیۆرە، بە پێی دەوروبەر فۆرمەکەی جێگیردەکرێت.

### ٢،٢. ڕەگە بەندەکان لە دروستەی کردارەکاندا:

ئێمە بە شوێنکەوتنی *(Creemers. et al:2018)* ئەو بۆچوونە پەیڕەودەکەین، کە ئەو گیرەکە دارێژەرانەی تەنها یەک پۆلەڕەگەز دەنوێنن، لە ڕاستیدا سەری ئەرکی پێناسەکردنی پۆلەڕەگەز دەنوێنن. ئەو گیرەکە دارێژەرانەش، کە زیاتر لە یەک پۆلەڕەگەز دەنوێنن، لە ڕاستیدا ڕەگی بەندن.

ڕەگە بەندەکان ئەو ڕەگانەن، کە بە تەنیا خۆیان ناتوانن تا ئاستی فرێز پرۆژەبکەن، بەڵکو سیمایەکی ڕاڤەنەکراویان هەیە و بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەیان پشکنرێت، پێویستە لەگەڵ تەواوکەرێک لێکبدرێن. هەروەها تەنیا یەک پۆلەڕەگەز نانوێنن. بە ئەم پێیە (هەڵ، دا، ڕا، وە ...)، کە بەشداری لە دروستەی کرداردا دەکەن و نەریتیانە پێیاندەگوترێت (گیرەکە دارێژەرە کردارییەکان)، ڕەگی بەندن. چونکە تەنیا پۆلەڕەگەزی کردار پێکناهێنن. هەروەها بە تەنیا خۆیان ناتوانن تا ئاستی فرێز پرۆژەبکەن، بەڵکو سیمایەکی ڕاڤەنەکراویان هەیە، کە بە ئەم شێوەیەن:

**١. هەڵ :** سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بریتییە لە *[u√P]*. واتا بە تەنیا ناتوانێت تا ئاستی فرێز پرۆژەبکات، بەڵکو بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەی پشکنرێت، پێویستە لەگەڵ ڕەگێک لێکبدرێت. هەروەها، وەک لە نموونەی (٧)دا دەردەکەوێت، جگە لە دروستەی کردار بە شداری لە دروستەی پۆلەڕەگەزی تریشدا دەکات. بڕوانە نموونەی (٧):
(٧) أ. هەڵکەوت (کردار):



ب. هەڵکەوت (ناو):



لە نموونەی (٧،أ)دا ڕەگی بەندی (هەڵ√) لەگەڵ ڕەگی (کەو√)دا لێکدراوە و سیما ڕاڤەنەکراوەکەی پشکنراوە و فرێزێکی ڕەگ پێکهاتووە. ئەم فرێزە ڕەگە لەگەڵ سەرێکی بەکردارکەری سفر لێکدراوە و کردارێک پێکهاتووە. ئەم کردارە لەگەڵ سەری ئەسپێکتی تەواوکراویدا لێکدراوە و فرێزێکی ئەسپێکت پێکهاتووە. شایەنی باسە تایبەتمەندییەکی کرداری کوردی ئەوەیە، بە بێ چینێکی شکانەوە گوناکرێت، لێرەشدا ئەو چینی شکانەوەیە بریتییە لە

ئەسپێکتی تەواوکراوی. لە (٧،ب)دا فرێزی ئەسپێکتەکە لەگەڵ سەرێکی بەناوکەری سفر لێکدراوە و ناوێک پێکهاتووە. واتا لێرەدا کردارێکی تەواوکراو بەناوکراوە.

**٢. دا :** سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بریتییە لە *[u x]*. واتا بە تەنیا ناتوانێت تا ئاستی فرێز پرۆژەبکات، بەڵکو بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بپشکنرێت، پێویستە لەگەڵ ڕەگێک، یان فرێزێکی پۆلەڕەگەز لێکبدرێت. هەروەها، جگە لە دروستەی کردار بە شداری لە دروستەی پۆلەڕەگەزی تردا دەکات. بڕوانە نموونەی (٨):

(٨) أ. داگرت (کردار):




ب. دابەش (ناو):




وەک لە نموونەی (٨،أ)دا دیارە، ڕەگی (دا √) لە دروستەی کرداردا بەشداریکردووە. بەڵام لە (٨،ب)دا لە دروستەی ناودا بەشداریکردووە. واتا سەرەتا ڕەگی (بەش√) لەگەڵ بەناوکەرێکی سفر لێکدراوە و ناوێک پێکهاتووە. دواتر ڕەگی (دا√) لەگەڵ ناوی (بەش) لێکدراوە و سیما ڕاڤەنەکراوەکەی پشکنراوە. بە ئەم جۆرە فرێزێکی ڕەگ پێکهاتووە. دواتر ئەم فرێزە ڕەگە لەگەڵ سەرێکی بەناوکەری سفر لێکدراوە و ناوێک پێکهاتووە.

**٣. ڕا :** سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بریتییە لە *[u √P]*. واتا بە تەنیا ناتوانێت تا ئاستی فرێز پرۆژەبکات، بەڵکو بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بپشکنرێت، پێویستە لەگەڵ ڕەگێک لێکبدرێت. هەروەها، وەک لە نموونەی (٩)دا دەردەکەوێت، جگە لە دروستەی کردار بە شداری لە دروستەی پۆلەڕەگەزی تردا دەکات:

(٩) أ. ڕاگرت (کردار) :




ب. ڕاگر (ناو):




وەک لە نموونەی (٩،أ)دا دیارە، ڕەگی (ڕا√) لە دروستەی کرداردا بەشداریکردووە. بەڵام لە (٩،ب)دا لە دروستەی ناودا بەشداریکردووە. کە لە هەر دوو دروستەکەدا سەرەتا لەگەڵ ڕەگی (گر√) لێکدراوە و سیما ڕاڤەنەکراوەکەی پشکنراوە و فرێزێکی ڕەگ پێکهاتووە. دواتر ئەم فرێزە ڕەگە لە (٩،أ)دا لەگەڵ سەرێکی بەکردارکەری سفر لێکدراوە و کردارێک پێکهاتووە. لە (٩،ب)دا لەگەڵ بەناوکەرێکی سفر لێکدراوە و ناوێک پێکهاتووە.

**٤. ەوە :** سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بریتییە لە *[u x]*. واتا بە تەنیا ناتوانێت تا ئاستی فرێز پرۆژەبکات، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ڕەگێک، یاخود فرێزێکی پۆلەڕەگەز لێکبدرێت، بۆ ئەوەی سیما ڕاڤەنەکراوەکەی بپشکنرێت. هەروەها جگە لە دروستەی کردار بە شداری لە دروستەی پۆلەڕەگەزی تریشدا دەکات. جگە لە ئەوە تایبەتمەندییەکی تری هەیە، کە هەمیشە کۆتایی ئەو دروستانە دەگرێت، کە تێیاندا بەشداردەبێت، بۆ نموونە (خولایەوە، خولانەوە، هەڵکرانەوە ...). واتا جگە لە هەندێک دانە نەبێت، ڕێگە بە هیچ دانەیەکی تر نادات لە دوایەوە بێت، بۆ نموونە (خولاوەیی). ئەمەش بارێکی ئاسایە، کە دانەیەک پێداویستییەکی تایبەتی بەهێڵیبوونی هەبێت. (لە بەر ئەم هۆیە، دەبێت بۆ دانانی ئۆپەراسیۆنێکی بە سەردا جێبەجێبکرێت. ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ڕووی پەیوەندیی هێڵی و لەجێچوونی ناوخۆییەوە جێبەجێدەکرێت) *(Embick&Marantz, 2004, 51)*. بڕوانە نموونەی (١٠):

(١٠) أ. خولایەوە (کردار):




وەک لە هێڵکاریی دروستەی (١٠،أ)دا دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا ڕەگی (ەوە√) لە ژێر فرێزی ڕەگدایە و خوشکی ڕەگی (خول√)ە، چونکە ئەگەر ئەم ڕەگە لابرێت، ڕەگی (خول√) بە تەنیا ناتوانرێت بەکرداربکرێت و (خولا) واتا بەدەستەوەنادات ، بەڵام دەتوانرێت بەناوبکرێت و واتا بەدەستەوەبدات. بڕوانە نموونەی (١٠،ب):

(١٠) ب. خول (ناو) :




وەک لە نموونەی (١٠،ب)دا دەردەکەوێت، ڕەگی (خول√) بە تەنیا دەتوانرێت بەناوبکرێت و واتا بەدەستەوەدەدات، بۆ نموونە: (خولەکەم تەواوکرد). هەر بۆیە ئێمە وا گریمانەدەکەین، کە ڕەگی (ەوە√) لە (١٠،أ)دا لە پێکهێنەرێکی فرێزی ڕەگەوە بۆ لوتکەی دروستە هەرەمییەکە دەجوڵێت. (بڕوانە نموونەی (١٠،پ). بەڵام ئەو کاتە دروستەکە لە لایەن ڕەگێکەوە سەرایەتی دەکرێت، کە ئەمە نابێت، بۆیە ئێمە بە شوێنکەوتنی *(Lowenstamm, 2010, 15)*، گریمانەدەکەین، کە ڕەگی (ەوە√) بە لای چەپی سەری ئەسپێکتی تەواوکراوییەوە دەلکێت. (بڕوانە نموونەی (١٠،ت):

(١٠) پ. خولایەوە (کردار):



(١٠) ت. خولایەوە (کردار):



بەڵگەیەکی تر بۆ ئەوەی ڕەگی (موە√) دەجوڵێت، ئەوەیە، کاتێک کرداری (خولایەوە) دەکرێت بە ناوی ڕووداو، ڕەگی بەندی (ن√) بەشداری لە دروستەکەدا دەکات، بەڵام ئەم ڕەگە بەکۆتایی دروستەکەوە نالکێت، بەڵکو دیسان (موە√) بۆ کۆتایی دروستەکە دەجوڵێت. ئاشکراشە (خولان) بە بێ (موە√) واتا بەدەستەوەنادات. کەواتە ڕەگی بەندی (ن√) بۆ کرداری (خولایەوە) زیادکراوە، بە ئەو پێیەی لە دروستەی هەموو ناوێکی ڕووداودا بەشداریدەکات و بە ئەسپێکتی تەواوکراویی کردارەکانەوە دەلکێت. بەڵام (موە√) لە ناوی ڕووداودا بە لای چەپی سەرە بەناوکەرەکەوە دەلکێت، کە سفرە. بڕوانە نموونەی (١١):

(١١) خولانەوە (ناوی ڕووداو):



وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا، ڕەگی (موە√) جگە لە کردار بەشداری لە دروستەی پۆلەڕەگەزی تریشدا دەکات. بڕوانە نموونەی (١٢):

(١٢) أ. کردەوە (کردار):



(١٢) ب. کردەوە (ناو):



لە (١٢،أ)دا ڕەگی (موە√) لە خوارەوەی دروستەکەوە بۆ سەرەوە جوڵاوە و بۆتە خوشکی سەری (Д)، بەڵام لە (١٢،ب)دا لەگەڵ کردارێکی تەواوکراودا لێکدراوە و سیما ڕاڤەنەکراوەکەی پشکنراوە، دواتر ئەم فریزی ڕەگە لەگەڵ سەری بەناوکەری (Ø) لێکدراوە و ناوێک پێکهاتووە. دەشێت هەر ئەم جیاوازیی دروستەییەبێت، کە (کردەوە) لە (١٢،أ)دا کردارە و لە (١٢،ب)دا ناوە و ئاوازی دەربڕینیشیان جیاوازە.

شایەنی باسە بۆچوون هەن، کە پێیانوایە (ڕۆ، وەر) پێشگری داڕێژەری کردارین، (بۆ نموونە، بڕوانە: مەحوی: ٢٠١٠، مارف:٢٠١٤). بە پێی ئەو ڕوانگەیەی *(DM)*یش، کە ئێمە پەیڕەویدەکەین، دەبێت ئەمانە ڕەگی بەندبن. بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەمانە ڕەگی ئازادن، چونکە بە تەنیا خۆیان دەتوانن تا ئاستی فریز پڕۆژەبکەن. بڕوانە نموونەی (١٣):

(١٣) أ. دە-ڕۆ-م ب. دە-وەر-ێت

### ٣،٢. بەکردارکەر(Verbalizer)ەکان لە زمانی کوردیدا:

بەکردارکەرەکان ئەو گیرەکانە(دانە وشەکارییە ئەرکییانە)ن، کە سەری بە کردارکار دەنوێنن. واتا ئەو مۆرفیمانە(چەپکە سیمایانە) بەرجەستەدەکەن، کە پۆلەڕەگەزی کردار لە ڕەگەکانەوە، یاخود لە پۆلەڕەگەزەکانی ترەوە بەرهەمدەهێنن. لە زمانی کوردیدا ئەو دانە وشەکارییانەی، کە بەکردارکەر دەنوێنن، بریتین لە (Ø ،- ین/- ان). شایەنی باسە جیاوازیی نێوان (Ø) لەگەڵ (- ین/- ان)دا ئەوەیە، کە (Ø) تەنها سیمای پۆلەڕەگەز (لێرەدا بەکردارکەر) دەنوێنێت، بەڵام (- ین/- ان) مۆرفیمێکی تێکەڵە و سیمای بەکردارکەر و بوونە هۆ(هێز/*Cause*) دەنوێنێت. واتا کاتێک بەکردارکەری (Ø) دەچێتە سەر ڕەگێک، یان دروستەیەک هێزی بۆ زیادناکات، بەڵام (- ین/- ان) هێزی بۆ زیاددەکات و کاریگەری لە سەر دروستەی ئارگومێنتەکەی دەبێت. بڕوانە نموونەی (١٤):

(١٤) أ. پەرداخەکە شکا.

ب. من پەرداخەکەم شکاند.

وەک لە نموونەی (١٤،أ)دا دەبینین، کرداری (شکا) یەک جێگەوتەی ئارگومێنتی هەیە، بەڵام لە (١٤،ب)دا کرداری (شکاند) دوو جێگەوتەی ئارگومێنتی هەیە.

سەبارەت بە (- د)، کە لە دروستەی کردارەکاندا لەدوای (- ان) دێت، ئێمە پێمان وایە ئەسپێکتی تەواوکراوی*(Perfective)* دەنوێنێت، کە (لە فارسی کۆندا (- تە)یە و لە سۆرانیدا بەرجەستەبوونە مۆرفۆلۆژییەکەی پێشوەختە*(Default)*ە بۆ (- د)). *(Akkuş& et al, 2023, 51)*. لە ڕاستیدا هەر (- د)یە، کە وا لە بەکردارکەرەکە دەکات، ئەلۆمۆرفە دەوروبەرییەکانی (- ین) و (- ان)ی هەبێت. هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەسپێکتی تەواوکراوی دانەیەکە، کە دەتوانێت ئەلۆمۆرفی دەوروبەری بوروژێنێت. بە ئەم پێیە ڕەگێکی وەک (شک√) کاتێک بەکردارکەرێکی سفر وەردەگرێت و کاتێک (- ین/- ان) وەردەگرێت، دروستەکانی وەک نموونەی (١٥،أ،ب،پ،ت) دەبن:

(١٥)

أ.له ئەسپێکتی تەواونەکراویدا: پەرداخەکان دە-شک - ∅ - ێ - ن.




ب. له ئەسپێکتی تەواوکراویدا: پەرداخەکان شک - ∅ - ا - ن.




پ.له ئەسپێکتی تەواونەکراویدا: من پەرداخەکان دە-شک - ێن - ∅ - م.




ت. له ئەسپێکتی تەواوکراویدا: من پەرداخەکانم شک - ان - د.




وەک له (١٥،ت)دا دەبینین، کاتێک بەکردارکەرەکە لە تەنیشت (- د) دەبێت، وەک (-ان) بەرجەستەدەبێت، ئاشکراشە تەنیشتێتیی هێڵی هۆکارێکی وروژێنەری ئەلۆمۆرفی دەوروبەرییە. هەر بۆیە کاتێک سەری بکەرنادیاری (- ر) بۆ ئەو کردارانە زیاددەکرێن، کە بە (- ێن/- ان) بەکردارکراون، فۆرمی بەکردارکەرەکە تەنها وەک (- ێن) بەرجەستەدەبێت. ئەمەش لە بەرئەوەیە، کە (- ێن) لە ژینگەی (- د)ی تەواوکراویدا نامێنێت. بە ئەم پێیە کاتێک کردارێک بکەرنادیار دەکرێت، دانەی (- ێ) بۆ نواندنی ئەسپێکتی تەواونەکراوی و دانەی (- ا) بۆ نواندنی ئەسپێکتی تەواوکراوی جێگیردەکرێت. ئەمە دیسان گونجاوە لەگەڵ ڕەفتاری (- ا)ی تەواوکراویدا، چونکە زۆربەی ئەو کردارانەی بکەرەکانیان ڕێزمانییە، دانەی (-ا) بۆ نواندنی ئەسپێکتی تەواوکراوی وەردەگرن، کاتێکیش کردارێک دەکرێت بە بکەرنادیار، بەرکارەکە پلەی بەرزدەکرێتەوە بۆ پلەی بکەر و خۆی ڕۆڵ لە ئەو کردەیەدا نابینێت، کە بەسەریدا جێبەجێدەکرێت. بڕوانە نموونەی (١٦):

(١٦) أ. پەرداخەکان دە-شک - ێن - ∅ - م.

ب. پەرداخەکان دە-شک - ێن - ر - ێ - ن.

پ. پەرداخەکانم شک - ان - د.

ت. پەرداخەکان شک - ێن - ر - ا - ن.

وەک لە (١٦،پ)دا دیارە، کاتێک (- ێن) لە تەنیشت (- د) دەبێت، فۆرمەکەی وەک (- ان) بەرجەستەدەبێت. بەڵام وەک لە (١٦،ت)دا دیارە، کاتێک لە تەنیشت (- ر) دەبێت، فۆرمەکەی هەر وەک (- ێن) بەرجەستەدەبێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە (- ر) چۆتە نێوان (- ێن) و ئەسپێکتی تەواوکراوی (- ا)، بۆیە (- ا) ناتوانێت ئەلۆمۆرفی دەوروبەری لە سەر (- ێن) بوروژێنێت. تەنانەت کاتێک (- ر) دەچێتە سەر کردارێکی وەک (کرد)، (- د)ی تەواوکراوی نامێنێت و دەبێت بە (کرا)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (-ا) سیمای تەواوکراوی دەنوێنێت. هەروەها هەندێک بار (کە مۆرفیمێک بە فۆرم/شێوە دەرکەوتووە، بەڵام هیچ واتایەکی نییە، هەیە و ناوی "مۆرفیمی بۆش"ی لێنراوە (بڕوانە [د]ی ئەم فۆرمانە)). کە لە (١٧)دا هاتوون:

(١٧) کڕی : کڕدرا [د].

بڕی : بڕێندرا [د]. (مەحوی، ٢٠٢١، ٣١).

نابێت ئەم فۆرمە بۆشە، کە دەخرێتە نێوان بەکردارکەری (- ێن/- ان) و سەری بکەرنادیاری (- ر)، لەگەڵ ئەسپێکتی تەواوکراویدا تێکەڵبکرێت.

شایەنی باسە بارێکی نامۆ هەیە، کە (- ان) چۆتە سەر ڕەگی (چ√) و کرداری (چواند) دروستبووە. لێرەدا وا دەردەکەوێت (و) و (- د) هەردووکیان هەمان سیمای تەواوکراوی بنوێنن، هەرچەندە (چواند) زیاتر بەکارهێنانێکی خوازەیی هەیە و لە زانستی ڕەوانبێژیدا وەک زاراوەیەک بەکاردێت. ئێمە پێمان وایە (و) لە (چواند) دا ئەو (- وو)ە نییە، کە لە (چوو)دا هەیە و ئەسپێکتی تەواوکراوییە، بەڵکو دەشێت ڕەگی (چ√) لە ژینگەی (- ان)دا ئەلۆمۆرفی دەوروبەری پیشانبدات. یاخود (و) تەنها دەنگێکی نێوانگری بەتاڵ و بێواتایە و تەنها بۆ ئەوە هێنراوە، کە لە (چاند) جیابکرێتەوە، کە (ان) لە (چاند)دا بەشێکی ڕەگی کردارەکە خۆیەتی و ئەم ڕەگە بە پێی ئەسپێکتی تەواوکراوی ئەلۆمۆرفی دەوروبەری پیشاندەدات. وەک لە نموونەی (١٨)دا خراوەتەڕوو:

(١٨) ١٥٥√ ← چان ئەسپێکتی تەواوکراوی

← چێن (لە شوێنەکانی تر)

کۆتا سەرنج، کە پێویستە سەبارەت بە (- ێن/- ان) بیخەینەڕوو، ئەوەیە، کە باری کەمدیاریکراوی بەسەردادێت. واتا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم دانەیە سیمای بەکردارکەری و هێز لەخۆدەگرێت. بەڵام کاتێک دەچێتە سەر دەنگە سروشتییەکان تەنیا سیمای بەکردارکەر دەنوێنێت. ئەمەش بارێکی ئاساییە و دەشێت دانەیەک بە پێی بنەمای (ژێرکۆمەڵە)، یاخود (کۆمەڵەی باڵا) بە شێوەیەکی کەمدیاریکراو جێگیربکرێت. بۆ ئەم بەکردارکەرە مەرجەکە ئەوەیە، کە دەنگێکی سروشتی بەکاربکات ، بۆ نموونە، (قیژاندی، نەڕاندی، زەڕاندی، ...) لە ئەم بارەدا تەنیا سیمای بەکردارکەرییەکەی بەگەڕدەخرێت و هێز بۆ ڕەگەکە زیادناکات. وەک لە نموونەی (١٩)دا خراوەتەڕوو:

(١٩)




جێی سەرنجە (دار هەیە، لە ڕەهەندەی دەنگێکی سروشتییە و (- ێن/- ان) هێزی بۆ زیادکردووە. بەڵام ئێمە گوتمان کاتێک (- ێن/- ان) دەچێتە سەر دەنگە سروشتییەکان هێز زیادناکات. دەشێت هۆکاری ئەوەی، لە هەندێک باردا هێز زیاددەکات، ئەوەبێت، کە (- ێن/- ان) نەچووبێتە سەر ڕەگ، بەڵکو چووبێتە سەر کردار. هەروەها کاتێک نێوان ڕەگ و ئەسپێکتی تەواوکراوی ڕۆشننییە (واتا بەکردارکەرێکی سفر نییە) ئەم بەکردارکەرە ناتوانرێت پەرچ بکرێت. بۆیە لەجیاتی ئەلۆمۆرفە دەوروبەرییە مەرجدارکراوەکانی بەرەگ، دانە پێشوەختەکەی جێگیردەکرێت، کە بریتییە لە (- د). بڕوانە نموونەی (٢٠):

(٢٠) قرچاند :




لە باریکی وەک نموونەی (٢٠)دا، دیسان (- ێن/- ان) بە شێوەیەکی کەمدیاریکراو جێگیردەکرێت و ئەم جارەیان تەنیا سیمای هێز(*Cause*)ەکەی بەگەڕدەخرێت. واتا ڕەگی (قرچ√) سەرەتا لە ڕێگەی بەکردارکەرێکی سفرەوە بەکردارکراوە ، لە ئەم بارەدا ئەسپێکتی تەواونەکراوی و تەواوکراوی مەرجدار بەرەگەوە، کە بریتین لە (- ێ، - ا) جێگیردەکرێن، چونکە بەکردارکەرەکە ڕۆشنە و دەتوانرێت بۆ مەبەستی ئەلۆمۆرفی دەوروبەری پەرچبکرێت. وەک لە نموونەی (٢١)دا خراوەتەڕوو:

(٢١)

أ. پێش پەرچکردن: دە- قرچ - Ø - ێ ، قرچ - Ø - ا

ب. دوای پەرچکردن: دە- قرچ - ێ ، قرچ - ا

کاتێک (- ێن/- ان) دەچێتە سەر کردارەکە، دەچێتە نێوان ئەسپێکت و کردارەکەوە. بۆیە (- ێ، - ا)، کە دانەی ئەسپێکتی بە ڕەگ مەرجدارکراون، نامێنن و (Ø، - د) بۆ نواندنی ئەسپێکتی تەواونەکراوی و تەواوکراوی جێگیردەکرێن. وەک لە نموونەی (٢٢)دا خراوەتەڕوو:

(٢٢) أ. ئەسپێکتی تەواونەکراوی: دە- قرچ - Ø - ێن - Ø - م

ب. ئەسپێکتی تەواوکراوی: قرچ - Ø - ان - د - م

هەروەها لە نموونەکانی وەک (زەڕی، زەڕاندی)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە دەنگی سروشتی (زەڕ) هەم بە بەکردارکەری (Ø) و هەم بە بەکردارکەری (- ێن/- ان) بەکرداردەکرێت و ئەم بەکردارکەرانە سیمای جیاواز نانوێنن. لە ئەم جۆرە بارانەدا ئەو دانە وشەکارییانەی بەکردارکەر دەنوێنن، ناکەونە کێبڕکێوە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت ئاساییانە یەکێکیان بۆ جێگیرکردن لە گرێی بەکردارکەردا هەڵبژێرێت.

## ئەنجامەکان

1. تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو دەتوانێت ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆ شێوەگۆڕانی دانەکانی زمانی کوردی پێشکەشبکات. بەتایبەت دانە ئەرکییەکان و ڕەگەکان، کە لە دروستەی کردارەکاندا بەشدارن. هەروەها هێلکاریی وردی دروستەکانیان بخاتەڕوو.
2. تیۆرەکە وەڵامێکی ڕاست و دروستی بەرهەمهێنانی پۆلەرەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)مان دەداتەوە، کە لە یەک ڕەگەوە سەرچاوەدەگرن.
3. لە زمانەوانی کوردیدا ، تا ئێستا بۆچوونە باوەکە ئەوەیە، کە قەدی کردارەکان بۆ قەدی ڕابوردوو و قەدی ڕانەبوردوو جیادەکانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی وەک قەدی ڕابوردوو بەرجەستە دەبێت، دەرکەوتنی کردارەکانە لە ئەسپێکتی تەواوکراویدا و ئەوەی وەک قەدی ڕانەبوردوو بەرجەستە دەبێت، بریتییە لە دەرکەوتنی کردارەکان لە ئەسپێکتی تەواونەکراویدا. ئەو کەرەستانەش، کە ئەسپێکتی تەواوکراوی دەنوێنن، بریتین لە: (- د/ - ا/ - ت/ - وو/ - ی)). ئەو کەرەستانەش، کە ئەسپێکتی تەواونەکراوی دەنوێنن، بریتین لە: (- ێ، Ø). بە پێی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراویش، ڕەگێک هەتا بەکردارنەکرێت، شکانەوە کردارییەکانیشی بەسەردانایات.
4. کردارەکانی زمانی کوردی بێ چینێکی شکانەوە گۆناکرێن. واتا بۆ ئەوەی بتوانرێت کردارێک گۆبکرێت، دەبێت لانیکەم ئەسپێکتی تەواوکراوی لەگەڵدابێت، یاخود ئەگەر لە ئەسپێکتی تەواونەکراویدابێت و ئەسپێکتەکە (Ø)بێت، دەبێت جێناوی لکاوی ڕێککەوتنی بکەری لەگەڵدابێت.
5. لە زمانی کوردیدا ئەو دانە وشەکارییانەی، کە بەکردارکەر دەنوێنن، بریتین لە (Ø ،- ێن/- ان). جیاوازیی نێوان (Ø) لەگەڵ (- ێن/- ان)دا ئەوەیە، کە (Ø) تەنها سیمای پۆلەرەگەز (بەکردارکەر) دەنوێنێت، بەڵام (- ێن/- ان) مۆرفیمێکی تێکەڵە و سیمای بەکردارکەر و بوونە هۆ(هێز /*Cause*) دەنوێنێت.

## لیستی هێما و کورتکراوەکان:

| هێما | لێکدانەوە |
|---|---|
| *DM / Distributed Morphology* | *مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو* |
| *MP / Minimal program* | *مینیماڵ پرۆگرام* |
| *FVI / Functional Vocabulary item* | *دانەی وشەکاریی ئەرکی* |
| *LVI / Lexical Vocabulary item* | *دانەی وشەکاریی فەرهەنگی* |
| *LF / Logical Form* | *فۆرمی لۆژیکی* |
| *PF / Phonological form* | *فۆرمی فۆنۆلۆژی* |
| ف.ئا | *فرێزی بەئاوەڵناوکەر* |
| ف.ک | *فرێزی بەکردارکەر* |
| ف.ن | *فرێزی بەناوکەر* |
| ف.پلە | *فرێزی پلە* |
| ف.Д | *فرێزی ئەسپێکت* |
| ف.Σ | *فرێزی ئەری و نەری و ڕێژە* |
| ف.√ | *فرێزی ڕەگ* |
| ↔ | *هاوتابوون(بەرانبەروەستانەوە)* |
| t√ | *شوێنپێی ڕەگێکی جوڵاو* |
| [سیما] | *سیمای نابەرجەستە* |
| [u √P] | *سیمایەکی ڕاڤەنەکراوی نەپشکنراوی ڕەگێکی بەند، کە بۆ پشکنینی پێویستی بە لێکدان لەگەڵ ڕەگێکدا هەیە* |
| [u xP] | *سیمایەکی ڕاڤەنەکراوی نەپشکنراوی ڕەگێکی بەند، کە بۆ پشکنینی پێویستی بە لێکدان لەگەڵ پۆلەرەگەزێکدا هەیە* |
| [u x] | *سیمایەکی ڕاڤەنەکراوی نەپشکنراوی ڕەگێکی بەند، کە بۆ پشکنینی پێویستی بە لێکدان لەگەڵ ڕەگێک، یان پۆلەرەگەزێکدا هەیە* |

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی:


کەرەمی، سەعید (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانستگای کوردستان.

مەحوی، محەمەد (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم.

مەحوی، محەمەد (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی. چاپی یەکەم. بەرگی یەکەم و دووەم.

مارف، ئەورەحمان (٢٠١٤)، وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.


## بە زمانی ئینگلیزی:


*Akkuş, et al. (2023), Case and The syntax of argument indexation, An analysis of Sorani Kurdish, University of Pennsylvania Press.*

*Alqahtani, S.&Almufarrej, N. (2021), Impoverishment and Underspecification To Account for Syncretism of Arabic Functional Morphemes, Al-Azhar University Press.*

*Creemers. et al. (2018), Some Affixes are Roots, Others are Heads, Natural langage&Linguist Theory.*

*Embick, D. (2015), The Morpheme, University of Pennsylvania Press.*

*Embick, D.&Halle,M. (2004), Aspects of The Latin Conjugation in Distributed Morphology, Linguistica Chomskyana.*

*Embick, D.&Maranz, A. (2008), Architecture and Blocking, The Massachusetts Institute of Technology Press.*

*Embick, D.&Noyer, R. (2001), Movement Operation after Syntax, The Massachusetts Institute of Technology Press.*

*Embick, D.&Noyer, R. (2005), Distributed Morphology and Syntax/Morphology Interface, Oxford University Press.*

*Halle, M.&Maranz, A. (1993), Distributed Morphology and The Pieces of Inflection, MIT Press.*

*Hankamer, J.&Mikkelsen, L. (2015), Structure, Architecture, and Blocking, Linguistic Inquiry.*

*Harley, H. (2014), On The Identity of Roots, University of Arizona Press.*

*Lowenstamm, J. (2010), Derivational Affixes as Roots, Universite Paris-Diderot&CNRS.*

*Mahmood, R. (2022), A Morpho-Syntactic Analysis of Subjunctive Mood in English and Kurdish, University of Sulaimani Press.*

*Maranz, A. (1988), Clitics, Morphological Merger, and the mapping to phonological structure, San Diego , Calif.: Academic Press.*

*Maranz, A. (1996), "Cat" as a Phrasal Idiom, MIT Press.*

*Maranz, A. (1998), No Escape from Syntax, Penn Linguistics Colloqium.*

*Maranz, A. (2001), Words, MIT Press.*

*Nevins, A. (2015), Lectures on Postsyntactic Morphology, Harvard Working Papers in Linguistics.*

*Pfau, R. (2000), Features and Categories in Language Production, Univarsitat zu Frankfurt am Main.*

*Siddiqi, D. (2006), Minimize Exponence, University of Arizona Press.*

*Shawder, K. (2014), Morphosyntactic Structure of Phonological Words, University of Pennsylvania Press.*

# چەمکی ئازادی لەنێوان خەبات و هۆشیاریدا، بە نموونەی شیعریی نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٦٥

**مهاباد ئازاد محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئەم توێژینەوەیە (چەمکی ئازادی لەنێوان خەبات و هۆشیاریدا، بە نموونەی شیعریی نوێی کوردی - 1920 -1965) تایبەتە بە شیکردنەوەی چەمکی ئازادی لە شیعری نوێی کوردیدا. لە پرسی ئازادی دەکۆڵێتەوە لە نێوان خەباتی - فیزیکی - سیاسی و هۆشیاری فکریدا. ئامانج لێی شیکردنەوەی شێوازی تێگەیشتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ مانا جیاوازەکانی ئازادیدا، کە وەك تەوەرێکی سەرەکی شیعریی ئەو سەردەمە دەبینرێت.

لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی نموونە شیعرییەکانەوە، ئەوە رۆشندەکاتەوە کە چۆن ئازادی لەگەڵ مانای ڕزگاری و سەربەستیی سیاسیدا، یەکانگیر دەبن. پرسیار لەوە دەکات ئایا چەمکی ئازادی وەك ئامانجێکی جەستەیی، تەنیا لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا شێوە دەگرێت؟ یان چەمکی ئازادی سنووری بەرخودانی خەباتی فیزیکی تێدەپەڕێنێت؟ کام لە دەقە شیعرییەکان ئازادی بە دامەزراندنی هۆشیاری تاك و هۆشیاری نەتەوەیی دەبینێت؟ ئایا نەبوونی هەماهەنگی و نەبوونی هاوتەریبی نێوان ئازادی وەك ئامانجێکی سیاسی و ئازادی وەك پرۆسەیەیەکی گەشەسەندووی هۆشیاری خودیی و ئاكاری و فکریی، کاریگەری لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات؟ چۆن؟ ئەگەر ئازادی بە مانا فیزیکییەکەی لەسەر بنەمای قوربانیدان و تێکۆشانی فیزیکی و چەکداری بسەندرێت، ئازادی بە مانا فەلسەفی و جەوهەرییەکەی لەسەر چ بنەمایەك دەکرێت دابمەزرێت و دەست بە گەشەسەندن بکات؟ ئایا بە دیهاتنی ئازادی سیاسی، لەگەڵ خۆیدا ئازادی ناوەکی و هۆشیاریی تاك مسۆگەر دەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەوڵدەدەین چەمکی ئازادی لە شیعردا، هەم وەک ئامانجی (ڕزگاربوون لە ستەم) و هەم وەک پرۆسەیەک ( قوولبوونەوەی هۆشیاری) بخەینەڕوو. لە ڕێگەی نموونە شیعرییەکانەوە سەرەتا چەمکی ئازادی لە چوارچێوەی خەباتی ڕزگاریخوازی سیاسیدا ڕووندەکەینەوە، چونکە بە گشتی لە شیعری نوێی کوردیدا، بە تایبەت لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم بەولاوە، ئازادی بە بەرهەمی قوربانیدان و خۆڕاگری و ئازایەتی دادەنرێت. ئەم دەقانە تێکۆشانی چەکداری و فیداکاریی، وەک ئامرازێکی حەتمی بۆ گەیشتن بە ئازادی نیشتمانی و چارەنووسی نەتەوەیی دەخەنە ڕوو. لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا مانای ئازادی لە ڕێگەی هێماکانی وەک "خوێن"، "شاخ"، یان " مەشخەڵ"، "هەڵمەت" قوربانی"..هتد گوزارشتی لێدەکرێت. دواتر چەمک و مانای ئازادی وەك سەربەخۆبوونی هۆشیاریی عەقڵی شیدەکەینەوە . هەڵبەتە کەمتر لە نموونەکانی تەوەری پێشتر، بەشێك لە دەقەکان بەدەر لە ئازادی سیاسی، جەخت لە گرنگی گەیشتن بە ئازادی ناوەکی دەکەنەوە، کە پەیوەستە بە هۆشیاری رۆحیی تاك و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتییە ئاكاریی و ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی مرۆڤ. زۆرجار لە ڕێگەی هێما و میتافۆرەکانی وەك "ڕووناکی، عیشق، هەڵاتنی خۆر، نەسیم، ئاسۆ، هەوای ئازادی.. هتد " گوزارشتی لێکراوە.

**کلیله ووشەکان:** ئازادی، خەباتی سیاسی، تێکۆشان، هۆشیاریی، بەرپرسیارییەتیی ئاكاریی

## پێشەکی:

پرسی ئازادی یەکێکە لە تەوەرە هەرە سەرەکییەکانی گوتاری رۆشنبیریی شیعری نوێی کوردیی، ساڵانی ١٩٢٠-١٩٦٥. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەم چەمکە وەك خەونێکی بە دینەهاتووی ناوکۆیی، دەبێتە جێگەی بایەخی ڕووناکبیران. بە دیهاتنی ئەم خەونە پەیوەست دەکرێت بەخەباتی فیزیکی و تێکۆشانەوە، لە بەرامبەر ستەمی زۆرینە و داگیرکاریدا، کە پێویستی بە قوربانیدان و بەرخودانە. باڵا دەستی ئەم ڕوانگەیە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی، پەیوەندی بە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەوە هەیە، کە هاوکاتی دروستبوونی بزووتنەوە نەتەوەیەتییەکانی کوردە. جگە لەم تێگەیشتنە، بە شێوەیەکی نادیار تێگەیشتنێکی تر بەدیدەکرێت کە ئازادی بە ئەزموونێکی ناوەکی و باڵاڕەوی هۆشیاریی فکرییەوە گرێدەدات. ئەو قۆناغە شیعرییەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کراوە، قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کە تێیدا ئامانجی بزووتنەوە سیاسییەکان و خواستە نەتەوەییەکان و شوناسی کولتووری یەکدەگرن و شیعر دەبێتە بڵندگۆی گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی ئەم قۆناغە. بە پێی سنووری توێژینەوەکە لە بەرهەمە شیعرییە هەڵبژێردراوەکان کەڵک وەردەگرێت، بۆ شیکردنەوەی چۆنایەتییەکانی تێگەیشتن لە چەمك و رۆڵی ئازادی لە شیعری کوردیی ئەو سەردەمەدا. ئەوە رۆشندەکاتەوە کە چۆن ئازادی لە چوارچێوەی خەباتی سیاسیدا، ڕۆڵیکی چارەنووسساز دەگێڕێت، لە بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییەکی سایکۆنەتەوەیی و

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp119-127

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 10 شباط 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :mahabad.azad@koyauniversity.org

حقوق الطبع والنشر ©2026 مهاباد ئازاد محەمەد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پەروەردەیەکی خرۆشاوی پڕ لە هەست و سۆز، کە هەمیشە ئامادەی بەرخودان و قوربانیدان بێت !.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، گرنگی بە بنەمای فکریی نموونە شیعرییەکان دەدات، بۆیە هێندەی لە تێڕوانینە سیاسیی و فەلسەفییەکانەوە چەمکی ئازادی شیدەکاتەوە، هێندە پێناسەکانی شیعری سیاسیی، بەسەر ئەو شیعرانەی بە شیعری سیاسیی یان شۆڕشگێری ناسراون، پراکتیزە ناکات .

ئامانجی توێژینەوەکە: تێگەیشتن و شیکردنەوەی بیرۆکەی ئازادییە ، لە نێوان خەباتی سیاسی و هۆشیاری فکریدا، لە شیعری نوێی کوردیدا. هەروەها ئامانجی تێگەیشتنە لە ئاکامەکانی تێڕوانینە باڵا دەستەکانی ئەم قۆناغە ڕۆشنبیرییە، لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی سیاسی و پەروەردەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیدا .

پرسیاری توێژینەوەکە : ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوون بۆ کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ دەکات. ئایا شاعیران تەنها وەک ئامانجێکی سیاسی و دەرەکی لە چەمکی ئازادی دەڕوانن، کە پەیوەستە بە خەباتی فیزیکی و تێکۆشانەوە؟ یاخود وەك پرۆسەیەکی ناوەکی و ئاکاریی، پەیوەست بە هۆشیاریی تاکەکەسیش وێنای دەکەن؟ ئازادی وەک پرۆسەیەک چۆن لە ڕێگەی زمان و هێما و پێکهاتەی شیعرییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت؟ شێوەگرتنی ڕوانگەی سیاسی بۆ ئازادی، لە لای ڕۆشنبیرانی ئەم قۆناغە، ئایا ڕۆڵی لە ڕەنگرێژکردنی دنیابینی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری قۆناغەکانی دواتر هەیە ؟ هاتنەدی خەونی ئازادی لە بەشداری کردنی چالاکانەی ژیانی سیاسی و توانای دەربڕین و هەڵسوکەوت، لە کایەی گشتیدا، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئازادی هۆشیاریی فکری و تاکی ئاکاریی بەرپرسیار؟

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە دەریدەخات بەرجەستەکردنی مانای یەکەمی ئازادی بە تەنیا پێویستیی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی دەستەجەمعی نەتەوەیەکی هەڤخوراو نییە، لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا، بەڵکو ئازادی وەك دیاریکەری شوناسی نەتەوەیی، دەرخەری مانای کوردبوونە. ئەوەشی ئەم چەمکە قووڵدەکاتەوە و دەیکات بە پرسێکی نێو نەتەوەیی و بەرپرسیارێتیکی مرۆیی و گەردوونی، ئەم هۆشیارییە مرۆییە تاکەکەسییەیە، کە بەبێ دامەزران و چەکەرەکردنی لە ناو تاکەکاندا هەموو ئازادییەکی سیاسی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. جگە لەوەی ئەم توێژینەوەیە هانمان دەدات کە ڕۆڵی شیعر لە مێژووی کوردیدا، نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بەرخۆدانی سیاسی نەتەوەیەك، بەڵکو وەک زەمینەسازییەك بۆ بەرەوپێشبردنی ویست و ڕۆحی ئازادانەی مرۆڤایەتی لەبەرچاو بگرین.

لەبەر ئەوە گرنگییەکی تری ئەمجۆرە لە توێژینەوە لەوەدایە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و هەروەها بۆ شیکردنەوەی بنەماکانی واقیعی ئێستامان، پێویستمان بە توێژینەوە و بەدواداچوونی زیاترە، نەك تەنیا لە لایەنی تەکنیکی شیعر و چۆنایەتیە زمانییەکانی، بەڵکو تێرامان لە بونیادی فکریی شیعر، لە قۆناغەکانی رابردوومان، پێویستییەکی حەتمییە بۆ قووڵبوونەوەی لایەنی فکریی توێژینەوەکانی داهاتوو، چونکە لە مێژووی ئێمەدا، شیعر سەرەکیترین فۆرمی ئەدەبییە و شارێگەی دەبڕین و دەرخەری کۆی تێڕوانین و بیرکردنەوەی سەردەمەکانە .

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیۆری هێرمۆنتیکە، ئەم میتۆدە، وەك زانستی تێگەیشتن، ڕێگە بە لێکدانەوەی دەقەکان دەدات، بە تایبەت بەرهەمە ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفییەکان، لە چوارچێوەی هەریەکەیاندا. وا دەکات بتوانین چەمکی ئازادی لە شیعری کوردیی - قۆناغی دیاریکرودا- لێکبدەینەوە، وەک دەربڕینێک بۆ خەباتی سیاسی یان وەک ویستێکی بنچینەیی لە هۆشیاریی تاکەکەسیدا .

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە هەر بەشەی چەند تەورێك دەگرێتە خۆی. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمکی ئازادی سیاسی لە شیعری نوێی کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کراوە. تەوەری یەکەم چەمکی ئازادی سیاسی و بابەتی ستەمی دەسەڵاتدار ڕووندەکاتەوە، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەی شاعیرەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی دەستنیشانی دەکەن، وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئازادی هانی خوێندەواری و زانست دەدەن، تەوەری سێیەم، بە نموونەی شیعریی قۆناغی دیاریکراو، ڕێگەیەکی تر بۆ گەیشتن بە ئازادی شیدەکاتەوە، لەوەدا کە دەنگی ئازادی شیعریی کوردی پەیوەست بە خەباتی سیاسی و تێکۆشان دەبێت .

بەشی دووەم دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، تەوەری یەکەم وەك ئەزموونێکی ناوەکی باس لە هۆشیاریی و ئازادی فکری دەکات. تەوەری دووەم تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتیکی ئاکاری ڕووندەکاتەوە، لە بنەمای فکری نموونە شیعرییەکان و بیرۆکەی ئازادی ڕادەمێنێت. هەروەها هەوڵدەدات ئەنجامە واقیعییەکانی لاسەنگی تای تەرازووی ئازادی، لە نێوان بە دەستهێنانی ئازادی سیاسی و هۆشیاری فکریدا لە واقیعی ئێستادا دەربخات. لە کۆتاییدا گرینگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## 1. چەمکی ئازادی لە شیعری نوێی کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا

### 1.1 چەمکی ئازادی سیاسی و ستەمی دەسەڵاتدار

لە مێژووی کورددا، بایەخی واقیعییانەی ئازادی بۆ ئەو مێژووە پڕ خەبات و بەرەنگارییە دەگەڕێتەوە، کە لەسەردەمە جیاواز و یەك بەدوا یەکەکاندا " میرە کوردەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەرپەرچی هێرشی (غوزەکان - سەلجووقییان، (خارەزمشاهیان- ئیلخانان، تەیموورییی و عوسمانییان داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتوونەتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتدارانی بێگانەوە، بەڵام ئەم قۆناغانە خاڵی نەبوونە لە بەرەنگاربوونەوە. لەسەر ئەم خاڵە سوور بوون و هەن، کە دەسەڵاتی لاوەکیی لەسەر خۆیان ڕابماڵن" ( ئەبریشەمی: ؟: 171-172). لە سەردەمە کۆنەکاندا ئەگەر بەرگریکردن لە ئازادی جۆرێك بێت لە پاراستنی ئازادی سروشتی و هەستکردن بێت بە پێویستی پاراستنی مافی خاوەندارێتی، ئەوا لە سەردەمی تازەدا، چەمکی ئازادی بە ئاگاییەوە وەك پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. چونکە بەر لە سەدەی بیستەم "ڕاپەڕینەکانی کورد لە چەرخی نۆزدەدا خاوەنی ڕێکخستنێکی سیاسی و بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی نەبوون.... توێژی ڕووناکبیری نوێخواز لە سەدەی بیستەم بەملاوە، هەروەك ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی دیکە، دەستییان کرد بە پێکهێنانی چەند ڕێکخراوێکی سیاسی و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، کە جاروبار نیوە فەرمی و جاری واش نهێنی بوون".( شەرەفکەندی: 2012: 44). لە پێش جەنگی یەکەمدا کوردەکان دەستییان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی سیاسی بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و پێکهێنانی کۆمەڵ، کە خەریکی خەبات بێت لە پێناو ڕزگاربوونییان. ئەوان یەکەم ڕۆژنامەیان بە ناوی( کوردستان ) لە ساڵی 1897 لە قاهیرە دەرکرد، چەندین کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەڵەی ڕۆشنبیرییان دروستکرد، بۆ بڵاوکردنەوەی نوێخوازی و زانست وپێشخستنی کورد" ( قەفتان: 2004: 269) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە لە کوردستانی باشوور لە ساڵی 1919 دا، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و

کۆمەڵایەتییەوە، لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بڕوانە ( میسری: 2004: 68-86). هەروەها بڕوانە ( بێشکچی: 2019: 192-204)

جۆن ستیوارت میل" لە کتێبی " لە بارەی ئازادییەوە On Liberty" - بەر لەوەی باس لە سەرهەڵدانی حکومەتی دیموکراسی بکات، لە بەشی یەکەمدا مێژووی ململانێی نێوان تاک و دەسەڵات دەخاتەڕوو . باس لەوە دەکات چۆن لە سەرەتادا خەڵك دژی دەسەڵاتی پاشاکان بوون ، لە دوایشدا دەسەڵاتی زۆرینە جێگای دەسەڵاتی پاشاکانی گرتەوە. لەوێدا مانای ئازادی لە سەردەمە دێرینەکاندا بەوە ڕووندەکاتەوە کە لەو کاتەدا " ئازادی، مانای پاراستنی تاکەکان لە ستەمی فەرمانڕەوایی دەگەیاند، چونکە چەند فەرمانڕەوایەکی میللی - یۆنانەکانی لێ دەرچێت- باقی فەرمانڕەواکان خۆیان هەر لە بنەڕەتەوە نەیاری ڕەعیەتەکانیان بوون".(میل: 2016 :5) لەمەوە خەڵکی نیشتمانپەروەر جگە لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ستەمکاریی فەرمانڕەواکان، زیاتریان نەدەویست، نینۆکگرتنی فەرمانڕەوا، مانای ئازادی دەگەیاند، لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا دوو ڕێگەیان گرتەبەر: یەکەمییان ناچارکردنی فەرمانڕەوا بوو تا پەیمان بدات بە ناوی ئازادییەکانەوە، چەند مافێکی سیاسی بپارێزێت...ئەگەر فەرمانڕەوا ئەم سنوورانەی بەزاند، ئەوا خەڵك بۆی هەیە بەرەنگاری ببێتەوە، یاخود لێی ڕاپەڕێت. دوای ماوەیەکی تری زەمەنی پێویستی کرد ڕێگەیەکی تریش بگرنەبەر، ئەویش دانانی سنوورە دەستوورییەکان بوو. ( میل: 2016 : 6 - 5) بە ئامانجی هێنانەدی ئازادی سیاسی کە مافی بەشداریکردنی تاك لە بڕیارە گشتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی دەگرتەوە. لایەنەکەی تریش بەرقەرابوونی ئازادی کۆمەڵایەتییە، کە مافی هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕە.

" میل " لە درێژەی بۆچوونەکانی سەرەوەیدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، سەرەڕای سەرهەڵدانی سیستەمی دیموکراسی و باوەڕبوونی خەڵك بەوەی فەرمانڕەوا لە خۆیان جیا نییە، بەڵام ئەمە واینەکرد ستەمکاری زۆرینە ڕوونەدات، چونکە دەستەواژەکانی -خۆ بە ڕێوەبردن و دەسەڵاتی گەل بەسەر خۆیەوە- گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە واقیعی حاڵ ناکەن، بەوەی مەرج نییە هەموو کات ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لەگەڵ ئەوانەدا کۆك بن کە ملکەچی دەسەڵاتن. جگە لەوەش دەرکەوت ئیرادەی گەل هیچ نییە، جگە لە ئیرادەی زۆرترین ژمارەی کەسەکان، مەبەست لە ئیرادەی زۆرینە، ئەوانەیە دەتوانن خۆیان وەك زۆرینە بناسێنن، لە ئەنجامی ئەمەشدا دوور نییە، گەل هەوڵ بدات زووخاو بکات بە گەرووی بەشێکی تریدا.( میل: 2016: 10) پاڵپشت بەم بۆچوونە، واقیعی سیاسیی مێژووی کورد و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، شایەتی ئەوەدەن ئەویتری دەسەڵاتدار، نەك هەر هەوڵی داوە زوخاو بکات بە گەرووی کوردا، بەڵکو وایکردووە ژیانی تراژیدی دیارترین سیمای ئەم گەلە بێت . ئەوەی وایکردووە هەوڵی ستەمکاریی بەوپەڕی جۆرەکانی ستەم بگەیەنێت، لە سادەترین دیاریکردندا ئەوەیە ئێمە وەك کورد هەرگیز بەشێك نەبووین لە هەمان ئەو گەلە دەسەڵاتدارەی، کە فەرمانڕەوایی ئێمەی پێ بەخشراوە. شیعری کوردیی ئەم قۆناغە شایەتی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدەن. (قانع) لە شیعری (شیوەنی نیشتمان) دا دەڵێت :

"هەور بەختی کوردستانە، شیوەن و گریان ئەکا
ناڵە ناڵی کوردەکانە جەرگ و دڵ بوریان ئەکا
دەنگی قیژوهۆڕی خەڵقە، دێت لە ژێر چەرخی زەمان
ئاهی مێردکوژراوی کوردە عالەمێ ویران ئەکا " ( قانع، :1979: 39)

لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کە دەوڵەتی عێراق لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی عەرەبی دادەمەزرێت..( شەرەفکەندی: 2012: 84) کورد نەك هەر لە چوارچێوەی یاسا حکومی و مەدەنییەکاندا ئەزموونی ئازادی سیاسی ناکات، بەڵکو ئەم ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەشی پێشێل دەکرێت کە "جۆن لۆك" لە چوارچێوەی مافی یاسا سروشتییەکاندا دەستنیشانی دەکات و دۆخی سروشت وەک حاڵەتێکی ئازادی و یەکسانی سروشتیی دەناسێنێت، چونکە " لۆک" ئازادی نەک تەنها وەک ئامانجێکی سیاسی، بەڵکو وەک بارودۆخێکی سروشتی و بنەڕەتی مرۆڤایەتی دەبخاتە ڕوو. لە نموونە شیعرییەکاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە نەك تەنیا ئازادی سیاسی، بەڵکو ئەم ئازادییە سروشتییەی کە هەر مرۆڤێك هەیەتی، بە زنجیری مەینەتیی بەند دەکرێت و هەناسەی ئازادی لێدەبڕن. لێناگەڕێن وەك ئەو مرۆڤە پاك و سروشتییەی لە دایکبووە بژیت و وەك ئەوەی هەیە، ئەزموونی مافەکانی ژیانی خۆی بکات .

لە ڕۆژێکۆ لە دایکبووم، بەپاکی بووم و خوڵقاووم
بەڵام چی بکەم؟ بە زنجیری ئەسارەت، بەند و خنکاوم ( قانع: 1979: 123)

لە بەرئەوەیە ئەرکی کوردەکان لە ئەرکی ئەو گەلانە قورستر دەبێت کە بۆ ئازادی مەدەنی و سیاسی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر تێدەکۆشن، چونکە ئەوان دەبێت هەم بەرگری لە ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونیان بکەن ، هەم لە ڕێگەی تێکۆشان و خەباتەوە هەوڵی ئەم ئازادییە سیاسییە بدەن، کە لە ڕێگەی یاسا و سیستەمی دیموکراسیدا، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و مافە مەدەنییەکانیان دیاریبکرێت .

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا هەر زوو کورد لە باشووری کوردستاندا، هەست بەوە دەکات لە دەستووری دەوڵەتی عێراقی تازە دامەزراودا، یاسای مافی پێکهاتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی رووکەش بوونی هەیە. بۆیە ڕۆشنبیران و کۆمەڵانی خەڵك پێیانوابوو ئەوانەی وەك نوێنەرانی گەلی کورد دەستنیشانکراون نوێنەری ڕاستەقینەی گەل نین و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوونەتە نوێنەری کورد. هەر لەبەر ئەوەشە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکی گەورە لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی "1930" دا لەبەردەم دەرکی سەرای شاری سلێمانی دەستپێدەکات و قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ڕووداوە مێژووییە بڕوانە( ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە تاوەکو ڕووداوەکەی بەردەرکی سەرا، 1996).

(گۆران) ی شاعیر ئەم ڕووداوە واقیعی و مێژووییە، لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی"شەهید" دەگێڕێتەوە و ئامانجی گەل لە "ویستنی حەق" دا دەستنیشان دەکات. بۆ ئەمە دەڵێت "غریوی ویستنی حەق، کەوتە ناو شاری سلێمانی" (گۆران:1980: 265) هەروەها هۆکاری پشت نارەزایەتییە جەماوەرییەکە لەوەدا ئاشکرا دەکات، کە گەلی کورد بە سیناریۆی هەڵبژاردنی ساختە ڕازیی نابێت، هەر وەك چۆن بەو نوێنەرانە ڕازیی نییە، کە گوایە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن، چونکە مەبەستی تریان هەیە و ئەوان دەستییان لە داوێنی نیشتمان بەرداوە:

" ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمسیلی ڕەئیی کەن؟
حوکومەت! ئێمە کوردین، وائەڵێین: (( نامانەوێ نوواب
کە داوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست، وەتەن بەردەن!
نەکەی، مەشروع نییە.. دەرکە لە سەر سەودایی ئینتیخاب " ( گۆران:1980: 265)

شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەوە تێگەیشتن، مەبەست لە ئازادی سیاسی، بە تەنیا هەر ئەوە نییە گەل یاخود تاك، لە ستەم و زۆرداریی ئەویتر ڕزگاری بێت، بەڵکو ئەوەشە مافی بەشداریکردنی لە بڕیارە گشتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی و دامەزراندنی ڕێکخراو و پارتی سیاسیدا هەبێت و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی، مسۆگەر بێت. کوردەکان لەوپەڕی بێ ئومێدیدا ڕۆژ بە

رۆژ زێدەتر دەرك بەوەدەكەن هیچ كام لە جۆرەكانی ئازادیییان بۆ بەرقەرار و مسۆگەر نابێت. لەبەر ئەوەیە " شیعری سیاسیی كوردی بە پێی ئەو قۆناغ و پلە و پایەیە لە منداڵدانی بارودۆخەكەدا لە دایك دەبێ و بە پێی ئەو قۆناغانە سیما و ناوەڕۆكی شیعر دەگۆڕێت" ( ئاگرین: 1996: 21) لەوێوە شیعر دەبێتە سەكۆیەك بۆ بانگی خەبات و هەوڵ و تێكۆشان.

( بێكەس) ی شاعیر لە كۆتا دێڕی شیعری (فكری سەركەوتن) دا لە پێناوی مافی ئازادیدا داوای هەوڵی دڵسۆزانە و تێكۆشانی كرداری دەكات و دەڵێت :

"گەر بە دڵ بێت و هەوڵدەین بۆ تەرەققیی قەومی كورد
نائیلی جێگە و حوقووقی خۆی ئەبێ ئەم میللەتە
هەوڵ و تێكۆشین بە تەنها هەر بە دەم كەڵكی نییە
گرمە گرمی هەوری بێ باران، نیشانەی زەیقەتە" ( بێكەس:1986 :53)

شاعیر لە ڕێگەی وێنەیەكی هونەریی جوانی شیعرییەوە پێماندەڵێت، ئەگەر ئومێدی سەركەوتنتان تەنیا بە قسە و گوتارەوە پەیوەست بێت ، ئەوا هەوڵەكانتان وەك گرمە گرمی ئەو هەورە بێ بارانە وایە، كە بەرەكەتی دابارینی لەگەڵدا نییە، تەنیا هات و هاواری دەبێت و نیشانەی دەستەوەستانی و مەینەتی پێوە دیارە، لەبەر ئەوە ئەگەر فكری سەركەوتنمان هەبێت، لە بە دەستهێنانی ماف و هەقە نەتەوەییەكانی كورد، ئەوا دەبێت دەست بە خەبات و تێكۆشانی كرداری بكەین.

كەواتە با بزانین ڕێگەی ئەم خەبات و تێكۆشانە كردارییە بۆ بە دەستهێنانی ئازادی ، بە چ ڕێگەیەك دەستنیشان دەكرێت؟

## 2.1 هاندانی خوێندەواری و زانست وەک ڕێگایەک بۆ ئازادی

ئەگەر سەرنجی قۆناغی شیعری تازەی كوردی - لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم- بدەین ، ئەوا دەبینین شیعر شا ڕێگەی پەیامی بانگی ئازادییە. "هەڵبەست بووەتە بانگەواز و وتەی ڕاپەڕینی ڕێڕەوی كاروانی ڕەنجبەرانی گەلی كورد، كەهەردەم بەرەو پێشكەوتن و ئازادی مل ئەنێ، ڕۆیشتنێك كە:

برۆین بەرە و ئامانجی دوور
ئازا و جەسوور
تاكو یەك یەك ئەم كۆتانە
كۆتی دیلیی ئەم ژیانە
ئەپچڕێنین..!! " ( شارەزا: 2016: 77)

لێرەدا ئامانجی گەیشتن بە ئازادی وەك ئامانجێكی دوور دەبینرێت، چونكە پێویستی بە بڕینی ڕێگەیەكی سەخت و ئازایەتی هەیە، تا بتوانێت یەك بە یەك زنجیر و كۆتی دیلی ئەم ژیانەی كە هەیە بپچڕێنرێت.

لەم قۆناغەدا گەیشتن بە ئازادی بە دوو ڕێگە دیاریدەكرێت، كە هەر دوو ڕێگەكە یەك ئامانجی دیاریكراویان هەیە، یەكێكییان گرتنەبەری ڕێگەی زانین و بەرزكردنەوەی ئاستی زانست و زانیارییە. ئەویتریشییان بەرەنگاربوونەو و پێویستی شۆڕش و قوربانیدانە .

( ف. بێكەس) لە شیعری "سەدەی بیستەمە" هەرزوو كوردەكان لەوە ئاگادار دەكاتەوە كە ئەم سەدە تازەیە پێویستی بە ئاگایی و زانست و هەوڵدانە. لە بەر ئەوەی كورد نەتەوەیەكی بێپشتیوانە، گەر لەم ڕێگەیەدا تێنەكۆشن، حاڵییان پەرێشانتر دەبێت .

"سەدەی بیستەمە، كوردە غیرەتێ
لە خەو ڕاپەڕە، هەوڵێ هیمەتێ
بەسییە نەزانی عیلم و سەنعەتێ ( بێكەس:1986 :68)

یان دەڵێت: " ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە – عالەم شەو و ڕۆژ وا لەفەرمانە) (بێكەس:1986: 36)

لە نموونەیەكی تری شیعریدا بۆ لاوانی وەتەن شاعیر دەنووسێت :

"لاوانی وەتەن غیرەتێ بكەن
دەی هەستن لە خەو
وا بەسەرچوو شەو
نەما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرسەتە ڕۆژی هیمەتە". ( بێكەس:1986 :54)

( بێكەس ) لە ساڵی (1928) دا لە شیعری (ئامۆژگاری بۆ میللەت) دا ڕاستەوخۆ داوا لە میللەت دەكات ڕێگەی نەزانی بەربدەن و ڕێگەی زانین بگرنەبەر :

"ڕێی نەزانی بەربدە و ڕێگەی مەعاریف بگرەبەر
نیشتمانت زۆر كەساسە و ، ژینی هەر غەمبارییە" ( بێكەس:1986 :54)

بە هەمان شێوە (شێخ نووری شێخ ساڵح) كە یەكێكە لە پێشەنگەكانی نوێكردنەوەی شیعری كوردیی ناوەڕاست، لە شیعری ( هاواری وەتەن) دا كە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دا لەساڵی 1925 بڵاویدەكاتەوە، هەمان بۆچوونی هەیە و هەمان ڕێگە دەستنیشان دەكات. لە سەر زمانی وەتەن دەدوێت و دەڵێت: من ئەو درەختەم بە زانست و هونەر، خزمەتم بكەن .

"ئاوەدانی من و خزمەتی من ،عیلم و فنوونە
تەحسیلی مەعاریف، سەمەر و قیمەتی ژیانە" ( ساڵح: 2008: 211)

ڕۆشنبیرانی ئەم قۆناغە سەرنجی تەواوییان دەخەنە سەر ئەوەی كۆمەڵانی خەڵك بە ئاگا بێن و دەرك بە ڕزگاری و مافە تاكە كەسی و نەتەوەییەكانییان بكەن .

لە خەو ڕاپەڕە، هەستە بەیانە
كاتی هۆشیاریی و هەوڵی ژیانە
تەیری بەندكراو بە تاریكی شەو
ڕزگارن لە چنگ كۆتی سەختی خەو
پەرتی ئاسمان و زەمینن بەرەو
بۆ ئەوەی بژین ژیانێكی نەو.. (شارەزا، 2016:43)

شاعیر داوا لە میللەت دەكات لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا بێن، هەر وەك چۆن باڵندەكان لە تاریكی شەو ڕزگارن، ئازادانە بە ئاسماندا دەفڕن و بە زەمیندا ڕەودەكەن، بۆ ئەوەی لە ڕۆژێكی نوێدا بە ژیانێكی نوێ بژین . خەونبینین بەو ژیانە نوێیە بۆ كورد، ژیانی ئازادی سیاسیی و جوگرافییە.

"نەما ئەو ڕۆژەی تۆ بەئاسانی
بتوانی بژی بە شادمانی
"تۆ كە قەومێكی بێ پشتیوانی
گەر تێنەكۆشی زۆر پەرێشانی
هۆش و بیرت بێ.. پیاوی ژیرت بێ..
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟" ( بێكەس:1986 :68)

لەم نموونە شیعریانەی سەرەوەدا هەریەك لە چەمكەكانی (ڕزگاری، سەربەستی) لەگەڵ چەمكی ئازادی و ویستی سەربەخۆیی سیاسیی تەماهی دەكات. شاعیر بە شێوەی پرسیار لە نەتەوەكەی دەپرسێت، بۆچی لە بری سەربەستی، زنجیرت لە پێ بێت؟ ڕزگاربوون لە زنجیری پێیەكان، ڕزگاری جەستەی خاك و ئازادی كیانی

سیاسی و نەتەوەیی دەگرێتەوە. یەکێك لە ڕێگاکانی پساندنی ئەم زنجیرە، بە بڕەودان بە خوێندەواری و پێشکەوتنی زانین و زانستیی سەردەمی تازەوە، گرێی دەدەن .

### 3.1 دەنگی ئازادی شیعریی کوردی پەیوەست بە خەباتی سیاسی و تێکۆشان

خەباتی سیاسی بۆ ئازادی لە دژی کۆت و بەندە دەرەکییەکانی وەک سیستەمی پاوانخوازی و کوشتن و سەرکوتکردن، ناچارانە پەیوەست دەبێت بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی دەستە جەمعییەوە. جۆن لۆک لە "نامەی دووەم لەسەر فەرمانڕەوایی ((Second Treatise of Government) "دا کە باس لە شۆڕش و مافی بەرخۆدان دەکات، بە تایبەت لە بەشی نۆزدەهەمدا لە سەر مافی شۆڕش دەدوێت و ڕەوایەتی بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی ستەم دەدات. پێیوایە کاتێک حکومەتێک دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکاردەهێنێت، گەل مافی خۆیەتی لەم دەسەڵاتە ڕزگاری بێت ، چونکە لەم حاڵەتەدا، پەیمانی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدا نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە. هاوڵاتی مافی ئەوەی هەیە بیڕوخێنێت. (لوك: 1959: 273) چونکە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە واتە لە ڕێگەی شۆڕشەوە چاکسازی سیاسی بکرێت و کۆتایی بە ستەم زۆرداری بهێنرێت .

دوای ئەوەی "لە ساڵی 1920 دا پەیمانی سیڤەر مۆرکرا، لەم پەیمانەدا وا بڕیاربوو دەوڵەتێك بۆ کورد دابمەزرێت، بەڵام کوردەکان لەم بڕیار و پەیمانە هیچ سوودێکییان وەرنەگرت و هەموو پەیمان و خەونە نەتەوەییەکانییان هەڵوەشایەوە. ( قەفتان: 2004: 270-271) ئەمە کوردەکانی لەوە دڵنیا کردەوە ، بە بێ جۆشدانی هەستی شۆڕشگێڕی و بە بێ هەڵبژاردنی ڕێگەی خەباتی فیزیکی، گەیشتن بە ئازادی سیاسیی مەحاڵ دەبێت. ئازادی دەبێتە ئەو خەونەی چاوەڕێی فریادڕەسێکە لە ڕێگەی خەباتەوە بیهێنێتە سەر زەمین، ئیدی ئەم فریادڕەسە من بم یان ئەویتری بەرامبەر بێت، هیچ لە جۆری خەونەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوەی لەم خەونەدا نەگۆڕە ئەوەیە ئازادی ئەوەیە کە لە مشتی داگیرکەرێك، دوژمنێك، نەریتێك، کەسێك ، ڕەقیبێك، زاڵمێك.. دا گلدراوەتەوە. ئەم تێڕوانینە کە بەها و پیرۆزی دەدات بەم فریادڕەسە، بە قووڵایی ڕۆشنبیری و پەروەدەی گشتیی ئەو قۆناغە و قۆناغەکانی دواتردا، دەچێتەخوار. بە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە لە خەبات و تێکۆشان، پێویستی بە هەست و سۆز و ئیرادەی کۆمەڵێکی خرۆشاو و وزە و هێز هەیە .

بێخودی شاعیر لە ساڵی ( 1922) دا لە شیعرێکیدا لە سەرزمانی "دایك"ە وە دەنووسێت :

"شیرەکەم حەڵاڵتان بێ، ڕۆژی هیمەتە

ڕۆحەکەم فیداتان بێ، وەختی غیرەتە ( بێخود: 1970: 138)

....

ئەو کەسانەی جەبانن

مەعنای ژیان نازانن،

مردنی لە ڕێگەی میللەتا

چاکترە لە ژین لە زیللەتا " ( بێخود: 1970: 138)

لێرەدا بانگی لاوەکان دەکرێت بۆ ئەوەی لە بری ئەوانی تر، بە کاری شۆڕشگێڕی و تێکۆشان هەڵسن. هەنگاو بە هەنگاو ئەم پەروەردە سایکۆنەتەوەییەی پڕە لە هەست و سۆز و خرۆشان و ویستی فیداکاریی، بە تەواوی جێدەگرێت.

"وەتەن! گیان و سەرو ماڵم فیدای تۆ

وە گیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ

لە پێناوت دەنێم سەر، تابزانی

منم ڕۆڵێکی ئازا و بە وەفای تۆ" ( هێمن:2012: 102)

لەم ڕوانگەیەوە (زەینەب خان- کچە کورد) لە شیعری ( سڵاو بێ سڵاو - 1939) وەسفی ئەو لاوانە دەکات کە بە ئەرکی ئەمجۆرە لە خەباتی چەکداریی و شۆڕش هەڵدەستن، ئەوان ئەو شۆڕشگێڕە فریادڕەسانەن کە ئامانجییان ڕزگارکردنی کوردستانە، کەواتە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە هۆشیاربوون بە ئازادی تاکەکانی لێناکەوێتەوە،بەڵکو نەجاتدان یان ڕزگارکردنی خاکی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەوانەی لە بری ئەوانی تر، بەم کارە شۆڕشگێڕییە هەڵدەستن، کوڕەی خەباتییان جۆش دەدرێت و هاندەدرێن و وەك کەسانی ئازا و کۆڵنەدەر و بەجەرگ وەسف دەکرێن.

سڵاو بێ لە لاوانی کورد، لاوانی ئازا و کۆڵنەدەر

لاوانی مەرد و بە جەرگ و نیشانەشکێنی تێکۆشەر ( دیوانی زەینەب خان: 2017: 100)

هەنگاو بە هەنگاو پرسی ئازادی سیاسی پەیوەست بە خەبات، وەك مۆتیڤێکی هەرە دیاری ئەم قۆناغەی شیعری کوردی فۆرموڵە دەبێت. ئەم تێگەیشتنە وادەکات یەکێك لە بە ناوبانگترین شیعرەکانی ( فایەق بێکەس) بە ناونیشانی (داری ئازادی) ببێتە مانفێستی خەباتی کورد و وێردی سەرزمانی قۆناغێکی دوورودرێژ. لەم شیعرەدا پرسی ئازادی وەك درەختێك وێنا دەکرێت، کە دەبێت بە خوێن ئاو بدرێت، ئەگەر نا ئەم درەختە هەرگیز بەرناگرێت .

" داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا

هەر( بڕووخێ) بەس نی یە ، تاکو نەسەنرێ نادرێ" ( بێکەس: 1986 :82)

لێرەدا ئەو بڕوایە بە تەواوی جێگیر دەبێت، ئاودانی درەختی ئازادی بەبێ خوێنی قوربانیدان سەرناگرێت و بەری سەربەخۆیی نادات، چونکە ئەوەی ئامانجی بەرگرتنی داری ئازادی هەیە، دەبێت لە مردن سڵ نەکاتەوە، چونکە دروشمی بڕووخێ بەس نییە، ئازادی دەسەنرێت، نادرێت. ڕێگەی سەندنی ئەم هەقە ڕێگەی مردنە، وشەی پێشمەرگە ش لە هەناوی ئەم تێگەیشتنەوە هاتوتەدەر، کە بۆ ئەو کەسە ئازادیخوازانە بەکاردێت، ئامادەیی ئەوەیان تێدایە، پێشی مەرگ بکەون و بە خوێنی خۆیان داری ئازادی ئاو بدەن .

لێرەدا جگە لەوەی هەڵبژاردنی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادیمان بۆ ڕووندەبێتەوە، مانای ئازادی لەم قۆناغەدا بەوە دیاریدەکرێت، شتێکە لە دەرەوەی مرۆڤ، لە دەستی ئەویتر دایە و ئێمکانی بە دەستهێنانیمان هەیە، لە ڕێگەی خەبات و قوربانیدان و بەرخودانەوە. ئەو کاتەی وەك بابەتێکی واقیعی و سیاسی بیر لە ئازادی دەکەینەوە یاخود ئازادی وەك دەستکەوت و پێدراوێکی واقیعی دەبینین، ئەوا قۆناغی پێش گەیشتن بەم دەستکەوتە قۆناغی خەون بینینە بە ئازادییەوە .

کەواتە لەم قۆناغەدا ئازادی وەك خەونێکی بەدینەهاتوو، خۆی لە ئاوێنەی جەستەی خاکێکی داگیرکراودا دەبینێتەوە. ئەم خاکە پێویستی بە قوربانیدان و خوێنی فیداکارانی نیشتمانە. ئازادی سیاسی بە مانا مەدەنی و فراوانەکەی، لەگەڵ ماناکانی تری وەکو سەربەخۆیی و ڕزگاری و سەربەستی خاك، تەماهی دەکات و لە بۆتەی تێگەیشتنێکی دیاریکراودا، وەك هاوواتایەکی ئامانج دیاریکراو دەردەکەون. - بۆ نموونەی شیعری زیاتر سەبارەت بەم تەماهیکردنە واتاییانە، (بڕوانە: دیوانی گۆران: 1980:

402- 401 ) ( قانع 123).دیوانی هێمن 102 )

لە کۆپلەیەکی تری شیعری (داری ئازادی) دا ، شاعیر ئاماژە بەوە دەدات ڕاستە میللەت لە ناو ئەم سیستەمە دەرەکییەدا گیری خواردووە و بەند کراوە، بەڵام باوەڕتان بەوە هەبێت کە ڕۆحی ئازادانەی میللەت هەر زیندووە و نامرێ .

بە گشتی شاعیر و ڕۆشبیرانی ئەم قۆناغە شیعرییە لەوە دڵنیا دەبنەوە، ئەگەر دەتەوێت چاکسازی لەم نیشتمانەدا بکەیت، ئەوا لەوە دڵنیابە کە بەبێ شۆڕش ناکرێت .

"کورد ئەگەرچی موددەتێکە دیل و داماوە، بەڵام
باوەڕت بێ ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ نامرێ
تۆ ئەگەر ئیسلاحی قەوم و نیشتمانی خۆت ئەوێ
لێت موحەققەق بێ بە بێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ
بیری ئازادی جیهانی گرتەوە، توخوا بەسە
ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هێمەتێ کەن لابرێ " ( بێکەس: 1986 :82)

لە دێڕی کۆتاییدا کە باس لە بیری ئازادی دەکات، ئاشکرایە لە ئازادییەکی ڕێکخراو دەدوێت، کە لە سیستەمی دیموکراسیدا بوونی هەیە، نەك لە سیستەمی پاشایەتی و دیکتاتۆریدا. کە لەو سەردەمدا باڵا دەست بووە. بۆیە شاعیر ڕێگەی شۆڕش و قوربانیدان بەو تاکە ڕێگەیە دەبینێت، ئەم سیستەمی ژیانکردنە ژێر دەستەییەی کە هەیە، بەبێ هیمەتی هەڵگیرسانی شۆڕش مەحاڵە بگۆڕدرێت. هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە ( قانع ) ی شاعیریش بە هەمان شێوە دەڵێت: بە بێ شۆڕش و جووڵە ، سەد ساڵ بگرییەی پاڕانەوە و گریان سوودی نییە، چونکە نەمامێك بە خوێن ئاوی نەدەی، لە بری ئەوەی بەرهەمی هەبێت، تەنیا دڕکە زی دەگرێت .

"بێ تەکان سەد ساڵ بگرییەی، بێ سەمەر داری بی یە
هەرنەمامێ تۆ بە خوێن ئاوی نەدەی دڕکی ( زی) یە" (قانع: 1979: 210)

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا ئەم هێزی بەرەنگاربوونەوە و بەرخودانەی کورد، لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا ڕەوایەتی پێدەدرێت؟ هەڵبەتە نەخێر، ڕەوایەتی بە خەباتی کورد نادرێت. لەگەڵ ئەوەشدا "جۆن لۆک" وەك ئەوەی ئاماژەی پێدرا، بەرەنگاربوونەوەی ستەم بە ئاژاوە نابینێت. بەڵکو وەک پێویستی گەڕاندنەوەی ئازادی سروشتی و ئازادی مەدەنی دەیبینێت. جیاوازی نێوان حوکمڕانی ڕەوا و ستەمکاری، بەوە دیاریدەیکات کە حکومەتی یاسایی لە سەر بەمای ڕەوایەتی دامەزراوە و پەیوەستە بە ڕەزامەندییەوە، لەکاتێکدا ستەمکاری پەیوەستە بە هێزەوە. هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان نەك بەم حوکمانە ڕەزامەند نەبوونە، بەڵکو لە مێژوویان پڕە لە ناڕەزایەتی دەربڕین، بەرامبەر ئەمەش گەورەترین هێزیان ڕوو بەڕوو کراوەتەوە. لەم ڕووەوە ئەگەر چاو لە بەڵگە واقیعییەکانیش بپۆشین و سەرجەم بەڵگە مێژووییەکانیش لە ناو ببردرێت، ئەوا شیعر و ئەدەبیاتی کوردی شایەتی بۆ ئەم مێژووە سەختە دەدەن، کە چۆن لە ژێرزەبری بە کارهێنانی هێز و چەکی کوشندە و ئەشکەنجەوە، کوردستان هەزاران ڕووباری فرمێسکی هەڵبەستووە .

" ڕۆیی- لە چاوی کوردستان فرمێسکی خەم
بێ تەماشاکەن – وەرن- هەزاران تانجەڕۆ (قانع: 1979: 39)

کەواتە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان خەبات و بەرخودان بۆ مافی ئازادی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوان وەك ئازادیخوازێك سەیر ناکرێن، بەڵکو وەك ئەوە هێرشبەرە تێکدەرانە وێنا کراون، کە خەریکی یاسا شکێنی و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیین، هەر ئەم تێگەیشتنەیانە وادەکات وشەی (موخەریب- تێکدەر) ی عەرەبی بەرامبەر وشەی پێشمەرگە بەکاربهێنن، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە کورد، سوودیان لە بڕگە و بەندەکانی مافی مرۆڤ وەرنەگرتووە، لە سیستەمی سیاسی حوکمڕانی لیبرالدا. بەڵکو سوودیان لە دیوێکی تری پرەنسیپەکان وەرگرتووە. بەوەی وەك بوونەوەرێکی دەرەوەی یاسا وێنا دەکرێن، کە زیان بە بەرژەوەندی میللەت و دەوڵەتی یەکگرتوویان دەگەیەنن .

" ستیوارت میل" کە باس لە سنوورەکانی ئازادی دەکات، پرەنسیپی زیان دەهێنێتە ناو پرسی ئازادییەوە، چونکە پێیوایە بە ناوی بە دەستهێنانی ئازادییەوە نابێت، زیان بە ئەویتر بگەیەنرێت. (میل:2016: 22) لەم بنەمایەوە ئەو دەوڵەت نەتەوە ناسیۆنالیزمانەی کوردیان بە سەردا دابەش دەکرێت، بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، بەبەرچاوی دنیاوە شەرعییەتی داسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و کلتووری و زمانی و کۆمەڵایەتیی وەردەگرن .

لە عێراق یان لە تورکیا کە مۆری ناسیۆنالیستی نەتەوەکەی لە نێوچەوانی دەوڵەتەکەی دەدرێت و زمانی فەرمی و سیستەمی پەروەردە، لە هەناوی ناسنامە نەتەوەییەکەیان دیاریدەکرێت، لەگەڵ ئەوەدا " خۆشی تەواو بە دەوڵەتی گەل دەزانێ، بە هۆی ژێر پێ خستنی مافی نەتەوایەتی کوردان، لە بەشێکی بەرفراوانی ئەم وڵاتەدا کە زێد و زەوی باوك و باپیرانییانە، ئەم هەرێمەی بە هێز و چەك و چەکدار تەنیوە.... ئەمە جگە لەوەی ئەگەر چی سێیەکی جەماوەری وڵات، کوردن، بەڵام بە پێی یاسا هەتا ئەم دواییانە پێیان دەوترا تورکی کێوی، هەرکەس گوتبای کوردم یان کورد هەیە، تاوانبار دەکراو دەخرایە زیندانەوە. (ئەبریشەمی : ؟ : 41،31) لەگەڵ ئەم هەموو ئەشکەنجەدان و ڕەنجەڕۆیی و حەسرەتەدا، پێداگری لە شوناسیی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و "هێمن" وتەنی هێشتا دەڵێن کوردم ئەمن.

" گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەرد باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن (هێمن:2012: 95)

جا ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا بەدیهاتنی خەونی ئازادیی سیاسی و جوگرافی، وا لە تاکەکان دەکات ناوەکییانە ئازادبن و بەرپرسیارییەتی مرۆییان وەك ئەزموونێکی ناوەکی و ئۆنتۆلۆجی بگرنەئەستۆ؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا ئازادیی فیزیکی بەڵگەیە لەسەر پێگەیشتنی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە، تاچ ڕادەیەك ئازادی سیاسی و جوگرافی دەرخەری هۆشیاریی تاکەکانە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پێگەیشتنی مرۆڤ و پاراستنی مرۆڤبوونییەتی؟

### 1.2 چەمکی ئازادی وەك ئەزموونی ناوەکی

بنەمای ئەم ئازادییە ناوەکییە جیاوازە لەو ئازادییە فیزیکییەی ڕوانگە سیاسی و واقیعییەکە دیاریدەکات. لێرەدا مانای ئازادی بەر لە هەرشتێك هۆشیاربوونی مرۆڤە بە خۆی، پەیوەستە بە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتییە ئاکاری و بنەڕەتییەکان. مافێك نییە ئێمە یان هەرکەسێکی تر وەك فریادرەسێك بتوانێت لە ڕێگەی خەباتی فیزیکی و هێزەوە وەك پێدراوێك بە دەستی بهێنێت .

" ئیمانوێل کانت" لە نووسینە فەلسەفییەکانیدا جیاوازی دەکات لە نێوان ئازادی وەک ئامانجێکی سیاسی و ئازادی وەک هۆشیارییەکی ئاکاری. لە کتێبی( دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار) دا بە وردی باس لە ئازادی دەکات وەک بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و هۆشیاری ناوەوەی مرۆڤ. ئەم ئازادییە لەسەر بنەمای بیرۆکەی ویستی چاکە و سەربەخۆیی ناوەکی دادەمەزرێت. کانت ئەوە ڕوونەدەکاتەوە ئازادی ڕاستەقینە ئەوە نییە مرۆڤ ئەوەی پێی خۆشە بیکات، بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ لە ناوخۆیدا لە خواستە

هەرەمەکییەکانی ئازاد بێت. ئەوکاتە ئازادی دەبێتە پێشمەرجی کردەوەی ئاکاری، کە سەرچاوە لە ویستی چاکەوە دەگرێت، لەبەرئەوەی لە خۆیدا چاکە، نەك لەبەر ئەوەی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بە کەڵکە. (کانت: 2007: 20).

ئازادیی وەك بەرپرسیارییەتی، ئاماژەیە بۆ هۆشیاری و توانا ناوەکییەکانی مرۆڤ، بۆ مامەڵەکردن بە پێی فەزیلەت و یاسا بنچینەییە ئاکارییەکان، کە لە هۆشیاری ئێمەدا ئامادەیە، سەربەخۆ لە بەرژەوەندی و کاریگەرییە دەرەکییەکان. کانت پێیوایە "ویستی ئازاد بە بێ چەند و چوون ئەوەیە، کە ڕێ و شوێنەکەی و دەرەنجامە کردەییەکانی هەمیشە دەتوانرێت لە خۆیدا وەك یاسایەکی گشتی سەرنج بدرێت" (کانت: 2007: 104) بە دیاریکراوی لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات چەمکی ئازادی کلیلی ڕوونکردنەوەی سەربەخۆیی - ئۆتۆنۆمی -ئیرادەیە، بەمەش ئازادی بریتییە لە توانای دیاریکردنی سەربەخۆیی من لە کاریگەرییە دەرەکیی و مەیلە بەرژەوەندگەراکان. (کانت: 2007: 103- 104) ئازادی بە توانای تاک دەبینێت کە بەپێی بنەما ئاکارییە گەردوونییەکان، لە سەر بنەمای ئیرادەی عەقڵانی خۆی مامەڵە بکات، لە کاتێکدا ئازادیی سیاسی لە چوارچێوەی یاسا و نەزمی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، پەیوەستە بەو هەلومەرجە دەرەکییانەوە کە دەتوانن دەست بە سەر کارایی تاکدا بگرن یان نەیگرن. بەمپێیە کاتێك ئازادی تەنیا ویستی ڕزگاربوونە لە ستەمی دەرەکی، ناتوانێت توانای ڕەفتارکردنی ئەخلاقیی تاك مسۆگەر بکات، و لە سەر بنەمای یاسا ناوەکییە عەقڵانییەکان، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بونیاد بنرێت. ( شکستی قۆناغی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسی، بەڵگەی ئەم بۆ چوونەن. بڕوانە ( نوار و نعنعي: 2014: 125)

بەپێی بەدواداچوونی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی لە شیعری کوردیی- نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە هۆی واقیع و بارودۆخی سیاسی کورد و زاڵبوونی مانای سیاسیی ئازادی، چەمکێکیدیاریکراوە و لە بۆتەی ئازادی فیزیکیدا مانای پێدەدرێت، چەمکی ئازادی، وەك هۆشیارییەکی عەقڵی گوزارشتی لێناکرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە شیعریی کوردی قۆناغی دیاریکراودا، کردە و فەزیلەتە ئاکارییەکانی مرۆڤ بیریان لێناکرێتەوە، بەڵکو ئاکار و بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان، لە تێگەیشتن و بنەمای تری وەك نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، شیعرە پەند ئامێزەکانی پیرەمێرد سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. وەك ئەوەی لە بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، چەمکی ئازادی لە گۆشەنیگای سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

کاتێك ئەم تێگەیشتنە بە هەناوی پەروەردەی نافەرمیدا شۆڕدەبێتەوە، ویستی ئەمجۆرە لە ئازادی دەبێتە دیاریکەری کردەی ئاکاری و نائاکاری تاکەکان. واتە تاکی ئاکاریی و هۆشیار بەو کەسە پێناسە دەکرێت، کە فیداکاری خەونە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانە. بەپێچەوانەوەش کەسی نائاکاری ئەم کەسەیە خەمی میللەتی نییە (ئەو کەسانە هیچ و پووچن، وەزن و مەعنایان نییە. باڵ و باڵایان لە بەرگی شەرم و ناموس عارییە.) (بێکەس: 1986: 228) - ئەم تێڕوانینە لە چەندین نموونەی شیعری تردا فۆرمۆلە دەبێت .

## 2.2 تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتی ئاکاری

ئازادی خاك و سەربەستیی سیاسی، بەبێ تاکێکی ئازاد و هۆشیار، بەبێ تێگەیشتن لە ئازادی بە مانا ئۆنتۆلۆجی و ڕیشەییەکەی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتی ئاکاری، بەرهەمەکەی جەنگی بەرژەوەندییەکان و دارمانی پەروەردە و گەندەڵی لێدەکەوێتەوە. سەرەداوی بیرکردنەوە لەم جۆرە لە ئازادییە ناوەکییە لە شیعرەکانی زەنەیب خان -دا بەدیدەکرێت و لە ڕزگاری خاك جیایدەکاتەوە. " زەینەب خادم سوجادە" یەکێکە لەو شاعیرانەی بە وردی مامەڵە لەگەڵ چەمکی ئازادی و ڕزگاری و سەربەستیدا دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ڕزگاری خاك، بە خەبات و تێکۆشانی فیزیکییەوە گرێدەدات (چەکی شەرەف، هەڵدەگری بەبێ وەستان، تێدەکۆشی بۆ ڕزگاری کوردستان) ( زەینەب خان: 2017: 81) هەرچەندە چەمکی ئازادی سیاسی پەیوەست بە خاك و نیشتمان، پانتاییەکی بەرچاوی لە شیعرەکانی ناوبراو، دەگرێتە خۆی، بەڵام بە شێوەیەکی دیالێکتیکی چەمکی ئازادی شێوە دەگرێت و لە بیرکردنەوەی شاعیردا گەشە دەکات .

بۆچی نەگریم، وەکو هەوری بە هاران، بۆ نەسیمی ئازادی
شکۆفەی حەسرەتی گیانم، گاهێ مەستە، گاهێ لە سووتانە ( زەینەب خان: 2018: 80)

لە هەنگاوی یەکەمی ئەم وێناکردنەدا ئازادی لە بری ئەوەی بە هێمای خوێن و شاخ و گڕ و بڵێسە گوزارشتی لێبکرێت، دەبێتە شنەبایەکی ناوەکی لە ڕێگەیەوە ڕۆح شکۆفە دەکات، هەروەها لە نموونەی شیعری تردا، ئازادی بە هێمای شەوقی خۆشەویست، ڕووناکی ، ڕۆژ گوزارشتی لێدەکات .

بەهار نیشانەی ژیانە و
هەتاو نیشانەی ئازادی (زەینەب خان: 2018: 119 )
.........
کانیاوی دڵمە عەشق و ئازادی
دەیکا بە هەنگوین ئەم ژینە تاڵە (زەینەب خان: 2018: 141 )

لێرەدا دڵ سەرچاوەی مەیل و ئارەزوویەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو کانیاوێکە چاوگەی عەشق و ئازادییە، ئەو ئازادییەی لەم سەرچاوە ناوەکییەوە هەڵدەقوڵێت، هەنگوین ئاسا هێندە شیرینە ، کاتێك دەرژێتە ناو ئەم ژینە تاڵە واقیعییەی کە هەیە، دەیکات بە هەنگوین و شیرینی دەکات، هەروەك چۆن ئاوی کانییەك وشکەڵانی دەوروبەری خۆی تەڕ و سەوزدەکات. ئەم گوزارشت کردنانە لە ئازادی، ئەگەر تەواو لە تێگەیشتنە دەرەکییەکەی پەیوەست بە نیشتمانیش نەپچڕابێت، ئەوا لە ڕێگەی هێماکانی " نەسیم و کانی و ڕووناکی و هەتاو و عیشقەوە" بەڵگەی تێپەڕاندنی ئەو تێگەیشتنە دەدەنە دەست، کە تێگەیشتنی گشتی سەردەمەکە ڕەنگڕێژ دەکات .

لە کۆتایی شیعری زوڵم دا تێڕوانینێکی قووڵتر سەبارەت بە ئازادی وێنا دەکات و دەڵێت: " زوڵم تاتەشۆری ئازادییەکانمانە"(زوڵم،:245) بەم مانایە ئازادی پەیوەستە بە کردەی ئاکاری مرۆڤەوە. کەواتە بەپێی لۆجیکی دێڕەکە، ئەگەر زوڵم کردن و ناهەقی کردن، ئازادی مرۆڤ لە ناو ببات، چاکبوون ژیانبەخشی ئازادییەکانمانە .

لە کۆپلەی یەکەمی شیعری ( مرۆڤ) دا لە شێوەی پرسیاردا پێماندەڵێت، نەهامەتی مرۆڤ لەوەدا نییە کە برسی و نەدارە ، بەڵکو نەهامەتی مرۆڤ لەوەدایە دۆخی دیلی و ئازادی خۆی جیاناکاتەوە. واتە هۆکاری کۆیلەبوونی مرۆڤ پەیوەندی بە هۆشیاریی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، نەك بە نەداری و هەژارییەوە، یان هەبوون و نەبوونییەوە .

مرۆڤ کە کۆیلە و برسی و نەدار بێ
داماوی دەرگا و دەستی زۆردار بێ
جیا نەکاتەوە دیلی و ئازادی
دەبێ ئەو کەسە لە کوێ هۆشیار بێ؟ (زەینەب خان: 2018: 155)

لە شیعری (ئازادی و ئازادی)یدا، ڕوونتر جەخت لە بنەما و ماهییەتی ئازادی دەکاتەوە. پەیوەستی دەکات بە کەرامەت و ئامانجە باڵاکانی مرۆڤەوە. بەم مانایە ئازادی بریتییە لە ئازادبوونی مرۆڤ لە ویستە هەرەمەکی و بەرژەوەندگەراکانی، ئەم هۆشیارییە وادەکات،ویستی چاکە وەك ویستێکی باڵا، لە کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا دەرکەوێت .

کەرامەتی ژیان
ئازادییە
کەرامەتی ئازادی
ئیمانە
کەرامەتی ئیمان
ئینسانە (زەینەب خان: 2018: 225)

کەواتە ئەگەر ئازادی عەقڵ، دیاریکەری جەوهەری هۆشیاری مرۆڤ بێت، ئەوا ئەم ژیانە ئازادە لە ساتەوەختی هۆشیاربەخۆبوونی مرۆڤدا چەکەرە دەکات، ئەم ساتەوەختەش هاتنەبوونی مرۆڤی بەرپرسیارە، بە مانا ئاکاری وعەقڵییەکەی. بەبێ لە دایکبوونی ئەم هۆشیارییە فکرییە و تاکی بەرپرسیار، لە ئاستە تاکەکەسی و نەتەوەییەکەدا، نەك هەر پرۆسەی ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بەڵکو کۆمەڵگە هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە ئازادیش بێت، بەرەو پاسیڤبوون دەچێت و لە خۆبونیادنان و پێشکەوتن دەکەوێت .

ئەنجامی دوایین لێکۆڵینەوە تایبەتەکان لەسەر واقیعی کوردستان، دەریدەخات ئەم هەرێمە دووچاری قەیران و گەندەڵی و نایەکسانی ئابووری بۆتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەکە هۆکاری ئەم بارودۆخە نەخوازراوە بەوە دیاریدەکات، کوردستانی عێراق لە ژێر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نیولیبرالیزم دایە، نیولیبرالیزمیش وەکو مۆدێلێکی زاڵی جیهانی، بۆ لاوازکردنی دەوڵەت یان حکومەت و زاڵکردنی بازاڕ، زەمینە ڕەخسێنە و هاندەری نایەکسانی ئابووری دەدات (kurdistsntimes.org. www)..لەپاڵ ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تردا، بەپێی توێژینەوەکەی ئێمە، یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی سەرجەم گەندەڵی و قەیرانەکان، دەرەنجامی نەبوونی هاوسەنگییە لە نێوان تێگەیشتن و بەرەو پێشچوونی ئازادی وەك ڕزگاری سیاسیی و ئازادی عەقڵیی وەك هۆشیاری و بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی . چونکە ئەوەی جەستەیەکی ئازاد و خاکێکی ئازاد دەپارێزێت و بونیادی دەنێت، بەر لە وەی هێزی سیاسی و ئابووری بێت، عەقڵێکی هۆشیار و ئازاد و بەرپرسیارە .

لە بنەمای لۆجیکی ئەم ڕاستییەوە ، شاعیر دەمێکە وتوویەتی :

عەقڵ دایکە، عەقڵ باوکە عەقڵ ڕەوڕەوەی ژیانە

عەقڵ مەنبەعی مەعریفەی تەعریفی زاتی ئینسانە (زەینەب خان: 2018: 44 )

هەر ئەوەشە مانفێستی ڕاستەقینەی ڕۆشنگەری. ڕۆشنگەری لای کانت بریتییە لە "دەرچوونی مرۆڤ لە ئیفلیلیجی عەقڵی ئەو دۆخەی تێیدا مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتەوە یان بڕیار بدات بەبێ ئەوەی پشت بە کەسانی تر ببەستێت." Was ist Aufklärung, 2016, 4-5) Kant ( لە بنەڕەتدا (ئیمانوئێل کانت) ڕۆشنگەری وەک گۆڕانکارییەکی قووڵ لە شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبینێت – گۆڕان لە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ عەقڵ و دەرچوون لە دۆخی بەژەوەندگەرایی و نەبوون بە کۆیلەی مەیل و ویستە ناعەقڵانییەکان. ئەمە نەك تەنها گۆڕانکارییەکی تاکەکەسییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە دەبێتە هۆی ئازادی ڕاستەقینە و پێگەیشتنی مرۆڤ و گەشەسەندنی سەرجەم سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

## ئەنجام

- شاعیرانی ئەم قۆناغە ئازادیی وەک خواستێکی بە کۆمەڵ، بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری و چارەنووسی سیاسیی نەتەوەیی پەیوەست بە خەبات و تێکۆشانی فیزیکیی دەخەنەڕوو. ئەم ڕوانگەیە شێوە دەدات بە دنیابینی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، لە چوارچێوەی ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی دواتریشدا .
- تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی، لە چەند نموونەیەکی شیعریدا دەبینرێت، بەڵام وەك هۆشیارییەکی باڵا، بیرکردنەوەی ئەم قۆناغە ڕەنگڕێژ ناکات.
- بە هۆی ستەمکاریی و پێشێلکردنی مافەکانیان، ئەرکی کوردەکان لە ئەرکی ئەو گەلانە قورستر دەبێت کە بۆ ئازادی مەدەنی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر تێدەکۆشن، چونکە ئەوان دەبێت هەم بەرگری لە ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونیان بکەن، هەم لە ڕێگەی تێکۆشان و خەباتەوە هەوڵی ئەم ئازادییە سیاسییە ڕێکخراوە بدەن، کە مافە سروشتی و مافە مەدەنییەکانیان مسۆگەر دەکات. کەچی خەباتەکەیان لە چوارچێوەی بنچینەکانی دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا، سەرکۆنە و تۆمەتبار کراوە و دەکرێت.
- لەم قۆناغەدا گەیشتن بە ئازادیی سیاسی بە دوو ڕێگە بیری لێدەکرێتەوە، هەر دوو ڕێگەکەش یەك ئامانجی دیاریکراویان هەیە و بە تەواوکەری یەکتری دەبینرێن، یەکێکیان برەودانە بە زانست و خوێندەواری، ئەویتریشیان ڕێگەی خەبات و پێویستی قوربانیدانە .
- تێگەیشتن لە ئازادی وەکو پرۆسەی ڕزگارکردن و خۆپاراستن، کە پێویستی بە خەباتی جەستەییە، ڕاددەی هەبوون و نەبوونی ، بە ڕاددەی هەبوون و نەبوونی هێزی ئەویتری دەسەڵاتدارەوە بەندە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەمجۆرە لە ئازادی ئازادییەکی پاسیڤە .
- دەست گەیشتن بە خەونی ئازادیی سیاسی، لە بەشداری کردنی چالاکانەی ژیانی سیاسی و ئازادی دەربڕین و هەڵسوکەوت، لە کایەی گشتیدا، بەڵگە نییە لەسەر گەیشتن بە ئازادی فکریی و پەیداکردنی هۆشیاریی بە یاسا عەقڵی و ئاکارییەکان. چونکە قۆناغی پێش گەیشتن بە ئازادیی سیاسی، قۆناغێکی خرۆشاوی پڕ لە هەست و سۆزە، هێندەی قۆناغی خەونبینە بە ئازادی، هێندە قۆناغی بیرکردنەوە و بونیادنەری تاکی ئازاد و هۆشیار نییە.

## سەرچاوەکان


ئاگرین، عەبدوڵا. (1996). شیعری سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان (لە یەکەم جەنگی جیهانییەوە تا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی، بەردەرکی سەرایی شاری سلێمانی 1918-1930). ماستەرنامە.

ئەبریشەمی، عەبدوڵا. (بەبێ ساڵی چاپ). نەتەوەخوازی. وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی. چاپخانەی شڤان.

بێخود، مەلا مەحمودی موفتی. (1970). دیوانی بێخود. بەغدا: چاپخانەی سەلمان ئەلئەعزەمی.

بێشکچی، ئیسماعیل. (2019). بژاڤێن داگیرکەران لەسەر دابەشکردنی کوردستانێ 1915-1925. دهۆک: زانکۆی دهۆک، سەنتەری بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێ مرۆڤایەتی.

بێکەس، فایەق. (1986). دیوانی بێکەس. چاپی سێیەم. بەغدا: چاپخانەی ئەلادیب.

ساڵح، مەجید.( 2016) بیری نەتەوەیی لای شێخ نووری، کتێبخانە گشتییەکان، سلێمانی.

شارەزا، کەریم مستەفا. (2016). دیوانی شارەزا. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

شەرەفکەندی، سادق. (2012). کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد. وەرگێڕانی: تەها عەتیقی. چاپی دووەم. هەولێر.

شێخ ساڵح، شێخ نوری. (2008). دیوانی شیعری. کۆکردنەوەی: ئازاد عەبدولواحید. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

قانع. (1979). دیوانی قانع. سلێمانی: چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

قەفتان، ساڵح. (2004). مێژووی گەلی کورد. چاپی دووەم. وەزارەتی ڕۆشنبیری.

کانت، ئیمانوئێل. (2007). دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار. وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

کچە کورد، زەینەب مەلا ڕەئوف خادم سەجادە. (2018). دیوانی زەینەب خان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

گۆران. (1980). سەرجەمی بەرهەمی گۆران. بەرگی یەکەم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

میسری، محمد دلێر ئەمین. (2004). ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورد. سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

میل، جۆن ستیوارت. (2016). لەبارەی ئازادییەوە. وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمد سوڵتان. سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە. بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی: جون ستیوارت میل، حول الحرية، اعلانات الشرقية، مصر.

هێمن. (2012) دیوانی هێمن سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن، چاپی یەکەم. کوردستانی ئازاد.

لوك، جون، مقالتان فى الحكم المدني، ترجمة: ماجد الفخري، ،اللجنة الدولية لترجمة الروائع، بيروت،1959.

نوار، د. عبدالعزيز سليمان و نعنعى، د. عبدالمجيد ، تاريخ المعاصر الاوروبا من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية ،دار النهضة العربية، بيروت، 2014.

**بە زمانی ئەڵمانی:**

-Kant Immanuel , Was ist Aufklärung?l. Herstellung und Vefrlag: CreateSpace,North CharlestonImmanuel . 2016

https://kurdistantimes.org/2025/03/03/102-3/?fbclid=IwY2xjawIy2bFleHRuA2FlbQIxMQABHbc-k_0Ya9tZEuuhKWoDyl8zqw6nXyuQYR600tQ17T8KylIyd-sB8YMJiQ_aem_ujo5n664H_EGMx5hOgwpmA

# ڕۆڵی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەتێکدان وپیسکردنی ژینگەی زێی بچوك لەقەزای کۆیە

**شکورسلام سلیم، کامران تاهر سەعید**

بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

**پوختە–** لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆڵی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەتێکدان و پیسکردنی ژینگەی کەنار زێی بچوك لەقەزای کۆیەدەخەینەڕوو، سنوری لێکۆڵینەوەمان بریتیەلە گوندەکانی کەناری زێی بچوك لە قەزای کۆیە.

زیادبوونی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لە هەرێم بەگشتی و ناوچەی لیکولینەوە بە تایبەتی، ئەمەش بەهۆی بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخی ماسی و تایبەتمەندیەکانی پرۆژە کانی بەخێوکردنی ماسی، وەکو کەمی پێویستی بەدەستی کار و دەستکەوتی زۆر بە راورد بەکشتوکاڵ، هەروەها هاوسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ پارێزگای کەرکوك، کەبازارێکی لەبارە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی ماسی بەتایبەتی دوای تێکدانی حەوزە کانی ماسی لەپارێزگاکە بەتایبەت حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لە داقوق،لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەهۆی زۆری پێویستی حەوزی ماسی بەئاو، بەردەوام ژمارەی حە وزەکانی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونە، کەژمارەیان ئەگاتە(1823) حەوز، ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ حەوزی ماسی (2852) دۆنمە، کەدابەشبووەبەسەر گوندەکانی هەر سێ ناحیەی (ئاشتی، تەق تەق، سێگردکان)، زۆرترین ژمارەی حەوزەکان دەکەوێتە ناحیەی تەق تەق. ئەم حەوزانە بە پاشماوەکانیان بەشداری دەکە ن لە پیسکردنی ئاوی زێی بچوك، بەتاڵکردنەوەی ئاوی حەوزەکانیان و پاشماوەی ماسیە مردووەکانیان و تێکەڵبونیان بەزێی بچوك، هەروها بەشداری دەکەن لە پیسکردنی خاك، بەپیسکردنی زەوی کەنار زێی بچوك، بەهۆی تێکەڵبونی پاشماوەی حەوزەکان و خۆراك و دەرمانی چارەسەری نەخۆشیەکانی تایبەت بەماسی لەلایەك و کەمبونەوەی ئۆکسجینی ئاو وخاکی ژێر حەوزەکان و نزیك حەوزەکان. حەوزەکان بە شداری دەکەن لەپیسبونی هەوای ناوچەکە بەدەردانی بۆنی ناخۆش و کۆبونەوەی مێش و مەگەز لە حەوزەکان، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی چەندین نەخۆشی گوازراوە.

بەهۆی بوونی زێی بچوك ناوچەی لێکۆڵینەوەناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵییە لە هە رێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەر ماسی ڕۆژانە ژمارەی حە وزەکانی ماسی لەزیادبونە،ئەمەش لەسەر حسابی زەوییەکشتوکاڵییەکانەو کاردەکاتەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی، کەلەئێستادا کاریگەرییەکانی لەناحیەیە تەق تەق بەدەرکەوتووەو لە داهاتوو دا کاریگەرییەکانی زیاتر دەبێت و لەسەر دوو ناحیەکەی تریش کاریگەری دە بێت.

**کلیلە ووشەکان:** حەوزی ماسی، زێی بچووك، پیسبون، ژینگە.

## پێشەکی:

ماسی یەکێکە لەوخۆراکەگرنگ وپێویستییانەی، کەگرنگیان هەیە لە دروستکردن وبنیادنانی جەستەی مرۆڤ، چونکەجەستەپێویستی بە پرۆتینی گیانەوەری هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی و لەشساغی مرۆڤ، پرۆتینی ماسی بەئاسانی هەرس دەکرێت بە بەراورد بەپرۆتینی گۆشتی سور و مریشك. ماسی یەکێکەلەو خۆراکانەی کە بۆ هە ندێك نەخۆشی وەك: نەخۆشییەکانی دڵ، فشاری خوێن،ڤیتامینەکان، سوڕی خوێن بەسوودە(ناصر:2015 ل6). لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی خواست لەسەر خواردنی گۆشتی ماسی زیادی کردووە، بەهۆی بەرزبونەوە ی ئاستی گوزەرانی دانیشتوان و بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی هاوڵاتیان، بەهۆی بونی زێی بچوك لە ناوچەکە ماسی گرتن و ڕاوەماسی مێژوویەکی کۆنی هەیە، هاوسنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوك کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی پیشەی بەخێوکردنی ماسی، جگە لەمانەش بونی زەوی و داهاتێکی باش و ماندوبونی کەمتر و پێویستی بەدەستی کاری کەم وایکردووە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی حەوزەکانی بە خێوکردنی ماسی زیاد بکات.

## گرنگی لیکولینەوە:

پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە ڕۆڵیان هەیە لەپیسکردنی هەوا بە دەردانی بۆنی ناخۆش لەلایەك، کەمکردنەوەی سەوزای و گۆڕینی لاندسکیپی سروشتی بۆ لاندسکیپی ئاوی لەلایەکی تر، کەئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تێکدانی هاوسەنگی ژینگە.

پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی ڕۆڵیان هەیە لەسەر پیسکردنی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، بەهۆی تێکەڵبونی پاشماوەی ئاوەکانیان بەئاوی زێی بچوك و دەڵاندنی ئاوەوە، کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەناو گیانەوەران، ڕووەکی سروشتی، دانیشتوانی ناوچەکە، گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، هەروها خستنەڕووی ڕێکارە کانی چارەسەری کێشەژینگەییەکانی دەرئەنجامی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی و پاراستنی ژینگەی سروشتی و بایەخدان بەژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp128-139

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 23 حزيران 2025؛ قُبل في 24 آب 2025؛ نُشرت في 26 شباط 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :Kameran.taher@koyauniversity.org, Shkur.00799291@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 شكورسلام سليم، كامران تاهر سەعيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0س

### کێشەی لێکۆڵینەوەکە:-

بوونی ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کاریگەریان لەسەر ژینگەی ناوچەکەهەیە؟

ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەزیادبووندایە و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگەو بەروبومی کشتوکاڵ زیاد دەبێت؟

زێی بچوک کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی؟

### گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:-

پڕۆژەکانی بەخێوکردن ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر ژینگەی ناوچەکە.

پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی بۆتەهۆی کەمبونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی.

زێی بچوک لەناوچەی لێکۆڵینەوە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە کۆبونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی حەوزی ماسی لەناوچەکە، تێکدانی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەشارەکانی ناوەڕاست لەلایەن حکومەتی عێراقەوەهۆکاری زیادبوونی ژمارەی حەوزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە

### ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:-

دەرخستنی کاریگەریە نەرێنییەکانی پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەسەر ژینگە.

### میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:-

لەم لێکۆڵینەوەیە پشتبەستراوە بەمیتۆدی ئیستنباتی(هەلینجان)،(شیکاری، وە سفی،) ئاماری بۆ گەیشتن بەئامانجە زانستییەکان، سود لەبەرنامەکانی ( GIS،Excel) وەرگیراوەبۆ دروستکردنی شێوەو نەخشەکان.

### پلانی لێکۆڵینەوەکە:-

بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، لێکۆڵینەوەدابەشکراوەبۆ پێنج باس بەم شێوەیە (باسی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم گرنگی سامانی ماسی، باسی سێیەم دابەشبونی حەوزی ماسی لەسەر زێی بچوك لەقەزای کۆیە، باسی چوارەم، تەوەری یەکەم پێویستییەکانی دروستکردنی پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، تەوەری دووەم گیروگرفتەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی پێنجەم کاریگەرییەنەرێنییەکانی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، بەڕاسپاردەو پێشنیار و دەرئەنجام کۆتای بەلێکۆڵینەوەکەمان دێت.

## باسی یەکەم
## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

### شوێنی جوگرافیایی قەزای کۆیە:-

قەزای کۆیەیەکێکە لە قەزا کۆنەکانو گرنگەکانی پارێزگای هەولێر، ئەکەوێتەبەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، کە لە چەقی باشوری کوردستان هەڵکەوتووە ، شوێنێکی ناوەندی گرنگە،کەوتۆتەنێوان هەرسێ پارێزگای(هەولێر، سلێمانی، کەرکوك)،نەخشەی1، هاوسنورە لەگەڵ قەزای دوکان لەپارێزگای سلێمانی لە ڕۆژهەڵات ،چیای هەیبەت سوڵتان وەك جیاکەرەوەیەکی سروشتی لێکی جیاکردونەتەوە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە زێی بچوك بۆتە جیاکەرەوەی سروشتی لەنێوان سنوری لێکۆڵینەوە و قەزای چەمچەماڵ، لە باشور زێی بچووك بووەبە سنووری سروشتی لە نێوان ناوچەی لێکۆڵینەوە و پارێزگای کەرکووك، کەپردی تەق تەق هۆکارێکە بۆ بەیەکگەیاندنیان و لەم ڕێگەیەوەپەیوەندییەکی بازرگانی لەنێوان ناوچەی لێکۆڵینەوەو شاری کەرکوك دروستبووە، لەبەشی باکووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ قەزای شەقڵاوەهاوسنوورە، لە بەشی باشوری ڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ قەزای دەشتی هەولێر.

**نەخشەی (1)**

**شوێنی قەزای کۆیە بەپێی هەرێمی کوردستان**




**سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە، بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، 2022بەکارهێنانی بەرنامەیGIS؛Arcmap10.8.**

قەزای دەشتی هەولێر(بنەسڵاوە) لە بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە هەڵکەوتوە نەخشەی2، شایانی باسە سنوری ڕۆژهەڵات و باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە سنوری سروشتییە، بەڵام لەڕۆژئاوا و باشوردا بەسنوری جیاکەرەوەی مرۆییە.

**نەخشەی(2)**

**شوێنی قەزای کۆیەبەپێی پارێزگای هەولێر و دەورووبەری(2024).**




**سەرچاوە:کاری توێژەران پشتبەستن بە، بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، 2022،بەکارهێنانی بەرنامەیGIS؛Arcmap10.8.**

## شوێنی ئەسترۆنۆمی:-

قەزای کۆیەئەکەوێتەنێوان بازنەکانی پانی(30" 14 36°) و (48 " 30 35 °) ی باکوور و هێڵی درێژیی (0 "56 44 °) و (0" 15 44 °)ی ڕۆژهەڵات(سلیم و سە عید:2023ل86). گرنگی شوێنی ئەسترۆنۆمی هەر ناوچەیەك لەوەدایە بەهۆیەوە تایبە تمەندییەسەرەکییەکانی ئاووهەوای ناوچەکەو درێژی شەو و ڕۆژ و گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی ڕۆژ بە دیاردەکەوێت، ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر چالاکی کشتوکاڵ بەگشتی و بەخێوکردنی ماسی بەتایبەتی.

لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە قەزای کۆیە یەکێکەلەقەزا پڕ دانیشتوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبەراورد بەقەزاکانی تر، بەپێی داتاکانی فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کۆیەلەبۆ ساڵی(2024) ئەگاتە(148488)کەس (حکومەتی هەرێمی:2021).

## لەڕووی کارگێڕییەوە :-

قەزای کۆیە پێك دێت لە شەش ناحیە، بە ناحیەی سەنتەرەوە، بەڵام ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێت لە هەرسێ ناحیەی (ئاشتی، تەق تەق، سێگردکان) کە ڕاستەوخۆ ئەکەونە سەر زێی بچووك، نەخشەی3، بەمەش بایەخی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوەزیادی کردووە.

**ناحیەی ئاشتی:-** ئەکەوێتە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای کۆیە، قە زای دوکان سەر بەپارێزگای سلێمانی ئەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەکە، شاری کۆیە ئەکەوێتە بەشی باکووری ناحیەی ئاشتی، ناحیەی ئاشتی هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی تەق تەق لەبەشی ڕۆژئاوای، زێی بچووك لە باشووری ناحیەکە سنووری جیاکەرەوە ی نێوان ناحیەکەو قەزای چەمچەماڵ پێك دەهێنێت، درێژی زێی چووك نزیکەی (26)کم دەبێت لەسنووری ناحیەی ئاشتی(سلیم،سەعید2023:ل86). ناحیەکە بە بڕیارێکی کارگێڕیی لەساڵی(1998) دامەزراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان/ئیدارەی سلێمانی، رووبەری ناحیەکە(194کم٢)ە، ژمارەی گوندەکانی ئەم ناحیەیە(20)گوندە، لەو ژمارەیی (6)گوندیان ڕاستەوخۆ دەکەوێتەسەر زێی بچوك، ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەگاتە( 5796)کەس،ڕێژەی(4%)ی دانیشتوانی قەزای کۆیە پێکئەهێنن(حکومەتی هەرێمی:2021).

**نەخشەی (3)**

**نەخشەی کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




**سەرچاو: ئامادەکردنی توێژەران پشتبەستن بە، شکورسلام سلیم و کامەران تاهر سەعید، بایەخی ئابوری زێی بچوك لەڕوانگەی کەشتوکوزارەوە، لەسنوری قەزای کۆیە، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارەبەفرانباری2722، کانونی یەکەمی 2023، بەکارهێنانی بەرنامەیGIS؛Arcmap10.8.**

بەهۆی پردی (کۆیتە-پەکانیی) ناحیەکە بەستراوەتەوە بە قەزای چەمچەماڵ، بەمە ش ئاسانکاری زۆرکراوە بۆ گواستنەوە و جوڵەی بازرگانی لەنێوان پارێزگای کەرکوك و قەزای چەمچەماڵ لەگەڵ ناوچەکانی حەوزی بەخێوکردنی ماسی لەناحیەی ئاشتی، هەروەها بەرێگای (کۆیەکەل-کەسناق) ناحیەکە بەستراوەتەوەب هقەزای دوکانی گەشتیارییەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستبونی پەیوەندی بازرگانی ناوچەی لێکۆڵینە وە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی، (سەردانی مەیدانی لەبەرواری 20\9\2024).

**ناحیەی تەق تەق:-** یەکێکە لەکۆنترین ناحیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها یەکێکە لەناحیە گەورە و پڕدانیشتوانەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم ناحیەیە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین ناحیەی قەزاکەیەو ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەگاتە (27427)کەس، ڕێژەی(18.4%)ی دانیشتوانی قەزای کۆیەپێکهێناوە لە ساڵی (2023)، (ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوك نیشتەجێن لەم ناحیەیە، کە لە تۆمارەکانی فەرمانگەی ئاماری کۆیە تۆمارنەکراون)، ڕووبەری ناحیەکە ئەگاتە (335)کم²(حکومەتی هەرێمی:2023). هەڵکەوتەی شوێنی ناحیەکە لەڕووی بازرگانییە وە شوێنێکی زۆر گرنگە، چونکە ناحیەی تەق تەق و قەزای کۆیە ئەبەستێتەوە بە پارێزگای کەرکوك و پارێزگاکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق لەڕێگای پردە بە ناوبانگەکەیەوە، ناحیەکە کەوتۆتە سەر تۆڕێکی فراوانی ڕێگاوبان، کەلەڕێگایانەوە تەق

تەق بەستراوەتەوە بەهەریەك لەشارەکانی هەولێر، کۆیە، بنەسڵاوە،قوشتەپە، پردێ،کرکوك،چەمچەماڵ،دووکان)، ئەمەوایکردووە هاتوچۆ لەنێوان هەموو ئەو شارانە ی ئاماژەمان پێکرد دروست بێت، جگەلەمانەش بوونی زێی بچووك تایبەتمەندی کشتوکاڵی بەناحیەکە بەخشیوە، ویرای ئەوەی ناوچەکە ناوچەیەکی گەشتواگوزارییە، درێژی زێی بچووك لەسنووری ناحیەکە نزیکەی(32)کم دەبێت و رۆڵی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی حەوزی ماسی. ژمارەی گوندەکانی ناحیەی تەق تەق دوای درووستبوونی ناحیەی سێگردکان ودابڕینی بەشێك لەگوندەکانی بۆ سەر ناحیەکەکەم بۆوەبۆ (20) گوندە، سەنتەری ناحیەی تەق تەق و (8)گوند لەگوندەکانی ئەم ناحیەیەراستەوخۆ لە سەر زێی بچوك هەڵکەوتون، ناحیەی تەق تەق کەوتۆتە بەشی باشووری ناحیەی سە نتەر وناحیەی شۆڕش،ناحیەی ئاشتیی کەوتۆتە رۆژهەڵاتییەوە، ناحیەی سێگردکان لە خۆرئاوا هاوسێی ناحیەکەیە، لەبەشی باشووری زێی بچووك راستەوخۆ سنووری نێوان ناحیەی تەق تەق و پارێزگای کەرکوك و سلێمانی پێکهێناوە، لەنەخشەی 3، رونکراوەتەوە.

**ناحیەی سێگردکان:-** لەساڵی(2005) بەبڕیارێکی کارگێڕیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتە ناحیە، ئەکەوێتە بەشی باشووری رۆژئاوای قەزای کۆیە، لەرۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ ناوەندی قەزای دەشتی هەولێر، لەرۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ ناحیەی تەق تەق، زێی بچووك لەباشووری ناحیەکە بووەبە جیاکەرەوەی سروشتیی لەگەڵپارێزگای کەرکوك و درێژییەکەی نزیکەی (18)کم بێت لەسنووری ناحیەکە، هەرچی ناحیەی شۆڕشە ئەکەوێتە باکووری ناحیەی سێگردکان، لەرووی رێگاوبانە وە سێگردکان بەتۆڕێکی رێگاوبانەوە بەستراوەتەوە بەناحیەی تەق تەق لەرۆژهەڵات، لەرۆژئاوا بەهەریەك لەناوەندی قەزای دەشتی هەولێر و ناحیەی قوشتەپە، لەباشووری رۆژئاوا بەئاڵتون کۆپری (پردێ) بەستراوەتەوە، رووبەری ئەم ناحیەیە ئەگاتە( 222)$کم^2$ ژمارەی گوندەکانی ناحیەی سێگردکان (9)گوندە، هەریەك لەسەنتەری ناحیەکەو (5)لە گوندەکانی راستەوخۆ کەوتۆتەسەر زێی بچوك، ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەگاتە (4290)کەس، کە نزیکەی(3.3%)ی رێژەی دانیشتوانی قەزای کۆیە پێکدەهێنێت (حکومەتی هەرێمی:2021).

## باسی دووەم
## بایەخ و گرنگی سامانی ماسی:-

ئامارەکان ئەوەمان نیشان دەدەن کە کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی ماسی  بە مەبەستی دابینکردنی گۆشتی ماسی لە جیهاندا بەردەوام لە گەشەکردندایە، لە ساڵی (1970) بڕی بەرهەمهێنانی ماسی (3.9%)بووە، بۆ دەستکەوتنی ماسی زیاتر پشت بەڕاوکردن بە ستراوە لە چەم و ڕووبارەکان، بەهۆیپیشەی ڕاوکردن (96%) ی ماسی دابین کراوە، لە ساڵی(2000) ئەم ڕێژەیەبۆ (27.3%) بەرزبۆتەوە، گەشەکردنی بەخێوکردنی ماسی بە خێراترین شێوە دادەنرێت لەناو هەموو کەرتەکانی تری بەرهەمهێنانیخۆراکی. (الزیادي وجابر،2014ل51).

گەشەکردنی ماسی زۆر خێراترەبە بەراورد بەکەرتەکانی تری وەك خۆراك و گۆشتی سور و مریشك.

لەعێراق و کوردستانیش دوای ساڵی (2003) بەهۆی کرانەوەی عێراق بەڕووی دەرە وە و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران و ڕۆشنبیری خەڵك داواوخواست لەسەر ماسی زیادیکرد، ئەمەش بووەهۆی گەشەسەندنی پیشەی بەخێوکردنی ماسی و ڕاوەماسی.

### أ.گرنگی سامانی ماسی دەگەڕێتەوە بۆ:-

1. ماسی سەرچاوەیەکی نایابی پرۆتینە، کە جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ دروستکردن وپاراستنی، هەروەها بۆ ڕێکخستنی هەندێک پرۆسەی ناوەکی، بۆیە ڕۆڵێکی پێکهاتەیی و خۆپارێزی و چارەسەری و تەنانەت ڕۆڵێکی گرنگی ژیاری هەیە لەناو جەستەدا.
2. ماسی ڕێژەیەکی زۆری لەترشی ئەمینی لەخۆگرتووە،کەبۆ تەندروستی مرۆڤ پێویستییە بنەڕەتییەکانە، ژمارەیەکی زۆری ماسی بەتایبەت(الأسماك الدهنية) سە رچاوەی گرنگی ترش و چەوری و ئۆمیگا3 زنجیرەی درێژن، کەبەشدارن لەگە شەی مرۆیی و بینین و زانیاری بەتایبەت لەماوەی (1000)ڕۆژی یەکەمی ژیانی مندال (Roos،2016 ,P35-43). ڕێژەی چەوری لە ناوچە جیاوازەکانی جەستەی ماسیدا هەیە، بۆیە نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەم ڕێژەیە لە شێوەی ترشە چەورییە تێرنەکراوەکاندایە، کە لە بەرامبەردا کارئەکات بۆ کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێنی مرۆڤدا، ئەمەش لە بەرامبەردا مەترسی تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کەمدەکاتەوە.

### ب. گرنگی ئابوری سامانی ماسی:-

ماسی گرنگی ئابووری لە زۆرێک لە وڵاتان هەیە، چونکە هەلی کار و خۆراک و داهات بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان ئەرەخسێنێت، بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی گوندەکان، دامەزراندنی کێلگەی ماسی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و کەمکردنەوەی ئەو بێکارییەی دانیشتوان گیرۆدەی بوون، لەسنوری لێکۆڵینە وە پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی هەلی کاری بۆ (601) کرێکار و خاوەن پرۆژە ڕە خساندووە، جگە لەوەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات بۆ بەرهەمهێنەران، و دابینکردنی خۆراک بۆ بەکاربەران، چونکە بەخێوکردنی ماسی لەڕووی بەرهەمهێنانەوە دوو لایەنی هەیە:

أ- دابینکردنی گۆشتی ماسی بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ.

ب- بەرهەمهێنانی ماسی بەمەبەستی هەناردەکردن بۆ دەرەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ڕە خساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و هێنانی پارەی بیانی لەڕێگای هەناردە کردنی ماسی بۆ دەرەوە بەمەش بەشداری دەکات لەئاسایشی خۆراك، بەخێوکردنی ماسی یەکێکە لەکەرتە خێراکانی بەرهەمهێنان، کە لەماوەی شەش مانگ ئەگاتەبەرهەم.

### ج.گرنگی ئابوری ماسی بەراورد بەچالاکییەکانی تری کشتوکاڵ

1. گۆشتی ماسی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بەپرۆتینی ئاژەڵ کە لەپێشەوەئ اماژەمان پێکردووە، هەرسکردنی ئاسانە و دەوڵەمەندە بە ترشەئەمینییەپێویستەکان بۆ مرۆڤ، سەرچاوەیەکی گرنگی چەورییە کە دەوڵەمەندە بە ڕێژەی وزە.
2. ئەتوانرێت پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەسەر زەوییە بێپیتەکان وکەم بایەخەکان دابمەزرێت کە بۆ کشتوکاڵ گونجاو نین، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار لەسەر زەوی کشتوکاڵی.
3. ئەتوانرێت ماسی لەگەڵ پیشەی تردا بەخێو بکرێت، وەک پەلەوەر و ئاژەڵداری، چونکە ماسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە پاشماوەی ئەو ئاژەڵانە ئەخۆن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەتێچووی خۆراک پێدان.
4. تێچوی بەخێوکردنی ماسی کەمترەبەبەراورد بەهەندێ کەرتی تری وەك بەخێوکردنی ئاژەڵ، کشتوکاڵ، کێلگەی پەلەوەر، بۆیەسەرمایەی زۆری پێویست نییە.

5. ماسی توانایەکی گەورەی هەیە بۆ زاوزێکردن وبە خێرایی گەشەدەکات، زۆر خێرا لە ماوەیەکی کورتدا، وە زۆربەی خۆراکەکانیان شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە ئاوەکەدا دروست دەبن.
6. پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەلی کار دە ڕخسێنێ بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی.
7. پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دابەزاندنی نرخی گۆشتی سور، مریشك لەناوخۆی وولات.
8. بەخێوکردنی ماسی لە هەموو وەرزەکانی ساڵ بەردەوامە لەگەڵ زیادبوونی هەندێ نەخۆشی لەوەرزە زۆر سارد وگەرمەکان، بەڵام ئەمەماوەیەکی کەمە و لە هەموو ناوچەکانیش تووشی ئەو بارودۆخەنابن، بۆیە بەرهەمهێنان لەپرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەهەر چوار وەرزی ساڵ بەردەوامە. (سەردانی مەیدانی بۆ حەوزەکانی بە خێوکردنی ماسی و نوسینگەی فرۆشتنی بەچکەماسی و پێویستییەکانی پرۆژەی بە خێوکردنی ماسی).

## باسی سێیەم
## دابەشبونی حەوزی ماسی لەسەر زێی بچوك لەسنوی قەزای کۆیە:-

ناوچەی لێکۆڵینەوەڕاستەوخۆ ئەکەوێتە سەر زێی بچوك، ئەمەش وایکردووەناوچەکە مێژوویەکی هەبێت لەئاشنایەتی بەماسی و خواردنی ماسی، زێی بچوك پاڵنەری بەهێزە بۆ دامەزراندنی ئەو ژمارەزۆرەی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەکە، چونکە هەر لە کۆنەوە خواردنی ماسی یەکێك بووە لە خۆراکەگرنگ و بەبایەخەکانی دانیشتوانی ناوچە کە، خەڵکانێك ڕاوەماسی پیشەی سەرەکیان بووە و بژێوی ژیانیان لەسەر ڕاوەماسی و زێی بچوك بەندبووە،

ماسی یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە زوو تێك دەچێت دوای مردنی هەربۆیە پێویستی بەڕێگاوبانی باش و هۆکاری گواستنەوەی باش هەیە، (هەرچەندەبۆ گواستنەوەی بە رهەمەکانی ماسی ڕێگای کۆن و ئاسایی بکاردێت تا ئێستاش)، ئەمانەو هۆکارگەلێکی تری ئابوری وەك دەستکەوتی (قازانج) زیاتر بە بەراورد بە کاری کشتوکاڵی و لەماوە ی تەنها شەش مانگ خاوەن پرۆژەکان بەرهەمیان پێئەگات( لەساڵێك دووجار بەرهەم پێئەگات) ماندووبونی کەمتری دەوێت، دەستی کاری کەمی دەوێت هەر پرۆژەیەك کرێکارێك تا دوو کرێکاری دەوێت، ئەمانەهاندەرن کەژمارەیەکی زۆری پرۆژەی بە خێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدابمەزرێت، کەژمارەی حەوزەکانی ئەگاتە(1823) حەوز، خشتەی 1.

**خشتەی (1)ژمارەی، حەوز، کرێکار، ڕووبەری حەوز بەدۆنم**

| ز | ناحیە | ژمارەی حەوز | ڕێژەی سەدی | ڕووبەر بەدۆنم | ڕێژەی سەدی | ژمارەی کرێکار | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سێگردکان | 63 | % 3.4 | 145 | % 5 | 17 | % 2.9 |
| 2 | تەق تەق | 1230 | % 67.5 | 2067 | % 72.5 | 480 | % 79.8 |
| 3 | ئاشتی | 530 | % 29 | 640 | 22.5% | 104 | % 17.3 |
| 4 | کۆی گشتی | 1823 | % 100 | 2852 | % 100 | 601 | |

**ئامادەکردنی: توێژەران بەپشتبەستن بەداتای هۆبەی سامانی ئاژەڵ و ماسی، سێگردکان، تەق تەق، ئاشتی، ساڵی 2024.**

ڕووبەری کۆی حەوزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەئەگاتە(2852)دۆنم، لەڕووی پێویستی ماسی بەپانتایی زەوی بۆ گەشەکردن، هەر ماسیەك پێویستی بە(2.5م چوارگۆشە)، (سەردانی مەیدانی، پشتبەستن بەداتاکانی هۆبەی سامانی ئاژەڵ و ماسی ، تەق تەق، ئاشتی، سێگردکان). پانتایی زەوی هەیە،شێوەی1، چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوو ژمارە ی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی زۆر زیاتر بن بەهۆی تێکدانی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوەڕاست و خوارووی عێراق(بەتایبەت حەوزەکانی دوزخورماتو، داقوق) لە بەر کەمی ئاو، کەئەمەش وادەکات نرخی ماسی بەرز بێتەوەو بەخێوکردنی ماسی دە ستکەوتی زیاتری بێت. دابەشبونی حەوزەکانی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوەبەم شێوە یە باسیان دەکەین:-

**شێوەی (1)**

**ڕووبەر، ژمارەی حەوزو کرێکار لەناوچەی لێکۆڵییەوە.**

**ئامادەکراوەلەلایەن توێژەرانەوەوپشتبەستن بەداتای،بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان،هۆبەی سامانی**




**ئاژەڵ و ماسی، تەق تەق، ئاشتی.**

**ناحیەی ئاشتی:**- ناحیەی ئاشتی ئەکەوێتەڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەسەر زێی بچوك هەڵکەوتووە، بەهۆی بوونی زێی بچوك لەباشوری ناحیەکە، ناحیەکە بەشێوەیە کی سەرەکی بۆ بژێوی ژیانیان پشت بەبەرووبومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ ئەبەستن، لەم دواییانە بەشێوەیەکی خێرا دانیشتوانەکەی ڕوویان کردەبە خێوکردنی ماسی، بەشێوە یەکی سەرەکی پشت بەئاوی زێی بچوك ئەبەستن بۆ دابینکردنی ئاوی پرۆژەکانیان، لە ناحیەکە، بە سەیرکردنی خشتەی(١) بومان دەردەکەویت کە، (530) حەوزی بە خێوکردنی ماسی هەیە، کەڕووبەرەکەی(640) دۆنم زەوی دەبێت، ئەم زەوییانەزەوی کشتوکاڵین کراون بە

پرۆژەی بەخێوکردنی ماسیخاوەندارییەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ (73 )جوتیار، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەپرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی کارئەکەن ئەگاتە(104) کرێکار.

زۆرترین ژمارەی حەوزی ماسی لەناحیەی ئاشتی ئەکەوێتەگوندی کانی بی کە(157) حەوزی بەخێوکردنی ماسی لێ دروستکراوە کە، زیاتر لە(30%)ی کۆی حەوزەکانی ناحیەی ئاشتی پێکدێنێ، خاوەنداری ئەم حەزانەئەگەڕێتەوەبۆ (31) جوتیار، کەمترین ژمارەی حەوزی ماسی لەناحیەکە لە گوندی کانی هەنجیرە، کە ژمارەی (٢) حەوزە کە نزیکەی(٠،٤٪ ) ی کۆی حەوزەکانی ناحیەی ئاشتی پێکدێنێ ، وە لەڕوی ڕوبەر بەهەمان شێوە گوندی کانی بی لەناحیەکە پلەی یەکەمی وەرگرتوە،کە دەگاتە (٢٠١) دۆنم و بەڕێژەی زیاتر لە(٣١،٤٪) کۆی ڕووبەری پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی ناحیە ی ئاشتی پێکدێنێ، ئەمەش بۆ گونجاندنی زەوی و نزیکی لەسەر ڕوباری زێی بچوك وێڕای ئەوە، کەیەکەم گوندبوو کەحەوزی ماسی تێدا دامەزراوە لە ناحیەکە، واتە

ئەزمونی زیاتریان هەیە لەچاو ناوچەکانی دەوروبەری،کانی هەنجیرکەمترین ڕوبەر پیکدێنت.

**خشتەی ژمارە(2)**

**دابەشبونی ژمارەی حەوزو کرێکار ڕوبەری حەوزەکان لە ناحیەی ئاشتی.لە سالی(٢٠٢٤).**

| گوند | ژ حەوز | % | ڕووبەر بە دۆنم | % | ژ کرێکار | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کلێسە | 45 | % 8.5 | 69 | %6.9 | 12 | % 11.5 |
| بۆگد | 93 | % 17.5 | 121 | %.18 | 20 | % 19.2 |
| کانی بی | 157 | % 29.6 | 201 | %31.4 | 31 | % 29.8 |
| قزلو | 118 | % 22.3 | 131 | %20.5 | 16 | % 15.3 |
| گۆمەشین | 115 | % 21.7 | 113 | %17.6 | 23 | %22.11 |
| کانی هەنجیر | 2 | % 0.37 | 5 | %0.8 | 2 | % 1.9 |
| کۆی گشتی | 530 | % 100 | 640 | % 100 | 104 | % 100 |

**کاری توێژەران بەپشتبەستن بەداتای بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناحیەی ئاشتی.**

**2.ناحیەی تەق تەق:** ناحیەی تەق تەق زۆرترین پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی ئەگرێتە خۆی،ژمارەی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی ئەم ناحیەیە،ئەگاتە(1230)حەوز، کەدە کاتە (63% )ی کوی حەوزی ناوچەی لیکولینەوە، کۆی گشتی ڕووبەری حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناحیەکەئەگاتە(2067) دۆنم زەوی،شوێنی ئەم حەوزانەبریتییەلەزە وی کشتوکاڵی کەنار زێی بچوك، تەواوی ئەم زەوییانەبەسەر (10) گوندی سەر زێی بچوك دابەشبون، (7)گوندیان ئەکەوێتەڕۆژهەڵاتی ناحیەکە، زۆرترین ژمارەی حەوزی ماسی ئەکەوێتەگوندی (مخەڕەس) کەژمارەیان ئەگاتە(300) حەوز، کەڕێژەی (24.3%)ی کۆی حەوزی بەخێوکردنی ماسی لەناحیەی تەق تەق پێك دێنێ، ڕوبەرە کەی (554)دۆنم زەوی کشتوکاڵی و کەنار زێی ئەگرێتەخۆ، کەئەگاتە(26.8% )ی ڕووبەری هەموو حەوزەکانی ناحیەکە،وێنەی1،کەئەم ناوچەیەزۆرترین ژمارەی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی ئەگرێتەخۆی لەتەواوی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، هەرچی ڕۆژئاوای ناحیەکەیەپێکدێت لەپڕۆژەکانی هەردوو گوندی گەرمکی تەق تەق و کانی لەلە،کەلەکۆی (1230) پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی تەنها(58) پڕۆژەی حەوزی بەخێوکردنی ماسی لێ دامەزراوە، کەتەنها ڕێژەی (4.6%)ی حەوزەکانی ناحیەکەیان پێکهێناوە، ڕووبەرەکەی ئەگاتە(95) دۆنم، بەهەردوو گوندەکەتەنها ڕێژەی(4.5%)ی ڕووبەری حەوزەکانی ناحیەی تەق تەقیان پێکهێناوە، خشتەی3.

**خستەی(3)**

**ژمارەی حەوزو کرێکار ڕوبەری حەوز لە ناحیەی تەق تەق.لە سالی(٢٠٢٤).**

| ز | گوند | ڕوبەری حەوز | % | ژمارەی حەوز | % | ژ کرێکار | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کانی لەلە | 31 | % 1.5 | 18 | % 1.4 | 11 | % 2.2 |
| 2 | گەرمکی تەق تەق | 64 | % 3 | 40 | % 3.2 | 18 | % 3.7 |
| 3 | تەق تەق | 164 | % 8 | 75 | % 6 | 29 | % 6 |
| 4 | باغەجنێر | 47 | % 2.3 | 55 | % 4.4 | 20 | % 4.1 |
| 5 | چۆمحەیدەر | 264 | % 12.7 | 196 | % 16 | 86 | % 18 |
| 6 | مخرەس | 554 | % 26.8 | 300 | % 24.3 | 90 | % 18.7 |
| 7 | ملازیاد | 176 | % 8.5 | 75 | % 6 | 22 | % 4.5 |
| 8 | گەرمکی ملازیاد | 65 | % 3.1 | 25 | % 2 | 13 | % 2.7 |
| 9 | ساتوقەڵا | 537 | % 26 | 296 | % 24 | 120 | % 25 |
| 10 | کانی ڕەش | 165 | % 8 | 150 | % 12.1 | 71 | % 14.8 |
| 11 | کۆی گشتی | 2067 | % 100 | 1230 | % 100 | 480 | % 100 |

**کاری مەیدانی توێژەران پسبەستن بەداتای هۆبەی سامانی ماسی و ئاژەڵی تەق تەق(21\8\2024).**

هەرچی تایبەتەبە سەنتەری ناحیەکە (75) حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە، کەئە گاتە(6%) ی کۆی حەوزەکانی ناحیەکەی پێکهێناوە، کۆی ڕووبەرەکەی ئەگاتە (164)دۆنم و (8%)ی تەواوی ڕووبەری حەوهزەکانی ناحیەکەی پێکهێناوە. خاوە نداری ئەم پڕۆژانەئەگەڕێتەوەبۆ (443) حوتیار، جگەلەخاوەنەکانیان (480) کرێکار لە م پڕۆژانەکار دەکەن.

**وێنەی(1)حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەگوندی مخەڕەس.**

**وێنەگیراوەبەبەکارهێنانی درۆن لە17\7\2024.**

ئەوەی شایەنی باسەتەنها (2) پڕۆژەلەناحیەی تەق تەق مۆڵەتی هەیە، ئەوانی تر هە مووی بەزیادەڕۆیی دروست کراون، هیچ مەرجێکی تەندروستی وبنەماییەکی زانستی ڕەچاونەکراوەلەکاتی دروستکردنی پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، هەروها بۆ بەخێوکردنی ماسی شارەزایانی سامانی ئاژەڵ هیچ ڕۆڵیان نیەلەناوچەکە، بەڵکو تەنها پشت بەئەزمونی خۆیان ئەبەستن. حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لەڕووی دابینکردنی کارەبا هاوکاری خاوەن پڕۆژەکان دەکات بەدابین کردنی کارەبا (بەناوی پڕۆژەی کشتوکاڵی پیش دامەزراندنی حەوزەکان کارەبایان پێدراوە) لەڕووی پێدانی ئالێك ودەرمان لەکاتی بووونی نەخۆشی وئافات حکومەت هیچ هاوکارییەك پێشکەش بەخاوەن پڕۆژەکان ناکات.

**ناحیەی سێگردکان.**



ناحیەی سێگردکان ڕاستەوخۆ لەسەر زێی بچوك هەڵکەوتووە، ئەکەوێتەڕۆژئاوای ناحیەی تەق تەق، لەڕۆژئاوا هاوسنورەلەگەڵ هەریەك لە قەزای دەشتی هەولێر لە پارێزگایهەولێر وناحیەی پردی لەپارێزگای کەرکوك، لەباشور زێی بچوك ناحیەکەجیا دەکاتەوەلەگەڵ ناحیەی شوان لەپارێزگای کەرکوك،نەخشەی4.

**نەخشەی (4)**

**شوێنی ناحیەی سێگردکان بەپێی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری.**

**سەرچاوە:کاری توێژەران پشتبەستن بە، بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، 2022،بەکارهێنانی بەرنامەیGIS؛Arcmap10.8.**

ناحیەکە بەتۆڕێکی ڕێگاوبان بەهەریەك لەقەزای دەشتی هەولێر (بنەسڵاوە)، ناحیەی قوشتەپە، ناحیەی پردێ، لەڕۆژئاوا، ناحیەی تەق تەق لەڕۆژهەڵات، کە لە ڕێگای تە ق تەق__شوان،بەپارێزگای کەرکوك بەستراوەتەوە، هەروها لەڕێگای تەق تەق- کەلکە سماق،بەپارێزگای سلێمانییەوەبەستراوەتەوە، گرنگی ئەم ڕێگایانە ئاسانکاریان کردووە تا جوتیاران بەئاسانی بەرهەمەکانیان بگەیەنن بەپارێزگانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك) وقە زا و ناحیەکانیان. ژمارەی حەوزەکانی ئەم ناحیەیە(63)حەوزی بەخێوکردنی ماسییە، کە لە (٥)گوند دامەزراوە، کۆی ڕووبەری حەوزەکان ئەگاتە(145)دۆنم زەوی کشتوکاڵی،




ژمارەی ئەوکەسانەی کاری تێدا دەکەن (17) کرێکارن،خشتەی4.

**خشتەی( 4) ژمارەی حەوزو کرێکار ڕوبەری حەوز لە ناحیەی سێگردکان.لە سالی(٢٠٢٤).**

| ز | گوند | ژ حەوز | % | ژ کرێکار | % | ڕووبەر بەدۆنم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سێگردکان | 36 | 57% | 8 | % 47 | 69 | 47.5% |
| 2 | ئاوماڵ | 13 | 20% | 3 | % 17.6 | 30 | 20.6% |
| 3 | سارتك | 6 | % 9.5 | 3 | % 17.6 | 24 | 16.5% |
| 4 | تازەدێ | 3 | 4.7% | 1 | % 5.8 | 8 | 5.5% |
| 5 | سێکانی | 5 | 8% | 2 | % 11.7 | 14 | 9.6% |
| 6 | کۆی گشتی | 63 | 100% | 17 | % 100 | 145 | 100% |

**کاری: توێژەران بەپشتبەستن بەداتای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان.**

## باسی چوارەم

## پێویستییەکانی دروستکردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی و گیر و گرفتە کانی بەخێوکردنی ماسی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### تەوەری یەکەم: پێویستییەکانی دروستکردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی(حەوزی ماسی).

پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی وەك هەر کەرتێکی تری وەبەرهێنان کۆمەڵێك مەرج و پێویستی هەیە،کە دەبێت لەکاتی دامەزراندنی هەر پرۆژەیەکی بەخێوکردن ماسی لەبە رچاوبگێرێ،(سەردانی مەیدانی لە 20\6-15\7\2024)، لە خوارەوەئاماژەبەگرنگترینیان دەکەین:-

1. بونی بڕی ئاوی پێویست و گونجاو بۆ بەڕێوەبردن و بەردەوام بونی پرۆژەکانی بە خێوکردنی ماسی، مەرج و بنەمای سەرەکی بەخێوکردنی ماسییە، لەبەرئەوەی تە واوی ژیانی ماسی لەئاودایە، بەبێ بونی ئاو لەچەند خولەکێکی کەم زیاتر ناتوانێت بژی، بۆیە تەواوی کارەکان بەشێوەی سەرەکی پشت بەئاو دەبەستێت، پێویستە هەر حەوزێك بەقولای(1.5)م ئاوی تێدا بێت، بۆیەبڕێکی زۆر ئاو پێویستە لە کرداری بەخێوکردنی ماسی، ناوچەکە دەوڵەمەندە بەئاو، بۆیە لەڕێگای زێی بچوگە وە توانراوە ئاوی پێویست دابین بکرێت بۆ پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، بوونی زێی بچوك یەکێکە هۆکارەکانی جێگیربوونی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەکە.
2. پێویستە شوێنی دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی‌خاکێکی یەکگرتوی هە بێت، نەك فشەڵ بێت، چونکە خاکی فشەڵ دەبێتەهۆی لەدەستچونی ئاوەکە بە هۆی کرداری دڵۆپاندن دادەچۆڕێتەژێر زەوی.
3. شوێنی پرۆژەکان دەبێت دوربێت لەڕێڕەوی ئاوی، وەك ڕووبارەکان وەمەترسی لافاو لە وەرزی دابارین، شوێنی دارمان و هەرەسهێنانی زەوی، ئەمانە هۆکارن بۆ لەناوچونی پرۆژەکە لە وەرزی دابارین.
4. باشترین شوێن بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، زەوییەبێ پیتەکان لەڕووی کشتوکاڵییەوە.
5. پێویستە پرۆژەکانی بەخێوکردنی لەو جێگایانەدابمەزرێن، کەبەئاسانی پێویستییەکانی بەخێوکردنی ماسی دەستبکەوێت، یاخود نزیکبن لەو شوێنانەی ئەم پێویستییانە ی تێدا فەراهەمە. لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەتوانرێت بەئاسانی پێویستییەکانیان دە ستبکەوێت بەهۆی بونی ژمارەیەکی زۆری حەوزی ماسی لەتەق تەق، چەند فرۆشگایەکی تایبەت بەپێویستییەکانی بەخێوکردنی ماسی هەیە.
6. دروستکردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی پێویستە بکەوێتەسەر ڕێگاکانی گواستنەوە، یاخود ناوچەکە بەسترابێتەوە بەتۆڕێکی فراوان و پێشکەوتوی هاتووچۆ، تا بەئاسانی بتوانرێت بەرهەمەکانی بگەیەنرێتە بازاڕەکان، ئەگەرچی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێگای پێشکەوتوو و سەردەمیانەی نیە، بەڵام بەچەندین ڕێگای سەرەکی و لاوەکی بەستراوەتەوە بەهەریەك لەپارێزگاکانی (هەولێر، کە رکوك، سلێمانی) ئەمەش وایکردووە بەئاسانی کەرەستەو پێویستییەکانی پرۆژە کانیان بەدەستبکەوت و بەرهەمەکانیشیان لەم پارێزگایانە ساغ بکەنەوە.
7. دەبێت دیزاینی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی بەشێوەیەکی زانستی وا دابڕێژرێت، کەپاشماوەی ئاوی هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی ماسی نەچێتەوە سەر هیچ پرۆژە یەکی تری بەخێوکردنی ماسی،پەلەوەر،ئاژەڵ و کێڵگەی کشتوکاڵی تر، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بەپرۆژەکان و گواستنەوەی نەخۆشی لەنێوان پرۆژە کان، لەناوچەی لێکۆڵینەوە دامەزراندنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی ڕەچاوی بنە مای زانستی نەکراوە، چونکە لە هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی ماسی دکتۆری تایبە ت(ڤێتەرنەری) و کەسانی ئەکادیی بەشدارییان پێنەکراوە، یاخود ڕاوێژیان پێنە کراوە، بەڵام ڕێگای لەبەر ڕۆیشتنی پاشماوەو پاککردنەوەی حەوزەکان دیاریکراوە.
8. پێویستەڕێگری بکرێت لەپیسبونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو ئاوی سازگار بەهۆی ئاوی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەکە، بەداخەوەلەناوچەی لێکۆڵینەوەوەهیچ ڕێکارێك لەم بارەیەوە نەگیراوەتەبەر، ئەوەی جێی نیگەرانییە

پاشماوەی حەوزەکان و ئاوەپیسەکان هەمووی دەچێتەوەناو زێی بچوك، بەم شێوە یەبەشداری دەکەن لەپیسکردنی ئاوی زێی بچوك.

### تەوەری دووەم: گیروگرفتەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە:-

ناوچەی لێکۆڵینەوە روبەرووی چەند گرفتێك دەبێتەوە لەرووی بەخێوکردنی ماسی، بەشێك لەگرفتانە پەیوەستەبەحکومەتی هەرێمەوە، بەشێکی تری پەیوە ستەبەخودی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، (سەردانی مەیدانی 20\6-15\7\2024، هاوکاری هۆبەی سامانی ئاژەڵ و ماسی تەق تەق)، بەپێویستی دەزانین ئاماژەبەگرنگترینیان بدەین.

1. نەبونی شارەزایی و ئەزمونی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەکە، بە هۆی ئەوەی پیشەی بەخێوکردنی ماسی پیشەیەکی تازەیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەکەنزیکەی (10) ساڵ دەبێت.
2. بەخێوکردنی ماسی تەنها پشت بەئەزمون دەبەستێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدە گمەن پەیڕەوی بنەمای زانستی دەکەن لەبەخێوکردنی ماسی.
3. لەکاتی دروستکردنی پرۆژەو حەوزەکان بەهیچ شێوەیەك داوای زانیاری لەهۆبە ی سامانیئاژەڵ و ماسی، ئەندازیارانی کشتوکاڵی ناکەن تا شوێنەکەیان بۆ دیاری بکەن بەپێی بنەمای زانستی، بەڵکو بەشێوەی هەڕەمەکی دروست دەکرێت.
4. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك هاوکاری خاوەن پرۆژەکان ناکات لەرووی پێدانی خۆراك و دەرمان و کردنەوەی خولی زانستی.
5. نەبونی پەنجەماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوەیەکێکە لەکێشەکان، زیاتر پشت بەباشور و ناوەڕاستی عێراق دەبەسترێت بۆ بەدەستهێنانی پەنجەماسی.
6. دابیننەکردنی کارەبای پێویست لەلایەن حکومەتەوە بۆ پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، زۆرجار کارەبایان لەسەر دەبڕێت بەتایبەت لەشەوان دەبێتەهۆی نەمانی ئۆکسجین و مردنی ژمارەیەکی زۆری ماسی.
7. بەهۆی گرانی وئاستەنگەکانی پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە بەدەگمەن پرۆژەکان مۆڵەتیان هەیە.
8. نەبونی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئالیك و عەلەف لەناوچەکە وایکردووە جوتیاران ناچار بن بۆ دەستکەوتنی عەلەف و دەرمان پشتببەستن بەهاوردەکردن لەشارە کانی تری هەرێمی کوردستان یان دەرەوەی هەرێم بەمەش کرێی زۆری دێتەسەر.
9. بەهۆی هەڵبەز و دابەزی ئاو و هەوا و جیاوازی پلەی گەرمی نێوان وەرزەکان و شەوان و رۆژ ماسی دووچاری نەخۆشی دەبێت، بەتایبەتی لەهەردوو وەرزی هاوین و زستان.
10. نەبونی کوورە بۆ لەناوبردنی پاشماوەی دەرمان و ماسی مردوو بەئاسانی نەخۆشی تەشەنەدەکات لەناو حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی.

## باسی پێنجەم
## کاریگەرییەنەرێنییەکانی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەسەر ژینگە:-

چالاکییەئابوورییەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەدەستهێنانی سود و قازانجی ئابوریە تا مرۆڤ بتوانی بژێوی ژیان و گوزەرانی دابین بکات و بکاتە ژیانێکی خۆشگوزەرانی، بەشێك لەم چالاکیانەش جگەلە سودە ئابورییەکەیان هەندێك جار سودی بۆ لایەنی ژینگەییش هەیە وەك چالاکی کشتوکاڵ کەرۆڵی گەورەی هەیە لەڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەو پاککردنەوەی بەرگی گازی، گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژێت و ئۆکسجین دەداتەوە، هۆکاریکەبۆ زیادبوونی رێژەی شێ لەهەوادا،....هتد، لەگەڵ ئەوە ش بەهۆی پاشماوەی مێرو کوژ و مادەقڕکەرەکان و مادەکیمیاییەکانی بۆ بەپیت کردنی زە وی و زیادکردنی بەرهەم جوتیاران بەکاری دێنن بەشداری دەکات لە پیسکردنی ژینگە ، بەپیسکردنی خاکی کشتوکاڵی ئاوی ناوچەکشتوکاڵییەکان، ئەمە بەو مانایەدێت کە کشتوکاڵ و چالاکییە مرۆییەکانی تر لایەنی باش و خراپیان هەیە.

بەخێوکردنی ماسی وەك هەر چالاکییەکی تری مرۆیی لایەنی باشەو خراپەی هەیە، لەڕووی ئابوریەوەسودی دەستکەوتێکی زۆری هەیەبۆ جوتیاران بەراورد بەکشتوکاڵ زۆر زیاترە، هەروەها ماندووبوونی کەمترەو دەستی کاری کەمتری دەوێت، بەڵام لە رووی ژینگەییەوە کۆمەڵێ ئاسەواری ژینگەیی خراپی لەسەر ناوچەکە هەیە بە ژینگە ی وشکانی و ئاوییەوە، بەشێکیان پەیوەندیدارەبە گۆڕینی لاندسکیپی سروشتی بۆ لاندسکیپی مرۆیی، لەخوارەوەئاماژەیان پێ دەدەین.

1. تێکدانی روخساری سروشتی زەوی بۆ رووبەری ئاوی، بەتێکدانی دۆڵ و نزمایەکان و پڕکردنیان لەئاو و دروستکردنی حەوزی بەخێوکردنی ماسی، کە لە کاتی باران و لافاو مەترسی روخانیان هەیە، دەبنە مەترسی بۆ زەوی کشتوکاڵی و دانیشتوانی خوار خۆیان، وێنەی ئاسمانی1.
2. گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی، زۆرجار جوتیاران هەڵدەستن بەگۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی باراناو بەمەبەستی بەکارهێنانی شوێنی ڕێڕەوی ئاوەکەبۆ بەخێوکردنی ماسی، بەمە ش مەترسی دروست دەبێت لەسەر ناوچە ئاوەدانییەکان و زەوییە کشتوکاڵییە کانی خوار حەوزەکان لەکاتی بونی باران، زۆرجار دەبێتەهۆی تێکدانی زەوی کشتوکاڵی بەهۆی ڕاماڵین، هەروها لەناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەتایبەتی کشتوکاڵی زستانە.

**وێنەی ئاسمانی(1)، وێنەی بەراوردی ناوچەی لێکۆڵینەوەلەنێوان ساڵانی( 2000-2025).**



وێنەگیراوەلە\8\2025

3. حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی دەبنەهۆی تێکدانی ڕێگاوبانی ناوچەکشتوکاڵییە کان، ئەو ڕێگایانەی دەکەونە نزیك ناوچەکشتوکاڵییەکان بەهۆی دەڵاندنی ئاوی زۆری حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی ڕێگا کشتوکاڵییەکان تووشی تێکچوون دە بن، زۆرجار ئاستەنگ بۆ جوتیاران دروست دەکەن.

4. کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، بەهۆی زۆری دەستکەوت و قازانجی زۆری بەرهەمی ماسی، کەبەراورد بەبەرهەمی کشتوکاڵی چەندجار زیاترە و دەستی کاری کەمی دەوێت بۆیەژمارەیەکی زۆری جوتیاران جۆری بەکارهێنانی زەوییەکە یان گۆڕیوە لە بەروبومی کشتوکاڵییەوەبۆ بەخێوکردنی ماسی، ئەو ڕووبەرە زەویەی کە گوڕاوە بو پروژەی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی دەگاتە(2852) دونم ئە مەش بۆتەهۆی کەم بوونەوەی زەوی کشتوکاڵی، بۆتەهوی کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی و کەمبونەوەی ڕێژەی سەوزایی، ئەمە لە ناحیەی تەق تەق زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، چاوەڕوان دەکرێت لەناوچەکانی تریش بەرهەمی کشتوکاڵی کەم بکات بەهۆی ئەوەی زیادبوونی ژمارەی حەوزەکان زۆر بەخێراییە ، ئەمەش وا دەکات بەرهەمی کشتوکاڵی کەم بکات، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە کان زیاتر پشت بە بەرهەمی دەرەوە ببەسترێت.

5. لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی چالاکییە پیشەسازی وکشتوکاڵییەکان، نیگەرانییەکان سەبارەت بە پیسبوونی ژینگەی (ئاو و هەوا و خاك) کە لە ئەنجامی فڕێدانی پاشماوەی جۆراوجۆرەوە دروست دەبێت، لەنێویاندا پاشماوەی ماسی، بەتایبەتی ئەوانەی ترشی چەوری و ئۆرگانیکی تێدایە، پەرەدەسێنێت. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری ئەم ترشەڵۆکانە، کە بەهۆی شیبوونەوەی ماسی یان پاشماوەی پرۆسێسکردنی ماسی بەرهەم دەهێنرێن، لەسەر ژینگەی ئاوی و هەوا. ترشی ماسی بریتین لە ترشە چەورییە ناتێرەکان وەک ئۆمێگا ٣ (EPA و DHA)، هەروەها ترشە ئۆرگانیکەکان کە بەهۆی تێکچوونی شانەکانی ماسی بەرهەم دەهێنرێن، وەک ترشی فۆرمیک، ترشی ئەسیک و ترشی پرۆپیۆنیک. ئەم ترشانە لە کاتی شیبوونەوەی سروشتی یان لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسێسکردنەوە بە تایبەت لە کارگەکانی قوتوکردن یان پیشەسازی ڕۆنی ماسی بەرهەم دەهێنرێن کاریگەری ترشی ماسی لەسەر پیسبوونی ئاو:-

أ. زیادبوونی ترشی (کەمبوونەوەی pH): کاتێک پاشماوەی دەوڵەمەند بە ترش دەخرێتە ناو ئاوەوە، لەوانەیە pH دابەزێنێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر زیندەوەرە ئاوییەکان دەبێت. هەروەك لە شیکاریەکە دەرکەوتوە، کەدەگاتە(8.13) کەڕێژەی ئاسایی (6.5)هـ.، وێنەی2.

**وێنەی(٢)**

**پشکنینی کیمیایی لەتاقیگەی بەشی کیمیا لەزانکۆی کۆیە**




ب. زیادبوونی خواستی ئۆکسجینی بایۆلۆجی (BOD): شیبوونەوەی ترشە ئۆرگانیکەکان دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ئۆکسجینی تواوە لە ئاوەکەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی خنکاندنی زیندەوەرە ئاوییەکان.

ج. کەڵەکەبوونی ماددەی ئۆرگانیک: ترشەڵۆکی ماسی دەبێتە هۆی گەشەی زیادەڕۆیی هەندێک جۆری بەکتریا، ئەمەش شیبوونەوەی ماددە ئۆرگانیکەکان خێراتر دەکات و بۆنی ناخۆش و گازی ژەهراوی بەرهەم دەهێنێت.

د-کاریگەری لەسەر زنجیرەی خۆراک: گۆڕانی ئاو لەوانەیە ببێتەهۆی مردنی هەندێک جۆری پلانکتۆن یان ماسی، کاریگەری لەسەر ئەو زیندەوەرانە دەبێت کە بۆ خۆراک پشتیان پێدەبەستن.

کاریگەری ترشی ماسی لەسەر پیسبوونی هەوا دەردانی پێکهاتە ئۆرگانییە هەڵاوەکان (VOCs): لە کاتی شیبوونەوە یان پرۆسێسکردنی ماسیدا، پێکهاتەی ئۆرگانیکی هەڵاوساوی دەردەدرێت، لەوانە ترشە چەورییە هەڵاوەکان و بۆنی توند کە ڕەنگە زیان بە تەندروستی بگەیەنن.

ب- بەرهەمهێنانی گازی گەرمخانەیی: ئەگەر پاشماوەی ماسی بەبێ چارەسەرکردن کۆببێتەوە و شی ببێتەوە، ئەوا گازی وەک میثان و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەرهەم دەهێنێت.

ج- بۆنی ناخۆش: ئەمانە لە دیارترین پیسکەرە ژینگەییەکانن کە لە ئەنجامی کارگەکانی ماسی دروست دەبن، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دانیشتوانی نزیکیان دەبێت و کێشەی تەندروستی و دەروونی دروست دەکەن

د. حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی دەبنە سەرچاوەی بڵاوبونەوەی میش و مەگەز بۆ ناوچەکە، کە هۆکارن بۆ بڵاوبونەوە و گواستنەوەی نەخۆشی لەنێوان گیانەوەران و مرۆڤ (بەتایبەتی نەخۆشی مەلاریا).

6. بوونی بڕێکی زۆری ئاوی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەسەر ئەو زەویانەی دە وروبەری حەوزەکان و ئەو زەویانەی حەوزەکانی لەسەر دروستکراوە دەبێتەهۆی کەمبونەوەی ئۆکسجین لەناو زەوییەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی کەم بوونەوەی بەپیتی خاکەکەئەگەر بێت و لەداهاتوو جارێکی تر بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن و داچاندن بەکاربێت.

7. بەهۆی بەرزی بەهەڵم بوون لەحەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی ڕێژەی خوێ بە رزدەبێتەوەلەئاوی حەوزەکان و زەوی ژێر حەوزەکەو دەوروبەری.

8. بەهۆی دەڵاندنی ئاوی حەوزەکان بۆ زەوییەکانی خوار خۆیانەوە، دەبێتەهۆی دروستبونی گرفتی ژینگەیی و نەخۆشی کشتوکاڵی بۆ زەوییەکان هەندێکجار ئەم کێشەیە دەبێتەهۆی دروستبونی کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان جوتیاران و خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، لە گوندەکانی سنوری ناحیەی سێگردکان و تەق تەق چەند جارێك کێشەی لەو شێوەیە دروستبووەو لەڕێگای مدیر ناحیە و کۆمەڵایەتییەوەچارەسەر کراوە.

9. حەوزەکان هۆکارن بۆ بەفیڕۆدانی ئاو و زۆربونی بەهەڵمبون حەوزەکان نزیکەی (1.5)م3 ئاویان دەوێت، بەهۆی زۆری بەهەڵم بوون و ڕۆچونە ژێر زەوی ،بە ردەوام دەبێت ئاوی زیادەیان پێ بدرێت.

10. حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی بڕێکی زۆر کارەبای پێویستە، بۆ جولەی ئاوی ناو حەوزەکان بەمەبەستی دروستبونی ئۆکسجین بڕێکی زۆری کارەبای پێویستە، ئە مەش پاڵەپەستۆی کردۆتەسەر بەرهەمی کارەبا ، بەمەش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژینگەهەیە. ویرای بەکارهینانی مووەلیدە کارەبا کەگازوایل کاردە کات، بەهەمان شیوە ژینگەی ناوچەکە پیسدەکات بەگازە ژەهراویەکان،

گرنگترین و بلاوترین پیسکەرەکانی هەوا بریتییەلە ئۆکسیدەکانی گۆگرد،نایترۆجین، تەنۆچکەهەڵواسراوەکانی وەك (تۆز، دوکەڵ، هەڵمی ئاوێتەجیاوازەکان، میثان، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) هەمو ئەو پیسکەرانەلەبنەڕەتدا بەرهەمی سوتانی سوتە مەنی هەڵکەندراو( خەڵوز،بەنزین، گازی سروشتی) هەروها سوتانی دار و پاشەڕۆ جوتەلەگەڵ جۆری سوتەمەنی(عزیز: 2017 ل280).

11. لەکاتی مردنی ماسیەکانی حەوزەکان، پاشماوەی ئەو ماسیانەی کەمردوون فڕێ دەدرێتە ناوزێی بچوکەوە،(وێنەی2)بەمەش ئاوی زێی بچوك پیس دەبێت جاری وا ڕوویداوە کاریگەرییەکەی هەندە زۆر بووە بۆتەهۆی دروستبوونی بۆنی ناخۆش و بڵاوبونەوەی ترشی چەوری و ئۆرگانیکی تێدا پەرەدەسێنێت.

**وێنەی(3)**

**ژمارەیەك ماسی مردووی حەوزەکان لە زێی بچوك .**



**وێنەکە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێکردکان.**

12. پاشماوەی ئەو عەلەف ومادەو دەرمانانەی دەدرێت بەماسییەکان لەناو زەویەکان فڕێ دەدرێن و بەهۆی باوە بڵاودەبنەوە لە ناوچەکە، ئەمەش دەبێتەهۆی بڵاوبونە وەی بۆنی ناخۆش و نەخۆشی.

13. ئاوی حەوزی ماسیەکان پیسبون و گونجاو نین بۆ بەکارهێنان، بڵاوبونەوەی بۆنی ناخۆشی ئاوی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەڵگەی پیسبونی ئاوی ئەم حەوزانەیە، چونکە ئاوی پاك بێ ڕەنگ و تام و بۆنە(کاکە شین:2024\5\9).

14. حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی بەشداری دەکەن لە پیسکردنی ئاو، پاشماوەی ئاوی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی دوایی پێگەیشتن و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ ئاوەکەی بەتاڵ دەکرێتەوە ناو زێێ بچوك، بەم کارەش حەوزەکان بە شداری دەکەن لەپیسکردنی ئاوی زێی بچوك، کەئاوە کە لەڕووی کیمیایی و بایۆلۆجییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەم شێوەیە

a) ڕێژەی PH لەئاوی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی (8.13)، کەپێویستە ئاوی ئاسایی ڕێژەی PH(6.5) بێت [1].

b) دەرئەنجامی پشکنینی بەکتریایی ( Bacteriological Examination or water) لەتاقیگەی ئاو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە، بەشی پاراستنی تەندروستی، بەم شێوەیەیە:-

M.P.N Of coli from after 48 hr = >16 Unsatisfactory

and 1.5 Satisfactory 2.2 ؛ Normal range = <2.2

M.P.N Of fecal coli from 48 hr = >16 Unsatisfactory

Normal range =<2.2 Satisfactory

لەپشکنینەکەی تاقیگەی تەندروستی کۆیە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی ئەم ئاوە بە بۆمەبەستی خواردنەوە دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشەی تەندروستی ، وەك دە ردەکەوی پێوانەی ڕێژەی کلۆر لە ئاود( M.P.N Of coli ) زیاترە لە (16) ، کلۆر تیایدا بوونی نیە، ئەمەش دەبێتەهۆی تێکچونی باری تەندروستی بەکارهێنەر چونکە زیاترە لە (2.2)، کە دەبێتەهۆی دروستبونی بەکتریای گەدە و کۆئەندامی هەرس، دروستبونی ئەم جۆرە بەکتریایانەش هۆکارە بۆ هەوکردنی و گەدە و ڕیخۆڵە و دروستبونی برین و هەوکردنە نائاساییەکان لەو دوو ئەندامەی جەستەی بەکارهێنەر لە لایەك، هەروها دابەزینی ئاستی ڕێژەی ئاسن لە لەشی بەکارهێنەر.

لەپێوانەی ڕیژەی پاشماوەی بەکتریاکان (M.P.N Of fecal coli)، دەردەکەوێ ڕێژەکەی زیاترە لە (16)، ئەمەش گونجاو نیە بۆ خواردنەوە، چونکە خواردنەوەی دە بێتەهۆی دروستبونی کێشەی تەندروستی بۆ بەکارهێنەر، دەبێتەهۆی هەوکردنی گە دەو ئەگەری دروستبونی برینی ڕیخۆڵەی لێ دەکەوێتەوە، هەروها کار دەکاتە سەر ڕێژە ی ئاسن لە جەستەدا، جگە لەمانەش دەبێتەهۆی ئاوسان و هەوا کردن (الغازات غیر طبیعیة)و ئازاری سك و ژەهراوی بوونی جەستە (التسمم) و کەمبونەوەی ڕێژەی ئاسنی پێویست لە جەستەی مرۆڤ(إبراهیم:2025\2\21).

ماسی یەکێکە لەو گیانەوەرانەی کەوا تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبێت، لەوانەش نەخۆشی بەکتریای، ڤایرۆسی، کەڕو، هەروها مشەخۆرەکان. جا چەندەها هۆکار دە بنەهۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی لە ماسی دا، یەکێك لەوانە پیسبوونی ئاوی‌حەوزی ماسییە، جا ئەم پیسبونە بەهەر هۆکارێك بێت، یەکێك لەوانە درەنگ گۆڕینی ئاوی حەوزی بەخێوکردنی ماسییە، کە دەبێتەهۆی پەیدابونی جۆرەها نەخۆشی، بەتایبەتی کە روو کەبەهۆیەوە ڕیشوەکانی بریندار‌دەبن، هەروها یەکێك لە هۆکارەکانی کەمی ئۆکسجین لەحەوزی ئاوەکان پیسبونی ئاوەکەیە، بەهۆیەوە ماسیەکە گیان لەدەست دە دات(علی،أحمد أنور:19،12،2024). بەپێی شیکاری بایەلۆجی و کیمیای کە بۆ ئاوی حەوزەکانمان ئەنجامداوە پیش تێکەڵبونی بەزێی بچوك، حەوزەکان بەشداری دەکەن لە پیسکردنی ئاوی زێی بچوك، تێکەڵبونیان بەزێی بچوك، کەدوای فرۆشتنی ماسیەکە ئاوەکەڕاستەوخۆ تێکەڵ بەزێی بچوك و زەوییەکشتوکاڵییەکانی دەوروبەری حەوزەکان دەکرێت، کەپێشتر ئاماژەمان پێکردووە، ئەمەش هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پە تای جۆراوجۆر لەناوچەی لێکۆڵینەوە، جگە لە پیسکردنی ئاوی زێی بچوك پیسکردنی ئاوی ژێرزەوی و خاکیشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك شایانی تێکەڵبون بە ئاوی زێی بچوك نیە، چونکەزێی بچوك سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی بەشێك لە دانیشتووانی قەزای کۆیەیە نەك تەنها ناوچەی لێکۆڵینەوە.

بەهۆی پیسبونی ئاوی حەوزەکان، تێکەڵبونەوەیان بە ئاوی زێی بچوك مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی لە ماسییەکانەوە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بە دوو شێوە دەبێت:_

1- دەبێتەهۆی نەخۆشکەوتنی ماسیەکانی زێی بچوك بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری نەخۆشییەکانی ماسی نەخۆشی گوازراوەن، یاخود کەڕوو ڤایرۆسن، کەڕوو ڤایرۆسیش بەئاسانی لەگەڵ ئاوەکە دەگوێزرێنەوە بۆ ماسییەکان و دوایی بە

[1] بەپێی ئەنجامی تا قیکردنەوەمان لەتاقیگەی بەشی کیمیا لەفاکەڵتی زانست و تەندروستی زانکۆی کۆیە.

کارهێنانی ماسییەکان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە ئەگەری گواستنەوەی نە خۆشییەکان لەماسییەکانەوە بۆ دانیشتوانی کەنار زێی بچوك هەیە.

-2 بەکارهێنانی ئاوی زێی بچوك لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە مەترسی دروست دەکات بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی بەکارهێنانی ئاوی زێی بچوك بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن و بەکارهێنانەکانی تری وەك خاوێن کردنەوەو بەخێوکردنی ئاژەڵ، هەندێکجار بۆ خواردنەوەش، ئەوی جێی باسەژمارەی ئەو حەوزانەڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادبونەلەداهاتوو کاریگەری زیاتر دەبێت و بەڕێژەی زیاتر بە شداری دەکات لەپیسکردنی ئاوی زێێ بچوك، نمونەی پشکنینمان لەتاقیگەی تە ندروستی گشتی کۆیە.

## ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

بۆ چارەسەرکرنی کێشەژینگەییەکان، یان هەر کێشەیەکی تر پێویستی بە لەناوبردن یان کەمکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکانە، هەروها پێویستی بەگرتنەبەری ڕێگا و ئامرازی کەمکردنەوەی شوێنەواره زیانبەخشەکانی هەیە.

کێشەژینگەییەکانی دەرئەنجامی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەم بیرۆکەیە بەدەرنیە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە توێژینە وەکەمان، کەئاماژەمان پێداوە دەتوانرێت ئەم خاڵانە وەك میکانیزمی ڕێگریکردن بخەینە ڕوو:-

1. چارەسەرکردنی پاشماوەی ئۆرگانیک: بەکارهێنانی تەکنیکی شیبوونەوەی ئایرۆبی و بێ هەوا بۆ گۆڕینی ترشەکان بۆ مادەی کەم زیانبەخش یان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی بایۆلۆجی.
2. جێبەجێکردنی ڕێسای توندی دەردانی ماسی لە ژینگەدا: دەرکردنی یاسایەک کە فڕێدانی پاشماوەی ماسی چارەسەرنەکراو قەدەغە دەکات، بەتایبەتی لە ناوچە کەنارییەکان.
3. ڕیسایکلکردن و بەکارهێنانی پیشەسازی: گۆڕینی ترشی ماسی بۆ پەیوەندی کشتوکاڵی یان خۆراکی ئاژەڵ دوای پرۆسێسکردن.
4. چاودێریکردنی بەردەوامی ژینگە: ئەنجامدانی پێوانەکردنی وەرزی بۆ pH، BOD، و چڕیی گازە دەرچووەکان لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا.
5. کەمکردنەوە و لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە،تا خاوە ن کێڵگەکان بەشێوەی یاسایی و زانستی و بەڕاوێژی کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارەکە پرۆژەکان دروستبکەن.
6. هاوکاری کردنی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەلایەن حکومەتی هە رێمەوە وەك پێدانی ئالیك و دەرمان و کردنەوەی خولی زانستی بۆخاوەن پرۆژەکان بەمەبەستی پێدانی هوشیاری و زانیاری زانستی.
7. حکومەت خاوەن پرۆژەکان ناچار بکات بەهەڵکەندنی حەوزی گەورە، بە مەبەستی تێکردنی ئاوی حەوزەکان دوای فرۆشتنی ماسیەکان، چونکە تێکەڵبونەوەی بەزێی بچوك بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی پیسبونی ئاوی زێی بچوك، بەڵام ئەگەر لەبیر وچاڵا بکرێت، بەهۆی ئەوەی کەنار زێیەژێرەوەی خاکەکەی قوم وچەوە بەهۆی کرداری دڵۆپاندن ئاوەکەخاوێن دەبێتەوە، یاخود بەلای کەمەوەڕێژەی پیسی کەم دەبێتەوە. یاخود تێکردنی پاکەرەوەکان پێش تێکەڵکردنی بە زێی بچوك(کاکەشین:2024\5\9).



Kurdistan Region

Directory of health / KOYA
Water Quality Control / KOYA
Name and address of sender ... Shkur Salam Saleem
Date of arrival at Lab.( 12/08/2024)

Bacteriological Examination of water

| No. | location | Date | CL Con. | M.P.N. Of coli form after 48 hr | M.P.N. Of fecal coli form after 48 hr | Result |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تەق تەق /ساتوقەلا/شکور سلام سليم | 12/08/2024 | 0.0 | >16 | >16 | Unsatisfactory |
| | | | Normal range | <2.2 | <2.2 | Satisfactory |
| | | | Normal range | 2.2 | <2.2 | Satisfactory |
| | | | Normal range | 5.1 | <2.2 | Satisfactory |

Note:-

الملاحظة/

Satisfactory/ماءصالح لشرب من الناحية البكترية ( دەشێت بۆخواردنەوە لەرووی پشکنینی بەکتریولوجی )
Unsatisfactory/ماءغيرصالح لشرب من الناحية البكترية( ناشێت بۆخواردنەوە لەرووی پشکنینی بەکتریولوجی )

Name of Bacteriology
Maseud Muhamad Amin

Date of report: 18 /18/2024

8. حکومەت خاوەن حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی ناچار بکات بەدامەزراندنی کووره(جاران لەدەواجنەکان هەبوو) بۆ لەناوبردنی پاشماوەی دەرمانی بە کارهاتوو و ماسی مردوو لەبری تێکەڵکردنیان بەئاوی زێی بچوك یان فڕێدانیان لە زەوی نزیك پرۆژەکان، کە دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەناو گیانەوەران و ئەگەری گواستنەوەی بۆ مرۆڤ.
9. جوتیاران هان بدرێن سود لەوزەی خۆر وەربگرن بەمەبەستی دەستکە وتنی وزەی کارەبا کە وزەیەکی پاك و هاوڕێی ژینگەیە، یاخود سود وە رگرتن لەو پێشکەوتنەی کەلەبواری تەکنولوجیاوەرویداوە وەکو بەکارهێنانی ماتۆڕی تایبەت بەزیاد کردنی ئۆکسجین بۆ حەوزەکان وێڕای ئەوەی کە پێویستی بە ووزەیەکی کەمی کارەبا هەیەو ڕۆڵی زوری بۆ تەندروستکردنی ئەو سامانە هەیە.

## دەرئەنجام

1. بونی زێی بچوك لەسنوری لێکۆڵینەوەکاریگەری هەیەلەسەر ناوچەکە، بەهۆی فەراهەم کردنی ئاو، لەلایەکی ترەوەبەهۆی زێی بچوك دانیشتوانی ناوچەکەهەر لە کۆنەوەئاشنایەتیان هەبووەلەگەڵ ماسی و ڕاوەماسی.
2. ژمارەی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوەئەگاتە(1823) حە وزە، زۆرترین ژمارەی حەوزی بەخێوکردنی ماسی ئەکەوێتەناحیەی تەق تەق، کەژمارەیان (1230) حەوزە، کە دەگاتە(٦٤٪) کۆی حەوزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. پیکدینێ.
3. تێکدانی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لە شارەکانی ناوەڕاست و پارێزگای کە رکوك بەتایبەتی داقوق کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەی لێکۆڵینەوە دروستکردووە، کە زیاتر بایەخ بە بەخێوکردنی ماسی بدەن.
4. کاریگەرییە ژینگەییەکانی لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتییە لە بەشداری کردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەپیسکردنی ئاو، هەوا بە بڵاوکردنەوەی بۆنی ناخۆش، زەوی کشتوکاڵی، کەمکردنەوەی ڕووبەری سەوزایی، تێکدانی ڕوخساری زەوی.

5. بەگۆڕینی وەزیفەی زەوییەکان لە زەوی کشتوکاڵی بۆ حەوزی بەخێوکردنی ماسی، کە کۆی ڕوبەری حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2852) دۆنمە، بۆتەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، کە ئێستا هەستی پێ دە کرێت، لە ساڵانی ئایندە کاریگەرییەکانی زیاتریشی بەدەردەکەوێت.
6. بە ڕێژەیەکی کەم بەشداری دەکات لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ چین و توێژە جیاوازەکان، بەهۆی ئەوەی پێویستی بەدەستی کاری زۆر نیە بەراورد بەکاری کشتوکاڵی.

## لیستی سەرچاوەکان


الزيادي، جابر،حسين عليوي ناصر، ماجد عبدالله(2014)التحليل الجغرافي في التربية الأسماك في محافظة ذي قار،مجلة كلية المأمون الجامعة، عدد الرابع و العشرون.

سليم و سەعيد، شكور سلام و كامەران تاهر(2023)،بايەخی ئابوری زێی بچووك لەڕوانگەی گەشتوگوزارەوە، لەسنوری قەزای کۆیە،گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە()ساڵی (2023).

عزيز،فرهاد حسن:2017، ژینگەو پیسبوونی ژینگە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

ناصر؛ شادية محمد سيد. (2015). دراسة اقتصادية لإنتاج الأسماك في مصر وأهم مشاكل إنتاج الأسماك فى محافظة أسيوط. Assiut Journal of Agricultural Sciences؛ 46(6).

Roos؛ N.20016; Freshwater fish in the food basket in developing countries; a key alleviate undernutrition. In W.W. Taylor؛ D.M. Bartley؛ C.I Goddard؛ N.J. Leonard &
R Welcomm؛ and. Freshwater fish eds.


### لیستی سەرچاوەحکومییەکان


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای، هەولێر، قەزای کۆیە، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بە ڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی تەق تەق، هۆبەی سامانی ئاژەڵ و ماسی تەق تەق.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبە ی کشتوکاڵی ئاشتی، سامانی ئاژەڵ و ماسی ئاشتی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی( 2022)بەکارهێنانی بەرنامەیGIS)Arcmap10.8.


### چاوپێکەوتن


إبراهیم،مضر نوري(2025\2\21) خاوەنی تاقیگەی تەندروستی، دبلۆم باڵا لەبایۆلۆجی.

علی، أحمد أنور(19:12:2024)ماستەرلەزانستی بەرگری و هەستیاری،فەرمانبەر لەبنکەی ڤێتێرنەری ئاشتی.

کاکەشین، أبوبکر فيصل(2024\20\9) بەڕیوەبەری ناحیەی سێگردکان.

ISSN 2411-7757

جامعة التنمية البشرية
UNIVERSITY OF HUMAN DEVELOPMENT

# مجلة جامعة التنمية البشرية

مجلة علمية فصلية محكمة تصدرها جامعة التنمية البشرية

المجلد ( ١٢ ) العدد ( ١ ) أذار ( ٢٠٢٦ )

# Journal of University of Human Development

A Scientific periodical issued by University of Human Developement

Vol.12 No.1 March 2026

journals.uhd.edu.iq